## عەلی حەرب



# وەهمەکانی دەستەبژێر
## یان
## ڕەخنەگرتن لە ڕوناکبیر

وەرگێڕانی
**هەڵکەوت عەبدوڵڵا**

وەهمەکانی دەستەبژێر

پێشکەشە بە:

**هاوڕێکانم لە ناوەندی ڕووناکبیریی عەرەبی**

عەلی حەرب

# وەهمەکانی دەستەبژێر

## یان

## ڕەخنەگرتن لە ڕووناکبیر

لە عەرەبییەوە: هەڵکەوت عەبدوڵڵا

# أوهام النخبة

# أو

# نقد المثقف

علي حرب

الطبعة الثالثة ٢٠٠٤

المركز الثقافي العربي

(I)

# ڕوەو سیاسەتێکی فیکریی نوێ

## پێشەکیی چاپی دووەم
## ڕەو سیاسەتێکی فیکریی نوێ

پاش بڵاوبوونەوەی ئەم "ڕەخنە"یە و ئەو مشتومڕ و نارەزاییەی لە نێوەندە ڕووناکبیرییەکاندا خستییەوە، خۆم لەناو مشومڕدا بینییەوە، بۆ وەڵامدانەوەی دژەڕەخنەکان، یان بە مەبەستی ڕوونکردنەوە و ڕۆشنایی زیاتر خستنە سەر مەسەلەو بابەتەکانی کتێبەکە.

بەو جۆرە گەڕاومەتەوە بۆ ئەم تەوەرە ڕەخنەگرییەی بیرکردنەوەم، هەتاکو سەرقاڵبم پێوەی و دەربارەی بنووسم، بە مەبەستی فراوانکردن و گەشەپێدان، یان دەوڵەمەندکردن و خستنەسەر. ئەمەش وای لێ کردم لەم پێشەکییەی چاپی دووەمدا بابەتی نوێ بخەمە ناوەڕۆکی بنەڕەتیی کتێبەکەوە. ئەوانەش چەند دەقێکن لەناو ئەو توانجە هەمەڕەنگ و پرشوبڵاوانەدا هەڵم بژاردون، کە لە ڕۆژنامە لوبنانیو عەرەبییەکاندا بەشێوەی گفتوگۆ یان وتار و لێکۆڵینەوە بڵاوبوونەتەوە.

ئەگەر پێویست بێت بەبۆنەی ئەم چاپە نوێیەوە، بەشێوەی دەستپێك یان پێشکەکی، ڕووبکەمە خوێنەر، ئەوا ڕێگە بەخۆم دەدەم خوێندنەوەیەکی کتێبەکە پێشکەشبکەم، تیایدا باسی لەدایکبوونی بیرۆکەکە و لۆژیك و بیانوی "ڕەخنەکە" یان کاریگەریی لەسەر خوێنەر بکەم، بەهەمان ئەندازەی ئەوەی لە ڕێگەی مشتومڕەوە باسی ئەو قسە نوێیانە بکەم کە دەربارەی بارودۆخ و قەیرانی ڕووناکبیر هاتونەتەئاراوە.

**لەدایکبوونی بیرۆکەکە:**

بە گێڕانەوەی هەوڵدانەکەم، بۆم دەردەکەوێت بیرۆکەی تایبەت بە **وەهمەکانی دەستەبژێر** لەناو قەیرانەوە هەڵقوڵاوە، بەئەندازەی ئەوەی "ڕەخنەکە" لە **گەرمەی مشتومڕدا** دەربارەی قەیرانەکە خوێنراوەتەوە. سەرنجامەکەش، بەشداریکردنی ڕەخنەگرانەم بوو لەو گفتوگۆ فراوان و گەرموگوڕانەی دەربارەی کاروبارەکانو خەمەکانی ڕووناکبیران لەئارادابوون و کاریان لەیەکتری دەکرد، ئەوەش لەسەر ئاستی گۆڕەپانێك زیاتر. جا لە لوبنان بێت، یان جیهانی عەرەب، یاخود لەسەر ئاستی جیهان. چونکە لە شوێنێك زیاتر وتوێژ دەربارەی بارودۆخی دەستەبژێرە ڕووناکبیرەکان: بیرۆکە و پرۆژەکانیان، نموونە و وێنەکانیان، پێگە و ڕۆڵیان، ڕاستبێژیو کاریگەرێتیان لەگۆڕێبوو. ئەمەش ئەو شتەیە کە لەوەوبەر ڕوویداوەو ئێستاش ڕوودەدات، بەتایبەتی لە فەڕەنسا کە تیایدا **زاراوەی ڕووناکبیر** سەریهەڵداوە، یان لە جیهانی عەرەب کە تیایدا **پیشەی ڕووناکبیر** پەرەیسەندوە، بەئەندازەی ئەوەی ئەقڵییەتی خەباتگێڕی لە گۆڕەپانەکانی ڕووناکبیرییدا باڵادەستبووە و زاڵبووە بەسەر ئەوانەی پەیوەندییان بە کاروبارەکانی فیکر و مەعریفەوە هەیە.

بەوجۆرە کتێبەکە کێشەکەی نەخوڵقاندوە، بەڵکو هەوڵیداوە لەبەر ڕۆشنایی پێشهاتە کتوپڕەکاندا قەیرانەکە دەستنیشان بکات. مەبەست لە قەیرانەکەش، ***لەدەستدانی ڕاستبێژیی فیکری و کاریگەرێتیی خەباتگێڕییە***، پاش ئەوەی ئەو تیۆرە سەرتاپاگیرانە درزیان تێ بوو، کە بۆ خوێندنەوەی جیهان پشتیان پێ دەبەسترا و دوای هەرەسهێنانی پرۆژە ئایدیۆلۆژی و سیاسییەکان، لەبەر ڕۆشنایی گۆڕانکارییە خێراکانی سەر زەمینەی واقیعی بزۆك: چونکە ئەو دورشمانەی لە گوتاری ڕووناکبیریدا دەستاودەست دەکرێن، پاش ئەوەی هەوڵدانەکانی ڕۆشنگەری و ئەقڵانییەت، تاریکی و ناماقوڵییەکانی خۆیان ئاشکراکرد و پرۆژەکانی پێشکەوتن و ڕزگاربوون بەرەو کۆنەپەرستیو ستەمکاریی خۆیان چوون، گۆڕان بۆ ئەو ناوانەی لەگەڵ ناولێنراوەکاندا نایەنەوە، واتە گۆڕان بۆ **چەند ڕەهایەکی بۆش، یان چەند باڵاڕەوییەکی فشۆڵ**. ئەمەش **تەنگەژە شڵەژێنەرەکەیە** لە بارودۆخی ڕووناکبیردا: تەقینەوەی پەیوەندیی نێوان هێماو هێماپێکراو، کە وایکرد ئەو بیرۆکە مەزنانەی ڕووناکبیران چەکی ڕەخنەیان

لەپێناویانـدا ڕاکێـشا، بگـۆڕێن بـۆ **چـەکێکی پەککەوتـەی** بێهێـز، کـە دژی خاوەنـەکانی هەڵدەگەڕێتەوە و جگە لە مینرێژکردنیان هیچی تر بەرهەم ناهێنێ.

ئەم دەستنیشانکردنەی قەیرانەکە، وای لێ کردم چاوبخشێنمەوە بـە کەرەسـتەی فیکریی ڕووناکبیردا، وەك ئەوەی لە تۆڕەکانی تێڕوانین و ڕاڤـەکردن، یـان نموونـەکانی هەڵسەنگاندنو پۆلێنکردن، یاخود پێوانەکانی کارکردن و ڕێکخستندا بەرجەستبوون. واتە لە هەرشتێکدا کە پەیوەندیی هەبێت بە وێناکردنی ڕووناکبیر بۆ خـود و پێگـە و پیشەکەی خۆی، یان پەیوەندیی ڕووناکبیر لەگەڵ ئەویدیو کۆمەڵگە و جیهان، یـاخود چەمکەکانی سەبارەت بە حەقیقەت، ئازادی، دادپەروەری و دەسەڵات.

## گۆڕینی ئاراستەی ڕەخنە :

دان بەوەدا دەنێم من تەقەم لە ڕووناکبیر کردوە، بەئەنـدازەی ئـەوەی هـەنگاوم ناوە بۆ **کردنەوەی فایلی** ڕووناکبیران بەڕووی ڕەخنـە و لێپێچینەوەدا. بەم مانایە، کارم بـۆ لەقانـدنی بـڕوا ڕەگداکوتاوەکان کـردوە، بەئەنـدازەی ئـەوەی هـەوڵم داوە **جـێ بـە کێشەکە لێژبکەم** و سـەرلەنوێ پرسـیارەکان دابڕێژمـەوە و ڕۆشـنایی بخەمـە سـەر ئـەو ناوچـانەی کرابوونـــە دەرەوەی چوارچـــێوەی بیرکردنـــەوە، بەئەنـــدازەی باســـکردنی پەیوەندییە نادیموکراتیەکان و هەڵسوکەوتە تاریکخوازەکانی نـاو **کەرتی ڕوونـاکبیری** و نێوان دەستەبژێرەکان. ئەمەش وای لێ کـردم **ئەولەویاتەکان ژێراوژووربکـەم** و ئاراسـتەی ڕەخنە بگـۆڕم: لەکاتێکدا کـاری ڕەخنـەگرتن ڕووی لـە دەرەوە و واقیـع بـوو، تیرەکـانی ڕەخنەم ئاراستەی ناوەوە، واتە واقعی ڕووناکبیر لە ڕووی فیکر و پراکتیك، یان گوتـارو دامەزراوەوە کرد.

**بـەری ڕەخنەکـەش**، دارشـتنی بیرۆکـەو هەڵوێستەکان بـوو بەشـێوەیەکی نـوێ و جیـاواز، یـان شـادبوون بـوو بـە خەملانـدنی چـەندین بیرۆکـە و چـەمکی نـوێ بـۆ خوێندنـەوە و دەستنیـشانکردنی واقیـع. مەسـەلەکە بەهـەرجۆرێك بێـت، ئـەوەی **ڕەخنـەگرتن لـە ڕوونـاکبیر** لـەخۆی گـرت، جـا لـە ڕووی تێـڕوانین و تێـزەوە بێـت، یـان میتۆدو شێوزەوە، جێی گفتوگۆو نـارەزایی بـوو، بەئەنـدازەی ئـەوەی جێـی تێـڕوانینو بایەخپێدان بوو.

بۆ نموونە، لە "ڕەخنەکەدا" وتومە: ڕووناکبیر **پاسەوانیی بیرۆکەکان دەکات**. پاسەوانیکردن لێرەدا مانای دەستگرتنە بە بیرۆکەوە، وەك ئەوەی زاتێکی پیرۆز بێت یان بتێك بێت بۆ پەرستن. وەك مامەڵەکردنی ڕووناکبیران لەگەڵ گوتە و دروشمەکانیان. ئەمجۆرە مامەڵەکردنە، **کوشتنی خودی بیرۆکەیە**، چونکە ئەوە ڕێگربووە لەبەردەم نوێبوونەوەی کەرەستەی فیکری و زمانی چەمکئاسا، بەئەندازەی ئەوەی وایکردوە گوتەکان لە کایەکانی کارپێکردن و بوارەکانی کارکردندا بۆ دژەکانیان هەڵبگەڕێنەوە.

بەوپێیەی بیرۆکەکان ئەو **دروشمانە** نین کە دەبێت داکۆکییان لێ بکرێت، یان ئەو گوتە ڕاستانە نین کە دەبێت کاریان پێ بکرێت، بەڵکو **چەند ئامرازێکن** بۆ تێگەیشتن لە ڕووداو و دەستنیشانکردنی واقیع. ئەوانە بیانوەکانی ئێمەن بۆ ئاقڵبوونو بیرکردنەوە، ژیان و بوون، بەهۆی دۆزینەوەی ئەو توانستانەی یاریدەدەرن بۆ گۆڕینی باری خۆمان، لە ڕێگەی **گۆڕینی پەیوەندیمان** لەگەڵ شتەکان، یان دروستکردنی چەند پەیوەندییەکی جیاواز لەگەڵ حەقیقەت. لێرەشدا بەئەندازەی سەرکەوتنمان لە گۆڕینی خۆمان و واقیعەکەماندا، خودی بیرۆکەکانمان گۆڕانیان بەسەردا دێت. چونکە ئەوەی چاومان تێ بڕیوە، یان **دەمانەوێت پێی بگەین، بەئەندازەی گۆڕانی خودی خۆمان گۆڕانی بەسەردا دێت**. واتە ئەو ئامانجەی کۆششی بۆ دەکەین، لە بۆتەی خودی کۆششکردنەکەدا گۆڕانی بەسەردا دێت، لەبەرئەوەی کۆششکردنەکە، کارکردنە لەسەر خود و بیرۆکەکە. بەم مانایە، **دروستکردنی بیرۆکەکان** ڕوودەدات و سەرلەنوێ دادەهێنرێنەوە، بەئەندازەی ئەوەی لە ڕێگەیانەوە جیهان دروستدەبێت و دیمەن پێکدێت، یان واقیع گۆڕانی بەسەردا دێت و چارەنووسەکان دیاریدەکرێن.

ئەمە باری گوتەیەکی وەك **ئەقڵانییەتیشە**: ئەقڵانییەت بیرۆکەیەك نییە بەخودی خۆیو بۆ خۆی دامەزرێت، بەئەندازەی ئەوەی دارشتنی ئەزموونەکانو پەیوەندییەکانمانە لەگەڵ شت و ڕووداوەکان، بە زمانێکی چەمکئاسا کە هەتاهەتایی نییە، بەڵکو بەردەوام ملکەچی هەڵوەشاندنەوە و دەستکاریکردن، یان ئاڵوگۆڕکردن و گۆڕانکارییە. بۆیە عەقڵ جیهانێکی تر نییە بیری لێ بکەینەوە، یان لە ڕێگەی جێهێشتنی جیهانی ناماقوڵەوە ڕووی تێ بکەین، بەڵکو تێگەیشتنی ناماقوڵ و

بەئەقڵانیکردنێتی. بەم مانایە، ئێمە بیر لە ئەقڵ دەکەینەوە و لەبەر ناماقوڵیی زیادەڕۆیانە ئاقڵ دەبین و پیادەی ئەقڵانیەتی خۆمان دەکەین. ئەمەش بە دەرپەڕاندنی ناماقوڵ نا، بەڵکو بە خوڵقاندنی **نێوەندێکی چەمکئاسا یان کایەیەکی تاوتوێکار**، کە سیستەمێکی پێکگەیاندن و یەکلاکەرەوەیە، دەرفەت دەرەخسێنێت بۆ گۆڕینی پەیوەندیمان لەگەڵ ئەقڵ، بەئەندازەی دەرفەت ڕەخساندن بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی پەیوەندیی لەنێوان ئەو و جیهانی ناماقوڵ، یان ئەو جیهانەی مەبەستە بەئەقڵانیبکرێت.

هەروەها ئەمە باری **ڕۆشنگەرییە**: ڕۆشنگەریی دروشمێك نییە ستایش بکرێت یان داکۆکیی لێ بکرێت، بەئەندازەی ئەوەی دەرفەتێکە بۆ پیادەکردنی زیندوێتیی بیرکردنەوە، کە بەردەوام دەبێت بخوڵقێنرێت و فراوانبکرێت، بەمەبەستی گەڕانەوەی ڕەخنەگرانەی فیکر بۆ خۆی، بۆ لێپێچینەوە لە بەڵگەنەویستەکان، یان پشکنینی بەرهەمەکان، یاخود ڕووتکردنەوەی میکانیزمەکانی کارکردنی خۆی.. بەم مانایە، ڕۆشنگەری خۆرێك نییە بۆ حەقیقەت کە لە جیهاندا هەڵدێت، بەئەندازەی ئەوەی ڕۆشناییخستنە سەر چڕیی ئەزموونەکان و تاریکیی پیادەکردنەکان، یان سەوداکانی ئەقڵ و تەڵەکەکانی گوتارەکانە لە ڕێگەی ڕەخنە لەخۆگرتنەوە، شکاندنی قاڵبە تەسکەکان، یان هەڵوەشاندنەوەی بونیادە ڕێگرەکان، یاخود پەردەهەڵماڵینە لە ڕووی وەهمە لەخشتەبەرەکان.

لەکۆتایشدا ئەوە باری **ئازادییە**: ئازادی خەیاڵپلاوییەك نییە خۆمانی پیادا هەڵواسین، بۆ ئەوەی لە ڕژێمە ستەمکارەکان ڕزگارمان بێت، بەئەندازەی ئەوەی چوونە ناو ئەم جیهانەیە، بە هێز و دەسەڵاتەکان و سیستەم و دامەزراوەکانیەوە. ئەوەش بە کارکردن بۆ گۆڕینی لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی مانا و بنەچەکانی ماف یان سەرچاوەکانی نیازەوە، بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی **ڕەوایەتی**، کە ڕێکخستنەوە یان شیانی دەسەڵاتی یەکێکە بەسەر ئەویدییەوە. بەم مانایە، ئازادی ئاشنابوون نییە بە یاساکانی **پێویستیی نەگۆڕ** بەمەبەستی پێڕەویکردنیان، بەئەندازەی ئەوەی دۆزینەوەی نوێ، یان کاتی، یاخود هەڕەمەکییە کە لە پشت **بونیادە گشتی و**

بالاڕەوەوەیە، بەجۆرێك کە دەرفەت بۆ مرۆڤ بڕەخسێنێت پەی بـە **چەند دەسـتدانێکی نوێی** بیرکردنەوە و دەربڕین و تەگبیرکردن بەرێت. لێرەوە **دیموکراسی** تـەنیا بـژارێك نییـــە پێڕەویبکـــەین، یـــان دروشمێـــك نییـــە دەریـــبڕین، یـــاخود مۆدێلێـــك نییـــە جێبەجێیبکەین، بەئەنـدازەی ئـەوەی چـوونە نـاو چـەند ئـەزموونێکی مێـژوویی یـان چەند کارپێکردنێکی سیاسییە کـە لەگەڵیانـدا، بەئەنـدازەی گـۆڕانی خۆمـان، چـەمکی دیموکراسی و خودی واقعی سیاسیش گۆڕانیان بەسەردا دێت.

لێرەدا مانای ماناکە ئەوەیە، ڕووناکبیری ڕۆشنگەرو ئەقلانی و ڕزگاریخواز ئەوە نییە کە بیرۆکە بەپیتە بەرهەمهێنراوەکان سەبارەت بـە ڕۆشـنگەری و ئـەقڵو ئـازادی دەگۆڕێـــت بـــۆ چـــەند زانیارییـــەکی ڕووت، کـــە بەشـــێوەی شـــتە **ڕەوانکراوەکـــان** دووبارەیانبکاتەوە، بەڵکو ئەوەیە کە پەیوەندییەکی ڕەخنەگرانە لەگەڵ خود و فیکری خـۆی دروسـتدەکات، بـەجۆرێك کـە گـۆڕانی بەسـەردا بێـت. ئـەوەش لـە ڕێگـەی دەوڵەمەندکردنی بۆچوونەکانی دەربـارەی ئـازادی و ئەقلانییـەت و ڕۆشـنگەری. بۆیـە ئـەوەی خـۆی لـە مەملەکـەتی ئـەقڵ و ئازادیـدا دادەنێـت، بـۆ ئـەوەی ئـەوانی تـر لـەو مەملەکەتـە بکاتـە دەرەوە، جگـە لـە خورافـە و تـاریکی و سـتەمکاری شـتێکی دیکـە ناچنێتەوە. وەك ئاکامی ئەزموونەکانی بانگەشەکاران، بەتایبەتی لە جیهانی عەرەبدا.

## بیانوی ڕەخنەگرتن:

ئەمـە چارەنووسـی ڕەخنەگرتنـە لـە گوتـەکانی دەسـتەبژێرە ڕووناکبیرەکـانو بانگەشـەکارانی ڕۆشـنگەری یـان ئـازادی: **تێگەیـشتن لـە تەنگـەژەکانی بیرکردنـەوە**، کـە بریتییە لـە دەستەوسـان بـوون لەئاسـت نوێکردنـەوەی فۆرمـەکانی ئەقلانییەتـدا، یـان پاشەکـشەکردنی هەوڵـــەکانی ڕۆشـــنگەری، یـــاخود شکـــستخواردنی ئەزموونـــەکانی دیموکراسـی. گوتـەی: **ڕووناکبیر *لەوە* یەککەوتەترە بتوانێت خـەڵك پـەروەردەبکات**، لێـرەوە سەرچاوەدگرێت. چونکە ڕووناکبیر بۆخۆی وای لێهاتووە پێویـستی بـە پـەروەردەکردن هەیە. ئەوەش بە ڕەخنـەگرتن لـە ڕۆڵەکـەیو هەڵوەشـاندنەوەی گوتارەکـەی دەربـارەی ئـەقڵو ڕۆشـنگەری، چـونکە **بەشـێوەیەکی ناڕۆشـنگەرانە مامەڵـەی *لەگـەڵ* بیرۆکـەی ڕۆشـنگەریدا کـردوە**، واتـە بەشێوەیەکی فەندەمەنتالیـستانە یـان ئایدیۆلۆژییانـە ئـەو

مامەڵەیەی كردوە. بەم مانایە، ڕەخنەگرتن لە پرۆژەی رۆشنگەری، پاشەكشەكردن نییە لە بیرۆكەكە، بەڵكو هەوڵدانە بۆ هەڵوەشاندنەوەی میكانیزمەكانی دەستەپاچەبوون، لە ڕێگەی دۆزینەوەی چەندین دەستدانی نوێوە بۆ بیركردنەوەو كاركردن كە دەرفەت دەرەخسێنن بۆ دەرچوون لە تونێلەكە، یان رزگاربوون لە تەنگەژەكان.

هەروەها گوتەی: **كێشەی دەستەبژێرە رووناكبیرەكان لە خودی دەستەبژێریی ئەواندایە،** لێرەوە سەرچاوەدەگرێت. چونكە دەستەبژێربوون بۆتە هۆی گۆشەگیریو پەراوێزكەوتن و بەرهەمهێنانی نابەرابەری و ستەمكاری، بەئەندازەی ئەوەی هەڵبژاردەخوازیو نەرجسیبوونی لای دەستەبژێرە رووناكبیرەكان بەرجەستەكردوە. ئەمەش بۆ ئەوەی دەیەوێت مانای وتەكانی خۆی بزانێت و بناغەی كار و پیادەكردنەكانی خۆی ئاشكرابكات.

ئەم ڕەخنەگرتنە لە چەمكی دەستەبژێر وای لێ كردم چاو بە ڕۆڵی پەیامبەریی پێغەمبەرانە یان پێشڕەوانەی ڕووناكبیردا بخشێنمەوە، كە بەهۆیەوە ڕووناكبیر خۆی كردۆتە زمانحاڵی ئەو بەها گشتیو هاوبەشانەی پەیوەندییان بە حەقیقەتو ئازادیو دادپەروەری، یان نیشتمانو سەرجەم مرۆڤایەتییەوە هەیە. چیتر ڕووناكبیران ناتوانن ئەو **ڕۆڵە دەستەبژێرانەیە** بگێڕن، كە پاش شكستخواردنی خەباتو نەزۆكیی فیكری تووشی قەیران بووە. لێرەوە گوتەكەم دەربارەی كۆتایی ڕووناكبیر، گفتوگۆو ئاڵۆزی خستەوە. وەك ئەوەی لە وتارە ڕەخنەییەكانی پاش كتێبی **وەهمەكانی دەستەبژێر**دا دەرمبڕیون. مەبەستم ئەوەیە، ئەوەی ئێستا شیاو و سودبەخش و بەرهەمدارە، كاركردنی ڕووناكبیرە بۆ گۆڕینی وێنەكەی دەربارەی خۆی، بەجۆرێك كە سەرلەنوێ ڕۆڵی خۆی دابهێنێتەوە. لە خودی ئەم ڕەوتەشدا گوتەكەی ترم لەبارەی **ڕووناكبیری نێوانكار** خۆی دەنوێنێت.

ئەمەش ئاكامی گوتەی "كۆتایی ڕووناكبیر"ە لای ئەوەی دەتوانێت بەچاكی بخوێنێتەوە: گۆڕینی پەیوەندیی ڕووناكبیرە لەگەڵ خود و پیشەكەی خۆی، ئەوەش پاش ئەو هەموو **لاوازییە بوونخوازی و دەستەپاچە مەعریفی و سیاسییە،** واتە دوای شكستخواردنی كاری سەركردایەتیكردنی كۆمەڵگە یان مرۆڤەكان ڕووەو جیهانێك كە

چەوساندنەوەی کەمتربێت و پێشکەوتووتربێت، جا مەسەلەکە پەیوەندیی بە دەربڕینی حەقیقەتەوە هەبێت، یان پیادەکردنی ئازادی، یاخود هێنانەدیی دادپەروەری. باشترە ڕووناکبیران کار بۆ ڕزگاربوون لە وەهمە دەستەبژێرییەکانی خۆیان بکەن، بەمەبەستی سەرلەنوێ دارشتنەوەی ئەو چەمکانەی پەیوەندییان بە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و کاری سیاسی یان پەرەپێدانەوە هەیە.

ئەوە کۆمەڵگەیە بەگشتی کە دەگۆڕێتو سەرلەنوێ بەرهەدەهێنرێتەوە، بەهۆی کارکردنی بەردەوامەوە لەسەر خۆیان و لە ڕێگەی خوێندنەوەی واقیعەکەیان و بیرکردەوە لە خودی خۆیان، بەجۆرێك کە دەرفەت بڕەخسێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەوەی بەهۆیەوە شێوازەکانی تێڕوانین و هەڵسەنگاندن، یان ڕێگەکانی بیرکردنەوە و خەملاندن، یاخود سیستەمەکانی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕکردن بنیاتدەنرێت و دەبێتە هۆی گۆڕینی پەیوەندییەکانی هێز، لە ڕێگەی فراوانکردنی بوارەکانی مافەوە، یان پەرەپێدانی سەرچاوەکانی سامانەوە، یاخود گەشەپێدانی ئامرازەکانی مەعریفەو تەکنیکەکانی پەیوەندیکردن و بڵاوکردنەوەوە. ئەمەش **کارێکە کۆمەڵگە بە گشت کەرت و چالاکییەکان و هەموو دەسەڵات و ڕەوایەتییەکانیەوە بەشداریی تێدا دەکەن**.. بەڵام ئەگەر توێژێك، کە ناوی خۆی دەنێت پێشڕەوی هوشیار یان دەستەبژێری ڕۆشنگەر، لافی ئەوە لێ بدات ئەو کاری ڕۆشنگەریو ڕزگارکردن و گۆڕانکاری ئەنجامدەدات، ئەوا ئەوە کارێکە شکستخواردنی سەلماوەو مرۆڤایەتی بە نەفامبوونو نابەرابەری و ستەمکاری نرخەکەی داوە.

## ڕووناکبیری و سیاسەت:

لەبەر ڕۆشنایی ئەوەدا، پێدەچێت سادەکاریو لەخشتەبردن و ئایدیالیزمی زیادەڕۆیانە بێت هەر بکەرێکی کۆمەڵایەتی لە هەر کەرتێکی کۆمەڵگەدا بانگەشەی ئەوە بکات نوێنەری ئەقڵ، یان زمانحاڵی حەقیقەتە، یان ئازادی و مافەکان ڕادەستی ئەو کراون، یاخود مەسەلە و بەرژەوەندییەکان بەو سپێردراون، وەك ئەوەی **ڕووناکبیرو نووسەران یان ڕاگەیاندنکار و ڕۆژنامەنووسەکان** بڕوایان پێیەتی و بەجۆرەش ڕەفتاردەکەن، بەبیانوی ئەوەی ئەوان مەعریفە بەرهەمدێنن و زانیاری بڵاودەکەنەوە،

یان بەبەهانەی ئەوەی ئەوان ڕەخنەی ئەقڵانی و بیرکردنەوەی بابەتیانە پیادەدەکەن. ئەمجۆرە کارە مەعریفی و ڕاگەیاندنکارانە ڕێگە بەوانە نادەن حەقیقەت زەوتبکەن یان ئازادی و شوناس و نەتەوەیان پێ بسپێردرێت. ئەگەر **تەلەفزیۆن** تەنیا ئامرازی پێکگەیشتنو دۆزینەوە و ڕاگەیاندن نەبێت، وەك ڕۆژنامەنووس و ڕووناکبیران بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵکو چەندین میکانیزمی هەبێت بۆ پیادەکردنی پەردەپۆشکردن و دوورخستنەوە یان ساختەکاری، ئەوا ئەو **ڕۆژنامەگەرییەی** کار لەسەر بەرهەمهێنانی زانیاری دەکات، ڕێگە لەوە دەگرێت زانیارییەکان دەربارەی بارودۆخو بەرژەوەندییەکان و سەرچاوەی داهاتی خۆی بەرهەمبێت. بەهەمان شێوە لە **کەرتی ڕووناکبیریدا**، چونکە ئەو ڕووناکبیرانەی مەعریفە دەربارەی کەرتەکانی تر بەرهەمدێنن، یان ڕەخنە لە گشت دەسەڵاتەکان دەگرن، **ئەوا ڕەخنەگرتن دەسەڵاتی خۆی هەیە و ڕووناکبیری وەهم و لافلێدانەکانی خۆی هەیە**، کتومت وەك چۆن ڕۆژنامەگەری پەردەپۆشکردنی خۆی هەیە و تەلەفزیۆن ئامرازەکانی هەژمونکردنی خۆی هەیە. ئەمەش سەیرنییە: چونکە زانیاری سیاسەتی خۆی هەیە، مەعریفەش دەسەڵاتی خۆی هەیە، کتومت وەك چۆن حەقیقە گەمە و ستراتیژەکانی خۆی هەیە.

بەم مانایە، بۆ پیادەکردنی ڕەخنە، هیچ کەسێك لەویتر شیاوترنییەو هیچ کەرتێکیش لەویتر ڕاستبێژی و ڕەوایەتیی زیاترنییە، تەنیا لای نەخۆشەکانی حەقیقەت و ساویلکەکانی دادپەروەری، یان شێتەکانی ئازادیو شوناس نەبێت. بۆیە باشترە **ڕەخنەی** ئەقڵانیی بەرهەمدار و وەبەرهێن لەناو هەر کەرتێکداو بەشێوەیەکی دوولایەنە لەنێوان گشت کەرتو بوارەکاندا پیادەبکرێت. لێرەشدا لافلێدانی دەستەبژێرە ڕووناکبیرەکان بۆ نوێنەرایەتیکردنی ئەقڵ و قۆرخکردنی حەقیقەت، وەهمێکی گەورەیە و نرخەکەی گۆشەگیریی دەستەبژێرەکان و پاشکەوتنیان بووە لە کۆمەڵگەدا، وێڕای داخرانی ئەقڵی و ڕەقهەڵاتنی فیکرییان. جا ئەگەر کەرتی ڕووناکبیری، بەتایبەتی لە ڕووە فیکرییەکەیەوە، کار بە تایبەتمەندیی خۆی بکات، کە بریتییە لە بەرهەمهێنانی بیرۆکە و چەمکەکان، ئەوا **کێشەی بیریار** لە خودی بیرۆکەکانی خۆیدایە، واتە لەو گوتانەیدا کە دەستەوسانن لەئاست تێگەیشتنو دەستنیشانکردندا، یان لەو میتۆدانەیدایە کە ئاستەنگن بۆ لێکۆڵینەوەو شیکردنەوە.

بۆیــە ئــەرکی بریــارە کەرەســتە چەمکئاســاکان و ئــامرازە متیۆدەییــەکانی خــۆی نوێبکاتەوە، کتومت وەك چۆن **کێشەی سیاســی** لـەو سیاسـەتانەیدایە کـە دەستەوسـانن لەئاسـت دۆزینـەوەی وەڵام و چارەسـەر بـۆ ئـەو کێـشە ئاڵۆزانـەی واقیعـی کۆمەڵایـەتی دەیانخاتــەوە. بۆیــە کارەکــەی بریتییــە لــە نوێکردنــەوەی پــلان و بەرنامــەکان، یــان کاراکردنی ئامراز و ڕێکارەکان.

کارکردنی هەر کەرتێك بە تایبەتمەندیی خۆی، مانـای لێکدابڕانی بڕیاردەرانـە یـان دوورخـستنەوەی یـەکتری نییـە، بەئەنـدازەی ئـەوەی مانـای خوڵقانـدنی بـوارێکی تاوتوێکـارە، کـە دەرفـەت دەرەخـسێنێت بـۆ ئـەوەی پەیوەنـدیی نێـوان ڕوونـاکبیریو سیاسەت بەرهەمهێن و کاریگەر بێت. واتە **کرانەوەی بیریارە بـەڕووی کایـەی سیاســەتدا** ببێتە مایەی گۆڕانکاری لـە سیاسـەتی فیکریـی و بەشـێوەیەك کـە دەرفـەتی داهێنـانی چەند دەستدانێکی نوێ بۆ وێناکردن و بیرکردنەوە بڕەخسێنێت. هـەروەها **کرانــەوەی سیاسەتمەدار بەڕووی بەرهەمەکانی فیکــردا** ببێتـە هـۆی گـۆڕینی فیکـری سیاسـیی ئـەو و بەشــێوەیەك کــە زەمینەخۆشــبکات بــۆ هــەڵهێنجانی چــەند دەســتدانێکی نــوێ بــۆ کـارکردنو تـەگبیرکردن. بـەمجۆرە دەشـێت پەیوەندییـەکی دوولایەنـەی بەرهەمـدارو کـارلێککردنێکی داهێنەرانــە ســەرهەڵبدات، کــە وابکـات **گــۆڕینی سیاســەتی فیکــر** بەشداریبکات لە خوڵقاندنی واقعێکی فیکریی وەهادا کە تیایـدا پەیوەنـدیی بـە واقعـی سیاسییەوە گۆڕانی بەسەردا دێت. هەروەها داهێنانی **چەند پیادەکردنێکی سیاسیی نـوێ** کە بەشداریدەکات لە خوڵقاندنی واقعێکی کۆمەڵگەییـدا، کـە تیایـدا پەیوەنـدی لەگـەڵ بیرۆکەکان گۆڕانی بەسەردا دێت.

## بەرپرسیارێتیی ڕووناکبیر:

ئەمە ئەوەیە کە هەوڵمداوە هەمەلایەنانە لە "وەهمـەکانی دەسـتەبژێر" و ئـەو بەشداریکردنانەدا بیکەم، کە بەشێوەی توانج یان چاوپێکەوتن ئـەنجامم داون، جـا لـە ڕێگـەی تەلەفزیۆنەکانـەوە بووبێـت یـان ڕۆژنامەگەرییـەوە(١). بێگومـان دەمتـوانی ڕێگەیەکی ئاسانتر و سـاناتر بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی تەنگژەکـە بگرمەبـەرو بەرامبـەر بــەوەی ڕوودەدات زمــانی ســکاڵا و هــاوارکردن، یــان شــیوەن و لاواندنــەوە، یــاخود

تورەبوونو نارەزاییدەربڕین بەکاربهێنم. دەمتوانی بەرەو پێشەوە هەڵبێم، یان لەپشتی کێشەکانەوە خۆم بشارمەوە، یاخود باز بەسەر گۆڕانکارییەکاندا بدەم. وەك ئەوەی کەسانێك کردوویانە کە تەمەنی درێژی خۆیان لە خەبات لەپێناو گۆڕانکاریدا بەسەربردوە، کەچی کتوپڕ دەکەون بەسەر گۆڕانکارییەکاندا ، بۆیە لۆمەی واقیع دەکەن و نکۆڵی لەوە دەکەن کە ڕوودەدات.

دەمتوانی **لە خوێندنەوەی گۆڕانکارییەکان و بەرەنگاربوونەوەی تەحەدداکاندا** سووربم لەسەر زمانە کۆنەکەم و گوتە سواوەکانم، وەك باری ئەوانەی پێماندەڵێن: ئەوە لیبرالیزمی نوێیە یان سەرمایەداریی دڕندەیە. ئەمە وێڕای ئەوانەی ساویلکانە یان بە نەفامییەك کە دەستەپاچەییو فشۆڵی دەشارێتەوە دەڵێن: وێڕای هەوڵدانەکانی سەربڕین، هێشتا ڕووناکبیر ماوە، وەك ئەوەی ڕووناکبیران لە فەرەنسا یان لای ئێمە لە وڵاتە عەرەبییەکان بەدەنگی بەرز دەیڵێن!

ئەوەی ئەوە دەکات، پەردەدەدات بەسەر ئەقڵی خۆیدا و پەنجەرەکانی فیکری خۆی دادەخات، واتە ئەو گوریسە توندتردەکات کە بینەقاقای شەتەکداوە، بەئەندازەی ئەوەی پرسیارەکان سەرکوتدەکات و کێشەکان بەلاڕێدادەبات. جا ئەگەر پێویست بێت ڕووناکبیر، وەك بکەرێکی کۆمەڵایەتی یان شایەتێك بەسەر ئەوەی ڕوودەدات، بەرپرسیارێتی بگرێتە ئەستۆ و دەستبەرداری کاری خەباتگێڕانە نەبێت، ئەوا پاش ئەو هەموو ساتمەکردن، یان شکستخواردن، یاخود تێکشکانەی دروشمو پرۆژەکان، واتە پاش ئەو هەموو ستەمکاری و جیاوازیکاری و پەردەپۆشکردنانەی بەناوی ئازادی و دادپەروەری و حەقیقەتەوە پیادەکران، **ئەو بەپلەی یەکەم بەرپرسیارە بەرامبەر بەوەی پرسیارەکان ئاراستەی خۆی بکات**. پرسیارەکانیش زۆرن، وەك:

بۆچی دوای خەباتێکی درێژخایان مەسەلەکان خراپتردەبن؟ واتە بۆچی سەرمایەداری هژمونگەرتر و دڕندەتر دەبێت؟ بۆچی میراتی سوشالیستی، لە لینینەوە بیگرە هەتاکو سوشیالیستە هاوچەرخەکان، دەستەوسانە لەئاست دۆزینەوەی چارەسەرەکانی کێشەکانی بێکاریدا؟ بۆچی لەگەڵ فراوانبوونی بوارەکانی بەرهەمهێنانو سەرچاوەکانی سامانەکاندا هەژاری و پەراوێزخستن زیاتردەبێت؟ بۆچی لەگەڵ گەشەکردنی ئامرازەکانی بڵاوکردنەوە و تەکنیکەکانی پێکگەیشتندا

ساختەکاری‌و پەردەپۆشکردن زیاتردەبن؟ بە پرسیارێکی نزیکتر لە تێگەیشتنەکەی: بۆچی **هەرەسهێنانی پرۆژە ئایدیۆلۆژییەکان** و تیۆرە سەرتاپاگیرەکان لای خاوەن پرۆژە خەباتگێڕەکان بەدیدەکەین؟

**ئیشکالیەتی مانا:**

لێرەدا ئەو ئەقڵیەتە ئایدیۆلۆژییە ئەخلاقییە بێسوودە کە بە زمانی ڕاچڵەکین‌و دڵشکان، یان لۆژیکی ڕەتکردنەوەو نەعامەئاسا مامەڵە لەگەڵ واقیعدا دەکات. بۆیە باشترە چاوبخشێنرێتەوە بە تێگەیشتنماندا دەربارەی دادپەروەری‌و ئازادی و حەقیقەت، چونکە چیتر مەسەلەی **دادپەروەری** بچووك ناکرێتەوە بۆ سووربوونی زارەکی لەسەر دروشمی یەکسانی، بەڵکو پێویستی بە پێداچوونەوەیە بە نموونە بەرزە بۆشەکانماندا سەبارەت بە یەکسانی، لەبەر ڕۆشنایی ئەو واقیعە کۆمەڵگەییەی جگە لە نابەرابەری‌و جیاکاری شتێکی دیکە بەرهەم ناهێنێت. ئەمەش باری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە: **بونیادێکی جیاکاریخواز**.. بەڵام یەکسانیی تەواوەتیی نێوان تاکەکان و ناوەکان لە هەمووشتێکدا و لەسەر هەموو ئاستێك، وەهمێکی گەورەیە و ئاکامەکەی هەژاری و نابەرابەری و جیاکاریی زیاترە. ئەمەش مانای دەستبەرداربوونی پرنسیپی یەکسانی نییە، بەڵکو مانای ئەوەیە یەکسانی- وەك هەر مانایەکی تر- سیستەمێکی جیاکاریخوازە و داشکاندنە بەلای لایەکدا. بەتەنیا ئەوە دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی لە مەسەلەی دادپەروەریدا لە **ئیشکالیەتی مانا** تێبگەین. سوودبەخش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ئیشکالیەتەش، کارکردنە بۆ هەڵوەشاندنەوەی بونیادی ماناو پەردەهەڵماڵینە لە ڕووی بنچینەکانی، بەمەبەستی ئاشکراکردنی ئەو نامانایەی لەسەری دادەمەزرێن، بەشێوەیەك کە دەبێتە مایەی سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەو دابەشکردن‌و بڵاوکردنەوەی ئەولەویات و سامان و دەسەڵاتەکان.

هەروەها **ئازادی ئیشکالیەتی خۆی هەیە**: مرۆڤ خواستی دەسەڵاتدارێتی هەیە، زیاتر لەوەی خواستی ئازادیی هەبێت. باشترە بوترێت: **هەر خواستێك چەند میکانیزمێکی دەسەڵاتخوازانەی** مادی یان سمبولی خۆی هەیە، جا ئەوە خواستی ئازادی‌و

مەعریفە بێت، یان خواستی شۆڕش و سامان، چونکە **ئەوەی دەسەڵاتی نەبێت ئازادیشی نابێت**. لێرەوە زمانی تەوباویانە لەبارەی ئازادییەوە تەنیا ستەمکاری بەرهەمدێنێت، جا ئەوە لەلایەن بانگەشەکارانی ئازادییەوە بێت، یان لەلایەن کاربەدەستانو دەسەڵاتدارانەوە. ئەمەش باری ئەو کەسەیە، کە بەدوای کۆمەڵگەیەکدا دەگەڕێت بۆ پیادەکردنی ئازادیی تەواوەتیی خۆی: گەڕان بەدوای شوێنێکدا، خەیاڵی یان واقعی، بۆ پیادەکردنی ستەمکاریی خۆی. تەنیا ئەمەش لێکیدەداتەوە، بۆچی ئاکامی پڕۆژەکانی ڕزگاری، چەند ڕژێمێکی تۆتالیتاری یان فاشی بووە.

لەکۆتاییشدا حەقیقەت ئیشکالیەتی خۆی هەیە، چونکە هیچ یەکێك لە پێوانەکانی باسکردن و دیاریکردن، یان میکانیزمەکانی پێوانو سەلماندن، بەدەرنییە لە پیادەکردنی پەردەپۆشکردنو دوورخستنەوە، یان کارەکانی چەپاندنو دواخستن، جا مەسەلەکە پەیوەندیی بە ڕووناکبیریو ڕۆژنامەگەرییەوە هەبێت، یان بە سیاسەتو دەسەڵاتەوە. ئەمەش دارشتنەوەی نوێ و جیاوازی مەسەلەی حەقیقەت پێویستدەکات، بەجۆرێك کە بە لۆژیکی هاوجووتبوون یان ئەقڵییەتی یەقینی تەواوەتی و سیستەمی تونددوتۆڵ مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت، بەڵکو بەپێی لۆژیکی **خستنەوەو گۆڕانکاری**(٢) مامەڵەی لەتەك بکرێت، یان بە ئەقڵییەتی خوڵقاندنو بەرهەمهێنان لێی تێبگەین. بەم وانایە، حەقیقەت بریتی نابێت لە وێناکردنمان بۆ جیهان وەك هەیە، بەڵکو دەبێتە ئەو ڕووداوانەی دەیانخوڵقێنین، یان ئەو حەقیقەتانەی بەرهەمیاندێنین، لە ڕێگەی ستایلەکانی گوتار و دامەزراوەکانی مانا، یان سیستەمەکانی سمبول و بونیادەکانی خەیاڵ، یاخود پێکهاتەکانی تێگەیشتن و سیستەمەکانی مەعریفەوە. واتە دەبنە هۆی پێکهێنانەوەی جیهان یان دروستکردنەوەی واقیع، بەشێوەیەك کە دەبێتە مایەی **گۆڕینی جوگرافیای ئەقڵ و پەیوەندییەکانی هێز** بەهەر سێ لایەنەکەیەوە، بەوپێیەی **پەیوەندیی مەعریفە** یان **پەیوەندیی سامان** یاخود **پەیوەندیی دەسەڵاتە**.

مانای ماناکە، کردنەوەی چەمکی حەقیقەتە بەڕووی جیا و جیاواز، یان پەراوێزخراو و دوورخراو، یان دژ و ناکۆکدا، بەڵکو بەڕووی ئەوەدا کە بە چەوتو هەڵەی دەزانین، واتە بەڕووی هەرشتێکدا کە خودی گوتاری حەقیقەت

دووریدەخاتەوە.. بەلام ئەوانەی بڕوایانوایە بەهۆی سیستەمە یەقینخوازەکانیانەوە حەقیقەت جڵەودەکەن، ئەوا ئاکامی بڕواکەیان چنینەوەی وەهم و درۆکان، یان هەڵەکاری و پارادۆکسەکان، یاخود ئابڕوچوون و پێشێلکارییەکانە. وەك ئاکامی ئایدیۆلۆژیاکان، جا ئایینی بن یان عەلمانی، سیاسی بن یان زانستی.

## گۆڕینی ئەقڵەکان:

بۆیە پێدەچێت ئیمڕۆ کارەکە داڕشتنەوەی پرسیارەکان بێت، لەبەر ڕۆشنایی ئەو گۆڕانکاریانەی لەبرەودان. چونکە ناکرێت ئەو هەموو گۆڕانکاریانە لە جوگرافیای چەمك و بەهاکان یان نەخشەی هێز و ململانێکاندا ڕووبدەن، کەچی ئێمە بە زمانی سەدەی نۆزدەهەم باسی **ململانێی چینایەتی** بکەین، وەك ئەوەی هیچ شتێك ڕووی نەدابێت. پێویستە **دەستوێژیی پرسیارەکان** لە گوتە ڕەقهەڵاتووەکان و میتۆدە دەستەپاچەکان و دوانە (دوالیزم) نەزۆکەکان بکرێت، چونکە ئێستا پرسیارەکە بریتی نییە لە: **چی بکرێت**؟، بەڵکو بریتییە لە **چی ڕوودەدات**؟، بەوپێیەی ئەگەر ئێمە نەزانین ڕادەی ئەو گۆڕانکاریانە چەندە کە بەسەر دیمەنی جیهاندا هاتوون، یان نەزانین ڕادەی ئەو گۆڕانکاریانە چەندە کە بەسەر چەمك و پێوانەکاندا هاتوون، ئەوا ناتوانین بەشدارییەکی کاریگەرانەمان لە گۆڕینی جیهاندا هەبێت. بۆیە باشترە گوتە و پیادەکردنەکانمان بخەینە ژێر ڕکێفی لێپێچینەوە و پشکنینەوە، لەپێناو ئەنجامدانی **گۆڕانکارییەکی سێکوچکەدا**، کە یەکەم پەی بە **تێگەیشتنمان *لە* خودی گۆڕانکاری** بەرێت، لەبەرئەوەی ئێستا جیهان بەپێی مۆدێلەکەی ئێمە ناگۆڕێت، بەڵکو بەشێوەیەك دەگۆڕێت کە سەرسامامان دەکات. دووەم پەی بە **وێنەمان بۆ خۆمان** دەبات، چونکە ماقوڵ نییە ڕووناکبیر بەردەوام بێت لەسەر پێشکەشکردنی خۆی وەك نمایندەی دەستەبژێری هوشیار یان پێشکەوتوو بخاتەڕوو و ببێتە زمانحاڵی بەها و ماف و ئازادییەکان، لەکاتێکدا وای لێهاتووە، بەراورد بە چالاکوانە کۆمەڵایەتییەکانی تری وەك ڕاگەیاندنکاران و بزنزمانەکان، یان ئەندازیارانی کۆمپیوتەرو دیزاینەرەکانی جلوبەرگ، یاخود یاریزانانی تۆپی پێ و ئەستێرەکانی هونەر، لێهاتوویی و ئامادەیی لەسەر شانۆکە کەمتربۆتەوە.. لەکۆتاییشدا ناکرێت خۆ لە پشکنینێکی ڕەخنەگرانە

بەدووربگیرێت، ئەوەی پەی بەو **تـۆڕی چـەمکانە** دەبات کە بەهۆیانەوە ڕووناکبیران ڕووداوەکان دەخوێننەوە. چونکە سودبەخش نییە ئێستا بە زمانێکی کۆن و کەرەستەیەکی سواو لە جیهان بگەین و واقیع دەستنیشان بکەین، لەکاتێکدا ئێمە دەچینە ناو سەردەمێکی نوێوە، کە لەگەڵیدا گۆڕان بەسەر بونیادی بەرهەمهێنان و بزوێنەرەکانی پێگەیشتندا دێت. هەروەها کایەکانی تێڕوانین و بوارەکانی کار و کاریگەریخستنەوە گۆڕانیان بەسەردا دێت. ئەمە وێڕای گۆڕانی شێوەکانی کۆبوونەوە و سیستەمەکانی پێکگەیشتن، وەك ئەوەی ئێستا لەگەڵ چوونە ناو سەردەمی تەلەفزیۆنو جیهانگیری و ڕاگەیاندنگیریدا بەدیدەکەین. بەوجۆرە، ئەوەی ئێستا ڕووناکبیران دەتوانن بەشێوەیەکی سودبەخش بیکەن، ئەگەر بیانەوێت **شکستخواردنێکی نوێ** نەخەنە سەر ئەوانەی پێشوو یان **دەستەپاچەییەکی نوێ** نەدۆزنەوە، ئەوا دەبێت وەك دەستەبژێرێکی هوشیار و پێشکەوتوو لەپێش کۆمەڵگەوە، کە پرۆژەگەلی ڕابوون و گۆڕانکاری پێشکەشدەکات، ڕەفتارنەکەن، بەڵکو کار بۆ **گۆڕینی خۆیان و ئەقڵی خۆیان** بکەن، هەتاکو بەو کۆمەڵگەیەدا ڕابگەن کە لە بزاوتو گۆڕانکارییەکانیدا پێشیان کەوتوە. ئەمە ئەگەر بیانەوێت بەشداریی لە دروستکردنو پێکهێنانی ئەو کۆمەڵگەیەدا بکەن.

## دەسەڵاتی ڕووناکبیر:

لێرەوە ئێستا، پاش هەرەسهێنانی پرۆژە ئایدیۆلۆژییەکانی گۆڕانکاری، کێشەکەمان ئەوە نییە سوربوونی ساویلکانەی خۆمان لەسەر دادپەروەری، یان عیشقی درۆزنانەی خۆمان بۆ ئازادی، یان بەرگریکردنی سەرنەکەوتوانەی خۆمان لە حەقیقەت، یاخود پیادەکردنی نەزۆکانەی ڕۆشنگەری ڕابگەیەنین، ئەمە وێڕای لافلێدانە بۆشەکانمان سەبارەت بە نمایندەکردنی شوناسو نەتەوە، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە **چەند چەمکێکی نوێ بۆ حەقیقەت و دادپەروەری، یان ئازادی و ڕۆشنگەری، یاخود شوناس و نەتەوە دابڕێژین**، هەروەها بۆ دەسەڵات و دەوڵەت و کۆمەڵگە. ئەمەش کاری کارکەری گۆڕەپانی فیکر، بە دیاریکراوی فەلسەفەیە: پیادەکردنی فیکری ڕەخنەگرانە، لە ڕێگەی ڕەخنەگرتنەوە لە بیرۆکەو گوتەکانو بەجۆرێك کە زمانی چەمکئاسا لە بەوەهمکردنە ئایدیۆلۆژییەکان و خەیاڵپلاوییە ئایدیالیستییەکان یان ڕێبازە

خەباتگێرەکان ڕزگاری بێت. ئەمەش مانای وتەی کێشەی بیریار **لەگەڵ بیرۆکەکانی خۆیدایە**: ڕێکخستنەوەی پەیوەندی لەگەڵ بیرۆکەکانـدا، بەمەبەستی دروستکردنی چەند پەیوەندییەکی نوێ لەگەڵ واقیع، لە ڕێگەی تورێکی نوێی چەمکەکانەوە. چونکە بیریار بەپلەی یەکەم بکەرێکی فیکرییە، بەواتای ئەوەی بیریار بەهۆی خولقاندنی جیهانێکەوە بۆ فیکر، بەشداریدەکات لە گۆڕینی جیهانـدا و بەئەنـدازەی بەدەستهێنانی میتۆدێك بۆ بیرکردنەوە ئەولەویاتەکان ژێراوژووردەکات، **بە ئەنـدازەی داهێنانی پیادەکردنێکی فیکریی نوێ یان داهێنانی سیاسەتێکی نوێ و جیاواز کە واقعی سیاسەتەکان دەگۆڕێت.**

ئەمەش ئەوەیە کە من هەوڵمداوە لە ڕەخنەگرتن لە ڕووناکبیردا بیکەم و پێموابوە بەسوودترین ڕێگەی فیکریو پراکتیکی بۆ دەرچوون لە قەیرانەکە بریتییە لە: **هەڵوەشاندنەوەی وەهمەکان و خەیاڵپلاوییەکان بۆ ڕزگاربوون لە میکانیزمەکانی دەستەپاچەبوون** لەئاست بەرەنگاربوونەوەی ئەو قەیرانانەی دەگۆڕێن بۆ کوێرەڕێگەی خنکێنەر، بەئەندازەی ئەوەی نەزۆکی و فشۆڵی یان پەراوێزبوون بەرهەمدێننەوە. بەم مانایە، ڕەخنەگرتن لە ڕووناکبیر یەکێکە لە تەوەرەکانی بیرکردنەوەم و دەکەوێتە ناو نێوەندی پیشەکەم و ناخی کارەکەمەوە، وەك کارکەرێك کە لە بواری فیکردا کاردەکات و خەمەکەی بەرهەمهێنانی چەند بیرۆکەیەکی نوێیە، کە لەگەڵیانـدا کەرەستەکانی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە، یان تۆڕەکانی تێگەیشتن و دەستنیشانکردن نوێدەبنەوە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەوەدا، ڕەخنەگرتن لە ڕووناکبیر بەمەبەستی لێپرسینەوە یان تاوانبارکردن نییە، بەئەندازەی ئەوەی هەوڵدانە بۆ کردنەوەی چەند دەستدانێکی نوێ، بەهۆیانەوە ڕووناکبیر لەو بارە دەربچێت کە تیایدایە، جا ئەوە لە ڕووی پەیوەندییەوە بێت لەگەڵ خودی خۆی یان ئەوانیتر و جیهان، بەجۆرێك کە ببێتە مایەی ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی هێز لەنێوان ئەو و سیاسەتمەداردا بەشێوەیەکی تایبەتی. ئەمەش وای لێ دەکات دەروازەیەکی دەوڵەمەندتر و بەهێزتر لەسەر ئاستی مەعریفە یان دەسەڵات بدۆزێتەوە. ئەمجۆرە ڕەخنەیە، لای ئەوەی ئاشنایە بە مانای ڕەخنەگرتن و ئاخاوتن، نەك لای ئەوەی مەراقەکانی خەباتگێڕی زاڵە بەسەریدا، یان

لای ئەوەی نقومی بەوەهمکردنە ئایدیۆلۆژییەکانی خۆیەتی، **بەرگریکردنە لە ڕووناکبیر**. واتە کۆششکردنە بۆ ئەوەی ڕووناکبیر بەهۆی پیادەکردنی کاریگەرێتیی فیکرییەوە، واتە لە ڕێگەی دارشتنی چەمکەکەیەوە دەربارەی دەسەلات یان داهێنانەوەی ڕۆڵی خۆیەوە، دەسەلاتی خۆی بەدەستبێنێتەوە. مانای **پێویستە ڕووناکبیر پیادەی دەسەلاتی خۆی بکات** بریتییە لە: ئەگەر تێگەیشتنمان لە خودی دەسەلات گۆڕانی بەسەردا نەیەت، ئەوا دەرفەتی گۆڕانی پەیوەندییەکانی دەسەلات لەئارادانابێت. ئەمەش یەکەمین کاری ئەوەیە کە پیشەکەی بیرکردنەوەیە: دارشتنی چەند بیرۆکەیەکی نوێ لەبەر ڕۆشنایی ڕووداو و لە بۆتەی ئەزموون و لە گۆڕەپانی گرەوکردندا، بە وروژاندنی پرسیارەکان و جێ لێژکردن بە ئیشکالیەتەکان، یان بەخولقاندنی چەمکەکان و داهێنانی پیادەکردنەکان. ئەمەش **دەرفەتە بۆ بەدەستهێنانی ڕاستبێژیی فیکری و پیادەکردنی لێهاتوویی کۆمەڵگەیی**.

## کاریگەریی ڕەخنە:

بەهەرحاڵ من بەختەوەرم بەو **گفتوگۆ و مشتومڕەی** کتێبەکە وروژاندویەتی، یان بەو **ڕەخنەگرتن و نارەزاییەی** ڕووبەڕوویبوەوە، جا لە گۆڕەپانی لوبناندا بێت یان لە زیاتر لە گۆڕەپانێکی عەرەبدا، چونکە جێی بایەخپێدانی نووسەر و ڕەخنەگرەکان و ئەهلی فیکر و ڕۆژنامەنووسەکان بوو، بەتایبەتی لە گۆڕەپانی سوریادا کە کتێبەکە ڕووبەڕووی زۆرترین وەلام و گفتوگۆ و توانج بۆوە.

سروشتییە شێوازەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ کتێبەکە و هەڵوێستەکان بەرامبەری جیاوازبن. کەسانێك هەن هیچ شتێکی نوێیان تێدا بەدی نەکردوە، بەڵکو ئەوانەش هەن کە جگە لە هەڵە و وەهم هیچی تریان تیادا نەدۆزیوەتەوە. وێرای ئەوانەی پێیانوایە کتێبەکە شەڕێکی بێبەزەییانەیە دژی ڕووناکبیران. ئەمە باری ئەوانەیە کە بە **مەراقەکانی خەباتگێری و ئەقڵییەتی دیالەکتیکی** مامەڵەیان لەگەڵ کردوە، یان ئەوانەی بەهۆی لۆژیکی پێشبڕکێ و کێبڕکێ لەسەر گۆڕەپانی ڕووناکبیری و لەپێناو ریکلامکردن بۆ کالا سمبولییەکاندا **وبستی دەرکردن یان دوورخستنەوە** زاڵبووە

بەسەریاندا. ئەمە مانای ئەوەیە، هەندێك ڕووناكبیر ڕەفتارەكانی خۆیان دەشارنەوە، یان مانای ئەوە نازانن كە دەیلێن.

ئەمەش باری ئەوەیە كە هیچ نوێیەكی لە كتێبەكەدا بەدی نەكردوە: **ئەو لە هەمان ڕوانگەوە ناڕوانێت**، بەهۆی لۆژیكی فۆرمالیستیی بەلگەخوازانەوە، كە وای پیشانداوە دەتوانێت گوتەكانی كتێبەكە بەدرۆبخاتەوە و غافڵبووە بەرامبەر بەوەی بیرۆكەكان **چەند ڕووداوێكی فیكریی** سەربەخۆن لەوەی دەریاندەبڕێت، بۆ ئەوەی كاری خۆیان بكەن و كار و دەنگدانەوەی خۆیان جێبهێڵن. ئەمە باری بیرۆكە زیندوو و بەپیتەكانە: واقعیبوون و كاریگەریی خۆیان هەیە، تەنانەت لەسەر ئەوانەی دژیشیان دەوەستن، بەئەندازەی ئەوەی **مەیدانێك بۆ پرسیارەكان والآدەكەن یان بوارێك بۆ تاوتوێكردن دەخولقێنن**، یاخود كەشێك بۆ پیادەكردنی زیندوێتیی بیركردنەوە دەستەبەردەكەن. لێرەدا هێما بۆ قسەكانی سەمیر زەبن دەكەم، كە یەكێكە لەوانەی زۆر بەتوندی دژی گوتەكان و میتۆدی كتێبەكە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا پێیوابوو گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە، چونكە "زۆر پرسیاری شیرزەكاری دەربڕیوە و چەندین وەڵامی گرنگی پێشكەشكردوە، كە پێویستیان بە گفتوگۆیە". گرنگیی بیرۆكەكەش بەكردەوە لەوەدایە، دەستدانێكی كراوە پێكدێنێت، كە دەرفەتی سەرلەنوێ بیركردنەوە دەڕەخسێنێت بۆ خستنەوەی بیرۆكەكان و گۆڕینی چەمكەكان.

لەبەرامبەر ئەوە، نووسەر و توێژەر و بیریار و ڕۆژنامەنووسی وەها هەن(٣)، كە بەشێوەیەكی پۆزەتیڤانە پێشوازییان لە كتێبەكە كردوە. هەیانە پێیوایە كتێبەكە هەوڵدانێكە بۆ "دەستنیشانكردن"ی واقیعی ڕووناكبیر، وەك ئەوەی ڕۆماننووسی میسری سەعید كەفراوی وتویەتی. هەشە "دەربڕین و گوتاری نوێ"ی تیادا بەدیكردوە، وەك خوێندنەوەكەی نووسەری لوبنانی كەرەم حلو. هەشە لەو بڕوایەدایە كتێبەكە پێداگرتنە لەسەر "ئەزموونی هەبوونخوازی"، وەك ئەوەی ژنە توێژەری لوبنانی مارلین كەنعان وتویەتی.

هەشە بە كتێبی ساڵی ١٩٩٧ی دادەنێت، وەك ئەوەی پزیشكی لوبنانی فوئاد مەرعی نووسیویەتی. هەشیانە پێیوایە كتێبی "وەهمەكانی دەستەبژێر"و كتێبی "وێنەكانی ڕووناكبیر"ی ئیدوارد سەعید وروژێنەرترین دوو كتێبن دەربارەی باری

ڕووناکبیران لە ساڵی ١٩٩٧دا، وەك ئەوەی ئەکادیمیو بیریاری ناودار ڕەزوان سەید ڕەچاویکردوە. هەشە کتێبەکەی بە "ڕەخنەیەکی ڕیشەیی" لە شێوازەکانی بیرکردنەوە داناوە، وەك ئەوەی لە وتاری توێژەری سوری ترکی علی ربیعودا هاتووە. هەیانە کتێبەکەی بە هەوڵدانێك بۆ گەڕان بەدوای "ڕۆڵێکی لێهاتوو"ی ڕووناکبیر دایدەنێت، وەك ئەوەی شاعیری لوبنانی جەودەت فەخرەدین گوتەکانی خوێندۆتەوە. هەشیانە لە کتێبەکەدا هەوڵدانێکی بۆ "خولقاندنی واقعێکی فیکریی نوێ" دادەنێت، وەك ئەوەی لە وتاری ڕۆژنامەنووسی لوبنانی موعەمەر عەتوی دا هاتووە. هەیانە بە دەروازەیەکی داناوە بۆ "قولیی قەیرانی ڕووناکبیری و فیکر"، وەك ئەوەی لە قسەکانی ڕۆژنامەنووسی سوریدا عەلی دەیوب هاتووە. هەشیانە بە "وەبەرهێنانێکی بەرهەمدار"ی میتۆدی هەڵوەشاندنەوە داناوە، وەك ئەوەی توێژەری لوبنان پۆل تەبر دەیبینێتەوە. لەکۆتاییشدا هەشیانە بایەخەکەی لە "جیهانیبوون"ی دەربڕینو چارەسەرکردنەکەیو کرانەوەی چەند ئاسۆیەکی فراوان بۆ بڕینی بەربەستەکانی شوناسدا دەبینێتەوە، وەك ئەوەی ڕۆژنامەنووسی مەغریبی سەلاح سەبیعە لە وتارێکیدا بە فەرەنسی دەریدەبڕێت.

هەموو ئەوانە شایەتی ئەو **کاریگەرییەن** کە کتێبەکە بە میتۆد و تێزەکانی لای ئەوانە جێیهێشتوە کە خوێندویانەتەوە، بەبێ گوێدانە هەڵوێستەکان بەرامبەری، چونکە کاری فیکریی جیدی یان گرنگ خوێنەر دوای خوێندنەوەی دەباتەوە بارێکەوە کە پێش خوێندنەوەی کتێبەکە تیایدانەبووە. لەبەرئەوەی کتێبەکە چەندین **پەنجەرە بۆ بیرکردنەوە** دەکاتەوە، کە بەشداریدەکەن **لە گۆڕینی خودی بیرۆکەکاندا**. بەمجۆرە سەقر ئەبو فەخری ڕەخنەگر باسی پەیوەندیی خۆی لەگەڵ کتێبی "وەهمەکانی دەستەبژێر" دەکات و خوێندنەوەیەکی داهێنەرانەو ژیرانەی بۆ کتێبەکە کردوە، چونکە لە ڕێگەی گوتەی **ڕەخنەگرتن لە ڕووناکبیرەوە مردنی ڕووناکبیری** خوێندۆتەوە، ئەوەش هاوتەریب لەگەڵ خوێندنەوەکەی خۆمدا بۆ کتێبەکەم، لەبەرئەوەی لە کۆتایی ئەو وتارانەی باسی گوتە ڕەخنەگرەکانی خۆم کردوە، گەیشتومەتە "کۆتایی ڕووناکبیر"(٤).

ئـەم پێـشەکییە، کـە درێـژەی کێـشا، بـە پرسـیارێك کۆتـایی پـێ دێـنم: ئایـا کەوتوومەتە ناو ئەوەی هەوڵم داوە خۆمی لێ بەدووربگرم؟ مەبەستم بەرگریکردن لـە بیرۆکەکانم و سەرقاڵبوونە بە پاسەوانیکردنیانەوە. چونکە ئەوە **پارادۆکسی** کارکردنـە بە ئەقڵییەتی داکۆکیکردن و لۆژیکی سەلماندن، لەبەرئەوەی چەند بیرۆکەیـەکی ڕاست یان ئەوانەی هەوڵدەدرێت بەڵگە بۆ ڕاستییان بهێنرێتەوە، جگە لـە پارادۆکسەکان یـان ناکۆکییەکان، شتێکی تر ناخەنەوە. بەوپێیەی بیرۆکە گرنگ و بەپیتەکان **ئاوێنـەکانی حەقیقەت** نین، واتـە ئـەو وێنانـە نـین کە کۆپیی واقیـع دەکـەن، یـان **چـەند مـۆدێلێکی ڕەسەنی** ئامادە نـین بـۆ جێبـەجێکردن، بـەڵکو **چـەند تـورێکی گۆڕانکـاریخوازن**(٥)، کـە توانـای داهێنەرانـەیان هەیـە بـۆ خـستنەوە و گـۆڕین. ئـەوەش بەئەنـدازەی کـارکردن لەسەریان، بۆ گۆڕینیان یان دارشتنەوەیان بەشێوەیەك کـە دەرفـەتمان بـۆ دەرەخسێنن خۆمان بگۆڕین، بەئەندازەی گۆڕینی بونیادی فیکرو پەیوەندییەکان لەگەڵ واقیعدا.

## پەراوێزەکان:

١- نامـەوێت یـان سـەختە ئـەو بەشـداریکردنانە بـژمێرم. تـەنیا هێمـا بـۆ ئەوانـە دەکـەم کـە گەڕانـەوە بۆیـان سوودبەخـشە: (١) لێکۆڵینەوەیـەك بەناونیـشانی "دەسـەڵاتو ڕەوایـەتی لـەنێوان ڕوونـاکبیرو سیاسـیدا" لـە ژمـارە سـێی گۆڤـاری "مجلـه دراسـات لبنانیـه"دا. (٢) سـێ وتـار لـە ڕۆژنامـەی "النهـار"ی لوبنانیـدا، یەکـەمیان بـە سـێ ئەڵقـە بـە ناونیـشانی "فـایلی ڕوونـاکبیر" کـە کـاتی کردنـەوەی هـاتووە، ئەمـەش لـە مـاوەی مـانگی تـشرینی یەکـەمی سـاڵی ١٩٩٦دا بڵاوبۆتـەوە. دووەم بـە دوو ئەڵقـەو بەناونیـشانی "ئۆپۆزسـیۆنی ڕوونـاکبیری دیلـی بیرۆکـەکانی خۆیـەتی"، کـە لـە ١٢و١٣/١١/١٩٩٦دا بڵاوبۆتـەوە. سـێیەم بـە ناونیـشانی "کۆتـایی ڕوونـاکبیری نـوێ" کـە لـە ١٩٩٧/٦/٢٨دا بڵاوبۆتـەوە. (٣) سـێ وتـار لـە ڕۆژنامـەی "السفیر"دا، یەکـەمیان بـە ناونیـشانی "ئـازادیی بیرکردنـەوەو بـەپیتیی مـشتومڕ" کـە لـە ١٩٩٦/١١/٢١دا بڵاوبۆتـەوە، دووەم بەناونیـشانی "زاراوەی ڕوونـاکبیری نـوێ پـاش سـەدەیەك لـە لـەدایکبوونی" کـە لـە ١٩٩٦/١١/٢٢دا بڵاوکراوەتـەوە. سـێیەم بەناونیـشانی "لـە کتێبـی کـراوەوە بـۆ کردنـەوەی دەستدانەکان" کە لە ١٩٩٨/٣/١٩دا بڵاوبۆتەوە.

٢- لەم بارەیەوە بگەڕێرەوە بۆ پێشـەکیی کتێبـەکەم "الماهیة والعلاقة، نحو منطق تحویلي"، المرکز الثقافي العربي ١٩٩٨.

٣- هێما بۆ ئەوانە دەکەم کە دەرفەتی خوێندنەوەی وتار یان توانجەکانیانم بۆ رەخساوە.

٤- بڕوانە ئەو وتارەی لە پەراوێزی یەکەمدا هێمام بۆ کردوە، واتە "دەسەڵاتو رەوایەتی لەنێوان رووناکبیرو سیاسیدا".

٥- بڕوانە کۆتایی کتێبەکەم "الماهية والعلاقة، نحو منطق تحويلى"، المركز الثقافي العربي ١٩٩٨.

(II)

# کاریگەرییەکانی ڕەخنەگرتن

**بابەتی ئاخاوتن:**

سەرجەمی ڕەخنەگرتنەکەم لە ڕووناکبیر، دەربارەی ئەو ئاستەنگە بنچینەییانەیە کە دەستیان ناوەتە بینەقاقای ڕووناکبیران و ڕێگرن لەوەی بیریارەگان جیهانی چەمك بە یەکێك لە ئامرازە کاراکانی، یان لەسەر یەکێك لە ئاستە ئاوێتەکانی، یاخود لە یەکێك لە ڕەهەندە زۆرەکانیدا نوێبکەنەوە. ئاستەنگەکانیش، وەك لێم کۆڵیونەتەوە، لە پێنج وەهمدا بەرجەستەدەبن، هەر وەهمێکیشیان پەیوەندیی بە یەکێك لەو چەمکانەوە هەیە کە لە گوتارەکانی ڕووناکبیرانی عەرەبدا بەتایبەتی تاوتوێدەکرێن:

یەکەمیان وەهمی ڕووناکبیرییە، کە پەیوەندیی بە چەمکی دەستەبژێرەوە هەیە. دوەمیان وەهمی ئایدیۆلۆژییە، کە پەیوەندیی بە چەمکی ئازادییەوە هەیە. سێیەمیان وەهمی مرۆڤناسییە، کە پەیوەندیی بە چەمکی شوناسەوە هەیە. چوارەمیان وەهمی ئەودیو سروشتییە، کە پەیوەندیی بە چەمکی هاوجووتبوونەوە هەیە. پێنجەمیشیان وەهمی مۆدێرنیستانەیە، کە پەیوەندیی بە چەمکی ڕۆشنگەرییەوە هەیە.

بەپێی ئەوەی ئەزموونی فیکریم ئاشکرایکردوە و شێوازی پیادەکردنی بیرکردنەوەم ڕێنوێنیکردوم، ئەمانە پێنج وەهمن لە مێشکدا نیشتەجێن و ئاستەنگ بۆ کاری فیکر و چالاکیی تێگەیشتن دروستدەکەن. بۆیە کاتێك کۆششدەکەم بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو وەهمانە، هاوکات چالاکیی فیکریی خۆم پیادەدەکەم، بەئەندازەی ئەوەی پەیوەندییەکی ڕەخنەگرانەی وەها لەگەڵ فیکری خۆمدا دروستدەکەم، کە دەرفەت دەڕخسێنێت بۆ بیرکردنەوە بەشێوەیەکی نوێ و جیاواز، یان ڕۆچوونە ناو ئەو ناوچانەی لەوەوبەر بیریان لێ نەکراوەتەوەو کاریان لەسەر نەکراوە.

ئەگەر مەبەستیش بێت شتێك دەربارەی ئەوە بڵێم كە وتراوە، ئەوا با هەندێك تـوانجو ڕوونكردنـەوە بێـت دەربـارەی ئـەو وەڵام و ڕەخنانـەی ئـەم ڕەخنەیـە بەشـێوەیەكی تایبـەتی وروژانـدوونی، یـان كـارە فیكرییـەكانم بەشـێوەیەكی گـشتی دەیانوروووژێنن.

**چەمكی نائاسایی:**

١- ئەگەرچی ئەم ڕەخنەیە بەشێوەیەكی تایبـەتی ڕوو لـە ڕووناكبیرانی عـەرەب دەكات، بەڵام لەكۆتاییـدا هـەر ڕووناكبیرێـك دەگرێتـەوە، جـا عـەرەب بێـت یـان ئـەوەی عـەرەب نییـە، بەتایبـەتی كاتێـك ئـەو ناوانـەی تیایـدا هـاتوون یـان تـاوتوێكراون، لـە بنـچینەدا تـەنیا ڕووناكبیری عـەرەب نـین، بـەڵكو ڕووناكبیر و بیریـارانی عـەرەب و خۆرئاوایین، ئینتیمای كولتوورییان جیاوازە و مەیدانە فیكرییەكانیان هەمەڕەنگە. لە یاریگـەكانی فیكریـشدا جیـاوازیكردن لـەنێوان فەرەنـسی و ئـەمریكی، یـان عـەرەبی و خۆرئاوایی، یاخود میسری و مەغریبیدا بێسوودە، لـەو كاتـەدا نـەبێت كـە دەمانـەوێت ئاشنابین بە نیشانەكانی جیاوازی و پێناسەكەردنی شوناسە تاكەكەسییەكانی نووسەرو دانـەران. چـونكە لـە كـاتی مامەڵـەكردن لەگـەڵ دەق و كـارە فیكرییەكانـدا، گـرنگ و یەكـەمین شـت، هـەڵهێنجانی داسـتدانە فیكرییـەكان و بەرهـەمهێنانی كاریگەرییـە چەمكئاساكانە، بەبێ گوێدانە ڕەگەزی خاوەنەكانیان.

بـەوجۆرە ڕەخنـەگرتن لـە ڕووناكبیر بـەهای خـۆی لـەوەوە بەدەسـتدێنێت، كـە جێی بایەخپێدانی هەر ڕووناكبیرێكە و تایبەتە بە هەریەكێك، كە كاروبارەكانی فیكـر هەڵدەسوڕێنێت. بەوپێیـەی تایبەتمەنـدی لـەم بـوارەدا، جـا سەرچاوە و ناوەڕۆكەكـەی هەرچییەك بێت، دەرهاویشتەیەكە پێویستە كاری لەسەر بكرێت و بگۆڕێت بۆ كارێكی فیكـــری، بەشـــێوەیەكی چەمكئاســـای وەهـــا دابرێـــژرێت كـــە جیهـــانیبوونی كۆكەرەوەخوازانەی پێ ببەخشێت، بەئەندازەی ئەوەی ڕایەڵەیەك لەنێوان ئـەو كـارە و حەقیقەتـدا دروسـتبێت. هـەتاكو ئـەو ڕایەڵەیـەش بـەهێزبێت و بـەری ئـەزموونێكی دەوڵەمەند بێت، پایەی چەمك لە كاری فیكریدا بەهێزدەبێت و توانای بڵاوبوونـەوە و تیـشكدانەوەی، واتـە گوێزانـەوەو ئـاڵوگۆڕكردن یـان پێكگەیـشتن و یەكترناسـین، زیاتردەبێت. ئەمەش باری چەمكەكانی وەك من، مەبەست، نائاگایی، گوتار، ڕاڤەكردن،

هەڵوەشاندنەوە، سیستەمی مەعریفی، قسە لەسەر نەکراو، بیر لێ نەکراوەیە.. لێرەشدا کۆجیتۆی دیکارتی: "من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم" نموونەیەکی دەرکەوتووە لەمبارەیەوە، چونکە پێکهاتەیەکی چەمکئاسای داهێنەرانەیە، دیکارت بەهۆیەوە بوونی خۆی دەردەبڕێت و گوزارشت لە بێهاوتایی خۆی دەکات. بەئەندازەی ئەوەی پەیوەندییەکی نوێ و جیاواز لەنێوان من و بوون و حەقیقەتدا دروستدەکات. بەم مانایە دەکرێت بوترێت، چەمکی گرنگ و نائاسایی بەرادەی کۆکردنەوە، لێکجیاکردنەوە دەخاتەوە. ئەو لێکجیاکردنەوە دەخاتەوە، لەبەرئەوەی لە ئەزموونێکی بێوێنەوە سەرچاوەدەگرێت کە ناکرێت کۆپی بکرێت یان دووبارەبکرێتەوە، بەلاّم بەئەندازەی جیدیبوون و دەوڵەمەندبوون و ڕەسەنایەتیی خۆیشی، خۆی بەسەر ئەهلی فیکردا دەسەپێنێت.

## دەستڕێژی پرسیارەکان:

٢- ڕەخنەگرتن لەو ڕۆڵە ئایدیۆلۆژییەی هەتاکو ئێستا ڕووناکبیران گێڕاویانە، مانای "مردنی ئایدیۆلۆژیا" نییە، وەك خاوەنەکانی ئەقڵی ئایدیۆلۆژیانە دەریدەبڕن، مەبەست ئەوانەیە کە هەمیشە سەرقاڵی پاراستنی شوناس و بیرۆکەکانیانن لە تورەیی پێشهاتەکان. چونکە بیرۆکەکان تەنیا لە جیهانی عەرەبدا دووچاری ئیشکالیەتەکانی خۆیان نەبوون، بەڵکو لە جیهانی خۆرئاواش کە دیموکراسی لاوازبووە و ڕۆشنگەری لەپاشەکشەدایە و ئەقلانییەت درزی تێ بووە. ئەم بارودۆخە، ڕەخنەگرتن لە گوتاری ئایدیۆلۆژی دەربارەی ئازادی، ڕۆشنگەری، شوناس و دەستەبژێر دەسەپێنێت. بەوەی ئەو گوتانە، لەبەر ڕۆشنایی گەشەکردن و گۆڕانکارییەکانی بیرۆکەکان و واقیعدا، بخرێنە بەر دەستڕێژی پرسیارەکان.

ئەوانەی پێیانوایە ڕەخنەی ئاراستەکراو بۆ ڕووناکبیر، تەنیا مانای "کۆتاییهاتنی ئایدیۆلۆژیا"یە، لە ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکە هەڵدێن و ئەو پرسیارانە سەرکوتدەکەن کە پێشهاتە کتوپڕەکان و ڕاستییە درەوشاوەکان دیانوروژێنن. وەك دەیان ساڵە ڕەخنەگرتنی بێسوود لە گوتاری باو و هەڵوەشاندنەوەی گوتە بەکارهێنراوەکانیش دەریدەخات، کێشەی ڕووناکبیر بەپلەی یەکەم لە بیرۆکەکانیدایە.

٣- مەسەلەکە، مەسەلەی "هەڵوەشاندنەوەی چەند دەقێك"ی ڕووتی دوور لە واقیع نییە، وەك ئەو ڕووناکبیرانە پێیانوایە کە کەوتوونەتە پەراوێزی ڕووداو و پێشهاتەکانەوە، بەڵکو مەسەلەی هەڵوەشاندنەوەی بونیاد و قاڵبەکانی فیکرە، پشتئەستوور بەو بوارەی بەهۆی کارکردن لەسەر گوتار و دەقەکان پێکهاتووە و ئیشکردن تیایدا دەبێتە مایەی ئاشکراکردنی ستراتیژە دەسەڵاتخوازەکان، یان ڕیسواکردنی فرۆفێڵی گوتارەکان، بەمەبەستی پەردەپۆشکردنی حەقیقەت و گۆڕینی مانا، یاخود ڕووتکردنەوەی ئەو میکانیزمە ناماقوڵانەی سیستەمەکانی مەعریفە و بونیادەکانی ڕووناکبیری پیادەیدەکەن.

هەنگاونان لەم بوارەوە، بۆ کێشە و مەسەلە و بیرۆکەکان، یاریدەدەر بۆ تێگەیشتنی ئەوەی تێگەیشتنی مەحاڵە، چونکە دەرفەتمان بۆ دەڕەخسێنێت تێڕوانینمان بۆ جیهان و ڕێگەکانی گۆڕینی گۆڕانی بەسەردابێت. ئەوەش بەئەندازەی ئەوەی دەبێتە هۆی دروستکردنی چەند پەیوەندییەکی نوێ و جیاواز لەگەڵ بۆچوونەکانمان دەربارەی ئەقڵ و دەق، یان فیکر و حەقیقەت، یاخود مەعریفە و کارکردن.

بەوپێیەی ڕەخنەگرتن بەم مانایە و بەمجۆرە دەرەفتمان بۆ دەڕەخسێنێت لەوە تێبگەین، بۆچی باسی ئەقڵانیەت دەکەین و تەنیا ناماقوڵی دەچنینەوە، بەئەندازەی ئەوەی مامەڵەکردنە ئەفسوناوی یان ئەفسانەییە ئەودیو سروشتییەکانمان لەگەڵ ئەقڵ بۆ ئاشکرادەکات. هەر ئەویشە ئەوەمان بۆ لێکدەداتەوە، چۆن پێشکەوتن لەسەر دەستی بانگەشەکارانی گۆڕاوە بۆ کۆنەپەرستی، بەئەندازەی ئەوەی بۆمانی ڕووندەکاتەوە ئێمە لە ڕوانگەیەکی فەندەمەنتالیستانەی پاشەکشەکردووە مامەڵەمان لەگەڵ شتەکان کردوە. هەروەها پێمان دەڵێت بۆچی بیرۆکەی ڕۆشنگەری پاشەکشەیکردوە، بەئەندازەی ئەوەی پەردە لە ڕووی شتە بێکەڵکەکان و میکانیزمە ناوەکییەکان و پیادەکردنە تاریکەکانی ئەوەمان بۆ هەڵدەماڵێت، کە دەیڵێین و بیری لێ دەکەینەوەو دەیکەین. بەوجۆرە ڕەخنە دەستبەسەراگرتنی ئەوانەی دەمانەوێت ڕزگاریان بکەین و نەزانیمان بەرامبەر بەوەی دەمانەوێت بیگۆڕین و پاشەکشەکردن لەوەی تیایداین ئاشکرادەکات، چونکە دیکتاتۆرییەتی گوتەکانمان و دەسەڵاتخوازیی

زانینەکانمان ڕیسوادەکات و پەردە لە ڕووی ئەو میکانیزمانەی پەردەپۆشکردن و دوورخستنەوە هەڵدەماڵێت، کە گوتارەکانمان پیادەیاندەکەن و لۆژیکی فەندەمەنتالیستانەی پاشکەوتنخوازمان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکان و بیرۆکەکان و کەسەکان دەردەخات.

هەروەها ئەوە ڕەخنەیە، کە دەستەپاچەیی فیکرمان لەئاست بەشداریکردن لە ئەرکی گۆڕانکاریی واقیعی کۆمەڵگەیی لەسەر زەوی و لە بوارەکەدا بۆ لێکدەداتەوە، چونکە دەریدەخات ئەوە بیریارە بە فیکر و لەسەر ئاستی تێگەیشتن بەپلەی یەکەم جیهان دەگۆڕێت، بە وروژاندنی کێشەیەکی فیکری کە پێوەی سەرقاڵدەبین، یان بە کردنەوەی کایەیەکی بیرکردنەوە کە کاری تیادا دەکەین، یاخود بە داهێنانی چەمکێك کە کاری لەسەر دەکەین. ئەو بیریارەی ناتوانێت لە ڕووی فیکرییەوە بە نوێکردنەوەی بیرۆکەکانی، یان گۆڕینی شێوازی بیرکردنەوەی، یاخود داهێنانی پیادەکردنێکی فیکریی نوێ جیهان بگۆڕێت، ناتوانێت هیچ بگۆڕێت، چونکە بیریار ئەنجامی ئەوەی پێش هەرشتێك بکەرێکی فیکرییە، دەبێتە بکەرێکی کۆمەڵایەتی.

ئەمەش ئەوەیە کە "هەڵوەشاندنەوەی دەق" و ئاخاوتن دەربارەی ناماقوڵیی جێگیر لە قوڵایی ئەقڵدا، یان ئەو نامانایەی مانای لەسەر دادەمەزرێت ئاشکرایدەکات: تێگەیشتن لەو وێرانەییەی مانا و کاولکردنەی خود، یان بێتواناییەی بیرکردنەوە و دەستەپاچەییەی تەگبیرکردن کە پێی گەیشتوین. ئەمە بۆ کەسێك کە بیەوێ بە باشی بخوێنێتەوە، بەکرانەوە بە ڕووی گۆڕانکاریی ڕاستییەکان، ژێراوژووربوونی بارودۆخ و هەلومەرجەکان، گۆڕانی بونیاد و پەیوەندییەکان و نوێبوونی شێواز و پێکهاتەکاندا، کە ئیمرۆ واقیعی مرۆڤایەتی بەرهەمیاندێنن. دەڵێم بۆ ئەو کەسەی بیەوێت بەباشی بخوێنێتەوە، نەك ئەوەی دەیەوێت لەئاست گوتەکانی خۆیدا ڕاوەستێ، یان سووربێت لەسەر هەڵوێستەکانی، یاخود ئەوەی نکۆڵی لەو شتانە دەکات کە لە گۆڕەپانی فیکری ڕەخنەییدا ئەنجامدەدرێن. واتە ڕەخنە بەپلەی یەکەم و بەشێوەیەکی کاریگەر ڕەخنەگرتنە لە خود، لە ڕێگەی کارکردنەوە لەسەری و بەهۆی کاریگەرخستنە سەری، لەپێناو سەرلەنوێ پێکهێنانەوەیدا و بەشێوەیەك کە ببێتە مایەی بەردانی ئەوەی

گیریخواربوو، یان دەرپەڕاندنی ئەوەی قەدەغەبوو، یان دەستبردن بۆ ئەوەی پەردەپۆشکرابوو، یاخود گێڕانەوەی ئەوەی دوورخرابۆوە و فەرامۆشکرابوو...

بەهەرحاڵ، ئەوەی کۆششدەکات بۆ نکۆڵیکردن لە ڕاستییەکان، جا بیرۆکەکان بن یان ڕووداوەکان، گوتارەکان بن یان پێشهاتەکان، خۆی لە "گۆشەیەکی تەسك"دا گیردەکات، بەئەندازەی ئەوەی سووردەبێت لەسەر نیشتەجێبوون لە قۆزاخەی بیرۆکە داخراوەکانی خۆیدا.

### جیهانیبوونی فیکر:

٤- شیاونییە باسی "بیریاری تەکنیکی" گیرخواردو لە بازنەی تایبەتمەندیی بوارەکەی خۆیدا بکەین، وەك ئەوەی سەعدولا وەنوس(١) لە وەڵامدانەوەی ڕەخنەگرتنم لە ڕوناکبیر دەریبڕوە. ئەگەرچی ئەو بەلای منەوە نووسەرێکی داهێنەرەو سەرسامم بە هونەرە شانۆکارییەکەی، بەلام بەهەمان ئەندازە ڕەخنە لە گوتارە ئایدیۆلۆژییەکەی دەگرم، چونکە ئەو جۆرە بیریارە بوونی نییە. بەوپێیەی بیریار، بەئەندازەی بایەخدان بە ڕووداوەکان، بایەخدەدات بە دەقەکان، بەجۆرێك کە بە واقعیبوونی دەقەکەی ڕووبەڕووی واقیع دەبێتەوە و بە نوێبوونی بیرۆکەکانیشی بەشداریی لە دروستکردنی ڕووداودا دەکات. کاتێك بیریار بەپێی تایبەتمەندیی خۆی و پشتبەستوو بە بواری کارەکەی کاردەکات، بەئەندازەی ئەنجامدانی کارەکەی، کە بەرهەمهێنانی بیرۆکەکان و داهێنانی چەمکەکانە، واتە بەئەندازەی سەرکەوتنی لە خولقاندنی واقعێکی فیکریدا کە کاریگەریی خۆی لە ڕەوتی بیرۆکەکان و ڕووداوەکاندا جێدەهێڵێت، جیهانیبوونی خۆی پیادەدەکات. ئەمە باری ئەو بیریارانەیە، کە لە بوارەکانی شارەزایی و کایەکانی کارکردنی خۆیاندا بەرهەمهێن و داهێنەرن. ئەوانە بەهۆی بیرۆکە داهێنەرەکان و ئەو چەمکانەی سنووورە بەربەستەکانی نێوان زمان و کولتوورەکان یان نەتەوە و کێشوەرەکان دەبڕن، بەشداریدەکەن لە دروستکردنی جیهاندا.

بێگومان ئەمە بۆ ئەو بیریارەش ڕاستە، کە لەنیوەی دوەمی ئەم سەدەیەدا دنیای فیکری پڕکرد و گۆڕەپانی فەلسەفەی داگیرکرد. مەبەستم میشێل فۆکۆیە، کە

مارکسییەکان تەنیا دژایەتیکردنی مارکسیان تیادا بەدیکرد. بێگومان دژایەتیکردنی مارکس تۆمەتی ئەو پێڕەوکارە فەندەمەنتالیستانەی مارکسە، کە گوتەکانی بەخوادەکەن و وەك فێرکاریی پیرۆز مامەڵە لەگەڵ بیرۆکەکانیدا دەکەن. فەندەمەنتالیزم بەم مانایە، نەك ئەوانەی لەگەڵ مارکس هاوڕانەبوون و ڕەخنەیان لێ گرتووە، بووە مایەی ئەوەی ئاکامی بیرۆکەی مارکسیزم، ڕەقهەڵاتن و داخران و پاشکشە بێت و وای لێ کرد کۆنەپەرستی لە فیکر و دیکتاتۆریەت لە بڕواکان و ئیمپریالیزم لە دروشمەکاندا پیادەبکات، ئەمە وێڕای سەرتاپاگیری کۆمەڵگە و ستەمکاریی سەرکردایەتی و تۆقاندنی تاقە سەرۆك و سکرتێری گشتی.. بەڵام فۆکۆ بەهۆی سەراسیمەکانیەوە دەربارەی ئازادی و ڕۆشنگەری خۆی نەسەپاند بەسەر گۆڕەپانی فیکر لە ئەوروپا و دەرەوەی ئەوروپادا، بەڵکو ئەنجامی کارە فیکرییە بێوێنەو پێکهێنانە چەمکئامێزە داهێنەرەکانییەوە، ئەوانەی ئەو شکستخواردنەمان بۆ لێکدەدەنەوە کە داکۆکیی لێ دەکەین، ئەو ڕۆژگارە تاریکەمان لێکدەدەنەوە کە بەدەستییەوە دەناڵێنین، یان ئەو دەستەپاچەییەمان لێکدەدەنەوە کە ناتوانین خۆمانی لێ ڕزگاربکەین.

پێویستە جارێکی تر بڵێم: ئەمە باری بیریاری بەرهەمهێن و داهێنەرە لە بواری کارەکەی خۆیدا. ئەو بیریارە ڕووداوەکان بەو دەقانە لێکدەداتەوە کە واقعیبوونیانی بەدەستەوەیە و کۆششدەکات بۆ تێگەیشتن لە ڕووداو بەشێوەیەك کە خودی چەمکەکانی ببنە ڕووداوێك. با ڕووناکبیران لە بێئاگایی خۆیان بێداربنەوە، چونکە ئاخاوتن دەربارەی بیریاری تەکنیکی گۆشەگیر لە بازنەی تایبەتمەنیی خۆیدا هیچ مانایەکی نییە. بەوپێیەی بیریار بەدیاریکراوی جیهانییە، لەبەرئەوەی بیرۆکە داهێنەرەکان و چەمکە نائاساییەکان ڕەگەزنامەیان نییە و بیریار بەهۆی واقعیبوونی خودی بیرۆکەکانی خۆیەوە بەشداریدەکات لە گۆڕینی واقیعدا، چونکە بیرۆکەکان جگە لە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ واقیع و حەقیقەت شتێکی تر نین.

**داننان بە حەقیقەتدا:**

٥- ڕەخنەگرتن پەیوەندیی بە ڕووناکبیرێکەوە نییە کە "لەسەر کورسیی

دانپیانان دانیشتوه"، بۆ ئەوەی فەلاقەی خۆی بکات یان ئەوانیتر تاوانباربکات، وەك ڕاڤەکردنەکەی بورهان غلیون(٢) بۆ ڕەخنەگرتنەکەم لە ڕووناکبیر. ئەو بیریارە بەرهەمهێنەی کۆششە فیکرییەکانی دەربارەی ئایین و دەوڵەت بەرز دەنرخێنم و ڕەخنەدەگرم لە بەیاننامە ئایدیۆلۆژییەکانی سەبارەت بە ئازادی و دیموکراسی. چونکە تاوانبارکردن لای ئەوەی بیردەکاتەوە هیچ مانایەکی نییە، لەبەرئەوەی بیریار دادوەر یان پۆلیس نییە، بەڵکو خوێنەرێکە ڕووداو دەخوێنێتەوە و قەیران، لە ڕێگەی گۆڕینییەوە بۆ کێشەیەکی فیکری یان ئامرازێکی چەمکئاسا، دەستنیشاندەکات.

یەکەم/ خوێنەر یەکەمین شایەتە کە دەبینێ و دەبیستێ، خەیاڵدەکاتەوە و بیردەکاتەوە، یان تێدەگات و هەڵدەسەنگێنێ، هیچ هەڵسەنگاندنێکیش بەبێ بەڵگە نابێت. دووەم/ خوێنەر لێکدەرەوەو ڕاڤەکارەو ڕووداوەکان لێکدەداتەوە، بەئەندازەی ئەوەی قسە ڕاڤەدەکات، هیچ تێگەیشتنێکیش بەبێ لێکدانەوە یان ڕاڤەکردن نابێت. لەکۆتاییشدا خوێنەر توێکار و هەڵوەشێنەوەکارە، واتە ئەوە هەڵدەوەشێنێت کە لە بونیادەکانی ڕووناکبیری یان قاڵبەکانی مەعریفە و میکانیزمەکانی فیکردا ئاستەنگە بۆ تێگەیشتن. واتە خوێنەر شایەتە بەئەندازەی ئەوەی لێکدەرەوەیە، ڕاڤەکارە بەئەندازەی ئەوەی هەڵوەشێنەرەوەکارە. بەڕادەی هاتنەدیی ئەوەش لێهاتوویی خۆی پیادەدەکات و ئامادەبوونی خۆی لە ڕێگەی ئەو بیرۆکانەی بەرهەمیاندەهێنێ یان ئەو چەمکانەی دایاندەهێنێ دووپاتدەکاتەوە. بەم مانایە، داهێنەری پەراوێزکار بوونی نییە، بەڵکو ئەوەی لە کایەیەکی فیکردا داهێناندەکات کاریگەریی دەخاتە سەر ڕێڕەوی بیرۆکەکان، بەئەندازەی ئەوەی چەندین ڕووداوی فیکریی وەها دەخولقێنێ کە بەشداریدەکەن لە گۆڕینی واقیعدا.

بێگومان من دان بە حەقیقەتەکاندا دەنێم، بۆ ئەوەی بەباشی حەقیقەتی خۆم دروستبکەم. یەکێك لەو ڕاستیانەش کە مەشق لەسەر دانپیانانی دەکەم ئەوەیە، چیتر بڕوام بەوە نییە سەر بە دەستەبژێر یان هەڵبژاردەیەك بم کە ڕزگاریی کۆمەڵگەو نەتەوەو جەماوەر لەئەستۆیدایە، بەڵکو من تاکێکم لە گۆڕەپانی بەرهەمهێنانی

فیکریـــدا کاردەکــەم و دەچـــمە نـــاو ئـــەزموونی نووســـینەوە. ئەمـــەش ئەزموونێکــە مەعریفــەو دەســـەڵات، ڕۆشـــنگەری و نادیـــدەکردن، عیـــشق و خۆشـــی، ململانـــێ و پێگەیشتن، هیوا و هەقداری تیایدا لێکئالاون.

دووبارەکردنــەوەی قــسە دەربــارەی پێکــەوە گرێــدانی گۆڕانکــاریی دیمــوکراتیی کۆمەڵگە عەرەبییەکان و ڕووناکبیرانیش، پـاش ئـەو هـەموو ئەزموونـەی دیموکراسیی شکستخواردو، تەنیا مامەڵەکردنێکی جادووگەرانەیە لەگەڵ وشـەی دیموکراسـی، بـەبێ پیـادەکردنی دیموکراسـی، هـەروەها بەڵگـەی هـەژاریی فیکرییـە دەربـارەی مەسـەلەی دیموکــراسـی.

پێموایە زۆربەی ڕووناکبیرانی عەرەب و ئەوانەی عـەرەب نـین ئەوەیـە، کاریـان بــەو دروشمــەی مــارکس کــردوە کــە دەڵێــت: کــاتی ئــەوە هــاتوو فەیلەســووفەکان لــە تێگەیـــشتنی جیهانـــەوە بپەڕنـــەوە بـــۆ کـــارکردن بـــۆ گـــۆڕینی. ســـەرەنجامەکانی ئـــەم دروشمـەش لـەکاتی جێبەجێکردنـدا خـراپ بـوون، بەتایبـەتی بـۆ ڕوونـاکبیران. ئـەوە دروشمێکـی لەخـشتەبەرە، کـاتی ئـەوە هـاتووە خۆمـانی لێ ڕزگاربکـەین. چـونکە ئـەو تێگەیشتنێکمان دەربارەی جیهان پێشکەشدەکات، لەکاتێکـدا داوامـان لێ دەکـات سـەرقاڵ نــەبین بــە تێگەیــشتنییەوە. جیهـان بەئەنـدازەی گـۆڕانی ئامرازەکـانی تێگەیـشتن و ڕێگەکانی مامەڵەکردن لەگەڵیـدا گـۆڕانی بەسـەردا دێـت. واتـە بـەڕادەی دروسـتکردنی چــەند پەیوەندییــەکی نــوێ و جیــاواز لەگەڵیــدا و ئــەنجامی گــۆڕانی بیرۆکــەکان و کەرەستەکانی بیرکردنەوە یان پیادەکردنە فیکرییەکان گۆڕانی بەسەردا دێت.

بۆیــە پێموایــە نارەزاییــدەربڕین بەرامبــەر بــە ڕەخنــەگرتن لــە ڕوونــاکبیر و ئــامرازو پیادەکردنــەکانی هــیچ مانایــەکی نییــە، جگــە لــەوەی خاوەنــەکانی نایانــەوێ تێبگەین و دەستنیشانبکەین، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو نادیدەییەی دەوروخولیداوین.

٦- لەکۆتاییـدا و بەتایبـەتی سـەبارەت بـەوەی پەیوەنـدیی بەخۆمـەوە هەیـە، پێموایە مەسەلەکە پەیوەندیی بە ڕەخنەگرتنەوە لە پیادەکردنـە فیکرییـەکان هەیـە، وەك کۆششێکم بۆ ئەوەی بەشێوەیەك کارەکـەم ئەنجامبـدەم و مامەڵـە لەگـەڵ فیکـری خۆم بکەم، کە بەپیتی و دەوڵەمەندی، زیندوێتی و کارامـەیی، نوێبوونـەوە و خۆشـیی فیکر بێتەدی. ئەمەش مەغزای ڕەخنەیە: بیربکەینـەوە و بەرهـەمبهێنین، تێبگـەین و

دەستنیشانبکەین. ڕەخنە خوێندنەوەی ڕووداو و دەستنیشانکردنی قەیرانە. ئەمەش ڕێگەی گەیشتنە بە بەرهەمهێنانی کاریگەرێتی، جا لە فیکر و پراکتیکدا بێت، یان ڕووناکبیری و سیاسەتدا. بەکورتی: ئەمە کاریگەرێتیی ڕەخنەی فیکرییە، ئەوەش کاریگەرییە چەمکئاساکانیەتی.

## پەراوێزەکان:

١- قسەکان و هەڵوێستەکانی سەعدوڵا وەنوس دەربارەی مردنی ئایدیۆلۆژیاو هەڵوەشاندنەوەی دەقەکانو بیریاری تەکنیکیو ئەوانیتر، کە وەڵامدانەوەی من بوون، لەو چاوپێکەوتنەدا هاتووە کە ماهر شەریف لە گۆڤاری "النهج" ژمارە(٤)ی هاوینی ١٩٩٥، ل٧٣دا لەگەڵیدا ئەنجامیداوە.

٢- بڕوانە وتارەکەی دەربارەی "ڕۆڵی ڕووناکبیران لە گۆڕانکارییە عەرەبییەکاندا"، کە لە گۆڤاری "النور"ی لەندەنی، ژمارە (٥٣)دا بڵاوبۆتەوە.

# (III)
# ڕەخنەگرتن لە ڕووناکبیر

## ڕووناکبیر و قەیرانەکەی

### ئەڵتەرناتیڤی سیاسەتمەدار:

ئـەوەتا ئێـستا ڕوونـاکبیر بۆتــە بابــەتی ئاخــاوتن و تــەوەری بایەخپێــدان. بەدەگمـەن یـەکێك لاپەڕەیـەکی ڕوونـاکبیریی ڕۆژنامـە، یـان ناونیـشانەکانی گۆڤـارێکی ڕوونـاکبیری بکاتـەوە و باسـی ڕوونـاکبیر، یـان کێـشەی ڕوونـاکبیری، یـاخود بـارودۆخی دەستەبژێری ڕووناکبیریی تێدا نەبێت.

ئـەوەی لـەم وتـارەدا دەمـەوێت، ڕەخنەگرتنـە لـە ڕوونـاکبیر و مەبەسـتم لێـی ڕازاندنــەوەی وێنەکــەی، یــان نوێکردنــەوەی ڕۆڵەکــەی، یــاخود دووپاتکردنــەوەی ڕەوایەتیەکــەی نییــە، وەك زۆربــەی ڕوونــاکبیران دەیکــەن، هــەروەها مەبەســتم فەلاقەکردنی ڕووناکبیر، یان شکاندنی وێنەکەی نییە، وەك هەنـدێك پێیانوایـە، بـەڵکو هەوڵدەدەم پەردە لە ڕووی ئەو پێشینانە هەڵماڵم، کە ئاڕاستەی تێڕوانینی بۆ خـۆی و ئەویتر و کۆمەڵگە دەکەن، یان ڕیسواکردنی ئەو بەڵگەنەویستانەیە کە لـە پـشت تێـز و بایەخپێدانەکانیەوە خۆیان حەشارداوە.

لێرەدا مەبەستم لە ڕوونـاکبیر ئـەو کەسـە نییـە کـە بڕێکـی زۆر "ڕوونـاکبیریی گـشتی" یـان زانیـاریی هاوبەشـی هەیـە، بێگومـان مەبەسـتیـشم "پـسپۆڕی" یـەکێك لـە لقـەکانی مەعریفـە یـان بەرهـەمهێنی یـەکێك لـە کایـەکانی ڕوونـاکبیری نییـە. واتـە مەبەسـتم زانـا، یـان نووسـەر، یـان ئـەدیب، یـاخود هەنەرمەنـد نییـە. بەپێویـستیش مەبەسـتم ئـەو "بیریـار"ە نییـە کـە چـەند بیرۆکەیـەك دروسـتدەکات یـان ژینگەیـەکی فیکری دەخوڵقێنێت، ئەگەرچی ڕوونـاکبیر دەسـەڵاتی فیکـر و ڕەخنـە بـەکاردەهێنێت. لەکۆتایشدا مەبەستم لێی "بانگەشـەکار" یـان "خـاوەن ئایـدیۆلۆژیا"، واتـە تیۆریـستی

بڕوامەند، ڕێبەری ڕۆحی، سەرکردەی شۆڕشگێڕ، یان سەرۆکی حیزب نییە، ئەگەرچی ئەرکی ڕووناکبیر تاڕادەیەك لەگەڵ ئەرکی بانگەشەکاردا لێك دەچێت.

دەشێت ڕووناکبیر زۆر یان کەم، بەتوندی یان لاوازی، پەیوەندیی بە یەکێك لەو ڕوو یان بوارانەوە هەبێت، بەڵام بەپلەی یەکەم مەبەستم لە ڕووناکبیر ئەوەیە کە بە فیکر و گفتوگۆکان، یان نووسین و هەڵوێستەکانی سەرقاڵی مەسەلەی ماف و ئازادییەکانە، یان بایەخ بە سیاسەتی حەقیقەت دەدات، یاخود دەروەستە بە داکۆکیکردن لە بەها ڕووناکبیرییە کۆمەڵگەیی یان گەردوونییەکان. دەشێت ڕووناکبیر تەوباوی یان ئۆرگانیکی، شۆڕشگێڕ یان ڕیفۆرمخواز، ناسیونالیست یان ئینتەرناسیونالیست، تایبەتکار یان هەمەلایەنکار، خۆ تەرخانکردوو یان تەرخان نەکردوو بێت. هەروەها دەکرێت شاعیر، نووسەر، فەیلەسووف، زانا، زمانەوان، ئەندازیار بێت، یان خاوەن کارێك، پیشەیەك یان پیشەسازییەك بێت. نموونەی ڕووناکبیر و کایەی تایبەتکارییەکەی یان بواری کارەکەی هەرچییەك بێت، ئەو بایەخ بە ئاراستەکردنی ڕای گشتی دەدات، یان دەچێتە ناو مشتومڕی گشتییەوە بۆ داکۆکیکردن لە وتنی ڕاستی، ئازادیی مەدەنی، بەرژەوەندیی نەتەوە، یان داهاتووی مرۆڤایەتی. چونکە ئەوە خەسڵەت و ئەرکی ئەوە، بەڵکو ئەوە ڕەوایەتی و بەرپرسیارێتیەکەیەتی. بەم مانایە، ڕووناکبیر ڕووەکەی تری سیاسەتمەدار و پڕۆژە ئەڵتەرناتیڤەکەیەتی.

بەوپێیەی ڕووناکبیر دەسەڵاتی ئاخاوتن یان نووسین بەکاردەهێنێ و لە کایەی بەرهەمهێنانی سمبولیدا کاردەکات، واتە ئەو کاڵا سمبولیانە بەرهەمدێنێ و بەکاردەهێنێت کە بریتین لە بڕواکان و زانینەکان، یان دەقەکان و گوتارەکان، یاخود بەرهەمە ڕووناکبیرییەکانی تر، بۆیە وەك خاوەن پایە و بەربژێری ڕەفتاردەکات، واتە وەك پێشڕەوێك کە سەر بە دەستەبژێری نایاب یان پاڵاوتەیەکی هەڵبژاردەیە.

بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە تاکێك لە خەڵکی ئاسایی یان جەماوەری هەرە فراوان، کە لە کایەکانی بەرهەمهێنانی ڕووناکبیری یان بوارەکانی کاری فیکریدا کارناکات، لە خەسڵەتی ڕووناکبیری دادەماڵرێت. چونکە ڕووناکبیری بەمانا هەرە هەمەلایەنەکەی، دروستکردنی ژیان و کارکردنە لەسەر سروشت، یەکێك لە شێوەکانی

پێکگەیشتن و ئاڵوگۆڕکردنیشە. بەم مانایە، هیچ مرۆڤێکی بێ ڕووناکبیری بوونی نییە، جا لە ئەهلی کاری فیکری بێت یان خاوەنکاری دەستەکی بێت، لەبەرئەوەی لە بنەڕەتدا مرۆڤی بێ فیکر بوونی نییە. لەوانەشە پێکگەیشتنی ڕووناکبیران لە پێکگەیشتنی "نا ڕووناکبیران" باشتر نەبێت، ئەمەش پارادۆکسەکەیە، چونکە دەشێت بانگەشەکردن بۆ ڕووناکبیری، واتە ئینتیمابوون بۆ دەستەبژێری ڕووناکبیر، لەسەر حسابی ئەو بێت و یەکێك لە ڕووەکانی قەیرانەکەی پێکبهێنێ.

## قەیرانی ڕووناکبیر:

ڕووناکبیر بونەوەرێکە لەناو قەیرانـدا دەژی، لەبەر ئەوەی بایەخ بە کاروبارەکانی حەقیقەت، ئازادی، دادپەروەری و بەها گشتییەکانی تریش دەدات، بە وروژاندنی ئابڕوچوون و کێشەکان دەبوژێتەوە و لەسەر ئاخاوتن سەبارەت بەو پێشێلکاریانە دەژی کە دووچاری ماف و ئازادییەکان دەبن. ئەمە کۆششی ئەو بووە لەو کاتەوە کە شێوازەکەی پێکهاتووەو چەمکەکەی دروستبووە، لە ڤۆڵتێرەوە کە دەیوت: "بیروڕام جیاوازە لەگەڵتدا، بەڵام دەجەنگم لەپێناو داکۆکیکردن لە ئازادیی دەربڕینی بیروڕای خۆتدا"، هەتاکو سارتەر کە وەك شایەتی ڕووداوەکانی سەردەمەکەی یان قسەکەر بەناوی خەمەکانی کۆمەڵگەوە ڕەفتاریدەکرد، یان لە محەمەد عەبدە و بەنگەوازخوازانی تری چاکسازی و نوێکردنەوە لە سەردەمی ڕێنسانسەوە، هەتاکو حەسەن حەنەفی کە وەك تێگەیشتووی نەتەوەو پاسەوانی شار و پارێزەری ئازادیو شوناس ڕەفتاریدەکرد.

بەڵام مەسەلەکان وەك خۆیان نەماون: چونکە ئەو ڕووناکبیرەی شارەزای دروستکردنی قەیرانەکان و خستنەوەی کێشەکان بوو بۆ خۆی لە قەیراندایە، ئەوەش پاش ئەوەی پرنسیپ و تیۆرەکان لەبەرامبەر ئەو هەرەسهێنان و گۆڕانکاریانەدا ڕیسوابوون کە جیهان بەخۆوەی بینیونو لەسەر ئاستێك زیاتر: لە ڕووداو و بیرۆکەکان، یان سیستەم و دامەزراوەکاندا. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی ڕووناکبیر ڕاستبێژیی خۆی لەدەستبدات و لە چەکەکانی داماڵرێت. ئەمەش ئەوەیە کە ئێستا ڕوودەدات، چونکە ئەو بەهایانەی ڕووناکبیران داکۆکیان لێ دەکردن، لە ژێر چەکوشی

تـورەی ڕووداوەکانـدا، کـە گاڵتـەی بـە ساویلکەیی دروشـم و پڕۆژەکـان دەهـات و دژی دەستەپاچەیی پرۆگرامەکان و دەستەوسانی تیۆرەکان ڕاببوو، هەرەسیانهێنا.

قەیرانەکە لەدایکبووی ئەم ساتە نییە و بەرئـەنجامی هەرەسهێنانی سیستەمی سۆشیالیـستی و هەڵوەشـانەوەی یـەکێتیی سـۆڤییەت نییـە، وەك زۆرێـك لـە ڕووناکبیرەکانی جیهانی عـەرەب بـۆی دەچـن. ئەگـەر بمانـەوێ سـەرەتایەك بـۆ ئـەوە دیاریبکەین، ئەوا دەکرێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو شۆڕشە خوێندکارییەی لـە ئایـاری ساڵی ١٩٦٨دا لـە شـەقامەکانی پـاریس هەڵگیرسا. ئـەم ڕووداوە ئـەو کاتـە پـاڵی بـە نـاودارانی گۆڕەپانی ڕووناکبیریی فەڕەنساوە نا، پرسیارکردنەوە و گومانەکان بەرامبەر بە پێگەی ڕووناکبیر و ڕۆڵ و ڕەوایەتیی، وەك نمایندەی بەهاکان یـان نوێنـەری ویـژدانی خـەڵك، بوروژێنن. چـونکە سارتەر، کـە ڕووداوەکـە کتـوپڕ دای بەسـەریدا، دان بـەوەدا دەنێـت چیتر ماقوڵ نییە ڕووناکبیر لەبری ئەوانیتر بیربکاتـەوە. کەچـی فۆکـۆ هـەواڵی مردنـی "ڕوونـاکبیری گـەردوونی"ی جلّـەوکاری حەقیقـەت و نوێنـەری گـشتیی ڕاگەیانـد و دەریخست، ئەو ڕۆژگارە بەسەرچووە ڕووناکبیر حەقیقەت بە خەڵك بڵێ، چونکە لەوان زیاتر بە حەقیقەت ئاشنانییە(١)، بەڵکو چونکە حەقیقەت لە ڕوانگەی فۆکـۆوە بـەدەر لـە سـتراتیژەکانی دەسـەڵات و میکانیزمـەکانی بـۆ دوورخـستنەوە و سـاختەکردن و پەردەپۆشکردن ناوتریّو ناناسرێ.

### سوودی ڕووناکبیر؟

ئەمـەش بـاری ڕوونـاکبیرێکی گـەورە و تێکۆشـەرێکی ڕەسـەن بـوو: ڕیجـیس دۆبرییـەی خـاوەنی کتێبـی "شـۆڕش لـەناو شۆڕشـدا"، کـە دەنگـی لـە گۆڕەپانـەکانی خەباتـدا دەبیـسترا و هێـشتا لـە ژیـان و ئەوپـەڕی چـالاکیی فیکریـی خۆیدایـە. ئـەم ڕووناکبیرە نموونـەییە، کە خـۆی بـۆ پیـشەکەی تـەرخانکردبوو، ڕێـڕەوی خـەباتکاری و شۆڕشـگێڕیی خـۆی گەیاندییـە ئـەو سـەرەنجامە کـە ڕەخنـە لـە خـۆی بگرێـت و بـە حساباتەکانی خۆیدا بچێتەوە. بۆیە خۆی تەرخانکرد بۆ ڕامان لە ئەزموونی تایبـەتیی خۆی و شیکردنەوەی بارودۆخی ڕووناکبیران بەگشتی، لانی کەم لە کتێبـی "دەسـەڵاتی فیکری لە فەڕەنسا"وە هەتاکو دوا چاوپێکەوتنی لەگەڵ جان زیگلەر بەناونیـشانی "بـۆ ئەوەی خۆمان نەدەین بەدەستەوە"(٢). دۆبرییـە لـەم چـاوپێکەوتنەدا ڕایدەگەیـەنێت،

ئەو دەستبەرداری ڕۆڵی خەباتگێڕیی ڕزگاریخوازانەی خۆی بووە، بۆ ئەوەی تەنیا وەك نووسەرێکی خاوەن شێواز، یان زانایەکی تایبەتکاری یەکێك لە کایەکان ڕۆڵی خۆی بگێڕێت. بەوەش گوزارشت لە هەستی خۆی بکات بەرامبەر بە بێسوودیی بوونی ڕووناکبیران وەك ئەو جادووگەرانەی ماناکان دروستدەکەن و وەهمەکان دەفرۆشن و خۆی لە شەبەنگەکانی مارکس(٣) ڕزگاربکات، ئەوەی جاك دریدا مژدەی گەڕانەوەیمان پێ دەدات، ئەو مژدەیەی بە بانگهێشتکردن بۆ حەج دەچێت، لەکاتێکدا خەڵك لە حەج هاتوونەتەوە.

بەوجۆرەش وێنەی ڕووناکبیر لەجێی خۆی نەماوە، جا بەلای خۆیەوە بێت، یان لە ڕوانگەی ئەوانیترەوە بێت. چیتر ڕووناکبیر متمانەی بە توانای خۆی نەماوە بۆ ڕۆشنکردنەوەی ئەقڵەکان و کاریگەریخستنە سەر ڕای گشتی، یان بەوەی خاوەن بڕوایەکی پۆڵایینە بۆ سەرکردایەتیکردنی خەڵك لە بەرپاکردنی شۆڕش و گۆڕینی جیهاندا. چونکە نموونەکانی گۆڕانکارییە خێراکان و هەرەسهێنانە کتوپڕەکان بوونەتە مایەی درزکەوتنە ئەو نموونانەی فیکر و کارکردن کە ئیلهامیان لە سەردەمی ڕۆشنگەری، یان شۆڕشی فەرەنسی و سێ دروشمە پیرۆزەکەی، یاخود لەو سەرکردانەی شۆڕشی سۆشیالیستی وەرگرتوە کە وێنە و شەبەنگەکانیان لە سەرەتای حەفتاکاندا ئەقڵی ڕووناکبیرانیان داگیرکردبوو. بە ئاخاوتنێکی ڕوونتر: هەرەسهێنانێك پەی بە سیستەمی بەها ڕووناکبیرەکان برد، چونکە ئەوەی ڕوویدا پێچەوانەی ئەوە بوو کە ڕووناکبیر دەیوت، داوایدەکرد، داکۆکیی لێی دەکرد، یان چاوەڕوانی بوو. ئەو ئاواتەخوازبوو پێشکەوتنێك لەسەر ئاستی ئازادی، دادپەروەری، دەرفەتی یەکسان، مافەکانی مرۆڤ، بڵاوبوونەوەی مەعریفە و داخوازییەکانی ئاسایش و ئاشتی ڕووبدات، کەچی سەرەنجامەکە بریتی بوو لە: بچووکبوونەوەی ڕووبەری ئازادییەکان، پێشێلکردنی زیاتری مافەکانی مرۆڤ، زۆربوونی توانای ساختەکردنی ڕاستییەکان، بەرتەسکبوونەوەی دەرفەتەکانی کار و بەکارهێنان، زۆربوونی نابەرابەریی لە بواری دابەشکردنی سامان و خێروبێرەکانداو کەڵەکەبوونی کێشەکان. ئەمە سەرباری بڵاوبوونەوەی سەرچاوەکانی شڵەژان و زۆربوونی کارەکانی توندوتیژی و تیرۆر، وێڕای زۆریی لێکۆڵینەوەکان و جیاوازیی چارەسەرکردنەکان. ئەمەش وای لە گەورە

ڕووناکبیران و بیریاران کرد ئەزموونەکانی خۆیان بخەنـە ژێـر پرسـیار و پـشکنینەوەو ڕەخنــە لــە شــێوازەکانی مامەڵــەکردنیان لەگــەڵ شــتەکان و ڕووداوەکـان و بیرۆکــەکان بگرنو ڕەخنە تێپەڕێنن و بگەنە ڕەخنەگرتن لە ڕەخنە.

بـەمجۆرە ئێـستا نموونەکـە ژێراوژووردەبێـت: لەکاتێکـدا ڕوونـاکبیر ڕەخنەکـەی لەهەمبـەر دەسـەڵاتەکان چـڕدەکردەوە، ئێـستا خـۆی ڕووبـەڕووی ڕەخنــە دەبێتــەوە. لەکاتێکدا ڕووناکبیر وەك سەرکردەی فیکر یان دروسـتکەری ڕای گـشتی ڕەفتاریـدەکرد، ئێستا وەك پاسەوانی ڕژێم یان پۆلیسی بیرۆکەکان تێیـدەڕوانرێ. لەکاتێکـدا ڕوونـاکبیر خــۆی وەك شــایەت و نمایندەیــەك خــۆی دەخــستەڕوو کــە وەســفدەکات و دەستنیشاندەکاتو داوەریدەکات و هەمیشە ڕەخنەی خۆی دەخستەگەڕ بۆ داکۆکیکردن لـە ئازادییـەکانی دەربـڕین و بەرژەوەندییـەکانی جـەماوەر، ئێـستا خـۆی بۆتـە بابـەتی سەرهەڵدانی گوتـارێکی ڕەخنەگرانـەی وەهـا کـە بـە توێکـاری و شـیکردنەوەی شێوازی بوون و ڕەوایەتیی دەسەڵات و پێگەکەی، سەرمایەکە و بەرژەوەندییەکانی، کارامەیی و کەرەسـتەکانی کاریگـەریی ڕوونـاکبیر، واتـە هەرشـتێك پەیوەنـدیی بـە بەڵگەنەویـستە پەردەپۆشکراوەکانی پشت گوتار و پیادەکردنەکانیەوە هەیە، تاوتوێدەکات.

## ڕووناکبیر پاسەوانیی بیرۆکەکانی خۆی دەکات:

ئەمـە لـە خۆرئـاوا، کـە ڕوونـاکبیران بەشـێوەیەکی زۆر بـاش پیـشەکەی خۆیـان ئەنجامداوە، بەڵام لە جیهـانی عـەرەب بارەکـە جیـاواز بـوو، چـونکە ڕوونـاکبیری نـوێی عەرەب بۆی نەلواوە ئەو ڕۆڵە بگێڕێ کە ڕووناکبیرانی خۆرئـاوا، لـە ڤۆڵتێر و ڕوسـۆوە هـەتاکو سـارتەر و فۆکـۆ، بینیویانـە. واتـە بەشـداریی نـەکردوە لـە دروسـتکردنی ڕای گشتی و داڕشـتنی هوشـیاریی بەکۆمەڵـدا، یـان لـە کاریگەریخستنە سـەر دینامیکیـەتی کۆمەڵایەتی و پرۆسەی مێژوویی. هەروەها بـۆی نـەلواوە ئـەو ڕۆڵـە ببینـێ کـە زانـا و فەیلەسووفەکان لە سەردەمی ئیسلامیدا گێڕاویانە. واتە دەسـەڵاتێکی سمبـولیی وەهـای پێك نەهێناوە، کە دان بە ڕۆڵ و گرنگیدا نرابێت و بەدەگمەن توانیویەتی پەیوەندیی چالاکانە و هاوسەنگ لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیدا دروستبکات. بەگشتی ئـەم ڕوونـاکبیرە نەیتوانیوە دانان بەڕەوایەتیدا بپچڕێت و هیچ یەکێك لەو شتانەی نەهێناوەتەدی کە کۆشـشی بـۆ بەدەسـتهێنانیان کـردوە، یـان هیـوادار بـووە بیانهێنێتـەدی، بـەڵکو ئـەوەی

رەچـــاودەکرێت، لەکاتێکـــدا پیـــشەی رووناکبیری بانگەشـــەکار "بوژاوەتـــەوە"، بارودۆخەکان، بەتایبەتی لەسەر ئاستی ئازادییەکان، پاشەکشەیانکردوە.

زیادەڕویی نییە بوترێ، رووناکبیرانی عەرەب: بانگەشەکارانی ئازادی، شۆڕش، یەکگرتن، پێشکەوتن، سۆشیالیزم و عەلمانیەت سوودیان لە رەوتی رووداوەکان و بیرۆکەکاندا کەمبووە، چونکە مێژووی مامەڵەکردنیان لەگەڵ مەسەلەکانیان و واقیع شایەتی شکستخواردن و پەراوێزبوونیانە. ئەوانە سەلماندویانە، کە نازانن چۆن گەمەکە ئەنجامدەدرێت و هێز بنیاتدەنرێ و حەقیقەت بەرهەمدەهێنرێت و رەوایەتی دانی پیادا دەنرێت. ئەوانە بە ئەقڵیەتێکی جادووگەرانە و بە میکانیزمەکانی سرووتەکان رۆڵە رزگاریخواز یان رۆشنگەرییەکانی خۆیان گێڕاوە، کە بریتیبووە لە کۆنگرەکان و ئەو بەیاننامانەی بۆ توانجدان لەسەر رووداوەکان دەریاندەکردن، جا ئەوە پەیوەندیی بە ئازادییەکانی بیرکردنەوە و دەربڕینەوە هەبووبێ، یان بە پرۆژەکانی بوژاندنەوە و پەرەپێدانەوە، یاخود بەو کێشمەکێشانەوە کە لەنێوان دەوڵەتە عەرەبییەکان و گرووپەکانیدا روویاندەدا. سەرەنجامیش ئەو هەموو پاشەکشە و هەرەسهێنانە بوو، بەراورد بەو دروشمە دەربڕراو و داخوازییە راگەیەنراوانەی چەند دەیەیەکی درێژخایانە دەخرێنەروو.

لەگـەڵ ئەوەشـدا، هێشتا زۆربەی رووناکبیرانی عەرەب لە سڕبوونی ئایدیۆلۆژییانەی خۆیاندا نقومن، جگە لە بەدرۆخستنەوەی رووداوەکان، لەپێناو ئەوەی گوتەکان یان تیۆرەکانی خۆیان راست دەربچن، شتێکی تر ناکەن. ئەوانە دەردەکە لە واقیعدا دەبینن، نەك لە بیرۆکەکان یان شێوازەکانی تێگەیشتن، یاخود شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ حەقیقەتەکاندا. لێرەوە هەمیشە کۆششیانکردوە بۆ هاوجووتکردنی رووداوەکان لەگەڵ گوتە رەقهەڵاتووەکانی خۆیاندا، یان بۆ لەقاڵبدانی کۆمەڵگە بەپێی چوارچێوە تەسکەکان یان پۆلێنکردنە حازبەدەستەکانی خۆیان. بەم مانایە، رووناکبیران بەناوی حەقیقەت یان ئازادییەوە، یاخود لە ژێر دروشمی دیموکراسیدا، دیکتاتۆرییەتی فیکری یان توندوتیژیی سمبولیی خۆیان پیادەکردوە. بەوجۆرە، لەبری ئەوەی ئەوانە کار لەسەر بیرۆکەکانی خۆیان بکەن، بۆ تێگەیشتن لەوەی ئێستا روودەدا، یان پێشبینیکردنی ئەوەی روودەدات، بەکردەوە وەك "پۆلیسی

بیرۆکەکان" وەهابوون. ئەمەش ئەگەر بمانـەوێ دەسـتەواژەکانی ڕیجیس دۆبرییـە یـان جۆرج بالاندییە بخوازین.

لەوانەیـە ئەمـە بۆمـانی لێکبداتـەوە: چـۆن ئـازادی وێـڕای زۆر داواکردنـی لـە پاشەکشەدایە، چۆن کۆششکردن بۆ ڕابوون وەرچەرخێت بۆ تێکشکان، چـۆن داواکردنـی ڕۆشـنگەریی ئـەقڵی دەبێتـە مایـەی بوژانـەوەی فیکـری غـەیبیو لاهـوتی، چـۆن بەرەنگاربوونەوەی داگیرکاریی کولتووری دەگۆڕێت بۆ پاشکۆیەتیی زیـاتر بـۆ خۆرئـاوا. بەڵکو ئەمە لێکیدەداتەوە چۆن بەرهەمهێنانی ڕووناکبیری پاشەکشەدەکات و داهێنـانی فیکری دەپوکێتەوە، لەکاتێکدا کە گرتبوونەوەکانی ڕووناکبیران پێکهاتوون و یـەکێتیو ڕێکخراوەکانیـان چـالاکبوون، بەتایبـەتی یەکێتییـەکانی نووسـەران، کـە گـۆڕاون بـۆ دادگاکانی تەمییەکردنی نووسەران و سزادانی ئەدیبان.

لەڕاسـتیدا ئەمـە ئاکـامی پاسـەوانیکردنی ئـەو بیرۆکانەیـە کـە ڕوونـاکبیرە بڕوامەنـدەکان کاریـان لەسـەر دەکـەن: ئـەو پاسـەوانیکردنە کارێکـە، لـە بێئاگـایی فیکـــردا لەســـەر زەوی، دەگۆڕێـــت بـــۆ بەریەککـــەوتن لەگـــەڵ پێـــشهاتەکان و لەکیسـچوونی ئـەو مافانـەی ڕوونـاکبیران داوایدەکـەن یـان کـار بـۆ گێڕانـەوەی دەکـەن. لەمەشـدا خـاوەن پـڕۆژە جیاوازەکـان وەك یـەکن، جـا عـەلمانی بـن یـان ئیـسلامی، ناسیونالیـست بـن یـان سۆشیالیـست. چـونکە ئـەوەی هـەموانی سـەرقاڵکردوە، پاسـەوانیکردنی بیرۆکەکانـە لەهەمبـەر پێـشهات و گەشـەکردنەکان. لێـرەوە ئەوانـە هەمیـشە ڕەخنـەی خۆیـان لەسـەر ڕژێمـەکان، دەوڵەتـەکان، دەسـەڵاتەکان، یـان سیاسـەتەکان چـڕدەکەنەوە، بـەوەش ڕەخنـەگرتنی ڕاسـتەقینە و داواکـراو بـەدووردەگرن، کـە لێپێـچینەوەی پرنـسیپەکان و پـشکنینی بنـەماکان و هـەڵکۆڵینی بنەڕەتەکانـە. واتـە هەڵوەشـاندنی ئـەو بونیـادە فیکرییـە ڕاگداکوتاوانەیـە کـە وادەکـەن ڕوونـاکبیری عـەرەب نـاڕەزایی بەرامبـەر بـە دەسـتدرێژیکردنە سـەر نـەجیب مـەحفوز یـان دەرکردنـی ئـەدۆنیس لـە یـەکێتیی نووسـەران دەربـڕن(٤)، لەکاتێکـدا شـێوازی بیکردنـەوە و بەڵگەنەویـستەکانی تێڕوانینـی ئـەو، واتـە ئـەوەی ئاخـاوتن دەیشارێتەوە و چـاو نایبینێ، نابێتە مایەی ئـەو جۆرە کارانـە.

رەخنــەی بەرهەمــدار و کاریگــەر، واتــە ئــەو رەخنەیــەی توانــای تێگەیــشتن دووفاتـــەکات و کاریگـــەریی زیـــاتر دەخاتـــەوە و رووناکـــبیر هـــەتاکو ئێـــستا بەدووریدەگرێت، رەخنەی کۆجیتۆیە کە پەیوەندیی ئاوێتەیەی نێوان خود و فیکر و حەقیقەتە. ئەوە رەخنەگرتنە لە گیرخواردنی رووناکبیر لەناو خودی خۆیدا، بۆ پەردەهەڵماڵین لەو پەیوەندییەی رووناکبیر لەگەڵ بیرۆکە و چەمکەکانی خۆی دروستیدەکات. بەوپێیەی رووناکبیرەکان، قوربانییەکانی بیرۆکەکان، یان شێوازەکانی بیرکردنەوەی خۆیانن. ئەمە ئەو ناوچە شاراوانەیە کە پێویستە بکەونە ژێر رەخنەگرتن و شیکردنەوەوە، ئەگینا مشتومڕەکان دەربارەی ئازادیی دەربڕین و مافی جیاوازی و مافەکانی مرۆڤ لە پەراوێزی کۆمەڵگەدا دەمێننەوە و رای گشتی هیچ مانایەکی نابێت، واتە تەنیا لای دەستەبژێر قەتیسدەکرێت. وەك ئەو گفتوگۆیەی ئێستا دەربارەی مەسەلەی ئەدۆنیس لەئارادایە. بە وتەیەکی تر: بەبێ رەخنەگرتنی بنەڕەتی لە شێوازی بوونی خودی رووناکبیر، ئاخاوتن بە ئاشی با دەچێت، واتە نابێتە کۆششێکی رۆشنگەریی راستەقینە کە توانای بەهێزتر و فراوانتر بۆ قسەکردن و کردار، پێکگەیشتن و ئاڵوگۆڕ دەخاتەوە. چونکە ئازادیی بیرکردنەوەو دەربڕین، بە ئەندازەی پێکهاتنی ئەو فەزایە پیادەدەکرێت کە دەرفەت بۆ فیکر دەرەخسێنێت لە وەهمەکانی خۆی رزگاری بێت، یان دەمامکە ئەستورەکانی خۆی تیخبکات.

## پەراوێزەکان:

١- لەم بارەیەوە بڕوانە هەڵوێستی هەریەکێك لە سارتەر و فۆکۆ، لە کتێبی "رووناکبیر و دەسەڵات"ی محەمەد شێخ، ل ١٠٩، کە ساڵی ١٩٩١ لەلایەن دار الطليعة وە بڵاوکراوەتەوە.

٢- ریجیس دۆبرییە و جان زیگلەر: بۆ ئەوەی خۆمان نەدەین بەدەستەوە، وەرگێڕانی رینیە حایك و بەسام حەجار، المركز الثقافي العربي ١٩٩٥.

٣- هێمایە بۆ کتێبەکەی جاك دریدا: "شەبەنگەکانی مارکس"، کە وەرگێڕانە عەرەبییەکەی لەلایەن (مونزر عەیاشی)وە ئەنجامدراوەو ساڵی ١٩٩٥ مركز الانما الحضاري بڵاویکردۆتەوە.

٤- مەبەست دەرکردنیەتی لە یەکێتیی نووسەرانی عەرەب، لەبەرئەوەی لە غەرناتە بەشداریی لە کۆڕێکدا کردوە نووسەرانی ئیسرائیلی بەشدارییان تیادا کردووە.

## گرفتی ڕووناكبیر بیرۆكەكانیەتی

كاتێـك وتم هێـشتا ڕوونــاكبیر نقــومی ســڕبوونی ئایدیۆلۆژیانــەی خۆیــەتی، مەبەسـتی ڕەخنەگرتنەكـەم لـە ڕوونـاكبیری عــەرەب، گـشتاندنی داوەریكـردن نـەبوو. چـونكە ڕوونــاكبیرانێكی عــەرەبی وەهــا هــەن دەســتیان بــەوە كــردوە بەشــێوەیەكی ڕەخنەگرانـە مامەڵـە لەگـەڵ خـودی خۆیانـدا بكـەن و هەوڵـدەدەن دەسـتبەرداری ئـەو بیرۆكـە و پرۆژانــە بــن، كـە ڕۆژگارێـك لەســەری دەژیــان و ئاكامەكـەیان لەدەسـتدانی ڕاسـتبێژی و هەلاهـەلاكردنی ڕەوایـەتی بـوو. واتـە ئەوانـەی ئـەو بەڵگەنەویـستەیان جێهێشتووە، كـە وای دەردەخـات ڕوونـاكبیران ئـەركی ئاراسـتەكردنی ڕای گـشتییان پـێ سپێردراوەو "ڕووناكبیر" بەلایانەوە بابەتی ئاخاوتن و سەرچاوەی گوتارە و لە ڕێگەی زاراوەكانی قەیران و ئیشكالیەت، یان پاردۆكس و تەنگژەوە دەیخوێننەوە.

نایشارمەوە، ئەم وتارەم پاش خوێندنـەوەی كورتـەی ئـەو موحازەرەیـە نووسـی، كــە ڕوونــاكبیرێكی عــەرەبیی دەركــەوتوو- نووســەری فەڵەســتینی و ئەكادیمیــستی ئەمریكی ئیدوارد سەعید- پێشكەشی كردبوو. ئیـدوارد سـەعید لـەكاتی سـەردانەكەیدا بۆ بەیروت، لە كۆتایی ساڵی ڕابردوودا، زنجیرە كۆڕێكی سازكرد، یەكـەمیان بـریتی بـوو لـە "ڕوونـاكبیر لـە جیهـانی ئیمـڕۆدا"(١)، تیایـدا بەپەرۆشـەوەو لـەپێناو سـەرلەنوێ پێناســەكردنەوەی ڕوونــاكبیردا هەوڵیــداوە نموونــەكانی بخاتــەڕوو، یــان ئەركــەكانی دیاریبكات، یاخود ئامرازەكانی كاركردن و كاریگەریی دەربخات. بێگومـان موحازەرەكـە تــەنیا بیرۆكەیــەكی ئــەو نییــە دەربــارەی بــاری ڕوونــاكبیر و ئیـشكالیەتەكەی، چـونكە چەندین نووسینی جیاوازی لەمبارەیەوە هەیە. لێرەدا هێما بۆ ئەو وتـارەی دەكـەم كـە لە گۆڤاری (الاداب)دا، بەناونیشانی "ڕووناكبیران نەفیكراوو ئاوارەو پەراوێزخراون"(٢) بڵاوكراوەتەوە. لەم وتارەدا، كە دەوڵەمەندە بە بیرۆكەكانی ئـەو، ئیـدوار سـەعید، وەك

نووسەر و شیکار، تاوتوێی ڕەوتی کارەکانی ڕووناکبیرانی وەك ئەدۆرنۆ و ڤیکۆ دەکاتو لە ڕێگەی ئەوەوە باسی نموونەی ڕووناکبیری نەفیکراو دەکات، لەهەمان کاتدا تەماهیی لەگەڵ دەکات. مەبەستیشی لەو ڕووناکبیرە، ڕووناکبیرێکە کە هەستی غەریبایەتی و گۆشەگیری و پەراوێزبوون لێی جیانابێتەوە. ئەو هەستی غەریبایەتیەش تەنیا ئەوانە ناگرێتەوە کە لە نیشتمانەکانیان دابڕاون، یان ناچارکراون دوور لە وڵاتەکەیان بژین، بەڵکو ئەوانەش دەگرێتەوە کە هەست بە ئینتیمای تەواوەتی بۆ کۆمەڵگەکەیان ناکەن. هەروەها ئەوانەی ناتوانن یان نایانەوێ لەگەڵ بارودۆخ و هەلومەرجەکانی خۆیان بگونجێن، جا لەناو وڵاتەکەیاندا بن یان لە دەرەوە.

بەم مانایە، ئەگەر ڕووناکبیر بیەوێ ئازادی و سەربەخۆیی خۆی بەرامبەر بە دەوڵەت و دەسەڵاتەکەی پیادەبکات، یان گوزارشت لە جیاکاری و بێوێنەبوونی خۆی لەهەمبەر کۆمەڵگە و نەریتەکانی بکات، ئەوا هەر پەراوێزبوون یان غەریببوون ئاکامی دەبێت. فەیلەسووفی ئەندەلوسی (ئیبن باجە) لە کتێبی "تەگبیری تەنیابوون"دا باسی ئەمجۆرە بارەی کردوە. تەنیاش ئەوەیە کە لەناو نیشتمان و خزمو کەسوکاردا هەست بە غەریبی دەکات. ئەمە باری ئەو بیریار یان ئەدیبەیە کە لەگەڵ خودی خۆی دەژی و لەناو کۆمەڵگەیەکدا گۆشەگیرانە دەست لەملانی فیکری خۆیەتی، کە هیوای چاککردن یان گۆڕینی نەماوە.

بەڵام کاتێك ڕووناکبیر جەغت لەسەر پەراوێزبوونی خۆی دەکاتەوە، یان گۆشەگیری و تەنیایی خۆی پیادەدەکات، ئەوا دەستبەرداری ئەرکی پێغەمبەرانەی خۆی، وەك داکۆکیکار لە ئازادی و مەسەلە گشتییەکان، دەبێت. بۆ ئەوەی تەنیا نووسەرێك بێت کە گوزارشت لە ئەزموونەکان و تیاداژیاوەکانی خۆی دەکات. ئەمەش پارادۆکسەکەیە: ڕووناکبیر بەئەندازەی تێکەڵبوونی بە کۆمەڵگەکەی، یان سازان لەگەڵ واقیعەکەیدا، یاخود گۆڕانی کارەکەی بۆ پیشەیەکی ڕووت، گرنگیی خۆی لەدەستدەداتو لێهاتوویی کەمدەبێتەوە. بەپێچەوانەشەوە، گرنگیی ئەو بەئەندازەی پیادەکردنی جیاکارەیی و بێوێنەیی خۆی، واتە بەئەندازەی گوزارشتکردنی لە ئەزموونێکی ڕەسەنی دەگمەن و بوونی کارڕاییکردنی جیاکارە و شێوازی داهێنەرانەی بێوێنەی خۆی، دەردەکەوێت.

لەوانەیە ئەمە وای لە ئیدوار سەعید کردبێ لە موحازەرەکەیدا هەڵوێستی ناوەڕاست هەڵبژێرێت و لەنێوان دوو وێنەی پێك ناکۆکی ڕووناکبیردا هەڵبەزودابەز بکات: ئەو وێنەیەی لای جولیان بندا، واتە وێنەی ئەو ڕووناکبیرەی لە ئارەزوو و مەبەستەکان داماڵراوە و بایەخ بە بەرژەوەندییە تاکەکەسییە پراکتیکیو سیاسییەکان نادات، لەبەرئەوەی مەملەکەتی ماف و دادپەروەری و ئازادی سەر بەم جیهانە نییە. لەگەڵ ئەو وێنەیەی لای ئەنتۆنیۆ گرامشی دەیبینینەوە، واتە وێنەی ئەو ڕۆشنبیرەی دەچێتە ناو واقیعەکەیەوە و خاوەنی پڕۆژەیەکە بیر و قەڵەمەکەی دەخاتەگەڕ بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە و جیهان. بەوجۆرە ئیدوارد سەعید لەنێوان دوو نموونەدا هەڵبەزودابەزدەکات: نموونەی ڕووناکبیری تەوباوی لای بندا و نموونەی ڕووناکبیری ئۆرگانیکی لای گرامشی. لێرەوە ئەو ئیشکالییەتەی دەریدەبڕێت بریتییە لە: ڕووناکبیر چۆن لە هەمان کاتدا سەربەخۆیی و لێهاتوویی خۆی دەپارێزێت، بەجۆرێك کە نە تەوباوی بێت و نە تەواو لەناو واقیعەکەیدا نقومبێت.

ئەگەرچی دەربڕینەکەی ئیدوارد سەعید دەربارەی واقعی ڕووناکبیر لە جیهانی ئیمرۆدا لەو موحازەرەیەدا گرنگ بوو، بەڵام پەی بەو بەڵگەنەویستانە نەبردوە کە لەپشت گوتار و هەڵوێستەکانی ڕووناکبیرانەوە بوون، بەجیاوازیی نموونە و پڕۆژەکانیانەوە. مەراقی ئەو، نوژەنکردنەوەی ئەو وێنەیە بوو کە لە مێشکەکاندا جێیان لەقببوو، واتە خستنەڕووی ڕۆڵی ڕۆچووی ڕووناکبیر لە دروستکردنی ڕووداو و دیمەندا. بەڵێ ئیدوارد سەعید ئەو ئاستەنگانەی شیکردۆتەوە کە ڕێگە لە ڕووناکبیر دەگرن ڕۆڵی خۆی وەك داکۆکیکار لە ئازادیی دەربڕین، یان نمایندەی چەوساوەکان لە بەرامبەر دەسەڵاتەکان و سیستەمەکانی چەوساندنەوە و بەکاربردن بگێڕێت، بەڵام لە چارەسەرەکەیدا دیلی دەستی خودی دوانە کۆنەکەیە: دوانەی ڕووناکبیر و دەسەڵات. بەمجۆرەش پاشکەوتووبووە لەئاست ئەو ڕەخنەیەی لەلایەن ڕووناکبیرانێکەوە ئاراستەی چەمکی ڕووناکبیر کراوە، کە بە هوشیارییەکی ڕەخنەگرانە یان دژکارانە مامەڵەیان لەگەڵ ئەرك و ڕۆڵەکانی خۆیاندا کردوە. ئەمە جگە لەو بیریارانەی هەوڵدەدەن ئیشکالییەتەکە لە بنچینەوە دراپێژنەوە. بەوپێیەی چیتر کێشەی ڕووناکبیر لەگەڵ دەوڵەت یان کۆمەڵگەدا نییە، بەڵکو لەگەڵ بیرۆکەکانی خۆی یان

شێوازی ئەو پەیوەندییەدایە، کە لەگەڵ خۆی و شوناسەکەی دروستیدەکات. بەم مانایە، ڕووناکبیر بۆ خۆی بۆتە بەشێك لە کێشەی کۆمەڵگە، مەبەست ڕووناکبیرە بە دۆگماییبوونی بڕواخوازانە یان تەوباویبوونی داهاتوخوازییەوە و بەهۆی ئەو کێشە وەهمیانەی دیانورۆژێنێت یان بەو هۆشمەندییە ساختەکارییەی بابەتەکانی پێ چارەسەردەکات. سەبارەت بە ڕەوایەتیی دارزاوی ڕووناکبیریش، ئەوە دەوڵەت نییە کە پێشێلی دەکات، بەڵکو دیاردە نوێکان و پێشهاتە کتوپڕەکانن. هەموو ئەوانەش بەڵگەی ئەوەن، پەیوەندیی ڕووناکبیر بە واقعی هەنوکەییەوە، کە بیرۆکەکانی تاقیکراونەتەوە، پەیوەندییەکی نێگەتیفی نەزۆك بەڵکو گەلێك جار وێرانکەر بووە. چونکە چیتر بەس نییە بوترێ، پێویستە ڕووناکبیر خاوەنی بڕوایەکی "یەکگرتوو"بێت و سەربەخۆبێت لە دەسەڵات، هەتاکو نەبێتە تەنیا قسەکەرێك بەناوی سیاسەت یان ئەهلی حەکمڕانییەوە.

چەند پرسیارێکی هەنوکەیی هەن، کە پێشهاتەکان دەریاندەبڕن و وامان لێ دەکەن چاو بە باری ڕووناکبیردا بخشێنینەوەو سەرلەنوێ بیر لە ئیشکالیەتی خودی ڕووناکبیر بکەینەوە: بۆچی ڕووناکبیران کتوپڕ ڕووبەڕووی چاوەڕوان نەکراو دەبنەوە؟ بۆچی ئیمڕۆ پەراوێزبوونی ڕووناکبیر زیاتربووە؟ بۆچی بڕوا و تیۆرەکان لەهەمبەر ئەوی ڕوودەدات دەپۆکێنەوە، یان چۆن ڕووناکبیرانی وڵاتێکی وەك فەرەنسا، کە بە پایتەختی مەرجەعیەتی ڕووناکبیری و ڕووبەری ڕۆشنگەری دادەنرا، ئیمڕۆ باسی هەڵمەتی داگیرکاریی ئەمریکا دەکەن؟ چۆن ئەوە لێکبدەینەوە، بۆچی باری ئازادییەکان لە جیهانی عەرەبدا، پاش ئەو گوتارخوێندنەوە دوورودرێژانە دەربارەی ئازادی و دیموکراسی، زیاتر پاشەکشەدەکات؟ چۆن دەکرێت ڕووناکبیری عەرەب لە پەراوێزدا بێت، یان تەنیا قسەکەرێك بێت بەناوی دەسەڵاتی سیاسییەوە، یاخود داکۆکیکار بێت لە هەڵوێست و بژارەکانی ئەو دەسەڵاتە؟

ئەم پرسیارانە بەرەو تێپەڕاندنی دوانەی ڕووناکبیر و دەسەڵاتمان دەبەن، کە کۆنترۆڵی بیرکردنەوەی زۆربەی ڕووناکبیرانی عەرەب دەکەن، بەمەبەستی ڕەخنەگرتن لە پەیوەندیی ڕووناکبیر لەگەڵ خود و فیکری خۆی. بەدیاریکراوی مەبەستم پەیوەندیی ڕووناکبیرە بەو شوناسەوە کە بانگەشە بۆ پاراستنی دەکات، یان بەو

حەقیقەتــەوە کـە بانگەشــە بـۆ شـایەتیدان لەســەری دەکـات، یـان بــەو ئازادییــەی داوایدەکات، یـان بـەو ڕەوایەتیـەی هەوڵـدەدات قۆرخی بکات، یـاخود بـەو دەسـەڵاتەی پێیوایە بەرەنگاریبۆتەوە.

ڕەخنــەش مانــای دەســتبردنە بـۆ ئـەو ناوچـەیەی لـە گوتـار و هەڵوێـستەکانی ڕووناکبیراندا بێدەنگیی لێ کراوە، بەمەبەستی ئاشکراکردنی پێشینەکانی بیرکردنەوە و سەرەتاکانی پیادەکردن و هەرشتێك بەڵگەنەویست بێت، کەچی ڕووناکبیر کاردەکات بۆ شــاردنەوەی ڕووداو، بەلاڕێــدابردنی حەقیقەتــەکان، دوورخــستنەوەی ئــەویتر، ئیفلیجکردنی دەستپێشکەریی داهێنەرانە، خنکاندنی وزەی هێنانەئارای دەستدانەکانی تێگەیشتن و چارەسەرکردن، یان هەڵبژاردن و گرەوکردن.. چیتر ڕیکلامەکانی ئازادیو بەیاننامەکانی حەقیقەت و بانگەشەکانی ڕەوایەتی بەس نین، لەبەرئـەوەی شـتی وەها هەیە گوتارەکان و بەیاننامەکان و هەوڵوێستەکان بەدووریدەگرن، ئەویش ئەوەیـە کـە گۆشەگیری و پەراوێزبوونی ڕووناکبیر، یان شکستخواردن و تێکـشکانی تیـۆریزەکردن و بانگەوازەکانی لێکدەداتەوە. لێرەوە هەڵوەشاندنەوەی گوتەکە پێویستە بـۆ لێکدانـەوەی ئەو دەستەوسان و فشۆڵییەی بارەکە پێی گەیشتووە.

بۆیە نابێت زاراوەی ڕووناکبیر بەو جۆرە وەربگیرێت کە لە گوتار و پێناسەکانی ڕووناکبیراندا پێشکەشماندەکرێت، چونکە بەسادەیی، ڕووناکبیر مانـای داکۆکیکردن لـە ئــازادیی دەربــڕین، یــان چــونە نــاو مــشتومڕە گــشتییەکانەوە، یــاخود ویــستی لایــەنگیریکردنی چەوســاوە و ســتەمدیدەکان نییــە. لــە بەرامبەریــشدا هــەر مانــای هەستکردن بە نامۆبوونێك نییە دووچاری ئەوانە دەبێت کـە پێیانوایـە لـەم جیهانـەدا بوارێــك نییــە بــۆ بەرجەســتەبوونی نموونــە بــەرزە فیکرییــەکانیان، یــان بــەها ئەخلاقییەکانیان، یاخود خواستە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانیان.

چەمکی ڕووناکبیر، وەك هەر چەمکێکی تر، چەمکێکی سادەی تەبانییـە لەگـەڵ ئەوەی ڕوونـاکبیر دەیڵێـت، بـەڵکو تۆڕێـك وێنـاکردن و وێنـە و خواسـتن پێکدێنێ، کـە پەراوێز یان ناواخنەکەی پێکـدێنێت و دەکەوێتـە نـاو زنجیرەیـەك دوانـە و لێکـدژەوە، ئـەوەی مـەرجی دەسـتدانی پێکـدێنێت. بـەم مانایـە، چـەمك چـڕییەکی چـەمکئامێز پێکـدێنێت، دەبێـت چینەکانی تیخبکـرێن و وەك سیـستەمێکی ئاوێتـە کاردەکـات، کـە

پێویستە میکانیزمەکانی هەڵوەشێنرێنەوە. یەکەمین شتیش کە دەکرێت بخرێتە ژێر پشکنین و توێکارییەوە، چەمکی پێشڕەوە، ئەوەی زاراوەی ڕووناکبیر لەخۆیگرتووە و بۆخۆیشی تۆڕێکی وێنە و خواستن و وەهمەکان پێکدێنێت.

## پەراوێزەکان:

١- سەبارەت بەم موحازەرەیە، پشتم بەو کورتەیە بەستووە، کە زاهی وەهبی لە ژمارەی ڕۆژی ٢٨ی کانونی یەکەمی ١٩٩٤ی ڕۆژنامەی "النهار"دا پێشکەشیکردوە.

٢- دەربارەی ئەم وتارە، کە سەماح ئیدریس کردویەتی بە عەرەبی، دەکرێت بگەڕێنەوە بۆ ژمارە ٦-٧ی حوزەیران- تەمموزی ١٩٩٤ی گۆڤاری (الاداب).

## قەیرانی ڕووناکبیر لە دەستەبژێرییدایە

چەمکی پێشڕەو، فۆرمە نوێکەی چەمکە کۆنەکانە، وەك پیاوماقوڵ و دەستەبژێر و هەڵبژاردە. کاری ئەم چەمکەش گرێدراوی بەرامبەر یان دژەکەیەتی، واتە کۆمەڵ یان جەماوەر یاخود خەڵك. بەو جۆرە ئێمە لەبەردەم جوتێك چەمکداین، کە دوانە بەناوبانگەکەی لێ پێکدێت، ئەو دوانەیەی هەمیشە لە گوتاری ڕووناکبیراندا دووبارەبۆتەوە. مەبەست دوانەی پێشڕەو و جەماوەرە، کە لای ڕووناکبیر پرنسیپێکە بۆ تێڕوانین و پۆلێنکردن و لە ڕێگەیەوە ڕووناکبیر هوشیاردەبێت بەرامبەر بە پەیوەندیی لەگەڵ خودی خۆی و وێنای پێگەی خۆی لە کۆمەڵگەدا دەکات. ئەو بەڵگەنەویستەش، کە ئەو دوانەیەی لەسەر دادەمەزرێت و لەهەمان کاتدا دەیشارێتەوە ئەوەیە، چەند خودێکی وەها هەن کە ڕووناکیبەخش و ئارەزوومەندن و بەوە جیادەکرێنەوە کە سەربەخۆن لە دەسەڵات و ئازادن لە کۆتوبەند و نەریتەکان. ئەوانەش خودە ڕووناکبیرەکانن کە لەوپەڕی هۆشمەندیدان بەرامبەر بە واقیع و لەڕادەبەدەر دڵسۆزن بۆ ڕەوا و حەقیقەت. ئەمەش ئامادەیدەکات بۆ ئەوەی لەبری زۆرینەی خەڵك بیربکاتەوە و لەجیاتی ئەوان بڕیاربدات، یان پلانیان بۆ دابنێت، یاخود لانی کەم ئامادەیدەکات بۆ ئەوەی ڕێگەکەیان بۆ ڕووناکبکاتەوەو بەشداربێت لە پێکهێنانی هۆشمەندیاندا، هەتاکو هوشیاربن بەرامبەر بە ئەرکی مێژوویی خۆیان و ڕۆڵی کاریگەر لە گۆڕانکاری داواکراو یان شۆڕش دژی واقیعی باودا بگێڕن.

بەوجۆرە ڕووناکبیر خۆی دەکاتە قسەکەر بەناوی بەهاکانەوە و فەرمانڕەوایی خۆی بەسەر خەڵکدا دەسەپێنێت، ئەوەش بە بەخشینی مافی دیاریکردنی ئەوەی ڕاست و ڕەوا و باشە بەخۆی، واتە ئەوەی حەقیقەت دەیسەپێنێ و لە بەرژەوەندیی میللەت، یان نیشتمان، یاخود نەتەوەدایە. هەرکەسێك بیەوێت ئەوە بخوێنێتەوە کە

دەستەواژەکە دەیشارێتەوە، ئەوا دەبێت بزانێت ئەمە مانای چەمکی پێشڕەوە. مەبەستم ئەوەیە، ڕووناکبیری پێشڕەو- کە سەر بە دەستەبژێر یان هەڵبژێردراوە- فیکر و ڕەفتارەکەی لە ئەقڵییەتێکی پێغەمبەرانەی پەیامبەرانەی هەڵبژاردەخوازەوە سەرچاوەدەگرێت، ئەوەی وای لێ دەکات وەك هۆشمەندتر و زاناتر و هەقانیتر مامەڵە لەگەڵ خۆی بکات. واتە وەك یەکێك کە لە جەماوەر زیاتر ئاشنایە بە بەرژەوەندییەکانی جەماوەر و لە جەماوەر زیاتر نزیکە لە جەماوەرەوە.

ڕووناکبیری "ئۆرگانیکی"ش، لەسەر شێوازی گرامشی، وێڕای ڕاشکاویی دەستەواژەکە و ناوەڕۆکی ئاخاوتنەکە، لەم ئەقڵییەتە ناوەندییە دەستەبژێرانەیە بەدەرنییە. چونکە دەربڕینی ئەوەی، پێویستە ڕووناکبیر تێکەڵی کۆمەڵگە بێت و خەمەکانی چین، یان نەتەوە، یاخود مرۆڤایەتی لەکۆڵبگرێت، مانای بێدەنگبوونە بەرامبەر بە مەسەلەیەکی بنچینەیی، ئەویش ئەوەیە کە لەکۆتاییدا ئەوە خاوەن قسەیە بڕیار لەسەر پێگە و ڕۆڵ و ڕەوایەتیی خۆی دەدات، واتە بڕیاردەدات دەبێت نوێنەری کێ و چی بێت و نوێنەرایەتییەکە چۆن بێت، بەبێ گوێدانە ویستی ئەوانەی لافی تەماهیکردن لەگەڵیان و نوێنەرایەتیکردن و تێکەڵبوون پێیان لێ دەدات. ڕووناکبیر لافی ئەوە لێ دەدات تێکەڵ بە کێشەکانی کۆمەڵگە دەبێت یان نوێنەرایەتیی بەرژەوەندیی میللەت دەکات، کەچی خواست و وەهمەکانی خۆی دەسەپێنێ بە سەر ئەوانیتردا. ئەمەش پشتئەستوور بەو وەهمی ئەوەی ئەو دەیخوازێت یان خەوی پێوە دەبینێت، هەمان ئەوەیە کە خەڵك بیری لێ دەکەنەوە یان بەدەستییەوە دەناڵێنن. سەرباری ئەوە ڕووناکبیر، بەوپێیەی سەر بە دەستەبژێری خوێندەواری دەرچووی پەیمانگە زانستییەکان یان دامەزراوە ڕووناکبیرییە حیزبییەکانە، تێڕوانینی خۆی- کە خاوەن سروشتێکی تیۆری، یان سکۆلاریستی، یاخود کتێبئاسایە- دەسەپێنێت بەسەر واقعی زیندووی پڕ لە پێداویستی و خەونەکان و هەژاو بە کێشمەکێش و کێشەکاندا، واقعێك کە هەمیشە ڕووداوەکانی کەموکوڕیی تیۆر و قوتابخانە و کتێبەکان دەردەخات(١).

بۆیە ئەوە بەس نییە یەکێك بەشداری و ئەندامێتی خۆی ڕابگەیەنێت، بۆ ئەوەی بڕوای پێ بکرێت یان ڕاستبێژی بەدەستبێنێت. چونکە ڕواڵەتی گوتاری

ڕووناکبیر ئەوەیە، کە ئەو ئۆرگانیکییە و تێکەڵە بە جەماوەرە و تەماهی لەگەڵ جەماوەردا دەکات، ئەو بەرجەستەکاری هوشیاریی نەتەوە یان ویژدانی میللەتە، بەڵام ناوەڕۆکی ئاخاوتنەکە ئەوەیە کە ئەو دەستەبژێر، ناوەندیخواز و هەڵبژاردەخوازە، یان ئەکادیمییەکی سکۆلاریست، یاخود حیزبییەکی دەستەگەرە. ڕووناکبیر، جا ئەو نموونەیەی بەرجەستەیدەکات هەرچییەك بێت، وەك کەسێك ڕەفتاردەکات کە لە ڕووی زانین و کارەوە، لەوانەیە لە ڕووی ئارەزوو و هیواشەوە، لە زۆرینەی خەڵك لەپێشترە. ئەگەرنا، دەستەواژەی "ویژدانی میللەت"، کە بە کەسێك دەبەخشرێت، چ مانایەکی هەیە، جگە لەوەی ئەو زیاتر لە خەڵك دەزانێت ئەوان چییان دەوێت و زیاتر لە جەماوەر نوێنەرایەتیی جەماوەر دەکات؟ ئەمەش مانای دەستەبژێربوونە.

بەڵام ئەم دەستەبژێربوونە نرخی خۆی هەیە، چونکە لافلێدانەکانی ئەوان لەسەر حسابی حەقیقەت و ئازادی و دادپەروەری دەبێت. لەبەرئەوەی هەرکاتێك دەستەبژێرە ڕووناکبیرەکان ڕۆڵی خۆیان زۆر بەباشی گێڕابێت، ئەوا ئەوانە پەراوێزخراون کە مەبەست نوێنەرایەتیکردنیان بووە، یان ئەوانە بەکۆیلەکراون کە ویستراوە ئازادبکرێن، یاخود زیان بە بەرژەوەندیی ئەوانە گەیەنراوە کە لافی بەرگریکردن لە بەرژەوەندییان لێداوە. ئەمەش سەیرنییە، چونکە ڕابوونی توێژێك لەناو خەڵکدا و لافلێدان بۆ نوێنەرایەتیکردنی ئەو خەڵکە و داکۆکیکردن لە بەرژەوەندییەکانیان، لەبەرئەوەی پێشڕەوی هوشیار یان دەستەبژێری بڕوامەندن، مانای هێشتنەوەی خەڵکە لە باری نەزانی و پاشکۆیەتی و دەستەپاچەبووندا. بە وتەیەکی تر: دروستبوونی دەستەبژێرێك کە لافی جڵەوکردنی حەقیقەت، یان زانینی نهێنییەکانی گۆڕانکاری، یاخود بەدەستەوەگری کلیلەکانی ڕزگاربوون و سەرفرازی لێ دەدات، ئاکامەکەی ئەوە دەبێت کە جەماوەر بکرێتە یەدەگێکی مرۆڤانە بۆ گۆشکردنو گردبوونەوە و ڕێکخستن، یان بکرێتە کایەیەکی تاقیکردنەوەی پڕۆژە بڕوامەندەکان و خەونە شۆڕشگێڕییەکان. واتە بەکارهێنانیان وەك ئامرازێك بۆ هێنانەدیی ستراتیژی دەستەبژێری، بەمەبەستی دەستگرتن بەسەر دەوڵەت و کۆمەڵگەدا.

ئەمە ئاکامی دەستەبژێریی فیکری و ناوەندێتیی حیزبیە لە کاری مێژوویی و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیدا: ئەوانەی بڕوایان وابووە ئەرکیان بیرکردنەوەیە لەبری

خەڵك یان کارکردنە بۆ هوشیارکردنەوەو ڕزگارکردنیان، کارکردن ئەوانی گەیاندە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی ستەمکارانە بەسەر خەڵکەوە، یان لەسەر دەستی ئەوان خەڵك شکستخواردن و تێکشکانیان چنییەوە. ئەمەش سەیرنییە، چونکە ئەو تاك یان کۆمەڵەی لەبری ئەوان بیردەکەینەوە و بڕیاردەدەین، بەئاسانی بەکاردەبرێن، لەبەرئەوەی ئەوانە تەنیا پێویستیان بە بڕیاری سەرکردایەتی، یان بەیاننامەی حیزب، یاخود فەتوای ڕێبەرێك هەیە.. بەڵام مەسەلەکە ڕوویەکی تریشی هەیە، چونکە ئەوەی بەئاسانی بەکاربهێنرێت، بەئاسانیش لە ئامانجەکەی دووردەخرێتەوە و لە پێگەیەکەوە بۆ یەکێکی تر، یان لە ستراتیژێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگوێزرێتەوە. هەڵسوکەوتی جەماوەریش لای ئێمە شایەتی ئەوەیە، چونکە زۆرجار ئەو جەماوەرە دژی ئەوانە وەستاونەتەوە کە لافی کارکردن بۆ ڕووناکبیرکردن، یان ڕزگارکردن، یاخود یەکخستنی ڕیزەکانی ئەوانیان لێ داوە. ئەمەش تەنگژەی ڕووناکبیری "پێشکەوتنخواز"ە بەشێوەیەکی تایبەتی: هێشتا ئەو ڕووناکبیرە لەسەر قسەکردن دەربارەی بەرژەوەندییەکانی جەماوەر دەژی، لەکاتێکدا جەماوەر دژی پرۆژە و دروشمەکانی ئەو گۆشەگیر دەکرێن. ئەوە تەنگژەی دەستەبژێرە سەبارەت بەوەی لافی بۆ لێ دەدات یان داوایدەکات، چونکە ئەو جگە لە وێرانکردنی ئەو ئەرکانەی خۆی بۆ جێبەجێکردنیان کردوّتە نمایندە، شتێکی باشتر نازانێت.

لەوانەیە ئەمەش بۆمانی لێکبداتەوە، چۆن هەرکاتێك ئەو دەستەبژێرە کاری بۆ هوشیارکردنەوەی جەماوەر کردبێت، پاشکۆیەتی و پەراوێزبوونی ئەو جەماوەرە زیاتربووەو نەفامی و دەمارگیرییان زۆرتربووە. هەروەها چۆن ئەو سیستەمە سیاسیانەی لەسەر دەستی دەستەبژێر و بەناوی ئەوەوە پێکهاتوون، خراپترین بوون یان لانی کەم خراپتربوون لەو سیستەمانەی سیاسییە پیشەکارەکان دایانمەزراندوون.

بێگومان هۆی دەردەکە لەناو جەماوەر یان واقیعدا نییە، بەڵکو لە دوانەی پێشڕەو و جەماوەر، یان دەستەبژێر و کۆمەڵ، یاخود حیزب و نەتەوەدایە. نموونەی ئەو دوانانە، وەك چوارچێوەی تێڕوانین یان ئامرازی کارکردن، خەوشیی ئاشکرابووەو ڕاستبێژیی لەدەستداوە. لەواقیعدا دوانەی پێشڕەو و جەماوەر ڕوویەکی دوانەی خودو بابەتە و بەرهەمی فەلسەفەی خودگەراییە کە بڕوای بە خودێکی بیرکەرەوە،

بالآرەو، ئامانجدار، سەروەر و ئارەزومەند هەیە، ئەو خودەی لەکاتی گۆڕینی خودی خۆیدا جیهان دەگۆڕێت، لە کاتی دڵنیابوونی لە بوونی حەقیقەتدا حەقیقەت دادەمەزرێنێت، لەکاتی هوشیاربوونی بەرامبەر بە هاندەرەکانی مێژوودا مێژوو دەبزوێنێت، لەو کاتەی ئەو بڕیاری لێ دەدات نوێنەری بەرژەوەندییەکانی جەماوەرە.. چیتر ئەم فەلسەفەیە خۆی لەبەردەم ڕەخنە و لێپێچینەوەدا ڕاناگرێت: چونکە هیچ شتێك بۆ خۆی و دابڕاو لە پێشینە فیکرییەکان و چینەکانی هوشیاری و شەبەنگەکانی یادەوەری لەئارادانابێت، هیچ خودێکیش بەبێ کەوتنە ژێر کاریگەرییەوە بیرناکاتەوەو بڕیارنادات یان کارناکات و کاریگەری ناخاتەوە، چونکە خود لەناو زۆربۆهێنانو کۆتوبەندەکانی خۆیدا بیردەکاتەوە و کاردەکات، بەجۆرێك کە وای لێ دەکەن بەئەندازەی کار لەسەر کران کاربکات و بەئەندازەی خۆگۆڕین گۆڕانکاری بخاتەوە. بەقسەیەکی تر: هیچ بابەتێك بۆخۆی و دابڕاو لە تۆڕەکانی تێڕوانین و سیستەمەکانی دەستەواژە تێی ناڕوانرێت، هەروەها هیچ خودێك نییە پێش بابەت بکەوێت و خۆی لەو بەزلتر بزانێت، بەڵکو "پێکهاتنێکی دوولایەنە" لەنێوان خود و بابەتدا هەیە، بەجۆرێك کە وا لە هەریەکێکیان دەکات بەشداریی لە پێکهێنانی ئەویتردا بکات. ئەو خودەش کە بڕوای بە بالآرەویی خۆی هەیە، بەبێ ئەوەی پێیی بزانێت، بابەت پەلاماریدەدات. ئەو خودەی وەك بابەت یان ئامرازیش مامەڵەی لەگەڵ دەکەین، بەئەندازەی ئاشنانەبوونمان پێی لەدەستمان ڕادەپسکێت.

بەوجۆرە شتێك هەیە وادەکات دوانەی پێشڕەو جەماوەر تێپەڕێنرێت، چونکە چیتر ئەوە دەستەبژێر و حیزبەکان نین جیهان دروستدەکەن، بەڵکو ئەوە تەلەفزیۆنەکان، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، بازاڕەکانی کاڵاکان، نرخەکانی بۆرسەکان، میکانیزمەکانی قازانج و مافیاکانی فشارهێنانن ئەوە دەکەن.. ئیمڕۆ دروستکردنی سیستەمێکی نوێ بەڕێوەیە، جیهانێك خەریکە بەجۆرێك پێکدێت کە جیاوازە لەگەڵ حساباتەکانی ئەو ڕووناکبیرانەی شتێك ناکەن، جگە لە کەوتن بەسەر کتوپڕدا یان کۆستکەوتن بەهۆی بەلاو کارەساتەکانەوە. بەهێزترین و دەرکەوتووترین شایەتیش هەمیشە ڕووناکبیر بە شێوازە عەرەبییەکەی دەیخاتەڕوو. چونکە ڕووناکبیری عەرەب، بانگەشەکار بۆ ڕۆشنگەری و ئەقلانیەت و عەلمانیەت، کتوپڕ دەکەوێت بەسەر

سەرهەڵدانی فەندەمەنتالیستە پیرۆزەکاندا، بەڵکو بە مامەڵەکردنی لاهوتیانەی لەگەڵ بیرۆکە و ڕووداوەکان، یان پیادەکردنی پەیوەندییە تاریکخوازە نارۆشنگەرییەکانی لەگەڵ ڕووناکبیراندا توشی دۆشدامانمان دەکات. ڕووناکبیری پێشڕەویش، پاش دەیان ساڵ پیادەکردنی دەستەبژێریی فیکری یان نەرجسیبوونی بڕوامەندانە، دەگاتە لالانەوە بۆ چارەنووسی بێدەرەتانی پێشڕەو و ڕووناکبیری. سەبارەت بە بانگەشەکاری ناسیونالیزم و یەکگرتنیش، ئەوا دان بەوەدا دەنێت کە عەرەبایەتی دەگۆڕێت بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستایەتی و هەمیشە لەناکاو بۆی دەردەکەوێت یەکگرتن تەنیا دەگۆڕێت بۆ چەند جیاوازییەکی دڕندانە و دەشێت بەجۆرێك دروستبێت کە ئەو بیری لێ نەکردۆتەوە یان حسابی بۆ نەکردوە، واتە کەسانێك بەشداریی لە دروستکردنیدا بکەن کە بیری لێ ناکەنەوە و داوای ناکەن. وەك باری بەرهەمهێنەکانی بوارەکانی پیشەسازیی کتێب و ڕۆژنامە یان فیلم و گۆرانی، یاخود کارکەرانی کەرتەکانی وەرزش و تۆپانێ و پێشبڕکێ.. لەبەرئەوەی بەرهەمهێنەکان خاوەن توانا و بەرژەوەندین لە خولقاندنی فەزا و بوار و بازاڕەکانی پێکگەیشتنی پۆزەتیڤانە، یان ئاڵوگۆڕکردنی ئازادانە، یاخود کارلێککردنی بەرهەمهێنەرانەی بنیاتنەرانەدا. کەچی خاوەن پرۆژەکانی یەکگرتن: ڕووناکبیر و سیاسەتمەدارەکان، سەلماندویانە کە جگە لە دووبەرەکێتی و دەستەگەرێتی شتێکی باشتر نازانن.

کەواتە با ڕووناکبیران، پاش ئەو بارەی لاوازی و داڕمانەی پێیگەیشتوون، بێفیزبن. چونکە جەماوەر کەرەستەیەك نییە بۆ کارەکەیان و ئامرازێك نییە بۆ پرۆژە و بیرۆکەکانیان. چیتر ڕووناکبیران پێشڕەو یان دەستەبژێر نین و ناتوانن وەك بەڵێندەرانی ئازادی، بریکارانی شۆڕش، ئەمیندارانی یەکگرتن، یان پاسەوانانی شوناس بن، بەڵکو یەکێك لە کەرتەکان و دەسەڵاتەکانی کۆمەڵگە پێکدێنن، بە ئەندازەی دەستبەرداربوونی دەستەبژێریی خۆشیان توانای زیاتری پیادەکردنی چالاکیی خۆیان دەبێت، بەوپێیەی یەکێك لە ڕووەکانی قەیرانەکەیان لە خودی دەستەبژێریی خۆیاندایە. ڕەخنەگرتن لە دەستەبژێری و ناوەندێتی و هەڵبژاردەخوازیش، مانای دروستکردنی چەند پەیوەندییەکی نوێیە لەگەڵ حەقیقەت و ئازادی، یان ڕووناکبیری و جەماوەر. چونکە هیچ کەسێك ناتوانێت لەبری ئەوانیتر بیربکاتەوە، یان

ئەوانیتر ڕووناکبیربکات، یاخود ئەوانیتر ڕزگاربکات، بەوپێیەی حەقیقەت تەنیا ئەوە نییە کە دەیلێین، دەیزانین، باسیدەکەین، یان دەیسەلمێنین، بەڵکو ئەو پەیوەندییانەیە کە لەگەڵ شتەکان و ڕووداوەکان و بیرۆکەکان دایاندەمەزرێنین، یان دروستیاندەکەین، یاخود گرەو لەسەر گۆڕینیان دەکەین.

سەبارەت بە ئازادیش، ئەوا تەنیا بە بڕیارێك ئازادنابین یان ئەوانیتر ئازادناکەین، بەڵکو ئازادی فەزایەکە بۆ تاوتوێکردن و ئاڵوگۆڕکردن، کە بەشداریدەکەین لە خوڵقاندن یان فراوانکردنیدا. ئەم فەزایەش لەکۆتاییدا لە چەند ڕووبەرێکی تاکەکەسی پێکدێت، کە هەر ڕووبەرێکی تایبەتی لەوانە پانتاییەکی ڕۆشنگەرانەیە دەرفەت بۆ تاك دەڕەخسێنێت گەمەی خۆی بکات، واتە کارامەیی و دەسەڵاتی خۆی پیادەبکات، یان گوزارشت لە جیاکارەبوون و بێوێنەیی خۆی بکات. ئەمەش پارادۆکسەکەیە: ئامانجی دەستەبژێری ڕووناکبیر تەنیا بە پوکانەوەی ئەرکەکەی دێتەدی، چونکە ڕزگارکردنی خەڵك یان بەرژەوەندیی جەماوەر گرێدراوی ڕزگاربوونە لەدەست دەستەبژێری و نوێنەرایەتیکردن و وەهمەکانی ڕووناکبیر.

**پەراوێز:**

١- سەبارەت بە ڕەخنەگرتن و شیکردنەوەی تێڕوانینی سکۆلاستیکانە، بگەڕێنەوە بۆ کتێبی بۆردیو: "ئەقڵە پراکتیکییەکان، لەبارەی تیۆری کردارەوە"، بڵاوکراوەی سوی، پاریس، ١٩٩٤.

## دەسەڵاتی ڕووناکبیر

ڕووناکبیر بەردەوام سەربەخۆیی خۆی لە دەوڵەت و دامودەزگاکانی، یان دەسەڵات و تەفرەدانەکانی ڕادەگەیەنێ، چونکە کاتێك ئەو وەك بەرپرسیار بەرامبەر بە بەهاو ئازادییەکان مامەڵە لەگەڵ خۆی دەکات، پێیوایە بە چونە پاڵ ئۆپۆزسیۆن، یان بەکارهێنانی چەکی ڕەخنە بۆ پەردەهەڵماڵین لە ڕووی شێوەکانی جیاوازیکاری و سەرکوتکردن و چەوساندنەوە کە دەوڵەت و ڕژێم و دەسەڵاتەکان پیادەیدەکەن، یان ڕیسواکردنی ئەوەی میکانیزمەکانی بەلارێدابردن و ساختەکردنی حەقیقەت و پێشهاتەکان ئەرکی سەرشانی خۆی جێبەجێدەکات. ئەمە باری ڕووناکبیرە، جا نموونەکەی هەرچییەك بێت: ئەو کێشەکە لە دەسەڵاتدا دەبینێت، جا ڕیفۆرمخواز بێت یان شۆڕشگێڕ، ئۆرگانی بێت یان تەوباوی، بەشداربێت یاخود نا.

بێگومان ئەمە ئەوەیە کە ڕووناکبیر پێمانی دەڵێت، یان ناوەڕۆکی گوتارەکەی دەیدرکێنێ، بەڵام گوتار هەمیشە جیاوازە لەگەڵ ئەوەی ڕایدەگەیەنێت، چونکە لەکاتی باسکردنی شێوازەکانی دەسەڵاتخوازی یان میکانیزمەکانی ساختەکردنی حەقیقەتدا، ئەو پێشهاتە بنچینەییە دەشارێتەوە کە دەیهێنێتەئاراوە. مەبەستم ئەوەیە کە حەقیقەت و دەسەڵاتی خۆی دەشارێتەوە، کارو کاریگەریی خۆی پەردەپۆشدەکات، فێڵکردنو ساختەکردنی خۆی لەیاددەکات. بەوجۆرە ڕووناکبیر لەبەرامبەر دەسەڵاتی چەوساندنەوە، لایەنگیریی خۆی بۆ چەوساوەکان ڕادەگەیەنێت، کەچی دەسەڵاتی خۆی پێکدێنێت و فەرمانڕەوایی خۆی پیادەدەکات، یان ڕووناکبیر ڕایدەگەیەنێت کە خولیای ئاشکراکردنی حەقیقەتەکانە، کەچی لە ڕێگەی دەق و گوتارەکەیەوە حەقیقەتی خۆی دروستدەکات، یاخود ڕووناکبیر باسی خەونەکەی سەبارەت بە کۆمەڵگەیەکی ڕۆشنگەری ڕزگاریخوازی پشتبەستوو بە دادپەروەریمان بۆ دەکات، کەچی

دەســتەبژێریی خــۆی پیادەدەکــات و ویــستی بێوێنــەبوون و جیاکــارەبوونی خــۆی دەشــارێتــەوە.

ڕاســتە دەســەڵاتی ڕوونــاکبیر جــۆرێکی تــری دەســەڵاتە، واتــە دەســەڵاتێکی مــادی یــان ئــابووری نییــە، بــەڵکو دەســەڵاتێکی سمبولییــە، واتــە دەســەڵاتی ئاخــاوتن و نووســینە بەرامبــەر بــە دەســەڵاتی شمــشێر و پــارە، بــەڵام لەکۆتاییــدا دەســەڵاتە و بــەهۆی بەرهەمــە سمبولییەکانــەوە، کــە بیرۆکــە و زانینــەکان، یــان بــڕوا و ســروتەکان، یــاخود بڕوانامــە و نازناوەکانــە، بەســەر دەروون و ئەقڵەکانــدا دەســەپێنرێت.. دەســەڵاتی سمبــولی بــەم شــێوەیە پیــادەکراوە، لــە ڕۆژگــاری فــالگرەوەی کۆنــەوە بیگرنــەوە هــەتاکو ڕۆژگــاری ڕوونــاکبیری نــوێ، بەتێپــەڕبوون بــە پیــاوانی ئــایین و فەشــەکاندا، ئەمــە ســەرباری ئــەو زانایانــەی ســەرلەنوێ لەســەر شــانۆکە دەرکــەوتن و ڕۆڵیــان لــە بەرژەوەنــدیی ڕوونــاکبیری نــوێی خــاوەن ڕەگی لیبرالی، یان ناسیونالی، یاخود مارکسیدا پەراوێزخرابوو.

ئەمەش مانای ئەوەیە، لەبەرئەوەی ڕووناکبیر دەسەڵاتی تایبەت بەخۆی هەیـە، بۆیە ململانێی نێوان ڕووناکبیر و سیاسەتمەدار، یان پیاوی ئایینی و حـوکمڕان، یـاخود زانا و سوڵتان تـەنیا ململانـێ نییـە لـەنێوان مەعریفـە و دەسـەڵات، یـان مانـا و هێـز، یاخود بەها و سوودا، بـەڵکو ململانێیـە لەسـەر ڕەوایـەتی، واتـە لەسـەر قـۆرخکردنی مافی وتنی ئەوەی ڕاستەقینە و ڕاسـتە، یـان دیـاریکردنی ئـەوەی دروسـت و ڕەوا، یـان ڕێگەپێدراو و جایبزە، یان ئەوەی پێچەوانە و دژی ئەوەیە.

ئــەو دەســەڵاتە سمبولییــەی ڕوونــاکبیران پیادەیدەکــەن، پیــشە یــان بەرژەوەندییــە، وەك هــەر پیــشەیەکیش خــاوەن ڕەچــەڵەك و ڕێــساکان، کەرەســتەو ســەرمایەی خۆیــەتی، ئینجــا خــاوەنی بەرهــەم و بازاڕەکــان، ســوود و وەبەرهێنانــەکانی خۆیــەتی. چــونکە هەریــەکێك لــە پیــاوی ئــایینی و زانــا و ڕوونــاکبیر ســەرمایەی سمبــولیی خــۆی، واتــە زانــینو ئەزموونەکــەی، یــان پۆســت و نازناوەکــەی، یــاخود تواناکــانی ئاخــاوتنو خوتبــەدانی خــۆی دەخاتەگــەڕ بــۆ پیــادەکردنی ئــەو پیــشەیەی ســوودی مــادی و مەعنــەویی پێدەگەیــەنن و بریتییــە لە دەسەڵات و خێروبێرەکان، جا سامان و پارە بێت یان پلەوپایە و پێگە.

بێگومان رووناكبیر هەمیشە خۆی وەك خاوەن پەیام، نەك خاوەن مەبەستی تایبەتی یان بەرژەوەندیی راستەوخۆ، دەخاتەروو. ئەو رایدەگەیەنێت كە ئامانجی بەدەستهێنانی دەسەڵات نییە، بەڵكو بەرگریكردنە لە بەها و پیرۆزییەكان. ئەمەش هەڵخەڵەتاندن و لەخشتەبردنە، چونكە پیشەی رووناكبیر پیشەیەكە حەقیقەتی خۆی دەشارێتەوە، واتە ئەوە دەشارێتەوە كە پیشە و بەرژەوەندییە، یان دەبێتە مایەی پێكهێنانی دەسەڵاتێكی تایبەت. بەمجۆرە رووناكبیر كارەكەی خۆی دەكات و عەبای پەیام دەپۆشێت و لەژێر پەردەی پیرۆزیدا رۆڵی خۆی دەگێرێت و وای دەردەخات داكۆكی لە بەها بەرزەكان دەكات و وای بۆ دەچێت كە بەناوی رەوایەتیی راستەوە، كە پاراستنی شوناس، یادەوەری، زمان، رووناكبیری و نەتەوەیە، دێتە قسە.. بەڵام لەژێر ئەو پایەبەرزییەدا پێگەیەكی رەگداكوتاو هەیە، لەپشتی ئەو خۆتەرخانكردنەوەوە بەرژەوەندی و قازانج هەیە، لە دوای قوربانیدان دەسەڵاتێك هەیە، ئەویش دەسەڵاتی فیكر و ئاخاوتنە.

لەلایەكی ترەوە، رووناكبیران كۆمەڵگەیەكی نموونەیی وەها پێك ناهێنن، كە پرنسیپەكانی ئەقڵانییەت و رێساكانی چاكەكاری كۆنترۆڵی دەكەن. چونكە ئەوانیش وەك خاوەن پیشەكانی تر چاكە و خراپەی خۆیان هەیە و كەرتی كۆمەڵگەیی یان كایەی بەرهەمهێنەرانەیان، وەك كەرت و كایەكانی تر، بوارێكە بۆ پێشبڕكێ و كێشمەكێش و سەرچاوەیەكە بۆ فشارو شڵەژانەكان. ئەوە "كایەیەكی ململانێ"ی نێوان كاركەران و بەرهەمهێنەرانە، لەسەر بەدەستەوەگرتنی كاڵا سمبولییەكان و بەكارهێنانیان بۆ هێنانەدی دەستكەوتەكان و فراوانكردنی پایەداری. ئەمەش مانای ئەوەیە، پەیوەندییەكانی نێوان هێز و گرتبوونەوەكان بەتاڵ نین لە درندەیی ناو دارستانەكان و فاشییەتی دەمارگیرییەكان و ئەقڵییەتی مافیا نوێكان، ئەمە سەرباری ئەو نەرجسیبوونەی رووناكبیران هەیانە، لەبەرئەوەی پێیانوایە كاری فیكری لە كاری دەستەكی باشترە.

بەو جۆرە رووناكبیر لافی ئەوە لێ دەدات كە دەچێت بەگژی دەسەڵاتی سیاسیدا، كەچی لەسەر رەوایەتی كاردەكات بۆ پێشبڕكێكردن لەگەڵیدا. ئەو لافی ئەوە لێ دەدات خەڵك رووناكبیرو رزگار دەكات، كەچی پەیوەندییەكانی نێوان رووناكبیران

ڕووناکبیرانە و ڕزگاریخوازانە نین، بەڵکو دەسەڵاتخوازانە و ململانێکارانەن، لەپێناو بەدەستهێنانی پلەوپایە، یان گەڕان بەدوای شکۆمەندی، یاخود هەژموون و باڵادەستیدا. لەکۆتاییدا ڕووناکبیر لافی خۆتەرخانکردن و سەرڕاستی و داماڵران لێ دەدات، لەپێناو بەرگریکردن لە مەسەلەی نەتەوە و بەرژەوەندییەکانی خەڵکدا، کەچی پیشەیەك پیادەدەکات و داکۆکی لە بەرژەوەندیی خۆی دەکات، یان گەمەی خۆی دەکاتو بیرۆکەی خۆی ئەزموونەدەکات. ئەو داوات لێ دەکات خۆت لە دەسەڵاتی سەرمایە ڕزگاربکەیت، کەچی ئەو سەرمایەی خۆی کەڵەکەدەکات و دەسەڵاتی خۆی دەچەسپێنێ. ئەو پێتدەڵێت ملکەچی بۆ هەرکەسێك جگە لە خوا زەلیلی یان کۆیلەیەتیە، کەچی دەتکاتە دیلی قسەکانی خۆی یان ملکەچی ویستەکەی. ئەمەش ئەوەمان بۆ لێکدەداتەوە، چۆن ئاکامی زۆربەی پرۆژەکانی ڕزگارکردن، سەرهەڵدانی چەند ڕژێمێکی خاوەن سروشتی ستەمکاری، تۆتالیتاری، فاشی، یان ڕەگەزپەرستانەی هەڵبژاردەخواز بووە.

ئەم ڕەخنەگرتنە لە ڕووناکبیر، دەبێتە مایەی تێپەڕاندنی دوانەی ڕووناکبیر و دەسەڵات، بەجۆرێك کە دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ دانانی ڕووناکبیر و سیاسەتمەدار لەناو یەك سەبەتەدا: هەردووکیان و هەریەکەیان بەشێوازی خۆی کۆششدەکەن بۆ بەکارهێنانی سەرمایەی سمبولیی خۆیان بەمەبەستی قۆرخکردنی ڕەوایەتی، واتە مافی دیاریکردنی مەسەلەی کۆکەرەوە و شتی هاوبەش، کە هەمووان لە دەوری کۆدەبنەوە. هیچیشیان بەبێ هۆ بژارەکان دیاری ناکات و ئەولەویاتەکان ڕێك ناخاتەوەو پێشهاتەکان هەڵناسەنگێنێ، چونکە هیچ هەڵسەنگاندن و ڕێکخستنەوەیەك بەبێ دوورخستەوە، یان پەراوێزخستن، یاخود پەردەپۆشکردن ڕوونادات. هەروەها هەردووکیان لە بوار و کایەی کارکردنیاندا ساختەکاری و پەردەپۆشکردن پیادەدەکەن، چونکە هیچ دەسەڵاتێك بەبێ شاردنەوە و پەردەپۆشکردن- جا مادی بێت یان سمبولی- پیادەناکرێت. لەکۆتاییشدا هەردووکیان دەسەڵاتخوازی و توندوتیژی پیادەدەکەن: دەسەڵاتخوازی بەسەر جەستەکانەوە لەبەرامبەر دەسەڵاتخوازی بەسەر ئەقڵەکانەوە، توندوتیژیی مادی لەبەرامبەر

توندوتیــژیی سمبــوڵی كــە ڕوونــاكبیرە بڕوامەنــد و دەروەســتەكان لــە ڕێگــەی ئەقڵیــەتی پــشتبەستوو بــە گــەمارۆدان و دوورخــستنەوە، یــان پــۆلێنكردن و تاوانباركردنەوە پیادەیدەكەن.

كەواتــە بــا ڕوونــاكبیران دان بــەوەدا بنــێن، ئــەوان تـرۆپكـی پیرۆزییــەكانن و پەیامبــەرانی ڕێگــەی ڕاســت پیــشاندەران و حەقیقــەتن، یــان وەك دەركــەوتووترین ڕووناكبیرانی ئەم سـەردەمە (ڕیجیس دۆبرییـە) دانـی پیـادا دەنـێ، چیتر ڕوونـاكبیران تاقە هەڵسوڕێنەری زەوی نین. ڕووناكبیران خاوەن دەسـەڵات و بەرژەوەنـدی و پێگـە و قازانجــەكانن، ئەوانــە چــەند گــرووپێكن، جگــە لــە پیــادەكردنی دەســتەبژێری و نەرجسیبوونی خۆیان، شتێكی باشتر نازانن. بۆیە بە گوتارەكەی هەڵنەخەڵەتێین: ئـەو لەلایەكەوە مانا ئاڕاستەدەكات بۆ ئەوەی لەلایەكی ترەوە پێشێلی بكات، لەسەر ئاستێك دەچێت بەگژی هەندێك شتدا بـۆ ئـەوەی لەسـەر ئاسـتێكی تـر بەدەسـتیان بهێنێتـەوە. پڕۆژەی ماركسیـستانەش وەك پڕۆژەیـەكی ڕزگاریخوازانـە شـایەتێكی گـەورەی ئەوەیـە، چــونكە لــەژێر ناونیــشانی بەگژاچــوونی بــەكاربردنی ســەرمایە و دەســەڵات و توندوتیژییەكەیـدا كـاریكرد بـۆ دروسـتكردنی سـەرمایەیەكی بڕوامەنـدی، كـە لـە ڕێگەیـەوە ئیمپریـالیبوونی فیكریـی و توندوتیـژیی سمبـولیی خـۆی بەشـێوەیەكی دوو قات پیادەكرد. ئـەوەش بەئەنـدازەی پەردەپۆشكردنی حەقیقـەتی خـۆی، واتـە ئـەوەی دەسـەڵاتێك یـان یـەكێك لـە جۆرەكـانی سـەرمایە پێكـدێنێت. ئەمـە بـاری دەسـەڵاتە سمبولییەكانــە، لــەو كاتــەدا كــە دەســەڵاتی سیاســی دەگرنــە دەســت: پیــادەكردنی دەسـەڵاتدخوازی و توندوتیـژیی چـەند قاتـە، وەك ئـەوەی ئیمـڕۆ فەندەمەنتالیزمـە پیرۆزەكان پیشانیدەدەن.

بـەم مانایـە دەكرێـت بـوترێ، سیاسـەتمەداری پیـشەكار كـەمتر لـە ڕوونـاكبیر توندوتیژی پیادەدەكات و لـەو بـەتواناترە بـۆ بـەڕێوەبردنی مەسـەلەكان و ڕاییكردنـی كاروبارە گشتییەكان. چونكە نموونەی سیاسی، جا ئـارەزووی بـۆ دەسـەڵات یـان ویـستی بـۆ پاراسـتنی هەرچـەندێك بێـت، بەگـشتی تـاوتوێكردن و سازشـكردن قبوڵـدەكات و خــاوەنی برێــك فــەنبازی و نەرمونیانییــەو پــەنا بــۆ یاســا و ڕێنماییــەكان دەبــاتو بەرژەوەندییـە هاوبەشـەكانو قازانجـە گـشتییەكان ڕەچـاودەكات.. بـەڵام سـەبارەت بـە

نموونەی بڕوامەندەکانو پێشڕەوە پێشکەوتووەکانو دەستەبژێرە ڕووناکبیرەکان، ئەوا کارەکانیان گۆڕاوە بۆ گۆشەگیریو فشۆڵیو دەریانخست دەستەوسانن لەئاست ڕابەرایەتیکردنی کۆمەڵگەکاندا ڕووەو پێشکەوتن، یان گەشەکردن، یاخود پەرەسەندن، بەڵکو بارودۆخەکانیان بەرەو دواوە گێڕاوەتەوەو وڵاتو خەڵکیان بەرەو وێرانکاریو لەناوچوون بردوەو میللەتەکانیان کردۆتە "دیلەکان"ی بڕواو پڕۆژە مەحاڵەکانی خۆیان.

ئەمە نرخی دەستەبژێریی حیزبیو نەرجسییەتی ڕووناکبیریو تەوباویەتی بڕوامەندە، ئەمە نرخی سووربوونە لەسەر نەگۆڕە ڕەهاکان و قسەکردن بەناوی ڕەوایەتیی باڵای نەتەوە، یان پیرۆزکردنی بیرۆکە و ڕووداوەکان، یاخود کەس و کردارەکان، بەو شێوەیەی ڕووناکبیران کارەکانی خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتەکان و ڕژێمەکانی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان پێ ڕاییکرد: ئاکامی پڕۆژەو کۆششەکانیان، لەدەستدانی ڕەوایەتیی خۆیان، یان پەراوێزکەوتنی ڕۆڵیان، یان شکستخواردنو نامۆبوونیان بە واقیع بوو، یاخود بەپێچەوانەوە بووە هۆی ئەوەی ڕووناکبیر دوای سیاسەتمەدار بکەوێت، نەك وەك ڕاوێژکارێك کە قەدری دەزانرێت و بەرز دەنرخێنرێت، یان ئامۆژگاری و ڕێنمایی پێشکەشدەکات، بەڵکو وەك فەرمانبەرێك، یان ڕووکارێکی ڕووناکبیری، یاخود ڕازاندنەوەیەکی فیکری. ئەوانەش کە دەرفەتی دەسەڵاتگرتنە دەستیشیان بۆ ڕەخسا، بەخراپترین شێواز حوکمڕانیانکرد.

بەهەرحاڵ ئەمە خەسڵەت و ڕەفتاری ڕووناکبیری پەیامبەرە لە زۆر شوێنی جیهان: ئەو بەهۆی نەگۆڕە ڕەهاکان و زاتە پیرۆزەکانیەوە، جگە لە وێرانکردن و کاولکردن، شتێکی باشتر نازانێت. نموونەی تازەش، ئەو یابانییەیە کە سوورە لەسەر حەقیقەتی ڕەهای خۆی و مژدەی دواڕۆژمان دەداتێ و داوامان لێ دەکات بەبێ پەشیمانی بەرەو مردن بڕۆین. لێرەوە کێشەی ڕووناکبیر لە دەستەوسانیدایە لەئاست تێگەیشتنی جیهان و شسکتخواردنییەتی لەئاست مامەڵەکردن لەگەڵ پێشهاتەکاندا. واتە لە شێوازە

کـــەموکورِەکانی تێـــڕوانین یـــان نموونـــە نەزۆرکـــەکانی کارکردنیدایـــە. بـــەکورتی کێـــشەی ڕوونـــاکبیر بەپلـــەی یەکـــەم لـــە بیرۆکەکانیدایـــە، بۆیـــە دەبێـــت دەســـتبەرداری ئـــەو بیرۆکانـــە بێـــت کـــە لەســـەریان دەژی، یـــان لانـــی کـــەم پێویـــستە لـــە خوێندنـــەوەی ڕووداوەکـــانو مامەڵـــەکردن لەگـــەڵ جیهانـــدا دەســـتبەرداری زمانە ڕەقهەڵاتوەکەی خۆی بێت.

## فریوی بیرۆكە مەزنەكان

ڕووناكبیر گیرۆدەی تەلیسمی پڕۆژە قەبەكانو مەسەلە مەزنەكانو گوتە سەرتاپگیرەكانە، وەك شۆڕش، ڕزگاركردن، نوێكردنەوە، ڕێنسانس، یەكگرتن، سۆشیالیزم، ئیسلام، كۆتایی مێژوو، سیستەمی جیهانی و هەڵمەتی داگیركاریی كولتووری.

ئەمە باری ڕووناكبیرە، جا ناسیونالیست بێت یان ئیسلامی یاخود گەردوونی، چونكە ئەو شەیدای دروشمە پانوپۆڕەكانە و هۆگری ناوە گەورەكانە. ئەو سەرتاپاگیرانە، یان فەندەمەنتالیستانە، یاخود ناوەندخوازانە بیردەكاتەوە و بەشێوەیەكی ئەودیو سروشتی یان ئەفسانەیی بەڵكو پاكیزەخواز یان پیرۆز، مامەڵە لەگەڵ بیرۆكەكانی خۆی دەكات. بۆیە ئەو باسی نزیكیی دەركەوتنی حەقیقەت، یان ڕۆژگاری ڕزگاریی مەزن، یان بنیاتنانی كۆمەڵگەی سۆشیالیستی، یان سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژووی ئیسلام، یاخود ڕووپێوكردنی هەمەلایەنی ڕووناكبیریی عەرەبیت بۆ دەكات، یان باسی ئەركی پێغەمبەرانەی پەیامبەرانەی خۆیت بۆ دەكات كە ئامانجی یەكگرتنی نەتەوە و بنیاتنانەوەی خود و شوناسە، هەمیشە وەك چەند حەقیقەتێكی دیار مامەڵە لەگەڵ وێناكردن و وێنەكانی خۆی، لەوانەشە لەگەڵ شەبەنگ و وەهمەكانی خۆی دەكات، كە مشتومڕ یان دەستكاریكردن قبوڵ ناكەن، یان وەك ئەو زاتە پیرۆزانە مامەڵەیان لەگەڵ دەكات كە چاوەڕوانی دڵسۆزێكن بۆ ئەوەی وەك دامەزراوەی حەقیقەت، یان مەملەكەتی ئازادیو دادپەروەری بەرجەستەیان بكات.

بەوجۆرە ڕووناکبیر بەردەوام سەرقاڵی ئەو مەسەلە گەورانەیە، کە پەیوەندییان بە سەرتاپای کۆمەڵگە، یان بە تێکڕای نەتەوە، یاخود چارەنووسی سەرجەم مرۆڤایەتییەوە هەیە. ئەو لەگەڵ باڵاڕەوو هەتاهەتاییدایە و دژی کتوپڕ و لاوەکییە. بۆیە ئەو بایەخدەدات بە هۆنینەوەی بیرۆکەکان نەك ڕێڕەوی پێشهاتەکان، سەرقاڵی مەسەلە مەزنەکانە نەك بچووکەکان، پەراوێز و وردەکارییەکان فەرامۆشدەکات، بەئەندازەی ئەوەی باز بەسەر واقعی ژیانی ڕۆژانەدا دەدات. ئەمە جۆرێکە لە لاهوتی سیاسی کە ڕووناکبیرەکان پیادەیانکردووە، بەتایبەتی لە جیهانی عەرەبدا. سەرەنجامەکەشی، پیادەکردنی زەوتکردنی بیرکردنەوەی ئازاد، یان گەمارۆدانی ژیان و لەناوبردنی تاکگەرایی، یان ئامادەنەبوونی توانای ئاڵوگۆڕکردن، یاخود خنکاندنی وزەی خوڵقاندن و بەرهەمهێنان بوو.

بەڵام ئەوەی فەرامۆشدەکرێت و پەراوێزدەخرێت، بەجۆرێك دەگەڕێتەوە بەمێشکی ئەوانەدا نایەت کە بیرۆکەو گوتەکانی خۆیان بەخوادەکەن. ئەوەی بەناوی دروشمە گەورەکانی وەك یەکگرتن و ڕزگاری و ڕۆشنگەریشەوە دووردەخرێنەوە، بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو دەگەڕێنەوە. ڕووناکبیریش یەکەمین کەسە کە کتوپڕ دەکەوێت بەسەر چاوەڕوان نەکراو و پێشبینی نەکراودا: چونکە ڕزگاریی هەمەلایەن بووە مایەی دامەزراندنی چەند کۆمەڵگەیەکی سەرتاپاگیر، گۆڕانکاریی ڕیشەیی بووە هۆی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی کۆن بەخراپترین ڕواڵەتەکانییەوە، ئاکامی یەکگرتنی پیرۆزی سەروو ڕۆژانەکارییەکانی ژیانیش جیاوازی و لێکدابڕانی زیاتر بوو. ئەمەش نرخی فەرامۆشکردنی فیکری ڕۆژانەیە لە خزمەتی گوتە پارادۆکسەکان و مەسەلە پیرۆزەکان و پڕۆژە ئایدیۆلۆژییە هەمەلایەنەکاندا، وەك یەکگرتن، عەرەبایەتی، ئیسلام، نەتەوە، کۆمەڵگە، کۆمۆنیزم و سەرمایەداری: بەرهەمهێنانی گوتارێك کە خاوەن خەسڵەتی چەنەبازی و بۆشی، پیادەکردنی ستەمکاریی فاشیانە و چارەسەرکردنی شکستخواردوانەی نەزۆکی قەیرانەکانە. بەکورتی، داگیرکردنی پرنسیپە پایەبەرزەکان و گشتە باڵاڕەوەکان لەلایەن پەراوێز و وردەکارییەکانەوە، بەبێ ئەوەی بەمێشکی ئەوانەدا بێت کە سەرقاڵی مەسەلە گەورەکان و کارە

مەزنەکانن، هەروەها بەبێ ئەوەی ئەوانە بیری لێ بکەنەوە کە بایەخدان بە فیکری ڕۆژانە بە کەموکوڕی یان تاوان دادەنێن.

ئەمەش سەیرنییە، چونکە فیکر خۆراك لە کرانەوە بەڕووی ڕۆژانە و تیاداژیاو و فەرامۆشکراودا وەردەگرێت. هەروەها لە هەموو ئەو شتانەی ماهیەتە بالاڕەوەکان و شوناسە بێگەردە پاکیزەخوازەکان کار بۆ چەپاندن و پەردەپۆشکردن و وەدەرنانیان دەکەن. فیکر بە هەڵوەشاندنەوەی سیستەمە توندوتۆڵەکان و تێکشکاندنی نموونە مۆمیاکراوەکان و ڕزگاربوون لە کۆتوبەندی بڕوا داخراوەکان و دەستەگەرییە پێکەوە نووساوەکان نوێدەبێتەوە. جا ئەگەر مرۆڤی نوێ شوناسێکی وەك ناوەڕۆکی فیکری بۆ خۆی دانابێت، کە کۆڵەکەکەی گۆڕانکاریی ڕووت بێت و لە کاتی گۆڕینی جیهاندا خۆی بگۆڕێت، یان لەکاتی دامەزراندنی حەقیقەتدا تەماهی لەگەڵ خودی خۆی بکات، ئەوا مرۆڤی هاوچەرخ، بەرامبەر بە کەموکوڕیی بیرۆکەکان و هەرەسهێنانی تیۆرەکان و تەقینەوەی ئەقڵانیەتەکان، دەستیکردوە بە مامەڵەکردنێکی ڕەخنەگرانە لەگەڵ خودو فیکری خۆی و بەشێوەیەکی تایبەتی ئاوڕ لەو ناوچانە دەداتەوە کە ئەهلی فیکر دەیانکەنە دەرەوەی بازنەی بیرکردنەوە. واتە ئاوڕدەداتەوە لە بەڵگەنەویستەکانی تێڕوانینو ناواخنەکانی دەستەواژە، یان ئەوەی ئاخاوتن لێی بێدەنگە و گوتار دەیشارێتەوە.

چونکە بۆ نموونە فیکری فەلسەفی بە کرانەوە بەڕووی ئەوانەدا نوێدەبێتەوە کە نەفرەتیی لێ دەکرد و خۆراکی لێ وەردەگرت. واتە بە کارکردن لەسەر چەند بوارو دامەزراوە و پیادەکردنێك، وەك شێتی و زیندان و پەیوەندییەکانی نێوان دوو ڕەگەزەکە. ئەوەتا زانستەکانیش ئەنجامی کرانەوە بەڕووی ئەو کەرتانە خۆراك بەدەستدێنن، کە پێشتر زاناکان نەفرەتیان لێ دەکردن. چونکە ئەو زانستانە دەستیان بەوە کردوە لە وەرزشەوە هەندێك زاراوە و کەرەستە بخوازن، وەك گۆڕەپان، نیشانەنانەوە، گەمە و سەرچڵی. ڕەچاوی ئەوەش دەکرێت، ئەوانەی خاوەن چاوی ڕەخنەگرانەن، شتە نوێکانی سەر گۆڕەپانی فیکر دەبینن، بەجۆرێك کە دەبێتە مایەی نوێبوونەوەی فیکرو گۆڕینی پەیوەندی لەهەمان کاتدا.

بەو جۆرە فیکر بەهۆی ئەوەوە نوێدەبێتەوە، کە خاوەن تیۆرە

هەمەلایـەنخوازەکان و سیـستەمە توندوتۆڵـەکان و بیرۆکـە ناوەڕۆکخوازەکـان و ماهییەتە ڕووتەکان بەدووریدەگرن. فیکر، بە کارکردن لەسەر ئەو لاوەکییـەی بـەناوی ناوەڕۆکەوە فەرامۆشکراوە، یان ئەو ناماقوڵەی لە ڕوانگەی ئەقڵەوە نەفیکراوە، یان ئەو ئەویترەی بەناوی شوناسەوە دوورخراوەتەوە، یان ئـەو جیـاوازەی بـەناوی یەکگرتنـەوە نەفرەتی لێ کراوە، یان ئەو لقەی لەلایەن ڕەچەڵەکەوە سوکایەتی پێ دەکرێت، یان ئەو ناوازانـەی بـەپێی ڕێسای گـشتی سـەرکوتدەکرێن، یـان ئـەو خەپاڵپلاوییانـەی خۆیـان لەپــشتی چــەمکەوە شــاردۆتەوە، یــاخود ئــەو خەوشــیو کەموکوڕیانــەی نموونــە دەیانشرێتەوە، بۆ ئەوەی ببێتە مۆدیل و نموونە، دەمەوڵەمەند و فراوان دەبێت.

بەم مانایە، فیکر بە تێپەڕاندنی ئەو گوتە و دوانە فیکرییانە نوێدەبێتەوە، کە ڕووناکبیران و تیۆریستەکانی هەڵمەتی داگیرکاریی کولتووری و پێکدادانی ژیوارەکان و ململانێـی نێـوان سۆشـیالیزم و سـەرمایەداری یـان بـەراوردکردنی نێـوان نموونــەی ئیسلامی و نموونـەی خۆرئاوایی کاری پـێ دەکـەن، بەتایبـەتی کـە ئێمـە چوینەتە نـاو سەردەمێکەوە تیایدا جیهانگیریی جیهان زیاتربووە، بەتایبەتی لەسەر ئاستی ئابووریو ڕاگەیـانــدن.

بەهــەرحاڵ، شوناســێکی ڕوونــاکبیریی بێگــەردی ڕوون لەئارادانییــە کــە شوناسەکانی تر تیخی نەکەن. لە هـەر ڕووناکبیرییەکدا هـاوردە یـان بیـانی هەیـە، کـە لەکۆتاییــدا دەبێتــە ڕەســەن و بۆمــاوە. بــەڵێ تەحــەددا و پێــشبڕکێیەك لــەنێوان کولتوورەکاندا هەیە، بەڵام ئـەوە پێکـەوەژیان و کـارلێککردنی نێوانیـان ڕەت ناکاتـەوە. بێگومـان کولتـووری بـەهێز، مەبەسـت ئەوەیـە کـە بـە خوڵقانـدن و بەرهـەمهێنان نوێدەبێتەوە و دەبوژێتەوە، توانای بڵاوبوونەوە و کاریگەریخستنە سـەر کولتوورەکـانی تــرە و دەشــێت زاڵبێــت بەســەریاندا، بەتایبــەتی ئەگــەر ئــەو کولتوورانــە بەدەســت ڕەقهــەڵاتن و لاوازییــەوە بنــاڵێنن، جـا نـاوی هەڵمـەتی داگیرکـاری لـەوە بنـێین یـان کارلێککردن.

بەڵام ململانێی نێوان شوناسە کولتوورییەکان یـان نموونـە ژیوارییـەکان، مانـای ئەوە نییە شوناسی کولتووریی یـەکێك لـە کۆمەڵگـەکان بـەلای تاکەکانیـەوە بەهەشـتە، چونکە کۆمەڵگە برایەتییەکی هاوکاریخواز یان کۆمپانیایەکی گرێبەستانە نییە، بـەڵکو

کۆمەڵێك بنەما و پەیوەندی و میکانیزم و پیادەکردنە، کە جیاوازی و بەکاربردن و چەوساندنەوە و ستەمکاری، وێڕای کێشمەکێش و ململانێ، بەرهەمدێنن. ململانێکەش هەمیشە لەسەر بیرۆکەکان نییە، بەڵکو بەتایبەتی لەسەر خێروبێر و سامان و دەسەڵاتەکانیشە، لەنێویاندا دەسەڵاتی فیکر و مەعریفە. بەڵێ هەندێك ماناو بیرۆکە هەن، چونکە مرۆڤ لەنێو بیرۆکەکاندا و بەهۆی بیرۆکەکانەوە دەژی، بەوپێیەی پەیوەندیی ئەو لەگەڵ خۆی و جیهانەکەی لە بنەڕەتدا پەیوەندییەکی فیکرییە.. بەڵام ماناکان ئەو ناوەڕۆکانە نین کە بەخودی خۆیان دامەزرابن، بەڵکو گرەون گرەویان لەسەر دەکەین و لە لۆژیکی هێز و ویستی هەژموونخوازی جیانابێتەوە. هەروەها بیرۆکە قەوارەیەکی باڵاڕەو یان نموونەیەکی کامڵ نییە، بەڵکو بەرەنجامی پەیوەندییەکانمانە لەگەڵ خۆمان و ئەوانیتر و جیهانو کۆی خۆشەویستی، بڕوا، مەعریفە، دەسەڵات، فرمان و هیوایە.

بەمجۆرە بیرۆکەکان لە ویستی هەژموونخوازی و بێوێنەبوون یان جیاکارەبوون جیانابنەوە. ئەوانەی ئەمەش ڕەتدەکەنەوە، ویستی هەژمونگەرانەی خۆیان دەشارنەوە، یان بیانوو بۆ ویستە باوە دامەزراوەکان دێننەوە. بیرۆکەکانیش گرنگیی لەوەوە بەدەست ناهێنن کە حەقیقەت یان واقعی بابەتی ئاشکرادەکەن، بەڵکو لەوەوە بەدەستیدێنن کە بەشداریی لە بەرهەمهێنانی حەقیقەتەکاندا دەکەن، بەوپێیەی دروستکردنی بیرۆکەکان لەهەمان کاتدا دروستکردنی واقیعە. ئەوانەی بەشداریشدەکەن لە دروستکردنی واقیعدا ئەوانەن، کە دەتوانن بیرۆکەکانی خۆیان بگۆڕن یان بەباشی بەڕێوەیانبەرن و ڕاییان بکەن، مەبەستم ئەوەیە لەسەر خودی زەویی ڕووداوەکە سەرلەنوێ دایاندەڕژنەوە و دایاندەهێنن. لەبەرئەوەی بیرۆکەکان بەتەنیا گۆڕانیان بەسەردا نایەت، بەڵکو شێوەکانی پەیوەندی لەگەڵیان و شێوازەکانی مامەڵەکردن لەگەڵیشیان گۆڕانیان بەسەردا دێت. لێرەشدا، بەئەندازەی گۆڕانی مامەڵەکردن لەگەڵیان، پەیوەندی لەگەڵ حەقیقەت گۆڕانی بەسەردا دێت، بەشێوەیەك کە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی واقعێکی نوێ.

بەڵام پاسەوانانی بیرۆکەکان، ئەوانەی سوورن لەسەر تیۆرە ڕووتەکانو نموونەبێگەردەکان، جگە لە شکستخواردن و تێکشکان شتێکی تر ناچننەوە، بەڵکو

دەبنە قوربانیی خودی بیرۆکەکانی خۆیان. ئەگەرنا، چۆن ئەوە لێکبدەینەوە، کاتێک رووناکبیر لەپشت بیرۆکەکانی خۆیەوە سەنگەرلێدەدات یان داوای جێبەجێکردنی مۆدێلەکەی خۆی دەکات، هەمیشە مەسەلەکەی خۆی دەدۆڕێنێ. ئەوە ئەقڵییەتی مۆدێل و هۆی دەردەکەیە، چونکە ئەوەی لەکۆتاییدا گرنگە، دەستگرتن نییە بە مۆدێلێکی دیاریکراو، یان قاڵبێکی تایبەتی، یاخود سیستەمێکی تایبەتی و شێوەیەکی دیارەوە، بەڵکو دەستدانی بەردەوامی لەقاڵبدان و مۆدێلسازی و پێکهێنانە، واتە داهێنانی مۆدێلەکان و دارشتنی قاڵبەکان و داهێنانی شێوەکانە. ئەمەش کاری خولقاندنە بەهۆی رەتکردنەوەی مۆدێلی ژیواریی بالادەست یان جنێوپێدان و سوکایەتیپێکردنی ئەنجام نادرێت، بەڵکو بەسوودوەرگرتن لەو مۆدێلە و رەخنەلێگرتنی لە هەمان کاتدا. ئەوە بە کارکردن لەسەر مۆدێلە جۆربەجۆرەکان و رەخنەلێگرتنیان کاری لەسەر دەکرێت، بێگومان لەپێش هەموویانەوە مۆدێلە ژیوارییەکەمانە، کە کاریگەری و راستبێژیی خۆی، واتە توانای خولقاندن و بەرهەمهێنانی، لەدەستداوە. بەڵگەی ئەوەش، هێشتا لەم سەردەمەدا ئەوەمان پێشکەش بە جیهان نەکردوە کە خۆمانی پێ بسەپێنین، جا ئەوە بیرۆکە یان فۆرمێک، کاڵا یان ئامرازێک بێت.

## یوتۆپیاکانی جێبەجێکردن

جێبەجێکردن یەکێکە لە بەڵگەنەویستەکانی فیکرو کارکردنی ڕووناکبیرانو بانگەشەکاران، مەبەست بانگەشەکارانی دیموکراسی، سوشیالیزم، یەکگرتن، یان ئیسلامە.. چونکە ڕووناکبیر لەسەر ئەو بنچینەیە بیردەکاتەوەو هەڵسوکەوتدەکات، کە چەندین گوتەی ڕاست یان تیۆری بەجێهاتوو یان مۆدێلی ژیواری وەها هەن، دەکرێت لە گۆڕەپانی کاری سیاسیدا، یان لەسەر زەویی واقعی کۆمەڵایەتی جێبەجێبکرێن، یان بەسوودن بۆ گشتاندنو گوێزانەوە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی تر، یاخود لە ژینگەیەکی ژیوارییەوە بۆ یەکێکی تر.

ئەوە وەهمی تەماهیکردنو هاوجووتبوونی خاوەن ڕەگی ئەفلاتونیو بنچینەی دیکارتیو تیۆریزەی هیگڵیو جێبەجێکردنی مارکسیستانەیە. مەبەستم لەم وەهمە، بڕوابوونە بەوەی گوتە گشتییەو بەسەر بەشەکانیدا جێبەجێدەبێت، یان چەمکێکە خاوەنی ڕاستێتیی خۆیەتی، یاخود وێنەیەکی زەینە لەگەڵ بوونە بابەتییەکانو پێشهاتە هەستپێکراوەکاندا هاوجووتە. ئەم وەهمە لەسەر زەوی بەشێوەی ئابڕووچوونەکانو پێشێلکردنەکانی ئەو پرنسیپو بەهاو تیۆرانە بەرجەستەبووە، کە ڕووناکبیران کۆششیان بۆ جێبەجێکردنیان کردوە، لە مارکسو شوێنکەوتووەکانییەوە بیگرە تا دەگاتە جیڤاراو کاسترۆ، هەتاکو دواهەمینیان لە ڕۆژگاری ئیمڕۆماندا، مەبەستم نووسەری پیرۆیی ماریۆ فارغاس لۆزایە، کە پێدەچێت پەندی لە ئەزموونەکانی ئەوانیتر وەرنەگرتووە، بەڵکو هەوڵیداوە وەك ڕووناکبیر یان نووسەرێك بیرۆکەکانی خۆی لە گۆڕەپانی پراکتیکیو سیاسیدا جێبەجێبکات، ئەنجامەکەش شکستخواردنی تەواوەتی بوو و سەرەنجامەکان بەڕادەیەك بوون کە بە خەیاڵدا نەدەهات. چونکە ئەوەی لەسەر کاغەز دەنووسرێت، پەیوەندیی بەوەوە نییە کە

لەسەر زەوی دەگوزەرێت، شکستخواردنیش ناگەڕێتەوە بۆ بەهەڵە تێگەیشتن یان جێبەجێکردن، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ "شکستخواردنی خودی بیرۆکەکان"، وەك ماریۆ فارغاس لۆزا پاش شکستخواردنە گەورەکەی لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی وڵاتەکەیدا(١) دانی پیادا دەنێت.

ماریۆ فارغاس لۆزا کارێکی چاکی کرد، واتە بەچاکی ئەزموونەکەی خۆی خوێندەوە: شکستخواردن لە جێبەجێکردندا نییە، بەڵکو لەو بیرۆکانەدایە کە جێبەجێدەکرێن بۆ ئەوەی لە بنەڕەتدا شکست بخۆن. ئەمەش بەپێچەوانەی بڕوای خاوەن پڕۆژە ئایدیۆلۆژییەکانەوەیە (بەتایبەتی لای خۆمان)، چونکە بەرامبەر بە شکستخواردنی وێناکردنە ناسیونالیست یان سۆشیالیست یاخود ئیسلامیەکانیان، بەوە ڕاهاتوون عەرەب و عەرەبایەتی، یان ئیسلام و موسڵمانەکان، یاخود سۆشیالیزم و سۆشیالیستەکان لێك جیابکەنەوە، بەجۆرێك کە تیایدا بیرۆکە بەڕاست دادەنێن و تیۆر لە کەوتنە هەڵەوە بەدووردەگرن، بۆ ئەوەی واقیع و خەڵك، یان هەلومەرج و ڕۆژگار تاوانباربکەن.

هۆی ئەو لێك جیاکردنەوەیەش ئەوەیە، وێناکردنی شت لە بنەڕەتدا هاوجووت نییە لەگەڵ واقیعەکەیدا، چونکە کەلێنێك لەنێوان ئەوەی هەیە و چەمکەکەدا هەیە، یان باشترە بوترێ کەلێنێك لەنێوان ئەوەی هەیە و ئەوەی دەوترێ یان دەنووسرێ لەئارادایە. ئەم کەلێنەش، ئەندێشەکان و وەهمەکان و شەبەنگەکان و خەیاڵپلاوییەکان پڕیدەکەنەوە. ئەمەش وادەکات کە هاوجووتبوونی هێما و هێماپێکراو، یان نووسراو و لەسەر نووسروا مەحاڵ بێت. سەرباری ئەوە، ئەوەی بیری لێ دەکەینەوە و وێنایدەکەین، یان ئەوەی بۆچوون و مەبەستمانە، هەرگیز لەوە جیانکرێتەوە کە ئەزموونیدەکەین یان بەشداریی تێدا دەکەین، یاخود ئەوەی دەیچێژین و بەدەستییەوە دەناڵێنین. ئەوە کۆمەڵێك پەیوەندیمانە بە خود و جەستەی خۆمانەوە، بەویتر و هاوشێوەکانمانەوە، بە بوونەوەر و شتەکانەوە. مانای ئەوە، واتە مانای ماناکە، ئەوەیە کە بیرۆکە بەدەستەوەگرتنی حەقیقەتی واقیع، یان چنینەوەی مانای بنەڕەتی، یاخود بەدەستهێنانی واتای ڕاستەقینە نییە، بەڵکو هەمیشە دەکەوێتە بەر تیخکردنەکانی نەفامییەکانی خۆشەویستی و

خەیاڵپلاوییەکانی عیشق، یان ویستی هەژمونخوازی و جیاکارەبوون، یاخود مەراقەکانی ئاسایش و دوودڵیی ئارەزوو و هیوا.

بۆیە چاکترە بوترێ، چەمکەکان کەرەستەکانی خوێندنەوە، یان خواستنەکانی توخنکەوتن، یاخود میکانیزمەکانی گۆڕینن. واتە ستراتیژەکانی گۆڕینی پەیوەندیی ئێمەن لەگەڵ فیکر، بەئەندازەی ئەوەی پەیوەندیمان بە واقیعو حەقیقەتەوە دەگۆڕن. بەم مانایە دەکرێت بوترێت، بیرۆکەکان بەئەندازەی کارکردن بۆ پێکهێنانی واقیع پێکدێنو بەئەندازەی دروستکردنی چەند پەیوەندییەکی نوێ لەگەڵ شتەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، بەجۆرێك کە هەمیشە برێك خەیاڵکردنەوە و داهێنان لەئارادەبێت. مەبەست خەیاڵکردنەوەیە دەربارەی جیهان و سەرلەنوێ خوڵقاندنەوەیەتی لە ڕێگەی دەقو گوتار، یان وێنە و زانیاری، یان دامەزراوە و بونیاد، یان ئامراز و تەکنۆلۆژیا، یاخود پیشەسازی و کاڵاوە.

جا لەبەرئەوەی بیرۆکەکان وەهان، واتە واقعی نین و لەگەڵ واقیعدا هاوجووت نین، بۆیە جێبەجێکردن قبوڵ ناکەن، بەڵکو ملکەچی گۆڕانکاریی بەردەوامن، واتە ملکەچی سەرلەنوێ بەرهەمهێنان و داهێنانن. کەواتە مەسەلەکە مەسەلەی جێبەجێکردن نییە، بەئەندازەی ئەوەی مەسەلەی پێکهێنان و خوڵقاندن، یان دامەزراندن و بنیاتنانە. ئەوانەش کە کۆششیانکردوە بۆ جێبەجێکردنی تەواوی بیرۆکەکان، ئەوا لە بواری کارکردندا گۆڕیویانن بۆ دژەکانیان. چونکە ئەوەی پێیوابووە دیموکراسی فۆرمێکە دەکرێت بگوێزرێتەوە ستەمکاریی پیادەکردوە، ئەوەی وەهمی ئەوەی هەبووە عەلمانیەت بیرۆکەیەکە دەکرێت هاوردەبکرێت بەشێوەیەکی لاهوتیانە پەیوەندیی لەگەڵ بەستووە، ئەوەی وەهمی ئەوەی هەبووە ئەقڵانیەت چەند پرنسیپێکی گشتییە بەکاردەهێنرێن یان چەند پێوانەیەکە کاریان پێ دەکرێت، بەبێ ئەوەی بەبیریدا بێت ناماقوڵ کتوپڕ بەرۆکی گرتووە.

ئەمە باری کەسانێکە، وەك چەند ڕێسایەکی گشتی یان مۆدێلی کامڵ، کە شایستەی چاولێکردنو جێبەجێکردن یان کۆپیکردن و گشتاندنن، مامەڵە لەگەڵ بیرۆکەکان دەکەن. ئەوانەی لەم ڕووەشەوە توندڕەوبوون، ئەوانەن کە بڕوایان وایە تاك یان کۆمەڵە تاکێك، سەرکردەیەکی ئیلهامبەخش یان سەرۆکێکی شۆڕشگێڕ،

پێشڕەوانێکی تێکۆشەر یان دەستەبژێرێکی بڕوامەند دەتوانن، ئەنجامی جێبەجێکردنی هەندێك پرنسیپو بیرۆکە، کۆمەڵگەیەك دامەزرێنن یان دەوڵەتێك بنیاتبنێن. بەری ئەمجۆرە بڕوایە، وەك ئەزموونەکانی کۆن و نوێی خۆرهەڵات و خۆرئاوا دەیخەنەڕوو، چەند پرنسیپێکی پێشێلکراو و چەند تیۆرێکی غەدرلێکراو و چەند دروشمێك بوو، کە هەلگرانی خستیاننە ژێر پێ. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە، کۆمەلگە گشتێك نییە کە لە بەشەکانی پێکدێت، یان جەستەیەك نییە کە لە کۆئەندامەکانی پێکدێت. بێگومان بنەڕەتێکیش نییە کە لە لقەکانیدا بەرجەستەدەبێت، یان گشتێك نییە بەسەر بەشەکانیدا جێبەجێبکرێت.. بەڵکو کۆمەڵێك کایە و کەرت، یان دەسەڵات و لێهاتوویە. کۆمەلگە تۆڕێك بونیادو کۆمەڵێك پەیوەندی و ڕایەڵەیە کە بەردەوام زۆردەبن و فراواندەبن، یان هەمەڕەنگ و جیاوازدەبن و بنیاتنان و ئاڵۆزییان زیاتردەبێت، بەجۆرێك ئەو وێناکردن و وێنەکێشانە تێدەپەڕێنێ کە بۆی دەکرێت و بەشێوەیەك کە گشت پۆلێنکردن و قاڵبو یاسادانانەکان تێدەپەڕێنێ.

ئەمەش مانای ئەوەیە، ئەو بیرۆکانەی کار بۆ کارپێکردنیان دەکەین، تەنیا چەند پرنسیپ یان ڕێسایەك نین، هەروەها تەنیا چەند نموونە یان قاڵبێك نین، بەڵکو لەڕاستیدا دەستدانەکانی کارکردنن، بەئەندازەی نوێکردنەوە و سەرلەنوێ دارشتنەوەیان کاری خۆیان دەکەن. ئەوانە چەند ستراتیژێکن بۆ گۆڕینی پەیوەندییەکان ناو یەکێك لە کایە یان کەرتەکان، یاخود لەسەر یەکێك لە ئاستەکان، نەك لەسەر ئاستی کۆمەلگە بەگشتی، چونکە هیچ کۆمەلگەیەك بەگشتی و بەشێوەیەکی ڕیشەیی ناگۆڕێت. بەم مانایە، بیرۆکەکان دەبنە چەند گرەوێك، کە پەیوەندییان بە بونیاد و کایەکانی کۆمەلگەوە هەیە، ئەمەش بەو مانایەی لای پیار بۆردیو هەیە، واتە گرێدراوی پێگە، میرات، دەستکەوتەکان، بژارەکان و هەڵوێستەکانی چالاکوانە کۆمەڵایەتیەکانە. جا ئەگەر بمەوێ پیار بۆردیو ڕاڤەبکەم یان وەبەربهێنم، ئەوا دەتوانم بڵێم، بیرۆکە لەکۆتاییدا "بونیادێکە، بەڕادەی ئەوەی بنیاتدەنێت، بنیاتدەنرێت"، واتە بونیادێك هاوکات کاردەکاتو کاری تێدەکرێت(٢)، ئەمەش وای لێ دەکات هەمیشە بنیاتنان و ئاڵۆزیی یان توندوتیژی و چڕیی زیاتربێت.

بێگومان ئەو بیرۆکە گرنگەی ئەنجامی ئەزموونێکی دەوڵەمەند یان داهێنانێکی سیاسی دێتەئاراوە، لەکۆتاییدا ڕاستبێژیی خۆی بەدەستدێنێت، مەبەستم ئەوەیە دەشێت لە دەرەوەی خاکەکەی و شوێنی سەرهەڵدانی خۆی دەسەپێنێت. بۆ نموونە، دیموکراسی، چونکە ئەوە بیرۆکەیەکە هێشتا و سەرباری کۆنی و ڕەسەنیی سەرقاڵمان دەکات.. بەڵام خۆ دیموکراسی ڕاستبێژیی خۆی، واتە ڕەهەندی جیهانیی خۆی، لەوەوە بەدەست ناهێنێت کە گوتەیەکی گشتییە، بەڵکو لەوەوە بەدەستیدێنێت کە فۆڕمێکی دەگمەنە، ڕەسەنایەتی و داهێنان لەخۆدەگرێت. بۆیە ئەو جێبەجێ ناکرێت، بەڵکو پێویستی بەوەیە لەکاتی گوێزانەوەیدا بۆ دەرەوەی ژینگەی یەکەمی سەرلەنوێ دابهێنرێتەوە و دابڕێژرێتەوە. واتە بەپێی دەرهاویشتە کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیرییەکانی ژینگەی نوێ، پێویستی بە موتوربەکردن، یان چاککردن، یان گونجاندن هەیە. بەئەندازەی سەرلەنوێ دارشتنەوەی دیموکراسیش لە بۆتەی ئەزموونی مێژوویی جیاوازدا، دیموکراسی بەشداریدەکات لە پێکهێنانی ئەو واقیعە سیاسییەی مەبەستە بەدیموکراتی بکرێت، بەجۆرێك کە بیرۆکەی دیموکراسی بەئەندازەی کارکردن کاری تێ دەکرێت، بەئەندازەی بنیاتنان دەکەوێتە بەر کاری بنیاتنان. ئەمە باری بیرۆکە گرنگە بەپیتەکانە، کە بەئەندازەی سەرقاڵبوون پێیانەوە کاریان تێ دەکەین، بەئەندازەی بیرکردنەوەش بەهۆیانەوە بیریان لێ دەکەینەوە.

ئەمە ئەگەر هێشتا دەرفەتێك هەبێت بۆ ئاخاوتن دەربارەی دیموکراسی لە جیهانێکدا، کە بە تێپەڕاندنی ڕێساکان یان پەراوێزخستنی چوارچێوەو میکانیزمە باوەکانی وەك پەرلەمانەکان و هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسییەکان، وێڕای دوانەی زۆرینەو کەمینە یان گوتەکانی ویستی نیشتمانی و نوێنەرایەتیکردنی میللی و هۆشمەندیی چینایەتی، پێکدێت.

بەهەرحاڵ، چیتر بڕیارەکان وەك جاران نادرێن، واتە مەسەلەکە پەیوەندیی بە چەند خودێکی باڵاڕەو یان چەند هاوڵاتییەکی ئازادەوە نییە، کە بەپێی ئەقڵی خۆیان بیردەکەنەوە و بەویستی خۆیان بڕیاردەدەن. یەکەم لەبەرئەوەی دەسەڵات کۆمەڵە بڕیارێك نییە کەمایەتیی حوکمڕان بیدات، بەئەندازەی ئەوەی تۆڕێکی پەیوەندییەکانی هێزە کە لەناو درێژی و پانی و قوڵایی ڕووبەری کۆمەڵایەتیدا

پێکــدێت و بڵاودەبێتــەوە. دوەم لەبەرئــەوەی کۆمەڵگــە تــەنیا گرێبەســتی نێــوان ویستەکان نییە و تەنیاش کۆمپانیا یان قوتابخانەیەك نییە، بەئەندازەی ئەوەی چـەند نەخشەیەکە بۆ پێگەکان، چەند ناوەندێکە بۆ شڵەژان، چـەند هێزێکـە بـۆ فشارهێنان، چـەند خاڵێکـە بـۆ بـەرگریکردن، شـوێنێکە بـۆ جیاکـاری و پلەبەنـدی، جێگەیەکـە بـۆ دابەشــکردنی پۆســت و بەشــەکان، یــان شــانۆیەکە بــۆ بەلارێــدابردنی ڕۆڵــەکان و پەردەپۆشکردنی پەیوەندییەکانی نێوان چالاکوانەکان.

لـەوەش گـرنگتر، ئیمـڕۆ خـودی جیهـان بەشـێوازێکی جیـاواز لـەوەی سـەرەتای سـەردەمی نـوێ دروسـتدەکرێت و پێکـدێت. ئـەو ڕۆژگـارە کێـشەکە ئـەوە بـوو مـرۆڤ لەدەسـت دەسـەڵاتی لاهـوت و دامـەزراوەکانی ڕزگـاری بێـت و ڕووبـەڕووی سروشـت ببێتەوە، بـۆ ئـەوەی بتوانێـت بـە یاسـاکانی ئاشـنابێت و کـۆنترۆڵی بکـات، بەمەبەسـتی بەکاربردنی داهاتەکانی و دەرهێنانی وزەکەی. کەچـی مـرۆڤ بەئەنـدازەی سـەرکەوتنی لەم کارەدا، بەشداریکرد لە هێنانەئارای جیهانێکدا کە خاوەن لۆژیك، سیستەم، بونیادو میکانیزمەکانی کارکردنی خۆیەتی. ئـەم جیهانـە، کـە وای لێهاتووە واقعیبـوونی خـۆی هەبێتو خۆی بەسـەر مرۆڤـدا بـسەپێنێت، بریتییـە لـە خـولی بەرهـەمێنان، یاسـاکانی بـازاڕ، بزووتنـەوەی بۆڕسـە، سـروتەکانی کـاڵا و ئـارەزووە کورتخایەنـەکانی بـەرخۆری. ئەمە سەرباری میکانیزمەکانی ساخکردنەوە و دیکتاتۆرییـەتی ڕاگەیانـدن و زاڵبـوونی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنو جارڕدان. ئەمەش بووە مایەی کەمکردنەوەی سەروەریی مرۆڤ، جـا بەرامبـەر بـەخۆی بێـت یـان سیـستەمی جیهـان و لـۆژیکی شـتەکان. بەهـەرحاڵ، پێدەچێت سەروەری بۆتە هی ڕاگەیاندن کە ڕووی دەرەوەی ڕووکارەکەیـە. بۆیـە چیـتر بڵاوکردنەوەی مەعریفە لەئەسـتۆی ڕۆژنامـە یـان کتێـب یـاخود زانکـۆدا نییـە، بـەڵکو کەوتۆتە دەستی ڕاگەیاندن کە بەهۆی تۆڕ و تەلەفزیۆنەکانەوە ئەرکی بەرهەمهێنان و دروستکردنی زانیارییەکان دەگرێتە ئەستۆ.

هـەموو ئەوانـەش وادەکـەن، لەبـەر ڕۆشـنایی پێـشهات و پیـادەکردنو بـوارە نوێکانـدا، سـەرلەنوێ پێناسـەی دیموکراسـی بکرێـت، چـونکە ڕەتکردنـەوەی پێـشهاتە نوێکان، بەناوی بەرگریکردنـەوە لـە دیموکراسیی نموونـەیی، وەك ئـەوەی ڕوونـاکبیری خۆرئاوایی (فەرەنسی یان ئەمریکی) دەیکات و باسـی مـەحاڵیی بنیاتنـانی دیموکراسـی

بە ئەقلّییەتی "دیموکراسی"ی سەلەفیانەمان بۆ دەکات، بێسوودە. هەروەها گریان و خەفەتخواردن بۆ پێشڕەو و ڕووناکبیری و نەتەوە و میللەتیش، بەوجۆرەی ڕووناکبیری عەرەبی بەشێوەیەکی تایبەتی دەیکات، بێکەڵکە. چونکە ڕەتکردنەوە یان گریان و خەفەتخواردن بێمانایە و تەنیا جەغتکردنەوەیە لەسەر دەستەپاچەیی پێشڕەو، یان سەیرکردنی پێشێلکردنی دیموکراسی و ئازادییە، یان پاشەکشەی زیاتری نەتەوە و وێرانکردنی زیاتری کۆمەڵگەیە.

مەسەلەکە بەجۆرێکی تر نابێت، لەبەرئەوەی ڕووناکبیر بە ئەقلّییەتی فەندەمەنتالیستانە، یان چەند چەمکێکی کۆن، یاخود زمانی نیمچە لەناوچوو مامەڵە لەگەڵ جیهان و سەردەمدا دەکات. بۆیە باشترە پێشهاتەکان ڕەت نەکەینەوە، بەڵکو لەبەر ڕۆشنایی پێشهات و ڕووداوەکانی جیهاندا سەرلەنوێ بیر لە دیموکراسی و کۆمەڵگە و دەوڵەت بکەینەوە، ئەمە وێڕای بیرکردنەوە لە ڕووناکبیری و شوناس و پێشڕەو. هەروەها چاکترە بیر لەوە بکەینەوە کە ڕوودەدات، بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ فیکر و ڕووداو لە هەمان کاتدا. لەبەرئەوەی بیرکردنەوە بەیەکێك لە ماناکان، خوێندنەوەیەکی ڕووداوە کە ڕزگاریدەکات لە لۆژیکی پەیام، بڕوا، بانگەواز، ویلایەت، پاراستن، ڕەتکردنەوە یان دژە ڕەتکردنەوە.

کەواتە با ڕووناکبیر دەست لەوە هەڵبگرێت بەهۆی گوتە و دروشمەکانی خۆیەوە جیهان بەفیکرکردنێ، چونکە بیرۆکە زاڵ نابێت بەسەر ڕووداودا، مۆدێل بوونەوەر بچووك ناکاتەوە. ئەمەش وادەکات دوانەی تیۆر و جێبەجێکردن تێپەڕێنرێت، بۆ ئەوەی بە ئەقلانیەتێکی پەیوەندیخوازی پراکتیکی ئاڵوگۆڕخواز مامەڵە لەگەڵ واقیع بکرێت، چونکە بیرۆکەکان چەند نموونەیەك نین بۆ جێبەجێکردن یان چەند پرۆژەیەك نین بۆ هێنانەدی، بەڵکو چەند ئاسۆیەکن دەکرێنەوە و چەند دەستدانێکن دەدۆزرێنەوە، کە دەبنە مایەی خوڵقاندنی ماودایەك بۆ بوون، یان گۆڕانی مەرجەکانی کارکردن، یان شێوازەکانی چارەسەرکردن و مامەڵەکردن. بیرۆکەکان دادگاییکردنەکانی ڕابردوویەکی بەسەرچوو یان بەرجەستەکردنی داهاتوویەك نییە کە بەڕێوەیە. لەگەڵ ئەوەشدا مانەوە نییە لە ئێستایەکی بەردەوامدا، بەڵکو ئەوەیە کە لەواقعی ئێستادا دەیگەینێ، یان ئەوەیە کە

ماوەی نێوان ئەوەی روویداوە و دەشێت رووبدات پڕدەکاتەوە. کەواتە بیرۆکەکان چەند دەستدانێکن، نەك بەمانای ئەوەی دەکەونە ژێر تاقیکردنەوەوە و لە داهاتوودا بەرجەستەدەبن یاخود نا، بەڵکو بەمانای ئەوەی بونیادێکن بۆ گۆڕانکاریی بەردەوام، واتە دەستدانی گۆڕان و گۆڕانکارییە، کە بۆخۆیشی بەهۆی ئەو گۆڕانەی دەیخاتەوە، ملکەچی گۆڕان و گۆڕانکاری دەبێت. بەم مانایە، بیرۆکە مۆدێلێکی کامڵ یان مانایەك نییە بەخودی خۆی دامەزرابێت، بەئەندازەی ئەوەی مۆدێلێکە تێکدەشکێت، یان مانایەکە ئەنجامی جیاوازیی ئەزموون و پیادەکردنەکان لەگەڵ خودی خۆی جیاوازە. لێرەوە هیچ بیرۆکەیەك بەبێ دەستکاریکردن یان گۆڕانکاری، بەبێ خیانەتکردن و پێشێلکردن، واتە بەبێ خولقاندن و داهێنان وەرناگێڕرێت.

ئەوانەی پێیانوایە دەتوانن چەند ئامانجێکی پارادۆکسانە بۆ خۆیان دابنێن و کۆشش بۆ هێنانەدییان بکەن، دەبنە دیلی بیرۆکەکانی خۆیان و تەنیا ئەوانە لەبەردەمی خۆیاندا دەبیننەوە کە هەوڵیانداوە دووریانبخەنەوە یان کۆششیانکردوە بیانگۆڕن. ئەوانەش کە سوورن لەسەر بیرۆکە بالآرەوەکان و رەچەڵەکە وەهمییەکانیان، بەبیانوی ئەوەی چەند گوتەیەکی راستن و خەڵك بەهەڵە تێیاندەگەنو جێبەجێیاندەکەن، جگە لە هەستکردن بە شکستخواردن و دڵشکاویی هەست بەهیچی تر ناکەن. ئەمەش باری کەسی خاوەن یوتۆپیایە بەگشتی: ئەو هەڵدەدات ئەو بیرۆکانە جێبەجێبکات کە جێبەجێکردنیان سەختە، لە بەرامبەر شکستخواردنی بیرۆکەکەشدا گۆشەگیردەبێت کە ئەوپەڕی رووتانەوەیە، یان هەوڵدەدات بەهێز بیرۆکەکەی خۆی بسەپێنێ، کە ئەوپەڕی ستەمکارییە. ئەمەش مەترسیی یوتۆپیایە لە هەردوو بارەکەدا: باری گۆشەگیری و باری جێبەجێکردن.

## پەراوێزەکان:

١- ئەم قسەیەی لەمیانەی چاوپێکەوتنێکدا هاتووە، کە دەربارەی بیرەوەرییەکانی لەگەڵی سازکراوە. بڕوانە وەرگێڕانە عەرەبییەکەی چاوپێکەوتنەکە، کە عصام مەحفوز کردویەتی بە عەرەبیو لە رۆژنامەی "النهار"ی رۆژی شەممەی رێکەوتی ١١ی شوباتی ١٩٩٥دا بلآوبۆتەوە.

٢- سەبارەت بە بیروراکانی پیار بۆردیو، بڕوانە کتێبەکەی: ئەقڵە پراکتیکییەکان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، بەشی پێنجەم.

## ڕووناکبیر وەك زەوتکراو

ڕووناکبیر وەك پاسەوانی بەهاو مافەکان، بەواقیع ڕازی نییە، چونکە: هەمیشە ئەوەی ڕوودەدات، ناکۆکە لەگەڵ ئەوەی پێویستە هەبێت، واتە لەگەڵ ئەو نموونە بەرزو مۆدێلانەی بۆ کۆمەڵگەو جیهان بەخەیاڵیدا دێن. بۆیە گەلێك جار ڕووناکبیران باسی ئەو "زەوتکردن"ەمان بۆ دەکەن کە دەوڵەتو ڕژێمەکان یان ئامێر و تەکنۆلۆژیا، یاخود ڕەوڕەوەی بەرهەمهێنان و ئیمپریالیزمی وێنە دژی تاك پیادەیدەکەن، وەك باری کۆمەڵگە خۆرئاواییەکان. کەچی ڕووناکبیری عەرەب باسی ئەو زەوتکردنەمان بۆ دەکەن کە هێشتا شۆکی ژیواری، هەڵمەتی کۆلۆنیالیستانە، یان نەشتەرگەریی لیبرالیستانە، یا هەڵمەتی داگیرکاریی کولتووری پیادەیدەکات، وەك بارودۆخی ئیمڕۆ.

سەبارەت بەم بارودۆخەی مرۆڤ تیایدا ویستو ئازادی یان شوناس و کولتوورەکەی زەوتدەکرێت، ڕووناکبیر خۆی لەبەردەم دوو بژاردا دەبینێتەوە: کۆششکردن بەفیکرو هەڵوێستەکانی خۆی بۆ گۆڕینی واقیع، وەك ئەوەی هەمیشە بانگەشەکاران و بەشدارانی پرۆژەکانی ڕیفۆرم و گۆڕانکاری دەیکەن، یان گۆشەگیری هەڵدەبژێرێت، بۆ ئەوەی پەراوێزبوون و غەریبیی خۆی بەرامبەر بەوە پیادەبکات کە ڕوودەدات، لەبەرئەوەی پێیوایە لەم جیهانەدا دەرفەتێك بۆ خستنەگەڕی نموونە بەرزەکانی یان هێنانەدیی خواستەکانی نییە.

چەمکی زەوتکردن پشتئەستوور بە بەڵگەنەویستێك دادەمەزرێت کە بەباشی ئەتك دەکرێتو بریتییە لەوەی حەقیقەت ناوەڕۆکێکی بێگەردە پێش گەڕان بەدوای حەقیقەتدا دەکەوێت، ماف مانایەکە کاملە لە سەروو ڕووداوەوەیە، شوناس شێوەتەرزێکە لەپشت مرۆڤەوەیە و دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگاری ئاڵتونی یان سەردەمی دامەزرێنەر. بۆیە ئەو ڕووناکبیرەی بەدەست باری زەوتکردن و نامۆبوونەوە دەناڵێنێ،

هەمیشە بیری ڕۆژگارێك، یان جێگەیەك، یاخود ڕووداوێکی دیاریکراو دەکات، بۆ ئەوەی تەماهیی لەگەڵ بکات. ئەو خەون بە بەهەشتێکی لەدەستچووەوە دەبینێ، یان چاوەوڕوانی قوتاربوونە لە ڕۆژێکی دیاریکراودا. بەمجۆرە ئەو هەست بەغەریببوون لەواقیعو جیهان دەکات، بەئەندازەی ئەوەی هۆگری چەند مۆدیل و وێنەو کەس یان ناو دەبێت کە لە ڕۆژگاری ڕابردووە ئیلهامیان لێ وەردەگرێت. بۆ نموونە، وەك سەردەمی گریکی، سەردەمی پێغەمبەر، سەردەمی عەباسی، سەردەمی ڕۆشنگەری، شۆڕشی فەرەنسی، یان شۆڕشی بەلشەفیو شۆڕشەکانی پاش ئەوان.

بەمجۆرە ڕووناکبیر مامەڵە لەگەڵ واقیع دەکات. ئەو بە ئەقڵییەتێکی مۆدێلخواز یان دروشمخواز بیردەکاتەوە، کە ئاکامەکەی پێکدادانە لەگەڵ ئەوەی ڕوودەدات. ئەمە باری ڕووناکبیری عەرەب نییە بەتەنیا، بەڵکو ئەو ئاکامەیە کە باری ڕووناکبیر لە خۆرئاوا پێیگەیشتووە، ئەوەش لەژێر کاریگەریی ئەو مۆدێل و وێنانەی مێشکیان تەنیوەتەوە، یان یادەوەریی داگیردەکەن. ڕووناکبیری خۆرئاوا وای لێهاتووە بەزمانی لاوازی دەستەپاچە باسی هەڵمەتی داگیرکاریی کولتووریی ئەمریکا دەکات. وەك ئەوەی هەندێك ڕووناکبیری فەرەنسی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بەرهەمی سینەمایی ئەمریکی کردیان. لەکاتێکدا داواکراو، سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی پەیوەندیی نێوان منو ئەویتر بوو، لە جیهانێکدا کە جیهانگیریی زیاتردەبێت. واتە سەرلەنوێ بیرکردنەوە لە شوناس، بەشێوەیەك کە وای لێ بکات کارامەتر و کراوەتر بێت. ئەمە باری ڕووناکبیرێکی ئەمریکیی وەك (نعوم چۆمسکی)یە، چونکە ئەو پشتئەستور بە بیرۆکەیەکی نموونەیی باسی مەحاڵیی دیموکراسیمان بۆ دەکات، لەکاتێکدا داواکراو سەرلەنوێ بیرکردنەوەیە دەربارەی چەمکی دیموکراسی، لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێشهات و شتە نوێیانەی کاردەکەن بۆ ئابڕووبردنی دەستەپاچەیی دیموکراسی و پێشێلکردنی بەشێوەیەکی بەردەوام.

زەوتکردن چەمکێکی دەروونناسیە و دەشێت هاندەرێك بێت، بەڵام وەك ئامرازێکی چەمکئاسا بەکەڵك نییە بۆ خوێندنەوەی جیهان، واتە چەند ئاسۆیەك بۆ بیرکردنەوە ناکاتەوە و تواناکانی کارکردن و کاریگەریخستنەوە پێشکەش ناکات، چونکە حەقیقەت شتێك نییە بیریبکەین یان نائامادەیەك بێت چاوەڕوانی بکەین.

هەروەها ئاستێك نییە لێی دەربچین، یان چییەتیەك نییە دەستەوسان بین لەئاست تێگەیشتنیدا، یان شوناسێك نییە بترسین ئەوانیتر دەستکاریی بکەن یان لە گۆڕان بیپارێزین، بەڵکو ئەوەیە کە دروستیدەکەین و ئەنجامیدەدەین. بۆیە حەقیقەت جیانابێتەوە لەو ئێستایەی تیایدا دەژین، یان لەو واقیعەی مامەڵەی لەگەڵ دەکەین، یاخود لەو پێشبڕکێیەی گرەوی لەسەر دەکەین. حەقیقەت چەند پیادەکردنێکە کە دایاندەهێنین، چەند یارییەکە بەباشی دەیانبەین بەڕێوە، چەند پەیوەندییەکە لەگەڵ جیهان دروستیدەکەین.

بەم مانایە، حەقیقەت شتێك نییە بەدوایدا بگەڕێین یان بمانەوێ دڵنیابین لێی. ئەمە باری تێڕوانینی تەقلیدی و نوێیە دەربارەی حەقیقەت و پۆختەکەی ئەوەیە، واقعێکی شاراوە هەیە هەوڵدەدەین بیدۆزینەوە و دڵنیابین لەبوونی، یان ڕەچەڵەکێکی سەرەتایی هەیە کۆششدەکەین بۆ بەرجەستەکردن و هاوجووتبوون لەگەڵیدا، یاخود مانایەکی پارادۆکسانەی ڕووداو هەیە کە پێش ئەزموون دەکەوێت و پێویستە بەدوایدا بگەڕێین. ئەم تێڕوانینە ئێستا تەقیوەتەوە: ئێمە مانا بەرهەمدێنین، لەکاتێکدا هەوڵدەدەین گوزارشتی لێ بکەین، ڕەچەڵەك نوێدەکەینەوە بەئەندازەی ئەوەی جیاوازدەبین لەگەڵیدا یان سەرلەنوێ بەرهەمیدەهێنینەوە، پێشهاتەکان دروستدەکەین، لەکاتێکدا هەوڵدەدەین دانیان پێدا بنێین و بیانووسینەوە. لەوکاتەشدا حەقیقەت تەنیا ئەوە دەبێت کە دروستدەکرێت و پێکدێت، یان جیاواز و گۆڕاوە.

ئەمەش باری مافە: ماف تەنیا بەهایەکی پایەبەرز نییە دانی پیادا بنێین، هەروەها تەنیا شتێك نییە بەدەستیبێنین، یان پاش لەدەستدانی کۆشش بۆ گێڕانەوەی بکەین، بەڵکو ئەوەیە کە دەستماندەکەوێت، یان بەچاکی ڕاییدەکەین، یاخود بەڕێوەیدەبەین و دەیگۆڕین. لەڕاستیدا شتێکە لەو گۆڕانەوە بەدەستدێت کە لە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ خود و ئەویتر، حەقیقەتو دەسەڵات، یان مەعریفەو سامان دەیهێنینەئاراوە. بێ هۆش نییە ئەوانەی بە لۆژیکی گێڕانەوە مامەڵەیان لەگەڵ کردوە، چەند مافێکی زیاتریان لەدەستداوە. ئەوانەی وەك شتێك کە بەدەستدەهێنرێ

یان جێبەجێدەکرێت مامەڵەیان لەگەڵ کردوە، چەند مافێکی زیاتریان بەدەستهێناوە. چونکە ئەوە حەقیقەت و شوناس و ماف نییە لەپشت مرۆڤەوەن، بەڵکو ئەوانە شتانێکن پێویست بەدەستبهێنرێن، یان دروستبکرێن، یاخود بخوڵقێنرێن و بەرهەمبهێنرێن...

ئەم جیاوازییەی نێوان دوو تێڕوانین سەبارەت بە حەقیقەت و شوناس، یان دوو شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ماف، مەسەلەیەکی سادە نییە و ڕابواردنێکی فیکریی ڕووتیش نییە، بەڵکو تونددوتۆڵترین پەیوەندیی بە میحنەتی مانا و ئیشکالیەتی حەقیقەتو کێشەی ماف و دروستکردنی دیمەنەوە هەیە. چونکە مامەڵەکردن لەگەڵ ماف و حەقیقەتو شوناس بەشێوەیەکی باڵاڕەوی نەگۆڕی یەکلایەن، یان بەشێوازێکی فەندەمەنتالیستانەی ناوەڕۆکخوازی پاکیزەخواز، لەسەر زەوی دەبێتە مایەی دڵشکاویو گۆشەگیری، یان ئاکامەکەی دەستەپاچەبوون و فشۆڵییە، یاخود بە ڕەفتاری تیرۆریستانە پیادەدەکرێت: وەك ئەوەی ئەزموونەکانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی شایەتیی لەسەر دەدەن و داویانە، هەروەها وەك مامەڵەکردنی ڕووناکبیران و خاوەن پرۆژە ئایدیۆلۆژییەکان لەگەڵ ماناکانی یەکگرتن و شوناس و عەرەبایەتی و ئیسلام، سەرباری پێشکەوتن و سۆشیالیزم و عەلمانیەت و لیبرالیزم...

بەوجۆرە وەك چەند شوناسێکی نەگۆڕ، یان چەند مۆدێلێکی کامڵ، یاخود چەند حەقیقەتێکی حازبەدەست مامەڵە لەگەڵ بیرۆکە و گوتەکاندا کرا، لەکاتێکدا ئەوانە تەنیا دەستدانەکانی بیرکردنەوەو کارکردنن. واتە ئەو ئەزموونانەن کە دەکرێت بخوێنرێنەوەو ڕاڤەبکرێن، یان ئەو بونیاد و پەیوەندییانەن کە پێویستە توێکاری بکرێن یان هەڵوەشێنرێنەوە، لەپێناو سەرلەنوێ بنیاتنانەوەیان بەشێوەیەك کە سوودو لێهاتوویيان زیاتربێت. بەم مانایە، نە دیموکراسی، نە ئیسلام بە ڕەفتار، نە سوشیالیزم بە حوکمڕانی ئەو فۆڕمە نموونەییە نییە، کە بە لەدەستدانی لەسەر زەمینەی واقیع هەست بە نامۆبوون بکەین. واتە بەهەشتێکی لەدەستچوو نییە، بەڵکو چەند فۆڕم و پەیوەندییەکە، بەئەندازەی پێکهێنانی واقعێکی نوێ یان داهێنانی چەند پیادەکردنێکی نوێ سەرلەنوێ دادەهێنرێتو دادەڕێژرێت. واقعیش، بەئەندازەی گۆڕانی پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ خودی بیرۆکە و چەمکەکان، گۆڕانی بەسەردا دێت.

پاش ئەو هەمو کارەسات و هەرەسهێنانانەی ڕوویاندا، چیتر کێشەی ڕووناکبیر لەگەڵ واقیع یان دەوڵەت و ڕژێمەکاندا نییە، بەڵکو بەپلەی یەکەم لەگەڵ بیرۆکەکانی خۆیدایە. کێشەکە بەدیاریکراوی لە شێوازە نەزۆك یان شکستخواردوەکانی مامەڵەکردنیدایە لەگەڵ ئەو حەقیقەتەی لافی قسەکردن بەناوییەوە لێ دەدات، یان لەگەڵ ئەو ئازادییەی داوایدەکات، یاخود لەگەڵ ئەو ڕەوایەتییەی کۆشش بۆ قۆرخکردنی دەکات. کەواتە با ڕووناکبیران دان بەوەدا بنێن، ئەوان پەیامبەرانی حەقیقەتو ڕێگەی ڕاست نیشاندان نین، بەڵکو باسی تیاداژیاوەکانی خۆیان دەکەن و بیرۆکەکانی خۆیان تاقیدەکەنەوە و حەقیقەتی خۆیان دروستدەکەن. واتە لەپشت کارکردنەوە بۆ کاروباری گشتی، یان بەرگریکردنیانەوە لە مافو ئازادییەکان، دەسەڵاتی خۆیان پیادەدەکەن. ئەمە ئەگەر نەیانەوێ بەناوی حەقیقەت و ئازادییەوە ئیمپریالیزمی خۆیان کارپێبکەن، یان چاودێریی وێرانکاری خۆیان نەسەپێنن بەسەر شوناس، یادوەری، ڕووناکبیریو زماندا...

## ڕووناكبیر پاسەوانیی بیرۆكەكانی خۆی دەكات

گومانی تێدا نییە ڕووناكبیری نوێ - ڕووناكبیر زاراوەیەكی نوێیە - بەپلەی یەكەم خوازیاری ڕۆشنگەرییە، بەوپێیەی مۆدێرنیتە یەكێكە لە بەرهەمەكانی سەردەمی ڕۆشنگەری، ڕۆشنگەریش یەكێك بووە لە دروشمە دەركەوتووەكان و ناونیشانە گەورەكانی مۆدێرنیتە. لێرەوە پرۆژەی ڕووناكبیریی خۆرئاوایی وەك پرۆسەیەكی ڕۆشنگەریی وەها دەركەوت كە ڕاناوەستێ، لە ساتەوەختی سەرهەڵدانی یەكەمییەوە، هەتاكو ساتەوەختی تەقینەوە و درزتێبوون لەسەر دەستی نەوەی ئێستای بیریارە هاوچەرخەكان. ئەم پرۆسەیە كاری ڕەخنەگرتن و پێداچوونەوە، یان ڕیسواكردن و ڕووتكردنەوەیە: پێداچوونەوەی ئەقڵ بە بەرهەمەكانی خۆیدا و ڕەخنەگرتنی لە سیستەمە مەعریفییەكان و ڕەوتە لۆژیكییەكانی خۆی، بۆ ڕیسواكردنی مەیلی بەخوابوون و ناوەندیخوازیی و ڕووتكردنەوەی ئەو تیۆرە تاكلایەنە سادەكارانە، یان میكانیزمە خورافەكارییە نامافولانە، یاخود پیادەكردنە ستەمكارە غەیبیانەی پەیوەندیی لەگەڵ خودی خۆی دەیانشارێتەوە. چونكە كاتێك ئەقڵ بەخوادەكرێت و دەبێتە بتێك لە بنەڕەتەوە دژی پرۆژەی ڕۆشنگەری وەردەچەرخێت. لێرەوە ڕۆشنگەری كۆششێكی ئەقڵانیی بەردەوامە، بۆ ڕۆشنكردنەوەی ئەوەی خودی ڕۆشنگەران نەیانتاوانی ڕۆشنیبكەنەوە.(١)

ئەگەر ئەمە باری بیریاری خۆرئاوایی بێت، لە ڕووی پەیوەندییەوە بە ئەقڵ و ڕۆشنگەرییەكەیەوە و هەمیشە خەریكی ڕەخنەگرتنی بەرهەمهێنی كاریگەر بێت، واتە خەریكی ڕۆشنگەریی بەردەوام بێت، ئەی باری ڕووناكبیری عەرەب لەم بارەیەوە چۆنە؟ بێگومان ڕووناكبیری عەرەبیش هەمیشە وا خۆی دەردەخات كە داكۆكی لە ڕۆشنگەری دەكات، بەڵكو هەرگیز دەست لە داواكردنی ڕۆشنگەری هەڵناگرێت، وەك

ڕێگەیەك بۆ ڕزگاربوون یان یەكێك لە ڕواڵەتەكانی نوێكردنەوەو گۆڕانكاری.. بەڵام ڕووناكبیری عەرەب هەمان ئەو هەڵوێستەی بەرامبەر بە ڕۆشنگەری هەیە، كە بەرامبەر دروشمە نوێكانی تر هەیبووە، وەك ئەقڵانیەت و عەلمانیەت و دیموكراسی و ئینجا خودی مۆدێرنیتە. مەبەستم ئەوەیە، پەیوەندیی ئەو لەگەڵ ڕۆشنگەری، پەیوەندیی بەرهەمهێنان و داهێنان نییە، بەئەندازەی ئەوەی پەیوەندیی وەباوخستن و داكۆكیكردنە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕووناكبیری عەرەب بەباشی بەرگری لەو دروشمە ناكات، كە بەرزیدەكاتەوە و لەژێر ئالایدا ڕێدەكات، چونكە بەبێ كۆششێكی ڕۆشنگەرانەی ڕاستەقینە، كە دەبێتە مایەی خولقاندنی فەزایەكی ئەقڵانی، داكۆكیكردن فشۆڵدەبێتو چارەنووسی داكۆكیكار لاساییكردنەوە و شوێنپێهەڵگرتنی پێشینە یان بانگەوازكردن بۆ زیندووكردنەوەی كەلەپوورەكەی دەبێت. واتە بەرگریكارەكە پێشینەخواز دەبێتو جیاوازیش نییە پێشینەخوازی عەلمانی بێت یان لاهوتی.

**هابرماس و فۆكۆ:**

پاش ئەو پێشەكییە دەچمە ناو باسەكەوە، مەبەستم ڕەخنەگرتنە لە ڕووناكبیری عەرەب، لەسەر هەڵوێستی پێشینەخوازی، پشتئەستوور بە ڕەخنەیەك كە لەوەوپێش لە (هابرماس)م گرتبوو و ناوەڕۆكەكەی ئەوەیە، ئەو فەیلەسووفەی خاوەن تیۆری "ئەقڵی پێكگەیشتنخواز" نەیتوانی لەگەڵ بیریارەكانی پۆست مۆدێرنیتە - لەپێش هەموویانەوە میشێل فۆكۆ - پێك بگات، بەڵكو هابرماس بەشێوەیەك ڕەخنەی لە فۆكۆ گرت كە گشت دەستكەوتە فیكرییەكانی ڕەتكردەوە، بەبیانوی ئەوەی فیكری فۆكۆ دژی ڕۆشنگەری و ئەقڵە.

من سەرلەنوێ دەچمە ناو مشتومڕی نێوان ئەو دوو بریارەوە و دەبێت ئەوە ڕوونبكەمەوە كە ڕەخنەگرتنم لە هابرماس، مانای نكۆڵیكردن نییە لەو دەستكەوتە فیكرییەی ئەو بیریارە گەورەیە بەدەستیهێناوە و بریتییە لە فراوانكردنی پرۆژەی ڕۆشنگەری، لە ڕێگەی كردنەوەی ئەقڵی فەلسەفیانە بە ڕووی كایەی پێكگەیشتنخوازدا، بەڵكو ئەو هەقەی پێ ڕەوانابینم نكۆڵی لە هەموو ئەو دەستكەوتانە بكات كە ڕەخنەگرانی تری ڕۆشنگەری بەدەستیانهێناوە. بەوجۆرە هابرماس پێیوابوو ڕەخنەگرتن لە پرۆژەی ڕۆشنگەری، ڕووخاندنی بنچینەكانی ڕۆشنگەرییە. لەكاتێكدا

سەردەمی ڕۆشنگەری، لە کاتی سەرهەڵدانییەوە، سەردەمی ڕەخنەگرتن بووە. پێکەوە گرێدانی ڕۆشنگەری و ڕەخنە، مانای ئەوەیە پیادەکردنی ڕۆشنگەرانە لە سەردەمێکداو لای نەوەیەکی تایبەتی ڕاناوەستێ و پشتبەستووش نییە بە یەکێك لە شێوەکانی ئەقڵانییەت، بەڵکو پشت بە گشت ئەو هەوڵدانانە دەبەستێت کە بیریارە گەورەکان جێیانهێشتووە، لانی کەم لە (کانت)ەوە هەتاکو فۆکۆ، کە کاری لەسەر خاوەنی "دەقەکە" کردوە و سەرلەنوێ دەقەکەی: "ڕۆشنگەری چییە؟"، خوێندوەتەوە(٢). بەو جۆرەش چرپی ئەم دەقەی تیخکردوە و پرسیارەکەی ژێراوژوورکردوە و سەرلەنوێ ئیشکالییەتەکەی دارشتۆتەوە، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ ئەو چەمکانە دابهێنێتەوە کە پەیوەندییان بە ڕۆشنگەری و ئەقڵ و ڕەخنەوە هەیە، بە جۆرێك کە ببێتە هۆی گۆڕینی پەیوەندیمان لەگەڵ دەقەکە و شێوازی مامەڵەکردنمان لەگەڵیدا. ئەمەش باری هەوڵدانە فەلسەفییە مەزنەکانە: تێگەیشتن لە زاراوەکانی دواتر وەك ئەوەی ئەوانەی پێشتر نییە، بەڵکو هەر هەوڵدانێکی فەلسەفیانەی بێوێنە دەبێتە هۆی گۆڕینی نەخشەی ئەو چەمکانەی لە گۆڕەپانی فەلسەفە و یاریگەی فیکردا کاردەکەن.

### پێناسەکردنەوەی ڕۆشنگەری:

بەم مانایە، چیتر ڕۆشنگەری مەعریفەیەك نییە کە دەبێت تەواوبکرێت، یان میراتێك نییە کار بۆ "ژیاندنەوە"ی بکرێت، بەڵکو ئەزموونێکە کامڵ نابێت و تێڕوانینێکی کونکراوە هەمیشە ئەوەی تێدایە کە نابینرێت، یان چەمکێکی چڕە ناواخنی ناچەمکئامێزی خۆی هەیە، یاخود گوتارێکە نوشتاندنەوەکان و بێدەنگ لێکراوەکانی خۆی هەیە. لەبەرئەوەشە ئێمە گوتارەکانی ڕۆشنگەری دێنینەوە بەردەمی خۆمان و کاریان لەسەر دەکەین، جا بە فراوانکردن و دەوڵەمەندکردنیان بێت، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی ئەقڵ بگاتە چەند ناوچەیەکی نوێ، یان بەڕەخنەلێگرتن و هەڵوەشاندنەوەیان بێت، بۆ دۆزینەوەی ئەوەی خودی ئەزموونە ڕۆشنگەرییەکان وەژێرەوەیان دەنێن، یان ئەوەی ئەهلی فیکر بەدووریدەگرن، لەکاتێکدا بیری لێ دەکەنەوە. هەڵوێستی دوورخەرەوەخوازانەی (هابرماس)یش بەرامبەر بە ڕەخنەگران لە "ڕۆشنگەری" شایەتێکە لەسەر ئەوەی هەر دەستکەوتێکی ڕۆشنگەری چەند

لایەنێکی نارۆشنگەرانەی هەیە. لێرەوە دەشێت فیکری رۆشنگەرانە خۆراك لە خودی ئەوانە وەربگرێت کە ڕەتیاندەکاتەوەو بەهۆیانەوە نوێبێتەوە. واتە بەکرانەوە بەرووی هەرێمەکانی ناماقوڵ و رووبەرەکانی خەیاڵ لێکراوەدا، یان بە کارکردن لەسەر سیستەمە سمبولییەکان، یان پیادەکردنە پیرۆزکارەکان، یاخود مامەڵەکردنە لاهوتییەکان.

بەوجۆرە چالاکیی رۆشنگەرانە، چالاکییەکی رەخنەگرانەیە راناوەستێ، واتە رەخنەگرتنە لە خودی رەخنە. ئەم چالاکییەش تەنیا پشکنینی بەرهەمە فیکرییەکان یان فراوانکردنی مەودای زانینەکان ناگرێتەوە، بەڵکو پەی بە شیکردنەوە و توێکاری، یان هەڵکۆڵین و هەڵوەشاندنەوەی بنچینەکانی خودی ئەقڵ دەبات. واتە میکانیزمەکانی گوتارو بونیادەکانی ماناو ناوەندێتیی من هەڵدەوەشێنێتەوە، بەمەبەستی دۆزینەوەی چەند ناوچەیەکی نوێی بیرکردنەوە و قسەکردن و کارکردن، لە رێگەی کردنەوەی پرسیارەکانی حەقیقەت بەرووی پەنجەرە نوێکانی تێڕوانیندا، یان سەرلەنوێ دارشتنەوەی ئیشکالییەتی فیکر لە بنچینەوە، یاخود خوڵقاندنی جیهانێکی چەمکئامێزی جیاواز کە لەگەڵیدا پەیوەندیی نێوان ئەقڵ و ناماقوڵ، یان حەقیقەتو فیکر رێکخرێتەوە، بەجۆرێك ئەوەی مەحاڵە ببێتە شیاو، ئەوەی ناماقوڵە شایانی تێگەیشتن بێت، یاخود دەرفەت بۆ ئەوە دەرەخسێنێت کە نەدەکرا بکرێت.

لەبەر رۆشنایی ئەم تێگەیشتنەی مەسەلەکەدا، دەکرێت پێناسەکەی کانت بۆ رۆشنگەری‌و تێگەیشتنەکەی بۆ رەخنە پێکەوە تێپەرێنین. چونکە لێرەدا چیتر رۆشنگەری دەرچوونی ئەقڵ نییە لە بێهێزیی خۆی، لەبەرئەوەی ئەمە خەونێکە نەهاتۆتەدی‌و لەوانەشە نەیەتەدی، بەوپێیەی ئەقڵی رووت یان بەکارهێنانی هاوجووتی ئەقڵ لەگەڵ هەریەکێك لە بابەتەکانی بوونی نییە. واتە وەك مێژووی ئەقڵ بە سیستەم‌و دامەزراوەکانییەوە پێمانیدەڵێت، خودێکی بالاڕەوی وەها بوونی نییە کە تەنیا بەهۆی ئەقڵی خۆیەوە بیردەکاتەوە، یان بەتەواوی ویستی خۆی کاردەکات. بەوپێیەی ئەقڵ بەیەکێك لە ماناکان بریتییە لە سندوقە داخراوەکان، یان ژوورە نهێنییە تاریکەکان، یاخود هەرێمە خورافەکارییە دێرینەکانی خۆی. لێرەوە رۆشنگەری دەبێتە کۆششکردنی تاك بۆ دەرچوون لە گۆشەگیریی فیکریی خۆی،

ئەوەش بەهۆی ڕەخنەگرتنی بەردەوامەوە لە پەیوەندیی لەگەڵ فیکری خۆی و لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی ڕوودەدات. ئەوەش ڕەخنەی کۆجیتۆیە، مەبەستیش لە کۆجیتۆ، پەیوەندیی ئاوێتەی نێوان خود و فیکر و حەقیقەتە. ڕەخنەی کۆجیتۆکەش تەنیا بەمانا دیکارتییەکەی نییە، بەڵکو ڕەخنەی کۆجیتۆی کانتییە، واتە ڕەخنەگرتن لە حەقیقەتی بالاڕەو و چەمکەکانی پێشوو.

## ڕۆشنگەری ڕەخنەیە نەك ژیاندنەوە:

لێرەوە تێپەڕاندنی پێناسەی ڕۆشنگەری، تێپەڕاندنو هێشتنەوەی پرۆژەی ڕەخنەگرانەی کانتە لە هەمان کاتدا. ئەم پرۆژەیە بەئەندازەی مانەوەی پەیوەندیی چەمکی ڕەخنە لەگەڵ "دەستدان"دا دەهێڵرێتەوە، بەجۆرێك کە وەك بەرپەرچدانەوە یان بەدرۆخستنەوە پیادەنەکرێت و ڕەتکردنەوە یان هەڵوەشاندنەوەش نەبێت، بەڵکو وەك چالاکییەك پیادەبکرێت کە چەند وزەیەکی نوێی بۆ بیرکردنەوە یان کارکردنو کاریگەریخستنەوە لێوە دروستدەبێت.. بەلام ڕەخنەی کانتیش تێدەپەڕێنرێت، ئەمەش بەکارکردن لەسەر پرۆژەی کانت، واتە بە هەڵوەشاندنەوەی بونیاد و بیناسازییەکانی، لەپێناو سەرلەنوێ خستنەگەڕ و وەبەرهێنانی، یان باشترە بوترێ لەپێناو دەستکاریکردن و گۆڕانی بۆ دراوێکی چەمکخوازیی نوێ یان هاوچەرخ، کە دەرفەتی تێگەیشتنی ئەوەمان بۆ برەخسێنێ کە شایانی تێگەیشتن نییە، یان پێش چاوەڕوان نەکراو بکەوێت.

بەوجۆرە ڕەخنەگرتن جۆرێك نییە لە زیندووکردنەوەی پرۆژەی ڕۆشنگەری، بەڵکو ڕەخنە ئەو وەهمە فەندەمەنتالیستانە یان مەیلە لاهوتیانە، واتە وەهمی هاوجوتبوون لەگەڵ ڕەچەڵەك، یان بانگەشەی بوونی ئەو شتەی بەردەوامی و بەهای خۆی دەپارێزێت، ئاشکرادەکاتو هەوڵدانەکانی زیندووکردنەوە لەخۆی دەگرن. لەکۆتاییدا، هیچ شتێك وەك خۆی نامێنێتەوە و وەك خۆی لێ نایەتەوە، بۆیە زیندووکردنەوە پێش ڕەخنەگرتن دەکەوێت. بەم مانایە، ڕەخنەگرتن، دادگاییکردنی ئێستا نییە، لە ڕێگەی ڕابردوویەکەوە کە کۆششدەکەین بۆ گێڕانەوە یان

هاوجووتبوون لەگەڵیدا. واتە بەرجەستەکردنی ڕابردوو نییە لە داهاتوویەکدا کە دێت. ئەوانەی بەمجۆرە بیردەکەنەوە، واتە بە ئەقڵیەتی ژیاندنەوە بیردەکەنەوە، جگە لە دابڕینی خۆیان لە جیهان شتێکی تر ناکەن. کتومت وەك چۆن ئەوانەی ڕابردوویەك ڕەتدەکەنەوە، کە بۆتە بەشێك لە بونیادی ئێستا یان یەکێکە لە قەدەکانی فیکر، لەناکاودا خۆیان لەبەردەم ڕابردوودا دەبیننەوە. ڕەخنەگرتنی ڕۆشنگەرانە نە ئەمەیە و نە ئەوە. نە ژیاندنەوەی ڕابردووە، نە تەواوکردنی ڕابردووە بە داهاتوو، بەڵکو پەیوەندییەکی هەنوکەییو کاریگەرو بەرهەمهێنە لەگەڵ ئێستادا دەیبەستین، ئەنجامی تێپەڕاندنی ئەوەی سواوە، یان فراوانکردنی ئەوەی تەسکبۆتەوە، یان بە پەردەهەڵماڵین لەسەر پەردەپۆشکراو، یاخود بە کردنەوەی ئەوەی نەشیاوبووە.. ڕەخنەگرتنی ڕۆشنگەرانە پرۆژەیەك نییە، بەئەندازەی ئەوەی فەزایەکە بەردەوام دروستدەبێت و پێکدێت، یان فراواندەبێت و ئاڵۆزتردەبێت، بەڵکو پارچەپەڕیی و بڵاوبوونەوەی زیاتردەبێت، بەشێوەی خودی فەزای گەردوونی.

لەو کاتەدا ڕەخنە تەنیا یاسادانان نییە بۆ ئەقڵ بەواتا کانتییەکەی، ئەوەی ئەو سنوورانە دیاریدەکات کە نابێت لە ڕووی مەعریفییەوە ببەزێنرێن هەتاکو بەخراپ بەکارنەهێنرێت، بەڵکو کۆششێکی بەردەوامە بۆ هێشتنەوەی دەرگاکان بەکراوەیی لەبەردەمی فیکردا، بە شکاندنی قاڵبە تەسکەکان، هەڵوەشاندنەوەی دامودەزگا بێتواناکان، تیخکردنی چڕییە تاریکەکان، پەردەهەڵماڵین لە ڕووی بەڵگەنەویستە هەڵخەڵەتێنەرەکان، یان تێپەڕاندنی دوانە ڕێگرەکان. ئەوەش بەپێی ئەزموون و هەوڵدانەکان، چونکە هەر هەوڵدانێکی ڕەخنەگرانەی گرنگ، دەبێتە مایەی سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی ئەقڵو ڕۆشنگەریو ڕەخنەگرتن، ئەمە وێڕای خودی مەعریفە، بەئەندازەی سەرکەوتنی لە پێکهێنانی چەند پەیوەندییەکی جیاواز لەگەڵ حەقیقەتدا، کە پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆیو ئەویتر و دنیا و شتەکان دەگۆڕێت. لەو کاتەشدا چیتر مەعریفە تەنیا گەڕان نییە بەدوای حەقیقەتی باڵاڕەو یان مەرجەکانی دەستداندا، واتە چیتر تیۆرێکی ڕووت یان دەستدانێکی پێشوەخت یاخود چەمکێکی ڕووت نابێت، بەڵکو چوونە ناو چەندین ئەزموون و پیادەکردنی فیکری یان پراکتیکی، گوتارئامێز یان دامەزراوەییە، بەجۆرێك کە دەبێتە مایەی

بەرهەمهێنانی واقعێکی نوێ، لە ڕێگەی دروستکردنی چەندین پەیوەندییەوە لەگەڵ حەقیقەتدا، کە لە توخنکەوتنندا ڕوونترە، یان لە مامەڵکردن لەگەڵیدا چالاکترە.

**پاسەوانیکردنی بیرۆکەکان:**

هیچ سوودێکی نییە نکۆڵی لەوە بکەین کە ڕەخنەگرانی ڕۆشنگەری ئیمڕۆ دەیڵێن و بێکەڵکیشە بە "نیتشەچی" تاوانباریان بکەین، بەشێوەی ئەوانەی لە رابردوودا بە ساختەکردن و کفرکردن بەرپەرچی فەیلەسووفەکانیان دەدایەوە، لەبەرئەوەی سەرپێچیی بنەماکانی بڕوای ئایینیان دەکرد و وەك ئەوەی هەندێك ڕووناکبیری عەرەبی فەندەمەنتالیستی فەلسەفی و پاسەوانانی ڕۆشنگەری دەیکەن، کە پاسەوانیکردنی ڕۆشنگەری جگە لە شکستخواردن و هەڵگەڕانەوەی لەخۆی هیچ مانایەکی تری نییە. مەبەستی من لەم ڕەخنەگرتنەم ئەوانەیە کە ڕەخنەگرتن لە ڕۆشنگەری دەخوێننەوە و هەوڵدانێکە بۆ سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی ئەقڵ و ڕەخنە. ئەوانە دەڵێن: نا! "سەردەمی ڕۆشنگەری تەواونەبووە، وەك نیتشەچییە نوێکان و هاوشێوەکانیان پێیانوایە". ئەوانە پێیانوایە ڕەخنەگرتن لە ڕۆشنگەریی خۆرئاوایی لە سەردەمی یەکەمدا و لای ئەوەی یەکەمی مانای کۆتاییهاتنی ڕۆشنگەرییە، چونکە بۆخۆیان بەوجۆرە ڕەخنە پیادەدەکەن، واتە بەشێوەی ڕەتکردنەوەو هەڵوەشاندنەوە، یان دەمارگیری و حیزبیانە. لەکاتێکدا ڕەخنە لە دوای کانتەوە گەڕان بووە بەدوای مەرجەکانی دەستاندا، یان جێهێشتنی دەستەپاچەبوون و بێهێزی بووە. ئەمەش ئەوەیە کە ئیمڕۆ پیادەیدەکەین، بۆ تیخکردنی سنوورەکان و گۆڕینی مەرجەکان، بەچوونە ناو ناوچە لەبیرکراو، پەراوێزخراو، نەفرەتلێکراو، یان قەدەغەکراوەکان.. ئەمە بینینی ئەوەیە کە نوێکەرەوەکان نەیانبینیوە، یان تێگەیشتنی ئەو شتەیە کە نەیانتوانی تێیبگەن، واتە ڕووناکیخستنە سەر ڕووناکییە، ئەگەر دەربڕینەکە شیاوبێت.

بەوجۆرە پاسەوانەکانی فیکر بەڵگەی ئەوە دەدەنە دەستەوە، کە بەشێوەیەکی ناڕۆشنگەرانە دەستیانگرتوە بە ڕۆشنگەرییەوە و بەشێوەیەکی ستەمکارانە بەڵکو فاشیانە بیردەکەنەوە. ئەگەرنا، توانبارکردنی ئەوانیتر بە نیتشەچیی نوێ مانای چییە، جگە لە دادگاییکردن تەنیا لەبەر ناو یان نازناو. ئەوەی ئەمە دەکات، وەك ئەو

کەسە وایە کە ڕەشپێست لەبەر ڕەشپێستی نەك شتێکی تر ڕەتدەکاتەوە. ئەمەش پیادەکردنێکی فاشیانەیە، ئەو ڕووناکبیرانە پەنای بۆ دەبەن کە شارەزای پیادەکردنی توندوتیژیی سمبولین. ئەمە ڕاستگۆیی قسەیەکی میشێل فۆکۆ، یەکێك لە ڕەخنەگرە گەورەکانی ڕۆشنگەری، دەردەخات: فاشیزم لەناو هەمووماندا نیشتەجێیە. هەروەها بۆمانی لێکدەداتەوە چۆن پاش دەیان ساڵی درێژخایان لە بانگەوازکردن بۆ ڕۆشنگەری، ڕووناکبیری عەرەب کتوپڕ دەکەوێت بەسەر ناماقوڵ و سەرهەڵدانی فەندەمەنتالیستە پیرۆزەکان و بوژانەوەی فیکری لاهوتی و چوونەوەیەکی فەزای ڕۆشنگەری لەچاو ئەوەی پێشوودا، بەڵکو ئەو ڕووناکبیرە، بەهۆی ڕەفتاری لاهوتیانە و مامەڵەکردنی نائەقلانەوە لەگەڵ شتەکان و بیرۆکەکان و دەقەکان، سەرساممان دەکات.

ئەمەش سەیرنییە، چونکە گوتاری ڕۆشنگەری و ئەقلانیەتو عەلمانییەت، کە لە بنچینەدا چەند گوتارێکی ڕەخنەگرانەن، خۆراك لەخودی کرانەوە بەڕووی ئەو شتەدا وەردەگرن کە دەیشارنەوە یان ڕەتیدەکەنەوە و بە ڕەخنەگرتن لە ئەزموون و دەق و دامەزراوەکان نوێدەبێتەوە، واتە بە پشکنینی ئەوەی ئەهل و بانگەشەکارانی ڕۆشنگەری دەیڵێن و دەیکەن. ئەگەرنا، ئەوا گوتار دەبێتە زۆربلێی، چەنەبازی، دووبارەکردنەوەیەکی بێزارکەر، یان نمایشکردنێکی خراپی کار و دەقەکانی ئەوانیتر، یاخود بەشێوەی پیادەکردنی تەقلیدی و تاریکخوازانەی ناڕۆشنگەرانە دەخرێتەگەڕ، وەك ئەوەی لای ڕووناکبیری دەمارگیر بۆ فەلسەفەی ڕۆشنگەری و پاسەوانی شکستخواردوی ڕۆشنگەری بەدیدەکەین، لەبەرئەوەی لە بنەڕەتدا ڕۆشنگەری پێویستی بە پاسەوان نییە. بەوپێیەی ڕۆشنگەری - بەمانا ڕەخنەگرانەکەی - تەنیا کێشانی سنووری جیاکەرەوەی نێوان ماقوڵ و ناماقوڵ نییە، بەڵکو کارکردنی بەردەوامە لەسەر کۆتوبەندەکان و مەرجەکانمان، لەپێناو لابردنی سنوورەکان بەهۆی تیخکردنی چرپی چەمکەکان و ڕیسواکردنی نامۆقوڵیی ئەقڵەوە. بەم مانایە، ئاقڵ یان ڕووناکبیر ئەوە نییە کە هەرێمەکانی ناماقوڵ ڕەتدەکاتەوە یان خۆی لێیان دادەبڕێت، بەڵکو ئەوەیە کە بەڕوویاندا دەکرێتەوە و لەسەریان دەژی و هەمیشە پەیوەندیی لەگەڵ ناماقوڵدا دەکات، بەمەبەستی ڕامکردن و بەچاکی بەکارهێنان و مامەڵەکردن لەگەڵیدا.

کورتەی قسەکە: ڕووناکبیر ڕاستبێژی و کاریگەریی خۆی لەدەستداوە و وای لێهاتووە دەستەپاچەترە لەوەی خەڵك بەرچاوڕوون و ڕووناکبیر بکات، بەڵکو بۆخۆی پێویستی بەوەیە بەرچاوڕوونبکرێت و سەرلەنوێ خۆی ڕووناکبیر بکاتەوە، بە ڕەخنەگرتن لە ڕۆڵی خۆی و هەڵوەشاندنەوەی گوتارەکەی دەربارەی ئەقڵ و ڕۆشنگەری و ڕزگاری، بەهۆی پەردەهەڵماڵین لە ڕووی ئەو وەهمانەی گوتەکانی لەسەر بنچینەیان بنیاتنراوە و پیادەکردنەکانیان ئاراستەکردوەو ئەو هەموو لاوازییە مەعریفیو بوونخوازانەی بەرهەمهێناوە کە ئیمڕۆ باری ڕووناکبیران پێیگەیشتووە، بەتایبەتی لە جیهانی عەرەبدا.

## پەراوێزەکان:

١- بگەڕێرەوە بۆ وتارەکەی متاع سەفەدی "ڕۆشنگەریی ڕۆشنکەرەوە" لە کتێبی "ڕەخنەگرتن لە ئەقڵی خۆرئاوایی"، مرکز الانماء القومی، بیروت ١٩٩٠.

## ڕووناکبیر و بیریار

ئاراستەکردنی ڕەخنە بۆ ڕووناکبیر، داواکاری حەقیقەت و بانگەشەکاری ئازادی یان خوازیاری شۆڕش، مانای دوورخستنەوەی ڕووناکبیر نییە لە کۆمەڵگە و جیهان، یان وەدەرنانی نییە لە بواری کار و گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە مانای بەدوور ڕاگرتنی دوو مەسەلەیە:

یەکەمیان ئەوە مانای قبوڵکردنی ئەمری واقیع، یان خۆدانە دەست ئەوە نییە کە دەخوازرێت ڕووبدات. بۆ نموونە و بەتایبەتی، گرتنەبەری هەمان هەڵوێستی ئەوانەی پێیانوایە مەسەلەکە یەکلاکراوەتەوە و مێژوو، بە سەرکەوتنی لیبرالیزم یان سەرمایەداری بەسەر سۆشیالیزم و بڕوا و ڕێبازەکانی تردا، گەیشتۆتە کامڵبوونی خۆی. وەك ئەوەی خوازیارانی تیۆرە سەرتاپاگیرەکان پێماندەڵێن، ئەوانەی دەیانەوێ وای لە خەڵك بگەیەنن توانای جڵەوکردنی یاساکانی مێژوو، یان چاودێریکردنی جوڵەکەی، یاخود کۆنترۆڵکردنی پێشهاتەکانیان هەیە. چونکە ئەوانە جگە لە کورتکردنەوەی واقیع، لە ڕێگەی گوتە تاکلایەنکانیانەوە، هیچی تر ناکەن. ئەوەی ئەوەش بکات، هەمیشە ڕێڕەوی ڕووداو و پێشهاتەکان لەناکاودا بەرۆکیان دەگرێت. بەمە هێما بۆ فۆکۆ یامای خاوەنی گوتەی "کۆتایی مێژوو" دەکەم، هەتاکو بڵێم ئەو بە لۆژیکی هیگڵی یان مارکسی لە مێژوو تێدەگات، کە لە دوائەنجامدا لۆژیکێکی لاهوتی سادەکاری مەبەستدارە، خاوەنەکانی لەو بڕوایەدان مێژوو بەرەو پێشکەوتووترو چاکتر و باشتر دەڕوات، بۆ ئەوەی بەهاکانی ئەقڵ یان ماناکانی ئازادیو ڕزگاری بەرجەستەبکات. ئەم تێڕوانینە کورتکەرەوەخوازە دەربارەی پرۆسەی ئاڵۆزی جیهان، پاشەکشەکردنە لەو ڕەخنەیەی چەمکی مێژوو، لانی کەم لە فیکری هاوچەرخدا، دووچاریبووە. ئەوە تێڕوانینێکی ئایدیالیستانەی پێشکەوتنخوازانەی

مەبەستدارە، ڕەوتی ڕووداوەکان لە ڕێکەوت و ڕێککەوتن، یان شڵەژان و دابڕان، یاخود پاشەکشە و گەڕانەوە بۆ شێواز و بونیاد و ڕەفتارە کۆنەکان دادەماڵێت، بەڵام بە خراپترین و مەترسیدارترین شێوە. ئەگەرنا، چۆن لەو پێشێلکاریانە تێبگەین، کە بەشێوەیەك دەرهەق بە ئازادییەکان دەکرێت، لەوەو پێش نموونەی نەبووە؟ چۆن تەقینەوەی ئەقڵانییە کەڵەکەبووەکان، ئەقڵ دوای ئەقڵ، بەشێوەیەکی نامەقوڵ لێکبدەینەوە؟ چۆن مەیلی مرۆڤ بۆ پیادەکردنی توندوتیژی لەچاو رابردوودا بەهێزترو توندوتیژتر و درندانەترە؟ مەسەلەکە تەنیا پەیوەندیی بە ریزپەڕەکان، یان بەو کەلێنانەوە نییە کە پێویستە لیبرالیزم کار بۆ نەهێشتنیان بکات، بەڵکو ئەو واقیعانەیە کە بانگمان دەکەن بۆ سەرلەنوێ بیرکردنەوە دەربارەی دوانەی سەرمایەداری و سۆشیالیزم، کە چیتر شتێك لێك ناداتەوە. لەوانەیە گرنگیی گوتەکەی فۆکۆ یاما لەم ڕووەوە بەتایبەتی ئەوە بێت، کە وامان لێ دەکات سەرلەنوێ بە گوتە کۆنەکانماندا بچینەوە.

مەسەلەی دوەم بریتییە لەوەی ڕەخنەگرتن لە ڕووناکبیر مانای وەلاوەنانی بەرپرسیارێتی یان دامالڕان لە هەر بەها و پەیوەندییەك نییە. مەسەلەکە ناکرێت بەو جۆرە بێت، بەتایبەتی لای ئەوەی پیشەی نووسین پیادەدەکات. نووسین بەرپرسیارێتییە، بەئەندازەی ئەوەی گەمەیە، پەیام و چێژە، لۆژیك و خەیاڵە، چەمكو خەیاڵپلاوییە، نموونە و شەبەنگە.. نووسین بێوێنەیی گۆزارشتکردنە لە ئەزموون، بەڵام بێگومان ئەو بێوێنەییە سروشتی گشتی و ڕەهەندی جیهانیی خۆی هەیە، بەڵکو ئەوەی ئەو ڕەهەندە دەبەخشێتە نووسین، خودی بێوێنەیی و ڕەسەنایەتییە کە نووسین لەخۆیان دەگرێت.

لێرەوە ڕەخنە مانای ئەوە نییە داوا لە ڕووناکبیر بکرێت دەستبەرداری کاروباری گشتیو چوونە ناو گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونەوە بێت، چونکە مادام مرۆڤ لەناو کۆمەڵگەدا دەژی، جا کۆمەڵگە بچووکەکەی بێت (گوندەکەی یان شارەکەی)، یان کۆمەڵگە مامناوەندییەکەی (نیشتمان و نەتەوەکەی)، یاخود کۆمەڵگە گەورەکەی (جیهان یان گێتی)، مافی خۆیەتی بایەخ بە کاروباری گشتی بدات و بچێتە ناو

گفتوگۆکردنــەوە دەربــارەی ئــەوەی پەیوەنــدیی بــە ڕەوایەتیــەوە هەیــە. واتــە ئــەوەی گــشتیو هاوبەشــە، یــان جیهــانیو گەردوونییــە. بــەم مانایــە، هــیچ کەســێك لــەویتر لەپێــشترنییە بــۆ قــۆرخکردنی مــافی ئاخــاوتن ســەبارەت بــە مــاف و حەقیقــەت و ڕەوایــەتی. ئەمــە یەکێکــە لــە کارەکــانی ڕوونــاکبیر، بەتایبــەتی کــە ئــەو لــە کایــەی بەرهــەمهێنانی سمبــولی یــان مەعریفیــدا کاردەکــات و بایــەخ بەهەرشــتێك دەدات پەیوەندیی بە مەسەلەی ماف، یان کێشەی حەقیقەتەوە هەبێت. بەمەش ڕووناکبیر لە دەوڵــەتکار جیادەکرێتــەوە، ئــەوەی بایەخــدەدات بــە مەســەلەی دەســەڵات و چۆنیەتی بەدەستەوەگرتنی، یان بەکارهێنان و پاراستنی.

پێویــــستە ڕوونــــاکبیری عــــەرەب بەتایبــــەتی بایــــەخ بــــەوە بــــدات، بــــۆ داکــۆکیکردن لــە مــاف و خــاك و شــوناس و نەتــەوە. ئەگــەر ئەوانــەی عــەرەب نــین دەســــتوەردەنە نــــاو کاروبارەکــــانی عەرەبــــەوەو وەك نماینــــدەی مەســــەلەکانیان ڕەفتاربکــەن، یــاخود گەمــە بــە چارەنووســیان بکــەن، ئــەوە دەیخوازێــت عــەرەب خۆیــان بــە بەرپرســیار بــزانن بەرامبــەر بەهــەر شــتێك کــە لــەم جیهانــەدا ڕوودەدات. کەواتــە چــۆن بایــەخ بــەوە نــادەن کــە لەســەر خاکەکــەو نــاو جیهانــە تایبەتیەکەیانــدا ڕوودەدات! بــەوجۆرە نــاڕازیبوون بەرامبــەر بــە دەســتوەردانی ئــەوانیتر لــە کاروبــاری ئێمــە، مانــای کــشانەوە یــان گۆشــەگیری نییــە، بــەڵکو مانــای چــوونە نــاو کێــشەکانی ســەردەم و بەشــداریکردنە لــە گەمــەی نەتەوەکانــدا و دۆزینــەوەی ئــەو توانــاو ئامرازانەیــە کــە دەرفــەت بــۆ ئامــادەبوونی کــاراو کاریگــەر لەسەر شانۆی جیهان دەڕەخسێنن.

بــەڵام لەبەرامبــەر مــافی ســەرکردنە کاروبــاری گــشتی، مــافی ڕەخنــەگرتن و ناڕازیبوون هەیە. ڕەخنەش مانای تاوانبــارکردن و ناوناتۆرەلێنــان، یــان ڕەتکردنــەوە و نــەفرەتیکردن نییــە، وەك ئــەو ڕەخنەیــەی ڕوونــاکبیرە بڕوامەنــدەکان پیادەیدەکــەن، بەڵکو ڕەخنە مانای خوڵقاندنی ژینگەیەکی فیکریی وەهایە، کە دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ دەچوون لە گۆشەگیریو جێهێشتنی باری دەستەپاچەبوون، لــەپێناو دروســتکردنی پەیوەندییــەکی هەنوکــەیی لەگــەڵ ئێــستا، کــە کاریگــەریی لەســەر واقیــع هــەبێت و بەرهەمــداربێت بــۆ مامەڵــەکردن لەگــەڵ ئــەویتر. ئەمــەش بــە دامەزرانــدنی

"پەیوەندییەکی ڕەخنەگرانە" لەگەڵ خودو فیکر و بە داهێنانی سیاسەتێکی نوێ بۆ مامەڵەکردن لەتەک حەقیقەت دێتەدی.

کەواتە چیتر بەس نییە یەکێکمان بەناوی نەتەوەوە بێتە قسە، یان داکۆکیکردن لە مەسەلەیەکی پیرۆز ڕابگەیەنێ، یاخود بڕیاربدات پارێزگاریی شوناسێکی هەڕەشەلێکراو بکات، بۆ ئەوەی ڕاستبێژیی خۆی بەدەستبهێنێ و لێهاتوویی و کاریگەریی خۆی پیادەبکات، بەتایبەتی کاتێك ئەزموونەکان ئەوەیان دەرخستووە کە ڕووناکبیری عەرەب بە شێوازێکی نەزۆکی وەها مامەڵەی لەگەڵ مەسەلەکانی خۆی، واتە نەتەوە و شوناس و یەکگرتن و ئازادی، کردوە کە بەڵگەی دەستەپاچەییو فشۆڵیی ئەوە، یان بۆتە مایەی گۆشەگیری و پەراوێزبوونی.

هەروەها چیتر بەس نییە دەنگ بەرزبکەینەوە، یان قەڵەم دەربهێنین بۆ داکۆکیکردن لە ئازادییەکانی دەربڕین، یان لایەنگیریکردنی چەوساوەکان، بۆ ئەوەی ئازادبین یان تەنانەت لە ڕزگارکردنی ئەوانیتردا بەشداربین، چونکە بانگەشەکارانی ئازادی و ڕزگاری زۆرجار، بەڵکو هەمیشە، ستەمکارییان پیادەکردوە، جا ئەوە لە هەڵوێست و ڕەفتارەکانیاندا بووبێت، یان لە شێوازی مامەڵەکردنیاندا لەگەڵ خودی گوتەی ئازادی. ئەمەش سەیرنییە، لەبەرئەوەی فیکر خاوەنی بونیاد و قاڵبەکانی خۆیەتی، ویست زۆربۆهێنان و مەرجەکانی خۆی هەیە، مەعریفەش سیاسەت و ستراتیژەکانی خۆی هەیە.

بۆیە ئاخاوتن دەربارەی ئازادی بە فشۆڵ دەمێنێتەوە، یان دەستکەوتێکی پێچەوانەی دەبێت، ئەگەر فیکری ئازاد نەگەشێتەوە، بەهۆی کارکردنی بەردەوامی بیریارانەوە، بە ڕەخنەگرتنو شیکردنەوە لەسەر خود، بیرۆکەکان، تاقیکردنەوەکان و مەرجەکانی خۆیان، بەشێوەیەك کە ببێتە هۆی تێپەڕاندنی سنووری پێداویستی، یان گۆڕینی مەرجەکانی شیاو. مەبەستم لە بیریاران ئەوانەیە کە بەشداریدەکەن لە بەرهەمهێنانی چەند بیرۆکەیەکی خوڵقێنەرانە، یان هێنانەئارای چەند ژینگەیەکی فیکریی نوێ، یان بەکارهێنانی چەند لقێکی مەعریفیی نوێ، یاخود داهێنانی پیادەکردنی چەندین پراکتیکی جۆراوجۆردا. بیریارەکان ئەوانەن کە بەشداریدەکەن لە

ناونـــانی ئـــەوەی قەدەغـــەکراوبوو ناوبنرێـــت، یـــان وتنـــی ئـــەوەی قەدەغـــەبوو بووترێت، یاخود کردنی ئەوەی نەدەکرا بکرێت.

نموونـــەی ئەوانـــە (کانـــت)ـــە، کـــە کـــارە ڕەخنەییـــەکانی بەشـــداریانکرد لـــە لـەدایکبوونی "ڕۆشـنگەری"دا، وەك هەڵوێـستێکی ڕەخنەگرانـە بەرامبـەر بـە ئـەقڵ و خـود، یـان وەك بیرکردنـەوە دەربـارەی ئیـشکالییەتی پەیوەنـدی لەگـەڵ ئێـستا، یـاخود شیکردنەوەی مەرجە بابەتییەکان و سنوورە سەپێنراوەکان، وەك کۆشـشێکی مـرۆڤ بـۆ دەربازبوون لـە بـاری بێتوانـایی و دروسـتکردنی خـۆی لـە ڕێگـەی کارکردنـەوە لەسـەر خـۆی وەك خـودێکی ئـازاد.. یـان وەك بـاری سـارتەر، کـە ڕوونـاکبیرێکی گـەورە بـوو داکـۆکیی لـە ئازادییـەکان دەکـرد و دەچـووە نـاو خۆپیـشاندانەکانەوە، وێـڕای ئـەوەی فەیلەسووفێك بوو چەندین بیرۆکەی گرنگی دەربارەی ئازادیی بەرهەمهێناو بەشداریی کاریگەرانەی لەو مشتومڕە فیکرییانەدا کـرد کـە سـەردەمەکەی ئـەویان ڕەنگکردبـوو.. یاخود وەك باری فوکۆ، کە بایەخی بە چاککردنی باری زیندانییـەکان دەدا، لـە ڕێگـەی کارە شاکارەکەیەوە دەربارەی لەدایکبوونی زیندان لە کۆمەڵگەی نوێدا.

پێدەچـێت مەسـەلەکان لـە کـاتی گەشـانەوەی ژیـواری عـەرەبی لـە سـەردەمی ئیسلامیدا بەمجۆرە چووبنەڕێوە، چونکە ئەوانەی بایەخیان بە کاروباری گشتی دەدا و دەچـوونە نـاو گفتوگۆکردنـەوە دەربـارەی مەسـەلە گەرمـەکان، یـان دەکەوتنەگـەڕ بـۆ بەرگریکردن لە مەسەلەکانی کۆمەڵگە و نەتەوە یان گەل، پـشتئەستوور بـە پێگـەکانی کارکردن و بوارەکانی شارەزایی خۆیان، وەك ئەدیب و نووسەر، بەتایبـەتی وەك زانـا و قـسەکەر و فەیلەسـووف، کۆشـش و داکـۆکیی خۆیـان دەکـرد. وەك بـاری معبـد جهـنی، واصل بن عەتا، احمد بن حنبل، ابن رشد، یان توحیدی.

بـەوجۆرە پیـشەی ڕوونـاکبیر هاوشـانی فیکرسـازییە، یـان پـشت بـە فیکرسـازی دەبەستێت و خۆراکی لێوە وەردەگرێت، چـونکە بـەهۆی ئامادەنـەبوونی بیریارەکانـەوە (فیکرسـازانەوە) ڕوونـاکبیر لێهـاتوویی خـۆی لەدەسـتدەداوە، چـونکە پیـادەکردنێکی شـیاوی ئـازادی، بـەبێ دەسـتدانی بیرکردنـەوەی ئازادانـە بەشـێوەیەکی ڕەخنەگرانـەی خوڵقێنەرانە، واتە ئەوەی سنوورەکانی شیاو تێدەپەڕێنێ و ناوچە ڕێگەپێنـەدرا و یـان بێـدەنگلێکراوەکان تیخـدەکات، لـەئارادانابێت.. بـەڵام لـە جیهـانی عـەرەب هەمیـشە

مەسەلەکان بەمجۆرە ڕوونادەن، بەڵکو پیشەی ڕووناکبیر لەسەر حسابی فیکرسازی گەشاوەتەوە، لەبەرئەوەی هەرکاتێك ڕووناکبیران دەرکەوتبن و ڕۆڵی داکۆکیکارانەی خۆیان گێڕابێت، بیریارەکان دیارنەماون یان داهێنانی فیکری کەمبۆتەوە.

جیاوازییەکی گرنگ لە هەندێك ڕوویەك و لەسەر چەند ئاستێك لەنێوان ڕووناکبیر و بیریاردا هەیە:

ڕووناکبیر، وەك ئەوەی داکۆکی لە مافەکان دەکات و لەپێناو ئازادییەکاندا تێدەکۆشێت، لە بەرەی "قەدەغەکراو"دا، واتە ئەوەی لە دەرەوەڕا قەدەغەدەکرێت، جا بەهۆی حەرامکراوەکان و فشارە کۆمەڵایەتییەکانەوە بێت یان لەلایەن دەسەڵاتە جۆراوجۆرە سیاسی یان ئایینی یاخود هەندێك جار ئەکادیمەییەکانەوە بێت، ڕەخنەی خۆی پیادەدەکات. ڕووناکبیر وەك بانگەشەکار یان خەباتکەر، مژدەبەخش یان پڕوپاگەندەکار مامەڵە لەگەڵ بیرۆکەکانی خۆی دەکات. ئەو بەگشتی، بەو شێوەیەی پیشەکەی لە جیهانی عەرەبدا پیادەکراوە، گوتەکانی عەلمانییەت، دیموکراسی، سۆشیالیزم، مۆدێرنیتەو ئەقڵانییەت بەدەستەوە دەگرێت. ئینجا هەوڵدەدات بە زۆر بیانسەپێنێ بەسەر واقیعدا، بۆ ئەوەی شکست بخوات و کەلێنی نێوان گوتەو ڕووداو، یان بیرۆکەو پێشهات زیاتربێت. لەوکاتەشدا فیکر بە پرسیارەکانی حەقیقەت نامۆدەبێت، یان ئەگەری پیادەکردنی ئازادی و تاوتوێکردنی پێشهاتەکان بەشێوەیەکی بەرهەمهێن و کاریگەر لاوازدەبێت. ئەمەش سەیرنییە: چونکە ڕووناکبیر وەك وێنەیەك لە واقیع، یان خوڵقێنەری واقیع بەشێوازی ببە دەبێت مامەڵە لەتەك بیرۆکە دەکات، بۆیە ناتوانێت بەچاکی مامەڵە لەگەڵ واقیعدا بکات. بۆ نموونە، ئەو وەك نموونەیەکی پێشوەخت ئامادە، کە دەبێت بەرجەستەتەبکرێت، مامەڵە لەگەڵ گوتەی "یەکگرتن" دەکات. بۆیە لەسەر خاك، جگە لە جیاوازی و کێشمەکێشە دڕەندەکان، شتێکی تر ناچنێتەوە. چونکە یەکگرتن لە دوامانەوە نییە، بەئەندازەی ئەوەی لە پێشمانەوەیە. واتە پرۆسەیەکە دەچینە ناوییەوە، یان فۆرمێکە بەکارکردن لەسەر جیاوازی و تایبەتمەندییەکان دایدەهێنین.

بیریار جیاواز لە ڕووناکبیر یان بەپێچەوانەی ئەوەوە بیردەکاتەوە، چونکە ئەو ڕەخنەی خۆی لە بەرەی "ڕێگەپێنەدراو"دا چڕدەکاتەوە. بۆیە دەبینین بایەخدەدات

بە هەڵوەشاندنەوەی ئاستەنگە خۆییەکانی فیکر، کە بریتین لە نەریتەکانی مێشك و قاڵبەکانی تێگەیشتن و سیستەمەکانی مەعریفە و میکانیزمەکانی گوتار، بەجۆرێك کە دەرفەت برەخسێنێت بۆ ئەوەی داهێنان و نوێکردنەوە بێتەئاراوە، جا ئەوە لە کایەکانی بیرکردنەوە و ئاستەکانی تێگەیشتندا بێت، یان بیرۆکە و کەرەستە چەمکئامێزەکان، یاخود شێوەی بیرکردنەوە و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ چەمکەکان. لەکۆتاییدا ئەو فیکرساز، یان داهێنەری چەمکەکان، یاخود خوڵقێنەری ژینگە چەمکئاساکانە. ئەمە کارەکەی ئەوە، بۆیە هەرگیز لە بیرکردنەوە و بەرهەمهێنان ناکەوێت، جا ئەوە لە ڕێگەی دانانی بیرۆکەکانی خۆی بێت لە ژێر پرسیار و پشکنیندا، یان بەکۆششکردنی بێت بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی پەیوەندی لەگەڵ فیکری خۆی و لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی ڕوودەدات، بەوەش پەیوەندیی لەگەڵ خودی خۆی و ئەویتر، یان جیهان و شتەکان دەگۆڕێت. بەوجۆرە ئەو بەئەندازەی بایەخدانی بە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ بیرۆکەکان، بایەخ بە بیرۆکەکانیش دەدات، چونکە بیرۆکە بەلای ئەوەوە وێنەیەکی هاوجووت نییە لەگەڵ واقیع، بەڵکو پەیوەندییەکە لەگەڵ حەقیقەت، کە بەهۆی دامەزراندنی پەیوەندییەکی ڕەخنەگرانەوە لەگەڵ فیکر و واقیع لە هەمان کاتدا و بەشێوەیەك کە ببێتە هۆی گۆڕانی پەیوەندی لەگەڵ هەردووکیان، واقیع بەرهەمدێنێت. بۆ نموونە، ئەو وەکو فۆرمێکە کە دەبێت جێبەجێبکرێت، مامەڵە لەگەڵ دیموکراسی ناکات، بەڵکو وەك دەستدانی چوونە ناو ئەزموونێکی سیاسیی داهێنەرانەی وەها مامەڵەی لەگەڵ دەکات کە دەبێتە مایەی دامەزراندنی پەیوەندییەکی نوێ لەگەڵ بیرۆکەی دیموکراسی، بەهەمان ئەندازەش دەبێتە هۆی گۆڕینی خودی پیادەکردنی کاری سیاسی.

ڕووناکبیر بایەخیش بە شوناسی فیکریی خۆی دەدات، زیاتر لەوەی لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی بیرۆکەکان و داهێنانی چەمکەکانەوە بایەخ بە ناسینی پێشهاتەکان و دروستکردنی حەقیقەتەکان بدات. بە قسەیەکی ڕوونتر، ئەوەی بەلایەوە گرنگە، ڕاگەیاندنی ڕاشکاوانەی پەیوەندییەتی بەم بڕوا یان بەو ئایدیۆلۆژیایەوە، ئەوەی وای لێ دەکات نکۆڵی لە پێشهاتەکان بکات، یان کەللەڕەقی لەگەڵ مەسەلەکان بنوێنێ و مەسەلەکان بەلاڕێدا بەرێت. بۆ نموونە، تۆ بە ڕووناکبیری بڕوامەند دەڵێی: پێویستە

لەپێناو دروستکردنی چەند پەیوەندییەکی جیاواز لەگەڵ واقیع کە بەشداریدەکەن لە گۆڕینی ئەو واقیعەدا، شێوازی مامەڵەکردنمان لەگەڵ بیرۆکەکان بگۆڕین و بەچاکی چەمکەکان بەڕێوەبەرین. کەچی ئەو پێتدەڵێت: گۆڕینی مامەڵەکردن لای خاوەن مەسەلەیەك هەڵەیە، گرنگ گۆڕینی پەیوەندییە لەگەڵ واقیع. واتە ئەوەت بۆ دووبارەدەکاتەوە کە تۆ وتوتە. گرنگ بەلایەوە ئەوەیە ڕایبگەیەنێ کە خاوەن مەسەلەیەکە و ڕاشکاوانە ئینتیمای بڕوامەندی و ڕەگەزی ئایدیۆلۆژیانەی خۆی ڕابگەیەنێ.

ئەمە باری ڕووناکبیری بڕوامەندی خاوەن مەسەلەیەکی خەباتکارانەیە: ئەو پێتدەڵێت ئێمە دەرگای ئیجتیهادمان بەڕووی مارکسیزمدا کردەوە، یان دەرگای ئیجتیهادمان بە ڕووی ئیسلامدا کردەوە پاش ئەوەی داخراوبووە، یان ئەو بانگهێشتت دەکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڵمەتی داگیرکاریی کولتووری و کۆلۆنیالیزمی فیکری، بەڵام خۆی دەستەوسانە لەئاست نوێکردنەوە و داهێناندا، چونکە ویستی بڕوا لای ئەو زاڵە بەسەر ویستی مەعریفەدا، هەروەها لەبەر ئەوەی مەراقی ئەو تەنیا بەرگریکردنو پاراستنە و هیچی تر. بەوپێیەش کە پڕوپاگەندەکاری فیکرە نەك بەرهەمهێنەری فیکر، بە دژهەڵمەت بەرپەرچی هەڵمەتی داگیرکاریی کولتووری دەداتەوە، ئەوەش بەهۆی بەیاننامە هەڵمەتبەرەکان یان گوتارە پیرۆزکارەکانەوە، کە بەتاڵن لە ڕەسەنایەتی و جیدییەت و بێوێنەبوون. لەکاتێکدا ئەوەی بەلای بیریارەوە گرنگە، ئیشکالیەتی مەعریفە و نوێکردنەوەی کەرەستەکانی فیکرە، جا بە داهێنانی شێوازێکی نوێی بیرکردنەوە بێت، یان هێنانەئارای چەند پرسیارێکی نوێ کە سەرلەنوێ ئیشکالیەتی فیکر دادەڕێژێتەوە، یاخود بەکردنەوەی چەند کایەیەکی نوێی تر بۆ لێکۆڵینەوەو پشکنین.. بەوپێیەش، واتە وەك بەرهەمهێنی بیرۆکەکان، بەدژهەڵمەتێك بەرەنگاری هەڵمەتی داگیرکاریی کولتووری دەبێتەوە، واتە وەك هەر بەرهەمهێنێکی کایە جۆربەجۆرەکانی ڕووناکبیری بەشداریی لە پرۆسەی کارلێککردنی کولتووریدا دەکات.

هەروەها ڕووناکبیر مردنی ڕووناکبیریی ئازاد و نووسەرانی ئازادیخواز لە کۆمەڵگەی ستەمکار یان سەردەمی بەرخۆری و ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا ئاشکرادەکات.

بۆیە باسی پیلانگێڕان و کوشتار دەکات، یان بە زمانی شکسخواردن و بارکەوتن و تێکشکان دەکەوێتە ئاخاوتن. باسی ئەقڵ و ئەخلاقیشت بۆ دەکات، هەتاکو ئەو قسەیەی خۆیت بۆ دووبارەبکاتەوە کە دەڵێت، ئاخاوتن دەربارەی بەهاکان لە دەرەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی بێمانایە. لەکاتێکدا بیریار لەبەر ڕۆشنایی هاتنەئارای نوێ لە ڕووداوی ڕاگەیاندن یان ئامێری بەرخۆریدا و لەبەر ڕۆشنایی ئەو گەشەکردنەی لە کۆمەڵگە و زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕوویداوە، سەرلەنوێ بیر لە ئیشکالیەتی ڕووناکبیریو نووسین و بەهاکان دەکاتەوە. لێرەوە ئەو دەپرسێت: بۆچی ویستی ئازادی و پرۆژە ڕزگاریخوازەکان دەگۆڕێن بۆ ستەمکاری و سەرتاپاگیری؟ لە ڕێگەی ئەوەوە هەوڵدەدات لە دیاردەی کۆمەڵایەتی تێبگات، یان چاوبخشێنێتەوە بە پەیوەندیی نێوان ماناو هێز، یان حەقیقەت و ئازادیدا، بەجۆرێك کە بە دەستەواژەی گەمە و گرەوکردن و ستراتیژ، یان هەژموونی گوتارەکانی حەقیقەت و پیادەکردنەکانی ئازادی بخوێنرێتەوە.

لێرەوە بیریار لەوەوە هەنگاوهەڵدێنێ کە ڕوودەدات، ڕەتیناکاتەوە و ناشیسەلمێنێ، بەڵکو دان بە ڕوودانیدا دەنێت، بۆ ئەوەی بەباشی بیخوێنێتەوەو مامەڵەی لەگەڵ بکات. ئەگەر بیرۆکەکانیشی بەر ئەوە کەوتن کە ڕوودەدات، یان تەبانەبوو لەگەڵ ئەوەی ڕوودەدات، ئەوا خۆی نادات دەست شکستخواردن و تێکشان، بەڵکو ئاوڕ لەوە دەداتەوە کە فیکر لە بواری تێڕوانیندا بەدووریدەگرێت، یان ئەوەی لە ڕەوتی دەربڕیندا قسە دەربارەی ناکرێت. واتە ئەو لۆمەی پێشهاتەکان ناکات، بەڵکو هەوڵدەدات ئەوە شیبکاتەوە کە ڕوودەدات، ئەوەش بە پەردەهەڵماڵین لە ڕووی حازبەدەستەکانی بیرکردنەوە و تۆڕەکانی دەرککردنی خۆی، واتە لە ڕووی سەرجەم ئەو پێوانە و میکانیزمانەی لە بواری تێڕوانین و پۆلێنکردن و هەڵسەنگاندندا بەکاریاندەهێنێ. بەو جۆرە بیریار وەك بڕوامەندێکی پارێزەری گوتەکانی خۆی، یان وەك تەوباوییەکی خەوبین بە جێبەجێکردنی بیرۆکە مەحاڵەکانیەوە بیرناکاتەوە، بەڵکو بەپلەی یەکەم ئەوەی بەلاوە گرنگە کە ڕوودەدات، بەکارکردن لەسەر خودی ئەو چەمکانە، واتە بەچوونە ناو

ناوچــە تاریکــەکان، یــان ژووره داخراوەکــانی ئــەقڵ و فیکــرەوە. چــونکە ئــەوەی فیکــر نکــۆڵیی لێ دەکــات، بــۆ خــۆی ئەوەیــە کــە شکــستخواردنی بیرۆکــەکان لێکدەداتەوە.

ڕووناکبیر هەمیشە باسی بەریەککەوتنی ژیوارەکانت بۆ دەکاتو بەراورد لە نێوان مۆدێلە ژیوارییەکاندا دەکات و کاردەکات بۆ دەرخستنی چاکەکانی مۆدێلەکەی خۆی، یان خەوشیی مۆدێلەکان لای ئەوانیتر. بەوجۆرە ئەو بە ئەقڵییەتی مۆدێل بیردەکاتەوە و دەبێتە دیلی وەهمەکانی خۆی دەربارەی شوناسی بێگەرد یان تایبەتمەندیی کولتووری، لەکاتێکدا بیریار بیر لەوە دەکاتەوە لە مۆدێلەکان دەربازی بێت و قاڵبەکان بشکێنێ و پۆلێنکردن و دوانەکان تێپەڕێنێت و ئاوڕ لە کەموکوڕیو خەوشیو کەلێنەکان بداتەوە، واتە ئەوەی مۆدیل دەیشارێتەوە و ئەوەی بەهۆیەوە دەبێتە مۆدێل. چونکە لە ڕوانگەی بیریارەوە، مۆدێل کۆی خەوشی و عەیب و عارەکانی خۆیەتی، چەمك تۆڕێك شەبەنگ و چەواشەکارییەکانی خۆیەتی، شوناس چڕیی دەمامك و پەردەپۆشییەکانی خۆیەتی. بۆیە بیریار کار لەسەر گشت مۆدێلو وێنە و شوناسەکان دەکات، نەك لەپێناو بنیاتنانی مۆدێلێکی نوێدا کە چاوی لێ بکرێت، بەڵکو بۆ تێگەیشتن لەوەی مۆدێل و تیۆر و ڕەوتەکان ناتوانن تێیبگەن.

ڕووناکبیر، بەتایبەتی لە جیهانی عەرەبدا، بایەخ بە نوێکردنەوەی فیکری عەرەبی و کەلەپووری ئیسلامی دەدات، یان بیر لە ڕەخنەگرتن لە ئەقڵی عەرەبی، یان ئیسلامی، یاخود خۆرئاوایی دەکاتەوە. لەکاتێکدا بیریار ڕەخنەگرتنی خۆی بەپلەی یەکەم لەسەر کۆجیتۆ، واتە شیکردنەوەی پەیوەندیی نێوان فیکر و حەقیقەت، چڕدەکاتەوە. بۆیە بایەخدەدات بە ڕەخنەگرتن لە ئەقڵی ڕووت، سیاسی، دیالەکتیکی، لاهوتی، فیقهی، بەرخۆری، یان میدیایی.. بەگشتی بیریار سەرقاڵی ئەوەیە مەعریفەیەك بەرهەمبهێنێ، کە بایەخی بۆ هەر خاوەن فیکرێك هەیە، بەبێ گوێدانە ئەو دەرهاویشتانەی کاریان لەسەر دەکات، یان ئەو شوناسەی ئینتیمای بۆی هەیە، یاخود ئەو زمانەی پێی دەنووسێت.

لە کۆتاییدا دەڵێم، ڕووناکبیر ئەوەیە کە سەرکەوتوودەبێت لە هەڵخەڵەتاندنی خەڵکدا و وای لە خەڵك دەگەیەنێ ئەو ڕۆڵی گرنگە لە ڕاگەیاندنی حەقیقەت، ئازادیی

شارستانی، مافەکانی نەتەوە، بەرژەوەندیی کۆمەڵگە، یان مەسەلەی نیشتماندا.. لەکاتێکدا بیریار دەریدەخات کە ئێمە ئارەزووی ئازادیمان نییە، بەڵکو بانگەشەی ئەوە دەکەین، بەئەندازەی بانگەشەکردن بۆ ماف ناتوانین ماف بهێنینەدی، بەوشێوەیەی داوایدەکەین دادپەروەری پیادەناکەین. واتە بیریار دەریدەخات حەقیقەت هەمیشە حەقیقەتێکی کەمترە لەوەی حسابی بۆ دەکەین.

بێگومان هەریەکێکیان ڕەوایەتیی خۆی هەیە، ئەگەر ڕەوایەتیی ڕووناکبیر، جا دیندارێك بێت کە نکۆڵی لە عەلمانیەت دەکات، یان عەلمانییەك بێت کە جگە لە دنیاییبوون بڕوای بەهیچی تر نییە، ئەوە بێت کە حەقیقەت ڕابگەیەنێ و داکۆکی لە ئازادی و بەرژەوەندی و ئازادییەکان بکات، ئەوا ڕەوایەتیی بیریار لەوەدایە ڕەخنە لە ڕووناکبیر بگرێت، بەتایبەتی پاش ئەوەی ڕووناکبیر چەکەکانی خۆی لەدەستداوە و وای لێهاتووە یەکێك لە ڕووەکانی کێشە و قەیران لە ژیانی کۆمەڵگە و سووڕی ڕووناکبیریدا.

بەو جۆرە ڕووناکبیر بە خەڵك دەڵێت: دەمەوێت لە کۆتوبەندەکانتان ڕزگارتانبکەم، کەچی بیریار ئاوڕ لە لایەنی هەڵخەڵەتاندنی ئەو دروشمە دەداتەوە و دەڵێت: ئەوەی دەیەوێت ئەوانیتر ڕزگاربکات، ئاکامی ویست و قسەکەی کۆنترۆڵکردنی ئەوانە. بۆیە کاتێك بیریار دەڕوانێتە مەسەلەی ئازادی و ڕزگارکردن، پێیوایە تەنیا مرۆڤ خۆی بەرپرسیارە بەرامبەر بە دەستەپاچەیی و بێتوانایی خۆی، یان دەڵێت: هیچ کەسێك ناتوانێت یەکێکی تر ئازادبکات، بەوپێیەی ئازادی ئەوەیە هەر تاکێك جیهانی خۆی و مەوداکەی بخولقێنێ، بۆ ئەوەی داهێنانی خۆی بخاتەڕوو و ئامادەبوونی خۆی پیادەبکات، یان هەتاکو گەمەی خۆی بکات و دەسەڵاتی خۆی پێکبهێنێ.

(IV)

# وەهمەکانی دەستەبژێر

**خوێندنەوەی ڕووداو:**

ئەم وتارە دەربارەی پێنج وەهمە، كە چڕكردنەوەیەكی چەمكئاسای ڕەخنەیە، مەبەست لێی بەدەستهێنانی پوختەی ئەو ئاستەنگانەیە، كە ڕێگە لە ئەهلی فیكر دەگرن لە بواری فیكردا بەتایبەتی بەرهەمهێنان و داهێنان بهێننەئاراوە.

بە پرسیارێك دەستپێدەكەم، كە هەندێك دەیوروژێنن: مەبەستم لەم ڕەخنەگرتنەم لە ڕووناكبیرو ڕۆڵەكەی چییە؟

هیچ وەڵامێكم لانییە، جگە لەوەی بەسادەیی و ڕاشكاوانە بڵێم: مەبەستم خوێندنەوەو دەستنیشانكردنە، واتە خوێندنەوەی ڕووداو و دەستنیشانكردنی قەیرانە.

مەبەستم لە ڕووداو، ئەو گۆڕانكارییە مەزنانەیە كە مرۆڤایەتی لەسەر ئاستێك زیاتر و لە بوارێك زیاتردا، بەتایبەتی لە بواری ڕاگەیاندن و دنیای كۆمۆنیكاشیۆندا، بەخۆوەیان دەبینێ و بەهۆیانەوە دەستدانی دروستكردنی دنیا، لە ڕێگەی ژمارە و وێنەی گریمانەكراوەوە، بۆ مرۆڤ دەرەخسێت. بێگومان ئەو گۆڕانكارییە بێشومارانەی پەی بە ڕووناكبیری دەبەن، هەروەها تێڕوانینمان سەبارەت بە خودی كاری ڕووناكبیری دەگۆڕن. جا ئەگەر جیهانێكی نوێ پێكبێت و بەشێوەیەكی جیاواز دروستبێت، ئەوە لە ڕووی یەكەمەوە مانای ئەوەیە، ڕووناكبیرییەكی نوێ و جیاواز بەرهەمدەهێنرێت، كە لێهاتووترە بۆ دارشتنی ئەوەی مرۆڤەكان دەرهەق بە خودی خۆیان و ژینگە گەردوونیەكەیان دەیكەن. لە ڕوویەكی ترەوە مانای ئەوەیە، پەیوەندیمان لەگەڵ جیهان و شتەكان، بەئەندازەی گۆڕانی سیستەمو سمبولەكانی ڕووناكبیری، گۆڕانی بەسەردا دێت. بەوجۆرە سەرجەم مەسەلەی ڕووناكبیری كەوتۆتە بەر پێداچوونەوە، بۆ سەرلەنوێ بیركردنەوە دەربارەی ڕۆڵی بكەری ڕووناكبیری، یان ڕێكخستنەوەی پەیوەندیی نێوان ئەو بكەرە و گشت بكەرە كۆمەڵایەتیەكان.

مەبەستم لە قەیرانیش، ئەو باری گۆشەگیری و دەستەپاچەیی و فشۆڵییەیە کە رووناکبیر پێیگەیشتووە، بەراورد بەو رۆڵە گرنگ و مەترسیدارەی ویستویەتی بیگێڕێت: سەرکردایەتیکردنی کۆمەڵگە و نەتەوە، داکۆکیکردن لە ئازدی و مافەکان، چوونە ناو پرۆژەکانی رێنسانس و پێشکەوتن یان ریفۆرم و گۆرانکارییەوە.

چونکە رووناکبیران وایان لێهاتووە، دواکەسانێکن بیر لەوە بکەنەوە کە روودەدات یان پێکدێت، دواکەسانێکن کەمترین بەرهەمهێنانیان لە بواری ئەو بیرۆکانەدا هەیە کە لە گوتارەکانیاندا تاوتوێیاندەکەن، دواکەسانێکن لەوە لاوازترن کاریگەری بخەنە سەر رووداو و بیرۆکەکان. ئەوانە وایان لێهاتووە کەمترین کاریگەرییان هەبێت، نەك تەنیا لەسەر ئاستی سیاسیو کۆمەڵگەیی، بەڵکو لەسەر ئاستی خودی رووناکبیریش. لەبەرئەوەی رووناکبیران، بەو مانایەی لەم رەخنەیەدا بەکاریدێنین، واتە وەك پاسەوانانی ئەو بەهایانەی پەیوەندییان بە حەقیقەت و ئازادی و یەکسانی و شوناسەوە هەیە، ئەوانە نین کە رووناکبیری بەرهەمدێنن، بەئەندازەی خودی بکەرە رووناکبیرەکان بەرهەمدێنن. مەبەستم لەوانە بەرهەمهێنەکانی بوارە جۆربەجۆرەکانی ئەدەب و هونەر و زانست و فیکرە، لەگەڵ ئەوانەی لە دامەزراوە پەروەردەیی و ئەکادیمییەکاندا، بەتایبەتی لە دامەزراوە تەلەفزیۆنییەکاندا کاردەکەن، کە لە دروستکردنی راو پێکهێنانی خەیاڵکردنەوەی مرۆڤدا، وێنەی بینراو پێش وشەی نووسراو دەکەوێت. ئەمە لەسەر ئاستی رووناکبیری، بەڵام لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵگەیی، ئیمرۆ ئەوە رووناکبیران نین کە بەهۆی تیۆر و ئایدیۆلۆژیاکانیانەوە جیهان دروستدەکەن، بەڵکو بکەرە کۆمەڵایەتییەکانن. مەبەستم بەشێوەیەکی تایبەتی بزنزمانەکان و دیزاینەرەکانی جلوبەرگ، ئەستێرەکانی گۆرانی، پاڵەوانەکانی تەلەفزیۆن، یاریزانانی تۆپی پێ، ئەندازیارانی کۆمپیوتەر، میرەکانی دامەزراوە میدیاییەکانە.

### ژێراوژوورکردنی هاوکێشەکە :

ئەو بێهێزییەی باری رووناکبیر پێیگەیشتووە، پێویستی بە ژێراوژوورکردنی میتۆدی بیرکردنەوە، یان گۆڕینی شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ بیرۆکەکان هەیە. چونکە رووناکبیران لەسەر ئەوە راهاتوون، بەرپرسیارێتی بخەنە ئەستۆی ئەوانیتر و

ڕەخنە ئاڕاستەی دەسەڵاتە سیاسی و ئایینیەکان بکەن. ئەوانە زیاتر ڕەخنەیان لەسەر "قەدەغەکراوەکان"(١) چڕکردۆتەوە و هەمیشە بازیان بەسەر پێشهاتەکاندا داوە، بۆ ئەوەی گوتەکانیان ڕاست دەربچن و تیۆرەکانیان بڕواپێکراوبن.

داواکـراو، ژێراوژوورکردنـی هاوکێـشەکەیە، بـە دەربڕینـی پرسـیارەکانی حەقیقەتو وروژاندنی ئیشکالییەتەکانی فیکر: بۆچی ڕووناکبیران سەرکەوتوونەبوون لە هێنانەدیی دروشمەکانیاندا؟ بۆچی ڕووناکبیران تەنیا دەگۆڕێن بۆ "فرۆشیارەکانی وەهمەکان"؟(٢). ئەمەش باری بیریارەکانە بەتایبەتی، مەبەستم ئەوانەیە کە لە کایە جۆربەجۆرەکانی بەرهەمهێنانی فیکریدا کاردەکەن: بۆچی ئەمانە نەیانتوانی جیهانی فیکر نوێبکەنەوە؟ بۆچی نەیانتوانی چەند پێکهاتەیەکی چەمکئاسای وەها دابهێنن، کە بتوانن بەهۆیانەوە، پشتئەستوور بە بواری کار و سنووری کاریگەریی خۆیان، بەشدارییبکەن لە پێکهێنانی جیهانی هاوچەرخدا؟

ئەم پرسیارانە بەرەو چڕکردنەوەی ڕەخنە لەسەر "ڕێگەپێنەدراوەکان"مان دەبەن، بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی ئەو بونیاد و قاڵب و میکانیزمانەی لە مێشکدا نیشتەجێن و دەبنە مایەی گیرخواردنی وزە و خنکاندنی تواناکان، یان بەمەبەستی دەستبردن بۆ ئەو سەلێنە و بەڵگەنەویستانەی لەپشتی ئەقڵەوەن و ڕێگە لە بەرچاوڕوونی دەگرن و ئاستەنگ بۆ چالاکیی تێگەیشتن و کاری دەستنیشانکردن دروستدەکەن.

ڕەخنەگرتن بەم مانایە، شیکردنەوەی ئەو ئاستەنگانەیە، کە ڕێگرن لەوەی بیریار لە کایەی فیکردا داهێنەربێت و لە بوارەکانی مەعریفەدا بەرهەمهێن بێت. ئەو ئاستەنگانەش، پرسیارە نەزۆکەکان، دوانە ساختەکراوەکان، گوتە ڕەقهەڵاتوەکان، بەرچاولێڵییە چڕەکان، یان بەڵگەنەویستە پەردەپۆشکراوەکانن، کە چەند وەهمێکی هەڵخەڵەتێنەرن بوونەوەرەکان نابینادەکەن و کێشەکان دەشارنەوە، بەئەندازەی ئەوەی حەقیقەت ڕەتدەکەنەوە و خودەکان دووردەخەنەوە.

وەهمـەکانیش زۆرن، مـن بـە پێنجیانـەوە دەوەسـتم، ئەوانـەش: وەهمـی دەسـتەبژێر، وەهمـی ئـازادی، وەهمـی شـوناس، وەهمـی هـاوجووتبوون و وەهمـی مۆدێرنیتە. ئەوانە ئەو کۆڵۆنییە فیکریانەن، کە پێویستە بە ڕەخنەی کاریگەر کار بۆ

هەڵوەشاندنەوەیان بکرێت. لێرەدا هێما بۆ ئەوە دەکەم کە لە دیکارت و کانت، یان هیگڵ و مارکسەوە ناچمە ناو ڕەخنەگرتنەوە لە ڕووناکبیر. هەروەها لە حەسەن حەنەفی، یان محەمەد عابد جابری، یان صادق جەلال عەزم، یاخود محەمەد عابد جابرییەوە ناچمە ناو ڕەخنەگرتنەکەوە، بەڵکو لە پێشهاتە زەقەکان، تیاداژیاوە زیندووەکان، بیرۆکە بەپیتەکانو ستراتیژە کارامەکانەوە دەچمە ناو ئەوانە و ئەوانیترەوە کە ڕەخنەیان لێ دەگرم.

### وەهمی دەستەبژێر:

مەبەستم لەم وەهمە، کۆششکردنی ڕووناکبیرە بۆ دانانی خۆی وەك ڕاسپێردراو بەسەر ئازادی و شۆڕشەوە، یان پەیامبەری حەقیقەت و ڕێگەی ڕاست پیشاندان، یان سەرکردەی کۆمەڵگەو نەتەوە. مرۆڤ پێویستی بە داتاکان نییە بۆ ئەوەی بڵێت، ئەم ئەرکە پەیامبەرە پێشڕەوخوازییە لەسەر زەمینەی واقیع گۆڕاوە بۆ شکستخواردنی خێراو تێکشانی کوشندە. چونکە لە هەرجێیەك ڕووناکبیران لە ڕێگەی گوتەکانیانەوە کۆششیان بۆ گۆڕینی واقیع کردبێ، هەمیشە کەوتوون بەسەر چاوەڕوان نەکراوی کتوپڕدا: ئەوان داوای یەکگرتنیان کرد، کەچی واقیع لێکدابڕانی زیاتری بەرهەمهێنا. لەپێناو ئازادیدا خەباتیانکرد، کەچی ئازادییەکان پاشەکشەیانکرد. بڕوایان بە عەلمانیەت هێنا، کەچی بزووتنەوە فەندەمەنتالیستەکان گۆڕەپانی فیکر و کارکردنیان ڕامالی.

بەوجۆرە، ئیمڕۆ ڕووناکبیر خۆی لە دۆخێکی نیمچە گەمارۆدراودا دەبینێتەوە. هۆی ئەوەش، وەك هەندێك ڕووناکبیر بەهەڵە بۆی دەچن، گەمارۆدانی ڕژێمەکان یان هەڵمەتەکانی بزووتنەوە فەندەمەنتالیستەکان نییە بۆ سەر ڕووناکبیر. بەپێچەوانەوە، ئەوەی باری گەمارۆدانەکە لێکدەداتەوە، نەرجسیبوون و مامەڵەکردنی دەستەبژێرانەی دوورخەرەوەخوازانەی ڕووناکبیرە لە مامەڵەکردن لەگەڵ خۆیدا. واتە بڕوابوونییەتی بەوەی ئەو نمایندەی ئەقڵی نەتەوە، یان ویژدانی کۆمەڵگە، یاخود پاسەوانی هۆشمەندییە. ڕووناکبیر بەئەندازەی بڕوابوونی بەوەی سەرکردایەتیی نەتەوە دەکات، کەوتۆتە ڕیزی دواوە، بەئەندازەی وەهمی ڕزگارکردنی کۆمەڵگەش لە دەستی نەفامی و پاشکەوتوویی لەلایەن ئەوەوە، ڕۆڵی پەراوێزکەوتووە.

ئەمــەش نرخــە دەســتەبژێربوونە: دابڕانــی رووناکبیر لــەو خەڵکــەی لەســەر ڕێگــەکانی ئــازادی، یــان پێپلیکــەکانی پێــشکەوتن لافی ســەرکردایەتیکردنیان لێ دەدات. ئەمەش سەیرنییە: چونکە ئەوەی لە وەهمەکانی خۆیدا نقوم بێت، خـۆی لـە جیهان دادەبڕێــت، ئــەوەی ببێتــە دیلــی بیرۆکــەکانی خۆیــشی، پێــشهاتەکان گەمارۆیــدەدەن. ئەمــەش کۆشــشی ئەوانەیــە کــە بیرۆکــەی ئازادییــان پیرۆزکــردوە: بەئەنــدازەی نــەزانی بەرامبــەر بــە ئــازادی، بوونەتــە قوربــانیی ئــازادی. بۆیــە ئەوانــە داوای ئازادییــان کــرد، هەتاکو ستەمکاری پیادەبکەن. هەروەها ئەمە باری ئەوانەیــە کــە ئــەقڵیان پیرۆزکــردوە یــان لــە کەوتنــە هەڵــەوە بــەدووریانگرتووە: نامــاقوڵ چــاوەڕوان نەکراوانــە دای بەسەریاندا، چونکە ئەقڵ جگە لە پەیوەندیی لەگەڵ نامـاقوڵی خـۆی، واتـە ڕامکردنـی نامـاقوڵو بەڕاسـتی بـەڕێوەبردنی، شـتێکی تـر نییـە. نموونـەکان زۆرنو هـەموویان دەریدەخەن، کێشەی رووناکبیر لەگەڵ بیرۆکەکانی خۆیدایـە، نـەك لـە شـوێنێکی تـردا، تەنگەژەی دەستەبژێرەکانیش لە خودی دەستەبژێریی خۆیاندایە.

لێرەوە هیچ بوارێك لەبەردەم رووناکبیردا نییە، جگە لەوەی بـە پرسیارکردنو پشکنین بگەڕێتەوە سەر بیرۆکەکانی خۆی و لە وەهمە دەستەبژێرەکانی خۆی رزگاری بێــت، هــەتاکو خــۆی تــەرخانبکات بــۆ ئەنجامــدانی پیــشە بنەڕەتیەکــەی خــۆی، کــە بایەخدانــە بــە بیرۆکــەکان و کارکردنــە لەســەر دەرهاویــشتە رووناکبیرییــەکان، بەمەبەســتی گــەڕان بــەدوای ئــەو دەســتدانە نوێیانــەی بیرکردنــەوە، کــە دەرفــەت دەرەخــسێنن بــۆ پێکهــاتنی ئەقڵانیــەتێکی فــراوانتر و باشــتر لــە رووی پێکهاتنــەوە. بەوپێیەی رزگارکردنی کۆمەڵگە، بەرپرسیارێتییەکە لەئەستۆی کۆمەڵگەدایـە، بەگشت هێــز و توێــژ و کەرتەکانییــەوە و کارێکــە گــشت چــالاکوانە کۆمەڵایەتییــەکان، بــەبێ گوێدانە ئینتیما و ژینگە و پێگەیان، بەشداریی لە ڕاییکردنیدا دەکەن.

کەواتــە بــا ئــەهلی رووناکیری و فیکــر بێفیــزی بنــوێننو دان بــەوەدا بنــێن کــە دەســتەبژێری کۆمەڵگــەو هەڵبــژاردەی نەتــەوە نــین، بــەڵکو وەك خــەڵکانی تــر خــاوەن پیــشەن و لــە کارکــەر یــان بەرهەمهێنــەکانی تــری گــشت بوارەکــانی کــار و کەرتــەکانی بەرهــەمهێنان باشــترنین. بێگومــان باشــتربوون بــۆ ئەوانەیــە کــە لــە کــار یــان کایــەی تایبەتمەنــدی خۆیانــدا قــاڵن و دڵــسۆزن بــۆی،

پێشرەویش بۆ ئەوەیە کە لە بواری پسپۆریی خۆیدا بەرهەمهێنان یان داهێنان دێنێتەئاراوە.

جا ئەگەر هەندێك پێشرەوایەتی ببەخشنە ئەهلی فیکر، بەوپێیەی مرۆڤ بوونەوەرێکە بیردەکاتەوە، ئەوا کاری فیکر شمشێرێکی دوو سەرەیە: دەشێت ئامرازی دۆزینەوەو ڕۆشنگەری بێت، دەشکرێت ئامرازی پەردەپۆشکردن و بەلارێدابردن بێت. ئەمەش سەیرنییە، چونکە مرۆڤ بەئەندازەی ڕۆچوونە ناو ڕووتکاری یان نقومبوون لە بیرکردنەوەدا، لەو واقیعە دادەبڕێت کە مەبەست گۆڕینێتی، یان ئەوە لەبیردەکات کە دەربارەی ئاشنابوون بەواقیع لەئارادایە. بۆیە خاوەن فیکری زیندووی نوێبوەوە لەسەر دڵەڕاوکێی خۆی بەردەوامدەبێت و لەنێوان بیرۆکە و ڕووداو، یان تیۆر و پراکتیکدا لە شڵەژانی بەردەوامدا دەبێت. هەروەها ئەوەیە کە بەباشی کێشەکان دادەڕێژێت، چونکە کێشەکەی هەمیشە لەگەڵ بیرۆکەکانی خۆیدایە.

**وەهمی ئازادی:**

مەبەستم لەم وەهمە، بڕوابوونی ڕووناکبیرە بەوەی دەتوانێت کۆمەڵگەکان و میللەتەکان لە شێوازەکانی پاشکۆیەتیو هەژموون، یان مەرجەکانی پاشکەوتن و هەژاری ڕزگاربکات. ئەم وەهمەش ئاستەنگی بۆ ئەوە دروستکردوە ڕووناکبیر فیکر بەرهەمبهێنێ و ڕێگەی لەوە گرتووە ڕووناکبیر مرۆڤ و کۆمەڵگە و سیاسەت بناسێت.

بەوپێیەی، ئەگەر پیشەی ڕووناکبیر- بیریار بەدیاریکراوی - کارکردن بێت لەسەر بیرۆکەکان، ئەوا داوای لێ دەکرێت لەو کارەدا سەرکەوتووبێت، بەجۆرێك کە ببێتە بەرهەمهێن لە بواری کارەکەی خۆیدا، بەکردنەوەی ناوچەیەك بۆ فیکر، دۆزینەوەی شێوازێك بۆ بیرکردنەوە، داڕشتنی ئیشکالیەتێکی فیکری، داهێنانی چەند کەرەستەیەکی چەمکئامێز، یان هێنانەئارای چەند پیادەکردنێکی فیکریی وەها کە دەرفەت دەرخسێنن بۆ بەڕێوەبردنی بیرۆکەکان بەشێوەیەك کە وایان لێ بکات واقعیترو کاریگەرتر بن.

هیچ بەرهەمهێنانێکی فیکری نابێت، ئەگەر مامەڵەکردنێکی ئازادانە و ڕەخنەگرانە لەگەڵ بیرۆکەکان نەکرێت، بەشێوەیەك دەرفەت بڕەخسێت بیر لەوە بکرێتەوە کە ئەهلی فیکر بەدووریدەگرن، یان ئەوە هەڵبوەشێتەوە کە تێگەیشتنی

سەختە، لەپێناو خولقاندنی چەند گرەوێكی فیكریی فیكریی وەهادا كە پرسیارەكان دەهەژێنن یان ئەولەویاتەكان ژێراوژووردەكەن، بەشێوەیەك كە ببێتە هۆی مامەڵەكردنێكی دینامیكیانەی ئەقڵانی و پراكتیكی لەگەڵ ئێستادا. لێرەوە بیریار لەلایەكەوە چاوە بەسەر رووداوەوە، لەلایەكی ترەوە سەرلەنوێ بیركردنەوەیە دەربارەی بیرۆكە حازربەدەستەكانی خۆی، لەبەر رۆشنایی ئەوەی رووددەدات. ئەمە ئامانجی رەخنەیە: تێگەیشتن لەوەی تێگەیشتنی ئەستەمە، بەتیخكردنی چرپی گوتەكان و تاریكیی پیادەكردنەكان، یان لابردنی سنوورەكانی ئەقڵ، لەپێناو سەرلەنوێ رێكخستنی پەیوەندیی نێوان چەمكەكان لەسەر نەخشەی فیكر.

خاوەن فیكری رەخنەگرانە بەمجۆرە مامەڵە لەگەڵ چەمكی ئازادیی دەكات و پرسیارەكانی واقیعی ئاراستەدەكات: بۆچی پێشێلكردنی ئازادی لە سەردەمی رزگاری و لەسەر دەستی خودی لافلێدەرانی رزگاری پێشێلدەكرێت؟ یان بۆچی ئازادییە دیموكراتییەكان لەسەر خودی خاكەكەی خۆی پاشەكشەدەكات؟ ئەوەی لەمجۆرە پرسیارانە بكات، ئەو دەربرینانە لەخشتەی نابەن كە پێماندەڵێت، مرۆڤ بریتییە لە ئازادییەكەی خۆی، یان مرۆڤەكان عاشقی ئازادیین و داوای دادپەروەری و یەكسانی دەكەن، بەڵكو لەبەر رۆشنایی ئارەزووی بنەرەتیی مرۆڤدا بۆ دەسەڵاتداری و پایەداری یان كۆششی بەردەوامی مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی پلەو بەربژێری، پێداچوونەوە بۆ چەمكی ئازادی دەكات. بەوەش چەمكی ئازادی بەجۆرێك بەرهەمدەهێنرێتەوە، كە ئاشنابوونمان بە كۆمەڵگە و دەسەڵات و ئازادی دەوڵەمەنددەكات. بەئەندازەی ئەوەی وامان لێ دەكات بەتواناتربین لە سنووردانانداندا بۆ كۆنترۆڵكردنی یەكتر.

ئەمە ئەوەیە كە فیكری رەخنەگرانە دەیرەخسێنێت، كەچی بیریاری عەرەب گەلێك جار لەبەر چەند كارێكی تر كاری سەرەكیی خۆی لەبیردەكات. مەبەستم ئەو كارانەیە كە پیاوی ئایینی، پێغەمبەر، لاهوتی، بانگەشەكارو سیاسەتمەدار پێی هەڵدەستن.. مەسەلەكە بەم شێوەیە چۆتەرێوە، لە ئەفغانییەوە بیگرە هەتاكو حەسەن حەنەفی، لە محەمەد عەبدەوە بیگرە هەتاكو محەمەد ئارگۆن، لە شبلی شەمیلەوە بیگرە هەتاكو مەحمود ئەمین عالم: ئەهلی فیكر وەك بانگەشەكار و مژدەبەخش، یان خەباتگێڕ و شۆڕشگێڕ مامەڵەیان لەگەڵ خۆیان كردوە و بە پلەی یەكەم

ژێراوژوورکردنی بارودۆخەکان و گۆڕانی کۆمەڵگەکان، یـان ڕزگـارکردنی میللەتـەکانیان بەلاوە گرنگ بووە.

بـەڵام ئـەم ڕۆڵگێڕانـە جۆربەجۆرانـە لەسـەر حـسابی چـالاکیی چـەمکئامێز و بەرهـەمهێنانی مـەعریفی بـووە، بـەڵکو دژی ویـستی مەعریفـە و لەسـەر حـسابی تێگەیشتن پیادەکراوە. سەرەنجامەکەش، یەکەم نەزانی بووە بەرامبەر بە باری جیهانو بارودۆخـەکانی ئـەو کۆمەڵگەیانـەی مەبەسـت بـووە بگـۆڕرێن. بەڵگـەی ئـەوەش، ئێمـە هـەتاکو ئێـستا عـەرەبێك نابینینـەوە فیکرێکـی بایەخـداری دەربـارەی کۆمەڵگـەی عەرەبیو مرۆڤایەتی بەرهەمهێنابێ. دووەم ئەوەیـە، جیهـان بـەجۆرێك دەگۆڕێـت، ئـەو ڕووناکبیرانە ڕادەچڵەکێنێ کە لە وەهمەکانی خۆیاندا دەربارەی ئـازادی و ڕێنـسانس و پێشکەوتن نقومن. کۆمەڵگە عەرەبییەکانیش بەردەوام دەگـۆڕێن، بـەڵام بەپێـچەوانەی خواستی بانگەشەکارانی ڕۆشنگەری و ڕزگاری و نوێکردنەوەوە.

سەیریش نییە سەرەنجامەکە بەو جۆرە بێت، چونکە ئەوەی زانین بەرامبەر بە کۆمەڵگـە بەرهـەم نـەهێنێ، ناتوانێـت بەشـداریبکات لـە گۆڕینیـدا. ئـەوەی فیکرێـك دانەهێنێ، لەوە پەککەوتەترە بتوانێت کاریگـەریی بخاتـە سـەر ڕێـڕەوی ڕووداوەکـان و گەشـەکردنی بیرۆکـەکان. ئەمـە ئـەو تەنگژەیەیـە کـە دەسـتی ناوەتـە بینـەقاقای ڕووناکبیری عەرەب: ئەو دەکەوێت بەسـەر ئـەوەی ڕوودەدات، چونکە بایـەخ بـەزانینی واقیـع نـادات. لـە پرۆژەکـانی دەربـارەی نوێکردنـەوەدا شکـستدەخوات، لەبەرئـەوەی بەباشی ڕووداو ناخوێنێتەوە. چەند بیرۆکەیەکی نـوێی بـەپیتیش داناهێنێـت، چونکە وەك مەبەستێك بۆخۆیان مامەڵە لەگەڵ بیرۆکەکان دەکات.

بـەوجۆرە ڕوونـاکبیر، ڕووداو لـەدوای ڕووداو، نـەفامیو شکـستخواردنی خـۆی دەسەلمێنێو مرۆڤ بەهێزترین بەڵگەش لەسەر ئـەوە لـەو توانجـەکانی ڕووناکبیرانـدا(٣) دەبینێتەوە کە دەربارەی بڕیاری لێك جیاکردنەوەی نەسر حامد ئەبو زەید و ئیبتهال یونـسی ژنـی، لەبـەر هەڵگەڕانـەوەی نەسـر لـە ئـایینی ئیـسلام، دەریـانبڕیوە. چـونکە هەموان واقیان لـەوە وڕمـابوو کـە ڕوویـدابوو، بڕوایـان بـەوە نـەدەکرد کـە پێـشهاتبوو. بۆیە بە هەستی خەفەتباریو داخەوە مامەڵەیان لەگەڵ ڕووداوەکـە کـرد و بـە زمـانی ڕەشبینی و دڵشکاوی هاتنـە قسە. هەشـیان بـوو بـە زمـانی بێزلێهاتنـەوەو وەڕسـبوون

هاتنە ئاخاوتن، ئەمە وێڕای ئەوانەی ڕووداوەکە تووشی ترس و دڵسووتانی کردن. هەموو ئەوانە شایەتی لەسەر ئەو دەستەپاچەیی‌و پەراوێزبوون و فشۆڵییە دەدەن کە باری ڕووناکبیر پێی گەیشتبوو.

هیچ شتێك ئەم بارە بێدەرەتانە لێکناداتەوە، جگە لەوەی ڕووناکبیر دەستبەرداری ئەرکی سەرەکیی خۆی بووە، ئەویش تێگەیشتن‌و دەستنیشانکردە. ئەمەش ئەرکی ئەهلی فیکرە بەتایبەتی، واتە دارشتنی چەمکئامێزانەی جیهان یان چارەسەرکردنی فیکریی کێشەکان. بەم مانایە، بیریار پێشهاتەکان دەخولقێنێ، بەهۆی گۆڕینی پێشهاتەکانەوە بۆ چەند ئیشکالییەتێکی فیکری، یان چەند کەرەستەیەکی چەمکئامێز. ئەمەش جیاوازیی نێوان بیریار و سیاسەتمەدارە لە ڕووی ئەو ئەرکەی بەهەریەکێکیان سپێردراوە: یەکەم بەهۆی بیرۆکە و چەمکەوە دنیا دەگۆڕێت، کەچی ئەوەی دووەم کۆششدەکات بۆ ئەوەی بیرۆکەکان بگۆڕێت بۆ واقعێکی پراکتیکیی مەیدانی.

کەواتە ئەمە ئەرکی بیریارە: کارکردن بە تایبەتمەندێتیی خۆی و دەرخستنی خەسڵەتی خۆی وەك بەرهەمهێنی بیرۆکەکان. بەئەندازەی سەرکەوتنی بیریار لەم ئەرکەدا، یەکێك لە ڕووەکانی بوونەوەر ئاشکرادەکات و پەیوەندییەکی جیاواز لەگەڵ حەقیقەت دروستدەکات. واتە لەکاتی دروستکردنی پێشهاتە فیکرییەکاندا واقعێك دەخولقێنێت. ئەمەش سەیرنییە، چونکە بیرۆکەکان لە ئاسمانێکی بەرزەوە نایەنە خوارەوە، بەڵکو ئەو بونیاد و پەیوەندی یان زمان و دامەزراوانەن کە لەگەڵ خودی خۆمان و جیهان دایاندەمەزرێنین.

ئەم ئەرکە ئەوە لە بیریار دەخوازێت، لە وەهمە ئایدیۆلۆژییەکان و چەواشەکارییە ڕزگاریخوازییەکان ڕزگاریان بێت، بەبەرەنگاربوونەوەی ئەو تارماییانەی لەئەقڵیدا خۆیان مەڵاسداوە، مەبەستم تارماییەکانی جادووگەر و پیاوانی ئایینی و بانگەشەکار و پاڵەوانە جۆربەجۆرەکانی ڕزگارییە. چونکە هەرکاتێك پیشەی ڕووناکبیری بانگەشەکار لە جیهانی عەرەبدا گەشابێتەوە، پیشەی بیریاری ڕووناکبیر پاشەکشەیکردوە، بەوپێیەی پروپاگەندەکردن و بەرخۆری زاڵبووە بەسەر داهێنان و بەرهەمهێناندا. جارێکی تر بەڵگەکە ئەوەیە، تاقە ڕووناکبیرێکی عەرەبی نابینینەوە

بەشێوەیەکی نوێ، دەوڵەمەند یان بێوێنە، لە ئاخاوتندا دەربارەی ئەو چەمکانە سەرکەوتووبووبێ کە ڕووناکبیران دەیان ساڵە لە گوتارەکانیاندا تاوتوێیاندەکەن، وەك دیموکراسی، مۆدێرنیتە، ئەقڵانییەت، عەلمانییەت، پێشکەوتن و سۆشیالیزم.

بەهەرحاڵ، سەبارەت بەوەی پەیوەندیی بەخۆمەوە هەیە، وەك ئەوەی کارەکەی خۆم ئەنجامدەدەمو مامەڵە لەگەڵ پیشەکەم دەکەم، ئەوەی هەوڵی بۆ دەدەم، ڕزگاربوونە لە وەهمی ئازادی و لاهوتی ڕزگاری. من کۆششدەکەم لە بواری کارەکەمدا بەرهەمهێن بم و لە ژینگەی کۆمەڵایەتیمدا بکەربم، هەوڵیشدەدەم زانینێك دەربارەی خۆم و کۆمەڵگەکەمو سەرجەم جیهان بەرهەمبهێنم. بەمجۆرە پەیوەندیی خۆم لەگەڵ ئازادیو دەسەڵاتی خۆم پێکەوە پیادەدەکەم، بەجۆرێك کە هیچ کەسێك بە دروشمەکانم دەربارەی ئازادی و یەکسانی فریونەدەم. لێرەوە چیتر لافی ئەوە لێ نادەم کە من کۆششدەکەم بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵگە عەرەبییەکان لە پاشکۆیەتی و نەفامی، چونکە ئەمجۆرە قسەیە پاشکۆیەتی و نەفامیی زیاتری بەرهەمهێناوە. بۆ نموونە، ناڵێم کاردەکەم بۆ ڕزگارکردنی ئیسلام لە بەکاربردنی ئایدیۆلۆژیانە، یان کۆششدەکەم بۆ پاککردنەوەی لە خورافە و ئەفسانە، وەك ئەوەی محەمەد ئارگۆن(٤)، یان نەسر حامد ئەبو زەید(٥) دەیڵێت، بەڵکو کۆششدەکەم بۆ ڕزگاربوون لە سیستەمەکانی لاهوتو پێکهاتە بڕوامەندەکان و دامودەزگا ئایدیۆلۆژییەکان و لە هەرشتێك کە ئاستەنگ دروستبکات بۆ بەکارهێنانی فیکری خۆم بەشێوەیەکی بەرهەمهێنەرانەی کاریگەر. سەبارەت بە ڕزگارکردنی ئیسلامیش، هەروەها ئایین بەگشتی، لە ئەفسانە و ئایدیۆلۆژیا، ئەوە بۆ خۆی مامەڵەکردنێکی ئەفسانەیی ئایدیۆلۆژیانەیە لەگەڵ دیاردەی ئایینی و بڕوای ئیسلامی.

کورتەی قسەکە: پێویستە ڕووناکبیر دەستبەرداری ڕۆڵی پۆلیسی بڕوامەند بێت، ئەگەر بیەوێت ڕووداو باش بخوێنێتەوە یان بەشێوەیەکی کاریگەر بەشداریبکات لە وۆرکشۆپی بەرهەمهێنانی فیکری لەسەر جیهان. چونکە پاسەوانیکردنی بیرۆکەکان کوشتنیانە، تەنانەت ئەگەر مەسەلەکە پەیوەندیی بە ئازادی و دیموکراسی و ئەقڵانیو مۆدێرنیتەشەوە هەبێت، لەبەرئەوەی بیرکردنەوەی بەرهەمهێن و کارامە ئەوەیە کە بەهۆیەوە کار

لەسەر خۆمان دەکەین و پەیوەندییەکی رەخنەگرانە لەگەڵ بیرۆکەکان دروستدەکەین، واتە ئەوەی بەهۆیەوە تواناکانی بیرکردنەوە و کارکردنمان دووقات دەکەین، ئەوەش لە ڕێگەی داهێنانی چەند ئامرازێکی فیکریی نوێ و بەکارهێنانی زمانێکی چەمکئامێزی جیاواز بۆ خوێندنەوەی جیهان و مامەڵەکردن لەگەڵ پێشهاتەکانیدا.

**وەهمی شوناس:**

مەبەستم لەم وەهمە، بڕوابوونی مرۆڤە بەوەی دەتوانێت بەهاوجووتبوون لەگەڵ ڕەچەڵەکی خۆی، یان بە نووسان بە یادەوەریی خۆیەوە، یاخود بە پاراستنی کەلەپووری خۆی، وەك خۆی بمێنێتەوە. ئەم وەهمە وای لە ڕووناکبیر کردوە لە گۆشەگیریی خۆیدا نیشتەجێ بێت و وەك پاسەوانی شوناس و بیرۆکەکانی خۆی ڕەفتاربکات. ئەمەش ڕێگەی لەوە گرتووە نوێکردنەوە و داهێنان بهێنێتەئاراوە و ڕێگربووە لەوەی پشتئەستوور بە بواری کارکردن و کاریگەریخستنەوەی خۆی، واتە لە ڕێگەی دروستکردنی بیرۆکەکان و داهێنانی چەمکەکانەوە، بەشداربێت لە دروستکردنی جیهاندا.

بەوپێیەی ئەگەر ئەرکی بیریار بەرهەمهێنانی بیرۆکەکان بێت، ئەوا پێویستە ئینتیمای ئەو بەپلەی یەکەم بۆ بواری کارەکەی خۆی بێت کە جیهانی فیکرە، پێش ئەوەی ئینتیمای بۆ بڕواکەی، یان نەتەوەکەی، یاخود کەلەپوورەکەی خۆی هەبێت، بەڵکو بیریاری ڕاستەقینە شایستەی ئەو نازناوە نابێت، ئەگەر بیری لە شوناس و ئینتیماکانی خۆی نەکردەوە، یان کاری لەسەر بڕوا و کەلەپوورەکەی خۆی نەکرد، سەرەنجامیش دەبێت بە لاهوتی، یاخود تەنیا بانگەشەکار یان مژدەبەخشێك.

ئەگەر مەبەستم دیاریکردنیش بێت، ئەوا دەتوانم بڵێم: کارکەری بواری فەلسەفە بەپلەی یەکەم ئینتیمای بۆ ئەو بوارە فیکرییە هەیە کە لە یۆنانەوە دەستپێکردوەو لەگەڵ فەیلەسووفەکانی ئیسلامدا دەوڵەمەند و فراوان بووە، ئینجا خۆرئاواییەکان نوێیانکردۆتەوە و گەشەیان پێ داوە و هێشتاش داهێنان و گۆڕانکاریی تێدا دەکەن، بەجۆرێك کە بۆتە هۆی گۆڕانی پەیوەندیمان لەگەڵ فەلسەفە، بەشێوەیەك کە لەوەپێش وێنەی نەبووە.

ئـەهلی فەلـسەفە بـەمجۆرە مامەڵـە لەگـەڵ خـود و بیرۆکـەکانی خۆیـان دەکـەن: ئەوەی پێـوەی سـەرقاڵن جیهـانی بیرۆکەکانـە، خەسـڵەتەکەیان داهێنـانی چـەمکەکان و دارشتنی ئیشکالییەتەکانە، بەبێ گوێدانە تایبەتمەندییـە رووناکبیری، یـان زمانـەوانی، یاخود نەژادییەکان. بۆیە هیچ کامێك لەوانە بایەخـدانی بـە بەرهـەمی فیکریـی لـەناو زمانی نەتەوەکەی، یان چوارچێوەی ژیوارەکەی خۆیدا قـەتیس ناکات، بـەڵکو بـەرووی گشت بەرهەمە فیکرییەکان و دەرهاویشتە رووناکبیرییەکانـدا دەکرێتـەوە و لـە گـشت لقـەکانی مەعریفـە خـۆراك وەردەگرێـت، ئەمـە سـەرباری کرانـەوەی بـەرووی رەوتـی رووداوەکـان و رووبـەرەکانی ژیانـدا. بـەم مانایـە، فەلسەفە خـۆراك لـە دەرەوەی خـۆی وەردەگرێت، فەیلەسووفیش ئەوەیـە کـە هەرشـتێکی نافەلـسەفی دەگۆڕێـت بـۆ کـارێکی فەلسەفیانە.

پـشتئەستوور بـەم مامەڵەکردنـە لەگـەڵ شوناسـی فیکـری، کارکـەری بـواری فەلـسەفە و فیکـر ئـەو پرسـیارە نـەزۆك و دوانــە سـاختەکارانە تێدەپـەڕێنێ، کـە رۆژهەڵاتناسەکان و توێژەرانی عەرەب وەك یەك دەریاندەبڕن یان کاریـان پـێ دەکـەن. وەك پرسیاری شوناسی ئەقڵ، یان دوانەی رەسەنایەتی و مۆدێرنیتە، یان پێکگەیشتن و لێکدابڕان، یاخود عەرەبایەتی و خۆرئاواییبوون.

بۆ نموونە، ئەوەی پەیوەندیی بەخۆمەوە هەیـە، مـن وەك هەنـدێك خۆرئـاوایی دەپرسێت(٦)، ناپرسم: ئایا دەکرێت ئـەقل عـەرەبی بێـت؟ بـەڵکو هەوڵـدەدەم بەچـاکی ئـەقڵی خـۆم بەرێوەبـەرم، لـە رێگـەی ئاشـکراکردنی ئـەو ناماقوڵییـەی شـپرزەیدەکات. هەروەها ناپرسم: ئایا دەکرێت ئیسلام لەگەڵ مۆدێرنیتەدا تەبابێت؟(٧)، چونکە ئەمـە پرسـیارێکی بەرهـەمهێن نییـە، بـەڵکو وەك شوناسـێکی ئەودیوسروشـتیی خـاوەن ناوەرکێکی نەگۆڕ مامەڵە لەگەڵ ئیسلام دەکات. بۆیە من دەیگۆڕم بـە پرسـیارێکی تـر: چۆن بەشـێوازێکی نـوێ مامەڵـە لەگـەڵ کەلـەپووری ئیـسلامیدا بکـەم، بـەجۆرێك کـە بەشێوەیەکی بەرهەمهێنی وەها بیخوێنمەوە دەرفەتم بۆ برەخسێنێ زانیـنم دەربـارەی جیهـان نوێبکاتـەوە، بەئەنـدازەی ئـەوەی دەرفـەتم بـۆ دەرەخـسێنێ بـچمە نـاو کێـشە فیکرییەکانی سەردەمەکەمەوە؟

لەکۆتایشـدا ناپرسـم: عەرەب یان موسڵمان، عەجەم یان بیانی کێیە؟ چونکـە

کاتێك بیریار بیر لە خۆی دەکاتەوە، لەوانەیە شەرم لەخۆی بکات یان لەوە بترسێت کاتێك دەبینێت هاوشێوە زاڵدەبێت بەسەر هاوشێوەکەی خۆیداو هەوڵدەدات بەکاریبهێنێت، مافەکانی زەوتبکات، شکۆی پێشێل بکات، نەفرەتی لێ بکات و دووریبخاتەوە، یان لەناویبەرێت و قڕی تێ بخات، چونکە مرۆڤزانی هەڵخەڵەتێنەرە و ڕووەکانی تری ئێمە دەشارێتەوە.

بەو جۆرە من وەك محەمەد عابد جابری(٨) ناپرسم: عەرەب کێیە؟، بەڵکو دەپرسم: من کێم؟، هەروەها دەپرسم: چۆن بەشێوەیەکی تر دەبم، هەتاکو پەیوەندییەکانی هێز و مەعریفە و سامان لەنێوان خۆم و ئەویتردا بگۆڕم؟ کەواتە گرەوەکەی من ئەمەیە: بگۆڕێم، بۆ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ خۆم و ئەویتر، ئێستام و جیهان بگۆڕم.

لەلایەکی ترەوە ناڵێم ئەوەی ئیبن ڕوشد "نووسیویەتی، بۆ ئەوە نووسیویەتی ئێمەی عەرەب سوودی لێ وەربگرین"، وەك عاتف عراقی و هەندێك لە ئەهلی فەلسەفەی عەرەبی دەیڵێن، چونکە ئیبن ڕوشد بۆ ئەوە نووسیوویەتی کە هەموو خەڵك سوودی لێ وەربگرن، هەروەها خۆیشی سوودی زۆری لە فیکری یۆنانی وەرگرتووە. وەك نەسر حامد ئەبو زەیدیش(٩) ناڵێم ئیبن ڕوشد "ئەقڵی کۆچکردوومانە" پێویستە لەسەرمان "بیگێڕینەوە"، چونکە یۆنانییەکان لەپێشترن بۆ ئەوەی ئەمجۆرە قسانە بکەن. بێگومان وەك حەسەن حەنەفیش(١٠) زانستەکان دابەش ناکەم بەسەر ئەو زانستانەی پەیوەندییان بە منەوە هەیە و ئەو زانستانەی پەیوەندییان بە ئەوانیترەوە هەیە، چونکە ئەمجۆرە هەڵوێستە دەمانگێڕێتەوە بۆ پێش هەڵوێستی ئیبن ڕوشد و ئەو فەیلەسووفانەی ڕابردوو، کە بەشێوازە جیهانی و کۆسمۆپۆلیتییەکە مامەڵەیان لەگەڵ خۆیان کردوە. بەوپێیەی کارە فیکرییە داهێنەرەکان فیکری مرۆڤایەتی دەوڵەمەنددەکەن و گشت ئەقڵەکان دەدوێنن. لێرەوە لەگەڵ ئەحمەد عبدولحەلیم عەتییە(١١)دا دەڵێم: "ئیبن ڕوشد موڵکی کەسێك نییە بەتەنیا، بەڵکو موڵکی گشت مرۆڤایەتییە".

بەمە هەوڵدەدەم هەڵوێستی ڕۆژهەڵاتناسانەو هەڵوێستی ئاخاوتنخوازانەی لاهوتی پێکەوە تێپەڕێنم(١٢)، چونکە کارکەری بواری فیکر هەستدەکات یەکەمین

ئینتیمـای بـۆ مرۆڤایەتییـە و جیهـان مـەودای فراوانـی فیکـری ئـەوە. بۆیـە لـەپێناو شـوناس، یـان کەلـەپوور، یـاخود بـڕوای خۆیـدا بیرناکاتـەوە، لـەپێناو خۆرهـەڵات یـان خۆرئـاوا، عەرەبایـەتی یـان ئیـسلام، ئەفلاتونییـەت یـان حەنیفیـەت یـان ڕوشـدییەت، مارکـسییەت یـان نێتـشەوییەتدا بیرناکاتـەوە.. بـەڵکو ئـەو سـوود لـە ئەزموونـەکان وەردەگرێت و بەڕووی حەقیقەتەکاندا دەکرێتەوە، کار لەسەر کەلەپوور و شوناسـەکان دەکات، ڕەخنەگرانە بیر لە بڕواو فەلسەفەکان دەکاتەوە، لەپێناو نوێکردنەوەی جیهانی بیرۆکـە و چـەمکەکاندا. بـەوەش بیریـار کاریگـەریی دەخاتـە سـەر گۆڕەپانەکـەی و ژینگەکەی و جیهـان، لـە ڕێگـەی ئـەو پێـشهاتە فیکریانـەی دەیانخوڵقێنـێ، ئـەو فۆڕمـە بوونخوازەی بۆ پەیوەندیی نێوان فیکر و حەقیقەت، یان ئـەقڵ و فرمـان، یـاخود مـن و جیهـان دایـدەهێنێ. بـەم مانایـە، دەکرێـت بوترێـت بیریارەکـان - فەیلەسـووفەکان بەدیاریکراوی - بەوپێیەی بە زمانی چەمکەکان قسەدەکەن و چەندین فۆڕمی نوێ بـۆ پەیوەندیی نێوان خود و حەقیقـەت و فیکـر دادەهێـنن، تـەنیا بەشـێوە جیهانییەکـەی سـەرهەڵدەدەن، بـەبێ گوێدانـە تایبەتمەنـدیی دەرهاویـشتە ڕووناکبیرییـەکان و زمانـە نەتەوەییەکان، جا کەرەستە چەمکئامێزەکان، یان میتۆدە ئەقڵانیەکان هەرکامێك بـن. بەوپێیـەی ئـەو ئـامرازەی فەیلەسـووف دادەهێنـێ، یـان ئـەو شـێوازەی دەیدۆزێتـەوە، جیهـانیبوونی خـۆی بەدەسـتدێنێ و خـۆی دەسـەپێنێ بەسـەر هەرکەسـێکدا کـە فەلسەفاندن ئەنجامدەدات، یـان بایـەخ بـە کاروبـاری فیکـر دەدات، بەئەنـدازەی ئـەوەی کاریگەریی چەمکئامێزی دەبێت، یان سوودی مەعریفیانە دەخاتەڕوو.

پوختـەی قـسە: بـا هەریـەکێکمان لـە گۆشـەگیریی فیکریـی خـۆی بێتـە دەرەوە، بـۆ ئـەوەی بایـەخ بـەو بیرۆکـە و ڕووداوانـە بـدات کـە لـە جیهانـدا دەگـوزەرێن. چـونکە بیریـار ئەوەیـە کـە بایـەخ بـە هـەر بەرهـەمێکی فیکـری دەدات، جـا شوناسـی بەرهەمهێنانەکـە هەرچـییەك بێـت، هـەتاکو کاربکـات بـۆ ئـەو بیرۆکانـەی هـەر خـاوەن بیرێـك بایـەخی پـێ دەدات. ئـەو بەئەنـدازەی ئینتیمـای بـۆ بـواری فیکریـی خـۆی و کـارکردن بەتایبەتمەنـدیی خـۆی وەك بیریـار، جیهـانیبوونی خـۆی پیادەدەکـات و گـەردوونیبوونی خـۆی ڕادەگەیـەنێ، چـونکە بیرۆکـە داهێنـەر و چـەمکە بێوێنـەکان سـنووره هەڵـچنراوەکانی نێـوان

شوناســەکان دەبــڕن، بــۆ ئــەوەی خۆیــان بــسەپێنن بەســەر هەرکەســێکدا کــە خولیای مەعریفەیە.

ئەمـەش مانـای ڕەخنەگرتنـە لـە ئـەرکی ڕوونـاکبیر: دەرچـوون لـە گۆشـەگیریی خۆی و دەستبەرداربوونی پیادەکردنی ڕۆڵی پاسەوانی شوناسەکەی، هەتاکو بە فیکـری خـۆی بـچێنە نـاو جیهانـەوە. وەك ئـەوەی نـاودارانی فیکـر کردیـان، لـە ئەفلاتونـەوە هەتاکو فۆکۆ، لە ئیبن سیناوە هەتاکو دیکارت، لە ئیبن عەرەبییەوە هەتاکو هیگڵ، یـان لە ئیبن خەلدونـەوە هـەتاکو پیـار بۆردیو. چونکە ئەوانـە و هاوشـێوەکانیان بـەهێزی بیرۆکـە بێوێنــەکانیان، نــەك چەواشــەکارییەکانیان لەمــەڕ ئــازادی و شــوناس، یــان شـەبەنگەکانیان دەربـارەی ڕۆڵـی پەیامبەرانـە و پێـشڕەوایەتیان، سـنوورەکانی نێـوان میللەت و بڕوا و کیشوەرەکانیان بڕی یان دەبڕن.

**وەهمی هاوجووتبوون:**

وەهمێکی ئەودیوسروشتی هەیە، کە ئـەقڵی ڕوونـاکبیر و بیریارەکانی عـەرەب و ناعـەرەب کۆنتڕۆڵـدەکات، ئـەویش نـاودەنێم وەهمـی هـاوجووتبوون. ئەمـەش خـاوەن ڕەگێکـی ئەرسـتۆیی‌و بنـچینەیەکی دیکارتییـە، هـیگڵ تیۆرەکـەی دارشـتووەو مـارکس کۆششیکردوە بۆ جێبەجێکردنی.

هاوجووتبوون ئـەوە دەگەیـەنێت کـە حەقیقـەت نـاوەڕۆکێکی نـەگۆڕی هەیـە و پــێش ئــەزموون دەکــەوێت و لــە ســەروو پیادەکردنەوەیــە، دەکرێــت لــە ڕێگــەی وێناکردنەکانەوە کۆنتڕۆڵبکرێت و بەهۆی وشـەکانەوە گوزارشـتی لێ بکرێـت، ئینجا لـە ژیانی پراکتیکی و لەسەر زەمینەی پیادەکردنەکان و لە ڕێگەی سیستەم و دامەزراوە و یاسادانانەکانەوە بخرێتەگەڕ. ئەمە وەهمی تەماهیکردنی نێوان بوون و چەمك، ئینجا نێوان چەمك و وتراو، لەکۆتاییشدا نێوان وتراوو کارپێکراوە.

زۆرجـار ئـەم بڕوایـە بەشـێوەیەکی نێگەتیڤانـە کـاریپێکراوە و بۆتـە مایـەی هەرەســهێنانو کارەســاتەکان، یــان بێهیــوایی‌و دڵــشکاوییەکان. وەك ئــەوەی لــە هەوڵدانــەکانی جێبــەجێکردنی بیرۆکـەکانی مارکـسیزم و دیموکراسـی و یەکگرتنـدا لەگەڵ گوتەکانی لەناوچوونی دەوڵەت، یان کۆتایی مێژوو، یاخود نـەمانی ململانێکانی نێـوان مـرۆڤ بەدەردەکـەوێ. چـونکە ئەوانـەی هیوایـان بـە ئاشـتی هـەبوو، جگـە لـە

دروستکردنی جەنگ شتێکی باشتریان نەکرد. ئەوانەی بیریان لە لەناوچوونی دەوڵەت کردەوە، مەملەکەتی ئازادییان دانەمەزراند، بەڵکو دەوڵەتێکی تۆتالیتاریی وەهایان بەرهەمهێنا، کە تاکی هاڕی و کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوەکانی هەڵلوشی. لەدواییشدا، نەك کۆتاییدا، ئەوانەی بەشێوازی هیگڵ یان مارکس بیریان لە کۆتاییهاتنی مێژوو کردەوە، وەك فۆکۆ یاما، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕووداوەکان کتوپڕ کەوتن بەسەریاندا، بەبێ ئەوەی بەبیریاندا هاتبێ یان حسابیان بۆ کردبێ تێزەکانیان تێدەپەڕێنران. لیبرالیزم بەهەشتی بەڵێنپێدراو نییە: بەو پێیەی کۆمەڵگە زمانی پێکگەیشتن و ئاڵوگۆڕە، بەئەندازەی ئەوەی پەیوەندییەکانی هێزە لەنێوان تاك و گرووپەکاندا، سیستەمێکی بەرهەمهێنان و تاوتوێکردنە، لە بەرهەمهێنانی ئەو جیاوازی، یان پێشبڕکێ، یاخود زەوتکارییە ناکەوێت کە مێژوو بەهۆیەوە دەبزوێت. سەبارەت بە مەیلە فاشییەکان و هەڵسوکەوتە بەربەرییەکان و دیاردە تۆتالیتارییەکانیش، ئەوانە چەند ئەگەرێکن لە هەناوی هەر کۆمەڵگەیەکدا بوونیان هەیە.

ئەمە باری ڕووناکبیرانی عەرەبە لەگەڵ چەمەکەکانیاندا، وەك دیموکراسی و یەکگرتن. چونکە ئەوانەی وەك بیرۆکەیەکی پێشوەخت، یان فۆرمێکی حازربەدەست بۆ جێبەجێکردن و چەسپاندن مامەڵەیان لەگەڵ دیموکراسی کرد، سەرکەوتوونەبوون لە بەجێهێنانی هیچ شتێکدا و نەیانتوانی نەریتێکی دیموکراتی بچەسپێنن. بەڵگەی دیاریش لێرەدا ئەوەیە، پەیوەندییەکانی ڕووناکبیران لەگەڵ یەکتر زۆر لە نەریتە دیموکراتییەکان دووربوون.

دیموکراسی تەنیا بیرۆکەیەك نییە بخوازرێت، یان فۆرمێك نییە بۆ جێبەجێکردن، بەڵکو کارێکی سەخت و بەردەوامە کۆمەڵگە لەزیاتر لەئاست و بوارێکدا لەسەر خۆی دەیکات، لەپێناو گۆڕینی جیاوازییە خۆڕسکەکان، یان دەمارگیرییە بەکۆمەڵەکان، یان فراکسیۆنە فاشییەکاندا. واتە گۆڕینیان بۆ چەند پەیوەندییەکی سیاسیی مەدەنیانەی دەرفەت ڕەخسێن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەسەڵات لە گشت بازنە و ئاستەکانیدا، بەشێوەیەك کە لەسەر بنچینەی دیالۆگ و دانوستان، یان بەشداریکردن و تاوتوێکردن، یاخود چاودێریکردن و لێپرسینەوە دامەزرابێت.

دیموکراسی بەم مانایە ئەزموونێکی ڕاستەقینە، یان پیادەکردنێکی مێژووییە کە واقیع لەگەڵیدا گۆڕانی بەسەردا دێت، بەئەندازەی ئەوەی فیکری سیاسی دەوڵەمەنددەکات. بەهەمان مانـاش، هەر کۆمەڵگەیەك ئەزموونی خۆی دەکات و دیموکراسیی خۆی دادەهێنێ. ئەوانەی بڕوایانوایە، دیموکراسی کتومت و وەك خۆی شایستەی گوێزانەوەیە، جگە لە ستەمکاری پیادەی هیچیتر ناکەن.

ئەمە باری ڕووناکبیرە لەگەڵ گوتەی یەکگرتن، چونکە ئەوانەی وەك چەند زاتێکی پیرۆز، یان بەهەشتێکی لەدەستچوو، یاخود شەبەنگێك کە لە قوڵاییەکانی یادەوە هاتووە مامەڵەیان لەگەڵ گوتەکە کرد، پیادەکردنە یەکگرتنخوازەکانی ئەوان بوونە مایەی ئەو هەموو پارچەپارچەبوون و دووبەرەکێتی و جەنگانە. بەڵگەش ئەوەیە، پاش هەموو هەوڵدانەکان دەگەڕێینەوە بۆ سەردەمی پێش دەوڵەت، بۆ قۆناغی عەشیرەت، بەڵکو بۆ ململانێکانی خێڵ و تیرەکان. بەوپێیەی یەکگرتن خۆبەستنەوەیەکی ڕووت نییە بە یەکێك لە ناوەکانەوە، یان تەماهیکردنێکی ڕووت نییە لەگەڵ یەکێك لە ڕەچەڵەکان، بەڵکو کارکردنە لەسەر جیاوازی، پاش دانان بە ڕاستیی جیاوازیدا، بەمەبەستی گۆڕینی بەشێوەیەك کە وا لە تاك بکات لەگەڵ خۆی جیاوازبێت، هەتاکو لەگەڵ ئەوانیتر پێك بگات. بەم مانایە، یەکگرتن بیرۆکەیەك نییە بەجێبهێنرێ، یان حەقیقەتێك نییە پێش ئەزموون بکەوێت، بەڵکو حەقیقەتێکە دروستدەکرێت و دەخوڵقێنرێت، پرۆسەیەکە بەردەوام بنیاتدەنرێتەوە و پێکدەهێنریتەوە، لە ڕێگەی خوڵقاندنی تواناکانی پێکگەیشتنی ئازادانە، یان کەشەکانی ئاڵوگۆڕکردنی بەرهەمدارەوە.

ئەمە باری ڕووناکبیرانە لەگەڵ گشت گوتە و دروشمەکانیاندا، وەك ئیسلام و عەرەبایەتیو سۆشیالیزم: ئەوانە وەك چەند ماهیەتێکی نەگۆڕ، یان چەند ڕەهایەك کە لە سەروو پیادەکردنە مێژووییەکانەوەن، یاخود چەند گشتێکی ڕووتی تیاداژیاوە ڕۆژانەکان مامەڵەیان لەگەڵ ئەو زاراوانەدا کرد. سەرەنجامیش دەستەوسان بوو لەئاست گۆڕینی واقیعدا و کەوتنە پەراوێزەوە بوو، سەرباری کەمیی زانیارییەکان و قوڵ نەبوونی بیرۆکەکان. چونکە بیرۆکەکان وێنەیەکی هاوجووتی واقیع نین، بۆیە جێبەجێناکرێن. باشترە بوترێت، بیرۆکەکان چەند ستراتیژێکن مەعریفە

بەرهەمـدێنن، بەئەنـدازەی ئـەوەی پێـشهاتەکان دروسـتدەکەن. بـەم مانایـە، بیرۆکـە ئاوێنـەی واقیـع نییـە و واقعـیش بەشـێوەی ببـە دەبێـت ناخولقێنێـت، بـەڵکو تۆڕێـك پەیوەنـدیی ئاوێتـە و نادیـارە لـەنێوان خـود و فیکـر و حەقیقەتـدا. بۆیـە بیرۆکـە خولقێنەرەکان دەرفەتی ئـەوەمان بـۆ دەڕەخسێنن، بەئەنـدازەی گۆڕانمـان، پەیوەنـدی لەگەڵ واقیـع بگـۆڕین، بەئەنـدازەی گـۆڕینی پەیوەنـدیمان لەگـەڵ ئـەویتر، پەیوەنـدیی لەگـــەڵ خۆمـــان بگـــۆڕین و بەئەنـــدازەی پیـــادەکردنی جیهانیبوونیـــشمان، تایبەتمەندییەکانمان پیادەبکەین.

ئـەمجۆرە شـێوازە پەیوەنـدیئامێزەی مامەڵـەکردن لەگـەڵ بیرۆکـەکان، مانـای ئەوەیە ڕووناکبیر و بیریار دەسـتبەرداری وەهمـەکانی شـوناس و تەماهیکردنـەکان بـن، چونکە کاتێك بیرۆکە دەبێتە شوناسی تاکەکەسی یـان بەکۆمـەڵ، ئـەوا پەیوەندییـەکان لەگەڵیـدا بەشـێوەیەکی فاشـیانە، یـان تۆتالیتارانـە، یـاخود تیرۆریـستانە پیـادەدەکرێن. وەك ئەوەی فەندەمەنتالیزمە جۆربەجۆرەکانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا شایەتیی لەسـەر دەدەن، جا ئاییني بن یان عەلمانی.

لێـرەوە ئەرکەکـە ململانێـی گوتـە و ڕێبازەکـان تێدەپـەڕێنێ، چـونکە هەمیـشە باسی دیموکراسی و سۆشیالیزممان کردوە و خوازیـاری یـەکگرتن و پێـشکەوتن بـووین، بـا ئێـستا بایەخبـدەین بـە ڕەخنـەگرتن لـە پەیوەنـدیمان لەگـەڵ بیرۆکـەکانمان و هەڵوەشـاندنەوەی بونیادەکـانی زەینمـان و دامـەزراوە مەعریفییـەکانمان، بەمەبەسـتی ڕیسوارکردنی ئـەوەی وادەکـات پیادەکردنـە فیکرییـەکانمان نێگـەتیڤ یـان پـەراوێزکار، نەزۆك یان وێرانکەر بن.

### وەهمی مۆدێرنیتە :

وەهمی مۆدێرنیتـە یەکێکە لە پەردەپۆشکارترین وەهم و گەورەترین ئاسـتەنگ لەبەردەم ئەوەی بیریار بیرۆکەکان بخولقێنێ، چونکە ئەو وەهمە بیریار و سـەربەخۆیی فیکـری، یـان پیـادەکردنی بیرکردنـەوەی ڕەخنەگرانـە لێـك دادەبڕێـت. مەبەسـتم لـەم وەهمەش، دەستگرتنی مۆدێرنیستە بە مۆدێرنیتەوە، وەك دەستگرتنی لاهوتی بە زاتە پیرۆزەکانی خۆیەوە، یان فسەکەر بە ڕەچەڵەکەکانی خۆیەوە، یاخود لاساییکەرەوە بـە مۆدێلەکانی خۆیەوە. بەمجۆرە ئێمە لەبەردەم ڕەفتارێکی فیکرییدا کە لە پیرۆزکردنـی

ڕەچــەڵەکەکان، یــان پەرســتنی مۆدێلــەکان، یــاخود دەســتگرتنی ئەودیوسروشــتی بەناوەکانەوەو هەڵوەستەکردنی خورافەکارانە لەئاست سەردەمەکاندا دەردەکەوێت.

ئەمە باری ڕووناکبیری عەرەبە بەشێوەیەکی گشتی، چونکە ئـەو دیلـی مۆدێلـە ڕەچەڵەکخوازەکان و سەردەمە زێڕینەکانە. لەمەشدا کەلەپوورخواز و مۆدێرنیستەکان وەك یــەکن، لەبەرئــەوەی هــەموویان بەشــێوازێکی مۆدێلخــوازی فەندەمەنتالیــستانە بیردەکەنەوە. کەلەپوورخوازە جۆربەجۆرەکان بیر لە گێڕانەوەی سەردەمی پێغەمبـەر، یــان خەلیفــەکانی ڕاشــدین، یــان ســەردەمی عەباســی دەکەنــەوە، یــاخود هەوڵــدەدەن شوێنپێی ئەقلانییەتی ئیبن ڕوشد، یان واقعیبوونی ئیبن خەلدون، یان مەبەستخوازیی شاتبی هەڵبگرن. مۆدێرنیستەکانیش، وێڕای جیاوازییان، بیر لـە گێڕانــەوەی ســەردەمی ڕێنــسانس، یـان ســەردەمی کلاسـیکی، یـاخود ســەردەمی ڕۆشـنگەری دەکەنـەوە، یـاخود هەوڵدەدەن شوێنپێی میتۆدخوازیی دیکارت، لیبرالیزمـی ڤۆڵتێر، ئەقلانییـەتی کانـت، مێژووچێتی هیگڵ، یان مەتریالیزمی مارکس هەڵبگرن.

بــــەوجۆرە هــــەموان بەشــــێوازێك بیردەکەنــــەوە، کــــە لــــە بنەڕەتــــدا فەندەمەنتالیــستانەیە. لــە مارکــسیزمی صــادق جــەلال عەزمــەوە بیگــرە هــەتاکو ئیسلامییەتی تەها عەبدولرەحمان، لە پۆزەتیڤیزمی زەکی نەجیب مەحمودەوە بیگرە هەتاکو کەسێتیخوازیی محەمەد عەزیز حەبابی.

فەندەمەنتالیــستیش، جــا مارکسیــست بێــت یــان ناسیونالیــست، ڕشــدخواز بێــت یـــان دیکـــارتخواز، بەدەگمـــەن بیرێکـــی ڕەســـەن بەرهەمـــدێنێ. چـــونکە فەندەمــــەنتالیزم تێکــــشکاندنی بێوێنــــەبوون و ڕەســــەنایەتییە، لەکاتێکــــدا ڕەســــەنایەتی ڕەخنەگرتنــــە لــــە ڕەچــــەڵەکەکان و دەرخــــستنی بنــــچینەکان و هــەڵکۆڵینی مۆدێلەکانــە. باشــترە بــوترێ، فەندەمەنتالیــست هەســت بــە نــامۆبوون دەکـات، بەئەنـدازەی ئـەوەی لـەو بڕوایەدایـە کـە حەقیقـەت ڕەچـەڵەکێکی نـەگۆڕە پێویــستە بیگێڕینــەوە، یــان نــاوەڕۆکێکی شــاراوەیە دەبێــت دەرکــی پــێ بکــەین، یــــاخود نهێنییــــەکی نادیــــارە دەبێــــت بیدۆزینــــەوە. بۆیــــە مۆدێلــــە فەندەمەنتالیــستەکان خــەو بــە یوتۆپیــاوە دەبیــنن، کــە تیایــدا مرۆڤــەکان هیــوای ئــەوەیان هەیــە بەهەشــتی لەدەســتچوو بگێڕنــەوە، یــان بگەنــە ڕۆژگــارە مێژووییــە

ڕاســتەقینەکانی خۆیــان. لەکاتێکــدا یوتۆپیــا گۆشــەگیری، یــان دەمــارگیری و تــیرۆر دادەمــەزرێنێ و دەشــێت کارەســات بخاتــەوە، چــونکە ســەرلەنوێ ئــەو واقیعــە بەخراپترین شێوە بەرهەمدێنێتەوە کە مەبەست گۆڕینێتی.

شــێوازی فەندەمەنتالیــستانەی مۆدێلخــوازی مامەڵــەکردنی مۆدێرنیــستەکان لەگەڵ مۆدێرنیتە، مەبەست پەرستنی ڕەچەڵەکەکان و بەخواکردنی مۆدێلەکان یان پیرۆزکردنــی بیرۆکەکانــە، لێکیدەداتــەوە بۆچــی پڕۆژەکــانی نوێکردنــەوە دووچــاری پاشەکشە، یان شێواندن، یاخود شکستخواردن بوون و نەیانتوانیوە بەرەنگاری هێزە تەقلیدییەکان ببنەوەو ئەو پڕۆژانە بپارێزن.. بەقسەیەکی ڕاشکاوانەتر: ساتمەکردنی ئەقلانییەت و پاشەکشەی ڕۆشنگەری و شکستخواردنی عەلمانییەت دەگەڕێتەوە بۆ ئــەوەی خــاوەن دروشمــە نوێکــان بەشــێوەیەکی لاهوتیانــە مامەڵــەیان لەگــەڵ عەلمانیەتەکەی خۆیان کردووەو بەشێوەیەکی ئەفسانەیی دەستیانگرتووە بە ئەقڵەوە و بەشێوەیەکی تەقلیدیانەی فەندەمەنتالیستانە یان ناڕۆشنگەرانە مامەڵەیان لەگەڵ سەردەمی ڕۆشنگەری کردووە.

تەنگژەکە، واتە هۆی دەردەکە و هۆکاری ئیشکالیەتەکە، لێرەدایە. چونکە مۆدێرنیتە بە شوێنپێهەلگرتن و لاساییکردنەوە نابێت، بەڵکو بە خولقاندن و داهێنان دێتەدی، جا ڕادەی سوودوەرگرتن لەویتر هەرچەندێك بێت، یان ڕادەی کەوتنە ژێر کاریگەریی دەستکەوتە نوێکان هەرچەندێك بێت. مۆدێرنیتە بەبێ ئەو داهێنانە نابێت کە وەرچەرخانێك لە فیکردا، بازدانێك لە مەعریفەدا، گۆڕانێك لە تێڕوانین و چەمکەکاندا، یان ئالوگۆڕێك لە میتۆد و شێوازەکاندا نەکات. بەم مانایە، کەسێك ناتوانێت نوێ بێت، ئەگەر مۆدێرنیتەی خۆی دروست نەکات، ئەویش بەهۆی مامەڵەکردنێکی نوێ و داهێنەرانە و کاریگەر و بەرهەمهێنەوە لەگەڵ شوناس و تایبەتمەندییەکەی خۆی. ئەوەی ئەمەش بکات، لە ڕووی دەوڵەمەندی و تێپەڕاندنەوە، لە ڕێگەی داهێنانەوە لە یەکێك لە بوارەکاندا، بەشداریدەکات لە دروستکردنی مۆدێرنیتەیەکی جیهانیدا. بەوجۆرە ناتوانین مۆدێرن یان مۆدێرنیست بین، ئەگەر نەتوانین بەیەکێك لە شێوازەکان بەشداریی بکەین لە دروستکردنی جیهاندا، بەهۆی دروستکردنی ئامرازێك یان کالایەك، داهێنانی فۆرمێك یان بیرۆکەیەکەوە.

هەروەها ڕۆشنگەری بەبێ چەند ئەزمونێكی بێوێنە، یان پیادەكردنی داهێنەرانەی وەها كە ئاشكرانەكراو ئاشكرادەكات، یان دەرفەت دەرەخسێنێت ئەوە ببینرێت كە ئەهلی ڕۆشنگەری لە هیچ سەردەمێكدا نەیانبینیووە، نابێت. بەم مانایە، ڕۆشنگەری بەبێ ڕەخنەگرتنێك كە پەی بە گشت ئەزموون و مۆدێلەكان دەبات، جا كەلەپوورخوازبن یان مۆدێرنیست، بوونی نابێت. چونكە ڕەخنەگرتن دەبێتە مایەی خستنەوەی چەند توانایەكی نوێ بۆ بوون و ژیان، لە ڕێگەی ڕۆچوونە ناو ناوچە نادیارەكانەوە، یان هێنانەئارای چەند ئاسۆیەكی نوێ بۆ فیكر و مانا، یاخود دامەزراندنی چەند ڕایەڵەیەكی جیاواز لەگەڵ جیهان، بۆ هێنانەدیی تێگەیشتن و ئامادەیی و كاریگەریی زیاتر.

بێسوودە بڵێین ڕەخنەگرتن لە بەهاكانی مۆدێرنیتە و ڕۆشنگەری، كە هێشتا لای ئێمە نەچەسپیوون، كارێكی خراپە و دەكەوێتە دەرەوەی ڕەوتی نووسین و دژی كۆمەڵگە بەكاردەهێنرێت، وەك هەندێك لەوانە وتویانە كە لەسەر ڕەخنەگرتنەكەم لە مۆدێرنیتە و پرۆژەكەی وتویانە. ئەوانە نایانەوێ ئەوە لێكبدەینەوە كە ڕوودەدات: بۆچی لە دیكارتیبوونی تەها حسێن پاشەكشەدەكەین؟ بۆچی نەمانتوانی ببینە كانتی و هیگڵی؟ بەڵكو بۆچی تاقە ماركسییەكی عەرەب نەیتوانی فیكری ماركس لە ڕێگەی خوێندنەوەیەكی بەپیتی بەرهەمدارەوە لەسەر ئاستی فیكر نوێبكاتەوە؟ لێكدانەوەكە لای من ئەوەیە، ئەگەر نەتوانین ببینە شەریك لە مۆدێرنیتەدا، ئەوا ناتوانین مۆدێرنیست بین. بەبێ ڕەخنەگرتن لە مۆدێرنیتە بەهەموو مۆدێل و دروشم و دامەزراوەكانییەوە، نابینە مۆدێرنیست. بەبێ ڕەخنەگرتنیش مۆدێرنیتە دەستبەرداری خۆی دەبێت و لە فەزایەكەوە دەگۆڕێت بۆ ڕێباز، یان قوتابخانە، یاخود دامەزراوەیەكی ڕووت.

ئەوانەی نارەزایی بەرامبەر بە ڕەخنەگرتن لە مۆدێرنیتە دەردەبڕن، ئەوانەن كە دەیانەوێ لە پەراوێزی فیكر و نووسین، یان ڕیزی دواوەی مۆدێرنیتە و جیهانیبووندا بین. لێرەشدا ڕەخنەگران لە مۆدێرنیتە ئەوانە نین كە زۆرترین بانگەشە بۆ مۆدێرنیتە دەكەن. فیكری نوێ توانایەكی ڕەخنەگرانەیە، ئەهلی فیكر ئەنجامیدەدەن بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ كارە فیكرییەكان، یان پێشهات و دەقەكان،

یاخود دامەزراوە و پیادەکردنەکان. بەم مانایە، ئێمە ناتوانین بەهۆی گێڕانەوەی ئەو بنچینانەی مۆدێرنیستەکان و بنیاتنان لەسەریان مۆدێرنیتەی فیکریی خۆمان بەسەربەرین، بەڵکو بەخوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی کارەکانی ئەوان، کە دەبێتە مایەی ئاشکرابوونی ئەوەی ئەو بنچینانە پەردەپۆشیدەکەن یان ڕەچەڵەکەکان دووریدەخەنەوە، دەتوانین ئەوە بکەین. تەنیا ئەوە وامان لێ دەکات پەیوەندییەکی هەنوکەیی زیندوو و نوێبوەوە لەگەڵ ئێستامان دروستبکەین، بەهەمان ئەندازەش دەرفەتمان بۆ دەڕەخسێنێ سەرلەنوێ دەقەکان بخوێنینەوە، یان زانینمان دەربارەی جیهان و شتەکان نوێبکەینەوە. بەوجۆرە مەسەلەکە ئەوە نییە ئەقلانییەتی دیکارت، یان کانت، یاخود هیگڵ بەدەستبێنین، بۆ ئەوەی بچینە ناو فەزای فیکری نوێوە، بەڵکو بەخوێندنەوەیەکی زیندووی بەپیتی وەهای دیکارت و کانت و هیگڵ ئەوە دەکەین، کە دەبێتە مایەی نوێکردنەوەی زانین سەبارەت بە کارەکانی ئەوان و دەربارەی فیکر و مەعریفە. بەوەش ئێمە هەنووکەییبوون دەبەخشینە ئەوان و هەنوکەییبوونی خۆشمان پیادەدەکەین، بە دروستکردنی چەند پەیوەندییەکی نوێ و جیاواز لەگەڵ ئەقڵ و ڕۆشنگەری، یان فیکر و ڕەخنە. بەو جۆرە هیچ کامێکمان ناتوانێت وەك دیکارت ئەقلانی بێت، یان وەك کانت ڕۆشنگەر بێت، بەڵکو بەئەندازەی ئاشکراکردنی ناماقوڵەکانی ئەقڵ و بنچینە پەردەپۆشکراوەکانی ڕۆشنگەری، ئازادیی فیکریی و کاریگەریی ڕەخنەگرانەی خۆمان پیادەدەکەین.

ئەمەش جارێکی تر هەڵوێستی ڕەخنەگرانەم بەرامبەر بە یۆرگن هابرماس ڕووندەکاتەوە. ئەم فەیلەسووفە پێیوابوو پرۆژەی ڕۆشنگەری لە ڕووی بنچینە تیۆرییەکانییەوە بەکەڵکە، ئەو خەوشییەی ڕوویداوە لاوەکییە و پەی بە ناوەڕۆك نابات(١٣)، بۆیە دەکرێت لە ڕێگەی چاك جێبەجێکردن و بەکارهێنانەوە چارەسەربکرێت. ئەمە هەڵوێستێکی ئەودیوسروشتییە و جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ئەو هەڵوێستە فەندەمەنتالیستانەدا نییە کە دەڵێت ڕەچەڵەکەکان ڕاستن و هەڵەکە بەری خراپ تێگەیشتن، یان خراپ جێبەجێکردنە. هەردوو هەڵوێستەکە بنچینەکان و مۆدێلەکان لە هەڵەکردن بەدووردەگرن، وەك هەڵوێستی ئیسلامییەکان بەرامبەر بە ئیسلام و مارکسییەکان بەرامبەر بە مارکسیزم. هەموان ڕەخنەگرتن لە بنچینە و

ڕەچەڵەك و مۆدێلەکان بەدووردەگرن، بۆ ئەوەی ئۆباڵەکە بخەنە ئەستۆی هەلومەرجو بۆتە، یان جێبەجێکردن و میکانیزمەکانی بەکارهێنان. ئەوانەی ئەوەش دەکەن هیچ بژارێکیان لەبەردەمدا نییە، جگە لە بازدان بەسەر گۆڕانکارییەکاندا، یان پێشێلکردنی بنچینە و فێرکارییەکان لەواقیعدا. بەهەرحاڵ، گرنگ ئەوەیە ئەوانە نایانەوێ لەوە تێبگەین کە ڕوودەدات. ئەوانە پێمان نالێن: بۆچی ئەقڵانییە نوێکان، جا لە فەلسەفەدا بێت یان فیزیا، لە زانستەکانی وەرزشدا بێت یان زانستەکانی مرۆڤ، بەو شێوە ناماقوڵە دەتەقنەوە؟ سەبارەت بەخۆمان، ئێمەی عەرەب، ئەوانەی دژی ڕەخنەگرتنن لە مۆدێرنیتە پێمان نالێن: بۆچی لای ئێمە دەرفەتەکانی ڕۆشنگەری تەسکدەبنەوە؟ بۆچی دەیان ساڵ کۆششدەکەین بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵگە لە هێزە خورافەکار و تاریخوازەکان، کەچی ئەو هێزانە جارێکی تر و پاش پاشەکشەکردن دەگەڕێنەوە و هێز و کاریگەرییان زیاتردەبێت؟ بۆچی هەتاکو ئێستا، پاش کەڵەکەکردنی چەندین گوتار دەربارەی سیستەمەکانی سەرکوتکردن و تیرۆر، سەرکەوتوو نەبووین لە پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی کراوەدا؟

بەوجۆرە مۆدێرنیتە بە بەرچاوەمانەوە لێکدەترازێ و بێسوودە سەری خۆمان لەناو لمدا بشارینەوە، یان بەرەو ئەو سەردەمە زێڕینانە هەڵبێین کە ناگەڕێنەوە و وەك خۆیان دووبارەنابنەوە. سوودبەخش ئەوەیە چاوەکانی خۆمان بکەینەوە، هەتاکو ئەوە بخوێنینەوە کە ڕوودەدات و لە ناماقوڵ و چاوەڕوان نەکراو تێبگەین. ڕێگەی ئەوەش ڕووبەڕووبوونەوەی خودی بیرۆکەکانی خۆمانە، نەك دروستکردنی چەند پەیوەندییەکی خورافەکار، تاریکخواز، دیکتاتۆری، یان تیرۆریستانە لەگەڵ گوتە و دروشمە نوێ و کۆنەکانی خۆمان.

ڕەخنەگرتن لە مۆدێرنیتە، مانای ئەوە نییە بنچینەکان هەڵەن. بۆ نموونە، بێمانایە بوترێ گوتەکەی دیکارت: "من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم"، هەڵەیە.. بەڵکو مەبەست لە ڕەخنەگرتن ئەوەیە پەیوەندیمان بە بنچینەکانەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەجۆرێك وامان لێ دەکات ئەوە ببینین کە هەوڵدانەکانی دامەزراندن دەیانەوێ بیشارنەوە. بەوپێیەی دامەزراندن، دەستدانی پەردەپۆشکردن و شاردنەوەیە. توانای گۆڕینی مێژوویی و ڕێژەیی و مەرجدارە بۆ ئەودیوسروشتی، یان

ڕەها، یاخود بالاڕەو. بەم مانایە، کاتێك ئێمە ڕەخنە لە دیکارت دەگرین، ڕۆدەچینە ناو چەندین توانای بیرکردنەوەوە، یان بەهێزێکی دووفاقەوە داوای ڕەتکردنەوەی ئەو بەلگەنەویستانە دەکەین کە قسەکان لە وتن و بڕیارداندا پەردەپۆشیان دەکەن. ئەوانەی سووریشن لەسەر ڕاست و دروستیی بنچینەکان، لەلایەکەوە خۆیان بەرامبەر بە واقیع کوێردەکە، لەلایەکی ترەوە کار بۆ دوورخستنەوەی ئەویتر دەکەن. ئەمەش ئەوەیە هابرماس ئەنجامی ڕەتکردنەوەی ئەو دەستکەوتە کردی، کە میشێل فۆکۆ لە ڕێگەی ڕەخنەگرتن لە ئەقلانییەتی نوێوە بەدەستیهێنا.

ئەمەش ئەوەیە زۆربەی ئەو ڕووناکبیرانەی عەرەب دەیکەن کە دژی ڕەخنەگرتنن لە مۆدێرنیتە. ئەوانە نایانەوێ لە ڕێگەی مامەڵەکردنەوە لەگەڵ ناودارانی بیری خۆرئاوا فیکری ڕەخنەگرانەی خۆمان پیادەبکەین، بەڵکو دەیانەوێ بگەڕێینەوە بۆ دواوە، هەتاکو دیکارتی، کانتی، هیگلی، یان مارکسیی ڕاستەقینە بین. چەندین سەدە چاوەڕواندەبین و نابینە ئەوە، چونکە بیرۆکە مەزنەکان چەند ئەزمونێکی بێوێنەن ناکرێت لاساییبکرێنەوە، شیاو ئەوەیە بە باسکردن و لێکدانەوە، یان شرۆڤەکردن و هەڵوەشاندنەوە، یاخود دەستکاریکردنو گۆڕین بیانخوێنینەوە. بەڵکو ئێمە نابینە مۆدێرنیست، واتە ناتوانین مۆدێرنیتەی خۆمان دروستبکەین، ئەگەر لەگەڵ مارکسی ڕاستەقینە یان دیکارتی ڕاستەقینەدا جیاوازنەبین. واتە ئەگەر نەتوانین لە ڕێگەی خولقاندنی ئەو ئەزموون و دەق و پێشهاتانەوە خۆمان دروستبکەین کە تایبەتن بەخۆمان.

کورتەی قسە: نەمانتوانیوە ببینە مۆدێرنیستی بەرهەمهێنەری داهێنەر، نەك لەبەرئەوەی ئەقلانییەتی مۆدێرنیستەکانمان بەدەست نەهێناوە، یان ئەوەمان بنیات نەناوە کە ئەوان دایان مەزراندوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی نەمانتوانیوە لە ڕێگەی خوێندنەوەیەکی هاوچەرخانەی هەنوکەیی دەق و کارەکانیانەوە، کە بەهۆیانەوە کەرەستەکانی تێگەیشتن نوێبکەینەوە و بە بیرۆکە و وشەکان پەیوەندیمان لەگەڵ جیهان و شتەکان بگۆڕین، لەوان جیاواز و جیاکارە بین. بەم مانایە، مۆدێرنیتەی فیکری تەنیا بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ مۆدێرنیستەکان دانامەزرێ، بەڵکو لە ڕێگەی مامەڵەکردن لەگەڵ کۆن و کەلەپووریش دادەمەزرێت. چونکە گرنگ ئەو

دەرهاویشتەیە نییە کە کاری لەسەر دەکەین، بەڵکو گرنگ ئەوەیە چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکەین و چیی لێ دروستدەکەین؟ بەم مانایە، دەشێت یەکێکمان پەیوەندییەکی تەقلیدیانە لەگەڵ دیکارت بکات، لەکاتێکدا ئەویتر بەشێوەیەکی زیندووی نوێبووەوە ئەفلاتون و ئیبن عەرەبی بخوێنێتەوە.

## ڕووناکبیر و بیریار:

هێنانەئارای دەقێکی داهێنەرانەی ئەدەبی یان فەلسەفی، بەهای لە دەیان گوتاری ئایدیۆلۆژی دەربارەی ڕۆشنگەری زۆر زیاترە، بەڵکو مامەڵەکردن وەك ئایدیۆلۆژیا، واتە وەك بڕوایەکی نوێ، لەگەڵ سەردەمی ڕۆشنگەری بۆمانی لێکدەداتەوە، چۆن پاش ئەو هەموو بانگەوازە بۆ ڕۆشنگەری، دڕندانەتر و تاریکخوازتر بووین.

ئەمەش باری پەیوەندیمانە لەگەڵ دوانەی ئازادی و دەسەڵات: بەئەندازەی وەهمەکەمان سەبارەت بە ڕزگارکردنی کۆمەڵگەکان، وەك بەهەشتێکی لیبرالی یان ڕزگاربوون لە دەسەڵاتەکان، پەیوەندییەکی ستەمکارانەمان لەگەڵ ئازادی دروستکرد و سەلماندمان نەزانین بەرامبەر بە مەسەلەی خودی دەسەڵات. بەڵگەش ئەوەیە، پاش ئەو بەیاننامە و گوتارە زۆرە کەڵەکەبووە دەربارەی ئەو گەمارۆدان و سەرکوتکردن و چەوساندنەوە و پێشێلکارییەی دەوڵەت و ڕژێمەکان پیادەیدەکەن، تاقە بیریارێکی عەرەبمان نەدۆزییەوە کارێکی فیکریی بێوێنەمان دەربارەی دەسەڵات پێشکەش بکات، وەك دەسەڵات و تیرەگەریی ئیبن خەلدون، دەسەڵات و ئەخلاق لای ماکیافیلی، دەسەڵات و مەعریفە لای میشێل فۆکۆ، دەسەڵاتی سمبولی لای پیار بۆردیو. ئەوەی بەرامبەر بە دەسەڵاتیش نەزان بێت، یان فیکرێك دەربارەی بەرهەم نەهێنێ، ناتوانێت پەیوەندیی لەگەڵیدا دروستبکات، چونکە بیرۆکەکانمان تەنیا ئەو پەیوەندییانەن کە لەگەڵ شتەکان دایاندەمەزرێنین.

مانای هەموو ئەوانە ئەوەیە، کێشەکەمان بەپلەی یەکەم لەگەڵ بیرۆکەکانماندایە، نەك لەگەڵ دەسەڵات و ڕژێمەکان. دارشتنی ئیشکالیەتەکە بەم شێوەیە، دەستەوسان و بێهێزیمان لە ڕووی فیکر و کردار، تیۆر و پراکتیکەوە لێکدەداتەوە. چونکە گەمارۆدانی ڕژێمەکان، یان پاشکەوتوویی کۆمەڵگە، یان زوڵم و

بەربەرییەتی فەندەمەنتالیزمەکان، هۆکاری ئەوە نییە ئێمە نەبووینەتە ڕۆشنگەر، یان دیموکراتیخواز، یاخود مۆدێرنیست، بەڵکو بەهۆی بیرۆکەکانمەوە دەربارەی ڕۆشنگەری و خەیاڵپلاوییەکانمان سەبارەت بە ئازادی و مۆدێرنیتە. واتە لەبەر وەهمی ئەوەی ئێمە ڕووناکبیری بەرچاوڕوونین و ڕووناکبیرکردنی خەڵك و نوێکردنەوەی کۆمەڵگە دەکەوێتە ئەستۆمان، نەمانتوانیوە ئەوە بکەین. بەوپێیەی ڕۆشنگەری کارێکی ڕەخنەگرانەی خودێکە لەسەر خودێکی تر دەکرێت، بۆ گۆڕینی پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ خود و بیرۆکەکانی خۆی. ئەمەش ئەو کارەیە کە ڕووناکبیر ئیمڕۆ دەتوانێت بیکات: ڕەخنەگرتن لەپێناو گۆڕینی پەیوەندی لەگەڵ خود و بیرۆکەکانی خۆی و ئەویتر و جیهان.

زۆر باسی مۆدێرنیتە و ڕۆشنگەری و ئەقڵانییەتمان کردوە، بەڵام پێدەچێت زۆربەمان بەشێوەیەك مامەڵە لەگەڵ ئەو گوتانە بکات، کە دەبێتە مایەی پەردەپۆشکردن زیاتر لە دەرخستن، شارنەوە زیاتر لە ڕۆشنکردنەوە، ڕەتکردنەوە زیاتر لە بەرهەمهێنان و دامەزراندن. ئەمەش مانای ئەوەیە، ئێمە مانای ئەوە نازانین کە دەیڵێین، یان باسی چەند شتێك دەکەین و لەئاست ئەوانیتردا بێدەنگ دەبین. لێرەوە ئەولەوییەت بۆ ڕەخنەگرتنە لە دەقەکان و هەڵوەشاندنەوەی مۆدێلەکانە، بەمەبەستی پەردەهەڵماڵین لەو خورافە و شەبەنگ و خەیاڵپلاوییانەی چەمك و هەڵوێستەکان لەخۆیان دەگرن. چونکە نامەقوڵ و تاریکیخوازی و تیرۆر و ڕەگەزپەرستی لەناو نائاگایی و ناوچە نهێنییەکان و جیهانەکانی خوارەوەماندایە.

پێویستم بەوە نییە جەغت لەسەر ئەوە بکەمەوە، ئەم ڕەخنەگرتنە تەنیا گوتاری فیکری و ئایدیۆلۆژی دەگرێتەوە، بۆیە ڕەخنەگرتنەکەم مەبەستی ڕووناکبیران نییە وەك نووسەر و دانەر، بەرهەمهێن یان داهێنەر لە کایەکانی شیعر، ڕۆمان، شانۆ، ڕەخنەو هونەرەکانی تری ئەدەب و نووسیندا، بەئەندازەی ئەوەی ئامانجی ڕووناکبیرەکانی عەرەب و ناعەرەبە، وەك بانگەشەکار یان خاوەن پرۆژەیەك کە ئامانجی گۆڕینی جیهانە لە ڕێگەی ئەو سیستەمە فیکرییەی هەوڵیداوە بیخاتە ژێر شیکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەوە. چونکە ئەو ڕووناکبیرەی دەشێت نووسەرێکی دیاریش بێت، لەو جێگەیەدا شکستیخواردوە کە نەیویستوە، لەو شوێنەدا سەرکەوتووبووە کە

نەیویستووە یان چاوەڕوانی نەکردووە. واتە ئەو نەیتوانیوە لە ڕێگەی گوتەو گوتارە مژدەبەخشە پایەدارکارەکانەوە سەرکەوتووبێت لە گۆڕینی جیهاندا، کەچی بەشداریکردوە لە سەرلەنوێ پێکهێنانی واقیعدا، لە ڕێگەی دەقێکی ئەدەبی و بەرهەمێکی هونەرییەوە.

هەروەها نەمویستووە زوڵم لەو ڕووناکبیرانەی عەرەب بکەم کە لە بواری فیکر و فەلسەفەدا کاردەکەن، مەبەستم لەوە گرووپێکی پرشنگداری ناودارە دیارەکانە، ئەوانەی لە ڕێگەی کارەنیانەوە ئامادەیی خۆیان لە گۆڕەپانی فیکردا پیادەدەکەن و بەهۆی زۆر خوێندنەوەو سوود لێ وەرگرتنیانەوە لە پێچەکانی فیکرمدا جێگیرن، بەڵکو ویستومە ناوەڕۆکی قەیرانی پرۆژە فیکرییەکانیان بخەمەڕوو، بەبێ ئەوەی ئەوە مانای ڕەتکردنەوەی ئەوە بێت کە لە کایەی فیکردا بەدەستیانهێناوە. بێگومان ئەوانە بەرهەم و داهێنانیان خستۆتەوە، لانی کەم لەلایەنی جێبەجێکردن و وەبەرهێنانەوە. بەئەندازەی کارکردن لەسەر تایبەتمەندی و ئینتیماکانی خۆیان و ڕزگاربوون لە وەهمە فیکرییەکانیشیان لەوەدا سەرکەوتووبوون، بۆ ئەوەی تێگەیشتنەکانمان دەربارەی فیکر، شوناس، ڕەخنە، ئەقڵ، مەعریفەو دەسەڵات بگۆڕن. بەوپێیەی بیریار ئەوەیە کە دژی بەڵگەنەویستەکانی فیکری خۆی بیردەکاتەوەو لەدەست کۆتوبەندی یادەوەریی خۆی ڕزگاریدەبێت. ئەوەیە کە شوراکانی بڕوا دەڕوخێنێ و لە لۆژیکی تەماهیکردن دەربازیدەبێت، هەتاکو ئەزموونەکانی خۆی بەداهێنانی زمان و کەرەستەی چەمکئامێز دابڕژێت. ئەو داکۆکی لە چەند بیرۆکەیەکی حازبەدەست ناکات، بەئەندازەی ئەوەی چەند بیرۆکە و ئیشکالییەتێکی وەها دەخوڵقێنێ، کە لەگەڵیاندا پەیوەندییەکانمان لەگەڵ فیکر و جیهان دەگۆڕێت.

## پەراوێزەکان:

١- لەم بارەیەوە بگەڕێرەوە بۆ جیاوازیی نێوان قەدەغەکراوەکان و ڕێگەپێنەدراوەکان لە کتێبی: الممنوع والممتنع، المركز الثقافي العربي، بيروت - دارالبيضاء ، ١٩٩٥، پێشەکی.

٢- ئەمە ئەو نازناوەیە کە ڕێجیس دۆبرییە بەخشیوەیەتی بە ڕووناکبیر، لەو چاوپێکەوتنەی جان زیگلەر لەگەڵیدا کردویەتی و لە ژێر ناونیشانی: كي لا نستسلم، المركز الثقافي العربي، بيروت، ١٩٩٥.

٣- پاش دەرچوونی بڕیارەکە لە هاوینی ساڵی ١٩٩٥دا ڕۆژنامەی "السفیر"ی بەیروتی لێشاوێك لەو جۆرە توانجانەی ڕووناکبیرانی لوبنانیو عەرەبی بڵاوکردەوە.

٤- سەبارەت بە بیروڕای ئارگۆن دەربارەی "ڕزگارکردنی ئیسلام لە بەکارهێنانە ئایدیۆلۆژییەکان" دەکرێت سەیری کتێبی: الفكر الاسلامي، قراءة علمية، المركز الثقافي العربي، بيروت، ١٩٩٥، ل٢٢٩ بکەن.

٥- بانگەوازی نەسر حامد ئەبو زەید بۆ ڕزگارکردنی ئیسلام لە خورافە و ئەفسانە، یەکێکە لە مەراقە فیکرییەکانی، کە لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا دووبارەدەبێتەوە.

٦- ئایا دەکرێت ئەقڵ عەرەبی بێت؟ پرسیارێکە تیاری فابر (سەرنووسەری گۆڤاری القنگرە کە بە فەرەنسی بڵاودەکرێتەوە) بەبۆنەی وەرگێڕانی بەرگەکانی (ڕەخنەگرتن لە ئەقڵی عەرەبی)ی محەممەد عابد جابری بۆ فەرەنسی دەریبڕیوە. بگەڕێرەوە بۆ پێشەکیی گۆڤاری (Qunatara) ژمارە ١٤، هاوینی ١٩٩٥.

٧- خۆرئاواییەکان هەمیشە نموونەی ئەو جۆرە پرسیارانە دەردەبڕن، جارێك سەبارەت بە ئیسلام و عەلمانیەت، جارێکی تر دەربارەی ئیسلام و دیموکراسی، بەتایبەتی دەربارەی ئیسلام و زانست...هتد. لەم بارەیەوە بگەڕێرەوە بۆ وتاری صادق جەلال عەزم: الاسلام والعلمانية، مجلة الطريق، ژمارە ٤، تەمموز/ئابی ١٩٩٥، ل٣٢.

٨- ئەمە پرسیارێکە جابری لە دەستپێکی کتێبی "مسألة الهوية"دا دەریدەبڕێت، مركز دراسات الوحده العربيه، بيروت، ١٩٩٥.

٩- بڕوانە وتارەکەی دەربارەی ئیبن ڕوشد: ابن رشد و مستقبل الثقافة العربية، مجلة القاهرة، العدد ١٥٠، ئایاری ١٩٩٥.

١٠- هەروەها بڕوانە وتارەکەی دەربارەی ئیبن ڕوشد: ابن رشد تراث العرب تنوير الغرب، مجلة القاهرة، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١١- زانستەکانی من و زانستەکانی ئەویتر، ئەو دوانە دژکارییەیە کە کتێبەکەی: مقدمة في علم الاستغراب کۆنترۆڵدەکات.

١٢- هەروەها بگەڕێرەوە بۆ وتارەکەی دەربارەی ئیبن ڕوشد: الاخلاقي ءالسياسي عند ابن رشد، مجلة القاهرة، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٣- سەبارەت بە هەڵوێستی هابرماس، دەکرێت بگەڕێنەوە بۆ کتێبی جیانی ڤاتیمو: اخلاقيات التأويل (بەفەرەنسی)، بڵاوکراوەکانی (La Decouverte)، پاریس ١٩٩١، بەشی یەکەم.

(V)

# ئەفسانەی مرۆڤی پێشکەوتنخواز

**وەهمی مێژوویی:**

ئـەقڵ دەسـتبەرداری وەهـم نابێت. پێدەچێت لەبەر کورتکردنـەوەی ئاخـاوتن دەربارەی وەهمەکان، وەهمەکان لە چـەند دانەیەکدا قەتیسکراون. دانی پیادا دەنێم، پاش تەواوبوونی وتارەکەی پێشووم دەربـارەی وەهمـەکانی دەسـتەبژێر، کـە لـە پێـنج دانەدا قەتیسم کردبوون، بۆم دەرکـەوت وەهمێکـی تـر هەیـە نابێت فەرامۆشـی بکـەم، ئەویش وەهمی مێژووییە و پەیوەندیی بە چـەمکی "پێشکەوتن"ەوە هەیـە و یـەکێك بـووە لـە دروشمـەکانی دەسـتەبژێرە ڕووناکبیرەکـان. بێگومـان مەبەسـتم لـە وەهمـی مێــژوویی، ڕەتکردنــەوەی مێــژوو و پێــشهاتەکانی نییــە، بــەڵکو بڕوابوونــە بــە مەبەسـتداریی مێـژوو و حەتمییـەتی پێشکەوتنی مرۆڤایـەتی لەسـەر ئاسـتی ئـەقڵ و خولقاندن، یان ماف و ئازادییـەکان. وەك ئـەوەی لای خاوەنـەکانی ڕەوتـی مێـژووخواز، واتە مێژووچییەکان ئەگەر دەربڕینەکە ڕاست بێت(١)، دەرکەوێت.

چەمکی پێشکەوتن لە فیکری کۆندا، نە لە فەلسەفەی یۆنانو نە لـە کولتـووری عەرەبـدا، بـوونی نـەبووە. ئـەوە، کتومـت وەك خـودی چـەمکی "مـرۆڤ"، یەکێکـە لـە داهێنانــەکانی فیکــری نــوێ و بــەدیاریکراوی بەرهــەمی ســەردەمی ڕۆشــنگەریی ئەوروپییە. چونکە ڕۆشـنگەری بەیـەکێك لـە ماناکـانی، بڕوابـوونی مرۆڤـە بـە خـود و ئــەقڵی خــۆی، پیـادەکردنی سـەربەخۆیی و دەســەڵاتی خۆیـەتی، فەلـسەفەیەکە بـۆ ڕزگاربوونی مرۆڤەکان و پێشکەوتنی بەردەوامیان.

بـەپێی فەلـسەفەی پێـشکەوتن، مێـژووی مرۆڤایـەتی هەمیـشە بـەرەو پێـشەوە دەڕوات، جا ئەوە لەسەر ئاستی فیکر و زانست بێت، یان لەسەر ئاستی بونیادە مـادی و پێکهاتنە کۆمەڵایەتییەکان، یـاخود لەسـەر ئاسـتی پەیوەندییـەکانی نێـوان مرۆڤـەکان. ئـەو مێـژووە بـەردەوام بـەجۆرێك پێـشدەکەوێت کـە دەبێتـە مایـەی کەڵەکـەبوون و

چاکبوونی زیاتر، یان دەوڵەمەندبوون و ئاڵۆزبوونی زۆرتر، هەتاکو پێداویستیی تەواو و مەعریفەو ئازادیی بۆ ئەوانە مسۆگەربکات کە پشتیان بە یاساکانی بەستووەو بەشدارن لە دروستکردنیدا. ئەگەر مەسەلەکە بەو شێوەیە بێت، ئەوا پێویستە کۆششەکانی مرۆڤ تەبابن لەگەڵ بزووتنەوەی مێژوو و ئاراستە پێشکەوتنخوازەکەیدا، هەتاکو ببنە مایەی خێراکردنی، وەك ئەو ڕۆڵەی مامان لەکاتی لەدایکبوونی منداڵدا دەیگێڕێت. لێرەوە گەڕانەوە بۆ دواوە نییە، یان باشترە بوترێ ئەو گەڕانەوانە تەنیا نسکۆی کاتی، یان پاشەکشەی پێویستن بۆ تەکاندانی نوێ بەرەو پێشەوە و بەشێوەیەکی بەهێزتر و فراوانتر. لێرەشدا ئەوەی هوشیارنەبێت بەرامبەر بە ڕۆڵی مێژوویی پێشکەوتنخوازانەی خۆی، ئەوا ڕووداوەکان ڕادیدەماڵن و دەکەوێتە دوای دواوە، بەڵکو وەك دەڵێن لە مێژوو دەچێتە دەرەوە.

لێرەدا ئێمە لەبەردەم چەند پرۆسەیەکداین، کە سەبارەت بە پێشکەوتن بە خەیاڵی فەیلەسووفەکانی مێژوودا هاتوون، لە (هەردر) و (لسنج)ەوە بیگرە هەتاکو دەگاتە (هیگڵ)و (مارکس). ئەو پرۆسانە چەند سیناریۆیەکی چەکدارن بەو بیرۆکەو تیۆرانەی ڕووناکبیرانێك نووسیویانن، کە خەونیان بە دامەزراندنی بەهەشتی سەرزەمینیی لیبرالیستانە یان سۆشیالیستانەوە بینیوە. یەکێك لە باشترین سیناریۆکانیش کە شایانی باسکردن بێت، سیناریۆی مارکسیانەیە، کە دانەرانی مژدەی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستانەیان پێ داین، تیایدا ناکۆکییەکان دەتوێنەوەو ململانێکان ڕادەوەستن. ئەوەش لەسەر دەستی پرۆلیتاریا، کە سەردەکەوێت بەسەر دوژمنە چینایەتییەکانی خۆیدا و بەهۆی ڕزگاربوونی مرۆڤ لە کۆیلایەتی و چەوساندنەوە و بەکاربردنەوە، "کۆتایی مێژوو" تۆماردەکات. ئیشکالییەتەکەش لێرەدایە. مەبەستم لە ئیشکالییەت ئەوەیە، ئەوانەی باسی پێشکەوتنیان کرد، چەندین کۆتایی بەختەوەریان نەخشاند: کۆتاییهاتنی مێژوو بە سەرکەوتنی لیبرالیزم لای هیگڵو قوتابییە بەوەفا بێ بەرهەمەکانی، کۆتاییهاتنی ململانێی کۆمەڵایەتی لای مارکسو قوتابییە بەوەفا و بێ بەرهەمەکانی، چونکە ئەوەی بەوەفابێت بۆ مامۆستاکەی ناتوانێت فیکرێك بەرهەمبهێنێت.

بێگومان جیاوازییەك لەنێوان مارکسیزم و ئەوانەی تردا هەیە کە بڕوایان بە

گوتەی پێشکەوتن هەیە، چونکە لە گوتاری مارکسیانەدا، لە ئاخاوتنەوە سەبارەت بە پێشکەوتنی کۆمەڵگەکان یان کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان هەنگاوهەڵدەنرێت بۆ ئاخاوتن دەربارەی مرۆڤی پێشکەوتنخواز، فیکری پێشکەوتنخواز، کۆمەڵگەی پێشکەوتنخواز، یان هێزە پێشکەوتنخوازەکان. لێرەدا پێشکەوتن "پێشکەوتنخوازانەیە"، واتە لە فەلسەفەیەکەوە دەگۆڕێت بۆ بڕوا و ئایینێك.

پارادۆکسی گوتاری پێشکەوتنخواز لای مارکسیستەکان لێرەدا دەردەکەوێت، چونکە ئەوانە کۆششیانکردوە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ لە کۆیلەیەتیی ئایینەکان، لەکاتێکدا ئەوان بۆ خۆیان وەك ئایینێکی نوێ مامەڵەیان لەگەڵ بیرۆکەی پێشکەوتن کرد. ئەوانە مارکس و لینین و ماویان لە هەڵەکردن بەدەرکرد و چەندین پەیوەندیی لاهوتیانەیان لەگەڵ دروستکردن، کە پشتبەستوون بە پەرستن و پیرۆزکردن. لێرەدا نابێت بە بەیاننامەکانی پێشکەوتن و ڕیکلامەکانی ڕزگاری هەڵبخەڵەتێین، چونکە ئەوەی لە گوتاری مارکسیانەدا دەوترێ، پێشکەوتنی مێژوو و کۆمەڵگەو فیکرە، بەڵام ئەوەی بێدەنگیی لێ دەکرێت، ڕاوەستانە لە کاتێکدا، ئەویش کاتی مارکسە، کە وەك کاتی سرووشی خوایی لای ئیسلامییەکان مامەڵەی لەگەڵ کرا. واتە ئەوە کۆتایی مێژوو و کامڵبوونی بڕوا و کۆتایی زانست بوو. بۆیە هەموو ئەوانەی لە پێشییەوە هاتوون زەمینەخۆشکەربوون و هەموو ئەوانەی لە دوایەوە دێن درێژکراوەی ئەون.

لێرەوە پەیوەندیی مارکسییەکان بە کاتەوە کۆنەپەرستانە بوو، کتومت وەك پەیوەندیی ئیسلامییەکان بە ڕەچەڵەکی خۆیانەوە. بەوپێیەی دوورکەوتنەوە لە ڕەچەڵەکەکان پاشەکشەو تێکشکانە، یان هەڵەو لادانە، یاخود گومڕایی و ڕێونکردنە. سەیریش نییە مەسەلەکە بەوجۆرە بێت، چونکە ئەگەر فیکر- وەك ئەوان دەڵێن - لەسەر دەستی ئەو مارکسە گیشتبێتە چڵەپۆپە، کە یاساکانی مێژوو و میکانیزمەکانی گەشەکردنی بەوپەڕی شێوەی زانستی دۆزیوەتەوە، ئەوا لە دوای چڵەپۆپە جگە لە پاشەکشە و ناتەواوی هیچی تر نایەت.

لێرەوە مارکسییە پێشکەوتنخوازەکان لە ڕووی فیکرییەوە پاشەکشەیاندەکرد، لەکاتێکدا ئەوان دەیانویست بەرەو پێشەوە بڕۆن. جا ئەگەر ئیسلامییە نوێکەرەوەکان بڕوایان وایە پێشکەوتن بەبێ ئیسلام نابێت، یان پێشکەوتنی خۆرئاوا هێنانەدیی

پێشکەوتنی ئیسلامییە. ئەوا مارکسییەکان ئاسۆیەك بۆ پێشکەوتن یان گەشەکردن لە دەرەوەی ئەو تیۆر و سیناریۆیانە نابینن کە مارکس دایناون یان نەخشاندوونی، بەڵکو کاتێك نوێیەك یان گەشەکردنێك لە فیکردا بەدیدەکەن، دەیگێڕنەوە بۆ مارکس. کتومت وەك چۆن ئیسلامییەکان هەر کار یان پێشکەوتنێك دەگێڕنەوە بۆ ئیسلام و ڕەچەڵەك و بەهاکانی.

بەگشتی مارکسییەکان کەس و گوتەکانیان، لەوانە بیرۆکەی پێشکەوتن یان مێژوو، بەخواکرد و پەیوەندییەکی پاشکەوتنخوازانە، یان نامێژوویی، یاخود ناڕۆشنگەرییان لەگەڵ دروستکردن. بەوجۆرەش پێشکەوتنی هوشیاری، دەبێتە مایەی پاشکەوتنی فیکرو ڕەقهەڵاتنی بڕوا، ڕزگارکردنی مرۆڤ لە کۆیلایەتی و بارمتەکردن، سەرەنجام ئەو چەپاندن و قەدەغەکردن و تیرۆر و دوورخستنەوە و ڕیشەکێشکردنە دێنێتەئاراوە کە ڕژێمە پێشکەوتنخوازەکان بەرهەمیانهێناوە.

## ئەفسانەی مرۆڤی پێشکەوتنخواز:

لە جیهانی عەرەبدا، ئەنجامی پەیوەندیکردن بە ڕووناکبیریی خۆرئاواوە، زاراوەی پێشکەوتن وەك گشت زاراوە نوێکان لە سەردەمی ڕێنسانسەوە تاوتوێدەکرێت، بەڵکو دەشێت بوترێت زۆربەی ڕووناکبیرانی عەرەب، کە داوای هەستانەوەو ڕیفۆرمیان دەکرد، ڕووداوە خۆرئاواییەکەیان بە دەستەواژەکانی پێشکەوتنی شارستانیو بالادەستیی ژیواری دەخوێندەوە. لێرەوە پرسیارە ڕێنسانسخوازە ناوەندییەکەیان لە خۆیان دەکرد: بۆچی ئەورووپییەکان پێشکەوتن و موسڵمانەکان پاشەکشەیانکرد؟

وەڵامەکەش لەنێوان ئیسلامیو ناسیونالیست، یان لیبرالیست و مارکسیستدا هەمەڕەنگ بوو، هەڵوێستەکانیش جیاوازبوون. لێرەشدا هەمان شت دووبارەدەبێتەوە، چونکە پێشکەوتن لە گوتاری ڕووناکبیرانی عەرەبدا دەگۆڕێت بۆ ئایینو شوناسێك، بەتایبەتی پاش بڵاوبوونەوەی فیکری مارکسی لە گۆڕەپانی فیکریی عەرەبی لە نیوەی دووەمی ئەم سەدەیەدا، کاتێك گوتەی پێشکەوتن لەڕیزی پێشەوە بوو و ببووە پرنسیپێك بۆ تێڕوانینو پۆلێنکردن، کە ئەقڵی ئایدیۆلۆژی بۆ دەیان ساڵ بەپێی ئەو کاریکرد. بەوجۆرە دوانەی پێشکەوتنخواز و کۆنەپەرست جێی دوانە کۆنەکەی ئیماندارو کافر، یان موسڵمان و بێئایینی گرتەوە. ئەمەش بەسبوو بۆ هەریەکێك لە

سەردەمی پەرەسەندنی فیکری مارکسیدا، پاش نسکۆی ساڵی ١٩٦٧، ئینتیمای خۆی بۆ فیکری پێشکەوتنخواز یان حیزبێکی پێشکەوتنخواز ڕابگەیەنێ، هەتاکو بەناوی دواکەوتوو، یان کۆنەپەرست، یاخود پاشکەوتووەوە تەنگ بە نەیارەکەی هەڵچنێت.

بەوجۆرە گوتەی پێشکەوتن زاڵبوو بەسەر تەواوی قۆناغێك لە تیۆریزەکردنی فیکریو خەباتی سیاسیدا، بەڵکو بووە ئەفسانەیەکی خاوەن کاریگەریی بێشوماری گۆشکردنو ڕێکخستن، بەتایبەتی لەنێو ڕیزەکانی خوێندکاران و خوێندەوارانـدا، ئەویش ئەفسانەی "مرۆڤی پێشکەوتنخواز" بوو، کە زاڵبوو بەسەر هوشیاریی چەندین توێژو دەستەبژێردا، ئەوانەی تووشی وەهمی ئەوە ببوون کە کلیلەکانی حەقیقەت و ئازادی و بەختەوەرییان بەدەستەوەیەو ئەوان کۆمەڵگە و نەتەوە، لەوانەیە مرۆڤایەتیش، بەرەو ڕزگاربوون ڕابەرایەتیدەکەن. بەئەندازەی نیشتەجێبوونی ئەم وەهمەش لە مێشکی ڕووناکبیرانی پێشکەوتنخوازدا، ئەو ڕووناکبیرانە دیکتاتۆرییەتی فیکری، ڕەتکردنەوەی سمبولی، یان تیرۆری فیکریی خۆیان دژی هەریەکێك بەکارهێنا، کە لە ڕووی بیرۆکە و زەوق و شێوازەکان و گشت پیادەکردنەکانیەوە - وەك شێوازی جلوبەرگ و خواردنەوە، هەتاکو شێوازی مامەڵەکردن بەئاخاوتن - نەیاریان بوو.

بەڵام مەسەلەکە زۆر درێژەی نەکێشا، چونکە ئەفسانەی مرۆڤی پێشکەوتنخواز تەمەن کورتو کەمخایان بوو، لەبەرئەوەی تەنیا لای دەستەبژێرەکان گیریخوارد و نەگۆڕا بۆ ئایینێکی میللی، یان بڕوایەکی جەماوەری. بەوپێیەی پرۆژەی پێشکەوتنخواز بەخێرایی سووتا، بەتایبەتی پاش تەقینەوەی جەنگی لوبنانو هەڵگیرسانی شۆڕشی ئێران. ئینجا پاش ڕابوونی بزووتنەوە فیکریو سیاسییە ئیسلامییەکان بارودۆخەکان ژێراوژووربوون و چەندین پۆلێنکردنی نوێ دەرکەوتن، وەك موستەکبیر و موستەزعەف، یان فەندەمەنتالیست و عەلمانی.

## هەڵوەشاندنەوەی گوتەکە:

بێگومان گوتەی پێشکەوتن لەمێژە ڕاستبێژیی خۆی لەدەستداوە، پێشموانییە هیچ کامێکمان لە هەڵسەنگاندنو پۆلێنکردندا دوانەی پێشکەوتنو پاشکەوتن قاییل یان ڕازیمان بکات، بەتایبەتی پاش هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی سۆشیالیستی و هەرەسهێنانی یەکێتیی سۆڤییەت، کە پێشڕەوی ئایدیۆلۆژیای پێشکەوتنخوازی بوو لە

جیهاندا. ئێمە لەبەردەم گوتەیەکداین کە توانای ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی نەماوە، پاش ئەوەی پێشکەوتن ئەو هەموو پاشەکشە و پاشکەوتنەی خستەوەو وای لێهاتوە بۆخۆی پێویستی بە ڕاڤەکردن و لێکدانەوە هەبێت، بەمەبەستی ئاشکراکردنی ئەو هەموو سەراسیمە ئایدیۆلۆژی و شەبەنگە هەڵخەڵەتێنەرەی لەخۆی دەگرێت. هەمووشتێك پێویستیدەکەن گوتەی پێشکەوتن بخرێتە بەر ڕەخنەگرتن و پشکنین، جا لەلایەن کۆمەڵگە پێشکەوتنخوازە هەرەسهاتوو یان شکستخواردوەکانەوە بێت، یان لەلایەن ئەو کۆمەڵگە پێشکەوتوانەوە بێت کە هاوکات شۆڕشی پیشەسازیی سێیەم و قەیرانی خۆیان بەسەردەبەن. لەواقیعدا گوتەی پێشکەوتن ماوەیەکە کەوتۆتە بەر ڕەخنەگرتن، جا ئەوە لەلایەن خۆرئاواییەکانەوە بێت، یان لەلایەن عەرەبە هاوچەرخەکانەوە. سەبارەت بە بیریارەکانی عەرەب، بەشێوەیەکی تایبەتی هێما بۆ عەبدوڵڵا عەرەوی و مەتاع سەفەدی دەکەم، چونکە کتێبی "ئایدیۆلۆژیای عەرەبیی هاوچەرخ"ی عەرەوی کارێکی ڕەخنەگرانەی ڕۆشنگەرانەیە، بەرهەمەکەی ئاشکراکردنی بەکارهێنانە ئایدیۆلۆژییەکانی گوتەی پێشکەوتنە لەلایەن ڕووناکبیرەکانی عەرەبەوە، جا لە سەردەمی ڕێنسانسدا بووبێ، یان سەردەمی شۆڕش. هەروەها کتێبی "ڕەخنەگرتن لە ئەقڵی خۆرئاوایی"ی مەتاع سەفەدی ڕەخنەگرتنە لە پرۆژەی ڕۆشنگەریی خۆرئاوایی‌و بیرۆکەی پێشکەوتنی ئەقڵانی، بەرهەمەکەشی ئەوەبوو کە ڕۆشنگەری چالاکییەکی ڕەخنەگرانەی بەردەوامە، ئامانجی ئاشکراکردنی شاراوەیە، واتە ئەوەی خودی ئەهلی ڕۆشنگەری نەیانتوانی ڕۆشنایی بخەنە سەری. پێموایە ئەگەر زۆرێك لە ڕووناکبیرانی عەرەب بەباشی عەرەوی‌و سەفەدییان بخوێندبایەتەوە، ئەوە کۆتاییان بەو چەنەبازییە ئایدیۆلۆژییە دەهێنا، کە دەربارەی ڕۆشنگەری و ئەقڵانیەت و پێشکەوتن دەینووسن.

بەوجۆرە چیتر سوودبەخش نییە لە ڕێگەی گوتەکانی خۆرئاوای سەرمایەداری، یان سیستەمی جیهانی، یان هێزە کۆنەپەرست و تاریکخوازەکان، یاخود بازاڕی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە ئەو پاشکەوتن و پاشەکشانە لێکبدەینەوە کە دووچارمان بوون. وەك ئەوەی بەجۆرێکی تایبەتی ڕووناکبیرانێکی پێشکەوتنخواز دەیکەن، کە هێشتا لە ڕێگەی ئەو گوتە و دوانانەوە جیهان دەخوێننەوە کە ڕێگرن لە خوێندنەوەی ئەو گۆڕانکاریانەی لە جیهاندا لەسەر ئاستی پێشهاتەکان یان بیرۆکەکان ڕوودەدەن.

ئـەو گۆڕانکاریانــە دژی گوتــەی پێــشکەوتن شــایەتیدەدەنو لەســەر حــسابی ئــەو پێشکەوتنەیە کە زۆر خەونمان پێوە بینیـوە. لێرەوە پێداچـوونەوە بـە حـساباتەکاندا، لە ڕێگەی ڕەخنەگرتنەوە لە وێناکردنەکانمانو هەڵوەشاندنەوەی دەزگا فیکرییـەکانمان حاشـاهەڵنەگرە، چـونکە جـارێکی تـر دووبارەیدەکەمـەوە کێـشەکەی ئێمـە، ئـەو رووناکبیرانەی لافی ئـەوە لێ دەدەیـن هەڵبـژاردەی کۆمەڵگەو دەستەبژێری نەتـەوەین، بەپلـەی یەکـەم لـە بیرۆکـەکانی خۆماندایـە، یـەکێك لەوانـە بیرۆکـەی پێـشکەوتنە. مەبەستیــشم لــەم پێــشکەوتنە، کەڵەکــەبوونی زانــست و زانیارییــەکان یــان ئــەو گەشەکردنە سەرسوڕهێنەرەی تەکنیك و ئامرازەکان نییـە، بـەڵکو پێشکەوتنە لەسـەر ئاستی بـەهاو مافـەکانو هەرشـتێك پەیوەنـدیی بـە پەیوەنـدیی مـرۆڤ لەگـەڵ ئـەقڵ و ئازادی و کرانەوە و دیالۆگ(٢) و هاوکاریکردنەوە هەیە.

لەکاتێکدا من تاوتوێیەکی ڕەخنەگرانەی گوتەی پێشکەوتن دەکـەم، دەتـوانم لـە چەند دەروازەیەکەوە بچمە ناوییەوە: لە پێشهاتە زەقەکان یان بیرۆکـە نوێکارەکانـەوە، لە لێکدژەکانی مێژوو یان بێدەنگ لێکراوەکانی گوتارەوە. ئەمـە لەگـەڵ هێماکردن بـۆ ئەوەی من وەك چەمکێکی خاوەن ڕەگەزی ئەوروپی، یان خاوەن شوناسێکی چینایەتی سەرمایەدارانە یان سۆشیالیستانە مامەڵە لەگەڵ زاراوەی پێشکەوتن ناکەم، بـەڵکو وەك یـەکێك لـەو چـەمکانەی لـەم سـەردەمەدا ڕەواجیـان هـەبووە و خۆیـان بەسـەر ئـەهلی فیکـردا سـەپاندووە. بـەوەش بایـەخ بـە تێگەیـشتنی چـەمکەکە دەدەم، یـان ئـاوڕ لـە ئیشکالیەتەکەی دەدەمەوە و هەوڵدەدەم لەو ناتێگەیشتنە بگەم کە تیایدایە. بـەوجۆرە من وەك پرۆژەیەکی خۆرئاوایی یان مۆدێلێکی ئەمریکی ڕەخنە لـە پێـشکەوتن نـاگرم، چـونکە ئـەم ڕەخنەگرتنـە تـاوتوێکردنێکی ئایدیۆلۆژیانەیـە لـە زمـانی تێگەیـشتنو لـۆژیکی ڕووداو دوورماندەخاتـەوە. ئـەو ڕەخنەیـەی مـن پیادەیدەکـەم، ڕەخنەیـەکی ئەنتۆلۆژییانەیە و وەك پەیوەندییەك لەگەڵ بوون و حەقیقەت دەڕوانێتە پێشکەوتن.

### هاتنەقسەی پێشهاتەکان:

ئـەو چـاوەڕوان نـەکراوەی لـەم جیهانـەدا ڕوودەدات، گوتـەی مرۆڤـی ئـەقلانیو کۆمەڵگـەی پێـشکەوتنخواز ڕیـسوادەکات. پێـشهاتەکانیش لەمبارەیـەوە زەقـن، چـونکە سەدەی بیستەم، بەراورد بە هەردوو سەدەی پێشتر، وەك مێژوناسی ئینگلیزی ئێریـك

هۆبزباوم باسیدەکات(٣)، ئەو سەدەیەیە کە "زیاترین کوشتنو مردن تیایدا ڕوویداوە". بۆیە ساویلکەییە یەکێك لە ئێمە داکۆکی لە گوتەی پێشکەوتن بکات، لەکاتێکدا توندوتیژیی لەوەی پێشتر زیاترە. زۆربوونی توندوتیژیش بە پلەی یەکەم، مانای پاشەکشەکردنی ئەقڵە. بەوپێیەی ئەقڵ بەڕێوەبردنی ململانێکانی نێوان مرۆڤە جیاوازەکانە، بە کەمترین بڕی دەرپەڕاندن و ستەمکاری و توندوتیژی.

بەوجۆرە، لە ئەرستۆو فەیلەسووفەکانی عەرەبەوە پێناسەی مرۆڤ بەوە دەکەین، کە ئاژەڵێکی ئاقڵە. لە سەردەمی نوێشدا پەیوەندیمان لەگەڵ ئەقڵ گۆڕاوە بۆ بڕوایەك کە ناومانناوە: ئەقڵانیەت. ئەمەش مانای سەروەریو فەرمانڕەوایی ئەقڵە، واتە ئەقڵ حوکمڕان و ڕێکخەرو بەڕێوەبەر و ئاراستەکاری هەرشتێکە، کە پەیوەندیی بە کارو پیادەکردنەکانی مرۆڤ و پەیوەندییەکانی نێوانیانەوە هەیە. کەچی ئەوەی ڕوویداو ڕوودەدات بەئاراستەی پێچەوانەی ئەقڵو ئەقڵانییەت دەچێتەڕێوە، وەك ئەوەی لە تەشەنەکردنی توندوتیژیو تیرۆردا بەدیدەکرێت. هەروەها توانای مرۆڤ بۆ کۆنترۆڵکردن و جڵەوکردن یان بەرنامەڕێژی و پلاندانان، بەراورد بەوەی لەوەوپێش هاتبووەدی، پاشەکشەیکردوە. بەڵگەی ئەو پاشەکشەکردنەش، هەڵسوکەوتی سیاسەتمەدارەکانە، کە ئیمڕۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و بەڕێوەبردنی کاروبارەکان دەستەوسانترن لە باوباپیرانیان، بەڵکو ئەوانە تەنیا لەسەر ئاستی کورتمەودا، واتە تەنیا لەسەر ئاستی ڕۆژانە، کاروبارەکان بەباشی دەبەنەڕێوە. بەوجۆرە، پێدەچێت سیاسەت و چارەسەرەکان، هەروەها پەیماننامە و ڕێککەوتننامەکان کاتی، یان بێتوانا، یاخود مینڕێژکراون. ئەمەش خواستەکانی ئەقڵانییەکان و لافلێدانە پێشکەوتنخوازەکانی مرۆڤ دەکەونە ژێر پرسیار و گومانپێکردنەوە.

بەگشتی لە ڕۆژگاری هیگڵ و مارکس و شبلی شمیلەوە بەڵێنی ئەوەمان پێ دراوە، کە مێژوو پێشکەوتنێکی بەردەوامە ڕووەو ماقوڵبوون و ئازادی، پێشکەوتن و سەرکەوتنیش چارەنووسی حەتمیی کۆمەڵگەکانە، کەچی ئەوەتا کۆمەڵگە "پێشکەوتنخوازەکان" دەتەقنەوە و بەربەرییەتێکی بێوێنە بەخۆوەدەبینن، وەك ئەوەی لە بۆسنە ڕوویدا و ڕوودەدات، کاتێك گۆڕە بەکۆمەڵەکان دۆزرانەوە. ئەوەی وامان لێ دەکەن شەرم لەوە بکەین کە

مــرۆڤین و ســاختەیی لافلێدانــەکانمان دەربــارەی ئــەوەی ئێمــە پێــشکەوتووترین لــە ئاژەڵــەکان ڕیــسوادەکات. هــەروەها کۆمەڵگــە پێــشکەوتووەکان بارودۆخیــان لــەوەی ئــەو کۆمەڵگــە پێــشکەوتنخوازانە باشــترنییە، کــە سیــستەمی سیاســی تیایانــدا لــێکترازاوە و سیــستەمی بــەهاکانیان هەڵوەشــاوەتەوە. چــونکە لــە کۆمەڵگــە پێــشکەوتووەکاندا جگــە لــە قەیرانــەکان و کارەســاتە ئــابووریو کۆمەلآیەتییــەکان، ســەرباری تراژیــدیاکان لەســەر ئاسـتی ئــەخلاقی و مرۆیــی، شــتێکی تــر بــەدی ناکــەین. ئــەوە بەســە یــەکێکمان لــە ڕووداوە دووبارەکــانی کۆمــەڵکوژیی لــە قوتابخانــەکانی خۆرئــاوا - بەتایبــەتی کوشــتنی منــداڵان - ڕابمێنــێ، هــەتاکو بزانێــت ڕادەی ئــەو دڕندایــەتیو بەربەرییەتــە چــەندە، کــە مرۆڤایــەتیی هاوچــەرخ لــە هــەناوی خۆیــدا هــەڵیگرتوە. هــەموو ئەوانــەش بەڵگــەی ئــەوەن هێــشتا ژیــوار توێــژاڵێکی دەرەکییــە و شــەڕانگێزترین و دڕندانــەترین مــەیل دادەپۆشــێت. نیــشانەی ئەوەشــە مرۆڤایــەتی لــە ڕووی پــەیوەندیی بــە ئەقــڵ و ڕۆشــنگەری و ڕزگارییــەوە زۆر لــە گەیــشتنە فامکردنەوە دوورە.

تەنانــەت لەســەر ئاسـتی زانـست و تــەکنۆلۆژیا دەبیـنین مـرۆڤ بەئەنـدازەی پێــشکەوتن دوادەکــەوێت: کــۆنترۆڵکردنی سروشــت لەلایــەن مرۆڤــەوە بەرامبــەر بــە پیــسکردنی ژینگــە، زۆربــوونی بەرهــەمهێنان بەرامبــەر بــە فراوانبــوونی کــەلێنی نێـوان دەوڵەمەنـدو هـەژارەکان، زۆربـوونی ژمـارەی خوێنـدەوارە خـاوەن بڕوانامــەکان بەرامبــەر بــە لەشــکرێك لــە بێکــاران. هــەروەها بــەرخۆری لەچــاو پێـشوودا چـەند قـات بـووە، کەچـی لـەناوبردنی خـۆڵو خاشـاك بۆتـە گـەورەترین کێــشە. بــەڵێ ئێمــە گەیــشتوینەتە ســەردەمی جیهــانگیری، بــەلآم تایەفــەکان دەمــارگیرترو داخراوتــر بــوون. لــە کۆیلەیــەتی و دەرەبەگایــەتی ڕزگارمــان بــووە، بــۆ ئــەوەی چــەندین تــەکنیکی نــوێ بــۆ پیــادەکردنی چەوســاندنەوە و توندوتیــژیو تــیرۆر بەرهــەمبهێنین. پێدەچــێت هــەر پێــشکەوتنێك، دژە ســەرەنجامو ئاکـامی نێگـەتیڤی هـەبێت. بـەم مانایـە، پـۆڵ فیریلیـۆ(٤)، یـەکێك لـە فەیلەسـووفەکانی ڕووداوو داهـاتوو، دەڵێـت: ڕووداو و کارەسـاتەکان هاوشـانی ئـەو

پێشکەوتنە پێدەگەن کە لەسەر ئاستی ئابووری و تەکنۆلۆژی و هێز دێتەدی. ئەمەش پێداچوونەوە بە مەسەلەی پێشکەوتن و حەقیقەتەکەیدا پێویستدەکات.

بەهەرحاڵ، ئەو پێشهاتانەی دەکرێت لێیانەوە بچینە ناو گوتەی پێشکەوتنەوە لە ژماردن نایەن و هەموویان وای پێویستدەکەن پرسیارەکان ئاراستەی فەلسەفەی پێشکەوتن بکرێن و داوای ئەوە دەکەن پیاداچوونەوە بەخودی چەمکی کاتدا بکرێت. هەروەها داوای دارشتنی پەیوەندییەکی نوێ و جیاواز لەگەڵ حەقیقەت دەکەن.

**پرسیارەکانی مەنفا و پەراوێزەکان:**

دەکرێت پرسیارەکان لە چەند ڕوویەك و لەسەر چەند ئاستێك بەسەر گوتەی پێشکەوتندا دابارن:

هەندێك پرسیار دەربارەی سروشتە، لە گەردیلەوە بیگرە: ئایا بەڕاستی ئێمە لە سروشتی ڕەقهەلاتوو باشترین، چونکە خاوەن خودێکین کە ئەو نییەتی؟ کێ ئەوەمان بۆ دووپاتدەکاتەوە؟ ئەوەتا کاتێك دەمانەوێ بونیادی گەردیلە هەڵوەشێنینەوە، بەشێوەیەکی وێرانکەر و فەوتێنەر بەڕوومانـدا دەتەقێتەوە. سەبارەت بە شانەی زیندووش، ئەوا وەك ئیمرۆ زانستی ژیان پێمان دەڵێت، لە ڕێگەی وشەکانی کۆد و پەیام و ڕاگەیاندنەوە دەخوێنرێتەوە، واتە ئەو نامە دەنێرێت و ئەوە ڕادەگەیەنێت کە دەیکات یان بنیاتیدەنێت، کەواتە ئایا ئێمە لەو ئاقڵترین؟

پرسیارەکان دەربارەی ئەو ئاژەڵەش کە ئێمە لافی ئەوە لێ دەدەین لەو ئاقڵترین بریتین لە: ئایا ئێمە باشتر و پێشکەوتووترین لە ئاژەڵەکان، چونکە چەکی لەوان باشتری وەهامان پێیە کە دەرفەتمان بۆ دەرەخسێنن سەریانبڕین و کەوڵیان بکەین لەپێناو خواردنیاندا؟ ئەگەر یەکێکمان خۆی لە نەرجسیبوون داماڵێت، ئەوا دەتوانێت قسەکەی فەریدەدین عەتار بکات بەو مەغۆلییەی وتبوو کە دەمەبۆڵیبوو لەگەڵیدا و دەیویست بیکوژێت: بمکوژە، خۆ من باڵی مێشێکم تیادا نابێت(٥).

ئەمە باری ئەو مرۆڤە سەرەتاییەشە کە پرسیارە ڕەواکانی خۆی دەربارەی بڕوا پێشکەوتنخوازەکەمان دەوروژێنێ: بەپێی چ مافێك لافی ئەوە لێ دەدەین لەوان پێشکەوتووترین؟ ئێمە دەزانین مرۆڤی سەرەتایی بە ژیانی ڕۆتینی خۆی ڕازیبوو،

بەوپێیەی ئەوە قەرزی خواكانو پاڵەوانەكانو باوباپیرانی یەكەم بوو بەسەرییەوە، بۆیە لەگەڵ خۆی ڕاستگۆبوو و لەگەڵ خەڵكیش لێبوردەتر بوو. كەچی ئەهلی پێشكەوتن و ڕزگاری چەندین حیزب و ڕێكخراوی وەهایان پێكهێنا كە كۆیلایەتیی كۆنی بەخراپترین شێوە بەرهەمهێنایەوە. وەك ئەوەی ڕۆژگاری ستالین و ماو، كاتێك كۆمەڵگەیەكی تۆتالیتاری وەها پێكهات، كە تاكەكانی سڵیان لە یەكتری دەكردەوە. كەواتە كامەیان وەهمی كەمترە و دانایی زیاترە: پێشكەوتنخواز یان سەرەتایی؟

سەبارەت بە مرۆڤە دێرینەكانیش، ئەوانە گاڵتەیان دێت بە لافلێدانەكانمان دەربارەی پێشكەوتن و ڕۆشنگەریی ئەقڵانی. ئایا ئێمە ئیمرۆ لەوانەی ڕابردوو، وەك خەڵكی ئەسینا و بەغدا و قورتبە، ئاقڵترین؟ ئەگەر بمەوێت تەنیا باسی بواری فیكر بكەم كە كایەكەی ئێمەی ڕووناكبیرانە، ئەوا دیاریكراوتر دەپرسم: ئایا ئێمە لە فارابی، ئیبن خەلدون، یان ئیبن عەرەبی ئەقلانیتر و لیبرالیتر و پێشكەوتنخوازترین؟ ئەگەر ئێمە لە ڕێگەی خەیاڵپلاوییەكانی ئازادیو خورافەی پێشكەوتنخوازیو ساویلكەیی ئەقلانییەتەوە بڕوانینە ئەوانە، ئەوا بۆمان دەردەكەوێت لەوان ئەقلانیتر و ئازادتر و پێشكەوتنخوازترین، بەڵام ئەگەر لە وەهمە ئایدیۆلۆژییەكانمان و خۆبەستنەوەی خورافەكارانە یان لاهوتیانە بە زاراوە و ناوەكانەوە ڕزگارمان بوو، ئەوا هەڵسەنگاندنەكە جیاوازدەبێت: لەم بارەدا كێ كراوەتر و لیبرالیتر دەبێت، ئیبن عەرەبی كە وتویەتی: دڵم وای لێهاتووە هەموو وێنەیەك قبوڵدەكات، یان كارل پۆپەر كە لیبرالیزمێكی دیاریكراوی دوورخەرەوەخوازی وەهای پیادەكردوە كە لە دەرەوەی ژیواری یۆنانیی كۆن و ژیواری خۆرئاوایی نوێ، لە پاشكەوتن و دۆگماییبوون و ستەمكاری زیاتر شتێكی تر نابینێت؟

هەروەها كامیان ئەقلانیترە: خاوەنەكانی ئەقلانییەتی ئەپستمۆلۆژی، یان زانستچێتیی تاكلایەنە، كە بەبێ ئەوەی بیری لێ بكەنەوە ڕووداوەكان لەناكاو دەدات بەسەریاندا، یان ئەقلانییەتی ئەهلی عیرفان كە وێرانەكانی واقیعمان بۆ ئاشكرادەكەنو توندڕەوییەكانی ئەقڵو لۆژێك ڕیسوادەكەن؟ لەسەر ئاستێكی تر: كێ لە مامەڵەكردن لەگەڵ دەسەڵات و ئازادی چەمكخوازتر و عەلمانیترە: ئیبن خەلدون و زانا دێرینەكان، یان ئەو ڕووناكبیرە هاوچەرخانەی تیۆریزەیان بۆ یەكگرتن و ئازادی

یان پێشکەوتن و سۆشیالیزم کردوە؟ بیریارە دێرینەکان، بەتایبەتی ئەهلی فەلسەفەو عیرفان، لە ڕوانگەی وێناکردنێکی فرەلایەن و قبوڵکەری جیاوازییەوە مامەڵەیان لەگەڵ یەکگرتن کرد. لەکاتێکدا چەمکی ڕووناکبیری یەکگرتنخواز و تیۆریستی ناسیونالیست چەمکێکی یەکلایەنەی سادەکارە، کە دان بە فرەلایەنی و جیاوازیدا نانێت. چەمکی قبوڵکردنی جیاوازی دەرفەت دەرەخسێنێت بۆ دامەزرانی یەکگرتنێکی ئاوێتە کە لێکدابڕاو کۆدەکاتەوە و جیاوازەکان پێکدەهێنێ. لەکاتێکدا چەمکی تاکلایەنەخواز تەنیا جیاوازی و پرشوبڵاوی بەرهەمدێنێ، بەڵکو یەکگرتنێکی کۆمەڵگەیی مینرێژکراو بەرهەمدێنێ، کە چاوەڕوانی ساتەوەختی تەقینەوەیە. بەهەمان شێوە سەبارەت بە یەکسانی: بیریارە دێرینەکان پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکیان بەشێوەی پەیوەندیی پایە و پلەکان وێناکردوە، کەچی پێشکەوتنخواز و سۆشیالیستەکان لە ڕوانگەی یەکسانیی تەواوەتییەوە ڕوانیویانەتە کۆمەڵگە. یەکسانیش یەکێکە لە وەهمەکان، چونکە وەك فارابی لە کۆندا باسیکردوە، کۆمەڵگە قوچەکی "جیاوازیکاری"یە، وەك ئیمرۆش پیار بۆردیو باسیدەکات "بونیادێکی جیاوازیکار"ە. بەمانای ئەوەی، جگە لە پایە و جیاوازی و زۆرداری، شتێکی تر بەرهەم ناهێنێ. دەربارەی یەکسانیش، ئەوە ئامانجێکە هێنانەدیی ئەستەمە. ئەوەی شیاوە، سنووردانانە بۆ جیاوازی و لێك نەچوون. هەمیشە ئەوانەی بە بارودۆخەکانی کۆمەڵگە ئاشنانەبوون کتوپڕ کەوتوون بەسەر ئەوەی ڕوویداوە. هەروەها کاتێك کاریانکردوە یان فەرمانڕەواییانکردوە، بێجگە لە هەژاری و جیاوازیکردنی زیاتر لەنێوان توێژ و چینەکاندا، شتێکی تریان بەرهەم نەهێناوە.

بەهەمان شێوە سەبارەت بە مەسەلەی ئازادی و پەیوەندیی بەدەسەڵاتەوە. ئەوەتا دەبینین ئیبن خەلدون و زانا دێرینەکانی تر، وەك حەقیقەتێك کە تێناپەڕێنرێ، مامەڵەیان لەگەڵ دەسەڵاتدا کردوە. ئەوە مانای ئەوەیە، پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکان، چەند پەیوەندییەکی دەسەڵاتخوازانەن، جا یاسادانانو یاساکان هەرچییەك بن. ئەمە باری پەیوەندییەکانی نێوان ڕووناکبیران و بەرهەمهێنەرانە، واتە ئەهلی مەعریفە و بانگەوازکارانی ئازادی.. بەڵام ئەوانە خەویان بە کۆمەڵگەیەکی ڕزگاریخوازی یەکسانیخوازی بەدەر لە کۆنترۆڵکردن و

هەژموون و جیاوازییەوە دەبینی و هێشتاش خەوی پێوە دەبینن. بۆیە جگە لە ستەمکاری پیادەی هیچی تریان نەکرد، یان لەناکاودا ڕووبەڕووی چەند دەسەڵاتێکی توندوتیژتر و چەوسێنەرتر بوونەوە. با یەکێکمان دان بە حەقیقەتدا بنێ، چونکە مرۆڤ بەئەندازەی پێکهێنانی دەسەڵاتەکەی، ئازادیی خۆی دروستدەکات. ئەوانەی چاو لەم حەقیقەتە دەپۆشن، تەنیا چەند پەیوەندییەکی دەسەڵاتخوازانە، بەڵکو چەند پەیوەندییەکی ملهوڕانە دێننەئاراوە، بەجۆرێك کە کار بۆ کۆنترۆڵکردنیان دەکەن، یان بۆخۆیان دەبنە بابەتی کۆنترۆڵکردنی ئەوان. بەوپێیەی بنەڕەت، ناماقوڵ و کۆنترۆڵکردن و جیاوازییە، ئەقڵو ئازادیو یەکسانیش بنەڕەتەکان یان نەریتەکان نین، بەڵکو ئەو بونیاد و پەیوەندییانەن کە دەبێت دروستبکرێن و بەردەوام بپارێزرێن.

## ئیشکالییەتی حەقیقەت:

دەشێت بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە بچینە ناو گوتەی پێشکەوتنو ئەو شتە نوێیانەی لەسەر ئاستی فیکر، جا لە فەلسەفەدا بێت یان لە زانستە مرۆڤایەتیەکاندا، هاتونەتەئاراوەو بەشێوەیەك کە ببێتە مایەی تێگەیشتن لەوەی تێگەیشتنی ئەستەمە، واتە لێکدانەوەی ئەو پاشەکشەیەی پێشکەوتن بەرهەمیهێناوە. بێگومان بیرۆکەی پێشکەوتن، ئەگەر بەپلەیەکی کەمتریش بێت، کەوتۆتە بەر ئەو ڕەخنەیەی گشت ناونیشانەکانی مۆدێرنیتە، وەك ئەقڵانییەت و لیبرالیزم و دیموکراسی، کەوتونەتە بەری.

ڕەخنەکەش لەلایەن هەموو ئەوانەوە ئاراستەکراوە کە بەشدارییانکردوە لە پێکهێنانی فەزای فیکریی پۆست مۆدێرنیتەدا، لە نیتشەوە بیگرە هەتاکو هایدگەر، کە تیایدا چەمکەکانی وەك ویستی هێز و گەڕانەوەی هەمیشەیی و جیاوازیی ئەنتۆلۆژیانە و لەبیرکردنی بوون دەرکەوتوون، هەتاکو دەگاتە هاوچەرخەکانی وەك لیفی شتراوس و میشێل فوکۆ و جاك درێدا، کە کاریان لەسەر چەمکەکانی وەك بونیادو هاوکاتبوون، دواخستن، ئەقڵی ناوەندی، یان ناوەندێتی ئەورووپی کرد و ڕۆشناییان خستە سەر پڕۆژەی ڕووناکبیریی خۆرئاوایی، بەمەبەستی ئاشکراکردنی ئەو ڕەتکردنەوە و ستەمکاری و ناماقوڵییەی مەیلەکانی هیومانیزم و لیبرالیزم و

ئەقلانییەت لەخۆیان دەگرن. ئەمە وێڕای دواکەوتووەکان، مەبەست ئەوانەیە کە لە ڕەخنەگرتن لە مۆدێرنیتە دواکەوتن. مەبەست فەیلەسووفەکانی نەوەی نوێی ئەڵمانیایە، وەك هەردوو برا بوومە(٦)، کە پێیانوایە گوتەی پێشکەوتن "تێپەڕێنراوە"، چونکە بەبڕوای ئەوان لانی کەم ئەو دەستکەوتانەی لە سەدەی بیستەمدا بەدیهاتوون، هاوتانین لەگەڵ ئەو کارەسات و بەڵایانەی ڕوویانداوە.

ئەوەی پەیوەندیی بەخۆمەوە هەیە، دەتوانم، بەگەڕانەوە بۆ هەڵوێست و ڕەخنەگرتنەکانی ئەوانیتر، ڕەخنە لە بیرۆکەی پێشکەوتن بگرم. لەگەڵ ئەوەشدا بانگەشەی ئەوە ناکەم، کە من چاوەڕوانی ڕەخنەگرتنی ئەوانیتر لە پێشکەوتن نەبووم، بۆ ئەوەی منیش ڕەخنەی تایبەتیی خۆمی لێ بگرم(٧). چونکە من قاڵبووی فیکری ڕەخنەگرانەی هاوچەرخم، کە هەڵوەشاندنەوەی گوتەکانی مۆدێرنیتەیە. سەرباری ئەوە، قاڵبووی فیکری سوفیم، کە هوشیارییەکی بڕندەیە دەربارەی کۆستکەوتنی مانا و ئیشکالییەتی حەقیقەت، شڵەژانی فیکر و دڵەڕاوکێی خود.

سەرباری ئەوە، بەڵکو گرنگترین شت، دەبێت هەریەکێکمان بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لەسەر زەمینەی پراکتیك یان بۆتەی ئەزموون پیادەبکات، چونکە هیچ خستنەسەرێکی گرنگ لە مانا و بونیاد، یان چەمك و شێوازدا، بەبێ چەند ئەزموونێك کە بەدەستیانەوە دەناڵێنین و ماندوودەبین، نایەتەدی. منیش لە پێوەناڵاندنەکانمەوە بەدەست شەڕی تاڵی لوبنانەوە ڕوودەکەمە گوتەی پێشکەوتن، کاتێك بیرۆکەکان هەڵدەوەرینو پڕۆژەکان: ڕاستو چەت، کۆنەپەرست و پێشکەوتنخواز، ناسیونالیست و سۆشیالیست، فەندەمەنتالیست و عەلمانی، دەسووتان. چونکە هەموو ئەوانەی ڕوویاندەدا، نیشانەی دارمانی ئەو بیرۆکانە بوون کە لە بڕوای پێشکەوتن و ڕزگارییەوە سەرچاوەیان دەگرت. ئەو پەیوەندی و بونیادانەی پێویستیان بە توێژینەوەی درێژ یان وێناکردنی قوڵ هەبوو، تاقە شەڕێك بەس بوو بۆ ئەوەی پەردە لە ڕوویان هەڵماڵرێت یان ڕۆشنایی بخرێتە سەریان. بەوجۆرە خوێندنەوە و ڕووداوو ئەزموونەکان وایان لە مرۆڤەکان دەکرد، بە یوتۆپیای پڕۆژەکان لەخشتەنەبرێت، یان بە پایەبەرزیی دروشمەکان و جوانیی وشەکان

هەڵنەخەڵەتێن، بەڵکو هانیاندەدەن ئاوڕ لە بێدەنگیی گوتار و هاتنەقسەی پێشهاتەکان، دوالیزمی هەڵوێستەکان و سەرلێشێوانی چەمکەکان، نامـاقوڵیی ئەقڵ و تاریکیی پیادەکردنەکان بدەنەوە.

## بێدەنگیی گوتار:

ئەگەر پێشهات و بیرۆکە نوێکان شایەتی لە دژی گوتەی پێشکەوتن بدەن، ئەوا ڕەخنەی ڕاستەقینە ئەوەیە کە ئاڕاستەی خودی گوتەکە دەکرێت و هەوڵدەدات لێی بپێچێتەوە و بیهێنێتە قسە، هەتاکو تەنگژەو ناکۆکییەکەی ئاشکرابکات، یان هێما بۆ ئیشکالییەتو شڵەژانەکەی بکات. بەم مانایە، فیکری بەرهەمهێن و کارامە، ڕەخنەگرتنێکە لە گەڕان و شیکردنەوە یان هەڵوەشاندنەوە ناکەوێت. ئەوە هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو شتانەیە کە بیری لێکراوەتەوە، بەمەبەستی دۆزینەوەی ئەو ناوچەو ڕووبەرانەی فیکر کاردەکات بۆ پەراوێزکردن، یان دوورخستنەوە، یاخود شاردنەوەیان. ئەوانەی پێشیانوایە گەیشتوونەتە قۆناغی "فیکری زانستی"، یان لافی ئەوە لێ دەدەن نمایندەی فیکری پێشکەوتنخوازن، ئەوانەن بەبێ ئەوەی پێی بزانن بیرناکەنەوە. چونکە مانای دەستەواژەکە، واتە ئەوەی لایەنگرانی فیکری زانستی یان پێشکەوتنخواز بێدەنگدەبن لەئاستیدا، ئەوەیە کە ئێمە گەیشتوینەتە ئەو قۆناغەی کۆتایی فیکر تۆماردەکات. ئەمە مانای ئەو وتەیەیە کە دەڵێت: بەدەستهێنانی تیۆری زانستیو میتۆدی زانستی بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵگە و مێژوو، بۆمانی لێکدەداتەوە چۆن ئەم وتەیە لای خاوەنەکانی فیکری زانستی بۆتە مایەی سستی و ڕەقهەڵاتن و چۆن زانست زۆرێك لە بانگەشە و نەزانی و چەواشەکاریی لەخۆگرتووە. ئەمە وام لێ دەکات بڵێم، کێشەی پێشکەوتنخوازەکان لە خودی پێشکەوتنخوازییەکەیاندایە، نەك لە بەهەڵە کارپێکردنی گوتەکە، یان نەڕەخسانی هەلومەرج و ڕێگەکانی کارپێکردنی بەشێوەیەکی دروست. چونکە ئەوەی خۆی بە "پێشکەوتنخواز" دەزانێت، لە دەرەوەی بڕواکەی خۆی تەنیا پاشەکشەو پاشکەوتن دەبینێ. بەوەش نکۆڵی لە حەقیقەتەکان دەکات و دان بە گۆڕانکارییەکاندا نانێت. لەو کاتەشدا ڕووداوەکان پێشیدەکەونو پێشهاتەکان ڕایدەماڵن. بەم مانایە، دەکرێت بوترێ: تەنیا ئەوە پێشدەکەوێت، کە وەك یەکێکی خاوەن پێشکەوتنی کەمتر مامەڵە لەگەڵ خۆی دەکات. بۆیە خاوەن بڕوای

پێشکەوتنخواز پێش ناکەوێت، بەڵکو پاشەکشەدەکات، یان دووچاری دووبارەکردنەوە دەبێت، بەئەندازەی ئەوەی پێشکەوتن لای ئەو دەگۆڕێت بۆ نموونەیەکی پایەبەرز، یان مۆدێلێکی کامڵ، یاخود حەقیقەتێکی باڵاڕەو و کۆتایی.

بەمجۆرە خاوەنەکانی فیکری پێشکەوتنخواز پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگە دامەزراند: لافی ئەوەیان لێ دا خاوەنی تیۆرێکی زانستین بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی مێژوویی. بۆیە پێویست بوو لەسەریان هوشیاریی بگوێزنەوە بۆ ئەو پرۆلیتاریایەی دەبێت تیۆرەکە لە کارێکی گۆڕانکاریی پێشکەوتنخوازانەدا بەرجەستەبکات و پاش تۆمارکردنی کۆتایی فیکر، کۆتایی مێژوو و مردنی کۆمەڵگە تۆماربکات، ئەوەش لە ڕێگەی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستییەوە، کە تیایدا ناکۆکی و ململانێکان لەناودەچن. ئەوەش بۆتە مایەی پێکهاتنی چەند کۆمەڵگەیەکی سەرتاپاگیر، کە تیایاندا هەموو کۆپیی تاقانەیەکن. ئەمەش سەیرنییە: چونکە بیرۆکە هەمیشە پێویستی بە سەرلەنوێ پێکهێنان یان داهێنانەوەیە لەلایەن ئەوانەی وەریدەگرن یان تاوتوێیدەکەن. ئەوەش دەتوانێت سەرلەنوێ دایبهێنێ یان بەشداریبکات لە دەوڵەمەندکردنیدا کە لە بواری کارەکەی خۆی و ژینگە و دەوروبەرەکەیدا بەرهەمهێن یان کاریگەر بێت. بەم مانایە، هەریەکێك فیکری کاربکات یان خاوەن فیکرە، مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەدا دەکات کە دەیخوێنێتەوە، بەجۆرێك کە چەند پەیوەندییەکی وەهای لەگەڵ دروستبکات لای ئەوانیتر نایبینینەوە. چونکە هەریەکێك بەزمانی خۆی تاوتوێیدەکات و بەپێی مەراق و شەبەنگەکانی خۆی ڕووی تێ دەکات و بە دوودڵی و خەیاڵپڵاوییەکانی خۆی خۆراکی دەداتێ.. بەڵام کارکردن بۆ جێبەجێکردنی بیرۆکەیەك بەشێوەیەکی کتومت، ئەوا دەبێتە مایەی زەوتکردنی ئازادیی بیرکردنەوە، هەروەها دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی چەندین پەیوەندیی سەرتاپاگیرانەی تۆتالیتاریانە لەنێوان ئەوانەی پێڕەویی بیرۆکەکە دەکەن لەگەڵ ئەوانەی کار بۆ جێبەجێکردنی دەکەن.

بەهەرحاڵ، پێڕەویکردنی بیرۆکەی پێشکەوتنخواز، بەری ئاشنانەبوونە بە بیرۆکەکە، چونکە هیچ پێشکەوتنێك لەسەر ئاستی بیرۆکەکان لەئارادانییە، واتە نە دابڕانو نە ڕاوەستانێك لەگۆڕێ نییە. بەوپێیەی بیرۆکە بەپیت و خوڵقێنەرەکان

تێناپەڕێنرێن، چونکە سەردەمەکانی مەعریفە و بەربەستەکانی زمان و رووناکبیری دەبڕن. بەم مانایە، مارکس پێش هیگڵ ناکەوێت، هیگڵ پێش دیکارت ناکەوێت، ئەمەی دواییش پێش ئیبن سینا و ئەرستۆ ناکەوێت، بەڵکو هەموو ئەوانە و نموونە خاوەن بیرۆکە گرنگ و چەمکە بێهاوتاکانیان لێك نزیکن و لە یەك بواردا پێکەوە ژیان بەسەردەبەن، ئەویش کایەی فەلسەفەیە. بەوجۆرە هەر بەرهەمێکی فیکریی گرنگ چڵەپۆپەیەك پێکدەهێنێ، کە ناکرێت تێپەڕێنرێت یان بازی بەسەردا بدرێ. شیاو و سوودبەخش، گێڕانەوەی بەرهەمەکەیە بەمەبەستی کارکردن لەسەری وەك دەستدانێك بۆ بیرکردنەوە یان کایەیەك بۆ خوێندنەوە، کە دەقی خوێنراوە نوێدەکاتەوەی، بەئەندازەی ئەوەی جیاوازدەبێت لەگەڵیدا. لێرەوە مەسەلەکە لەسەر ئاستی بیرۆکەکان مەسەلەی پێشکەوتن نییە، بەئەندازەی ئەوەی مەسەلەی جیاوازی و لێك نەچوونە. "گەڕانەوەی هەتاهەتایی" تاقە شتێکە، بەڵام هەمیشە ئەنجامی جیاوازیی ئاخاوتن دەربارەی یان مامەڵەکردن لەگەڵیدا جیاوازدەبێت. بەم مانایە، ئێمە ناگەڕێینەوە بۆ هیگڵ، یان مارکس، یان ئیبن خەلدون، یاخود ئیبن عەرەبی بۆ ئەوەی بەشێوازی ئەوان بیربکەینەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی داهێنەرانە و بەرهەمهێنەرانە بیانخوێنینەوە، بەشێوەیەك کە هەنوکەییبوونیان پێ ببەخشێت، بەئەندازەی ئەوەی دەرفەتمان بۆ دەرەخسێنێ چەند پەیوەندییەی هەنوکەییو کاریگەر لەگەڵ ئێستا و واقیعەکەماندا دروستبکەین.

هەروەها ڕاگەیاندنی کۆمەڵگەی پێشکەوتنخواز، بەری نەزانییە بەرامبەر بە کۆمەڵگە. چونکە کۆمەڵگە لەسەر بنچینەی یەکسانی بنیات نانرێ و بەدەریش نییە لە ململانێکان، بەڵکو دەشێت بوترێ هیچ کۆمەڵگەیەك بەبێ کێشمەکێشو شڵەژان، یان جیاوازی و جیاوازیکاری نابزوێ یان ناگۆڕێ. بەم مانایە، کۆمەڵگە کۆمەڵێك جیهانو کەرتو توێژو ئاستی جۆراوجۆری جیاوازیکارە کە لە کێشمەکێشدان، هەیانە پێشدەکەوێتو هەشیانە دوادەکەوێت، هەیانە ناوەندە و هەشیانە کەنارە، هەیانە بەختدارە و هەشیانە بێبەشە، هەیانە لەسەروو زەوییەوەیە و هەشیانە لەژێر سفرەوەیە، هەیانە بەوپەڕی خێرایی گەشەدەکاتو هەشیانە زۆر لەسەرخۆ ڕێدەکات(٨)، هەیانە ئەوپەڕی ماقوڵی بەرجەستەدەکات و هەشیانە ئەوپەڕی

جادووگـەری و ئاییـنـداری بەرجەسـتەدەکات. بـەوجۆرە، دەشـێت لـە هـەر قۆنـاغێکی مێژوویی، یان پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیدا ماقوڵ و خورافی، یان شارستانیو بەربـەری، یاخود دیموکراتی و فاشی پێکەوە بژین. چونکە ئەگەرچی ئەرستۆ وەك ئاژەڵێکی ئاقڵ پێناسەی مرۆڤی کردوە و لایەنگری حکومەتی دیموکراتی بووە، کەچـی وەك بەربـەری مامەڵەی لەگەڵ ئەوانەدا کردوە کە یۆنانی نەبوون، واتە بـە ئەقڵییـەتێکی بەربەریانـە مامەڵەی لەگەڵ کردوون. ئەمە بـاری هایدگەریـشە: لـە ڕەخنـەگرتنی لـە ئـەنتۆلۆژیای تەقلیدیدا، کـە لەسـەر بنـچینەی لـەبیرکردنی بـوون بنیـاتنراوبوو، ئەوپـەڕی ئـەقلانی بوو، بەڵام پـاش یەکخستنی یۆنـان و فەلـسەفە، بەشـێوەیەکی خوارفەکارانـە مامەڵـەی لەگەڵ سەرەتا یۆنانییەکەدا کرد.

## کاتی جیۆلۆژییانە:

کورتـەی قـسە: پـاش سـێ سـەدە لـە گوتـاری پێـشکەوتن، هەمووشـتێك گومـان بەرامبەر بە حەقیقـەتی پێشکەوتنی مرۆڤایـەتی دروسـتدەکەن. هەمیـشە گەڕانـەوەو پاشەکـشە لەئارادایـە. هەنـدێك ڕووداو پێـشدێن کـە لەسـەر ئاسـتی ئـەقڵ، ئـازادی، دیموکراسـی، برایـەتیو یەکـسانیی نێـوان مرۆڤـەکان بـەرەو سـفر یـان ژێـر سـفر دەمانگێڕنـەوە. بـەوجۆرە، ئێمـە پـاش کـار لـەکار تـرازان بۆمـان دەردەکـەوێت کـە هەڵخەڵـەتاو، یـان غـەدرلێکراو، یـاخود لێقـەوماوین و بـەرەو دواوە دەگەڕێینـەوە، یـان ڕۆدەچینە ژێر زەوی. ئەمە پاش دەیان ساڵ داواکردنـی پێشکەوتن یـان هەڵسانەوە لـە ساتمەکردنو سڕبوون. ئەمەش نرخی وێناکردنی پێشکەوتنخوازانەیە بۆ کاتو مێژوو، وەك ئەوەی لە فەلسەفەی ڕۆشنگەریو ئایدیۆلۆژیا پێشکەوتنخوازەکاندا دەیبینینەوە.

بەو جۆرە فەلسەفەکان و تیۆرەکانی پێشکەوتن پـشتبەستوون بـە وێناکردنێـك بۆ کات، کە پێیوایە کات پرۆسـەیەکی هێڵئـامێزی ئاسۆییو هەنگاوبەهەنگاوی خـاوەن یەك ئاقارو خێرایی و شێوازە. ئەم پرۆسەیەش حەتمییە و لەسەر بنچینەی دابـڕان و تێپەڕاندن، یان ڕەتکردنەوە و دوورخستنەوە دادەمـەزرێت. ئەمـە ئەوەیـە لای ئۆگـست کۆنت دەیبینینەوە، کە پێیوایـە هوشـیاری بـە سـێ قۆناغـدا تێدەپـەڕێت، بـە سـیحر و ئـایین دەسـتپێدەکات و بــە فەلـسەفەی ئەودیوسروشـتدا تێدەپـەڕێت و بــە ئـەقڵی مرۆڤکرد و فیکری بابـەتی کۆتاییـدێت. ئەمـە ئەوەشـە لای مـارکس دەیبینینـەوە، کـە

بەلایەوە مێـژووی مرۆڤایـەتی بـەدوای یـەكهاتنی پێكهاتـە كۆمەڵایەتیەكانـە لـە نـزم و سـادەوە بـۆ بـەرزتر و ئـاڵۆزتر، لەسـەر شـێوازی سـەرهەڵدان و گەشـەكردن. واتـە لـە كۆمۆنەی سەرەتاییەوە هەتاكو سۆشیالیزمی زانستی، بەتێپـەڕبوون بـە كۆیلایـەتی و دەرەبەگایەتی و سەرمایەداریدا.

بێگومـان ئـەم قۆناغـسازییە تەوباوییـەتێكی سـاویلكانەی پـشتبەستووە بـە كورتكردنەوەی مێژووی جیهان و سادەكردنی گەشەكردنی مرۆڤایـەتی. ئەمـەش بـاری هـەر تیۆرێكـە كـە لافـی بەدەسـتەوەگرتنی یاسـاكانی مێـژوو و میكانیزمـەكانی گەشەكردنی ڕووداوەكان لێ دەدات و لـە وێنـاكردنێكی ساویلكانەو هەڵخەڵەتێنەرانـەی كاتــەوە هەنگاوهەڵــدەنێت. كاتێــك پێــشكەوتنخوازەكان كورتكردنــەوە و ســادەكردن ئەنجامدەدەن، جگە لە خۆیان كەسی تر هەڵناخەڵەتێنن. نرخـی هەڵخەڵەتاندنەكەش ئەوەیە، كە هەمیشە بەهۆی تیۆر و دروشمەكانیانەوە توشی بەڵا دەبـن. ئەوانـە چـەند سیناریۆیەك دادەنێن، كە بەهۆیانەوە پێشبینیی بەرێوەچوونی ڕووداوەكـان و ڕێـڕەوی كـات دەكـەن، كەچـی هەمیـشە ڕووداوەكـانی مێـژوو لـەناكاودا دەكـەون بەسـەریاندا و شـایەتی لـە دژیـان دەدەن، چـونكە پێچەوانەی خواسـتی مرۆڤـەكان و بیركردنـەوەیان گەشـەدەكەن. لەگـەڵ ئەوەشـدا پێـشكەوتنخوازترین كەسـەكان هێـشتا سـوورن لەسـەر دروشمـەكانی خۆیـان. ئەوانـە ڕووبـەڕووی كتـوپڕ و بـەڵاكان بوونەتـەوە، كەچـی بـە هانابردن بۆ درۆ و وەهم داكۆكی لە هیوا پێشكەوتنخوازەكانیان دەكەن.

بەڵام بێسوودە ڕووناكبیران كاتی خراپ یان زۆرداری خۆیان بلاوێننەوە، هەتاكو كتوپڕ نەكەون بەسـەر كـاتێكی خـراپتر و تـاریكتر و زۆردارتـردا. پێویـستە ڕەخنـە لـە بڕوای پێشكەوتن بگیرێـت و پیاداچوونەوەی بـە چـەمكی كاتـدا بكرێـت. چـونكە كـات بــەپێی پلانــەكانی ئێمــە ناچــێتەڕێوە، بەوپێیــەی ڕووداوەكــان كــار بــۆ پێكهــاتنی هوشـیاریمان دەكـەن، ئـەوەش بەئەنـدازەی ئـەوەی بەشـداربین لـە دروسـتكردنیاندا. پێــشهاتەكانیش بەئەنــدازەی كۆشــشكردنمان بــۆ داوەریكردنیــان و هەوڵــدانمان بــۆ ڕەتكردنەوەیان داوەریماندەكەن و تۆڵەمان لێ دەكەنەوە.

بێگومان بەدوای یەكهاتن و كەڵەكەبوون و گەشەكردن لەئارادایە، بەڵام پێكەوە ژیانو بەناویەكداچوون و تێكهەڵكێشیی كات و قۆناغەكانیش لەگۆڕێیە. ڕاستە ئیمـڕۆ

چیتر گاسنی تەختەیی بەکارناهێنین و لەوانەیە ڕۆژێکیش بێت هیچ کەسێکمان قەڵەم بۆ نووسین بەکارنەهێنێ، چونکە وا چاوەڕواندەکرێت لە داهاتوویەکی نزیکدا زیاتر کۆمپیوتەر بۆ نووسینی وتار و نامەکانمان بەکاربهێنین، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە دەبینە بوونەوەری ئەقڵی یان بیرکاریی ڕووت، هەروەها ئەوە ناگەیەنێت ئێمە گەیشتوینەتە قۆناغی فیکری زانستی، کە بە تۆمارکردنی کۆتایی فیکری جادووگەرانە یان ئەقڵی خورافەکارانە کۆتایی بە گەشەکردنی فیکر دێت. بەوپێیەی جادووگەرەی، خورافە، پیرۆزی، ئایینو شتە غەیبییەکان ئەو شێواز و بونیاد و پەیوەندییانەن کە دەستبەرداری ئەوە نابن لەناو ئەقڵدا، هاوشانی ئەقڵییەتە زانستییەکان و ڕەوتە لۆژیکییەکان و تەکنۆلۆژیاکانی ژمێریاری یان ئامارکاری، ئامادەبن و پیادەبکرێن. ئەوانەش دوورناکەونەوە و دوورناخرێنەوە بۆ ئەوە نەبێت کە بەهێزتر و ترسناکتر بگەڕێنەوە. بەم مانایە، لەوانەیە جادووگەری و کۆمپیوتەر لەناو ئەقڵی هەریەکێکماندا پێکەوە بژین، بەڵکو لەوانەیە مرۆڤ چەندین پەیوەندیی جادووگەرانە لەگەڵ شتەکانی خۆی دامەزرێنێ، یەکێك لەوانە خودی کۆمپیوتەرە.

ئەمە باری کۆمەڵگەیە، چونکە پشتبەستنی بەزانست و بەکارهێنانی بۆ زانست هەرچۆنێك بێت، ئەوا جگە لە دابونەریتەکان، سرووتە جادووگەرییەکان، ئەقڵییەتە خورافییەکان، پیادەکردنە پیرۆزکارەکان، پەیوەندییە غەیبییەکان و دەسەڵاتە سمبولییەکان شتێکی تر بەرهەم ناهێنێ، تەنانەت ئەگەر ئەو کۆمەڵگەیە لە زانا و فەیلەسووفەکانیش پێکهاتبوو.

جا لەبەرئەوەی پێکەوەژیان و بەیەکداچوون لەنێوان ڕۆژگارەکاندا هەیە، ئەوا دەشێت پاشەکشە و گەڕانەوە بۆ دواوە ڕووبدات. ئەمەش هەژموونی نامەقوڵ و خراپبوونی سیاسەت و زۆربوونی کارە توندوتیژەکانمان بۆ لێکدەداتەوە، هەروەها ئەو کتوپڕو نسکۆو هەرەسهێنانانەمان بۆ لێکدەداتەوە کە پێشدێن. بەم مانایە، هەر سەردەمەو ڕۆشنگەری و تاریکایی خۆی هەیە، هەر ئەقڵێك بەدرۆخستنەوە و نامەقوڵییەکانی خۆی هەیە، کتومت وەك چۆن هەر کۆمەڵگەیەك ناوەند و پەراوێزەکان و لایەنەکانی پێشکەوتن و ڕۆاڵەتەکانی پاشکەوتنی خۆی هەیە.

ئەو هەموو پاشەکشە و نامەقوڵ و تاریکیانەش لەبەر ئەوە ڕوونادەن کە

پرۆژەکـــانی ڕۆشـــنگەری و ئەقڵانییـــەت و پێـــشکەوتن ڕێگـــەی جێبـــەجێبوونیان نەبینیوەتـــەوە، یـــان بـــەخراپی جێبـــەجێکراون. مەســـەلەکە تـــەواو پێـــچەوانەیە: ئـــەقڵ بەئەنـــدازەی مامەڵـــەکردنی نامـــاقوڵ لەگەڵیـــدا، واتـــە بڕوابوونمـــان بـــەبوونی ئـــەقڵێکی ڕووتـــی بـــەدەر لـــە خلتـــەکانی نامـــاقوڵ، پاشەکـــشەدەکات. ڕۆشـــنگەریش، بەئەنـــدازەی فەرامۆشـــکردنمان بـــۆ ئـــەو پیادەکردنـــە تاریـــك و پەردەپۆشـــکردنە چـــڕ و میکانیزمـــە ناماقوڵانـــەی ئەزموونـــەکانی ڕۆشـــنگەری لـــەخۆیان دەگـــرن، دەکوژێتـــەوە. هـــەروەها پێـــشکەوتن، بەئەنـــدازەی تێگەیـــشتنمان لـــە پرۆســـەی مێـــژوو بەشـــێوەیەکی ڕاســـتەهێڵی و پلـــەدار، یـــان بەشـــێوەیەکی پـــشتبەستوو بـــە دابـــڕان و دوورخـــستنەوە، بـــەرەو دواوە دەگەڕێتـــەوە. بـــەم مانایـــە، ڕابـــردوو یەکێکـــە لـــەو کاتانـــەی بەناویەکداچـــوون و هاوســـەردەمن، یـــان یەکێکـــە لـــە چـــینەکانی هوشـــیاریی ئاوێتـــەمان، کـــە دەکرێـــت بەشـــێوەیەکی جیۆلۆجیانـــە بیخوێنینـــەوە. بـــەوجۆرە ئێمـــە بـــۆ ئـــەوە پێـــشدەکەوین کـــە دوابکـــەوین، چـــونکە بەئەنـــدازەی پێـــشکەوتنمان لەســـەر ئاســـتی ئاســـۆیی، هۆشمەنـــدیمان قـــوڵتر و چـــڕتر دەبێـــت، یادەوەریمـــان بـــە پێـــشهات و برینـــەکان جەنجاڵـــدەبێت و ئـــەو مێژووانـــە کەڵەکـــەدەبن کـــە بـــەدوای خۆمانـــدا ڕایاندەکێـــشین. هـــەموو ئەوانـــەش وادەکـــەن، گەڕانەوە بەرەو دواوە نەگەڕێکی مەزەندەکراو و مەسەلەیەکی شیاوبێت.

پێـــشکەوتنخوازەکانیش، بەئەنـــدازەی ئـــەوەی ڕابردوویـــان بـــەدوور ڕاگـــرتو پێیـــانوابوو دەتـــوانن ڕابـــردوو و کەلـــەپوور لەناوبـــەرن، پاشەکـــشەیانکردو کەوتنـــە ڕیـــزی دواوە، بـــەڵکو ئـــەوان جگـــە لـــە بەرهەمهێنانـــەوەی ڕابـــردوو بەشـــێوەیەکی خـــراپتر شـــتێکی تریـــان نـــەکرد، یـــان بینییـــان ڕابـــردوو لەپێـــشیانەوەیە و بۆســـەی بـــۆ ناونەتـــەوە، بـــۆ ئـــەوەی لـــەناکاودا بکـــەوێت بەســـەریانداو تۆڵـــەیان لێ بکاتـــەوە، چونکە ڕابـــردوو بەشـــێکە لـــە بونیـــادی ئێـــستا. بـــەم مانایـــە، هـــیچ کەسـێك ناتوانێـت لـــە کەلەپوورەکـــەی جیابێتـــەوە، یـــان لـــە شوناســـەکەی داماڵرێـــت، یـــاخود پەیوەنـــدیی نێـــوان خـــۆیو یـــادەوەریی هەڵوەشـــێنێتەوە. شـــیاو، کارکردنـــە لەســـەر شـــوناس و یـــادەوەری و کەلـــەپوور، بەمەبەســـتی گـــۆڕینی ئـــەو کارکردنـــە بـــۆ کـــارێکی بەرهـــەمهێن، یـــان پیـــادەکردنێکی داهێنەرانـــە، کـــە بەشـــێوەی

هەنوکــەییبوون و کاریگەرانــە بەرجەســتەبێت لــە دروســتکردنی پەیوەنــدیی لەگەڵ جیهان.

**بەدوورگرتنی ئیشکالییەتەکە:**

لەگەڵ ئەوەشدا نـاڵێم بـەرەو دواوە دەگەڕێینـەوە، چونکە هـیچ شتێك کتومت یان بەهەموو وردەکارییەکانیەوە وەك خۆی لێ نایەتەوە، بەڵکو بەشێوەیەکی خراپترو مەترســیدارتر یــان تۆقێنــەرتر دەگەڕێتــەوە. بێگومــان کۆمەڵگــەکانی مرۆڤایــەتی بــەدەرنین لــە گەشــەکردنو گــۆڕانو ئیمــڕۆ بەخێراییــەکی بێهاوتــا گەشــەدەکەن، بەتایبـەتی لـە بـواری زانیارییـەکانو تەکنیکـەکانی کۆمۆنیکاشـیۆندا. ئەمـەش بەسـەر کۆمەڵگـە عەرەبییەکانـدا جێبەجێـدەبێت، کـە لـە سـەردەمی ڕێنسانسەوە لـە گـۆڕانو ئــاڵوگۆڕ بەدوورنــەبوونو لــە بــوارە جۆربــەجۆرەکانی ڕوونــاکبیریو ڕووە شارستانییەکانەوە گەشـەکردنی زیاتریـان بـەخۆوە دیـوە، بـەڵام بـەپێی ئـەو پلانانـەی ڕووناکبیرانی بانگەشەکاری پێشکەوتن یان پێشکەوتنخواز دایانڕشتبوو، یان بەپێی ئەو سیناریۆیانەی بەخەیاڵیانـدا هـاتبوو گەشـەیان نـەکرد. ڕوونـاکبیری بانگەشـەکار لـەوە دەستەپاچەتر بوو، کە پڕۆژەکان بۆ ڕابوونی نەتەوەو پێشکەوتنی کۆمەڵگە بخاتـەڕوو، بـەڵکو بۆخـۆی پێویـستی بـەوەبوو لـە سـڕبوونی ئایـدیۆلۆژیی هەڵـسێتو لـە وەهمـی پێشکەوتنخوازانەی خۆی ڕزگاری بێت. چونکە مەسـەلەکە پەیوەنـدیی بـەو بیرۆکـەو تێزە ڕێنسانسخواز یان پێشکەوتنخوازانەوە نییە کـە دەسـتەبژێر پێـشنیاریاندەکات بـۆ ئەوەی کۆمەڵگە جێبەجێیان بکاتو کاریـان پـێ بکـات. ئاکـامی ئـەمجۆرە مامەڵەکردنـە ئەودیوسنوورییەش لەگەڵ بیرۆکەکان، گەڕانـەوە بـووە بـۆ دواوەو نقومبـوون بـووە لـە ســڕبووندا، چــونکە مەســەلەکە تایبەتــە بــەو بونیــادو پەیوەندییانــەی بــەجۆرێك هەڵدەوەشێنرێنەوەو دەگۆڕێن کە پەیوەندیی مرۆڤ بە خودی خۆیو جیهانەوە گۆڕانی بەسەردا بێت. بە قسەیەکی تر: مەسەلەکە، مەسەلەی چەند ئـەزموونێکی بوونخوازە، کە گشت کەرتە بەرهەمهێنەکانو هێزە زیندوو و کارامەکانی کۆمەڵگە بەشداریی تیادا دەکەنو تیایاندا کار لەسەر ئەو فۆڕمو بیرۆکانە دەکەن کە خراونەتە ڕوو، بۆ بەردەوام ڕاستکردنەوەو سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوە.

بەم مانایە، ئــەوە ڕانابێت و پێــش ناکەوێت کــە ئەزموونەکانی نەبنە مایـەی

گۆڕانی چەمکەکانی دەربارەی ڕابوونو پێشکەوتن، کتومت وەك چۆن هیچ کەسێك ناتوانێت تەنیا بە ئاشنابوونی بە بیرۆکەکان دەربارەی ئەقڵ و ڕۆشنگەری، ئەقلانییەت و کاریگەریێتی ڕۆشنگەرانەی خۆی پیادەبکات، بەڵکو بە بەشداریکردنی لە پیادەکرنێکی فیکریی ڕەخنەگرانەدا کە دەرفەتی بۆ دەرەخسێنێ چەمکەکانی دەوڵەمەند و فراوان بکات، یان وای لێ دەکات بتوانێت چەند پەیوەندییەکی نوێ لەگەڵ ئەقڵ و ڕۆشنگەری دروستبکات. ئەوەش بە ئاشکراکردنی تاریك و ناماقوڵ لە ئەزموونە ڕۆشنگەرییەکان و گوتارە ئەقلانییەکاندا، بەوشێوەیەی ڕەخنەگرانی مۆدێرنیتە و ڕۆشنگەری ئیمڕۆ دەیکەن.

بەوجۆرە جیهان کۆپییەکی چەمکەکانمان نییە و بەپێی تێزەکانمان یان ئەنجامی جێبەجێکردنی بیرۆکەکانمان ناگۆڕێت. ئەوەی پێیوایە پێشکەوتن بەپێی نموونەیەکی دیاریکراو یان فۆرمێکی حازبەدەست ڕوودەدات، جگە لە پاشکەوتن شتێکی باشتر نازانێت. هەروەها ئەوەی پێیوایە ئەقڵ ماهییەتێکی ڕوونە دەکرێت بگۆڕێت و چەمکە ڕووتەکەی جڵەوبکرێت، جگە لە دروستکردنی پەیوەندیی ناماقوڵ لەگەڵ ئەقڵی خۆی ناتوانێ شتێکی تر بکات. بەکورتی، مێژوو بیرۆکە پێشوەختەکان و مۆدێلە حازبەدەستەکان یان پلانە نەخشێنراوەکان نایبەنەڕێوە. باشترە بوترێ: ئێمە پێشدەکەوین، بەڵکو دەگۆڕێین، بەئەندازەی ئەوەی لە کاری مێژوویيدا مۆدێلەکانی خۆمان دادەهێنین. واتە ئێمە لەکاتی دروستکردنی خۆماندا، مێژوو دروستدەکەین، بەئەندازەی پیادەکردنی پەیوەندییەکی داهێنەرانەش لەگەڵ فیکری خۆمان جیهان دەخوڵقێنین، بەئەندازەی سەرکەوتنیشمان لە سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ حەقیقەتو دارشتنی ئیشکالییەتە فیکرییەکانماندا بەشێوەیەکی جیاواز واقیع پێکدەهێنینەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی تێپەڕاندنی ئەو ئیشکالییەتەی ئەهلی ڕێنسانس دەریانبڕیوە: بۆچی خۆرئاواییەکان پێشکەوتنو موسڵمانەکان دواکەوتن؟ چونکە چیتر مەسەلەکە، مەسەلەی من و ئەویتر، یان کەلەپوورو مۆدێرنیتە، یاخود پێشکەوتن و پاشکەوتن نییە. یەکەم لەبەرئەوەی جیهان بۆتە یەکەیەك هەموان پێکەوە لە پەیوەندیدان و هەریەکێك کار لەویتر دەکات. دووەم چونکە، بمانەوێ یان نا، چووینەتە ناو جیهانی نوێوە. سێیەم بەوپێیەی

هیچ پێشكەوتنێك بەبێ پاشەكشەكردن بوونی نییە، هەر گەشەكردنێكیش بەشێوەی پێكهاتن یان تێكهەڵكێش ڕوودەدات و لەگەڵیدا سەرلەنوێ كۆن پێكدەهێنرێتەوە، یان قۆناغ و ڕۆژگارەكان تێكهەڵكێش دەبن. ئەوانەی دەربارەی پێشكەوتنی خۆرئاوا پرسیویانە و هێشتا دەپرسن، هۆی پرسیاركردنەكەیان ئەوەیە مۆدێلێك بۆ پێشكەوتن هەیە، كە دەكرێت چاوی لێ بكرێت یان جێبەجێبكرێت. ئەوەی ئەمەش بكات، جگە لە پاشكەوتن ئەنجامی لاساییكردنەوەی حازربەدەست بەشێوەیەكی ناتەواو و شتێكی باشتر نازانێت.

لێرەوە كێشەكە ئەوەیە هەریەكێك لە دەستەپاچەبوونو ناتەواوی خۆی دەربازبێت، هەتاكو چالاكی و ئامادیی خۆی لە ژینگە و كۆمەڵگەكەی خۆی یان جیهاندا بەگشتی و لە ڕێگەی خولقاندن و داهێنانەوە پیادەبكات. چونكە ئیمڕۆ چەمكەكانی جیهانگیری و كۆمۆنیكاشیۆن و بازاڕ لە جیهاندا بالادەستن و نكۆڵیكردن لەوە بێسوودە. باشتروایە بەباشی ئەوە بخوێنرێتەوە كە ڕوودەدات، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پەیوەندییەكانمان لەگەڵ بیرۆكەكانمان، كە چەند پەیوەندییەكن لەگەڵ خودی خۆمان و واقیع و حەقیقەت، ڕێكبخەینەوە. بەوپێیەی بازاڕ زەمكاری (كێبڕكیی نادروست) نییە، بەڵكو حەقیقەتێكی كۆمەڵگەییە. بەوپێیەی كۆمەڵگە ئەو بازاڕانەیە، كە بۆ ئاڵوگۆڕكردن و تاوتوێكردن دەیخولقێنێ، لە بازاڕی عوكازەی سەردەمی جاهلییەوە بیگرە كە تیایدا قەسیدە و شمەكەكان تاوتوێدەكران، هەتاكو بازاڕە هاوچەرخەكانی لەندەن، پاریس، نیویۆرك، یان قاهیرە، بەیروت، دیمەشق و دارئەلبەیزا كە پێشانگەكانی بەرهەمە مادی و سمبولی و فیكری و تەكنۆلۆژییەكانن. بێگومان هێزی هەر كۆمەڵگەیەك تەنیا لەوەدا نییە كە نمایشیدەكات یان بەكاریدەبات، بەڵكو لەوەدایە كە لە بوارەێكدا دایدەهێنێ و بەرهەمیدێنێ.

بەهەرحاڵ، ئەو گۆڕانكارییە بێشومارانەی لە زیاتر لە ئاستێكدا ڕوودەدەن، بەتایبەتی لە بواری كۆمۆنیكاشیۆندا، دەیسەپێنن بەسەر ئێمەی پەیوەندیدار لەگەڵ كاروبارەكانی فیكردا، سەرلەنوێ ئیشكالیەتی فیكری دابڕێژینەوە، ئەوەش بەئەندازەی تێكدانی پەیوەندییەكانمان لەگەڵ خودی خۆمان و ئەویتر یان جیهان و شتەكان. لێرەوە چیتر مەسەلەكە ئەوەنییە چۆن "تێپەڕاندن و ڕزگاری و پێشكەوتن

بهێنینــەئاراوە"، وەك دكتــۆر مــەحمود ئــەمین عــالم(٩) دەڵێــت، بەتایبــەتی پــاش ساتمەكردنی پرۆژەكانی ڕۆشنگەری و ڕزگاری و پێشكەوتن. بـەڵكو ئەوەیـە كاربكـەین بۆ ئاشكراكردنی ئەو وەهمە هەڵخەڵەتێنەرانەی پرۆژەكان لەخۆیان دەگرن. بـەڵێ وەك ڕەخنەگەرە گەورەكەمان ئاواتییەتی، پێویستە بارودۆخی ئێستامان تێپـەڕێنین، بـەڵام بە دەربڕینی چەندین پرسیاری نـوێ و كردنـەوەی فیكـر بـەڕووی ئـەو ناوچـانەدا كـە لەوەوبەر بیریان لێ نەكراوەتەوە، لە ڕێگەی داهێنـانی زمـانێكی چـەمكئامێزی نـوێ بـۆ خوێندنەوەی جیهان و دۆزینەوەی فـۆڕمێكی جیـاواز بـۆ پەیوەنـدیمان لەگـەڵ بـوون و حەقیقــەت. كەواتــە پێویــستە ســەرلەنوێ كێــشە بوونخوازەكانمــان و ئیــشكالییەتە فیكرییـەكانمان دارێژینـەوە، چـونكە وەك مـن دەیبینـم، مەسـەلەكە بریتییـە لـەوەی: بەشــداریبكەین لــە خوڵقانــدنی چــەندین بــازاڕ و كەشــی ئــاڵوگۆڕی بەرهــەمهێن و كـالێككردنی بەرهەمـدارا، یـان بەشـداربین لـە دارشـتنی ئـەو پرسـیارە گەورانـەی ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبنەوە، جا لە پەیوەندیدا بێت لەگەڵ خـودی خـۆی و جیهـان، یـان لە پەیوەندیدا بێت لەگـەڵ مەعریفـەو كـار یـان چـارەنووس و هیـوا، یـاخود قـاڵبین لـە زمانی پێكگەیشتندا، بەشێوەیەك كـە یارمـەتیمان بـدات بەشـدارییەكی كاریگەرانـە لـە سیاسەتی دەوڵەتەكان یان بەڕێوەبردنی گەمەی نەتەوەكاندا بكەین، یـان بەشـێوەیەكی بەرهەمێن و كاریگەر مامەڵە لەگەڵ پێشهاتەكاندا بكەین، كە نیشانەی ئامادەییمان بێت لەسەر شانۆی جیهان، یاخود سەرلەنوێ شوناسی خۆمان پێكبهێنینـەوە، بـەجۆرێك كـە دەرفــەتمان بــۆ بڕەخــسێنێ پەیوەنــدیی خۆمــان لەگــەڵ كەلــەپوور و یــادەوەری و تایبەتمەندیی كولتووری بەشێوەیەكی دەوڵەمەنـدی داهێنـەری هاوچـەرخ بەشـێوازێكی جیهــانی یــان ئینتەرناسیونالیــستانە پیادەبكــەین. كــاتی ئــەوە هــاتووە دوانــەی تایبەتمەندیو جیهانی تێپەڕێنین، هەتاكو بەشێوەیەكی جیهانی پیادەی تایبەتمەنـدیی خۆمان بكەین.

لەدواییــشدا نــەك لەكۆتاییــدا مەســەلەكە ئەوەیــە، كاربكــەین بــۆ گــۆڕینی پەیوەندییەكانی هێز و مەعریفە و سامان لەنێوان ئێمە و ئەوانیتردا. تەنیا كولتووری زیندوو توانای خوڵقاندن و داهێنـان و نوێكردنـەوەی بـەردەوامی هەیـە و دەتوانـێ لـە ڕێگـەی فیكـری ڕەخنەگرانــەوە بـچێتە نـاو گەمــەی پێــشبڕكێ و كێبڕكێـوە. هـەموو

ئەوانەش پێویستیان بە ڕەخنەگرتن لە زمانی یوتۆپیا و گوتاری ئایدیۆلۆژی و هەر شتێك هەیە، كە كۆمەڵگەكەمان وەك بەهەشتێكی ڕزگاریخواز، یان یەكسانیخواز، یاخود لەدەستچوو دەڕازێننەوە. مەبەست ئەوەیە دەستبەرداری ئەوە بین كە دەستبگرین بە وەهمەكانی ڕۆشنگەری و خەیاڵپلاوییەكانی ڕزگاریو پێشكەوتنەوە، هەتاكو بەزمانی بوون و ڕووداو قسەبكەین و كاربكەین بۆ خوڵقاندنی چەند پێشهاتێك یان پێكهێنانی چەند جیهانێك، كە دەرفەتمان بۆ دەڕەخسێنن حەقیقەتی خۆمان دروستبكەین و بەشداریی لە دروستكردنی جیهان و سەرلەنوێ پێكهاتنەوەیدا بكەین. بەوەش بەشداریی لە سیستەمی جیهاندا دەكەین و نابینە قوربانیی لۆژیكی جیهانگیری و میكانیزمەكانی بازاڕ.

باشترین و كاریگەرترین شت ئەوەیە ڕووناكبیری "ئۆرگانیكی" لە بێئاگایی درێژخایانی خۆی بێداربێتەوە، چونكە كەوتۆتە پەراوێزی كاری مێژووییەوە و لەو كۆمەڵگەیە دابڕاوە كە لافی چوونە ناو خەم و مەسەلەكانی لێ دەدات. ئەو دەستەپاچەیی و تێكشكانەش بەری شێوازی مامەڵەكردنێتی لەگەڵ شوناس و شێوازی پیادەكردنی ڕۆڵی خۆی. سەبارەت بە وێرانە، بەفیڕۆدان، ستەمكاری، تۆتالیتاریا و داخرانی ئاسۆكانی دیالۆگیش، هەموو ئەوانە بەرجەستەكاری وێناكردنەكانی ئەوە بۆ دنیاو شێوازی مامەڵەكردنی لەگەڵ حەقیقەت، دەسەڵات، دیموكراسی، ئازادی و مرۆڤایەتی، ئەمە وێڕای پێشكەوتن و مۆدێرنیتە و ئەقڵانییەت. ئەمەش ئەو كێشەیەیە كە ڕووناكبیر لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵدێت: لێكجیاكردنەوەی خۆی و گوتەكانی و كۆششكردن بۆ هەڵوەشاندنەوەی وەهمەكانی لەپێناو دارشتنی پەیوەندی لەگەڵ فیكری خۆی و واقیع بەشێوەیەكی كاریگەرتر و قوڵتر. كەچی ڕووناكبیری ئۆرگانیكی پێیوایە كێشەكەی لەگەڵ واقیعدایە، بۆیە نكۆڵی لە پێشهاتەكان دەكات بۆ ئەوەی وەهمەكانی ڕاست دەربچن، وەك ئەوەی دەست بە كۆتوبەندەكانی خۆیەوە بگرێت و گوریس لە ملی خۆی بئاڵێنێ، ئەمەش تەنگژەكەیەتی.. بەڵام ئەهلی فیكر لەو بڕوایەدان، كە كێشەكەیان هەمیشە لەگەڵ بیرۆكەكانی خۆیاندایە. ئەوانەش بەئەندازەی سەركەوتنیان لە گۆڕینی چەمكەكانی خۆیان، یان لە داڕشتنی چەند ئیشكالییەتێكی فیكریی نوێ، یاخود لە گۆڕینی شێوازەكانی مامەڵەكردنیان لەگەڵ

بیرۆکەکانــدا، ســەرکەوتوودەبن لــە گــۆڕینی پەیوەنــدیی خۆیــان لەگــەڵ واقیــع و حەقیقەتدا. بێگومان ئێمـە دەسـتبەرداری هیـوا و خـەون نـابین، بـەڵام هیـواو خەونـە بەکۆمەڵـەکان، جگـە لـە ڕەوە مرۆییـەکان، شـتێکی تریـان بەرهـەم نـەهێنا، یـان ئـەو ڕژێمانەیان بەرهەمهێنا کە کاردەکەن بۆ سەرکوتکردنی مـرۆڤ و وایـان لێ دەکـەن ببنـە دیلی پرۆژە مەحاڵەکان و خەونە وێرانکارەکان.

لەگـەڵ ئەوەشـدا بـەم قـسانە کۆتـایی بـە باسـەکەم دێـنم: نامـەوێ هەڵوێـستی مامۆستای حەقیقەت یان لافلێدەری ڕۆشنگەری و ڕزگارکردنم هەبێت، بـەڵکو دەمـەوێ ئازادیی بیرکردنەوە و پەیوەندیی بە ڕۆشنگەرییەوە پیادەبکـەم. ئەمـەش بژارەکەمـە: لـە ڕووداوەکـانی دنیـا تێبگـەم، بـۆ ئـەوەی فیکـری خـۆمو پەیوەنـدیم بـە بـوون و حەقیقەتـەوە بگـۆڕم، یـان دەقـەکان و ڕووداوەکـان لـە ڕێگـەی هێنانـەئارای دەقێکـەوە بخوێنمەوە، کە نوێبوونی خۆی هەیەو واقعییەتی خۆی دەسەپەێنێ. خوێندنەوەکەشم بــۆمی دەردەخــات، کــە کــاری ڕوونــاکبیر هەڵخەڵەتێنــەر و شکــستخواردوە، بــەڵکو بەشێوەیەکی نائومێدکارانە و لەوانەیە ستەمکارانە یـان فاشـیانە پیـادەکراوە، ئـەوەش بەئەندازەی بڕوابوونی ڕووناکبیران بەوەی ئەوان ئەو دەستەبژێرەن کە لـەبری خـەڵك بیردەکەنەوەو خەوندەبینن یان کار بـۆ ڕزگارکردنیـان دەکـەن.. ئەمـەش وام لێ دەکـات سـەرلەنوێ بڵـێم هـیچ یـەکێك لـەبری ئـەویتر بیرناکاتـەوە و خـەون نابینـێ، هـیچ یــەکێکیش ئــەویتر ڕوونــاکبیر یــان ڕزگــار ناکــات، بــەڵکو هەریــەکێك بەئەنــدازەی دروستکردنی حەقیقەت و دەسەڵاتی خۆی ڕزگاردەبێت و بە ئەندازەی بەرهـەمهێنانی لە بواری کارەکەیدا و پیادەکردنی کاریگەرێتی و ئامادەیی خـۆی لـە دەوروبـەر و سـەر شانۆی بوونی خۆی بەرچاوڕوون دەبێت.

## پەراوێزەکان:

١- وشەی "مێژووچێتی"م (Historiciste) لـە "مێـژوویی" پـێ باشـترە، چونکە مێژووچێتی بـەو شـێوەیەی بەکاریـدێنم کـە دەکەوێتـە بـەر ڕەخنـە و قـسەپێوتن، بەوپێیـەی مامەڵـەکردنێکی تەوباوی یان ئایدیۆلۆژییانەیە لەگەڵ مێژوو و پێشهاتەکان. لەکاتێکدا مەبەست لـە مێـژوویی تـەنیا ئەو توانایانەیە کە بە میرات ماونەتەوە.

٢- فەیلەسـووفی ئـەڵمانی جـۆرج گـادامیر دەڵێـت: "پێموایـە جیهـانی ئیمـرۆ پێـشکەوتنێکی لـەپێناو دیالۆگـدا نەهێناوەتـەدی، بـەڵام حەقیقـەتی دڵـڕەق دەربـارەی داهـاتوو ناچـارمان دەکـەن دیـالۆگێکی

ڕاستەڤینە بەرپابکەین، ئەوەی دەرفەت دەرەخسێنێت بۆ ئاشنابوو بەویتر". بڕوانە ئەو چاوپێکەوتنەی فیلیپ فورجیەو جاك لوریدیر لەگەڵیدا کردویانەو محەمەد میلاد کردویەتی بە عەرەبیو لە ژێر ناونیشانی: "دەسەڵاتی فەلسەفی"دا لە گۆڤاری (کتابات معاصرة)دا، ژمارە ٣٦، ل١٢ بڵاوبۆتەوە.

٣- مێژوووناسی ئینگلیزی ئیریك هۆبزباوم چوار کتێبی نووسیوە، سیانیانی بۆ سەدەی نۆزدەهەم تەرخانکردووەو چوارەمی بۆ سەدەی بیستەم داناوە. ئەو بەراورد بە سەدەکانی پێشوو، ئەم سەدەیەی بە سەدەی تونـدڕەوی و تۆقانـدن و تـاوان و ڕیشەکێشکردن دانـاوە. بـەوجۆرە، دوو سـەدە پـاش داواکردنی پێشکەوتنو ئەقڵ، بەرەو دواوەوە دەگەڕێینەوە. بڕوانە وتاری کلۆد جولیان دەربارەی کتێبەکەی هۆبزباوم، کە لە ڕۆژنامەی "لومۆند دیپلۆماتیك"ی ژمارەی ئازاری ١٩٩٥دا بڵاوبۆتەوە.

٤- بڕوانە ئەو چاوپێکەوتنەی فرانسوا ئیوالد لە ژێر ناونیشانی "خێرایی و جەنگ و ڤیدیۆ"دا لەگەڵیدا کردوەو لە ژمارە ٣٣٧ی گۆڤاری "مەگەزین لیتەر"دا، تشرینی دووەمی ١٩٩٥، بڵاوبۆتەوە.

٥- بەهەرحاڵ، ئەو نەخۆشییەی ناوی "شێتیی گا"یەو لەم دواییانەدا بووە مایەی نیگەرانی بۆ ئێمەی مرۆڤ، وامان لێ دەکات چاوبخشێنینەوە بە سەرجەم پەیوەندییەکانماندا لەگەڵ ئەو ئاژەڵەی لە خاكو سروشتمان جیاکردۆتەوەو لە "سەربازگە"کاندا گیرمانکردوە، بەمەبەستی پەروەردەکردن و دروستکردنی، هەتاکو وەك خۆمانی گوشتخۆری لێ بکەین، بۆ ئەوەی وەك خۆراکێك ئەوپەڕی سوودی هەبێت. بەوجۆرە پەتاو پیسبوونی ژینگەو مەترسی و نیشانەکانی تر، بەری ئەقڵانییەتی شێت و نابەرپرسیارانەی ئێمەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئاژەڵ و سروشتدا. بڕوانەی ئەوەی دەربارەی ئەم مەسەلەیە لە ژێر ناونیشانی "شێتیی گا/ شێتیی مرۆڤ" لە ڕۆژنامەی (لومۆند دیپلۆماتیك)دا، ژمارەی ئایاری ١٩٩٦، بڵاوبۆتەوە.

٦- برایان بومە، کە دوو فەسلەسووفی پۆست مۆدێنیتەی ئەڵمانیاو نەوەی دوای هابرماسن، پێیانوایە نابێت دەستبگیرێت بە بیرۆکەی پێشکەوتنەوە، کە مێژوو ڕاستیی ڕیسواکردوە، بەتایبەتی لەم سەدەیەدا، کە "ئەو خراپەکارییانەی ڕوویانداوە زۆر لەو پێشکەوتنە زیاترن کە هاتۆتەدی". لەمبارەیەوە بڕوانە ئەو چاوپێکەوتنەی فلۆریان ڕۆتسەر لەگەڵیان کردویەتیو لەلایەن محەمەد شێخو یاسر تائرییەوە کراوەتە کوردی و لە کتێبی "مقاربات في الحداثة و مابعد الحداثة"دا، دار الطليعة، ١٩٩٦، بڵاوبۆتەوە. ئەم کتێبە بریتییە لە "چەند دیالۆگێکی هەڵبژێردراو لە فیکری ئەڵمانیی هاوچەرخ" کە وەرگێڕەکان وەریانگێڕاوەو پێشەکییەکیان بۆ نووسیوە، کە پڕییەتی لە باسکردنو ڕوونکردنەوەی فراوانو بەنرخ.

٧- بڕوانە کتێبەکەم: لعبە المعنى، التقدم والتأخر (I-II)، المركز الثقافي العربي، ١٩٩١، ل٨٦-٩٠.

٨- فرنانـد برۆدیل بەشێوەیەکی هێڵەکیی ئاسۆیی مامەڵە لەگەڵ کات ناکات، بەڵکو بەکردنەوەی بەرووی فرەییدا: فرەیی کاتو ئاستەکانو خێراییەکانو شێوازەکان. بڕوانە پێشەکیی"المتوسط

والعالم المتوسطي"ی فرنان برۆدیل، کە مەروان ئەبی سەلە کردویەتی بە عەرەبی ساڵی ١٩٩٣ لەلایەن (دار المنتخب العربی)یەوە بڵاوکراوەتەوە.

٩- بڕوانە وتارەکەی "الهشاشة النظرية للفكر العربي المعاصر"، لەو کتێبە ساڵانەیەی (قضايا فكرية) خۆی سەرپەرشتیی دەرکردنو بڵاوکردنەوەی دەکات، ژمارە ١٥و ١٦ی ئایار و حوزەیرانی ١٩٩٥ لەژێر ناونیشانی "الفكر العربي على مشارف القرن الواحد والعشرون" ل١٧.

# (VI)

# ڕۆڵی ڕووناکبیر

**ڕووناکبیر نێوانکارە نەك سەرکردە:**

ئەو هەرەسهێنانەی لە بەهاو سیستەمەکاندا و ئەو تێکشکانەی مۆدێلەکانی بیرکردنەوە و کارکردن کە جیهان بەخۆوەی بینیون، ئەو شکستخواردنەی کۆششەکانی یەکگرتن و پرۆژەکانی پەرەپێدان کە جیهانی عەرەب بەخۆوەی بینیون، ئەو کێشمەکێش و جەنگ و کارەساتە کۆمەڵایەتی و نیشتمانیانەی لە هەندێك ناوچە و دەوڵەتی عەرەبیدا ڕوویانداوە.. هەموو ئەوانە وادەکەن پرسیارەکان دەربارەی کار و ڕۆڵی ڕووناکبیر کلێپەسەندووبن و سەرلەنوێ بیرکردنەوە دەربارەی پەیوەندیی ڕووناکبیر لەگەڵ دەوڵەت و کۆمەڵگە دەسەپێنن. ئەم پەیوەندییە زۆرجار نێگەتیڤ و نەزۆك بووە و هەندێك جاریش وێرانکاربووە، بەتایبەتی لە وڵاتە عەرەبییەکاندا کە ڕووناکبیر بە ئەقڵێکی تەوباویی خەونبین، یان لۆژیکێکی ئایدیۆلۆژییانەی داخراو مامەڵەی لەگەڵ دەسەڵات و سیاسەت و کۆمەڵگە کردوە. ئەمەش نیشانەی نەزانیی بووە بەرامبەر بە جیهان و واقیع و بۆتە هۆی شکستخواردن و گۆشەگیری.

ئەمە سەبارەت بە زۆربەی ئەو ڕووناکبیرانەی پەیوەندییان لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی لەسەر بنچینەی یەکتر ڕەتکردنەوەیە. مەبەست ئەوانەیە کە نکوڵی لە حەقیقەتو ڕەوایەتیی دەسەڵات دەکەن و دەسەڵات ڕوودەکاتە دوورخستنەوە، یان زیندانیکردن، یاخود لەناوبردنیان.. بەڵام بەشەکەی تری ڕووناکبیران ئەوانەن، کە دوای دەسەڵات و دەوڵەتەکان کەوتوون و وەك دامودەزگای ئایدیۆلۆژی کاریان لە خزمەتیاندا کردوە و کارەکانیان ڕازاندونەتەوە و داکۆکییان لە شکستخواردن و تێکشاندنەکانی کردوە و پاکانەیان بۆ بەهەدەردانی دەرامەتەکان یان وێرانکردنی دەستکەوتەکانی کردوە. سەرەنجام لە هەردوو بارەکەشدا یەك بووە: دەستەپاچەیی و پەراوێزبوون یان لاوازی و فشۆڵی. جا مەسەلەکە پەیوەندیی بە ڕووناکبیری دژی دەسەڵاتەوە هەبێت، یان ئەو ڕووناکبیرەی لەناو کاروانی دەسەڵاتدایە.

هۆکـەش ئەوەیــە، کــە ڕووناکبیر کاریگــەرێتیی خــۆی لەدەســتداوە، چــونکە تایبەتمەنـدیی خـۆی پیادەنـەکردووە. مەبەسـتم لـە تایبەتمەنـدی لێـرەدا، ڕۆڵگێڕانـی خولقێنەرانــەی ڕووناکبیرە لــە بەرهــەمهێنانی فیکــر و مەعریفەســازیدا. ئەمــەش گرەوەکەیـەتی: خولقانـدنی واقعێکی فیکریـی نـوێ، لـە ڕێگـەی بەرهـەمهێنانی چـەند بیرۆکەیەکی نوێوە، یان گۆڕینی بیرکردنەوە، یان داهێنـانی پیـادەکردنی فیکریـی نـوێ، یاخود سەرلەنوێ داهێنانەوەی نوێ لە زەمینەی پیادەکردن و بۆتەی ئەزموونذا.

ڕووناکبیر ئەم ڕۆڵەی خۆی لەبیرکردوە و هـەموو بایـەخی خـۆی تـەرخانکردوە بۆ بەزۆر سەپاندنی گوتەکان بەسەر واقیعدا و بەشێوەیەکی سادەکارانەی زۆرەملێیانـە کە دژی هەڵگەڕانەوە. سەرەنجام خۆی بووە قوربانیی ئەو گوتانە، یان کۆمەڵگە لەکاتی هەوڵدانــەکانی جێبەجێکردنیانــدا بوونــە قوربــانی. بەوپێیــەی پەیوەنــدی لەگــەڵ بیرۆکەکان دەبێت پەیوەندیی خولقاندن و داهێنان بێت، جا مەسەلەکە پەیوەندیی بـە بەرهـــەمهێنان و هێنانـــەئارای بیرۆکەکانـــەوە هـــەبێت، یـــان بـــە خـــستنەگەڕو وەبەرهێنانیانــەوە. بــەم مانایــە، ڕاســت نییــە باســی جێبــەجێکردن بکــەین، بــەڵکو سەرلەنوێ بەرهـەمهێنان یـان داهێنـان ڕاسـتە کـە نۆژەنکردنـەوەی بـەردەوامی فیکـرە، لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی دێتەئاراوە و ڕوودەدات.

بەوجۆرە ڕووناکبیر، کە بە پڕوپاگەندە و بـەکاربردن نوێنـەری ئـەهلی فیکـرە، تــەنیا ڕوویکـردە پێڕەویکـردن و جێبـەجێکردن، بـەدەر لـە خولقانـدن و هێنانـەئارا، مەبەسـت هێنانـەئارای بیرۆکـەکان و خولقانـدنی چـەمکەکانە دەربـارەی کۆمەڵگـە و جیهان، بەشێوەیەك کـە ببێتـە مایـەی خولقانـدنی واقیـع بـە بیرۆکـە و لەسـەر ئاسـتی چەمك. بەوپێیەی واقیع ناگۆڕێت، ئەگەر پەیوەندیی نوێی لەگەڵ نەبەستین. ئـەوەش بەهۆی گۆڕینی بیرۆکەکانمان دەربارەی واقیع، یان سـەرلەنوێ دارشـتنی لەسـەر ئاسـتی فیکر، یان بەوەی بیکەینە بوارێك بۆ داهێنانی فیکری.

لێرەوە دەرکەوت، ڕووناکبیر لـەوە دەستەپاچـەترە ئـەوە بگۆڕێـت کـە مەبەسـتی بـوو بیگۆڕێـت. نــەزانیی ئاوێتەشـی بەرامبـەر بـە ئەرکەکـەی و واقعـیش بـووە هـۆی پیادەکردنی زۆرداری و ستەمکاری. ئەمەش سەیرنییە، چونکە لەکاتی پیواری (غیـاب) بیرۆکە داهێنەرەکان و کەشە فیکرییە بەپیتەکاندا، هەوڵدانـەکانی گۆڕانکاری لەلایـەن

سیاسەتمەدارەوە سروشتی ستەمکارانە وەردەگرن. بەوپێیەی فرمان زاڵدەبێت بەسەر ئەقڵداو زەوتکردن جێی فیکر دەگرێتەوە، یان لەلایەن خودی ڕووناکبیرەوە سروشتی زۆردارانە وەردەگرێت. چونکە واقعی بەهوروژم لەسەر پاترۆنی گوتە ڕەقهەڵاتوەکان و تیۆرە وشکهەڵاتوەکان دەبڕرێت، بەشێوەیەك کە دەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی ئەقڵیەتی فاشیانە یان دامەزراندنی چەند سیستەمێکی تۆتالیتاریی سەرتاپاگیر.

بەهەرحاڵ ڕووناکبیر، وەك ئەو ڕۆڵەی خۆی کە بەبیریدا هاتبوو و بەو شێوەیەی پەیوەندیی لەگەڵ فیکری خۆی پیادەیکردبوو، ڕووەکەی تری سیاسەتمەدارە: هەریەکێکیان ڕوویەکی دراوێکە، وا لە ڕووناکبیر دەکات ئەڵتەرناتیڤی خراپی سیاسەتمەداری پیشەکار بێت، واش لە سیاسەتمەدار دەکات تەنیا ڕووناکبیرێکی خراپی سەرنەکەوتوو بێت. لێرەوە ئەو ڕووناکبیرەی بەتوندی ڕەخنە لە ڕژێم و دەسەڵاتە سیاسییەکان دەگرێت، کاتێك لەهەمان پێگەدا دەبێت هەمان شت دەکات، بەڵکو بەدەگمەن نەبێت لەو خراپتر هەڵسوکەوت دەکات. ڕووناکبیر بۆ خۆی شایەتی لەسەر خۆی دەدات، چونکە زۆرجار پەیوەندیی نێوان ڕووناکبیران لەسەر بنچینەی دەسەڵاتخوازی و دوورخستنەوە و پیادەکردنی ئاخاوتنی بریندارکەر دادەمەزرێت. کەچی ڕووناکبیران ئەوە لەبیر خۆیان دەبەنەوە و ڕەخنەی خۆیان دژی دەسەڵاتەکان چڕدەکەنەوە. ئەمەش لە ڕوانگەیەکی تەقلیدییەوە، کە خاوەنەکانی پێیانوایە دەسەڵات تەنیا لە کۆشکەکانی سەرکردەکان و ناوەندەکانی سەرۆکەکاندا پیادەدەکرێت. لەکاتێکدا دەسەڵات چەند تۆڕێکی پەیوەندیی هێزە بە درێژایی و پانیی ڕووبەری کۆمەڵایەتیدا بڵاوبۆتەوە. بەم مانایە، مرۆڤ ڕوو لە هەر شوێنێك بکات، ڕووبەڕووی چەندین دەسەڵاتی وەها دەبێتەوە، کە هەڵسەنگاندن و پۆلێنکردن و دوورخستنەوە ئەنجامدەدەن. دامەزراوە ڕووناکبیری و ڕۆژنامەوانییەکانیش، کە زمانحاڵی ئازادی و دیموکراسین، لەوە بەدەرنین. چونکە وەك کەرتەکانی تری کۆمەڵگە، ئەوەی بڕیاری لێ دەدات خاڵی نییە لەو هێزانەی فشار و دەسەڵاتخوازیو هەژموونخوازی پیادەدەکەن. ئەمە چوونە ناو دەسەڵات لە دەرگای مەعریفەوە ئاشکرایدەکات، ئەو بەئەندازەیەك دەسەڵاتی مەعریفەمان بۆ دەردەخات، کە تێگەیشتنمان سەبارەت بە دەسەڵات دەگۆڕێت و ئاشنابوونمان پێی نوێدەکاتەوە.

بەوجۆرە چیتر ڕیکلامەکانی ئازادی و بەیاننامەکانی دیموکراسی بەس نین، جا لە هەرکوێوە دەرچووبن. چونکە ڕووناکبیر دڵداری ئازادی نییە و لەوانیتریش دیموکراتیتر نییە، بەڵکو لەوانەیە بەراورد بە چالاکوانە کۆمەڵایەتییەکانی تر کەمتر دیموکراتی بێت. باشترە بوترێ، هەمووان لە ڕووی فیکر و پراکتیکەوە کەمتر لەوە دیموکراتین کە حسابی بۆ دەکەن. ئەگەرنا، چۆن پاشەکشەی دیموکراسی لەسەر دەستی خودی دیموکراتیخوازەکان لێکبدەینەوە؟ چۆن لەوە بگەین هەموان داوای دیموکراسی دەکەن‌و دەرەقەتی نایەن، بەتایبەتی لە جیهانی عەرەبدا؟ وێڕای باسکردنی زۆری دیموکراسی، ئەوە نەزانییە بەرامبەر بە دیموکراسی و واقیع لە هەمان کاتدا. لەوانەیە بەهۆی ئەوەوە بەشێوازێکی دۆگماییانە مامەڵە لەگەڵ وشەی دیموکراسی کرابێت و بەشێوەیەکی جادووگەرانە مامەڵە لەگەڵ واقیع کرابێت.

ئەم لاوازییە بوونخوازی و مەعریفییەی باری ڕووناکبیرانی پێگەیشتووە، پیاداچوونەوە بەو ڕۆڵەدا دەسەپێنێ کە ڕووناکبیر هەتاکو ئێستا گێڕاویەتی. بەوپێیەی ئیمڕۆ جیهان بەشێوازێکی جیاواز دروستدەکرێت‌و وەك ئەوەی جاران نییە، جا ئەوە لە ڕووی هێزو پێکهاتەکانییەوە بێت، یان لۆژیك و میکانیزمەکانی کارکردنییەوە، یاخود بەها و مۆدێلەکانییەوە. چەندین ڕژێم ڕووخان و زۆر ئایدیۆلۆژیا هەڵوەرین و گەلێك قۆناغ دەرگا بەسەریاندا داخرا، ئەمەش داوا لە ڕووناکبیر دەکات چەند فۆرمێکی نوێ بۆ پەیوەندیی خۆی لەگەڵ خود و فیکری خۆی دابهێنێ، کە وای لێ بکەن کاریگەریی هەبێت لەسەر دەوروبەر و کۆمەڵگە و جیهانەکەی. ڕووناکبیر، بەهۆی خوڵقاندنی دەوروبەری فیکری یان چەند جیهانێکی چەمکئاساوە کە لەگەڵیاندا دەرفەتەکانی بیرکردنەوە و تەگبیرکرد دووقات دەبن، بەپلەی یەکەم بکەرێکی فیکرییە. ئەمە کاری بنەڕەتیی ئەوە: گۆڕینی واقیع بۆ چەند ئیشکالییەتێکی فیکری، یان دارشتنی پەیوەندی لەگەڵ جیهان بەشێوەیەکی چەمکئاسا، بەجۆرێك کە لە ڕووی سیاسی و پراکتیکییەوە وەبەربهێنرێ بۆ بە ئەقڵانیکردنی دەسەڵات و بڕیارەکان و پیادەکردنەکان، یان بۆ دروستکردنی ڕووداو و مامەڵەکردنی کاریگەرانە لەگەڵ پێشهاتەکان.

ئەم کارە پێویستی بەوەیە، ئەو گوتانەی لە گوتاری ڕووناکبیریدا بڵاوبوون،

بخرێنــە بــەر ڕەخنــەو پــشکنین. مەبەســت گوتــەکانی ئــازادی، دیموکراســی، دەســەڵات، شوناس، یەکگرتن، مۆدێرنیتە و ئەقڵانییەتە، بەتایبەتی گوتەی دەستەبژێر، لەپێناو هەڵوەشاندنەوەی ئەو وەهمانەی لە مێشکدا نیشتەجێن و ڕێگە لە ئەهلی فیکر دەگـرن بەشێوەیەکی خوڵقێنەر و بەرهەمهێن بیرکردنەوە پیادەبکرێت.

کێشەی ڕووناکبیر لەوەدا نییـە کـە کـار بـە بیروڕاکانی ناکرێـت، یـان گوتـەکانی بـەخراپی جێبەجێـدەکرێن، هـەروەها لـەو گەمارۆدانـەدا نییـە کـە لەلایـەن ڕژێـم و دەســەڵاتەکانەوە ســەپێنراوە بەســەریدا، بــەڵکو بەپلــەی یەکــەم لــە دەستەوســانیدایە بەرامبەر داهێنان لە خودی بواری فیکردا. لەگەڵ ئەوەشدا ڕووناکبیران، بەتایبەتی لای خۆمـان، بێئاگـان بەرامبــەر بــە کێـشەکەیان و ســەرقاڵی ئاخـاوتنن دەربـارەی ڕامـاڵینی بەها مرۆییەکان و ئازادییە تاکەکەسییەکان و تایبەتمەندییە ڕووناکبیرییەکان لەلایەن ڕوونــاکبیریی نوێــوە. مەبەســتیان لــەوەش ڕوونــاکبیریی کــاڵا و بــازاڕ، یــان وێنــە و کۆمپیوتـــەرە کـــە ویلایەتـــە یـــەکگرتووەکانی ئـــەمریکا بـــەجۆرێکی تایبـــەتی بەرهەمیاندەهێنێ و هەناردەیان دەکات.

بەوجۆرە ئێمە باسی لاوازیی ڕوونـاکبیری و پاشەکشەکردن یـان هەرەسهێنانی دەکەین، لە بەرامبەر بە کاڵاکان و چاوچنۆکیی بەرخۆری و دڕنـدەیی تۆتالیتاریزمـدا. ئــەم قــسەیەش زیــاتر بــۆ بارودۆخــە فیکــری و ڕووناکبیرییــەکانی لوبنــان و وڵاتــە عەرەبییەکانی تر ڕاستە، چونکە وەك هەنـدێك ڕوونـاکبیر ڕەچاویانکردوە، ئـەدەب لـە بەرژەوەندیی بەرەڵایی و جادووگەری و فالگرتنەوەدا پاشەکشەدەکات. تەنیا بەڵگەیەك بەسە بۆ لاوازیی ڕوونـاکبیری لای ئێمـە، ئـەویش ئەوەیـە کـە داهـاتی تاقـە ئاهـەنگێکی گـۆرانی یەکـسانە بــە داهـاتی هــەزار وتــار و قەســیدە. بەهــەرحاڵ، لــە وڵاتێکـی وەك ئەمریکا کتێبی لۆژیك، کـە ڕووتکارترین لقـی مەعریفەیـە، بەسـەدان هـەزار دانـەی لێ چاپدەکرێت، کەچی لای ئێمە کتێبی شـیعر، کـە دیـوانی عەرەبـە، لـە چـەند هـەزارێك زیاتری لێ چاپ ناکرێت. ئەمەش نیشانەی دەوڵەمەندیی فیکرییە لەوێ و ئـەوەمان بـۆ لێکدەداتەوە بۆچی ئەوان لە ڕیزی پێشەوەی دروستکردنی جیهانـدان، بـەڵام لای ئێمـە نیشانەی هەژاریی فیکریو فشۆڵیی چەمکە و بۆمانی دەریدەخات چۆن ئێمە جگـە لـە پیادەکردنی دەستەپاچەیی و گۆشەگیریو پەراوێزبوونی خۆمان شتێکی چاکتر ناکەین.

باشتره ڕووناکبیر کار لەسەر خودو فیکری خۆی بکات، هەتاکو لە وەهمە دەستەبژێرەکانی خۆی ڕزگاری بێت. چونکە دەستەبژێری جیاکاره و سەرکردایەتیی ڕووناکبیر ئەرکی ڕووناکبیر لە بنچینەوە پێشێلدەکات، بەوپێیەی چەمکی دەستەبژێر یان پێشڕەو مانای ئەوەیە جەماوەر و ڕەوە مرۆییەکان لەئاراداان. ڕەوەش کەرەستەیەکی ڕژێمە تۆتالیتارییەکان و فەندەمەنتالیزمە فاشییەکانە و داردەستی پرۆژە تەوباوییە مەحاڵەکانە.

کورتەی قسە: ڕووناکبیر سەرکردەی نەتەوەو کۆمەڵگە نییە، ئەو بکەرێکی فیکرییە بەشداریدەکات لە بەئەقڵانیکردنی سیاسەتەکان و زانیارییەکان و پیادەکردنەکاندا. بەم مانایە، ڕووناکبیر نێوانکارێکی فەرامۆش نەکراوە لەنێوان واقیعو بڕیار، یان مەعریفە و دەسەڵات، یان مانا و هێزدا. ئەو نێوانکاری نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی ئەهلییە، بۆ ئەوەی بەشداربێت لە ڕێگەگرتن لەوەی دەوڵەت تاکو گرووپەکان بهاڕێت، یان کۆمەڵگە بە هێز و تایەفەکانییەوە زاڵ نەبێت بەسەر دەوڵەتو فەزای گشتیدا. بەئەندازەی ئەوەی چەند دیالۆگێکی فیکریی بەپیت بەرپادەکات، یان چەند ئاسۆیەکی فراوان بەڕووی مانادا دەکاتەوە، یاخود سەرلەنوێ ئیشکالییەتی پەیوەندی لەگەڵ حەقیقەتدا دادەڕێژێتەوە.

بەکورتییەکی زیاتر، ڕووناکبیر نێوانکارە، بەمەبەستی دانانی سنوور بۆ ستەمکاریو زۆرداری، ئەمەش بەئەندازەی سەرکەوتنی لە خولقاندنی ژینگەیەکی فیکری، یان پێکهێنانی ڕووبەرێك بۆ مەعریفە، یاخود داهێنانی یەکێك لە شێوەکانی ئەقلانییەت. سەبارەت بە ڕۆڵی سەرکردایەتی و دەستەبژێری، ئەوا بەرەو ڕیزەکانی دواوەی بردوە و وای لێ کردوە داوای پارێزگاریکردن لە دەسەڵات بکات. وەك ئەو هەواڵەی لەم دواییانەدا دەربارەی ڕووناکبیرانمان لە گۆڕەپانی میسریدا خوێندمانەوە.

لەکۆتایی ئەم دەهەمین وتارەی "ڕەخنەگرتن لە ڕووناکبیر"دا پێم باشە بگەڕێمەوە بۆ سەرەتا، هەتاکو هەڵوێستەکەم نۆژەنبکەمەوە یان ڕاستیبکەمەوەو بڵێم: نەمویستووە کاری ڕووناکبیر پەکبخەم یان ڕۆڵی ڕەتبکەمەوە، بەڵکو کۆششمکردوە بۆ ئەوەی پیادچوونەوە بۆ ئەو ڕۆڵە بکرێت. چونکە ڕووناکبیر، بەوجۆرەی بارەکەی پێیگەیشتووە و پەیوەندیی خۆی لەگەڵ فیکری خۆی و واقیع پیادەکردوە، خۆی ڕۆڵی

خۆی ڕەتکردۆتەوە، لەبەرئەوەی کاریکردوە بۆ نکۆڵیکردن لە پێشهاتەکان، بۆ ئەوەی وەهمەکانی ڕاست دەربچن یان هەتاکو بەوەهمکردنەکانی خۆی بپارێزێت. ئەو نکۆڵی لە شتە نوێکانو گۆڕانکارییەکان لە پێشهاتەکان یان بیرۆکەکادا دەکات. ئەوەی نوێشە، پیادەکردنی ڕۆڵێکی جیاواز یان بەشداریکردن لە کاری نوێدا دەخوازێت.

دەربڕینی ئەوەی دەشێت ڕووناکبیر ڕۆڵی "نێوانکاری فیکری" بگێرێت شتێکی هەڕەمەکیانە نییە، چونکە ئەگەر ئیمڕۆ جیهان ئەنجامی شۆڕشی کۆمۆنیکاشیۆن و دووفاتبوونی توانای پێکگەیشتن بەجیهانگیری دەگات، چونکە کۆمۆنیکاشیۆن پێویستی بە نێوەندێك هەیە و هیچ پێکگەیشتنێك بەبێ نێوانکار مەیسەرنابێت. بەهەرحاڵ، چاکێتیی مرۆڤ، بەوجۆرەی کە پەیوەندیی لەگەڵ خودی خۆی و جیهان پیادەدەکات، بەبێ نێوانکار نایەتەدی. گرنگترین شتیش کە نێوانکاری نێوان مرۆڤ و هاوشێوەکەیەتی، بیرۆکە و وشە یان چەمك و گوتارە. لێرەوە ڕووناکبیر، وەك ئەوەی کار بەفیکر دەکات و دەستیداوەتە پێشەی ئاخاوتن، "نێوانکارێك"ی زۆر باش پێکدێنێ. بێگومان ئەو ناتوانێت ئەم ڕۆڵە بەشێوەیەکی لێهاتوانە پیادەبکات، لەو کاتەدا نەبێت کە لە بواری تایبەتی خۆیدا، واتە بواری فیکر و جیهانی مانا و وشەسازیدا، بەرهەمهێن و خوڵقێنەر بێت.

(VII)

# فیکر وەك پیشە و ڕۆڵ

# فیکر وەك پیشە و ڕۆڵ

## لە ڕووناکبیری گۆشەگیرەوە بۆ نێوانکاری کاریگەر

### هێزی بیرۆکەکان:

خاڵی هەنگاوهەڵهێنانی ئەم موحازەرەیە، ئەو بەرپەرچدانەوەو گفتوگۆ فراوانەیە کە کتێبەکەم "وەهمەکانی دەستەبژێر یان ڕەخنەگرتن لە ڕووناکبیر" وروژاندویەتی. لەگەڵ ئەوەشدا موحازەرەکە تەنیا وەڵامدانەوەی بەرپەرچدانەوەکان نییە، بەڵکو سەرلەنوێ بیرکردنەوەیە بەشێوەیەکی چڕ دەربارەی سەرجەم ئەو مەسەلانەی کتێبەکە تاوتوێیکردون، لەپێناو ڕۆشناییخستنە سەر پیشەکەم‌و بواری کارەکەم، یان سەر میتۆد و شێوازی بیرکردنەوەم، باشتریشە بڵێین سەر پیادەکردنە فیکرییەکانم و ئەزموونە بوونخوازەکانم.

بەختەوەرم بەوەی کتێبەکەم کاریگەریی خۆی هەبووە و ئەو هەموو بەرپەرچدانەوە و توانجانەی بەدوای خۆیدا هێنا، جا بە قبوڵکردن بووبێ یان ڕەتکردنەوە، لەلایەن نووسەرو ڕەخنەگرانەوە بووبێ، یان توێژەرو مامۆستایانی زانکۆ.

بێگومان هەرشتێك ببێتە مایەی بایەخپێدان یان مشتومڕ، نیشانەی جدیبوون‌و گرنگی نییە. چونکە کاری فیکری گرنگیی خۆی لە بوێریی مەعریفیی بێوێنە، یان ئاخاوتن دەربارەی مەسەلەکان بەشێوەی وروژێنەر، یاخود لەبەر باسکردنی چەند مەسەلەیەکی هەستیار و چەند هێزێکی دەسەڵاتدار بەدەست ناهێنێ، کە خەڵك سڵ لە باسکردنیان دەکەنەوە. گرنگیی کاری فیکری لە هێزی خودی بیرۆکەکاندایە، واتە ئەو نوێ و جیاوازەی لەخۆیدەگرێت، جا ئەوە لەڕووی دەربڕین و ئیشکالیەتەکەوە بێت، یان لە بوار و تێڕوانینەکەدا بێت، یاخود لە دەروازە و چارەسەرەکەدا بێت.

ئەمە گرنگی دەبەخشێتە کاری فیکری: چەند پرسیارێکی ڕاستەقینە دەربڕێت، چەند کێشەیەکی گرنگ بوروژێنێت، کایەی ڕوانین و بیرکردنەوە نوێبکاتەوە، شێوازێکی کاریگەر بەکاربهێنێ بۆ ڕۆچوونە خوارەوە و چارەسەرکردن، یان پیادەکردنێکی فیکریی داهێنەرانە بدۆزێتەوە.. بەڵام شێوازەکانی بەلگاندن و زنجیرەی هۆکان و بنیاتنانی سیستەمەکان و کارەکانی پشکنین و گەڕان و تەکنیکەکانی تر، ئەوا پێویستە ببنە مایەی گەیشتنە ئەو سەرەنجامە، بەجۆرێك کە زیندوێتی بیرکردنەوە بەرجەستەبێت و توانای خولقاندن و خستنەوەی بیرۆکە و چەمکەکان بێنێتەئاراوە. لەو کاتەشدا گرنگ نییە کەسەکە وتارێك بنووسێ یان کتێبێك بەرهەمبهێنێ، لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەدا یان گۆڤارێکی زانستیدا بلاویبکاتەوە، جا ئەوەی لە قاوەخانەیەکی کراوەدا نووسیبێ، یان لە قەلا ئەکادیمییە گۆشەگیرەکەیدا. چونکە لەوانەیە وتارێکی کورت جیدیبوونێك لە دەربڕین و تاوتوێکردن یان لەسەر ئاستی تێگەیشتن و ئامرازی مەعریفە لەخۆبگرێت، بەلام چەندین کتێب و لێکۆڵینەوەی درێژ هەبن کە تەنیا کەڵەکەکردنی زانیاربن و هیچ جیدییەتێك لە بیرکردنەوە یان دەوڵەمەندکردنی چەمك لەخۆنەگرن.

کەواتە ئەمە مەبەست و بەری چالاکییە فیکرییەکان و کۆششکردنە وێناکارەکانمانە: لە کایەکانی کارکردن و بوارەکانی شارەزایی خۆماندا بەرهەمهێن بین. هەمیشە ئێمەی ئەهلی فیکر و زانست لە جیهانی عەرەب و توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانماندا داوای بەکارهێنانی میتۆدە بڕندەکانمان کردوە، بەلام هەتاکو ئێستا هیچ یەکێکمان نەگەیشتوینەتە دۆزینەوەی شێوازێکی نوێی بیرکردنەوە، یان وەبەرهێنانی میتۆدە وەرگیراوەکان لە ڕێگەی کردنەوەی یەکێك لە لقەکانی مەعریفەوە. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە، داواکاری و گوتارەکانمان لە ڕووی کایەکان و بابەتەکان یان میتۆد و چەمکەکانەوە بەرهەمهێن نین. هۆی ئەوەش ئەوەیە کە ئێمە بڕوامان وایە مەعریفە بەرهەمی چەند وێناکردنکردنێکی هاوجووتە لەگەڵ بابەتەکاندا، بەبەکارهێنانی چەند میتۆدێك کە ئامادەن بۆ جێبەجێکردن. لەکاتێکدا بەرهەمهێنانی مەعریفە نەشونماکردنێکە لەگەڵیدا پەیوەندیی نێوان ئامراز و دەرهاویشتەکان گۆڕانی بەسەردا دێت و چالاکییەکی ئاوێتەخوازە لەگەڵیدا میتۆدەکان

ڕاستدەكرێنەوە و بابەتەكان سەرلەنوێ پێكدەهێنرێنەوە، ئەوەش بە ڕزگاربوون لە بیرۆكە پێشوەختەكان و شكاندنی قاڵبە حازبەدەستەكان. بەم مانایە، هیچ بەرهەمهێنان یان داهێنانێك بەبێ هێنانەدیی ئەوەی لەوەوپێش لە یەكێك لە ئامرازەكانی مەعریفە یان لەسەر یەكێك لە ئاستەكانی تێگەیشتن یاخود لانی كەم لە یەكێك لە پرسیارەكانی حەقیقەتدا لەئارادانەبووە. بەوجۆرە ئێمە باسی بیركردنەوەی بابەتی یان توێژینەوەی مەنهەجی دەكەین، لەكاتێكدا داواكراو كردنەوەی چەند بابەتێكی نوێیە بۆ بیركردنەوە یان خوڵقاندنی چەند ژینگەیەكە بۆ تێگەیشتن، كە دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی لۆژیك كاربكات و میتۆدەكان بەرهەمبدەن.

لێرەوە پێموایە كاری بنەڕەتیم ئەوەیە كار بە تایبەتمەندیی خۆم بكەم، كە سەرچاوەی داوەریكردن و بڕندەبوونە(١)، بەجۆرێك لەوە تێبگەم كە ڕوودەدات یان ئەوە دەستنیشانبكەم كە پێشدێت، بە خەملاندنی فۆڕمێك بۆ ڕووداو یان پێشكەشكردنی خوێندنەوەیەك بۆ واقیع، بەجۆرێكی وەها دەرفەتم بۆ دەڕەخسێنێ ئەوە لێكبدەمەوە كە ڕوودەدات یان دێتەئاراوە، یان ئەوەی كتوپڕ دەكەوێت بەسەرماندا یان ڕامان دەچەڵەكێنێ، واتە ئەوەی بە نامافول، یان نارەوا، یاخود چاوەڕوان نەكراو دایدەنێین.

### خوێندنەوەی واقیع:

ئەم كارە، لەبەر ڕۆشنایی دوو واقعی زەقدا، ڕەوایەتیی خۆی وەردەگرێت:

یەكەمیان ئەو ڕووناكبیرەی بایەخ بە كاروباری گشتی دەدات و داكۆكی لە بەها گشتییەكان دەكات، كارەكانی خەباتكردن و گۆڕانكاریی لای زاڵبوون بەسەر سەرقاڵییەكانی تێگەیشتن و لێكدانەوەدا. بەوەش پاش هەرەسهێنانی پرۆژەكانی پێشكەوتن و ڕۆشنگەری و یەكگرتن و مۆدێرنیتە، یان شكستخواردنی هەوڵدانەكانی داكۆكیكردن لە ئازادییەكان و مافەكان و بنیاتنانی كۆمەڵگەی مەدەنی یان هێنانەدیی گۆڕانكاریی دیموكراتیانە، گۆڕاوە بۆ تێكۆشەرێكی سەرنەكەوتوو. ڕووناكبیران بەپێی ئەم گوتەیەی ماركس كاریانكردووە: سەرقاڵبوون بە گۆڕینی جیهانەوە لەبری تێگەیشتنی. بەرهەمی ئەوەش: یەكەم نەزانی ئابڕووبەرانە سەبارەت بە بارودۆخەكانی جیهان و كۆمەڵگەكان، بە بەڵگەی ئەوەی ڕووناكبیران هەمیشە

یەکەمین کەسانێکن کتوپڕ دەکەون بەسەر ئەو چاوەڕوان نەکراوانەی لە واقیعدا ڕوودەدەن و بەهۆیانەوە توشی شۆك دەبن. ئەنجامی ئەوەش، دوەم هەڵخەڵەتان بە گوتە مارکسییەکە، چونکە گرنگیی مارکس لەوەدایە کە خوێندنەوەیەکی نوێی پێشکەشکردوە و زمانێکی چەمکئاسای بێوێنەی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ واقیع و بۆ دارشتنی کێشەکانی سەردەمەکەی داهێناوە.

واقیعەکەی تریش ئەوەیە کە کارکەرانی کایەی فیکر لای ئێمە، ئەگەرچی ئەوەی لەسەردەمی محەمەد عەبدەوە هەتاکو محەمەد عابد جابری بیریان لێ کردۆتەوە و نووسیویانە گرنگیی خۆی هەیە، بەڵام سەرکەوتوونەبوون لە کردنەوەی چەند کایەیەکدا بۆ مەعریفە یان داهێنانی چەند ئامرازێکی چەمکئاسای وەها کە بتوانن بەربەستە زمانەوانی، یان نەتەوەیی، یاخود جوگرافییەکان ببڕن، نموونەی ئەوەش زۆرە.

ئێمە باسی فۆکۆ یاما دەکەین و ڕەخنە لە تیۆرەکەی دەربارەی "کۆتایی مێژوو" دەگرین و دەڵێین، گوتەیەکی بێکەڵکەو لەسەر ئاستی فەلسەفی یان زانستی هیچ بەهایەکی نییە. ئەمە ئەوەیە کە دەیلێین و ڕایدەگەیەنین، بەڵام ئەوەی نایلێینو گرنگترە ئەوەیە، گوتەکەی فوکۆ یاما لەبەر گرنگیی بۆتە هۆی تیخکردنی ئەقڵ و گوتارەکانمان، بەبەڵگەی ئەوەی ئێمە سەرقاڵین پێوەی و بە باسکردن و لێکدانەوە یان بەرپەرچدانەوە و توانج کاری لەسەر دەکەین. کەچی ئەوەی دەربارەی دەیلێین تەنیا کاردانەوەیە و هاوتای خودی کارەکە نییە، واتە تەنیا گوتارێکی ئایدیۆلۆژیانەی زۆر لاواز و فشۆڵە. بۆیە ئەنجامی ڕەخنەگرتنەکەمان لە فۆکۆ یاما، بیرۆکەیەکی نوێ یان خوێندنەوەیەکی گرنگ دەربارەی جیهان نەهاتەئاراوە، کە جێی بایەخی ئەهلی فیکر بێت لەسەر ئاستی جیهان.

هەروەها کاتێك ئێمە داوای نوێکردنەوەی فیکر دەکەین، هەندێك جار و بەڵکو هەمیشە داوای دامەزراندنی کۆمەڵناسییەکی عەرەبی دەکەین، سەرەنجامەکەشی نەزۆکیی بیرکردنەوە و شکستخواردنی بەرهەمهێنانی مەعریفەیە دەربارەی کۆمەڵگە، بەڵکو دەگەڕێینەوە بۆ پێش ئیبن خەلدون، کە پشتئەستوور بە چەند دەرهاویشتەیەکی کۆمەڵگەیی و مێژوویی دیاریکراو بەشداریکرد لە دامەزراندنی

زانستی ئاوەدانکردنەوەی مرۆییانە یان کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا. ئەمەش سەیرنییە، چونکە ئەو دەرهاویشتەیەی ئەهلی فیکر کاری لەسەر دەکەن هەمیشە تایبەتی یان مەرجدار دەبێت، بەڵام ئاشنابوون پێی ملکەچی بەرەگەزیکردن نییە، بەڵکو تایبەتە بە هەریەکێك بایەخ بە کاروبارەکانی مەعریفەو فیکر بدات. بۆیە هەتاکو ئێستا لە جیهانی عەرەبدا زانایەکی کۆمەڵناسیی گەورەی وەك ئیبن خەلدون یان دۆرکەهایمەر، پیار بۆردیو یان جۆرج بالاندییە دەرنەکەوتووە.

ئەمەش بارەکەمانە لەگەڵ بابەتی دەسەڵاتدا. ئێمە زۆر دەچینە ناو ئەم بابەتەوە، بەڵام بەبێ گەیشتنە دەوڵەمەندکردنی چەمکەکە، یان نوێکردنەوەی فیکری سیاسی. بەپێچەوانەی ئەوەی بۆ نموونە لای ئیبن خەلدون، ماکیافیلی، هیگڵ، میشێل فوکۆ، یان پیار بۆردیو دەیبینینەوە. چونکە نوێکردنەوەی وتە دەربارەی مەسەلەی دەسەڵات، پێویستی بەوەیە لە دەروازەیەکی نوێوە بچینە ناو بابەتەوە، یان شێوازێکی جیاوازی بیرکردنەوە بەکاربهێنین، یاخود زاراوەیەکی نوێ دەربارەی خوێندنەوەو دەستنیشانکردن دارێژین، بەشێوەیەك کە دەرفەت بڕەخسێنێ بۆ سەرلەنوێ پێکهێنانی بابەتەکەو دەوڵەمەندکردنی چەمکەکە. بێگومان چەندین زانیاری دەربارەی دەسەڵات هەن کە کۆیاندەکەینەوەو پۆلێنیاندەکەین یان بەئەقڵی بەلگاندن یان شێوازی لۆژیکی دایاندەڕێژین، بەڵام هیچ بیرۆکەیەکی نوێ، ئەنجامی ڕامان لە ئەزموونە سیاسییە دەوڵەمەندەکان یان شیکردنەوەی ئەو بوار و پیادەکردنانەی لەوەوپێش بیری لێ نەکراوەتەوە، نایەتەئاراوە.

هەروەها ئەمە بارەکەمانە لەگەڵ جیهانگیریدا: ئێمە بە لۆژیکی ئایدیۆلۆژیایەکی خەباتگێڕانەو بەوپێیەی جیهانگیری دوا قۆناغی کۆلۆنیالیزم یان نوێترین شێوەی ئیمپریالیزمە مامەڵەی لەگەڵ دەکەین، وەك ئەوەی لە گوتارەکانی هەندێك بیریاری عەرەبدا دەیخوێنینەوە. لەکاتێکدا ئەوانیتر جیهانگیری وەك دیاردەیەکی ڕاگەیاندنکارانە دەخەنە ژێر لێکۆڵینەوە و پشکنینەوە، بۆ ئەوەی لقێکی مەعریفیانەی نوێ بکرێتەوە، وەك ئەوەی ڕیجیس دۆبرییە لە کتێبی "میدیا" یان زانستی ئامرازەکاندا کردویەتی.

بەگشتی ئێمە باسی هەڵمەتی داگیرکاریی کولتووری دەکەین، بەمەبەستی داکۆکیکردن لە شوناس یان لەبەر پەرۆشمان بۆ ڕەسەنایەتی، بەڵام بەوە جگە لە شایەتیدان لەسەر نەزانیمان بەرامبەر بە کولتوور شتێکی تر ناکەین، چونکە کولتووری زیندوو و چالاك، واتە خوڵقێنەر و بەرهەمهێن، زیندوێتی و چالاکیی خۆی لە ڕێگەی فراوانبوون و بڵاوبوونەوەوە پیادەدەکات. ئەوە تەنیا دەستەپاچەیە کە بیر لە پاراستن دەکاتەوە، بەری پاراستنیش گۆشەگیری و دەستەپاچەیی زیاترە، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن زاڵن و تەکنیکەکانی پەیوەندیکردن بەربڵاون.. لەکاتێکدا بەرهەمهێن و بەهێز سەرقاڵی پاراستن نابێت، بەڵکو بیر لە کردنەوەی چەندین بواری تر یان بازاڕی نوێ بۆ پێکگەیشتن و ئاڵوگۆڕ دەکاتەوە.

ئەمەش بەرئەنجامی خوێندنەوەمە بۆ واقیعی ڕووناکبیرانی عەرەب لە هەردوو بەرەکەدا، بەرەی خەباتی سیاسی لەپێناو گۆڕین و بەرەی بەرهەمهێنانی مەعریفیانە لە کایەکانی بیرکردنەوەدا؛ سەرنەکەوتن لە گۆڕینی واقیعدا، دەستەوسانە لەئاست بەرهەمهێنانی پەیوەندییەکی نوێ لەگەڵ واقیعەکەدا، بەئەندازەی ئەوەی دەستەوسانە لەئاست بەرهەمهێنانی چەند بیرۆکە یان چەمکێکی بەپیت و بێوێنە دەربارەی ئەو واقیعە. ئەمەش تەنگژەکەیە(٢).

## گرەوی بیرکردنەوە:

لەبەر ڕۆشنایی ئەم سەرنەکەوتنە زانستیو فشۆڵییە چەمکئاسایەدا، هەوڵمداوە لەو ناماقوڵو چاوەڕوان نەکراوە تێبگەم کە پێشدێت، ئەوەش بە دەربڕینی چەند پرسیارێك دەربارەی حەقیقەت و واقیع:

- بۆچی داوای یەکگرتن دەکەین، کەچی جگە لە لێکدابڕان شتێکی تر ناچنینەوە؟
- بۆچی پانتایی ڕۆشنگەری لەچاو پێشوودا دەچێتەوە خۆی؟
- بۆچی لەگەڵ زۆربوونی ئاخاوتندا دەربارەی کۆمەڵگەی مەدەنی، دەمارگیریی تایەفەگەرانە یان ستەمکاریی سیاسی زیاددەکات؟
- بۆچی باسکردنی دیموکراسی بەشێوەیەك بووە، کە پەیوەندیی بە دیموکراسییەوە نەبووە؟

- بۆچی ئۆپۆزسیۆن دەسەڵات دەگرێتە دەست، بۆ ئەوەی پاشەکشە لە بەرنامەکەی خۆی بکات؟
- بۆچی گۆڕانکاری، پاش گۆڕینی حکومەتو سیاسەتەکان، شکست دەخوات؟
- بۆچی ئاکامی پرۆژەکانی پێشکەوتن، پاشەکشەو دەستەپاچەییە؟
- بۆچی ڕووناکبیر ناتوانێت بەچاکی دیموکراسی لەناو کەرتە تایبەتییەکەی خۆیدا پیادەبکات؟
- چۆن دابڕانی دەستەبژێرەکان لە خەڵكو کۆمەڵگە لێکبدەینەوە؟
- چۆن لەوە تێبگەین ڕووناکبیر، وەك بایەخدەرێك بەهەرشتێك پەیوەندیی بە خەڵکەوە هەبێت یان بەلایانەوە گرنگ بێت، ڕەفتاردەکات، کەچی خەڵك گوێ بەوە نادەن کە ڕووناکبیر دەیڵێ‌و بایەخی پێ نادەن؟

بەوجۆرە پێشهاتە زەقەکان و حەقیقەتە لەناکاوەکان، کە لە سەرنەکەوتن و تێکشکاندا خۆیان دەبیننەوە، بەراورد بەو کارە مەترسیدار و ڕۆڵە مێژووییانەی دەیان ساڵە ڕاگەیەنراون، پرسیارەکان لەو ئەقڵانەدا دەوروژێنن کە بەڕووی ڕووداودا کراوەن، لەپێناو دەستنیشانکردنی واقیع و خوێندنەوەی ئەوەی ڕوودەدات بە زمانێکی چەمکئاسای نوێ.

ئەم کارە، مەبەستم کاری تێگەیشتن و دەستنیشانکردنە، بەپلەی یەکەم کارێکی ڕەخنەگرانەیە، بەهۆیەوە لێپێچینەوە لە بەڵگەنەویستەکان و پیاداچوونەوە بە نەگۆڕەکاندا و گۆڕینی کەرەستەی فیکری ڕوودەدەن، بەجۆرێك کە دەرفەت بڕەخسێت بۆ تێپەڕاندنی پرسیارە مردووەکان و دوانە نەزۆکەکان، یان ڕەواندنەوەی وەهمە هەڵخەڵەتێنەرەکان و بەرچاولێڵییە چڕەکان، یان هەڵوەشاندنەوەی گوتە تەسکەکان و قاڵبە ڕەقهەڵاتوەکان یان ئامرازە پەککەوتەکان.

خودی ئەم مەراقە لەپشتی کۆششە فیکرییەکانمەوەیەو ئەو پیادەکردنە ڕەخنەییانەم ئاڕاستەدەکەن، کە لە گۆڕەپانی ڕووناکبیریدا دەکەومە ناویانەوە، وەك ئەوەی بەشێوەیەکی تایبەتی لە کتێبی "وەهمەکانی دەستەبژێر"دا دەرکەوتووە. چونکە لەم کتێبەدا کۆششمکردوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو وەهمانەی دەربارەی شوناس، ئازادی، مۆدێرنیتە، حەقیقەت و خودی چەمکی دەستەبژێر لە ئەقڵەکانی

دەستەبژێرە ڕووناکبیرەکاندا نیشتەجێن، ئەوەش بەئەندازەی دەرکەوتنی ئەوەی ئەو وەهمانە چەند ئاستەنگێك پێکدێنن ڕێگرن لەبەردەم بەشداریکردنی ڕووناکبیردا - بەتایبەتی بیریار - بەشێوەیەکی بەرهەمهێن و کاریگەر، جا ئەوە لە پێکهێنانی دیمەنی فیکریدا بێت، یان گۆڕینی واقیعی کۆمەڵایەتی.

بەم مانایەی ڕەخنەگرتن، ڕەخنەگرتنم لە ڕووناکبیران بەمەبەستی تۆمەتبارکردن یان تاوانبارکردنی ئەویتر نییە، هەروەها بۆ خۆ فەلاقەکردن یان پیادەکردنی مازۆشییەتی خۆم (خۆ ئەشکەنجەدان) نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە پەراوێزبوونی خۆم جێبهێڵم و دەستبەرداری دەستەپاچەییو بێتوانایی خۆم بم. ئەمەش ڕەخنەی بەرهەمهێنە، بەو شێوەیەی تێیدەگەم و پیادەیدەکەم: ڕەخنە تۆمەتبارکردن یان ڕەتکردنەوە نییە، بەئەندازەی ئەوەی ڕۆچوونە ناو چەند دەستدانێکی نوێیە بۆ فیکر و ئاخاوتن، کە دەرفەتم بۆ دەڕەخسێنن چالاکیی فیکری، یان دەسەڵاتی مەعریفی، یاخود ڕەوایەتیی ڕووناکبیریی خۆم پیادەبکەم. لێرەشدا با بە وشەی "هەڵوەشاندنەوە" هەڵنەخەڵەتێین، کە یەکێکە لە زاراوە هەرە ئاڵۆزەکان، چونکە ئەوەی لە گوتاری هەڵوەشاندنەوەخوازدا بێدەنگیی لێ دەکرێت، سەرلەنوێ پێکهێنان و بنیاتنانەوەیە بەپێی هەڵوەشاندنەوەم بۆ چەمکی هەڵوەشاندنەوە. بەم مانایە ئێمە هەڵوەشاندنەوەی مانا بەمەبەستی بەرهەمهێنانی یەکێکی تر ئەنجامدەدەین.

ئەمەش گرەوەکەمە: زیندوێتیی فیکریی خۆم پیادەبکەم، لە ڕێگەی دروستکردنی پەیوەندییەکی ئازادانەو کراوە، زیندوو و نوێبووەوە، بەپیت و کاریگەر، بەرهەمدار و چێژبەخشەوە، بەشێوەیەك کە دەرفەتم بۆ بڕەخسێت هاوکات بیرۆکەکانم و پەیوەندیم لەگەڵ واقیع بگۆڕم.

## کاری بیرکردنەوە:

ئەم تێڕوانینە بنەڕەتییە کە ئەزموونی فیکریم دەریخستووە، بەوپێیەی ئەزموونێکی بوونخواز و دروستکردنی خودو پەیوەندییە لەگەڵ حەقیقەت، وای لێ کردم سەرلەنوێ بیربکەمەوە لە پەیوەندیم لەگەڵ فیکری خۆم لە هەموو ڕوویەکەوە: کارو شارەزاییەکەم، تێگەیشتنم لە بیرۆکەکان و ئیشکالییەتی فیکریم، ڕۆڵ و چالاکیی

ڕووناكبیریم. ئەمانەش چەند خاڵێكن پێویستە باسیان بكەم و ڕوونیان بكەمەوە، لەوانەیە ئەوەش سوودبەخش بێت یان ڕۆشنایی بخاتە سەر مەنهەجیبوون لە كارە فیكرییەكانمدا.

هەر تاكێك پیشەو بواری شارەزایی خۆی هەیە. ئەمەش باری كاركەری بواری فیكریشە، واتە بەدیاریكراوی ئەوەی پێیدەوترێ بیریار یان فەیلەسووف(٣): ئەو وەك خەڵكانی تر خاوەن پیشەیە. پیشەكەشی كاركردنە بە بیرۆكەكان و لەسەر بیرۆكەكان، بەمەبەستی خستنەوەی چەند بیرۆكەیەكی نوێ، جا لە كایەی بیركردنەوەدا بێت یان میتۆدەكەی، یاخود لە كەرەستە و دامودەزگاكانیدا. كەواتە پێویستە كار بە تایبەتمەندیی خۆی بكات، هەتاكو لە بواری شارەزاییەكەیدا بەرهەمهێن بێت. ئەمە باری شاعیر، ڕۆماننووس، زانا، هونەرمەند و سیاسەتمەداریشە...

بێگومان هەریەكێك شوناسی نیشتمانیو تایبەتمەندیی ڕووناكبیریی خۆی هەیە، هەروەها هەریەكێك چەندین بژاری ئایدیۆلۆژی و هەڵوێستی سیاسیی خۆی هەیە. بەم مانایە، هەموومان ڕەگمان بەناخی ژینگە و كەلەپوورەكەماندا بردۆتە خوارەوەو بەشدارین لە دروستكردنی واقیعدا و یاریزانی ناو گۆڕەپانی ململانێی كۆمەڵایەتین. ئەمەش باری كاركەری بواری فیكر و فەلسەفەشە. ئەو وەچەی ژینگەیەكی تایبەتی و كولتوورێكی تایبەتییە، بە زمانی وڵات یان نەتەوەكەی خۆی دەنووسێت، بێگومان مەیلی بڕوامەند و ئارەزووی سیاسیی خۆیشی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا یەكەمین فرمانی كاری خەباتگێڕانەی داكۆكیكار نییە. ئەو پاسەوانی هوشیاری یان شوناس و بڕوا نییە، بەڵكو ئەوەیە كە كار لەسەر خۆی دەكات و بەچاكی كەلەپووری خۆی وەبەردێنێ، بۆ خستنەڕووی خەسڵەتەكەی خۆی، وەك بەرهەمهێنی بیرۆكە و چەمكەكان. مەسەلەكەش لە بواری شیعردا جیاوازنییە لەگەڵ ئەوەی مەیدانی فیكر. بەوپێیەی شاعیری چاك ئەوە نییە كە داكۆكی لە مەسەلەیەكی دادپەروەرانە دەكات، بەڵكو ئەوەیە كە قەسیدەیەكی جوان دەنووسێت، لە ڕێگەی بەكارهێنانی قسەوە بەشێوازێكی نوێی ڕەوان و داهێنەرانە. بەمەش شاعیر خزمەتی زمانەكەی خۆی دەكات و ڕووناكبیرییەكەی خۆی دەوڵەمەنددەكات، هەروەها جیهانی شیعرو ئەدەب بەگشتی دەوڵەمەند دەكات.

بەو جۆرە بیریار ئەو کەسە نییە کە لەپێناو داکۆکیکردن لە مەسەلەیەکی دیاریکراودا تێدەکۆشێت، بەڵکو کەسێکە بیرۆکەیەکی بەپیت بەرهەمدێنێ کە کاریگەریی خۆی هەیە بۆ لێکدانەوەی دیاردەکان و خوێندنەوەی ڕووداوەکان، یان بۆ تێگەیشتن لە کێشە و قەیرانەکان. بەم مانایە، بیریارەکان بەهۆی ڕەگەز و ئینتیماکانیانەوە لێك جیاناکرێنەوە، چونکە چەمکەکانی بیریاری داهێنەر تیخمادەکات، تەنانەت ئەگەر سەر بە وڵاتێك بن کە چەندین ململانێ و تەحەددا لەنێوان وڵاتەکانیاندا هەیە. لەبەرئەوەی ئێمە، وێڕای خەباتەکانمان دژی هەژموونی دەوڵەتە خۆرئاواییەکان، هێشتا لەسەر ئەو مەعریفە و بیرۆکانە دەژیین کە زانا و بیریارەکانیان بەرهەمیاندێنن. بەم مانایە، ئێمە وەك بەرهەمهێنی بیرۆکەکان نەك تێکۆشەر پێویستمان پێیەتی. بێگومان ئەوانە هەن کە لەگەڵ ئێمە تێدەکۆشن بۆ بەرگریکردن لە ماف و ئازادییەکان، وەك گاردودی و چۆمسکی دەیکەن، بەڵام دەترسم ئەو هەڵوێستانە لەخشتەمان بەرن، چونکە ئەوەی زیاتر پێویستمانە ئەوەیە کە لە زانستەکانی زمان و لقەکانی مەعریفەدا بەرهەمهێن بین.

ئەمجۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ پیشەکەم و بواری کارەکەمدا وام لێ دەکات دەستبەرداری پرۆسەی بەڕەگەزکردنی بیرۆکەکان بین، کە هەندێك ڕووناکبیری عەرەب لە هەوڵدانە فیکرییەکاندا پەنای بۆ دەبەن. وەك ئەوەی ناونیشانەکانی ئەو کتێب و پرۆژانە پێمانی ڕادەگەیەنن، کە داوای نوێکردنەوەی فیکری عەرەب یان ڕەخنەگرتن لە ئەقڵی ئیسلامی (یان خۆرئاوایی) دەکەن، یان داوای دامەزراندنی کۆمەڵناسیی عەرەبی یان دۆزینەوەی ڕێگەیەك بۆ سەربەخۆیی فەلسەفی دەکەن. ئەم هەوڵدانانە، لەبەر کاریگەریی بارگاویبوونیان بە ئایدیۆلۆژیای ناسیونالیستی یان ئایینی لەسەر بیرۆکەو زانست و فەلسەفەکان، دەبنە هۆی ئاستەنگ دروستکردن بۆ پرۆسەی خولقاندن و کردنەوە و دۆزینەوە، هەروەها زاڵبوونی ویستی داکۆکیکردن و تێکۆشان، یان وەهمەکانی شوناس و بڕوا، بەسەر فیکردا.

لەکۆتاییدا داواکراو، نوێکردنەوەی پرسیارەکانی فیکر و کایەکانی، یان کەرەستەکان و سیستەمەکانییەتی، جا ئەزموون و دەرهاویشتەکان یان تایبەتمەندی و ئینتیماکان هەرچۆنێك بن. داواکراو ئەوەیە هەریەکێکمان خوێندنەوەیەك دەربارەی

جیهان بخاتەڕوو کە لەئاستی ڕووداوەکەدا بێت، یان کێشەیەکی بوونخواز بوروژێنێ جێی بایەخی هەریەکێك بێت کە مەسەلەی بوونی خۆی تووشی دڵەڕاوکێی دەکات، یان پەیوەندییەکی نوێ لەگەڵ حەقیقەت دروستبکات کە دەرفەت دەرەخسێنێت بوون وەك هەقداری و گەشانەوە پیادەبکرێت.. بەڵام بیرکردنەوە دەربارەی کۆمەڵناسییەکی عەرەبی دەمانگێڕێتەوە بۆ دوای ئیبن خەلدون، کە باسی ئاوەدانکردنەوەی مرۆیی و کۆمەڵناسیی مرۆڤایەتیی کردوە. گەڕانیش بەدوای ڕێگەیەکی تایبەتیدا بۆ ئەوەی لە ڕووی فەلسەفییەوە سەربەخۆبین، ئەوە کارێکی بەرهەمدارنییە و بێکەڵکە، چونکە هەر میتۆدێکی فەلسەفیی داهێنەر دەبێتە مولکی هەموو ئەوانەی بایەخ بە کاروباری فیکرو فەلسەفە دەدەن، بەئەندازەی ئەوەی بەری ئەزموونێکی بوونخوازی ڕەسەنە، هەر فەیلەسووفێك لە ڕێگەیەوە پەیوەندیی لەگەڵ فیکری خۆی و بەشێوەیەکی ئازادانە و سەربەخۆ، بێوێنە و دەگمەن، دەوڵەمەند و بەنرخ پیادەدەکات.

بەمجۆرە پەیوەندیی خۆم لەگەڵ پیشەکەم پیادەدەکەم: یەکەمین کارم ئەوەیە لەوە تێبگەم کە پێویستی بە تێگەیشتن هەیە، لە ڕێگەی وروژاندنی ئەو پرسیارانەی لە سڕبوون بێدارماندەکەنەوە، یان داڕشتنی ئیشکالییەتێك کە تەحەدداکانی واقیع پوختدەکاتەوە، یاخود گۆڕینی تیاداژیاوەکان و ئەزموونەکان بۆ چەند فۆڕمێکی ئەقڵانی یان زمانێکی چەمکئاسا. بەکورتی: چەند بیرۆکەیەکی وەها پێشکەشبکەم کە جێی بایەخی خەڵکی گشت کەرتەکانە کۆمەڵگە بن، بەجۆرێك کە دەرفەتم بۆ بڕەخسێنن لە بازنەی ڕووناکبیریی تەسکی خۆم دەربچم، بۆ ئەوەی دەسەڵات و چالاکی لە بواری کارەکەم و ژینگەی کۆمەڵایەتی یان سیاسیدا پیادەبکەم.

بەم مانایە، کارەکە ئەوەنییە یەکێك لە ئێمە لە ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتی سیاسیدا داکۆکی لە حەقیقەت و ئازادی بکات، بەئەندازەی ئەوەی بەرهەمهێنانی چەند بیرۆکەیەکی نوێیە، کە بەهۆیانەوە یان لەگەڵیاندا تێگەیشتنمان لە حەقیقە، ئازادی، دەسەڵات و سیاسەت دەوڵەمەندتربێت یان بگۆڕێت. ئەوەی بەرهەمهێنیش نەبێت، ئەوا دەبێتە بارگرانی بەسەر کۆمەڵگەکەیەوە، یان دەگۆڕێت بۆ تێکۆشەرێکی سەرنەکەوتوو، یاخود تەنیا مژدەبەخشێك یان پڕوپاگەندەکارێك دەبێت. لەکاتێکدا بیریاری بەرهەمهێن ئەوەیە کە گەشە بە ئەزموونەکەی خۆی دەدات و

ڕووناکبیرییەکـەی خـۆی دەوڵەمەنـددەکات، بەئەنـدازەی ئـەوەی جیهـانی فیکـر و مەعریفـە دەوڵەمەنـددەکات. ئەوەیـە کـە لـە قۆزاخـەی بڕوامەنـدییو سـەربازگە ئایدیۆلۆژییـەکانی خـۆی دێتـە دەرەوە، هـەتاکو سـەرلەنوێ شوناسـەکەی بەشـێوەیەکی خوڵقێنەرانـەو بەرهەمـدار پێکبهێنێتـەوە، یـاخود تایبەتمەنـدیی ڕوونـاکبیریی خـۆی بەشێوەیەکی جیهانی پیادەبکات. بەم مانایـە، بیریـار ئـەو کەسـە نییـە کـە داکۆکی لـە کەلـەپوور و شـوناس یـان نیـشتمانەکەی دەکـات، بـەڵکو ئەوەیـە کـە کەلـەپوور و تایبەتمەندی و نیشتمانەکەی دەگۆڕێت بۆ زەویی ڕواندنی چەند بیرۆکەیەکی بەپیتو چەند چەمکێکی بێوێنە.

### ئیشکالییەتی بیریار:

دیاریکردنی کارەکە دارشتنی کێشەکە دەسەپێنێ: ئەوەی لە بواری بیرکردنـەوەدا کاربکاتو کارەکەی بەرهەمهێنانی بیرۆکەکان بێتو ڕەوایەتییەکەی نوێنەرایەتیکردنی دەسەڵاتی ئەهلی فیکر بێت، ئەوا ئیـشکالیەتەکەی بەپلـەی یەکـەم لـە بیرۆکەکانیدایـە، واتـە بەرجەسـتەدەبێت لـە تەنگـژەی خـودی بیرۆکـەکان یـان دەسـتەوسـانی گوتـەکان لەئاسـت لێکدانـەوەی ئـەوەی ڕوودەدات. بۆیـە ئـەوەی بەشـێوەیەکی زینـدوو و خوڵقێنەرانـە پیـادەی فیکـری خـۆی دەکـات، ئـەوە نییـە کـە بیرۆکـەکانی لـە پێـشهاتە کتوپـڕەکان دەپـارێزێ، بـەڵکو ئەوەیـە کـە بـە پرسـیارەکانی واقیـع و حەقیقەتـەوە دەچێتە ناو گوتەکانییەوە، بۆئەوەی لەوە ڕووداوە تێبگات کـە چاوەڕوان نـەکراو بـوو: بۆچـی بانگەشـەکارانی ڕۆشـنگەری نامـاقوڵ دەچـننەوە؟ یـان بۆچـی ئـەقڵی کلاسـیکی دەتەقێتەوە؟ یان بۆچی بیریارەکانی عەرەب نەیانتوانیوە کایەکان و ئامرازەکانی فیکـر نوێبکەنـەوە؟ یـان بۆچـی ئـەهلی لێکدانـەوە، جگـە لـە جیـاوازی لەسـەر مانـای ئـەوەی مەبەسـتە لێکبدرێتـەوە، هیـچی باشـتر ناکـەن؟ بۆچـی بیرۆکـەکان بـۆ ئـەوە جێبەجێـدەکرێن کـە پێـشێلبکرێن؟ یـاخود بۆچـی وانـەکراوە بیرۆکـە جوانـەکان و دروشمـە جوامێرەکـانی جیهـان درنـدەیی و هـەژارییان کـەمتربێت و دادپـەروەری و ئاسایشیان زیاتربێت.

ئەوە فیکرچێتیی بیرۆکەکانە، کە جیهان دەگۆڕێت بۆ چەند بڕوایەکی داخراوو چەند ئەقڵێکی پارادۆکساڵ، یـان بـۆ چـەند تیـۆرێکی ئایدیالیستانە و چـەند گـشتێکی

باڵاڕەو، یان چەند ئایدیۆلۆژیایەکی ئاسنین و چەند ڕژێمێکی سەرتاپاگیر. بەمەش جیهانی فیکر دەگۆڕێت بۆ چەند سەربازگەیەکی بڕوامەند و چەند زیندانێکی ئایدیۆلۆژیانە. مەترسی و بایەخی فیکریش لێرەدایە: چونکە ئەو بەئەندازەی ئاشکراکردن پەردەپۆشکردن دێنێتەدی، بەئەندازەی خستنەگەڕی هێزەکان یان ڕزگارکردنی چارەنووسەکانیش کۆتوبەند دێنێتەدی. بۆیە ئەوەی بەشێوەیەکی زیندوو و ڕۆشنگەرانە بیردەکاتەوە، ناچارە بگەڕێتەوە سەر بیرۆکەکانی خۆی، بەمەبەستی لێپێچینەوە لە گوتەکان و چاوخشاندنەوە بە بەڵگەنەویست و نەگۆڕەکانیدا.

بەوجۆرە کێشەی بیریار نە لەگەڵ واقیعەو نە لەگەڵ دەسەڵاتە سیاسی یان ئایینیەکانە، بەڵکو لەگەڵ ڕێگەپێنەدراوەکانی ناو فیکرە. ئەزموونە فیکرییە مەزنەکان، لە ئەفلاتونەوە هەتاکو شیرازی و لە دیکارتەوە هەتاکو میشێل فوکۆ، شایەتی لەسەر ئەوە دەدەن. چونکە کێشەی ئەفلاتون و فەیلەسووفەکانی یۆنان، لێکدانەوەی بوونی ئەوەبوو کە هەبوو: بۆچی بوون هەبوو نەك نەبوون؟ کێشەکەی فارابی بریتیی بوو لە: چون تاقانەو کامڵ زۆر و کەموکوڕ بەرهەمدێنێ؟ کێشەکەی شیرازیش بریتی بوو لە: تێگەیشتن لە پەیوەندیی نێوان مافی باڵاڕەو و ئەخلاقی گونجاو. کێشەکەی دیکارتیش ڕوونکردنەوەی ئەو شێوازە ڕاستە بوو کە ئەقڵ بەرەو زانینی حەقیقەتی بڕواپێکراو دەبات. کێشەکەی کانت دۆزینەوەی بەڵگە چەمکئاساکان بوو بۆ مەعریفەی ئەزموونگەری. کەچی کێشەکەی میشێل فۆکۆ، بیرکردنەوەیە لە خودی کێشەکان. لێرەوە کۆششەکەی لەسەر بەئیشکالییەتکردن چڕکردەوە، کە وادەکات پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ ئارەزوو و دەسەڵات و مەعریفە شایانی پرسیارکردن و پشکنین بێت.

بەم مانایە، پێدەچێت مێژووی فیکر، مێژووی ئیشکالییەتەکان بێت و چالاکیی فیکری، چالاکییەکی ڕەخنەگرانە بێت، هەرجارە و لە هەر فەلسەفەیەکدا، بەشێوەی گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ بیرۆکەکانی، بەمەبەستی سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ئیشکالییەتەکەی. ئەمە کاری بیریارە، جا ئینتیمای بۆ هەرشتێك بێت یان خەم و مەسەلەکانی هەرچییەك بن: گۆڕینی تیاداژیاوەکان و ئەزموونەکانی و سەرجەم

پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەویتر و جیهان بۆ چەند ئیشکالییەتێکی فیکری، یان فۆرمێکی ئەقڵانی، یاخود پێکهاتووە چەمکئاساکان. وتەکەشم: کێشەی بیریار لە بیرۆکەکانی خۆیدایە، دەکەوێتە ناو خودی ئەو سیاقەوە.

بەڵام ئەو کێشانەی ئەهلی فیکر لەگەڵ دەسەڵات و ڕژێمەکاندا ڕووبەڕوویاندەبێتەوە، لە ڕوانگەی فیکرییەوە کێشەی دەرەکی و ڕواڵەتکارانەیە، بەئەندازەی ئەوەی پەیوەندیی بە قەدەخەکراو یان یاسخکراوەکانەوە هەیە. بێگومان لێرەدا کێشەی ئازادیی بیرکردنەوە، لە سوکراتەوە بۆ سپینۆزا، یان لە ئیبن ڕوشدەوە بۆ نەسر حامد ئەبو زەید، قوتدەبێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا وای دەبینم کە ئەم کێشەیە کێشەیەکی تێکۆشەرانەیە پەیوەندیی بە بوێریی فیکرییەوە هەیە، زیاتر لەوەی پەیوەندیی بە نوێبوونی فەلسەفی یان فیکرییەوە هەبێت. کێشەی ئیبن ڕوشد، دۆزینەوەی پەیوەندییەکی چەمکئاسا بوو لەنێوان حەقیقەتی فەلسەفیو حەقیقەتی ئایینیدا. بۆیە کارکردنی بوو لەسەر زاراوەی "ڕاڤەکردن"، بەشێوەیەکی نوێو داهێنەرانە، کە لەگەڵیدا گۆڕا بۆ ئاوێتەیەکی چەمکئاسای وەها، خۆی سەپاند بەسەر گۆڕەپانی فەلسەفەدا. ئەوەش لە ڕێگەی "فصل المقال"ەوە، کە بەهۆی واقعیبوونی فیکرییەوە، پێگەی گرنگی خۆی بەدەستهێنا. کەچی گرنگیی کاری فیکریی نەسر حامد ئەبوزەید ناگەڕێتەوە بۆ بوێریی وتنی ئەوەی دەقی قورئان بەرهەمی واقیعی عەرەبو کولتووری عەرەبی سەردەمی جاهیلییە، چونکە ئەمجۆرە قسەیە شتێکی نوێ ناخاتە سەر فیکر. باشترە لە شیکردنەوەکانی ئەبوزەیددا، سەبارەت بە میکانیزمەکانی دەقی قورئان، بەمەبەستی سەلماندنی بالادەستی یان چەسپاندنی دەسەڵاتەکەی، بۆ گرنگیی فیکریی بگەڕێین، چونکە ئەمە مەسەلەیەکە سەرنجی ئەوانەی ڕانەکێشا، کە تۆمەتباریانکرد یان تاوانباریانکرد. بەوجۆرە گرنگییەکە لە ڕاستبێژیی بیرۆکەکان و هێزی چەمکەکانەوە سەرچاوەدەگرێت.

لێرەوە، من بەپێچەوانەی ئەوەم کە زۆربەی ڕووناکبیران - مەبەستم ئەوانەیە کە هەمیشە کتوپڕ دەکەون بەسەر چاوەڕوان نەکراودا - چاوەڕوانیدەکەن، بۆ ئەوەی وەك سەرەتایەك بڵێم کێشەی ڕووناکبیر لەگەڵ خودی بیرۆکەکانی خۆیدایە. چونکە ئەگەر واقیع ڕاچڵەکێن بێت، ئەوا پێویستە لەسەرمان بیرۆکەکانمان بگۆڕین. ئەگەر

توندوتیـژی و سـتەمکاریی دەسـەڵاتیش زیاتربێـت، ئـەوا چـاکترە چـاو بـە چـەمکی دەسـەڵاتماندا بخـشێنینەوە. ئەگـەرنا چـۆن ئـەوە لێکبدەینـەوە ئـەو ڕوونـاکبیرەی لەبەرامبـەر دەسـەڵاتی سـتەمکار داوای ئـازادیی دەربـڕین دەکـات، بەشـێوەیەکی ستەمکارانەتر دەسەڵاتی خۆی لـە کەرتەکەیدا پیادەدەکات، یـان کاتێك دەرفـەتی بۆ دەرەخسێت دەسەڵاتی سیاسی بگرێتەدەست؟!

بەوتەیەکی تر، ئەو ڕووناکبیرەی نماینـدەی دەسـەڵاتی ئـەهلی فیکر دەکات، لـە ڕێگـەی سـەپاندنی خـودی دەسـەڵاتیی مـەعریفیی خۆیـەوە بـەرەنگاری دەسـەڵات دەبێتـەوە. جـا ئەگـەر ڕووبەڕووبوونـەوەی دەسـەڵاتەکان سـەرکەوتوو نـەبوون و پرۆژەکـانی ڕزگـارکردنی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی ساتمەیانکرد، ئـەوەی دەتوانـێ بیکـات گـۆڕینی تێگەیـشتنمانە سـەبارەت بـە ئـازادی و دەسـەڵات و کۆمەڵگـە، لـە ڕێگـەی هەڵوەشـاندنەوەی چـەمکە باڵادەسـتەکان و وێناکردنـە باوەکانـەوە، بـۆ پەردەهـەڵماڵین لەسەر ئەو خـەیاڵپلاوی و وەهمانـەی لەخۆیانـدەگرن. چـونکە ئێمـە لەبـەر نـەزانیمان بەرامبـەر بـە دەسـەڵات و ئـازادی، واتـە بەئەنـدازەی وێناکردنمـان بـۆ دەسـتدانی پیـادەکردنی ئـازادی بـەبێ دەسـەڵات، لـە ڕووبەڕووبونـەوەی دەسـەڵاتدا نـەمانتوانیوە داکـۆکی لـە ئـازادی بکـەین. بـەوجۆرە پێویـستە سـەرلەنوێ بـیر لـە کەرەسـتەی چەمکئامێزی خۆمـان بکەینـەوە، بـەوە دەسـەڵاتی خۆمـان بەئەنـدازەی بەرهـەمهێنانی مەعریفەی خۆمان پێکبێنین و بەئەندازەی گۆڕینی بیرۆکەمان دەربارەی واقیع واقیـع بگۆڕین. بەکورتی: سەرلەنوێ پەیوەندییەکانی هێز دەنەخشێنین، بەئەنـدازەی ئـەوەی جوگرافیای ئەقڵ و نەخشەی مانا پێکدەهێنینەوە.

## چەند چارەسەرێکی فیکری:

ئەگەر کێشەی بیریار لەگەڵ بیرۆکەکانی خۆیدا بێت، ئەوا دەبێت چارەسەرەکان فیکری بـن و لێکۆڵینـەوەکان لەسـەر ئاسـتی خـودی فیکـر بـن. ئەمـەش مانـای ئەوەیـە، ئـەوەی کـار لەسـەر بیرۆکـەکان دەکـات و بەبیرۆکـەکان کاردەکـات شکـستخواردنی بیرۆکەیەك، یان هەرەستهێنانی گوتەیەك، یاخود پاشەکشەکردنی بڕوایـەك بـەهۆکاری دەرەوە لێك ناداتەوە. بۆ نموونـە، نایگێڕێتـەوە بـۆ هەلومـەرجی مێـژوویی، وەك بـاری کۆمەڵایەتی یان ئابووری. دەشێت ئـەوە کـاری کۆمـەڵزان یـان ئـابووریزان بێـت، بـەڵام

بیریار نموونەکە ژێراوژووردەکات، بۆ ئەوەی لەبەر ڕۆشنایی پێشهاتە نوێکانی سەر زەمینەی پیادەکردن، چاو بەخودی بیرۆکەکە، یان شێوازی بەڕێوەبردن، یاخود چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا بخشێنێتەوە.

بیرۆکەکان پەیوەندییەکانی ئێمەن لەگەڵ واقیعدا، واقیعیش بەری چەواشەکاری و بەوەهمکردنەکانمانە. بۆیە ئەگەر دیموکراسی سەرنەکەوت، نابێت ئۆباڵەکەی بخەینە ئەستۆی واقیع، بەڵکو چاکترە چاوبخشێنرێتەوە بە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ دیموکراسی یان چەمکی ئازادیدا. لەبەرئەوەی دیموکراسی بەشێوەیەکی ستەمکارانە پیادەکرا، بەئەندازەی ئەوەی بیرۆکەی ئازادی ستەمی لێ کردین، یان بەئەندازەی ئەوەی بەشێوەیەکی فەندەمەنتالیستانە یان دۆگماییانە مامەڵەمان لەگەڵ فۆڕمی دیموکراسی کرد.

ئەگەر هەوڵدانەکانی بەئەقڵانیکردن سەرنەکەوتن، هۆکەی ئەوەیە ئەقڵانییەکان ئەقڵیان پیرۆزکردوەو بەشێوەیەکی لاهوتی یان ئەودیوسروشتی مامەڵەیان لەگەڵ کردوە. ئەوەی شتێکیش پیرۆزبکات، ئەوا دەبێتە دیل یان قوربانیی شتەکە. لێرەوە ئەقڵانییەکان ناماقوڵیان چنییەوە، ئەوەش بەئەندازەی مامەڵەکردنی ناماقوڵ لەگەڵ ئەقڵدا.

بەمجۆرەش مامەڵە لەگەڵ پرۆژەکانی پێشکەوتن کرا: لەو شوێنەدا پاشەکشەمانکرد کە ویستمان پێشکەوتن بهێنینەئاراوە، نەك لەبەرئەوەی هەلومەرجەکان وەك پێویست پێ نەگەییبوون بۆ پێشوازیکردن لە بیرۆکەکانمان، بەڵکو لەبەر ئەوەی ویستمان واقیع لەگەڵ بیرۆکەکانمان تەبابێت، یان لەگەڵ گوتەکانماندا بێتەوە. واتە لەبەرئەوەی لە چەند بیرۆکەیەکی پێشوەخت، یان چەند مۆدێلێکی کامڵ، یاخود چەند تیۆرێکی حازربەدەستەوە هەنگاومان هەڵهێناو هەوڵماندا بەرجەستەی بکەین، یان چاوی لێ بکەین، یاخود جێبەجێی بکەین. ئەمەش سەیرنییە، چونکە ئەوەی لە بیرۆکەیەکی پێشوەختەوە هەنگاوهەڵهێنێ بۆ ئەوەی لەسەر بنچینەی ئەو پێش بکەوێت، ئەوا جگە لە پاشەکشەکردن شتێکی باشتر نازانێت. ئەوەی بڕوای بە بوونی مۆدێلێکی کامڵ هەیە کە دەکرێت چاوی لێ بکرێت، ئەوا جگە لە بەدرۆخستنەوە یان کەمتوانایی بەرامبەری شتێکی تر ناکات. ئەوەی

بڕواشی وایە خاوەن تیۆرێکی بنەڕەتیانەی ڕاست و حازربەدەستە بۆ کارکردن و جێبەجێکردن، جگە لە هەڵە و لادان شتێکی تر ناچنێتەوە، وەك ئەوەی پەیوەندیی رۆشنگەران لەگەڵ ئەقڵ، پێشکەوتنخوازان لەگەڵ سۆشیالیزم، لیبرالیستەکان لەگەڵ دیموکراسی، مۆدێرنیستەکان لەگەڵ عەلمانییەت، یان فەندەمەنتالیستەکان لەگەڵ ئیسلام شایەتیی لەسەر دەدات.

ئەمەش بارەکەمانە لەگەڵ بیرۆکەی یەکگرتندا: شکستخواردنی پرۆژەکانی یەکگرتن ناگەڕێتەوە بۆ کۆنەپەرستی و ئیمپریالیزم، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ مامەڵەکردنمان لەگەڵ گوتەی یەکگرتن بەئەقڵێکی دۆگماییانەی داخراوی دژ بە رووداوو گۆڕانکارییەکان، یان بە فیکرێکی تاکلایەنانە کە لەسەر ڕەتکردنەوەی جیاوازی و هەمەڕەنگی دادەمەزرێت. لەکاتێکدا کاری یەکگرتن پێویستی بە ئەقڵێکی پێکگەیشتنخوازی کراوە بەرووی ئەویتردا هەیە. فیکرێکی ئاوێتەی پێویستە کە ڕەچاوی ئاڵۆزی و نادیارەکانی واقیع دەکات. هەروەها پێویستی بە لۆژیکێکی گۆڕانکاریخواز هەیە کە دان بە واقیعی جیاوازیدا دەنێ و کاری لەسەر دەکات، بەمەبەستی بەرهەمهێنانی چەند فۆرمێکی یەکگرتنی پێکهاتوو لە چەند گرووپ یان کۆمەڵێك، کە پەیوەندیی لێك تێگەیشتن و یەکترناسین، یان ئاڵوگۆڕکردن و کارلێککردن لەنێوانیاندا دروستدەبێت.

بەگشتی ساتمەکردنی بیرۆکەکان لەسەر زەمینەی واقیع و گۆڕانیان بۆ دژەکانیان، وەك ئەوەی مەسیحییەت شایەتیی لەسەر دەدات، هۆکارەکەی ئەوەیە ئێمە وەك چەند ماهییەتێکی نەگۆڕ، یان چەند رووخسارێکی سادە، یاخود چەند ناوەرۆکێکی باڵاڕەو مامەڵەمان لەگەڵ بیرۆکەکان کردوە، یان وەك چەند ڕەچەڵەکێکی بێگەرد، یان چەند مۆدێلێکی کامڵ، یاخود چەند چوارچێوەیەکی پێشوەخت تاوتوێی بیرۆکەکانمان کردوە. بەکورتی: ئێمە وەك چەند وێناکردنێکی هاوجووت لەگەڵ واقیع مامەڵەمان لەگەڵ بیرۆکەکان کردوە، کە دەبێت وەربگیرێن بۆ ئەوەی جێبەجێبکرێن. سەرەنجامەکەش کەمتەرخەمی و پاشەکشەکردن، یان ڕەقهەڵاتن و لە شوێنی خۆ هەڵبەزودابەزکردن، یان دوورخستنەوە و تیرۆر، یاخود بەهەدەردانو وێرانکاری بوو.. ئەمەش سەیرنییە: چونکە بیرۆکەکان لەگەڵ واقیعدا نایەنەوە، بەوپێیەی ئەوانە

تـەنیا پەیوەنـدین لەگەڵ واقیعداو بەشـداریدەکەن لـە بەرهەمهێنانیـدا، یـان ڕاسـترە بوترێ ئەوانـە بۆخۆیـان چـەند پێشهاتێکن. لێرەوە ئـەوەی کـاری دروسـتکردنی فیکـر ئەنجامـدەدات، کێشەکان بـە چـرکردنەوەی ڕەخنـەگرتن لـە بونیـادی کولتـووری و نەریتەکانی مێشك، یان بـە شکاندنی قاڵبـەکانی مەعریفـە و نموونـەکانی پـۆلێنکردن، یـاخود بـە هەڵوەشـاندنەوەی سیـستەمەکانی فیکـر و میکانیزمـەکانی ئـەقڵ چارەسەردەکات.

فێڵبازیی هەرە گەورەی مارکسیش(٤) خۆی لە قسەکەیدا دەبینێتەوە کە دەڵێت: فەیلەسووفەکان سەرقاڵی تێگەیشتن بوون لە جیهان، لەکاتێکدا دواکراو گۆڕینی بوو. مـارکس پێیوابـوو لـە ڕێگـەی گوتـە و تیۆرەکانییـەوە، یاساکانی مێـژوو و حەقیقـەتی کۆمەڵگـەی جڵـەوکردوە و هـیچ شـتێکی تـر نەماوەتـەوە، جگـە لـە کـارکردن و جێبەجێکردن. سەرەنجامیش شکستخواردنی خێرای مارکسیزم و سۆشیالیزم بوو.

بێگومان بیرۆکەکان، وەك پەیوەندیی لەگەڵ حەقیقەت یـان شڵەژانێك لـەنێوان من و جیهاندا، کار لە واقیع دەکەن، بەڵام بەشێوەی جێبەجێکردن نا، بەڵکو بەشـێوەی گۆڕین. ئـەوەی دەگۆڕێـت، فیکـر و واقیعـە، لـە ڕێگـەی گۆڕینی وتـە و گوتارەکان، یـان بونیاد و دامەزراوەکانەوە، واتە لە ڕێگەی هەرشتێکەوە کـە نێوانکاری مـرۆڤ و مـرۆڤ، یان مرۆڤ و جیهانە.

بێگومان بیرۆکەکانی مارکس کاریگەرییان هـەبووە لەسـەر پێکهاتنی هوشـیاریی توێـژ و توێـژاڵ و دەسـتەبژێرەکانی ئـەو خەڵکـەی بەشـدارییان لـە گـۆڕینی جیهانـدا کـردوە، بـەڵام جیهـان بـەپێی فێرکارییـەکانی مـارکس نـەگۆڕا، هـەروەها بـەپێی تێگەیشتنی شوێنکەوتوانی مـارکس لـە فێرکارییـەکانی نـەگۆڕا، بـەڵکو جیـاواز لەگـەڵ بیرکردنەوەی ئـەوان، یـان بەپێچەوانەی ئـەوەی ویـستیان، گۆڕانەکە ڕوویـدا. بەڵگـەی ئـەوەش، ئـەو جیهانـەی ئـەوان لـە سیـستەمە سۆشـیالیتەکاندا دروسـتیانکرد، تـەواو جیـاوازە لەگـەڵ وێناکردنـەکانی مارکسدا. نـەك لەبەرئـەوەی بەهەڵـە لـە سۆشـیالیزم تێگەیـشتبوونو جێبـەجێیانکردبوو، بـەڵکو لەبەرئـەوەی مـرۆڤ لـەکاتی دروسـتکردنی جیهانـدا بیرۆکـەکانی خـۆی دەگۆڕێـت، لـەکاتی کۆششکردندا بـۆ ئامانجـەکانی گـۆڕان بەسـەر مەبەسـتەکانی خۆیـدا دەهێنـێ، لـەکاتی جێبـەجێکردنی پلانەکانیـدا لێیـان

دەچێتە دەرەوە. لێرەوە چەند بیرۆکەیەکی بابەتیی هاوجووت یان چەند تیۆرێکی جێبەجێکاری حازربەدەست بوونیان نییە، بەڵکو سیستەمێکی ڕایەڵەو پەیوەندیکردن هەیە، کە لە گۆڕانی بەردەوامدایە، شتێك هەیە کە بەردەوام لەچاو خودی خۆیدا گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەوەش ئەنجامی جیاوازیی سیستەمی نیشانەکان و فۆرماسیۆنەکانی پێکگەیشتن، یان جیاوازیی لێکۆڵینەوە فیکرییەکان و پیادەکردنە مەیدانیەکان.

## بیرۆکە و مەعریفە:

هەموو ئەوانە داوای چاوخشاندنەوە بە تێگەیشتنماندا لە بیرۆکە، هەتاکو لەو وەهمە ڕزگارمان بێت کە چەند بیرۆکەیەکی ڕاست و تەواو هاوجووتی بابەتەکانمان لەئارادان. چونکە بیرۆکەی گرنگ ئەوەنییە کە هاوجووتی بابەتە یان واقیع تاودەداتەوە، بەڵکو ئەوەیە کە پرسیارێکی ڕاستەقینە دەوروژێنێ، کێشەیەکی گرنگ دەخاتەڕوو، بوارێك بۆ بیرکردنەوە دەکاتەوە، یان زمانێکی چەمکئاسا دەخولقێنێ. بیرۆکەی گرنگ، دەستدانێکە بۆ بیرکردنەوە یان کارکردن، بەواتای ئەوەی پیادەکردنێکی زیندوو بۆ بیرکردنەوە دەڕخسێنێ، بەئەندازەی ئەوەی زەمینەخۆشدەکات بۆ دامەزراندنی پەیوەندییەکی نوێ لەگەڵ واقیع. بەم مانایە، دەکرێت بوترێ، بیرۆکەی گرنگ یان بەپیت واقیع بەرهەمدێنێ، بەئەندازەی ئەوەی بۆخۆی دەگۆڕێت بۆ واقیع و بەشداریدەکات لە پێکهێنانی جیهاندا، ئەمەش بەڕادەی دامەزراندنی جیهانێکی نوێی پێکهاتوو لە ڕایەڵە و پەیوەندییەکان.

لێرەوە جیاوازیکردن لەنێوان مەعریفە زانستییەکانو بیرۆکە فەلسەفییەکاندا ڕەوایە. چونکە دەکرێت مەعریفە زانستییەکان بە ڕاستگۆ یان درۆزن، ڕاست یان هەڵە وەسفبکرێن، بەئەندازەی ئەوەی ئەو مەعریفانە ئامانجیان وەسفکردنی پێشهاتەکان یان دانان بێت بە حەقیقەتەکاندا، بەڵام بیرۆکەکان چەند کایەکی خوێندنەوەن، واتە چەند وتەیەکن پێویستیان بە لێکدانەوە و ڕاڤەکردن هەیە، یان چەند بونیاد و پێکهاتەیەکن توێکاری و هەڵوەشاندنەوەیان گەرەکە.

ئەمە باری بیرۆکەکان و کێشە فیکرییەکانە بەگشتی، جا ئەوە پەیوەندیی بە بیرۆکەی خواوە هەبێت، یان بە وتەی من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم، یان بە

دوانــەی ماهییــەتو بــوون، یــاخود ئیــشکالییەتی ئــەقڵ و واقیــع. بــەوجۆرە بیرۆکــەی بــەپێت ئەوەیــە کــە پرســیارەکان دەوروژێنــێ و هــانی بیرکردنــەوە دەدات. چــەمکی بــەهێزیش ئەوەیــە کــە ســەردەمەکانی مەعریفــە بەشــێوەیەکی شــاقوڵی تیخــدەکات و بەربەســتە کولتوورییــەکانیش بەشــێوەیەکی ئاســۆیی تیخــدەکات. ئەمــەش وادەکــات چاوبخــشێنرێتەوە بــە ئیــشکالییەتی پەیوەنــدیی نێــوان چــەمك و ئــەو واقیعــەی بەرەورِوویدەکرێتەوە. چەمك تـەنیا شایەت نییـە بەسـەر واقیعـەوە، لەبەرامبەریـشدا پێـشهاتەکان تــەنیا بەڵگــەی رِاســتیی چــەمکەکە نــین، بــەڵکو چــاکترە بــوترێ چــەمك ســــتراتیژێکە بــۆ گــۆرِین کــە لەگەڵیــدا پەیوەندییــەکان لــە تــەك شــتەکان گۆرِانیــان بەسەردا دێت.

ئەگەر گوتەکەی دیکارت: "من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم" وەربگـرین، ئـەوا دەبیــنین ئەوەنــدەی تێگەیــشتن دەربــارەی پێــشەوەی جیهــان لــەئارادادەبێت، ئەوەنــدە تێگەیشتن سەبارەت بە دواوەی لەگۆرِێ نابێت. چونکە گوتەکـە چەند پەیوەندییـەکی نوێی لەنێوان خودو فیکـر و بوونـدا بەرهـەمهێناوە، بەئەنـدازەی ئـەوەی بـوون لەسـەر فیکر دادەمەزرێ و ئەوەی خودە لەسەر شانۆکە دەبێتە بکەر. لەکاتێکدا ئێمـە مامەڵـە لەگـەڵ گوتــە دیکارتییەکــەدا دەکــەین، نــاڵێین رِاســتە یــان هەڵــە، بــەڵکو هەوڵــدەدەین بیخوێنینەوە، بۆ ئەوەی ئازادیی بیرکردنەوەو نوێکردنەوەی وتە پیادەبکـەین. ئـەوەش بـە ئاورِدانـە لـەوەی دیکارت لـە سنووری بیرکردنـەوە کردویەتییـە دەرەوە، لەکاتێکدا بیری لێ کردۆتەوە یان قسەی پێ کردوە.

ئەمەش باری چەمکی "هەڵوەشاندنەوە"یـە: ئـەو پەیوەنـدیی نێـوان نووسـەر و مانا، یان دەق و خوێنەری تێکدا، چونکە چیتر مانا بەرهـەمی نووسـەر نییـە بەتـەنیا، بــەڵکو بۆتــە بەرهــەمی ئــەوەی لــە دەقەکــەدا دەیخوێنینــەوە، واتــە ئــەوەی گوتــار دەیشارێتەوە و قسەی پێ دەکات، یان ئەوەی رِەتیدەکاتەوەو جـەغتی لەسـەر دەکاتـەوە. بــەم مانایــە، ئــەوەی دەقەکــە دەخوێنێتــەوە بــەدوای مانایــەکی جەوهەریــدا یــان مەبەســتێکی رِاســتەقینەدا ناگــەرِێت، بەئەنـدازەی ئـەوەی کـار لەسـەر میکانیزمـەکانی بەرهــەمهێنانی مانــا دەکــات، یــان بەشــداریدەکات لــە بەرهــەمهێنانی مانایەکـدا، کـە بەجیاوازیی قسەکردن دەربارەی جیاوازدەبێت.

بەوجۆرە چەمکەکە چەند حەقیقەتێکی حازربەدەست بەدەستەوەناگرێت، یان لاسایی چەند جەوهەرێکی شاراوە ناکاتەوە، یاخود شایەتی لەسەر چەند پێشهاتێك نادات کە لەئارادان، بەڵکو دروستکردنێکی حەقیقەتە کە لە دامەزرانی چەند ڕایەڵەیەکی نوێی نێوان شتەکاندا بەرجەستەدەبێت. هەر چەمکێکیش پێگەیەك بەدەستدێنێ کە ئەوانیتر بەدەستی ناهێنن، ئەوەش بەپێکهێنانی ڕووبەرێك بۆ دەربڕین، یان گۆشەیەك بۆ ڕوانین، یان بوارێك بۆ بیرکردنەوە، یاخود کایەیەك بۆ خوێندنەوەو دەستنیشانکردن. ئەمەش توانای خۆڕاگریو مانەوە دەبەخشێتە چەمکەکە، لەبەر ئەوە نا کە وێناکردنێکە بۆ جیهان یان وێنەیەکی واقیعە، بەڵکو لەبەرئەوەی فۆرمێکی ڕووداوە و پێکهاتنی جیهانێکە کە لەگەڵیدا چەند پەیوەندییەکی نوێ و جیاواز لە تەك حەقیقەت دێتەئاراوە.

**ڕۆڵی بیریار:**

بەوەش گۆڕان بەسەر کاری ڕووناکبیرو ئەو ڕۆڵەدا دێت کە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیو سیاسی پێی سپێردراوە. ئەگەر ڕووناکبیر ئەو کەسە بێت کە لە بواری بیرکردنەوەدا کاردەکاتو کار بە بیرۆکەکان دەکات بۆ ئەوەی چەند بیرۆکەیەکی نوێ بەرهەمبهێنێ یان چەند ئیشکالییەتێکی فیکریی جیاواز دابڕێژێ، یاخود پیادەکردنی فیکریی نوێ دابهێنێ. ئەگەر بیرۆکە و چەمکەکانیش چەند ستراتیژێك بن بۆ گۆڕانکاری، یان چەند وزەیەك بن بۆ پێکهێنان. ئەوا ڕۆڵی بیریار ئەوەیە بەپلەی یەکەم بکەرێکی فیکری بێت، لە ڕێگەی خوڵقاندنی ژینگەیەکەوە بۆ بیرکردنەوە، یان نێوەندێکەوە بۆ تێگەیشتن، یان کەشێکەوە بۆ دیالۆگ، یاخود ڕووبەرێکەوە بۆ پێکگەیشتن و یەکترناسین. بەم مانایە، بیریار ڕۆڵی نێوانکار دەگێڕێت، نەك ڕۆڵی سەرکردایەتی، یان دەستەبژێر، یاخود هەڵبژاردە.

پشتئەستوور بەم چەمکەی بیریار، کە پەیوەندیی لەگەڵ ڕۆڵی خۆی بەم شێوە ستراتیژی و گۆڕانکاریخوازە دەبێت، واتە بەفیکر و چەمکەکانی خۆی بکەردەبێت و بە ئیشکالییەت و پیادەکردنە فیکرییەکانی کاریگەردەبێت، پێویستە چاو بەسەرجەم ئەو کارانەدا بخشێنرێتەوە کە خراونەتە ئەستۆی بیریار و فەیلەسووف، وەك ڕۆڵی توێژەرو زانا، دادوەر و لێکۆڵەر، یان مامۆستا و سەرکردە، یاخود تێکۆشەر و پاسەوان.

بەمجۆرە وام لێهاتووە لە پیشەکەم تێدەگەم و ڕۆڵی خۆم دەگێڕم:

من ناڵێم بەدوای حەقیقەتدا دەگەڕێم، چونکە حەقیقەتێکی حازبەدەست یان بەدەستهاتوو نییە، کە چاوەڕوانی یەکێك بێت بەدوایدا بگەڕێت، یان بەهۆی وێناکردنە هاوجووتە وردکار و بابەتیەکانی خۆی بەدەستییەوە بگرێت. چاکترە بڵێین، ئێمە حەقیقەت دروستدەکەین و لافی دۆزینەوەی لێ نادەین. ئەوەی پێیوایە حەقیقەتێکی حازربەدەست بوونی هەیە، ئەوا جگە لە هەڵگەڕانەوە لە ئامانجەکانی خۆیو پێشێلکردنیان شتێکی باشتر نازانێت. وەك ئەوەی فەندەمەنتالیستەکان: سەلەفییەکانو مۆدێرنیستەکان، لەگەڵ سەردەمە زێڕینەکان، یان سەردەمەکانی پێغەمبەرایەتی، یاخود سەردەمەکانی ڕۆشنگەریی خۆیان کردوویانە.

ئەم گۆڕانە لە چەمکی حەقیقەتدا دەرفەتم بۆ دەڕەخسێنێ بڵێم: من بەخولقاندنی چەند پێشهاتێکی فیکری، واتە کردنەوەی چەندین بوار بۆ بیرکردنەوە، یان بە بەرهەمهێنانی چەند پەیوەندییەکی جیاواز لەگەڵ حەقیقەت، حەقیقەتی خۆم دروستدەکەم. بەوەش بەشداریدەکەم لە گۆڕینی واقیعەکەمو کاریگەریخستنە سەر ژینگەو جیهانەکەم. بیرۆکەکان لە تاریکاییەکانی فیکر یان ئاسمانێکی باڵادەوەدا نین، بەڵکو لەو گوتارانەدا بەرجەستەدەبن، کە زنجیرەیەك هاتنەقسە و کۆدن، پێویستیان بە ڕاڤەکردن و هەڵوەشاندنەوەیە.

بەم مانایە، لە ڕووی مامەڵەکردنمەوە لەگەڵ چالاکیی فیکر، ئەفلاتونی، یان سینەوەیی، یاخود دیکارتی نیم، چونکە بیرۆکەکان چەند ناوەڕۆکێکی ماناکان نین کە دنیایەکی سەربەخۆی تایبەت بەخۆیان پێکبهێنن، بەڵکو ئەوانە پەیوەندییەکانی ئێمەن لەگەڵ واقیع و جیهان. مرۆڤ بەبێ جەستە، یان سەر، یاخود دەقی خۆی بیرناکاتەوە. وەك باری پیاوە هەڵواسراوەکەی بۆشایی لای ئیبن سینا، یان باری خودی بیرکەرەوە لای دیکارت. لەبەرئەوەی بەبێ دەنگ و هێما و پیتەکان، یان ئامرازو کەرەستەو تەکنیکەکان هیچ فیکرێك پێك نایەت و هیچ مانایەك نایەتەئاراوە و هیچ حەقیقەتێك دانی پیادا نانرێت. لەکۆتایی بیرکردنەوەدا دەقەکان لە نووسەر جیادەبنەوەو وەك چەند پێشهاتێکی گوتارئامێزی وەها دەخوێنرێنەوە، کە قەوارەیەکی تایبەتی و حەقیقەتێکی خۆیی خۆیان هەیە، بەبێ گوێدانە ئامانج و

مەبەستەکانی نووسەر لەپشتی قسەکانییەوە. هەر دەقێکیش هەنوکەییبوون و ڕاستبێژیی خۆی هەیە، ئەمەش بەئەندازەی پێویستبوونی خوێندنەوە یان هاندانی بیرکردنەوە. واتە بەئەندازەی دەرفەتڕەخساندنی بۆ خوێندنەوەی ئەوەی لەوەوپێش نەدەخوێنرایەوە. ئەمە سەبارەت بەو دەقانەی لە پیت پێکهاتوون، بەڵام دەربارەی تەکنیکەکانی پێگەیشتن، ئەوا ئیمڕۆ لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە دەرفەت دەڕەخسێنن بۆ پێکهاتنی چەندین دەقی دیجیتاڵی بێهاوتا، کە لەگەڵیاندا دەستدانەکانی خوڵقاندنی واقیع و پێکهاتنی جیهان دووقات دەبێت. بەوەش چەند پەیوەندییەکی نوێی وەها بەڕووماندا دەکرێنەوە، کە چەمکەکەمان دەربارەی واقیع و حەقیقەت بەشێوەیەکی ڕیشەیی دەگۆڕن.

بۆیە ناڵێم من زانایەکم باسی پێشهاتەکان دەکەم، یان کار بۆ یەکلاکردنەوەی حەقیقەتەکان دەکەم، بەڵکو کۆششدەکەم بۆ بەرهەمهێنانی بیرۆکەیەك کە لە ڕێگەیەوە ڕووداو دەخوێنمەوە، یاخود چەمکێك پێکدێنم کە پەیوەندیم لەگەڵ خودی خۆمو شتەکان دەگۆڕێت. بەم مانایە، کانتی نیم، هەتاکو بڵێم چەند بیرۆکەیەکی بالاڕەو یان چەند چەمکێکی ڕووت بوونیان هەیە. چونکە هیچ بیرۆکەیەك نییە بەتاڵ بێت لە کەڵەکەبووە هێماگەرییەکان و هیچ چەمکێك نییە بەتاڵ بێت لە ناولێنانە خوازراوەکان یان بارگە سمبولییەکانی خۆی، بەڵکو هەر بیرۆکەیەك بریتییە لە تۆڕێك وێنەو نمایشەکان، هەر چەمکێکیش بریتییە لە ئاوێتەیەك لە وەهم و خەیاڵپلاوییەکان. لێرەوە چەمك هاوجووت نییە لەگەڵ واقیع، ئەگەر وابوایە، ئەوا بەکۆتاییهاتنی ئەو واقیعەی ڕووبەڕوویکراوەتەوە کۆتاییدەهات. باشترە بوترێ هەر چەمکێك واقیعییەتی خۆی، واتە برێك لە حەقیقەت و بوونی، هەیە. ئەوەش بەهۆی ئەو ناوچەیەی بوونەوە کە دەیکاتەوە، یان ئەو کایەی پەیوەندییەکانەوە کە پێکدێنێ و توانای نامەگۆڕینە و بلاوبوونەوە دەبەخشێتە چەمکەکە. بەوجۆرە هێزی بیرۆکەو چەمکەکان لە ڕوونیو شەفافییەتیانەوە سەرچاوەناگرێت، بەڵکو لە چڕیو توندوتیژی و قورساییو واقعیبوونیانەوە. چونکە بەردەوام وامان لێ دەکەن تێگەیشتن نوێبکەینەوە، ئەوەش لە ڕێگەی هەڵوەشاندنی بونیادە دامەزراوەکان، یان گۆڕینی پەیوەندییە زاڵەکانەوە. ئەمەش کاری ئاوێتە چەمکئاساکانە: خوێندنەوەو دارشتنی

ڕووداو، دەستنیشانکردن و سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی واقیع، هەڵوەشاندنەوەی بونیادەکان و گۆڕینی ڕایەڵە و پەیوەندییەکان.

ئەم تێگەیشتنە سەبارەت بە چەمك دەرفەتم بۆ دەڕەخسێنێ لە کاری لێکۆڵەر یان دادوەر ڕزگارم بێت، چونکە بیریارو فەیلەسووف لێکۆڵەرێك نییە لە پێشهاتەکان بکۆڵێتەوە، یان دادوەرێك نییە بەشێوازی ئیبن ڕوشد و دیکارت ڕاست و چەوت لێك جیابکاتەوە. ئێستا ئێمە چەمکی حەقیقەتی هاوجووت و یەقیندار تێدەپەڕێنین، بەئەندازەی ئەوەی لە ئەقڵییەتی لێك جیاکردنەوەی باس و لۆژیکی داوەریکردن و بڕیاردان ڕزگارمان دەبێت. بەوپێیەی حەقیقەت هاوجووت نییە لەگەڵ وێناکردنەکانمان بۆ جیهان، بەڵکو ئەوەیە کە دروستیدەکەین و ئەنجامیدەدەین، دەیخوڵقێنین‌و دایدەهێنین. واتە ئەو بوارو کەرتانەی دەیانکەینەوە، یان ئەو ڕایەڵە و پەیوەندییانەی دایاندەمەزرێنین، یاخود ئەو جیهان و فەزایانەی پێکیاندێنین. بۆیە خۆم بەیەکێك لە ئەهلی گومان نازانم، چونکە گومان ڕووەکەی تری یەقینە، منیش بەدوای یەقینێکی مەحاڵدا ناگەڕێم، بەئەندازەی ئەوەی کۆششدەکەم بۆ دارشتنی ئیشکالییەتێکی بوونخواز، بەکرانەوە بەڕووی هەڵە، دردونگ، ناماقوڵ و هەرشتێکدا کە ئەقڵ و فیکری خۆم خۆراکی لێ وەردەگرن.

بەم مانایە، بایەخ بۆ سۆفستایی لە بەرامبەر ئەفلاتون دەگێڕینەوە، نەك بۆ پێڕەویکردنی نازانمکاری و ئەنارشیزمی مەعریفی، بەڵکو بۆ کردنەوەی فیکر بەڕووی ناکۆکداو حەقیقەت بەڕووی هەڵەدا. بەوپێیەی فیکر شڵەژانێکە لەنێوان من و جیهان، گوتەو ڕووداو، قەدەغەکراو و ڕێگەپێنەدراو، واقیع و چاوەڕوان نەکراودا.. بەوەش لە لۆژیکی ناوەڕۆك و ماهییەت ڕزگارمان دەبێت و ڕوودەکەینە فیکرێکی پەیوەندیئامێزی هەمیشە کراوە بەڕووی نادیار و ناماقوڵ، یان دوورخراوە و نارەوادا، بەشێوەیەك کە ببێتە مایەی کرانەوەی دامەزراوەی حەقیقەت بەڕووی ئەوەی دووریدەخەینەوە، واتە بەڕووی خودی هەڵەدا. چونکە هەڵە بەرهەمهێنەری حەقیقەتە، لای ئەوەی بەشێوەیەکی کراوە نەك تاکلایەنە ئەفلاتون دەخوێنێتەوە. بەوپێیەی سوفستاییەکان لە فیکری ئەفلاتونیدا بریتی نین لەو هەڵەیەی سوکرات بەهۆی هێزی بەڵگەکان و ئاشکرایی سەلماندنەکانەوە زاڵبوو بەسەریاندا، بەڵکو

ڕووەکەی تره کە چەپێنرابوو و دوورخرابۆوە، بەهۆی ئەو پێوانانەی ئیمڕۆ کۆششدەکەین بۆ ڕزگاربوون لەدەستیان، بە کردنەوەی حەقیقەت بەڕووی فرەیی و ناکۆکی، یان مەجاز و خواستن، یان دانوستان و سازش، یان دۆشدامان و واقوڕمان، یاخود سنوور و تخوبەکاندا..

ئەمجۆره گۆڕانکارییە لە چەمکی حەقیقەتدا، دەرگادکاتەوە بەڕووی دەستدانی دروستکردنی چەندین پەیوەندیی جیاواز لەنێوان جیاوازو دژ بەیەکەکاندا و دەرفەت دەڕەخسێنێت یەکێك دان بە مافی جیاوازی و ڕەوایەتیی دژبووندا بنێ، نەك پیادەکردنی یەکتر ڕەتکردنەوە، بەڵکو چوونە ناو پڕۆسەی قاڵبوون لە دیالۆگدا و شارەزابوون لە هونەری پێکگەیشتنداو خوڵقاندنی چەند ڕووبەرێك بۆ ئاڵوگۆڕکردن. بەوەش جیاوازی بەرهەمهێن دەبێت، هەڵاوێردن داهێنان دەبێت.. بەڵام بانگەشەکردن بۆ بەدەستەوەگرتنی کلیلەکانی حەقیقەت و شەریعەت، ئەوا ئاکامەکەی جگە لە گۆشەگیری و سەنگەرلێدان لەپشت بیرۆکە و گوتەکانەوە، هیچ ئاکامێکی تری نابێت.

ئەوەی ڕۆڵی مامۆستای حەقیقەت نەگێڕێ، بانگەشەی ئەوە ناکات گەیشتۆتە پێگەیینی ئەقڵی. چونکە هیچ یەکێك ناتوانێ ماهییەتی ئەقڵ بەدەستەوەبگرێت، یان کلیلەکانی ئەقڵانییەتی بابەتی بەدەستبهێنێ.. بەڵکو ئێمە بەردەوام کاردەکەین بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستەمەکانی فیکر و قاڵبە مەعریفییەکان، بۆ ئاشکراکردنی ئەو میکانیزمە ناماقوڵ و شێوازە دۆگماییی یان پێوانە هەڕەمەکیانە کە لەخۆیان دەگرێت.

بۆیە بەئەقڵانیکردن، دەرکردنی ناماقوڵ نییە لە بازنەی ئەقڵ، بەئەندازەی ئەوەی چوونە ناوەوەی فیکره بۆ ئەو ناوچانەی ئەقڵانییەتی باو و باڵادەست دووریاندەخەنەوە، لەپێناو ئەوەی ناماقوڵ ببێتە ماقوڵ. بەم مانایە، لافی ئەقڵانییەتێکی بڕنده لێ نادەم. ئەوپەڕی خواستی من، یەکلاکردنەوەی پەیوەندییەکانمە لەگەڵ ئارەزووە کاتیەکان و ناماقوڵییەکانی خۆم، لە ڕێگەی سەرلەنوێ بیرکردنەوە لەوەی دەیڵێم‌و بیری لێ دەکەمەوە، هەتاکو مانای قسەکان یان تاریکایی پیادەکردنەکان ئاشکرابکەم. بەوەش بەڵگە بۆ ئەوە بهێنمەوە، کە بە پێگەیینی فەلسەفیی خۆم نەك پێگەیینی ئەقڵیم گەیشتووم.

**نێوانکاری بەکار:**

لەبەر هەموو ئەوانە دەستبەرداری کاری پەیامبەری و ڕۆڵی دەستەبژێری پێشڕەوانەی خۆم بووم. چونکە ڕۆڵی ڕووناکبیر، وەك خاوەن ئاژانسێکی فیکری یان ئەخلاقی، کە ڕێگەی پێ دەدات لەبری خەڵك بیربکاتەوە یان پێیان بڵێ دەبێت چی بکەن، کۆتاییهاتووە. لەبەرئەوەی ڕووناکبیر، وەك دەستەبژێری ڕووناکبیر، یان پێشڕەوی پێشکەوتوو، یان هەڵبژاردەیەکی هەڵبژێردراو، یاخود سەرکردایەتیی هوشیار، شکستیخواردوە.. ئەگەرنا، چۆن ئەو ناماقوڵ و پاشەکشە و هەڵبژاردەخوازیو ستەمکارییە لێکبدەینەوە کە دەیان چنینەوە. ئەوەش گوتەکانی دەستەبژێر، پێشڕەو، هەڵبژاردەو سەرکردەیە کە دەبێت بخرێنە بەر توێکاریی ڕەخنە و شیکردنەوە. بەوپێیەی هیچ یەکێك لە بیرکردنەوە و خەونداِ، یان لە بەڕێوەبردن و کارکردندا جێی یەکێکی تر ناگرێتەوە.

بەقسەیەکی ڕاشکاوانەتر: چیتر ڕووناکبیر لەتوانایدا نییە ڕۆڵی خەباتگێڕیی خۆی بەوشێوەیە پیادەبکات کە هەتاکو ئێستا لەسەری ڕاهاتووەو لای ڕووناکبیرانی ناوداری وەك سادق جەلال عەزمو نعوم چۆمسکی، یان ئیدوار سەعید و جان زیگلەر و حەسەن حەنەفی بەدیدەکەین. چونکە ڕووناکبیری نوێ، وەك کارێکی خەباتگێڕیی گۆڕانکاریخواز، یان شێوەیەکی چالاکیی کۆمەڵگەیی و سیاسی ڕۆڵی تەواوبووەو گەیشتۆتە کۆتایی خۆی. پێدەچێت ئەوەی پێویستە ئێستا گۆڕانی بەسەردا بێت، خودی چەمکی گۆڕانە. چونکە هەموو ئەوەی ڕووناکبیر بیری لێ دەکاتەوە یان بانگەشەی بۆ دەکات، تەنیا پەیوەندیی بە ڕووناکبیرانەوە هەیە لە کەرتی تایبەتی خۆیان، یاخود بازنە خنکێنەری خۆیاندا. گرنگتر ئەوەیە، جیهان ئێستا بەشێوازێك دەگۆڕێت، کە شایەتیی لەسەر شکستخواردنی پرۆژە ڕووناکبیرییەکان و دەستەپاچەیی دەستەبژێری ڕووناکبیر دەدات. ئەگەر جیهانیش هەمیشە بەپێچەوانەی ویستی ڕووناکبیرانەوە بگۆڕێت، ئەوا هیچ مانایەکی نییە، جگە لە نەزانی بەرامبەر بە حەقیقەت و ئازادی، دەوڵەت و دەسەڵات، یان مرۆڤ و کۆمەڵگە. واتە بەرامبەر بە هەرشتێك کە داکۆکیی لێ دەکەین، یان کۆشش بۆ گۆڕانکاریی دەکەین.

ئەمە تەنگەژەکەیە. هەڵهاتن لەو "پرسیارە شەرزانەی" پێشهاتە کتوپڕەکان

دەریانـدەبڕن بێـسوودە، باشـتر ئەوەیـە ڕوونـاکبیر سـەرلەنوێ بـیر لـە تێگەیـشتنی لـە ڕووناکبیرو فیکر بکاتەوە، واتـە بـیر لـە شـێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ خـودی خـۆی و پیـادەکردنی کارەکـەی بکاتـەوە. بـەوجۆرە پێویـست ناکـات ڕوونـاکبیر، خـاوەن بـیری ڕەخنەگرانـەو ئـەقڵی کـراوە، بـەوەفابێت بـۆ وێنەیـەك دەربـارەی خـۆی کـە بـەردەوام لەسەر زەمینەی پیادەکردن پێشێلدەکرێ، یـان بـەوەفابێت بـۆ مـۆدێلێکی کـارکردن کـە سەرەنجامەکەی شکستخواردن دوای شکستخواردنە. بەڵکو سوودبەخش ئەوەیـە گـۆڕانی بەسەردا بێت، لە ڕێگەی داهێنانی چەند شێوازێکی بیرکردنەوە، یـان چـەند شـێوازێکی نـوێی پێکگەیـشتن، کـە یاریدەیـدەدەن ڕۆڵـی خـۆی بەلێهاتوویـیـەکی زیـاتر بگێڕێـت. ئەگـەرنا، ئاخـاوتن دەربــارەی مەســەلە مەزنــەکانو کــارە خەباتکارییــەکان تــەنیا لایەنگیریی کوێرانە، یان چەنەبازییەکی فیکری، یاخود زۆربلێییەکی ڕووناکبیرییە.

لێـرەوە ئـەوەی پەیوەنـدیی بەخۆمەوەیـە، چـیتر وەك نماینـدەی کاروبارەکـانی حەقیقـەتو ئـازادیو دادپـەروەری مامەڵـە لەگـەڵ خـۆم ناکـەم، بـەڵکو تـەنیا وەك نێوانکارێکی(٥) ئەقڵی یاخود کرێگرتەیەکی مەعریفی لـەخۆم دەڕوانم. دەزانم زۆرێـك لـەو ڕووناکبیرانـەی لەسـەر ئـەوە ڕاهـاتوون بـە چـەمکی دەسـتەبژی جیاکـارە مامەڵـە لەگەڵ خۆیان بکەن، زاراوەی "نێوانکار" یان "کرێگرتە"(٦) توشی شۆکیان دەکات، کـە لە بواری ئابووریو جیهانی کارەکانەوە هاتووە. لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێم، ئێمە لە خـاوەن کارەکان باشترنین، بەڵکو پێویستە چاوبخشێنینەوە بـە مامەڵـەکردنمان لەگـەڵ خـودی خۆماندا. بەوپێیەی ئێمە نێوانکـارین، یەکـەم لەبەرئـەوەی زمـان نێوانکـاری سمبـولیی نێوان خۆمانو شتەکانە، دووەم لەبەرئەوەی بیرۆکەی بەپیت ژینگەیەك بۆ پیـادەکردنی زینـدوێتیو بیرکردنــەوە دەخولقێنــێ، سـێیەم لەبەرئــەوەی چــەمك نێوەنــدێك بــۆ تێگەیــشتن دەخولقێنــێ کــە دەرفەتدەڕەخــسێنێ بــۆ پێکگەیــشتنی دوان لەســەر مەسەلەیەکی هاوبەش، بەبێ ئەوەی یەکێکیان ئەویتریان ڕەتبکاتەوە. وەك ئالان تۆرین پێناسەیدەکات، ئەمە باری خودی مامۆستایە. ئەو سەرکردە نییە، بەئەنـدازەی ئـەوەی "کرێگرتەی"ی ئەقڵ یان "نێوانکار"ی نێوان یەکێك و ئەویتر، یـاخود مـرۆڤ و خـودی خۆیـەتی. سـوکرات بەوشـێوەیە بـوو، واتـە تـەنیا کرێگرتەیـەکی ئـەقڵ بـوو، کـە بـڕی نـەزانیی لـە گوتـاری زانـستدا ئاشـکرادەکرد، نێوانکـارێکی چەمکئاسـا بـوو مەعریفـەی

فێـری ئـەوانیتر نـەدەکرد یـان حەقیقـەتی پـێ نـەدەوتن، بەئەنـدازەی ئـەوەی یارمەتیدەدان خۆیان و لەخودی خۆیانەوە حەقیقەت بخەنەوە.

بـەوجۆرە کرێگرتـە و نێوانکـار و ناوبـژیوان لـە پێگـەی رووناکبیران کـەم ناکەنـەوە، بەپێـچەوانەوە ئەوانـە چـەند چەمکێکن دەرفـەتمان بـۆ دەرەخـسێنن رۆڵـی خۆمـان دابهێنینـەوە، هـەتاکو خـودی چالاکیی کۆمەڵگـەیی خۆمـان، لـە رێگـەی زمانـە چەمکئاسـاکانو فۆرمـە ئەقڵانییـەکان و پیادەکردنـە رەخنەییـەکانی خۆمانـەوە، بگێڕینـەوە. بەشـێوەیەك کـە بـەردەوام کاربکـەین بـۆ فراوانکردنـی رووبـەرەکانی تێگەیـشتن و فـەزاکانی ئـەقڵ، بـەهۆی خـستنەگەڕی چـەند دیـالۆگێکی بـەپیت و ئەنجامدانی چەند تاوتوێکردنێکی ئازاد، یان بەئەقڵانیکردنی چالاکی و پیادەکردن و دامەزراوەکانەوە. بەوەش رووناکبیران وەك بەرهەمهێنەکانی بیرۆکە و مەعریفە و کاڵا رەمزییەکان کار بە تایبەتمەنـدیی خۆیـان دەکـەن، بەئەنـدازەی ئـەوەی جیاکـارەبوونی خۆیان دەردەخەنو چالاکیی کۆمەڵگەیی خۆیان پیادەدەکەن، نەك وەك دەستـەبژێرێك کە سەرکردایەتیی نەتەوە و کۆمەڵگە دەکەن، بـەڵکو بەوپێیـەی ئـەو نێوانکارانـەن کـە کار بۆ فراوانکردنی فەزای گشتی دەکەن. لە رێگەی پێکهێنانی چەند رووبەرێکەوە بـۆ دیـدارو لێـك تێگەیـشتن، یـان پێکگەیـشتن و ئـاڵوگۆڕکردن. جـا ئـەوە لـەناو کۆمەڵگەکانیانو نێوان گرووپ و دەسەڵات و رەوایەتییە جۆربەجۆرە هەمەرەنگەکانـدا بێت، یان لـەنێوان کۆمەڵگـە جۆربەجۆرەکانـدا بێـت لەسـەر ئاسـتی جیهـان، بەوپێیـەی رووناکبیر رەهەندی جیهانی، یان کۆسمۆپۆلیتانەی خۆی هەیە.

رۆڵی نێوانکار دەرفەت دەرخسێنێ بۆ دەستبەرداربوونی رۆڵەکانی رووناکبیری پەیامبەر، یان دەستەبژێر، یاخود پێشڕەو. ئەو رۆڵانەی ئیمڕۆ، جگە لـە گۆشـەگیری و پـەراوێزبوون، هیـچی تـر بەرهـەم نـاهێنن. هـەروەها دەرفـەت دەرەخـسێنێ گوتـەی رووناکبیری "تـەکنیکی" تێپـەڕێنرێ، کـە نیشانەی نـەزانیی خاوەنەکانیـەتی. چونکە رووناکبیری تەکنیکی یان پیشەوەر بـوونی نییـە، بەوپێیـەی رووناکبیر بـەدیاریکراوی ئەوەیە کە بایـەخ بـە مەسـەلە گشتییەکان دەدات و دەکەوێتـە نـاو ئـەو مشتومڕانەی پەیوەندییان بە کاروباری سیاسی یـان کۆمەڵگـەی مەدەنییـەوە هەیـە. بـەڵام گۆشـەگیر یـان ئـەوەی ناچـێتە نـاو کاروبـاری گـشتییەوە، ئـەوا باشـترە بـەناوی پیـشەکەی یـان

پیشەوەرییەکەیەوە ناوبنرێ، وەك زانا، شاعیر، ڕۆمانووس، یان هونەرمەند. بەهەرحاڵ ڕووناکبیری تەکنیکی زاراوەیەکە زانایەك دەگرێتەوە لە تاقیگەی خۆیدا کاردەکات، یان هونەرمەندێك دەگرێتەوە کە سەرقاڵی پیشەکەی خۆیەتی، لەبەرئەوە بۆ ئەهلی فیکرو فەلسەفە ڕاست نییە، چونکە بیریار و فەیلەسووف بەدیاریکراوی ئەوەیە کە بەشێوەیەکی گشتی ئەقڵی خۆی بەکاردەهێنێ، واتە شارەزاییەکەی لە فەزای گشتی جیانابێتەوە، بەئەندازەی ئەوەی کار لەسەر بیرۆکەکان دەکات و بایەخ بە شێوازی بیرکردنەوە دەداتو کاردەکات بۆ سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی "چەمکە سەرەتاییەکان". واتە ئەو چەمکە گشتیانەی پەیوەندییان بە هەموو خەڵکەوە هەیە، بەئەندازەی ئەوەی پەیوەندیی بە کارکەرانی لقەکانی مەعریفە و بوارەکانی ڕووناکبیرییەوە هەیە، وەك بوون، حەقیقەت، خود، فیکر، ئەقڵ، ئازادی و دەسەڵات.. بۆیە بەدەگمەن فەیلەسووفێك دەبینینەوە لە ژیانی گشتی یان کاروباری گشتی دابڕابێ. چونکە ئەگەر دابڕێت، ئەوا دەگۆڕێت بۆ تەنیا زانایەك لە کاروباری لۆژیکی ڕووتدا.

بەوجۆرە کارکەرانی بواری فیکر و فەلسەفە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و سیاسیی خۆیان دەگێڕن، بەئەندازەی ئەوەی لەسەر ئاستی فیکری و مەعریفی بەرهەمهێن دەبن، واتە بەئەندازەی داهێنانی ئەو بیرۆکە و چەمکانەی دەرفەت دەڕەخسێنن بۆ دروستکردنی چەندین پەیوەندی نوێ لەگەڵ واقیع و جیهان. بەوەش ڕووناکبیر چالاکیی کۆمەڵگەیی خۆی لە ڕاستبێژیی فیکرییەوە بەدەستدێنێ. گرنگیشی بۆخۆی لێرەدا دەردەکەوێت: ڕووناکبیری بەکارو کاریگەر لە ژینگەکەی و گۆڕەپانەکەیدا، لە کۆمەڵگەکەی یان جیهاندا، ئەوە نییە کە کارەکەی لە ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات و وتنی حەقیقەتدا کورتدەکاتەوە، ئەو تێکۆشەرێك نییە داکۆکی لە ئازادی و مافەکانی مرۆڤ بکات، بەڵکو ئەوەیە کە چەمکەکانمان دەربارەی دەسەڵات و ئازادی و مرۆڤ دەگۆڕێت، بەئەندازەی ئەوەی پەیوەندیمان بە خودی حەقیقەتەوە دەگۆڕێت.

بەم مانایە، دەکرێت بوترێ ڕووناکبیر: کارکەری بواری فیکر، بەئەندازەی پیادەکردنی چالاکیی خۆی، دەسەڵاتی خۆی پێکدێنێ و بەئەندازەی سەرکەوتنی لە گۆڕینی خودی بیرۆکەکانیدا، بەشداریی لە گۆڕینی واقیعدا دەکات. لێرەوە بیریار ئەوەنییە کە بەهۆی بەدەستەوەگرتنی حەقیقەتەوە دەبێتە دیلی یەقینی

دۆگماییانەی خۆی، ئەوەش نییە بەهۆی فیکری خۆیەوە دەگەڕێت بەدوای ڕزگاربوونی هەتاهەتاییدا، بەو جۆرەی لای پێڕەوکارانی بڕوا ئایینیەکان یان خاوەنی ئایدیۆلۆژیا ڕزگاریخوازەکان دەیبینینەوە، بەڵکو بیریار ئەوەیە کە توانای بەردەوام و کراوەی هەیە بۆ گۆڕینی بیرۆکەکانی، بەهۆی دروستکردنی پەیوەندییەکی ڕەخنەگرانە لەگەڵ ئەوەی بیری لێ دەکاتەوەو بیری پێ دەکاتەوە و لەپێناویدا بیردەکاتەوە. چونکە پەیوەندیی لەگەڵ فیکر، پەیوەندیی شڵەژانە، پەیوەندیی لەگەڵ بوون، پەیوەندیی دڵەڕاوکێو ڕێونکردنە، پەیوەندیی لەگەڵ حەقیقەت بەدەرنییە لە گرەو و سەرچڵی، یان گەمە و چێژوەرگرتن.

لەکۆتاییدا بەوانە دەڵێم کە بە نەبوونی مەنهەجییەتو بابەتیبوون لە نووسیندا یان نەبوونی وردبینیی زانستی و پێوانە لۆژیکییەکانی فیکر و مەعریفە تاوانبارم دەکەن: باشترە لە وەهمەکانیان دەربارەی بابەتو چەمك، یان میتۆد و شێواز خۆیان ڕزگاربکەن. چونکە مەسەلەکە، مەسەلەی نووسینێکی بابەتی یان مەنهەجی نییە، بەڵکو مەسەلەی پێکهێنانی چەند بابەتێکی نوێ و دۆزینەوەی شێوازی کاریگەرە. مەسەلەکە، وردبینیی زانستی نییە لە پێناسەکردنی چەمکەکاندا، بەئەندازەی ئەوەی مەسەلەی خوڵقاندنی چەند چەمکێکی بەهێزە کە توانای باسکردنو لێکدانەوەیان هەیە.. مەسەلەکە، مەسەلەی داوەریکردنی لۆژیکی نییە، بەڵکو مەسەلەی پێکهێنانی فەزای ئەقڵی یان نێوەندی فکرییە بۆ پیادەکردنی زیندوێتیو بەپیتیی بیرکردنەوە. لەدواییشدا نەك لە کۆتاییدا مەسەلەکە، مەسەلەی کەڵەکەبوونی مەعریفی نییە، بەئەندازەی ئەوەی مەسەلەی کەڵەکەبوونی ئەو لێڵیانەیە کە ڕێگە لە بینینی ئەو پێشهاتە چەمکئاسا و ڕووداوە فیکرییانە دەگرن کە دێنەئاراوە یان ڕوودەدەن. با ئیتر چەنەبازی و زۆربلێیی دەربارەی میتۆدە بابەتییەکانو پێوانە زانستییەکان و چەمکە وردکارەکان بەس بێت(٧).

### پەراوێزەکان:

١- موحازەرەیەکە لەسەر داوای یانەی ڕووناکبیریی عەرەبیو لە پێشانگەی بەیروتی عەرەبیو نێودەوڵەتیی کتێبدا، لە ١٩٩٧/١٢/٩دا، پێشکەشکراوە.

٢- سەبارەت بەمە بڕوانە مەسەلەی "پاشکۆ" لەدوای ئەم موحازەرەیەوە.

٣- دەربارەی ئەم خاڵە بڕوانە "پاشكۆ"كە.

٤- سەبارەت بە فێڵبازیی ماركس بڕوانە "پاشكۆ"كە.

٥- دەربارەی ڕۆڵی نێوانكار بڕوانە "پاشكۆكە".

٦- بۆ ئەوە بڕوانە "پاشكۆ"كە.

٧- بڕوانە "پاشكۆ"كە.

# پاشکۆ *

## ١- دەربارەی مەنهەجیبوون و بڕندایەتی:

لەپێناو ڕوونکردنەوە و ڕووناکردنەوەی زیاتردا، بۆ هەوادارانی مەنهەجیبوونو بڕندایەتی، دەتوانم چەمکەکەم بۆ پیشەو کارەکەم چڕبکەمەوەو بڵێم:

لەسەر ئاستی پیشەیی سەر بەکەرتی ڕووناکبیریم و لە یەکێك لە کایەکانی فیکردا کاردەکەم، کە کایەی فەلسەفەیە بەدیاریکراوی. واتە من کار لەسەر بیرۆکەکانو بە بیرۆکەکان و لەپێناو بیرۆکەکاندا دەکەم. مەبەستم لەوەش هەر بەرهەمێکی فیکرییە، بەبێ گوێدانە شوناسی خاوەنەکەی. بۆیە پێموایە کێشەکەم بەپلەی یەکەم فیکرییە و پێویستە چارەسەرکردنی کێشەکانیش لەسەر ئاستی فیکر بێت. هەموو ئەوانەش لەپێناو ئەوەی کار بەتایبەتمەندیی خۆم بکەم، کە بەرهەمهێنانی بیرۆکە و چەمکەکانە. بیرۆکەکانیش وێنەیەك نین لە خودی خۆم یان واقیعەکەم، بەڵکو چەند ئامێرو پێکهاتە، یان تۆڕ و ستراتیژێکن دەرفەتم بۆ دەرەخسێنن گۆڕانم بەسەردا بێتو پەیوەندیی خۆم لەگەڵ جیهان لە بۆتەی ئەزموونو زەمینەی پیادەکردندا بگۆڕم، بەشێوەیەك کە ببێتە مایەی ڕاستکردنەوەی جوگرافیای مانا و پەیوەندییەکانی هێز، واتە پەیوەندییەکانی دەسەڵات و مەعریفە. بۆیە پەیوەندیم لەگەڵ فیکری خۆم، پەیوەندییەکی ڕەخنەگرانەیە، بەهۆیەوە چەند توانایەکی نوێ بۆ تێگەیشتن و بەئەقڵانیکردن، یان ئاقڵبوون و تەگبیرکردن هەڵدەهێنجم. ئەمەش مانای ئەوەیە، کاریگەرێتیم لە ژینگە و کۆمەڵگەکەمدا، بەپلەی یەکەم کاریگەرێتییەکی فیکرییە. کاتێك منیش لەمجۆرە کارەدا سەرکەوتوودەبم، ئەوا بەئەندازەی کارکردن بەتایبەتمەندیی خۆم و دەرخستنی جیاکارەبوونی خۆم دەسەڵاتی فیکریم پیادەدەکەم.

## ٢- دەربارەی تەنگژەی بیریارانی عەرەب:

لێرەدا ویستی دوورخستنەوە دەرهەق بەوە پیادە ناكەم كە لە فیكری عەرەبیی نوێ و هاوچەرخدا بەرهەمهێنراوە، بەتایبەتی لە دوا قوناغیدا كە خۆم بەیەكێك لە بەرهەمەكانی دەزانم، ئەویش ئەو قۆناغەیە كە عەبدوڵڵا عەرەوی بە كتێبی: "ئایدیۆلۆژیای هاوچەرخی عەرەب" دەرگای بەڕوویدا كردەوە و تیایدا فیكر لەگەڵ "ڕەخنەگرتن لە ئەقڵ" یان "ڕەخنەگرتن لە كەلەپوور" هەتاكو "ڕەخنەگرتن لە دەق" و "هەڵوەشاندنەوەی گوتار" گەشەیكرد. دووبارەكردنەوەشە بڵێم، من جەغتدەكەمەوە لەسەر گرنگیی دەستكەوتەكانی بیریارانی هاوچەرخی عەرەب لە بواری توێژینەوە و لێكۆڵینەوە، یان ڕەخنەگرتن و خوێندنەوەدا، چونكە مەحاڵە ئەوانە تێپەڕێنرێن، یان بازیان بەسەردا هەڵهێنرێ.

لەگەڵ ئەوەشدا، كاتێك ڕەخنەدەگرمو هەڵدەسەنگێنم، ئەوا لە ڕوانگەیەكی فەلسەفیو لەسەر ئاستی چەمك دەڵێم: ئێمە هەتاكو ئێستا دەرگامان بەڕووی بوارێكی نوێدا نەكردۆتەوە، یان چەند ئامرازێكی چەمكئاسای داهێنەرانەمان نەدۆزیوەتەوە. نموونەم لەسەر ئەوە، وتارەكەی (جابری)یە دەربارەی ڕەخنەگرتن لە جیهانگیری لە ڕوانگەی شوناسی كولتوورییەوەو ناونیشانەكەی بریتییە لە "دە تێز". لەكاتێكدا من ئەم وتارە دەخوێنمەوە، سودی لێ وەردەگرم و سەرسامدەبم پێی، وەك باری پەیوەندیم بە نووسینەكانی (جابری)یەوە، چونكە چەند توانایەكی بیركردنەوەم پێشكەشدەكەن، بەئەندازەی ئەوەی دەرفەتم بۆ دەرەخسێنن كاریان لەسەر بكەم، بەمەبەستی ئاشكراكردنی تەنگژەكانیان. بۆیە ڕێزگرتنم لێیان ڕێگەی ئەوەم لێ ناگرن هاوكات مامەڵەیەكی ڕەخنەگرانەیان لەگەڵدا بكەم، چونكە ئەوانە بە ڕۆحی داكۆكیكردن و تێكۆشان نووسراون، ئەوەش لەكۆتاییدا لەسەر حسابی چەمك و پرسیارەكانی یان دارشتنەكانی بووە. لێرەوە خوێندنەوەیەكی نوێی داهێنەرانە دەربارەی جیهانیان تیادا ناخوێنینەوە، بەڵكو خۆمان لەبەردەم بانگەوازێكدا دەبینینەوە، كە (جابری) بۆ بەرەنگاربوونەوەی "هەڵمەتی داگیركاریی كولتووریی ئەمریكی" بەشەریكایەتی لەگەڵ ئەوروپا ڕایدەگەیەنێ، چونكە بە بڕوای ئەو ئەوروپا بەرژەوەندیی لەو بەرەنگاربوونەوەیەدایە، ئەوەش لە چوارچێوەی دیموكراسی و ئەقلانییەتدا.. بەڵام

ئایا ئەوەی ئێستا لە ڕووی فیکرییەوە پێویستمان پێیەتی، تەنیا بانگەوازێکی دووبارەیە بۆ پیادەکردنی دیموکراسی و ئەقلانیەت؟! ئایا دووبارەکردنەوەی بانگەوازەکە بەدرێژایی دەیان ساڵ، بەڵگەی ئەوە نییە کە بانگەوازەکە بۆ خۆی بۆتە کێشە؟!

لێرەوە پێموایە ئەوەی پێویستمانە، ڕەخنەگرتنە لە چەمکەکان، لەپێناو سەرلەنوێ دارشتنەوە و نوێکردنەوەیان، لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی ڕوودەدات. وەك ئەوەی ئالان تۆرین لەگەڵ دیموکراسی و مۆدێرنیتە کردی، یان هابرماس لەگەڵ ئەقلانییەتو مۆدێرنیتە کردی، یاخود ئالفین تۆفلەر لەگەڵ مەعریفە و دەسەڵات و سامان کردی. لەو بڕوایەدام لێرەدا جارێکی تر دانپیانانەکەی (جابری) وەبیردێنمەوە، ئەوەی دەڵێت هەتاکو ئێستا "جیهانێکی چەمکئاسا"ی وەهامان دانەهێناوە کە کارمان تێ بکات، ئەمە ئەگەر یەکێکمان غافڵ نەبێت بەرامبەر بە قسەکانی.

بێگومان داهێنانی فیکری کارێکی کارگێڕیی ڕووت نییە، بەڵام ڕەخنە - بەوپێیەی کارکردنە لەسەر خودو بیرۆکەکان - لە بۆتەی ئەزموونەکان و گەرمەی شەڕەکاندا، ڕۆڵی خۆی لەمبارەیەوە هەیە. ئەگەر بیریارە هاوچەرخەکانی عەرەب، لەکاتی چوونە ناو مەراقە مەعریفییەکان و خەمە ڕووناکبیری یان نەتەوەییەکانەوە، بەشێوەیەك تێکۆشابن و داهێنانیان کردبێ کە گەڕانەوە بۆ دواوە هەڵناگرێ. ئەوا هەریەکێك بە ڕەخنەگرتن لە بیرۆکە دەستاودەستکراوەکان، بەمەبەستی ئاشکراکردنی تەنگژەکانی لە ڕووی فیکرییەوە، پێشدەکەوێت، بەڵکو دەگۆڕی و نوێدەبێتەوە. وەك پەیوەندیی من لەگەڵ ئەو بیرۆکە و گوتانەی لە گۆڕەپانی فیکری عەرەبیدا دەردەبڕرێن. بەم مانایە، ڕەخنەگرتن ئامانجی سڕینەوە یان لەناوبردن نییە، بەڵکو هەوڵدانە بۆ دەرچوون لە تونێل یان تەنگژە.

ڕەخنەش لای من لەسەر شتێك چڕدەبێتەوە، کە ناویدەنێم ویستی شوناس یان بڕوا، یاخود بەرگری و تێکۆشان کە نابێت ڕێگربێت لەوەی بنمیچ تێپەڕێنرێ و لە ڕووی فیکری و فەلسەفییەوە کاریگەرێتی لە گۆڕەپانی جیهاندا پیادەبکرێ. ئەوەش لە ڕێگەی داهێنانی ئەو بیرۆکەو چەمکانەی بەربەستەکانی نێوان زمان و کولتوور و کۆمەڵگەکان دەبڕن، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا: سەردەمی تەلەفزیۆن و جیهانگیری

یـان زانـستگیری. تەنگـژەی فیکـری عـەرەبی لـە بەعـەرەبکردن و بەئیـسلامکردنداية. ئەمــەش بــاری فیکــری خۆرئاواییــە: تەنگژەکــەی لــە بــەخۆرئاواییکردن و بەگریکیکردندایە. بەم مانایە، ئێمە ڕەخنە لە هیگڵ، یـان هایدگـەر، یـاخود پۆپـەر و هەریەکێك دەگرین کە هەوڵدەدات بەرهەمی فەلسەفی بەشێوەیەکی خورافەکارانە یـان ڕەگەزپەرستانە گرێبداتەوە بە یەکێك لە میللەتەکانەوە.

باشـترە فەلـسەفە تـەنیا وابەسـتەی خـاك بکرێـت، بەوپێیـەی پانتاییەکـە بـۆ پێکەوەهـەڵکردن و پێکـەوەژیان، وەك ئـەوەی دۆلـۆز دەیکـات. بێگومـان ئەمـە مانـای ئەوەیـە کـە چـەمکەکان هـەرێم و نیـشتمانەکانی خۆیـان هەیـە، بـەلام ئـەوەی چـەمك جیادەکاتــەوە، توانــای کۆچـکردن و گوێزانەوەیــە بــۆ هەرێمــەکانی تــر. ئــەوەش لــە جوڵەیــەکی دووجەمــسەری ئــالۆزی چــاندن و هەڵکێــشاندا. ئــەو جوڵەیــە دوانــەی نیـشتەجێکردن و هەڵکەنـدن، یـان پێکـەوە هـەڵکردنو لێکدابڕان، یـاخود ئـەزموون و بەدەر لە ئەزموونـە. بەوپێیـەی چـەمك بـە گوێزانـەوەی بـۆ بـوارە جۆربـەجۆرەکان و فـەزا نوێکـان دەوڵەمەنـددەبێت و نوێدەبێتـەوە، واتـە دەسـتکاریدەکرێت و دەگۆڕێـت، یاخود هەڵدەوەشێنرێت و سەرلەنوێ دادەڕێژرێتەوە.

پێدەچێت خـۆم دووبارەدەکەمـەوە کاتێـك دەڵـێم: ئـەرك یـان گرەوەکـە ئەوەیـە ولاتەکانمان بکەینە خاکی چاندن یـان ڕاکێـشانی ئـەو چـەمکانەی توانـای کۆچـکردن و گوێزانـەوەیان هەیـە بـۆ چـەند هـەرێمو بـوارێکی نـوێی جیـاواز. چـونکە چـەمکەکان کاتێـك دەکـوژرێن کـە بگـۆڕرێن بـۆ چـەند مۆدێـل و نموونەیـەکی بـەرز، یـان چـەند ڕەچەڵەكو شوناسێك.

لـەم دەرگایـەوە دەچـمە نـاو ڕەخنـەگرتن لـەو بیریارانـەی عـەرەب، کـە بـەهۆی خۆیانەوە لێیـان جیادەبمـەوە. ئەمـەش پاردۆکسەکەیە. بـەواتای ئـەوەی مـن ئـەنجامی ئاشکراکردنی ئەوەی ئەوان نایڵێن، یان بێدەنگیی لێ دەکەن، یاخود پیادەکردنی ئـەوەی ئەوان دەرەقەتی نایەن، فیکری خۆم نوێدەکەمەوە و کاریگەرێتی خۆم پیادەدەکەم.

### ٣- دەربارەی پێشەی فەلسەفاندن:

هێمـا بـۆ ئــەوە دەکـەم کـە پیـشەی بیریـار، لێـرەدا مەبەسـتم فەیلەسـووفە بەدیاریکراوی، ڕووبەڕووی ئیشکالییەت، یان ئالۆزی، یاخود دانپیادانەنان دەبێتەوە:

یەکەم لەبەرئەوەی کاری بیرکردنەوە تەنیا لای بیریارەکان قەتیس ناکرێت، بەڵکو چالاکییەکە هەموو خەڵك بەشداریی تیادا دەکەن. دوەم لەبەرئەوەی پیشەی بیرکردنەوە بەپیشەکانی تر پێناسەدەکرێت و لەگەڵ گشت کایە و بوارەکاندا یەکتر دەبڕن. سێیەم لەبەرئەوەی ئەهلی فیکر بەپلەی یەکەم بایەخ بەو چەمکانە دەدەن کە جێی بایەخی هەموو خەڵکن، بەئەندازەی ئەوەی جێی بایەخی کارکەرانی گشت لقەکانی مەعریفەن، وەك بوون، حەقیقەت، ماف، ئەقڵ، هوشیاری، مەعریفە، بەختەوەری، دادپەروەری، ڕۆشنگەری، ئازادی، پێشکەوتن، دەسەڵات و هێز. لەکۆتاییشدا لەبەرئەوەی کەسانێك هەن کاری فەلسەفاندن بەپیشە دانانێن، بەڵکو بە پەیامێکی دادەنێن، کە گەنجینەیەك نموونە و بەهای بەرز لەپشتییەوەیە.

لەبەر سەرجەم ئەم هۆیانە دەبینین زۆرینە، لە لوبنان و جیهانی عەرەب، بەکارهێنانی سیفەتی بیریار سەختدەکەن، لەکاتێکدا بەکارهێنانی سیفەتی شاعیر لەلایەن هەرکەسێکەوە کە خۆی بەشاعیر بزانێ ئاساندەکەن، هەتاکو کار گەیشتۆتە ئەوەی زۆربەی نووسەران بوونەتە شاعیر. بۆیە ئەوانە خۆیان لە بەکارهێنانی سیفەتی بیریار یان نازناوی فەیلەسووف بۆ کارکەرانی کایەکانی فیکر و بوارەکانی فەلسەفاندن بەدووردەگرن و پێیان باشترە سیفەتی توێژەر یان نووسەر بەکاربهێنرێ. ئەمەش نموونەی هەڕەمەکیبوونی نازناو و سیفەتەکانەو نیشانەی ئەوەیە شتەکان بەناوی خۆیانەوە ناونانێین.

بەڵام من، کە هەوڵی ئەوە دەدەم مەسەلەکان بگێڕمەوە جێی خۆیان و کار و پیشەکان بەناوی خۆیانەوە ناوبنێم، سیفەتی "فەیلەسووف"م لە سیفەتی "بیریار" پێ باشترە، چونکە ئەمەی دوایی، وەك سیفەتی "ڕووناکبیر"، هێمایە بۆ نەرجسیبوون و لوتبەرزی، بەئەندازەی ئەوەی بەکەم سەیریکردنی هەموو ئەوانە لەخۆدەگرێت کە بیرکردنەوە یان فەلسەفاندن ناکەنە کار یان پیشەی خۆیان. چونکە بیرکردنەوە خەسڵەتو چالاکییەکی مرۆڤە، بەوپێیەی پەیوەندیی مرۆ بە بوونی خۆیەوە بەپلەی یەکەم پەیوەندییەکی فیکرییە. بەم مانایە، هەموو خەڵك ئەقڵی خۆیان بەکاردێنن و چالاکیی فیکریی خۆیان پیادەدەکەن، بۆ ڕاییکردنی ژیان و بەڕێوەبردنی بوونی خۆیان، یان بۆ ڕووەکانی پێکەوەژیان و کایە تایبەتییەکانی کاری خۆیان.

جا ئەگەر بیریارەکان بەتایبەتی کار بەبیرۆکەکان و لەناو بیرۆکەکاندا بکەن، بۆ بەرهەمهێنانی چەند بیرۆکەیەکی نوێ، ئەوا مەسەلەکە شمشێرێکی دووسەرەیە: بەواتای ئەوەی بیرکردنەوە دەبێتە ئاستەنگێکی مەعریفی و بوونخوازی، واتە ئامرازی پەردەپۆشکردنی واقیع و خنکاندنی دەستدانەکان، بەئەندازەی ئەوەی دەگۆڕێت بۆ چەند نموونە و مۆدێلێکی وەها، کە لەسەرروو ئەزموونی بوونخواز دەبن، یان داماڵراودەبن لە پیادەکردنی کۆمەڵایەتیو مێژوویی.

بەڵگەنەویستانە یان بەپێویست ئەهلی فیکر، ئەوانەی کار بە بیرۆکەکان دەکەن، هەمیشە ئەقڵی خۆیان بەشێوەیەکی زیندوو و بەرهەمهێنی زیاتر لە باقیی خەڵك بەکارناهێنن. بەپێچەوانەوە، پێموایە ئیمڕۆ ئەو خەڵکەی لەبەر ڕۆشنایی ئەو گۆڕانکارییە بێشومار و خێرایەی بەسەر دیمەنی جیهانیدا هاتوون و بەهۆی تەقینەوەکانەوە لە زانیاری و تەکنیکەکانی پێکگەیشتندا چوونەتە ناو دروستکردنی ژیانەوە، ئەقڵی خۆیان بەشێوەیەکی زیندوو و بەرهەمهێنی وەها بەکاردێنن، لای زۆرێك لەو ڕووناکبیرو بیریارانە نایبینینەوە کە جیهان بە لۆژیکی ڕووداو و زمانی چەمکئاسا ناخوێننەوە، بەڵکو بە زمانی ئایدیۆلۆژیا و لۆژیکی بڕوا و شوناس دەیخوێننەوە. بەڵگەی ئەوەش، ئەو قەیرانەیە کە ڕێبازە فیکرییەکان و سیستەمەکانی بەهاکان لە گۆڕەپانی فیکر لە جیهاندا بەدەستییەوە دەناڵێنن.

پوختەی قسە: ئەگەر خەسڵەتی تایبەتیی ئەهلی فیکر، بەرهەمهێنانی بیرۆکەکان، یان گۆڕانی شێوازەکانی بیرکردنەوە، یاخود داهێنانی پیادەکردنی فەلسەفیی نوێی جیاواز بێت، ئەوا کوشتنی ئەم پیشەیە، گۆڕینی بیرۆکەکانە بۆ چەند بتێك بۆ پەرستن، یان چەند دروشمێك بۆ بەرگریکردنو تێکۆشان. چونکە فیکری زیندوو و بەپیت، توانای هەمیشەییە بۆ گۆڕین و خستنەوەو بەرهەمهێنانی چەند پەیوەندییەکی نوێ لەگەڵ خودو ئەویتر، واقیعو جیهان. لێرەوە ئەو گوتەو مۆدێلو فۆڕمانەی شۆڕشگێڕانە، یان پێشکەوتنخوازانە، یان ئەقڵانیانە، یان ڕۆشنگەرانە، یاخود ڕزگاریخوازانە دەبن، بێکەڵك دەبنو دژی خۆیان هەڵدەگەڕێنەوە. ئەمەش مانای ئەوەیە، پەیوەندیی فیکر بەخودی خۆیەوە بەردەوام دەکەوێتە بەر لێپێچینەوە و

پشکنین و ڕەخنە. بەم مانایە، دەشێت بوترێ: شۆڕشی فیکری، شۆڕشی فیکرە بەسەر خۆیدا.

### ٤- دەربارەی فێڵەکانی ئەقڵ:

مارکس لە گوتارەکەیدا چەند فێڵێکی ئاوێتە لە چەند ڕوویەکەوە پیادەدەکات: ڕووی یەکەم بەشداریکردنی فەیلەسووفەکانی ترە لە فێڵکردنە ئەقڵییەکانیاندا، وەك ئەوەی بەشێوەیەکی تایبەتی لای هیگڵ دەردەکەوێت و هێشتا لەگەڵ مارکسدا کۆنترۆڵی ئەقڵی ڕووناکبیرە مۆدێرنیستەکان دەکات، جا هوشیارانە بێت یان ناهوشیارانە، بەشێوەی کۆنترۆڵکردنی فەیلەسووف و زاناکان لە ڕابردوودا لەلایەن ئەرستۆوە.

فێڵەکەی هیگڵ لەسەر ئەو بڕوایە دادەمەزرێ، کە ئەقڵ دەتوانێ لە ڕێگەی سیستەمی فەلسەفیو ئایدیالیستبوونی بابەتیانەی خۆیەوە حەقیقەتی واقیع بەشێوەیەکی بابەتی و هاوجووت بەدەستەوەبگرێت. واتە بەشێوەیەك، ئەوەی ئەقڵییە تیایدا تەماهی لەگەڵ واقیعیدا بکات. ئەم بڕوایەش تەنیا یەکێکە لە وەهمەکانی ئەقڵ، چونکە بیریاری داهێنەر و خوڵقێنەر ئەوەنییە کە بیر لە بابەت دەکاتەوە، بۆ ئەوەی هاوجووت بێت لەگەڵیدا، بەئەندازەی ئەوەی چەند بابەتێکی نوێ بۆ بیرکردنەوە دەخوڵقێنێ، یان چەند ئامرازێکی کاریگەر بۆ تێگەیشتن و دەستنیشانکردن دادەهێنێ کە بەهۆیانەوە فیکری خۆی دەگۆڕێت، ئەمەش بەئەندازەی گۆڕانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕووداو و شت و کارەکان.

ئەمە باری مارکسە: فێڵی یەکەمی، بڕوابوونیەتی بەوەی توانیویەتی لە ڕێگەی مەتریالیزمی دیالەکتیکی یان مێژووییەکەیەوە یاساکانی مێژوو و کۆمەڵگە بەدەستەوەبگرێت و دوا تیۆری زانستی بەدەستبهێنێ، کە یاریدەدەرە بۆ بەدەستەوەگرتنی حەقیقەتی واقیع و گۆڕینی جیهان، بەمەبەستی هێنانەدیی بەهەشت لەسەر زەوی. فێڵەکەی تری، یان فێڵە مەزنەکەی، دەربڕینی وتەکەیەتی کە دەڵێت: خۆمان بۆ گۆڕینی جیهان تەرخانبکەین، پاش ئەوەی فەیلەسووفەکان سەرقاڵی تێگەیشتنی بوون. فێڵەکەش لێرەدا لەوەدایە، مارکس بەشداریکردوە لە گۆڕینی جیهاندا، لە ڕێگەی ئەو ئامرازە فیکری و دەزگا چەمکئاسایانەوە کە دایهێناون. چونکە

هەر چەمکێك ئاوێتەیەکی هێماگەرانەی خاوەن توانای گۆڕانکارییە.. بەڵام جیهان بەوجۆرە نەگۆڕا کە مارکس و لایەنگرانی ویستیان، بەڵکو ئەوان توشی ئەوە وەهمە بوون کە چەند تیۆرێك هەن لەواقیعدا جێبەجێدەبن یان بەسەر واقیعدا جێبەجێدەکرێن. ئەمەش ڕووی سێیەمی فێڵەکەیە، چونکە ئەگەر چەمك خاوەن توانایەکی گۆڕانکاری بێت، ئەوە مانای ئەوەیە چەمك وێناکردنێك نییە لە واقیعدا جێبەجێ بێت یان بەسەر واقیعدا جێبەجێدەکرێت، بەڵکو مانای توانای گۆڕانییەتی لەکاتی گۆڕینی واقیعدا. بەو جۆرە کاتێك چەمك دەچێتە ناو تێگەیشتنی واقیعەوە بەردەوام پێکدەهێنرێتەوە. کتومت وەك چۆن واقیع، پاش کەوتنە ژێر کاریگەرێتیی چەمکئاسای گۆڕانکاریخوازەوە، وەك خۆی لێ نایەتەوە. چونکە هەر چەمکێکی خولقێنەرانە واقعێك دەخولقێنێ، کە واقیع لەگەڵیدا دەگۆڕێت.

نابێت چوارەمین ڕووی فێڵ لە گوتاری مارکسیدا لەبیربکەین، ئەویش ئەوەیە کە مارکس خۆی وەك دژگەری هیگڵ خستۆتەڕوو، لەکاتێکدا ئەو دوو بیریارە، بەپێچەوانەی تێڕوانینی زۆر کەسەوە، زۆر لێك نزیکبوون. ڕاستە ئەوان لە ڕووی وێناکردن و ناوەڕۆکە ئایدیۆلۆژییەکانەوە ناکۆك بوون، بەڵام هەردووکیان، هەریەکە و بەشێوازی خۆی، هاوڕابوون لەسەر بەڵگەنەویستە ئەقڵییەکان، کە بریتی بوون لە گەشبینییان بەرامبەر بە توانای پێشکەوتن لای مرۆڤ، لەسەر ئاستی ئەقڵی و ئازادی، بەوپێیەی هەردووکیان بەری سەردەمی ڕۆشنگەری و پێشکەوتنن.

چەند نموونەیەکی هەستپێکراو دەربارەی ئەوە هەیە، کە هەڵوێستی هیگڵ بەرامبەر بە شۆڕشی فەرەنسی و هیوای مارکس بە هاتنەدیی شۆڕشی سۆشیالیزم دەیخەنەڕوو. دەمەوێ بەوە قسەکەی هیگڵ وەبیربهێنمەوە کە لە کاتی گەرانی ناپلیۆن بەناو شەقامەکانی شاری یینا و شانازیکردن بە سەرکەوتنەکەیەوە کردویەتی. یینا ئەو شارەیە کە هیگڵ لە زانکۆکەیدا وانەی دەوتەوە. ئەو ڕۆژە فەیلەسووفی ئەڵمانی دەربارەی ئیمپراتۆری فەرەنسا وتی: "ئەقڵی جیهان"م بینی بەسواری ئەسپێکەوە. بەوجۆرە وەك دوژمنێکی فەرەنسی سەیری نەکرد کە شارێکی ئەڵمانیی داگیرکردبوو، بەڵکو بینیی ئەقڵ سەرکەوتن و پێشکەوتنی تەواوەتیی خۆی بەدەستدێنێ بۆ کۆنترۆڵکردنی جیهان. ئەمەش باری فەیلەسووفەکەیە: نیشتمانەکەی ئەقڵە. بەمەش

هیگڵ لە زۆربەی رووناکبیرەکانی ئەڵمانیا جیابۆوە، کە پاش داگیرکردنی ئەڵمانیا لەلایەن ناپلیۆنەوە پاشکەزبوونەوە لە لایەنگیریکردنی شۆڕش فەرەنسی.

بەڵام مارکس، یان چاکترە بڵێین شوێنکەوتەکانی، ئەوا خەیاڵی سۆشیالیستی سوریالیی خۆیان ئەوەی بۆ رازاندنەوە کە رۆژێك دێت کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی بێتەدیو هەرکەسێك بەپێی پێویستییەکەی شتی تیادا بەدەستبهێنێ، لەو کاتەشدا ئالتون پوچەڵدەکرێتەوە و پرۆلیتاریای سەرکەوتوو دەتوانێت ئەم ئالتونە بەنرخە بەکاربهێنێ بۆ دروستکردنی کەلوپەلەکانی ناو ماڵ و قاپ و قاچاخی چێشتخانە و کەرەستەکانی گەرماوەکان.

کەواتە ئێمە لەکوێی ئەم گەشبینییە ئەقڵانییەداین؟

بێگومان ئەقڵی ئامێری یان بیرکاری چەندین موعجیزەی هێنایەدی، کۆمپیوتەرەکان ئیمڕۆ لە خەملاندن و بیرکردنەوەدا جێی ئەقڵی مرۆڤ دەگرنەوە، بەڵام ئەو ئەقڵەی ئەرستۆ، فورئان، فارابی، دیکارت، کانت و هیگڵ باسیانکردوە، واتە ئەقڵ وەك بیرکردنەوەو تەگبیر، یان پرنسیپێکی کۆکەرەوەی رۆڵەکانی مرۆڤ، یاخود کۆششێك بۆ رەتکردنەوەی توندوتیژی و دروستکردنی ئاشتی پێش ناکەوێت، بەڵکو پاشەکشە لەوەی پێشتریش دەکات. ئەو ئەقڵە هێشتا لەسەردەمی جیۆلۆجیانەی خۆیدایە، بە بەڵگەی ئەوەی سەدەی بیستەم توندوتیژتربوو لە سەدەکەی پێشتری و نابەرابەریی نێوان دەوڵەمەند و هەژارەکان زیاتربووە. لەوانەیە رەوانترین بەڵگەش ئەوەبێ کە مرۆڤایەتی زاڵبووە بەسەر بۆشایی ئاسماندا، کەچی دەستەوسانە لەئاست کۆنترۆڵکردنی کارەکانی خۆی و لەناوبردنی خۆڵ و خاشاکەکانی خۆیدا. ئەمە لەسەر ئاستی کارو تەگبیرکردن. لەسەر ئاستی تیۆری و بیرکردنەوەش لەوە باشترنییە، چونکە ئێمە لە سەردەمێکداین کە ئاسایشی مەعریفی تیایدا لەناوچووە، ئەوەش پاش تەقینەوەی رێبازە ئەقڵانییە نوێکان، کە لە نیتشەوە دەستپێدەکات هەتاکو دەگاتە فەیلەسووفەکانی پۆست مۆدێرنیتە، یان لە پرنسیپی گۆمانەوە لە فیزیادا هەتاکو دەگاتە تیۆری کارەساتەکان لە ماتماتیکدا.

ئەم چارەنووسەی ئەقڵانیەتی نوێ پێیگەیشتووە، دارشتنی ئەقڵانیەتێکی نوێی وەها پێویستدەکات، کە بەهۆیەوە وەهمەکانی مارکس و هیگڵ تێپەڕێنین. چونکە

چیتر لەتوانامانندا نییە بە ئەقڵییەت و شێوازی ئەوان پیشەکەمان پیادەبکەین، یان ڕۆڵی خۆمان بگێڕین. با سەرەتا دان بەوەدا بنێین، ئێمە وەك هەموو خەڵك کەمتر لەوە ئەقلانی یان ئاقڵین کە بۆی دەچین. ئەمەش پێویستی دەکات ئەهلی فیکر دەستبەرداری بانگەشەکردنی نوێنەرایەتیکردنی ئەقڵ بن. بەڵێ ئەوانە ئارەزووی ئەقڵ دەکەنو عاشقی ئەقڵن، یان پیرۆزیدەکەن و دەمارگیردەبن بۆی. ئەمەش نرخی خۆی هەیە: ئەقڵ زۆردارانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، وەك چۆن عاشق زۆردارانە مامەڵە لەگەڵ خۆشەویستەکەی دەکات. ئەوەش بەشێوەی چەند وەهمێکی تیۆری، یان چەند خەیاڵپلاوییەکی ئەقڵیی ڕۆشنگەرانە دەخرێتەڕوو. واتە بەشێوەی چەند پەیوەندییەك دەیخاتەڕوو کە ناچنە ئەقڵەوە. بۆیە وەهمەکان و ناماقوڵییەکانی فەیلەسووفەکان، بەئەندازەی عشقیان بۆ ئەقڵەکانی خۆیان و تەماهیکردنیان لەگەڵ بیرۆکەکانی خۆیان دەبێت.

پوختەی وتەکە دەربارەی ئەم مەسەلەیە ئەوەیە، وێنەی فەیلەسووف وەك نوێنەری ئەقڵ لەقبووە، بەئەندازەی ئەوەی وێناکردنەکانی دەربارەی جیهان ڕاستبێژیی خۆیان لەدەستداوە و بەڕادەی ئەو قەیرانەی پڕۆژەکانی سەبارەت بە ڕۆشنگەری و ڕزگاری یان گۆڕانکاری پێیگەیشتوون.

ئەمەش مانای ئەوەنییە میراتی هیگڵی، مارکسی، کانتی، دیکارتی، یان تەنانەت سینەوی، یاخود ئەفلاتونی ڕەتبکرێتەوە، وەك زۆر ڕەخنەگر لە جیهانی عەرەب دەیکەن، بەتایبەتی ئەوانەی باسی پاکتاوکردنی پەیوەندی لەگەڵ هەندێك بەشی کەلەپوور دەکەن، وەك ئەوەی لای جابری دەیبینینەوە، یان یەکلاکردنەوەی حساب لەگەڵ جابری، وەك ئەوەی جۆرج تەرابیشی ڕەخنەگر لە ڕەخنەکەیدا پیادەیدەکات.

**٥- دەربارەی ڕۆڵی نێوانکار:**

ڕۆڵی نێوانکار ئەوەیە کە من هەوڵدەدەم لە ژینگەو کۆمەڵگەو جیهانەکەمدا تیایدا قاڵبم، لە پەیوەندیم بە خێزانەکەمەوە بیگرە، هەتاکو دەگاتە هەڵوێستم بەرامبەر بە پڕۆژ فیکری و بڕواخوازییە دژ بەیەکەکانی گۆڕەپانەکانی فیکر و بەرەکانی سیاسەت. بۆیە من لە قسەتیاکردنەکان و گفتوگۆکانمدا هەمیشە و هەتاکو ئێستا خۆم لەوە پاراستووە بکەومە پاڵ ئەم یان ئەو گرووپ، بۆ ئەوەی ململانێ لەسەر

ڕەوابـوونتری بڕواکـان و ڕاسـتبێژیی ڕێبازەکـان یـان بـەکاریی پڕۆژەکـان تێپـەڕێنم، ئەوەش بە کارکردن لەسەر ئاشکراکردنی شەرمەزارییەکان، یان کردنەوەی کەلێنـەکان، یاخود ڕیسوارکردنی پێگەکانی دەستەپاچەیی و فشۆڵی.

نموونــەی ئــەوە، کاتێــك خــەڵك لــە کــاتی جــەنگی تایەفــە و حیزبەکانــدا بەسەرسـامییەوە دەیـان پرسـی: بۆچـی یـەکتر دەکـوژن لەکاتێکـدا ئـەوان سـەر بـە نیـشتمانێك یـان مەزهـەبێکن یـاخود لـە ڕیزێکـدا پێکـەوە ڕادەوەسـتن.. وەڵامـی مـن ئەوەبوو، ئەوانە بۆیە یەکتری کوژن، چونکە پێیانوایە تەواو لێك دەچن، واتـە ئـەوان هەمەڕەنگیو جیـاوازیی بـیروڕا و هەڵوێست قبـوڵ ناکەن. بۆیـە گـەلێك جـار بەوانـەم وتــووە، کــە بەئــەقڵێکی دوورخــەرەوەخواز دەربــارەی مەســەلەی خیلافــەتی ئیــسلام کاردەکـەن: ئەگـەر ئێـوە یـەکتری قبـوڵ نەکـەن، ئـەوا ئـەوەی لـە دەرەوەی گەمەکەیـە پێیوادەبــێ ئێــوە دوو موســڵمانن هەریەکــەتان لەســەر ڕێبــازی خۆیــەتی، یــان بــە خاوەنـەکانی پـڕۆژەی ناسیونالیـست، یـان ئیـسلامی، یـاخود مارکسی دەڵـێم: گرەوەکـە، نوێکردنــەوەی گوتــار و خوێندنــەوەی چــالاکانەی جیهانــە، نــەك دووبارەکردنــەوەی ئاخاوتنی تەقلیدی، یان سووربوونی بەرهەم نەهێنەرانە لەسەر هەڵوێست و تێزەکـان. لە ڕەوتی مـشتومڕی نێـوان ئیسلامیـشدا خـۆم هەڵدەقورتێنم بـۆ ئـەوەی پێیـان بڵـێم، ئەگەرچـی ئـەوان دەربـارەی ناوەڕۆکـەکان لێـك جیـاوازن، بـەڵام لـە زۆر شـتدا تـەبان، چــونکە هــەردووکیان بەشــێوازێکی فەندەمەنتالیــستانە بیردەکەنــەوە، هــەردووکیان لـۆژیکی دوورخـستنەوە و سـتراتیژی یـەکتر ڕەتکردنـەوە بـەکاردەهێنن، هـەردووکیان خاوەن پڕۆژەیەکن کە ئامانجی کۆکردنەوەی مرۆڤەکان و کۆنترۆڵکردنیانە.

مەغزای ئـەم نموونانـە ئەوەیـە، مـن بـە ئـەقڵێکی یـەقینخوازو متمانـەپێکراوی داخراو نەچمە نـاو ئـەم یـان ئـەو هێـزە دژ بـە یەکانـەی سـەر گۆڕەپانەکەوە، چونکە ئەزموونـەکان فێـری ئـەوەیان کـردوین، ئاکـامی ئـەوە دوورخـستنەوە و جەنگە. ئـەوە دەبێتە هۆی ئەوەی بڵێین: ئێمە لەگـەڵ یـەکگرتنی عـەرەبین، تەنانـەت ئەگـەر نیـوەی عــەرەبیش لەناوبــچێت، یــان لەگــەڵ یەکلاکردنــەوەی بارەکــەین لــە لوبنــان لــەپێناو هێنانەدیی یەکگرتنی نیشتمانیدا، تەنانـەت ئەگـەر ملیۆنێـك کەسـیش بکوژرێـت، وەك هەندێك لوبنانی بەگاڵتەوە دەریانبڕی و زیاتر لـە جیدیبوونـەوە نزیـك بـوو. بەوپێیـە

کاری بیریار، دارشتنی زمانێکی چەمکئامێزو خولقاندنی ژینگەیەکی پێگەیشتنخوازە، بەڵام تەماهیکردن لەگەڵ حەقیقەت دەشێت کاری بانگەشەکار و هەریەکێك بێت کە بە لۆژیکی بڕوا کاردەکات، جا ئەو بانگەشەکارە لینینی بێت، یان ناسیونالیست، یاخود مارکسی. ئیسلامی بێت، یان مەسیحی. عەرەب بێت، یان ئەوروپی.

ڕۆڵی نێوانکار، بەو جۆرەی من بیری لێ دەکەمەوە، یەکەم دەرفەتم بۆ دەرەخسێنێ کۆتایی بەگۆشەگیریی خۆم بهێنم، ئەوەش بەکرانەوە بەرووی گشت کەرتە بەرهەمهێنەکانی کۆمەڵگەدا. دوەم دەرفەتم بۆ دەرەخسێنێت لەو یەقینە دۆگماییە ڕزگارم بێت کە جگە لە یەکتر دوورخستنەوە یان یەکتر لەناوبردن و ڕیشەکێشکردن شتێکی تر بەرهەم ناهێنێ. وەك ئەوەی فەندەمەنتالیستە جۆربەجۆرە ئاینیی و عەلمانییەکان پیادەیدەکەن. لەکۆتاییشدا دەرفەتی قوتاربوون لەو وەهمی ڕزگاریی هەتاهەتایی دەرەخسێنێت. وەك ئەوەی لای پێڕەوکارانی بڕوا ئاینییەکان و خاوەنەکانی ئایدیۆلۆژیا ڕزگاریخوازییەکان دەیان بینینو جگە لە زەوتکردنی پرنسیپو ئامانجەکان و هەڵگەڕانەوە لێیان شتێکی تر بەرهەم ناهێنن. چونکە ئەوە بیریارە کە دەرفەتی بەردەوام و کراوەی لەبەردەمدایە بۆ گۆڕینی بیرۆکەکانی، ئەوەش بە دروستکردنی پەیوەندییەکی ڕەخنەگرانە لەگەڵ ئەوەی بیری لێ دەکاتەوە و بیری پێ دەکاتەوە، لە شوێنێکدا کە پەیوەندیی لەگەڵ فیکر پەیوەندیی شڵەژان و بەهەڵەتێگەیشتنە، پەیوەندیی لەگەڵ خود پەیوەندیی دروستکردن و ڕاهێنانە، پەیوەندیی لەگەڵ سیاسەت پەیوەندیی گەمەکردن و گرەوکردنە، پەیوەندیی لەگەڵ حەقیقەت پەیوەندیی بەرهەمهێنان و داهێنانە. بەکورتی، لە شوێنێکدا کە پەیوەندیی لەگەڵ بوون، پەیوەندیی چێژوەرگرتن و هەقداری، یان پەیوەندیی زۆربوون و گەشانەوەیە.

### ٦- دەربارەی کرێگرتە و دەڵاڵی:

ڕووناکبیران ئەوە پیادەدەکەن کە ئەوانیتر دەیبەن. واتە کرێگرتەبوون و نێوانکاری و دەڵاڵی و پیادەکردنەکانی تر، کە هیچ گۆڕەپانێکی ڕووناکبیری بەدەرنییە لێیان. ئەمەش بەمانای مەعریفیانە نا، بەڵکو بە مانا باوەکەی. چونکە بەرهەمهێنەران لە بواری ڕووناکبیریدا کاردەکەن بۆ بەکارهێنانی هاوڕێیەتی یان

دوژمنایەتییەکان و پەیوەندی و بایەخدانە کەسێتییەکان بەمەبەستی ساخکردنەوەی بەرهەمەکانیان و پڕوپاگەندەکردن بۆ یەکتری، یان چەپاندنی یەکتری. بەم مانایەش گۆڕەپانی ڕووناکبیری پڕیەتی لە نێوانکار و دەڵاڵ.

**٧- دەربارەی مەنهەجیبوون و بابەتیبوون:**

شاراوەنییە ئەم دەستەواژە ڕەخنەگرانەیە بەپلەی یەکەم پەی بەو وەڵامدانەوەیە دەبات کە دکتۆر محەمەد شیا ئاراستەی کتێبەکەم "وەهمەکانی دەستەبژێر"ی کردوەو لەژێر ناونیشانی "وەهمەکانی نووسین"دایە.

ئەمە مانای ئەوە نییە قسەکانم دەربارەی "وەهمەکان"ی دەستەبژێرە ڕووناکبیرەکان بۆخۆی بەدەرە لە وەهم، چونکە کاتێك من باسی وەهمەکانی هیگڵو فێلەکانی مارکس دەکەم، ئەوا گوتەکانی منیش وەهمو فێڵی خۆیان هەیە. بۆیە زۆرجار لەسەر ئەو چەند دانەیەی کتێبەکەم کە پێشکەش بە هاوڕێکانم کردوە نووسیومە: غافڵ نیم لەوەی وتارەکانم دەربارەی "وەهمەکانی دەستەبژێر" بۆ خۆیان بەدەرەنین لە وەهمەکان.

بەڵام ئەوەی لێرەدا دەمەوێ ڕوونیبکەمەوە، ئەو ڕەخنەیەی هەندێك نووسەر و توێژەری ئەکادیمی، پشتئەستوور بە گوتەکانی مەنهەجیبوون و بابەتیبوون، ئاراستەیانکردووم بێسوودبوون. چونکە مەسەلەکە، وەك دایدەڕێژم، چیتر مەسەلەی پیواری (غیاب) مەنهەجیبوون لە توێژینەوەدا، یان بابەتیبوون لە لێکۆڵینەوەدا، یاخود وردبینی لە خستنەڕووی چەمکەکاندا نییە، بەڵکو مەسەلەی پیواری زەینڕوونیی خوڵقێنەرانە و نەبوونی بیرۆکە بەپیت و چەمکە بێوێنەکانە. بە وتەیەکی تر: مەسەلەکە، مەسەلەی چەند بیرۆکەیەکی حازربەدەست و ئەو پێشوەختانە نییە کە لە میتۆد و مۆدێلەکاندا هەن و دەشێت جێبەجێبکرێن یان چاویان لێ بکرێت، بەئەندازەی ئەوەی مەسەلەی نوێبوون یان ڕەسەنایەتی یان داهێنانە لە گوتار یان خوێندەوە یاخود دەربڕیندا. واتە مەسەلەی کرانەوەی ئاسۆیەکە بۆ بیرکردنەوە، یان دۆزینەوەی زمانێکی چەمکئاسایە، یان داهێنانی پیادەکردنێکی فیکرییە، یاخود دارشتنی ئیشکالییەتێکی بوونخوازە. گرنگ

ئەوەیــە ســەرەتا بیرۆکــەکان شــاڵاو بــۆ مــرۆڤ بــەرن، دواتــر ڕۆڵــی مەنهــەجیبوون و مۆدێلـــسازی و تەکنیکـــەکانی تـــری ســـەلماندن و شـــێوازەکانی یەکخـــستن و ڕێکخـــستن دێـــن: لێـــرەوە بانگەشـــەکارانی مەنهـــەجیبوون و بابـــەتیبوون، بەئەنـــدازەی زاڵبـــوونی ئەقڵییـــەتی لاســـاییکردنەوەو کـــارپێکردنی بیرۆکـــە پێـــشوەختەکانو مۆدێلـــە حازبەدەســـتەکان، یـــان بەئەنـــدازەی زاڵبـــوونی ویـــستی ڕەتکردنـــەوە و دوورخـــستنەوەی کارەکـــانی ئـــەوانیتر بەســـەریاندا، نکۆڵییـــان لـــەوە کرد نوێبوون لەناو کتێبەکەمدا هەبێت.

ئەمـــە بـــاری هەنـــدێك لەوانـــە بـــوو کـــە کتێبـــی "وەهمـــەکانی دەســـتەبژێر"یـــان خوێنـــدەوە: نەیانویـــست بەســـوود بخوێننـــەوە، نـــەیانتوانی نـــوێ لـــەوەدا بدۆزنـــەوە کـــە دەیخوێننـــەوە، بۆیـــە دەستەوســـان بـــوو لەئاســـت هـــەڵهێنجانی بەســـوود و نوێـــدا، لەبەرئـــەوەی نـــازانن فیکـــر و ڕەخنـــە مانـــای چـــییە، یـــان میکانیزمـــەکانی نابینـــاکردن و شـــاردنەوە وایـــان لێ کـــردون نـــەتوانن ئـــەو وەهمانـــە ڕیـــسوابن کـــە لـــەناو ئەقڵیانـــدا نیـــشتەجێن. زیـــاتریش لەبـــەر هـــەموو ئەوانـــە و پـــشێویی نـــاو مێـــشکیانە. ئـــەوەی ئەمـــەش بارەکـــەی بێـــت، ناتوانێـــت بەچـــاکی ڕەخنـــەی فەلـــسەفی پیادەبکـــات. لـــە هـــەموو ئەوانـــەش سەرنجڕاکێـــشتر، ئـــەوەی لافـــی فەیلەســـووف بـــوون لێ دەدات، وەك ڕەخنـــەگر ستایـــشت دەکـــات، کەچـــی وەك بیریـــار بەدرۆتدەخاتـــەوە و پێیوایـــە، ئـــەوەی بەرهەمیـــدەهێنی و دەینووســـیت تـــەنیا "گەمـــەی دارشـــتنی نووســـین"ـــە. بـــەوەش یەکـــەم بێئاگایـــە لـــەوەی بیرکردنـــەوەی خوڵقێنـــەر و بەرهەمـــدار بەدەرنییـــە لـــە دارشـــتنەکانی نووســـینی گوتـــار، دووەم بێئاگایـــە لـــەوەی کـــاری فەلـــسەفی چـــالاکییەکی ڕەخنەگرانەیـــە و لەوەوبـــەریش هـــەروابووە. وەك ئـــەوەی پەیوەنـــدیی نێـــوان فەیلەســـووفەکانی یۆنـــان شـــایەتیی لەســـەر دەدەن، کاتێـــك یەکـــەمین پێکهاتـــەی فەلـــسەفی ســـەریهەڵدا و لەگـــەڵ کانتـــدا گەیـــشتە "ڕەخنـــەگرتن لـــە ئـــەقڵی ڕووت"، کاتێـــك چـــالاکیی فەلـــسەفی بـــووە ڕەخنـــە و پیـــادەکردن و چـــەمك. بـــەم مانایـــە، بیریـــار- فەیلەســـووف بـــەدیاریکراوی - بـــووە ڕەخنـــەگر، واتـــە ئـــەوەی پەیوەندییـــەکی ڕەخنەگرانە لەگەڵ خود و فیکری خۆی دروستدەکات.

## پەراوێز:

* شاراوەنییە ئەم پاشکۆیە پاش پێشکەشکردنی موحازەرەکە خرایە سەر دەقی موحازەرەکە، بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێك مەسەلە لەبەر ڕۆشنایی ئەو پرسیارانەی وروژاندبوونی.

(VIII)

# فیکر لەنێوان لۆژیك و پۆلێنکردنەکانی خۆیدا

# فیکر لەنێوان لۆژیك و پۆلێنکردنەکانی خۆیدا*

## ١- فیکر وەك نیشتمان:

*** پاش بیست ساڵ لە ئەزموون و هەوڵدانەکان لە کایەکانی توێژینەوەو نووسیندا، لەناو قوتابخانە و ئاقارە فیکرییەکانی فیکری عەرەبیدا لەکوێدا خۆت دەبینیتەوە؟**

- ئەوەی من هەوڵی بۆ دەدەم، ڕزگاربوونە لەو پۆلێنکردنە لەخشتەبەرانەی لەسەر ئاستی چەمك دەستەپاچەبوونو فشۆڵی بەرهەمدێنن، چونکە من بەدیاریکراوی کارکەری کایەی فیکری فەلسەفیم، لای من سەردەم و بوار و ناودارانی وەك یەکن، جیاوازی ناکەم لەنێوان ئەوەی عەرەبییە و ئەوەی بیانییە.

بەم شێوەیە من کار لەسەر بیرۆکەکان دەکەم، بەوپێیەی ئەوانە پەیوەندیی منن لەگەڵ حەقیقەت، بایەخ بە ڕەخنەگرتن لە چەمکەکان دەدەم، لەبەرئەوەی ئەوانە خوێندنەوەی منن بۆ ڕووداو و بەشداریکردنی منە لە پێکهێنانی دیمەندا. ئامانجیشم لەوە، ڕۆچوونە ناو دەستدانەکان و داڕشتنەوەی پرسیار و ئیشکالیەتەکان و لێکدانەوەی ئەو تەنگژانەیە، کە پرۆژە ڕووناکبیری و فیکرییەکان بەدەستیانەوە دەناڵێنن. جا ئەوە لە بواری عەرەبیدا بێت، یان خۆرئاوایی. مەبەستم پرۆژەکانی ڕۆشنگەری، پێشکەوتن، ڕزگاری، ئەقڵانیکردن، عەلمانیکردن و مۆدێرنیتەیە، کە وایان لێ هاتووە جگە لە ئاستەنگەکانو شکستخواردن، یان مێنرێژکردنەکان و تەقینەوەکانیان شتێکی تر بەرهەم ناهێنن.

*** ئەی تایبەتمەندێتییەکەت چی بەسەردێت؟**

- بێگومان تایبەتمەندێتیی خۆم هەیەو مەبەستم لێی ئینتیما جۆربەجۆرەو تێکهەڵکێشە نیشتمانی و نەتەوەیی، یان زمانەوانی و کولتووری، یان کۆمەڵگەیی و

تایەفەگەری، یاخود جوگرافی و کیشوەرییەکانە.. بەڵام وەك چارەنووسێکی حەتمی، یان سروشتێکی ڕوون، یاخود دەسەڵاتێکی پیرۆز مامەڵە لەگەڵ شوناسە ئاوێتەکەمدا ناکەم، بەڵکو وەك سەرمایەیەك کە دەبێت وەگەڕبخرێت، یان دەستدانێك کە دەبێت سوودی لێ وەربگیرێت مامەڵەی لەگەڵ دەکەم. ئەوەش بە کارکردن لەسەری و کارکردن بۆ گۆڕانی لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی من لە بوونی هەستپێکراو و تیاداژیاوی خۆمدا بەشداریی تیادا دەکەم و پێکهاتووە لە خەمو پیداویستییەکان، یان مەسەلە و کێشەکان، یاخود پرۆژە و گرەوکردنەکان. ئەمە دەرفەتم بۆ دەرەخسێنێ بگۆڕێم، ئەوەش لە ڕێگەی دروستکردنی پەیوەندیی بەرهەمهێنەوە لەگەڵ شوناسەکەمدا و کارکردن بە تایبەتمەندیی خۆم وەك کارکەرێکی کایەی فیکر، کە کارەکەی بەپلەی یەکەم بەرهەمهێنانی بیرۆکەکان و نوێکردنەوەی ئامرازە مەعریفییەکان، یان فراوانکردنی کایەکانییەتی.

بەوە تایبەتمەندیی ڕووناکبیریی خۆم لە ڕێگەی جیهانیبوومەوە پیادەدەکەم، بەئەندازەی ئەوەی سەرکەوتوودەبم لە پێشکەشکردنی خوێندنەوەیەکی زانستیدا دەربارەی جیهان، یان بەئەندازەی ئەوەی دەتوانم کێشەیەکی بوونخوازی وەها دارێژم کە جێی بایەخی مرۆڤی هاوچەرخ بێت، بەبێ گوێدانە شوناسی ڕووناکبیری و ئینتیمای نیشتمانی یان کۆمەڵگەیی.

ئەمە ئەوەیە کە داوام لێ دەکرێت: لەوە تێبگەم کە ڕوودەدات، هەتاکو لەئاست ڕووداوەکەدا بم. بەشێوەیەکی زیندوو و نوێبوەوە پەیوەندیی لەگەڵ فیکری خۆم بکەم، لە ڕێگەی هێنانەئارای دەستدانێکەوە بۆ بیرکردنەوە، یان بەکارهێنانی زمانێکی چەمکئاسای جیاوازەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ واقیع. ئەگەر ئەوە نەکەم، ئەوا دەستبەرداری کارە بنەڕەتییەکەی خۆم دەبم، کە بریتییە لە بەرهەمهێنانی چەمکەکانو پەیوەندیی لەگەڵ ئەوەی واقیعو هەنوکەییە دەپچڕم. چونکە جیهان لەکۆتاییدا بەوشێوەیە دەبێت بیری لێ دەکەینەوە، واتە گرێدراوی گوتە فشۆڵەکان و وەهەمە لەخشتەبەرەکان، یان وەهمە وێرانکارەکانی خۆمانە. بەئەندازەی ئەوەی گرێدراوی بیرۆکە بەپیتەکان و چەمکە بێوێنەکان و زمانە زیندوو و کاریگەرەکانمانە. پێدەچێت بەمە لە بیریارەکانی تری عەرەب جیاوازبم و لەگەڵیان ناکۆکبم، واتە

هەوڵدەدەم ئەو پۆلێنکردنە ئایدیۆلۆژییە نەزۆکانە تۆردەم کە زاڵبوون بەسەر بواری فیکری لە جیهانی عەرەبدا. مەبەستم ناکۆکییە خنکێنەرەکانی نێوان کەلەپوور و مۆدێرنیتە، یان خۆرهەڵات و خۆرئاوا، یاخود ئەقڵی عەرەبی و ئەقڵی خۆرئاواییە..

بۆیە پێموایە، قسەکردن دەربارەی فیکری عەرەبی، یان ئەقڵی ئیسلامی، یاخود فەلسەفەی خۆرئاوایی، وێڕای بایەخدان بە ڕێنسانسێکی فەلسەفیی عەرەبی، یان ئاراستەیەکی فەلسەفیی خۆرئاوایی، یاخود ڕێگەیەکی عەرەبی بۆ سەربەخۆیی فەلسەفی، تەنیا ئاستەنگێکی ئایدیۆلۆژیانەیە دەمگێڕێتەوە بۆ دواوە، بەئەندازەی ئەوەی فرێمدەداتە ناو قۆزاخەی شوناسەوە و کێشمەکات بۆ بەرەگەزکردنی فەلسەفە و مەعریفە.

*** بۆ نموونە، پەیوەندیت بە سەردەمی ڕێنسانسی عەرەبەوە چییە؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت من وەك بایەخدانم بە سەردەمی ڕۆشنگەریی خۆرئاوایی، یان سەردەمی عەباسی، یان سەردەمی پێغەمبەر، یاخود سەردەمی گریکی بایەخ بە سەردەمی ڕێنسانسی عەرەبی دەدەم.. چونکە ئەو بیرۆکە و فەلسەفە و زانست و سیستەمە مەعریفیانە و کۆمەڵە بڕواخوازییانەی لەو سەردەمانەدا بەرهەمهێنراون، چەند توخمێکن بەم یان بەو شێوەیە بەشدارییانکردوە لە پێکهێنانی ڕووناکبیری و فیکریدا، بەئەندازەی ئەوەی چەند کەرەستەیەك بۆ کارکردن و کایەیەك بۆ پشکنین بوون، واتە چەند دەرهاویشتەیەکن پێویستە بگۆڕێن بۆ چەند دەستدانێکی دەوڵەمەند بۆ بیرکردنەوە و کارکردن.

*** کەواتە کێشەکە لەکوێدایە؟**

- پێموانییە کێشەکەم ئێستا ئەوە بێت کە جارێکی تر ڕابەمو ڕێنسانس لەسەر بنچینەیەکی تازە نوێبکەمەوە، بەڵکو ئەوەیە مەراقەکانو پرسیارەکانی ئەهلی ڕێنسانس تێپەڕێنم. بەوەی دروشمو پرۆژەکانیان بخەمە بەر لێکۆڵینەوەو شیکردنەوە، بەمەبەستی بینینی ئەوەی ئەوان لە ڕۆژگارەکەی خۆیاندا نەیانبینیوە، یان دۆزینەوەی ئەوەی ئەوان بەوەهمیانکردبوو و بەلاڕێیاندا بردن یان پەردەپۆشیانکردو فەرامۆشیانکرد. بەو هیوایەی بتوانم بەوە چەند کایەیەکی نوێ بۆ

بیرکردنەوە بدۆزمەوە، کە دەرفەتم بۆ دەڕەخسێنن بەشداریبکەم لە دروستکردنی دیمەنی فیکریدا لەسەر ئاستی جیهان.

ئەمە باری منە لەگەڵ پرۆژەکانی ڕۆشنگەری و پێشکەوتن و سەردەمەکانی گەشانەوەی ژیواری و فیکری: وەك چەند مۆدێلێك کە چاویان لێ دەکرێت، یان چەند سەردەمێك کە دەبێت نوێبکرێنەوە مامەڵە لەگەڵ ئەوە ناکەم کە دەربارەیان دەیخوێنمەوە، بەڵکو وەك چەند دەرهاویشتەیەك بیریان پێ دەکەمەوەو لێ دەکەمەوە، بەمەبەستی پەردەهەڵماڵین لە بەڵگەنەویستەکانیان و هەڵوەشاندنەوەی میکانیزمەکانیان و ڕزگاربوون لە پێشوەختەکانیان. بەو هیوایەی بتوانم بەوە چەند توانایەکی نوێی وەها بخەمەوە، کە دەرفەتم بۆ دەڕەخسێنن چەند پەیوەندییەکی جیاواز لەگەڵ حەقیقەتدا دروستبکەم، بەئەندازەی ئەوەی دەرفەتم بۆ دەڕەخسێنن بەشداریبکەم لە گۆڕینی جیهانێکدا، کە بەردەوام بەهۆی ڕووداو و بیرۆکەکانییەوە گۆڕانی بەسەردا دێت.

*** لەگەڵ ئەو هەموو باسکردن و ڕوونکردنەوەیەدا، سەختە بتوانم لە ڕووی کاریگەرییەوە *لەسەر* فیکرو ڕووناکبیرییەکەمان ڕۆژگارەکانی ڕووناکبیریی عەرەب و ڕۆژگارەکانی ئەو ڕووناکبیرییانەی تر، کە کەوتوونەتە ژێر کاریگەرییانەوە، پێك یەکسان بکەم.**

- ئەگەر ڕۆژگارەکانی ڕووناکبیریی عەرەب و سەردەمە مەعریفییەکانیان کاریگەرییان لەسەر پێکهاتنی شوناسی ڕووناکبیریم بەهێزتربووبێ، ئەوە مانای ئەوە نییە خۆم بەدرێژکراوەی ڕووتی ئەو ڕۆژگارانە و زمانحاڵیان دەزانم، بەڵکو وەك چەند قەوارەیەکی بەرجەستە لەو دەقو گوتارانەدا مامەڵەیان لەگەڵ دەکەم، ئەوەی هەوڵدەدەم لە بۆتەی ئەزموونەدا بەشێوەیەکی بەرهەمهێنەرانە بیخوێنمەوە، کە پێیدەڵێم "خوێندنەوەیەکی گۆڕانکاریخواز" و لەسەر بنچینەی هەڵوەشاندنەوەی میکانیزمەکانی بیرکردنەوەی دەزگاکانی تێگەیشتن دادەمەزرێت، لەپێناو خستنەوەی چەند پرسیارێکی زیندوو، یان داڕشتنی چەند ئیشکالییەتێکی نوێ، یاخود پێکهێنانی چەند چەمکێکی بەپیتدا، کە دەرفەتم بۆ دەڕەخسێنن پەیوەندییەکی کاریگەر و هەنوکەیی لەگەڵ ئەویترو جیهان دامەزرێنم. چونکە ئەوەی پێمانوایە ڕۆژگاری

ڕابـردووه، بەشـێکە لـە بونیـادی ئێـستا، یـان یەکێکـە لـە چینەکانی هوشـیاری، یـاخود یەکێکە لە عەمبارەکانی یادەوری. واتە دەستدانێکە پێویستی بەیەکێك هەیە بیگۆڕێت بـۆ فیکرێکـی زینـدوو و نوێبـووەوە، بەخـستنەڕووی بەشـێوەی هێـز و نوێبـوون، یـان داهێنان و ڕەسەنایەتی.

*** بەم مانایە، چون پەیوەندیی خۆت لەگەڵ خاك و نیشتمان گرێدەدەیت؟**

- بیرۆکەکان لە ئاسماندا نـاڕوێن، بـەڵکو لـە کەللەکانـدا دادەگیرسـێن، لـە ڕێگـەی پەیوەندییەوە لەگەڵ ئەویتر دروستدەبن و لەسەر زەمینـەی واقیعـی هاوشـێوە پێکدێن. واتـە بـەری شـارەزاییەکی بوونخـوازە، کـە ئـەزموونێکی زینـدوو و دەوڵەمەنـدە، تیایـدا مەعریفــەو ئــارەزوو و چــێژتن و دەســەڵات بەیەکـدا دەچــن. بــەم مانایــە، هــەر دەرهاویشتەیەك کە کاری لەسەر دەکەین، یان هەنگاوی لێوە هەڵدێنین تایبەتییە. هەر ئـەزموونێکیش کـە دەچـینە ناوییـەوە، دانـسقەیی خـۆی هەیـە. لەکاتێکـدا بیرۆکـە بەرهەمهێنــەکان دەربــارەی دەرهاویــشتە و ئەزموونــەکان هەمیــشە تایبەتمەندییــە کولتوورییەکان و چوارچێوە نیشتمانییە تەسکەکان تێدەپەڕێنن، بۆ ئەوەی چەند زمان یان ڕووبەرێکی چەمکئاسای وەها پێکبـێن، کـە دەرفـەت دەرەخـسێنن بـۆ پێکگەیـشتنی خـودە بیرکـەرەوەکان لـەبارەی چـەند مانـا و بەهایـەکی هاوبەشـەوە، جـا ئینتیمایـان هەرچییەك بێت. بۆیە ئیشی کارکەری کایەی فیکر- فەلسەفە بەدیاریکراوی - نییە کار بۆ پاراستنی شوناس، یان کەلەپوور، یاخود تەنانەت نیـشتمانەکەی بکـات. وەك ئـەوەی پیاوانی ئایینی، یان ئەربابی بڕواکـان، یـاخود خـاوەن ئایـدیۆلۆژیاکان دەیکـەن. باشـترە هەریەکێك کاربکـات بـۆ گـۆڕینی نیـشتمان و کەلەپوورەکـەی لەسـەر خـاکێکی بـەپیت، بەمەبەستی ڕواندنی ئەو بیرۆکە و چـەمکانەی کەشـەکانی پێکگەیـشتن دەخـوڵقێنن و بەشدارییدەکەن لە گۆڕینی واقیعـدا، لـە ڕێگـەی چـوونە نـاو چـەند ناوچـەیەکی نـوێی بـوون و ژیانــەوە، کـە لەگەڵیــدا جوگرافیــای مانــا و پەیوەندییــەکانی هێــز گۆڕانیــان بەسەردا دێت.

*** بەگەڕانەوە بۆ دوانەی کەلەپوورو مۆدێرنیتــە، ئایــا مەبەســتت لــە تێپەڕانــدنی ئــەو دوانەیە، تێپەڕاندنی مۆدێرنیست و کەلەپوورخوازەکانە؟**

- من خۆم لەوە بەدووردەگرم مۆدێرنیتە و ناونیشانەکانی ملکەچی مۆدێلکاری، یان بەئایدیۆلۆژیاکردن، یاخود تەنانەت بەئەفسانەکردن بکەم، بەلاّم دژی ئەو مۆدێرنیستانە نیم کە ڕەخنەیان لێ دەگرم، بۆ ئەوەی مۆدێرنیتەی فیکری و ئەقڵیی خۆم پیادەبکەم. بێگومان دژی مۆدێرنیتەش نیم، چەنکە ئەمجۆرە هەڵوێستە هیچ مانایەکی نییە، بەوپێیەی کۆمەڵگەکانمان وەك سەرجەم کۆمەڵگەکانی تر چوّتە ناو مۆدێرنیتەوە، بەتایبەتی بەشێوەی شەپۆلە نوێکەی، کە بریتییە لە سەردەمی زانیاریی گەردوونی. بۆیە بەشێوەیەکی نێگەتیڤی نەزۆك یان پەراوێزکار پەیوەندیی خۆمانی لەگەڵ دەبەستین، یان بەپێچەوانەوە پەیوەندییەکی بەرهەمهێنی هەنوکەیی، واتە پەیوەندیی خوڵقاندن و داهێنان، لەگەڵ گرێدەدەین. ئەمەش باری پەیوەندیمە لەگەڵ بۆماوەدا، چونکە تەماهیکردن لەگەڵ کەلەپوور بێمانایە، لەبەرئەوەی هیچ شتێك وەك خۆی نامێنێتەوە و دابڕان لێشی مانای نییە، بەوپێیەی بەشێکە لە شوناسی ڕووناکبیریمان. چاکترە لە چەواشەکارییە فەندەمەنتالیستەکان و شەبەنگە مۆدێرنیستەکانمان دەربارەی کارەکانی کەلەپوور ڕزگارمان بێت. چونکە وەك مۆدێرنیستەکان تێیدەگەن، ئەو کارانە کە سەرمایەی ئەقڵین، سەرچاوەی قەیرانەکانو ڕیشەی تێکشکانەکان نین. هەروەها وەك فەندەمەنتالیستەکان بۆی دەچن، پەناگەو شوێنی داڵدەدان نین، بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەنوکەییەکان، بەڵکو چەند دەستدانێکی ڕەخساون پێویستە کاریان لەسەر بکرێت و بگۆڕرێن بۆ چەند بیرۆکەیەکی زیندوو و بەپیت.

**٢- ئالۆزیی بیرۆکە:**

*** گوتەو هەڵوێستەکانت، کە پەیوەندییان بە ڕەخنەگرتن لە ڕووناکبیرەوە هەیە، بوونەتە مایەی مشتومڕێکی گەرم و ڕەخنەگرتنێکی توندوتیژ، لەپشت ئەو وروژاندنەوە ویستووتە چی بڵێی؟**

- لافی ئەوە لێ نادەم کە من خاوەن تێزێکم بەهۆیەوە حەقیقەتی واقیع بەشێوەیەکی بابەتی بەدەستەوە دەگرم. کاتی ئەوە هاتووە کۆتایی بە خورافەی بەدەستەوەگرتنی مەعریفیی واقیع یان دەقەکان بهێنین. پشتبەستوو بەوە دەڵێم: ئەوەم بەسە کە بەشێوەیەکی بەرهەمهێن بیربکەمەوە، لە ڕێگەی دەربڕینی پرسیارێك،

یـان وروژانــدنی مــشتومڕێك، یــان تێگەیــشتنی تەنگژەیــەك، یــاخود کردنــەوەی دەروازەیەکەوە.. گرنگ ئەوەیە مرۆڤ زیندوێتیی فیکریی خۆی پیادەبکات، بەجۆرێك کـە دەرفـەتی بـۆ بڕەخـسێت کەرەسـتەی فیکریـی خـۆی نوێبکاتـەوە یـان شـێوازی بیرکردنەوەی خۆی بگۆڕێت.

*** ئەی بڕواکانت لەکوێن؟**

- ئەگـەر گـرنگ بێـت مـرۆڤ چـەند بیرۆکـەو بڕوایـەکی خـۆی هـەبێت، ئـەوا گــرنگتر بەدەســتهێنانی توانــای هەمیــشەییە بــۆ بیرکردنــەوە بەشــێوەیەکی بەرهەمـدار، جـا ئـەوە لەسـەر ئاسـتی کەرەسـتە چـەمکئامێزەکان بێـت، یـان لەسـەر ئاسـتی کایـەکانی مەعریفـەو شـێوازەکانی بیرکردنــەوە بێـت. بـەم مانایـە، کـاری بیریـار ئەوەنییـە وابکـات ئـەوانیتر بـڕوا بـە تێزەکـانی بهێـنن. دەشـێت ئـەوە کـاری بانگەشـەکار، پیـاوی ئـایینی، پـەروەردەکار، مامۆسـتا، حـوکمڕان، یـان هـەر خـاوەن پرۆژەیەکی دەسەڵاتخوازی مەعریفی یان سیاسی بێت.

*** کەواتە کاری بیریار لەچیدا خۆی دەبینێتەوە؟**

- کاری بیریار ئەوەیە بەشداریبکات لە نوێکردنەوەی سووری فیکردا، لـە ڕێگـەی وروژاندنی مشتومڕە بەپیتەکانەوە، یان بـەهۆی ئـەو زمانـە چـەمکئامێزە زیندوانـەوە کە دەیانخاتەوە.

بێگومان بیرۆکەکانی خۆم هەن کە دەریاندەبڕمو داکۆکیـان لێ دەکـەم، هـەروەها ئەوە لە ڕێگەی چونە ناو وەڵامدانەوەی ڕەخنەگرەکانیشمەوە پیادەدەکەم، بەڵام لەوەی دەیڵێین و دەریدەبڕین گرنگتر ئەوەیە کە بیری لێ ناکەینـەوە، یـان لـە بـواری بیـنین و دەربـڕین دووریدەخەینـەوە، چـونکە دەشـێت فیکـر لـەوەوە خـۆراك بەدەسـتبهێنێ و مەعریفـەش بـەهۆی ئـەوەوە نوێبێتـەوە. بەهـەرحاڵ، گـرنگ ئەوەیـە لانـی کـەم ئـەو بیرۆکانەی دەردەبـڕڕێن بەشـداریبکەن لـە بزوانـدنی گۆڕەپـانی فیکـردا، هـەتاکو تـەنیا بیرۆکەیەکی تاقانە زاڵ نەبێت بەسەر مرۆڤدا و ویـستی پاسـەوانیکردنی گوتـەکان زاڵ نەبێت بەسەر ویستی خوڵقاندن و کردنەوەو دۆزینەوەدا. بۆیە دەگەڕێمەوە بۆ وشـەی "وروژانـدن" کـە دەربـارەی پرسـیاتکردووە، هـەتاکو بڵـێم بەختـەوەرم بـەو گفتوگـۆ و

نارەزاییانەی بیرۆکەکانم لای نووسەران و ئەهلی فیکر و ئەوانە دەیانوروژێنن کە بایەخدەدەن بە کاروباری رووناکبیری بەگشتی. بەوپێیەی ئەو بیرۆکانەی بایەخپێدان دەوروژێنن و مشتومڕ دەبزوێنن بەرادەیەك گرنگن ئەوانە تیخدەکات کە دژیان دەوستنەوە یان هەوڵی بەربەرەکانێکردنیان دەدەن. هەروەها ئەوانەم لەیادنەکردوە کە لەکاتی بیرکردنەوەو نووسیندا لە مێشکیاندا ئامادەییم هەیە، واتە ئەوانەی دەمامککراوانە رەخنەم لێ دەگرن، یان ئەوانەی گوتەکانم بەبێ ناوهێنانم بەکاردەبەن. سەیرتر ئەوانەن کە دەستەواژەکانم وەردەگرن و شێوازەکەم بەکاردەهێنن یان ئیلهام لە کەشە فیکرییەکانم وەردەگرن، ئینجا بەشێوەیەکی فاشیانە بەهۆی شێوازی ژیان و مەجلیسەکانی سەرگەرمکردن و پیادەکردنی چێژوەرگرتنەکانمەوە رەخنەم لێ دەگرن و لەوە تێناگەن، ئەگەرچی نووسین پێویستی بە شارەزایی و ماندووبوون هەیە، بەڵام یەکێکە لە جوانترین چێژوەرگرتنەکانم، ئەگەرنا ئەوان نەدەچوومە ناوییەوەو پێی رازی نەدەبووم. کەواتە بە چ ئەخلاقییەتێك دەردەبڕن و بە چ ئەقڵییەتێك دەنووسن؟!

*** پێتوانییە گوتەکەت دەربارەی "کۆتایی رووناکبیر" بیرۆکەیەکی ئاڵۆزە؟ مەبەستت چییە لە دەبڕینی ئەو گوتەیە؟ هەڵوێستت چییە بەرامبەر بەوانەی رەخنەیان لەم بیرۆکەیە گرت و هێرشیانکردە سەری؟**

- گرنگیی بیرۆکە لە ئاڵۆزیدایە و لەو پارادۆکسانەدایە کە لەخۆیاندەگرێت. ئەمەش باری گوتەی کۆتایی رووناکبیرە. بێگومان رووناکبیر کۆتایی نەهاتووە و نەمردوە، وەك هەندێك بەشێوەیەکی ساویلکانە لە دەستەواژەکە تێگەیشتوون، چونکە هێشتا چەندین نووسەر و ئەدیب و هونەرمەند و زانا و بیریارمان هەن، واتە کارکەرانی کەرتی بەرهەمهێنانی سمبولی، کە بەرهەمهێنان و داهێنان ئەنجامدەدەن، هەریەکەشیان لە بواری کار و کایەی شارەزایی خۆیدا. بەڵام رووناکبیری پاسەوانی کاروبارەکانی حەقیقەت و ئازادی و دادپەروەری و رۆشنگەری وەك خۆی نەماوەتەوە، واتە چیتر لەتوانایدا نییە رۆڵی دەستەبژێرانە و پەیامبەرانە، خەباتگێرانە و رزگاریخوازانە، یان گۆڕانکاریخوازانەی خۆی بگێڕێ، وەك ئەوەی پاش ئەو هەموو تەقینەوە و گۆڕانکاریانەی جیهان لە بیرۆکە و رووداوەکاندا بەخۆوەیان دەبینێ هیچ

شتێك رووی نەدابێت، مەبەست تەقینەوە و گۆڕانكارییەكانە لە ئابووری و كۆمەڵگە، پیادەكردنی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی مرۆڤەكان، سیستەمەكانی مەعریفە و تۆڕەكانی پێگەیشتن، گوێزانەوەی زانیاری و شۆڕشی تەكنیكەكاندا.. بەتایبەتی كاتێك نیمچە كۆدەنگییەك لەناو رووناكبیراندا هەیە لەسەر بوونی پاشەكشە، یان ساتمەكردن، یاخود شكستخواردنی زۆربەی ناونیشان و دروشم و تێزەكان.

*** كەواتە چی گۆڕاوە؟**

- ئەمە پرسیارە راستەقینەكەیە. تێڕوانین لەمبارەیەوە ئەوەیە، ئەو گۆڕانكارییانەی لە دیمەنی جیهاندا روویانداوە و بەردەوام روودەدەن، وێناكردنەكانی رووناكبیر بۆ جیهان تێدەپەڕێنن، واتە تیۆر و رێبازەكان تێدەپەڕێنن، هەتاكو پەی بەو وێنەیە بەرن كە رووناكبیر بۆ خۆی هەیەتی و ئەو ئەركەی خۆی كردۆتە نوێنەری جێبەجێكردنی. بەواتایەكی تر، ئەو گۆڕانكارییەی روویداوە تەنیا بیرۆكەكان ناگرێتەوە، بەڵكو بەتایبەتی پەیوەندیمان لەگەڵ بیرۆكەكانیش دەگرێتەوە، هەروەها پەی دەبات بە پەیوەندیی بیرۆكەكان لەگەڵ واقیع، واتە ئەوەی من ناویدەنێم "سیاسەتی بیرۆكەكان". ئەمەش پاش هەرەسهێنانی پرۆژەكانی پێشكەوتن و وردوخاشبوونی خەونەكانی رزگاری كەوتۆتە بەر رەخنەلێگرتن و هەڵوەشاندنەوە. لەوانەیە گرنگترین شتێك پێویستبێ بگۆڕێت، خودی بیرۆكەی گۆڕانە، چونكە ئیمڕۆ جیهان بەشێوازێكی جیاواز و بە چەند هێز و میكانیزمێكی نوێ دەگۆڕێت. هەموو ئەوانە داوا لە رووناكبیر دەكەن سەرلەنوێ رۆڵی خۆی دابهێنێتەوە، یان وێنەیەكی نوێ بۆ پێگەی خۆی بنەخشێنێ، یاخود فۆڕمێكی جیاوازی پەیوەندیی لەگەڵ خەڵك و كۆمەڵگە، دەسەڵات و كارگێڕی، رووداو و پێشهاتەكان بخەملێنێ. ئەمە ئەگەر بیەوێت كاربكات بۆ گێڕانەوەی لێهاتوویی خۆی و دەرچوون لە دەستەپاچەیی خۆی و جێهێشتنی پەراوێزبوونی خۆی. دەربڕینی چەمكی رووناكبیری "نێوانكار"یش لەبری "رووناكبیر"ی ئۆرگانیكی یان "دەستەبژێر" لێرەوە سەرچاودەگرێت.

**٣- دەستدانەكانی چەمك:**

*** چەمكی "نێوانكار"یش ئاڵۆزییەكی خستەوە و كەوتە بەر رەخنەی ئەوانەی پێیانوایە خزمەتی سیستەمە سیاسییەكان و بارودۆخی باو دەكات..**

- سەرەتا دەمەوێ بڵێم، زۆربەی ئەو سیستەمە سیاسیانەی ڕووناکبیرانی عەرەب ڕەخنەیان لێ دەگرن، بەری پرۆژە ڕووناکبیری و ئایدیۆلۆژییەکانی خۆیانە، بەڵام ڕووناکبیر ئاشنانییە بە بناغەی گوتەکانی خۆی، یان مانای پیادەکردنەکانی خۆی.

پاش ئەوە دەگەڕێمەوە بۆ زاراوەی "نێوانکار" هەتاکو بڵێم، من بە خودی مانای چەمکئامێز لەم زاراوەیە تێدەگەم، واتە بەمانای ئەوەی ڕووناکبیر دەستبەرداری ڕۆڵی شکستخواردووی خۆی بێت، وەك ویژدانی نەتەوە، یان پاسەوانی هوشیاری، یان ڕاسپێر بەسەر بەهاکانەوە، یاخود بەدەستەوەگری کلیلەکانی ڕابوون و پێشکەوتن و ڕۆشنگەری، بۆ ئەوەی وەك کارکەری یەکێك لە کایەکانی فیکر و ڕووناکبیری ڕۆڵی خۆی بگێڕێت، ئەوەی کاری یەکەمی خولقاندن و بەرهەمهێنانی چەند زمانێکی چەمکئاسا، یان چەند فۆڕمێکی ئەقڵانی، یاخود چەند کەشێکی گفتوگۆکاری پێکگەیشتنخوازە، کە بەشداریدەکەن لە خەملاندنی چەند بەهایەکی هاوبەش، یان چەند بیرۆکەیەکی نێوانکار کە دەبنە مایەی فراوانکردنی فەزای گشتی، یان کایەی تاوتێکردن، یاخود فەزای ئەقڵانی، بەجۆرێك کە دەرفەت دەڕەخسێنێ بۆ پێکگەیشتنی تاكو تاك، یان گروپێك و گروپێکی تر لەناو فەزای کۆمەڵایەتیدا. بەئەندازەی ئەوەی ڕێگەدەگرن لە داخران و ستەمکاری و تیرۆر، جا لەلایەن دەڵەتەوە بێت دژی کۆمەڵگە، یان لەلایەن تایەفە و گرووپەکانەوە بێت دژی فەزای گشتی، یاخود لەلایەن گرووپ و حیزبێکەوە بێت دژی ئەویتر. کەواتە نێوانکار بەم مانایە نێوانکارێکی چەمکئاسایە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی یان سیاسیی خۆی بەشێوەیەکی خولقێنەرانە و کاریگەرانە دەگێڕێت، جا بە داهێنانی چەند چەمکێکی نوێ بێت بۆ خوێندنەوەی ئەوەی ڕوودەدات و دەگۆڕێت، یان بنیاتدەنرێت و پێکدێت، یاخود بەسەرلەنوێ داهێنانەوەی ئەو چەمکە کۆنانەی لەسەر زەمینەی واقیع بێکەڵك دەبن.

*** بەڵام لەکاتێکدا تۆ باسی کۆتایی ڕووناکبیر دەکەیت و داوا لە ڕووناکبیر دەکەیت ڕۆڵی نێوانکارانەی خۆی بگێڕێت، دەبینین هەندێك لە گەورە ڕووناکبیران، وەك پیاوانی زانست و فیکر، دادەبەزنە ناو گۆڕەپانی خەبات بۆ ئەوەی بزووتنەوەکانی نارەزایی دژی ئەو**

**کارانە سەرکردایەتی بکەن، کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و بازاڕەکانی پارە پیادەیدەکەن. وەك ئەوەی کۆمەڵناسی گەورە پیار بۆردیو دەیکات. توانجت لەسەر ئەمە چییە؟**

- دەمەوێ لە سێ ڕووەوە توانج لەم ڕووداوە خەباتگێڕییە بدەم: یەکەم ئەگەر بۆردیو هەندێك چالاکیی خەباتگێڕانەی هەبێت، ئەوا ئەوە لە گۆڕەپانی خەباتەوە بەدەستی ناهێنێت، بەڵکو لە گۆڕەپانی فیکرەوە بەدەستیدێنێ، بەوپێیەی زاناو بیریارێکە کەرەستەیەکی چەمکئاسای داهێناوە بۆ لێکدانەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانو پیادەکردنە فیکرییەکان. ڕووی دوەم ئەوەیە، بزووتنەوەی خەباتکارانەی ئەو، بیانویەك ناداتە دەست خەباتگێرانی لای خۆمان، چونکە ئەو بزووتنەوەیە کە ناوینراوە "چەپی چەپ" خەبات دژی چەپی تەقلیدیش (کۆمۆنیستی و سۆشیالیستی) دەکات، کە دەستەپاچەبوون و مایەپووچیی ئاشکرابووە. ڕووی سێیەم کە گرنگترینە، خەباتەکانی بۆردیو پاڵی پێوەناوە بۆ پیادەکردنی سادەکاری و دوورخستنەوە و کەوتنە ناو پارادۆکسەکانەوە، سەرباری هەڵوێستوەرگرتنی موحافەزەکارانە و کۆنەپەرستانە. نموونەم لەسەر ئەمە، ئەنجامی چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی کە بەشێوەیەکی سەرنەکەوتووانە بەشداریی تیادا کرد، هەڵمەتی بردە سەر تەلەفزیۆنو تەنیا وەك ئامرازێکی هەژموونکار و پەردەپۆشکار تێیڕوانیوە، بەئەندازەی ئەوەی بە ئەقڵییەتێکی ئەخلاقیی تەوباویانە مامەڵەی لەگەڵ کردوە و بە ئەقڵییەتی مامۆستای زانکۆ یان توێژەری ئەکادیمی سەیریکردوە.

مەسەلەی هەرە گرنگ ئەوەیە، بۆردیو زۆربەی هەرە زۆری ژیانی ئەکادیمیی خۆی تەرخانکرد بۆ پەردەهەڵماڵین لە ڕووی ئەو شێوازانەی هەژموون و دەسەڵاتخوازی، یان جیاوازیخوازی و جیاکارەخوازی، یان بەکاربردن و زەوتکاری، یاخود ئەو پەردەپۆشکردن و بەلاڕێدابردنەی چوارچێوە و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە، وەك خێزان و کڵێسا و دەوڵەت و حیزبەکان، پیادەیدەکەن. کەچی دەبینین ئیمڕۆ داکۆکی لەو چوارچێوە موحافەزەکارانە دەکات و داوای پاراستنیان دەکات، بۆ بەرەنگاربوونەوەی لیبرالیزمی نوێ و هێزی جیهانگیریی ڕامالەر.. بەڵام کاتێك بۆردیو ئەوە دەکات، خەباتەکانی خۆی بەرە و دواوە دەبات، بەئەندازەی ئەوەی باز بەسەر ئەو دەستکەوت و گۆڕانکارییانەدا دەدات، کە بەچوونە ناو کۆمەڵگەی میدیاکار و سەردەمی

هەسارەیی روویانداوە و هێشتا روودەدەن. ئەمەش نرخی گۆڕانی بیریارە بۆ خەباتگێڕ، یان گۆڕانی زانستە بۆ چەکێکی سیاسی: سادەکردنەوەی بیرۆکەکان بەشێوەیەك کە واقیع پەردەپۆشدەکەن، بەئەندازەی ئەوەی دەبێتە مایەی کەڵەکەبوونی کێشەکان.

*** ئایا رەخنەگرتنت لە بۆردیو بەرەو "رووناکبیری تەکنیکی"مان نابات، ئەوەی لە بازنەی شارەزایی خۆیدا گیردەخوات و زۆربەی رەخنەگرەکانت بەهۆیەوە رەخنەت لێ دەگرن؟**

- پێموایە دووبارەیە بڵێم، من داوا لە رووناکبیر ناکەم دەستبەرداری چوونە ناو کاروباری گشتی بێت، بەڵکو داوا لە کەس ناکەم ئەوە بکات. لەبەرئەوەی مرۆڤەکان پێکەوە دەژین و کاردەکەن، ناکرێت چوونە ناو کاروبارە گشتییەکانەوە وەلاوەبخرێن.. بەلام سەرلەنوێ بیر لەو رۆڵە دەکەمەوە، بەمەبەستی دارشتنەوەی، هەتاکو بەشێوەیەکی سوودبەخش و کاریگەر، واتە بۆ هێنانەئارای چەند دەستدانێکی نوێ، پیادەبکرێت. لەمبارەیەشەوە پێموایە کاری رووناکبیر لەسەر بنچینەی بەرەنگاربوونەوەی رژێم و دەسەلاتەکان دانامەزرێت، هەروەها لەسەر بنەمای پاکانەکردن بۆ سیاسەتەکانیش دانامەزرێت، چونکە ئەمە کارێکی هاوبەشە چالاکوانە کۆمەلایەتییەکانی تریش بەشداریی تیادا دەکەن و لەوانەیە ئەوانیتر لەو زیاتر تیایدا قالبووبن.

جیاوازیی رووناکبیر لەو گفتوگۆیانەدایە کە دەیانهێنێتە ئاراوە، یان لەو دنیا فیکریو ئامرازە چەمکئاسایانەدایە کە بەشداریدەکەن لە شیکردنەوەی کێشەکان، یان پەردەهەڵماڵین لە رووی مانای گوتەکان و بناغەی پیادەکردنەکان، یاخود لە دارشتنی ئەو بیرۆکە نوێیانەدا کە دەرفەت دەرەخسێنن بۆ گەیشتنە تێگەیشتنێکی هاوبەش لەنێوان یەکێك و ئەویتردا. سەبارەت بە پەیوەندیش لەگەڵ دەسەلاتی سیاسی، خەسڵەتی رووناکبیر ئەوەیە لە رێگەی چالاکیی چەمکئاسا و ئەقلانیی خۆیەوە کاربکات بۆ خولقاندنی بوارێکی تاوتوێکار، کە دەرفەت دەرەخسێنێ بۆ دەستاودەستکردنی دەسەلات، هەتاکو رەوایەتی لەلایەن هیچ کەسێکەوە قۆرخ نەکرێت، تەنانەت ئەگەر بەناوی داکۆکیکردنەوە بێت لە حەقیقەت، یان دادپەروەری، یان

ئازادی، یاخود هەر دروشمێکی تر. ئەگەر ئازادیی بیرکردنەوە دەرفەت بڕەخسێنێ بۆ ڕەخنەگرتن، یان پەردەهەڵماڵین لە ڕووی ڕەوایەتی، یاخود دەسەڵاتە جۆربەجۆرەکان، ئەوا ئازادی بۆخۆی بەدەرنییە لە ڕەخنەلێگرتن.

*** مەبەستت ڕەخنەگرتنە لە بیرۆکەی ئازادی؟**

- پێم باشترە بڵێم ڕەخنەگرتن لە خودی لیبرالیزمی ڕەخنەگرانە. ئەم ڕەخنەیەش کە من پیادەیدەکەم نموونەی شێوازێکی نوێی دەستوەردانە لە مەسەلە گشتییەکان، کە بەشدارییان تیادا دەکەم.

*** بەدیاریکراوی ئەوەی خەبات لەپێناو ئازادییەکاندا دەکات چۆن ئەم ڕۆڵە پیادەدەکات؟**

- با چەمکی ئازادی وەربگرین. ئەم چەمکە بەئەندازەی پاشەکشەکردنی ئازادییە گشتییەکان یان دیموکراسی، بەڵکو بەئەندازەی گۆڕانی پرۆژەکانی ڕزگاری و دروشمەکانی ئازادی بۆ پیادەکردنە ستەمکارییەکان، ڕاستبێژیی خۆی لەدەستداوە. بەرامبەر بەم پاشەکشە و تێکشکانە، چیتر مامەڵەکردن لەگەڵ زاراوەی ئازادی وەك دروشمێك، کە دەبێت پاسەوانیبکرێت یان داکۆکیی لێ بکرێت، سوودی نییە: چونکە ئەوە مەسەلەکان ئاڵۆزتردەکات، واتە دەگۆڕێت بۆ تێکشکان لەسەر تێکشکان. وەك ئەوەی ئەزموونەکان شایەتیی لەسەر دەدەن، جا لە جیهانی عەرەبدا بێت، یان لە خودی دەوڵەتە خۆرئاواییە دیموکراتیەکاندا. پێویستیی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی چەمکەکانی ئازادی و لیبرالیزم و دیموکراسیش، لەبەر ڕۆشنایی ئەو گۆڕانکاریانەی ڕوودەدەن، لەمەوە سەرچاوەدەگرێت. ئەمەش نەك لەپێناو وازهێنان لە داخوازیی ئازادی، بەڵکو هەتاکو بەشێوەیەکی فشۆڵ یان نەزۆك پەیوەندی لەگەڵ ئەم داخوازییە نەبەسترێت.

پاش ئەوەی ڕووناکبیر لە بەرگریکردن لە ئازادی یان پیادەکردنیدا شکستخواردووبوو، پێویستە سەرلەنوێ بیر لەم چەمکە بکاتەوە، بەجۆرێك کە یەکەم وازبهێنێ لە ڕاسپێردراویی دەستەبژێرانەی خۆی بەسەر ئازادییەوە، چونکە ستەمکاری یەکێکە لە بەرهەمە خراپەکانی ئەو دەستەبژێرییە. دووەم وازبهێنێ لە مامەڵەکردنی

تەوباویانــە یــان ئایدیالیــستانە لەگــەڵ ئــازادی، چــونکە ئــازادی نموونەیــەك نییــە جێبەجێبکرێت یان بتێك نییە بپەرسترێت، بەئەندازەی ئـەوەی چوونە نـاو چـەندین ئەزموون و پەیوەندیی وەهایە کە کاریان لەسەر دەکرێت، لەپێناو گۆڕینیان لە ڕێگـەی ڕەخنــەگرتن لــە بیرۆکــەکان و هەڵوەشــاندنەوەیانەوە. واتــە لــەپێناو ســەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەیانــەوە لــە بۆتــەی چــەند ئــەزموونێکی تیاداژیــاو و پیــادەکردنی زینــدوودا. ئــەم ڕەخنەگرتنــە لــە خــودی گوتــە و پیادەکردنــە فیکرییــەکان لای دەســتەبژێرە ڕووناکبیرەکـان، دەسـتدانی نـوێ بـۆ کـارکردن بـە ئـەقڵێکی ئاوێتـەکار و لۆژیکێکی گۆڕانکـاریخواز و فیکرێکـی پێکگەیـشتنخواز دەسـتەبەردەکات، بـەجۆرێك کـە دەرفەت بۆ ڕووناکبیر دەڕەخـسێنێ کۆتـایی بـە گۆشـەگیریی لەگـەڵ خـەڵك و کۆمەڵگە بهێنێ. بەئەنـدازەی ئـەوەی زەمینەخۆشـدەکات چـالاکیی کۆمەڵگـەیی و ڕۆشـنگەرانەی خۆی لە ڕێگەی بەرهەمە مەعریفی و زانستییەکان، یان داهێنانە فەلـسەفی و ئـەدەبی یان هونەری و جوانکارییەکانەوە پیادەبکات. ئەمە ئەو مانا و دەستدانەیە کـە دەشـێت چەمکی "نێوانکار" لەخۆیان بگرێت، یان دەرگا بەڕوویاندا بکاتەوە.

## ٤- کۆتـایی ڕووناکبیر:

*** دەگەڕێمەوە بۆ بیرۆکەی "کۆتایی ڕووناکبیر". هەنـدێك پێیانوایـە ئـەم بیرۆکەیـە هاوردەکراوە و بێهیوایی و نائومێدی یان پاساوهێنانەوە بۆ تێکشکان دێنێتەوە. وەڵامی تۆ بـۆ ئەمە چییە؟**

- جارێکی تر دەیڵێمەوە: ئەگەر بیرۆکەی کۆتایی ڕووناکبیر گرنگ نەبوایە، ئەوا ئــەو هــەموو وەڵامو گفتوگۆیــەی نەدەخــستەوە. لێــرەدا هێمــا بــۆ فەیــسەڵ دەراجــی ڕەخنــەگر دەکــەم، کــە لــە "کتێبخانــەی ئەســەد" لــە دیمەشــق(١) موحازەرەیــەکی پێشکەشکرد، بابەتەکەی "ڕەخنەگرتن لە بیرۆکەی کۆتایی ڕوونـاکبیر" بـوو، بـەبیانوی ئەوەی ئەو بیرۆکەیە زەمینە بۆ تێکشکانی هەمیـشەیی خۆشـدەکات. ئەمـە ئەوەیـە کـە دەراج لــە ڕەخنەکەیــدا دەیخاتــەڕوو(٢)، بــەڵام ئــەوەی نایڵێــت ئەوەیــە، کــە ئــەو دژی ڕەخنــەگرتنی ڕوونــاکبیرە لــە خــود و بیرۆکــەکانی خــۆی. چــونکە زۆر بەتونــدی دەســتیگرتوە بــە کەرەســتە فیکرییــە کۆنــەکان و مۆدێلــە ســواوەکانی تێــڕوانین و پۆلێنکردنــەوە و پــاش ئــەو هــەموو تێکــشکان و دڵــشکاوی و تەنگژانــە لــە خــەون و

دروشمو پرۆژەکاندا سوورە لەسەر نەگۆڕە ئایدیۆلۆژییەکانی خۆی. لەکاتێکدا ئەوەی ڕوویداوە لانی کەم داوا لە ئێمە لە جیهانی عەرەب دەکات سەرلەنوێ چاوبخشێنینەوە بە بنەماکاندا و پەردە لە ڕووی بەڵگەنەویست و پێشوەختەکان لابدەین، واتە ئەو وێناکردن و وێنە و خەیاڵپڵاوییانەی کۆنترۆڵی لۆژیکی بیرکردنەوەو پێوانەکانی کاریان کردوە، هەتاکو دەستەپاچەیی و تێکشکان و پەراوێزبوون بەرهەمبهێنن. ئەگەر ئەوەمان نەکرد، ئەوا وەك ئەوەمان لێ دێت کە کاردەکات بۆ بەهەتاهەتاییکردنی تێکشکان و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی خراپتری ئەو واقیعەی مەبەستە بگۆڕێت.

*** تۆ خۆت لە قسەکردن دەربارەی سەرچاوەی گوتەکە دەدزیتەوە، واتە ئەو گوتەیە خۆرئاواییە نەك عەرەبی.**

- نارەزاییەکەت قسەیەکی (عـزەت قـەمحاوی)ی ڕۆماننووسی میسریم وەبیردێنێتەوە، کە لە گۆڤاری "اخبار الادب"دا هاتووەو تیایدا دەڵێت: گوتەی "کۆتایی ڕووناکبیر" لە بنچینەدا "لە ژیوارێکەوە هاوردەکراوە" مۆدێرنیتەی خۆی ئەنجامداوە بۆ لێدانی ژیوارەکانی تر، ئەو ژیوارانەی پێویستە لەسەر شانیان مۆدێرنیتەی خۆیان بەجێبهێنن. بەوەش قـەمحاوی نموونەیەکی لەسەر خوێندنەوەی ساویلکەی ڕواڵەتەکارانەی سەبارەت بە گوتەی کۆتایی ڕووناکبیر یان ڕەخنەگرتن لە ڕووناکبیر بەگشتی خستۆتەڕوو. چونکە ئەو گوتەیە مانای ئەوەیە، سەردەمێك لە کاری مێژوویی‌و خەباتی ڕووناکبیری لە کۆتایی نزیکبۆتەوە و پێویستە ڕووناکبیر، پاش ئەوەی ڕاستبێژی‌و کاریگەریی خۆی لەسەر زەمینەی واقیع لەدەستداوە، ڕەخنەبگرێت لە نموونە و وێنە و لاساییکردنەوەکانی خۆی. لێرەدا پێم باشە هێما بۆ دوو ڕووناکبیر بکەم کە دەشێت هاوڕام نەبن، یان لە هەمان ڕیزدا نەبم لەگەڵیاندا، یاخود جێی ڕەخنەگرتنی ئەوان بووم لەسەر ڕەخنەگرتنەکەم لە ڕووناکبیر، ئینجا کاتێك ویستویانە ڕەخنە لە ڕووناکبیری و ڕووناکبیر بگرن، لە ڕووی تێگەیشتنەوە لە قەیرانەکە لە چەمکەکەی من نزیکبوونەتەوە، یان بەهۆی چەند گوتەیەکەوە قسە دەربارەی دەکەن کە هەمیشە دووبارەمکردونەتەوە، بەڵکو بەهۆیانەوە تاوانبارکراوم، وەك ئەوەی دەڵێت "ڕووناکبیر ڕۆڵێکی گێڕاوە کە لەمەودوا لەتوانایدا نییە بیگێڕێت"(٣)، یان ئەوەی دەڵێت قەیرانی ڕووناکبیریی عەرەبی بەر لە هەرشتێك لە

هەرەسهێنانی پرۆژە گەورەکان و مەرجەعییەتە فیکرییەکانیاندا دەردەکەوێت، چونکە ڕووناکبیران "بازیان بەسەر واقیعدا داوە" یان "بوونەتە دیلی وەهمەکانی خۆیان"(٤)، یاخود ئەوەی دەڵێت ڕووناکبیرانی عەرەب "هەڵگرانی وەهمەکانن" و بە مانا ئایدیۆلۆژی یان فەندەمەنتالیستییەکەی پێڕەویی ڕۆشنگەریو ئەقڵانییەت دەکەن(٥).

کەواتە ئەمە مەغزای ڕەخنەیە: چیتر ڕووناکبیر ناتوانێت ڕۆڵی دەستەبژێرانەی خۆی، وەك پاسەوان و نمایندە، یان ڕاسپێردراو و بریکار بەسەر حەقیقەت و ئازادی و شوناس و یادەوەرییەوە، بگێڕێت.. بەڵکو دەبێت بیرۆکە و پیادەکردنەکانی بخاتە بەر ڕەخنە و هەڵوەشاندنەوە، لەپێناو دۆزینەوەی چەند دەستدانێکی نوێدا بۆ بیرکردنەوە و کارکردن، کە دەرفەتی بۆ دەرەخسێنن نەزۆکیی فیکری و شکستخواردنی خەباتگێڕیی جێبهێڵێت.. بەڵام لەوەش سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە، ئەوانەی دەڵێن "مردنی ڕووناکبیر" گوتەیەکی هاوردەیە، غافڵن لەوەی خودی گوتەی "ڕووناکبیر" لە بنچینەدا هاوردەکراوە، بەڵکو گشت ئەو ناونیشان و دروشمانەی ڕووناکبیرە نوێکەرەوەکان تاوتوێیان دەکەن هاوردەکراون، ئەمە ئەگەر بمانەوێ گەمەی نیشتەجێکردن و بەڕەگەزکردن بکەین. هەتاکو ئێستا یەکێك گوتەیەکی بێوێنەی نەداوە بە خەڵك، یان کایەیەکی مەعریفیی دانەهێناوە، یاخود خوێندنەوەیەکی کاریگەر و هەنوکەیی بۆ جیهان نەکردوە. زۆربە، بەتایبەتی ئەوانەی نارەزایی بەرامبەر بە ڕەخنەگرتن لە ڕووناکبیر دەردەبڕن، هێشتا لەسەر ئەو بیرۆکانە دەژین کە لەخۆرئاوا بەرهەمهێنراون، لە خەباتی چینایەتییەوە بیگرە هەتاکو دەگاتە بەریەککەوتنی ژیوارەکان. لەگەڵ ئەوەشدا سڵ لەوە دەکەنەوە ڕەخنەگرتن لە ڕووناکبیر زیان بە مۆدێرنیتە بگەیەنێت و بەشێوەیەکی تەقلیدی، واتە بە ئەقڵییەتی دروشمئاسا یان خەباتگێڕانە مامەڵە لەگەڵ ئەو گوتەیە و گوتە نوێکان دەکەن.

*** هەڵوێستەکانیان چۆن لێکدەدەیتەوە؟**

- باشترە بوترێ ئەم هەڵوێستانە بۆمانی لێکدەدەنەوە چۆن ئێمە وێڵین بەدوای مۆدێرنیتەیەکدا کە بەردەوام لە پێشمانەوەیە و چۆن هەتاکو ئێستا چەمکەکانی وەك ڕۆشنگەری و ئەقڵانییەت و ئازادی و دیموکراسی بەکاردێنین، بەبێ ئەوەی دەستکەوتێکی وەها لە هیچ کام لەوانەوە بەدەستبێت کە شایانی باسکردن بێت، جا

ئـەوە لـە رووی دەوڵەمەنـدکردن و گەشـەپێدانیانەوە بێـت، یـان لـە رووی سـەرلەنوێ بەرهەمهێنان و داهێنانیانەوە. ئەمەش سەیرنییە، چونکە مۆدێرنیتـە مۆدێلێك نییـە چاوی لێ بکرێت، یان رەچەڵەکێك نییە هەڵبژێررێت، بەئەنـدازەی ئـەوەی تێپەڕانـدنی بـەردەوام و خولّقانـدنی هەمیـشەییە، بەمەبەسـتی بەشـداریکردن لـە دروسـتکردنی رووداودا، لە رێگـەی بەرهـەمهێنانی حەقیقـەت و پێشهاتەکانەوە. ئەمـەش لـە رێگـەی مامەڵەکردنی رەخنەگرانەوە لەگەڵ خود و فیکر رووەدات، بەشـێوەیەك کـە دەرفـەت برەخـسێنێت بـۆ دامەزرانـدنی ئـەو پەیوەندییانـەی بـەردەوام ملکەچـی نـاکۆکی و جیـاوازی، یـان نوێکردنـەوە و داهێنـان دەبـن. چـونکە چارەنووسـی بیرۆکـەی پێـشکەوتنخواز، یـان رزگـاریخواز، یـاخود ئـەقلانی ئەوەیـە ببێتـە کۆنەپەرسـت یـان تەقلیـدی، یـاخود بەشـێوەیەکی خـورافی یـان سـەتەمکار پیادەبکرێـت. رووناکبیرانیش دەرەقەتی ئەوە نایەن قبوڵی بکەن یان بیری لێ بکەنەوە، بەتایبەتی ئەوانەی کاردەکەن بۆ پاسەوانیکردنی بیرۆکەکانی خۆیان، یان ئەوانەی نقومی وەهمگەلێکن بەم کۆتاییەی گەیاندون کە بەدەستییەوە دەناڵێنن، یـان نـارەزایی بەرامبـەر بـە ناوەکـەی دەردەبـڕن: پـەراوێزیی رۆڵ، لەدەسـتدانی کاریگـەرێتی و راسـتبێژی، بێئاکـامیی هەوڵدانـەکان و تەنگژەی بیرۆکە و پرۆژەکان.

**٥- باسی هاوردەکردن:**

*** بـەڵام تـا چ رادەیـەك بیرۆکـەی "کۆتـایی رووناکبیر" دەکەوێتـە نـاو باسـی "کۆتاییەکان"ەوە، کە لەم رۆژگارەدا لە گۆڕەپـانی فیکـری خۆرئاوایـدا بـاو و زۆرە، وەك ئەوەی (محەمەد عەلی شەمسەدین)ی شاعیر هێمای بۆ دەکات؟ ئایـا ئـەوە لـەوێ راسـت و سوودبەخشە و لای ئێمەش بەهەمان شێوەیە؟**

- وەڵامی من ئەوەیـە کـە بەرەگـەزکردنی بیرۆکـەکان بێکەڵکە، چـونکە چـەمکە بەپیت و خولّقێنەرەکان ئەو گوتانـەن کـە سنوور و کیـشوەرەکان دەبـڕن. ئـەی ئیمـڕۆ چۆن دەبێت کە پەیوەنـدیی نێـوان دەوڵـەت و کۆمەڵگە و کیـشوەرەکان لـەوەی پێـشوو بەهێزترە، جا بەهۆی شۆڕشی کۆمۆنیکاشێونەوە بێت کە سنووری نێـوان کولتوورەکـان ناهێڵێت، یان لەبەر هـۆی تـر بێـت، لەوانـە ئـەو فشارەی رووناکبیران و نووسـەران لـە وڵاتێکـی عـەرەبی زیـاتر رووبەڕوویدەبنـەوە. بەڵگـەی ئـەوەش بـوونی چـەندین

دامەزراوەی ڕووناکبیری یان ڕۆژنامەگەریی عەرەبییە، کە لە پایتەختەکانی خۆرئاوا کاردەکەن و دەگەشێنەوە و بوونی سەدان ڕووناکبیر و نووسەرەی عەرەبی دانیشتووی کۆمەڵگە خۆرئاواییەکانە، کە بەزمانی عەرەبی بەرهەمدێنن و دەنووسن، هەتاکو ئێمە لە نیشتمان و وڵاتەکانمان بیانخوێنینەوە.

دەگەڕێمەوە بۆ باسی خواستن و هاوردەکردن و هەڵمەتی داگیرکردن، هەتاکو بڵێم ئاکامی ئەوە تەنیا تەنگژەیە، چونکە هیچ ڕووناکبیرێکی هاوچەرخ لەوە دانامالرێ کە لە جیهانی خۆرئاوا بەرهەمدەهێنرێ، جا لە بواری فیکردا بێت یان لە کایەکانی ئەدەبدا. بەوپێیەی ئێمە بەری کارلێککردنێکی "زیندوو و سەرنجڕاکێش"ی کولتوورەکەمان و کولتووری خۆرئاواین، وەك ئەوەی جەودەت فەخرەدینی شاعیر و ڕەخنەگر لە خوێندنەوەی ئەزموونی (تەها حسێن)دا دەیڵێت.

*** لەگەڵ بڕوابووندا بە بوونی کارلێککردنی نێوان کولتوورەکان، پێتوانییە هەندێك بیرۆکە یان تیۆر بۆ هەندێك کۆمەڵگە بەکەڵکە؟ بەمانایەکی تر، ئایا وتەکەت دەربارەی جیهانیبوونی فیکر نابێتە مایەی فیکری سەرتاپاگیر یان تۆتالیتار؟**

- مەبەستم ئەوە نەبوو کە بیرۆکەکان چەند تیۆرێکن دەکرێت بگشتێنرێن و بەشێوەیەکی گشتی یان هەمەلایەن جێبەجێبکرێن، وەك باری زانیارییەکان یان تیۆرە زانستییەکان. چونکە من لەگەڵ لۆژیکی تەماهیکردن و هاوجووتبوون یان جێبەجێکردندا نیم، بەڵکو لەگەڵ لۆژیکی گۆڕانکاریی و خستنەوەدام، جا مەسەلەکە پەیوەندیی بەو بیرۆکانەوە هەبێت کە لەناوخۆدا بەرهەمدەهێنرێن، یان پەیوەندیی بەو بیرۆکانەوە هەبێت کە لەوانیترەوە خواستراون. لەبەرئەوەی بیرۆکەی زیندوو ئەوەیە کە بەردەوام نەشونمادەکات و گۆڕانکاریی بەسەردا دێت. ئەوەی من لە ڕێگەی ڕەخنەکەمەوە مەبەستم بوو، ڕیسواکردنی خورافەی جیاکارەکردنە لەنێوان گوتە عەرەبی یان ناوچەییەکان و گوتە خۆرئاوایی یان جیهانییەکاندا. بەوپێیەی بیرۆکە و چەمکەکان موڵکی گشت مرۆڤایەتین. ئەوانە سەرمایەیەکی ئەقڵین، ڕەخساون بۆ هەر مرۆڤێك کە مەسەلەی فیکری بەلاوە گرنگ بێت و خولیای مەعریفە لەناخیدا هەبێت. بێگومان هەر نەتەوە یان کولتوورێك بەشداریکردوە لە دەوڵەمەندکردن و فراوانکردنی ئەم سەرمایەیەدا. بەم مانایە، بیرۆکەکان گرنگ و بێوێنە و بەپیت و

بەنرخ دەبن، یاخود لەئارادانابن، توانای ڕۆشەنکردنەوە و لێکدانەوەیان دەبێت، یان بۆخۆیان پێویستیان بەلێکدانەوە دەبێت. وەك باری زۆربەی ئەو بیرۆکانەی تاوتوێیاندەکەین، جا سەرچاوەکەیان عەرەبیی کۆن بێت یان خۆرئاوایی نوێ. ئەمە باری کارە فیکرییەکانە، لە "کۆمار"ی ئەفلاتونەوە بیگرە، هەتاکو "پێشەکی"یەکەی ئیبن خەلدون، لە "گوتاری میتۆد"ی دیکارتەوە بیگرە، هەتاکو "شیکردنەوەی ئەقڵ"ی برتراند ڕاسڵ.

هەروەها ئەمە باری ئەو بیرۆکانەیە کە پەیوەندییان بە کۆتاییەکانەوە هەیە، لە "مردنی مرۆڤ"ی میشێل فۆکۆوە بیگرە، هەتاکو "کۆتایی مێژوو"ی فوکۆ یاما، یان "کۆتایی جوگرافیا"ی پۆڵ ڤێریلۆ(٦). ئێمە پەیوەندیدارین لەگەڵ ئەمجۆرە گوتانە، کە بریتین لە چەند خوێندنەوەیەکی جیهان، یان ئەو ڕووداو و بیرۆکانەی بەشدارییانکردوە یان هەتاکو ئێستا بەشداریدەکەن لە دارشتنی دیمەنی جیهانیدا. مانای ئەوەش ئەوەیە، ئەو گوتانە ئەقڵەکان دەجوڵێنن و ئەهلی فیکر سەرقاڵدەکەن، جا لە وڵاتە خۆئاواییەکاندا بێت یان لای ئێمە لە جیهانی عەرەب. وەك باری گوتەی "کۆتایی ڕووناکبیر"، کە بۆ یەکەمین جار لە گۆڕەپانی فیکری لە لوبنان دەربڕرا. ئەم گوتەیە بەئەندازەی وروژاندنی گفتوگۆ و مشتومڕ لە گۆڕەپانی ڕووناکبیریی عەرەبیدا، بایەخی خۆی بەدەستدێنێت و مانای ئەوەیە ڕووناکبیر ماوەیەکە لەدایکبووەو ئێستا خەریکە دەگاتە کۆتایی. ئەوانەی دەشڵێن هێشتا ڕووناکبیر لەدایك نەبووە هەتاکو باسی مردنی بکەین، مانای ئەوە نازانن کە دەیڵێن، چونکە گێلن یان خۆیان گێلدەکەن لەوەی وەڵامەکانیان باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ڕووناکبیر دەچێت بەگژی ڕاگەیاندنی مردن یان کۆتایی ئەو ڕۆڵەی گێڕاویەتی: چونکە هەرکاتێك ئەو بانگەوازی ئازادیی دابێ بەگوێدا، ستەمکاری زیاتربووە، هەرکاتێك داوای دادپەروەری و پەرەپێدانی کردبێ، نابەرابەری و هەژاری زۆرتربووە..

*** ئەمجۆرە ڕۆڵە لەکوێ پیادەکراوە؟**

- شارێکی وەك بەیروت لەلایەن خۆیەوە، بە گۆڕەپان و ڕۆژنامەوانی و سەکۆکانییەوە، شایەتی ئەو ڕۆڵانەیە کە ڕووناکبیرانی خاوەن پرۆژە ئایدیۆلۆژییەکان گێڕاویانە، ئەوانەی بیرۆکە و خەونەکانی خۆیان تاقیکردۆتەوە، سەرەنجامیش ئەوەبوو

کە باسیدەکەین، جا باش بێت یان خراپ. بەگشتی قۆناغێك هەیە ڕووناکبیران تیایدا گەشاونەتەوە، بەتایبەتی پاش تێکشکانەکەی حوزەیرانی ١٩٦٧، کە ڕووناکبیر ئەنجامی گۆڕانی بۆ خەباتگێڕێکی سەرنەکەوتوو، پاش گۆڕانی بیرۆکەکان بۆ خەیاڵپلاوی یان بەوەهمکردنە ئایدیۆلۆژییە ڕووتەکان کە هیچ پەیوەندییەکیان بەوەوە نییە لەسەر زەمینەی واقیع ڕوودەدات، گەیشتۆتە کۆتایی خۆی.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم تێکشکانەدا، ئاخاوتن دەربارەی چەند بیرۆکەیەکی ناوچەیی یان خۆرئاوایی هاوردەکراو بێسوودە. باشترە چاوبخشێنینەوە بەو بیرۆکانەی تاوتوێیاندەکەین، بەتایبەتی کاتێك ئەو بیرۆکانە ئەو پاشەکشەو ساتمەکردن، یان شکستخواردن و وێرانکاریانەیان بەرهەمهێناوە کە بەدەستیانەوە دەناڵێنین. جا ئەو بیرۆکانە هاوردەبن، یان ئەوانەبن کە لە سەرەکانماندا دەڕۆێن و لە خەیاڵپلاویی خەونەکانمانەوە هاتوون.

کەواتە ئایا دەکرێت بەرگری لەو گوتانە بکەین کە سواون و جگە لە مینەکان هیچی تر بەرهەم ناهێنن؟ ئایا دەکرێت لەو گوتەیە بترسین کە دەستدانی نوێ دێنێتەئاراوە بۆ تێگەیشتن لەوەی لە گۆڕەپانەکانی ڕووناکبیریدا ڕوویداوە؟ ئایا دەست بەوەوە بگرین کە دەبێتە مایەی شەتەکدان و دەستنانە بینەقاقا و ئەوە ڕەتبکەینەوە کە دەبێتە مایەی تێگەیشتن لە تەنگژەکان یان دۆزینەوەی ئاستەنگەکان؟

*** بەڵام پەیوەندیی گوتەی "کۆتایی ڕووناکبیر" بەوەی پێش خۆیەوە چییە؟**

- بێگومان ئەم گوتەیە لەوانی ترەوە سەرچاوەیگرتوە. ئەمە باری بیرۆکەکانە، لە یەکتری دەکەونەوە، یان یەکێکیان ئەویتریان بانگدەکات، بەشێوەی بەرەورووکردنەوە یان شوێنپێ چوڵکردن، گۆڕین و ڕاڤەکردن. بۆ نموونە، گوتەی "مردنی خوا" گوتەی "مردنی مرۆڤ"ی بانگکرد، گوتەی "کۆتایی مێژوو" گوتەی "کۆتایی جوگرافیا"ی خستەوە. ئەمەش باری گوتەی "کۆتایی ڕووناکبیر"ە: لە هەموو ئەوانە بەجۆرێك لە شوێن پێ چوڵکردن هاتۆتەئاراوە، هەتاکو سەرلەنوێ ئیشکالیەتی تایبەت بە ڕۆڵی ڕووناکبیری دەستەبژێر دابڕێژێتەوە.

بەهەرحاڵ، لەمەودوا بوار نییە بۆ بەربەرەکانێکردنی بیرۆکەکان، یان دانانی ئاستەنگەکان لەبەردەم بڵاوبوونەوە یان بەکارهێنانیاندا، چونکە بیرۆکەی گرنگ

چەند کاریگەرییەکی چەمکئاسای خۆی هەیە. جا یان توانای باسکردن و لێکدانەوەی دەبێت یان نایبێت، یان دەستدانێك بۆ تێگەیشتن و دەستنیشانکردن پێشکەشدەکات یان پێشکەشی ناکات. ئەمە پێوانەی بەرهەمداری مامەڵەکردنە لەگەڵ هەر بیرۆکەیەك، جا دەربڕەکەی هەرکەسێك بێت.

پشتئەستوور بەوە، من لەگەڵ هەڵچنینی دیوار نیم لەبەردەم فیچقەکردنی زانینەکان و بڵاوبوونەوەی بیرۆکە بەرهەمهێنەکانی لقە جۆربەجۆرەکانی مەعریفەدا، ئەگەرنا ئەوا لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کتێبەکانی جادووگەری و فالگرتنەوە و تەڕدەستی دەبووین، یان لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کالا و بەرهەمە ماددییەکاندا دەبووین و دژی تاوتوێکردنی بیرۆکەکان دەبووین کە بەرهەمەکانی ئەقڵەکانن.

*** پێموایە هەمیشە مەیلی لابردنی سنوورەکان و هەڵگرتنی گومرگانەی نێوان شتەکانمان هەیە، ئایا ئەوە نابێتە مایەی *لەناوچوونی* شێوەکان و پێکهاتنەکان و شوناسەکان، واتا *لەناوچوونی* مانا، بۆ گەڕانەوە بەرەو واقعێکی هیولی، کە سەختە دیاریبکرێت یان قسەی *لەسەر* بکرێت؟**

- قسەکانت میحنەت و ئیشکالییەتی مانا دەوروژێنن. مەبەستم ئەوەیە مانا، وەك مەبەست یان ئاراستەیەك، لەسەر بنچینەی نامانا دادەمەزرێت، بەئەندازەی ئەوەی لەسەر بنچینەی بەباشتر زانین و هەڵبژاردنی شتێك لەئاست شتێکی تردا یان ویستێك لەئاست ویستێکی تردا. ماناش وەك سنوورو دەستنیشانکردن، هەوڵدانێکە بۆ دەستنیشانکردنی ئەوەی سنووردار نەکراوە یان سنووردانان بۆ ئەوەی هەڵدەچێتو سنووری بۆ دانانرێت. بەمەش هیچ یەکێك یان دیاریکردنێك بەدەرنییە لە پەردەپۆشکردن یان لەبیرچوونەوە، یاخود چەپاندن و دوورخستنەوە. مەترسیی بیرکردنەوە دەربارەی واقعێك کە سنوورەکانی بەشێوەیەکی کۆتایی، یان بڕیاردەرانە، یاخود داخراو، لە ڕێگەی چەند سیستەمێکی پتەو یان چەند قالبێکی ڕەقهەڵاتوو، یاخود چەند بونیادێکی نەگۆڕەوە، سەرچاوەدەگرێت.

*** ئایا دەکرێت بەبێ سیستەم یان مۆدێل و بونیاد و قاڵبەکانی تر بیربکەینەوە؟**

- واقیع بۆخۆی، جا واقعێکی بابەتی بێت یان زەینی، بونیادێکە لە پەیوەندی و

ڕایەڵەکان، ئەو بونیادەی ڕاستەوانەیی یەکلایەنەیە یان بونیادێکی ئاڵۆز و ئاوێتەیە. بیرکردنەوەی بەرهەمهێن و نوێبوەوەش پشتبەستووە بە هەڵوەشاندنەوەی بونیادەکان، بە مەبەستی گۆڕینی پەیوەندییە دامەزراوەکان لەسەر بنچینەی جیاکردنەوە و جیاوازی، لێك نەچوون و جیاکاری، بەشێوەیەك کە ببێتە هۆی دۆزینەوەی چەند توانایەکی نوێ، کە لەگەڵیدا نەخشەی جوگرافیای مانا بکێشرێتەوە یان پەیوەندییەکانی هێز پێکبهێنرێتەوە. بەم مانایە، هیچ بیرکردنەوەیەك بەتاڵ نییە لە بنیاتنان یان پێکهێنان. ئاخاوتنیش دەربارەی چەند سیستەمێکی مەعریفی، یان چەند بونیادێکی فیکری، یاخود چەند پێکهاتەیەکی چەمکئاسا لێرەوە سەرچاوەدەگرێت. ئەمەش پارادۆکسەکەیە: کاتێك ئێمە بیردەکەینەوە، کۆششدەکەین بۆ هەڵوەشاندنەوەی بونیادێك بەمەبەستی پێکهاتنی یەکێکی تر، بەجۆرێك کە نەبینە دیلی بونیادە پێویستەکان و مۆدێلە بنەڕەتییەکان. چونکە بونیاد بەستران یان ڕەقهەڵاتنە، ئەگەر سەرچاوەیەك لەپشتییەوە نەبێت کە بە هەست و زەوق، یان ئارەزوو و شەوق داگیرساوە.

*** بەم مانایە، چۆن بیرۆکە وەسفدەکەیت، ئایا ئەوە بونیادە یان سەرچاوە؟**

- ئەگەر چەمك ئامرازی بیریار بێت بۆ خوڵقاندن، واتە بیانوی بیریار بوو بۆ دڵنیابوون و داهێنان، بۆ پێکهێنانی واقیعو خۆدروستکردن، ئەوا بەشێوەیەکی نەرمونیان و کراوە، واتە بەئەقڵێکی پێکگەیشتنخواز و لۆژیکێکی گۆڕانکاریخواز، مامەڵە لەگەڵ مەسەلەکە دەکەم. بەجۆرێك کە وەك سیستەمێك، بونیادێك، مۆدێلێك، یان قالبێك مامەڵە لەگەڵ چەمك نەکەم، بەئەندازەی ئەوەی کۆششبکەم بۆ کردنەوەی چەمك بەڕووی ماناکانی نێوەند و بوار و کایە و فەزادا..

*** *لەبەر ڕۆشنایی ئەوەدا، چۆن مامەڵە لەگەڵ گوتەی شوناس دەکەیت؟***

- بەگەڕانەوە بۆ مەسەلەی شوناس، کە پەیوەندیی مرۆڤە لەگەڵ خودی خۆی، ئەوەی من بیری لێ دەکەمەوە، شکاندنی نەرجسیبوونی ڕووناکبیرییە، کە بانگەشەکارانی ڕەسەنایەتی و پارێزەرانی شوناس پیادەیدەکەن. چونکە شوناس "وابەستەبوونە"، بەئەندازەی ئەوەی "لێوردبوونەوەیە"، لە ڕێگەی پەیوەندییەوە

لەگەڵ ئەویتر. بەم مانایە، شوناسێکی بێگەرد یان بەدەر لە کاریگەریی کولتوورەکانی دیکە لەم سەردەمەدا بوونی نییە و تەنانەت لە سەردەمی عەباسیشدا بوونی نەبووە و دوژمنانی فەلسەفەش بەم یان بەو شێوەیە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی شوناسەوە. ئەگەر بەدیاریکراوی لۆژیکی ئەرستۆ وەربگرین، دەبینین دوژمنەکانی کەوتوونەتە ژێر کاریگەرییەوە و لە ژێری ناوی ڕاشکاوانەی ئەو یان چەند ناوێکی تردا بەکاریانهێناوە، وەك ئەوەی غەزالی کردویەتی. ئەوانەی فەلسەفەیان ڕەتکردۆتەوە، گوتەکانی فەیلەسووفەکان تیخیانکردون و بەم یان بەو شێوەیە کاریان لە پێکهاتەیان کردوە. ئەمەش باری ئیمڕۆی ئێمەیە: دەرفەت نییە بۆ نکۆڵیکردن لە کاریگەریی ئەو بیرۆکانەی لە خۆرئاوای نوێدا بەرهەمهێنراون، جگە لە هەڵوێستێکی فەندەمەنتالیستانەی تیرۆریستانەی ڕیشەکێشخواز کە ڕووداو ڕەتدەکاتەوە. جا بە لەناوبردنی ئەویتر بێت، یان خۆکوشتن بۆ چوونە ناو ئەو بەهەشتەی بەڵێنی بە بەندە هەڵبژاردەکانی داوە. وەك ئەوەی ئیسلامییە داخراوەکان بە مەیلە جۆربەجۆرەکانیانەوە دەیکەن، یان ئەوانەی لەبەردەم دیواری پەرستگاکان ڕادەوەستن، یان ئەوانەی پاش سزادانیان بە لەسێدارەدان کڕنووش بۆ خوای گەورە دەبەن، یان ئەوانەی بێتاوانەکان دەکوژن و جەستەیان پارچەپارچەدەکەن بۆ نزیکبوونەوە لە خوا، یاخود وەك جیهاد لەپێناو دامەزراندنی حوکمڕانیی خواوەندانەدا.

*** ئایا ئەمجۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ مەسەلەی شوناس مەترسییەك دروست ناکات لەسەر کولتوورە لاوازەکان، بەتایبەتی لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ کولتووری خۆرئاوایی پێشکەوتوودا؟**

- بەپێچەوانەوە، ئەقڵییەتی موحافەزەکارانە و باسی هاوردەکردن و لۆژیکی بەرەگەزکردن لە بوارەکانی فیکردا هیچ مانایەکیان نییە، جگە لەوەی خۆمان تەڵە بۆ خۆمان دەنێینەوە. چونکە ئەوەی باسی هاوەردەکردنی فیکری دەکات یان گەمەی بەرەگەزکردنی بیرۆکەکان دەکات، بنەمای بیرۆکەکەی ئەوەیە کە هەندێك بیرۆکە هەن هی ئەوانیترن و هی ئێمە نین. ئەوەی بڕوای بەوەش هەبێت، ڕێگە بەویتر دەدات لەبری ئەو بیربکاتەوە و پێشی بکەوێت. ئەمەش ئاکامەکەیە لەهەر شوێنێکدا هاوردەکردن و هەڵمەتی داگیرکاری هەبێت: ئەویتر هەڵمەتی داگیرکاری دژمان

بەرپادەكات، هەتاكو سەرقاڵ بین بە قسەكردنەوە دەربارەی ئەو هەڵمەتە. ئەمەش بۆمانی ڕووندەكاتەوە، بۆچی ئێمە هەتاكو ئێستا لەسەر ئاستی فیكر نەگەیشتوینەتە چەند داهێنانێكی گرنگ. نیشتمانی بیریار خودی فیكرە. بۆیە ئەو لە ڕووی لۆژكی خۆی و پەیوەندیی بە حەقیقەتەوە مامەڵە لەگەڵ بیرۆكەكان دەكات، بەوەش نیشتمانەكەی و شوناسەكەی دەگۆڕێت بۆ خاكێكی بەپیت بۆ لەدایكبوونی چەند بیرۆكەیەكی نوێ.

### ٦- جێگەگرتنەوەو گۆڕین:

*** لەبەرئەوەی پرسیارەكان هەمیشە *لە* وەڵامەكانەوە دەكەونەوە، پێویستە *لەكۆتاییدا* هەڵوەستە *لەئاست* ئەم دواپرسیارەدا بكەین كە پەیوەندیی بە هەڵوێستی تۆوە هەیە بەرامبەر بە بیریارە هاوچەرخەكانی عەرەب، چونكە دڵڕەقانە ڕەخنەیان لێ دەگریت. ئایا پێتوانییە بەوە زوڵمیان لێ دەكەیت، *لەكاتێكدا* تۆ لێت وەرگرتوون و كارەكانیانت وەبەرهێناوە؟**

- دان بەوەدا دەنێم كە من لەوانەوە هاتووم، چونكە ئەگەر خوێندنەوەكانم بۆ كارە فیكرییەكانیان نەبوایە، نەمدەتوانی ئەوە بەرهەمبهێنم كە بەرهەمم هێناوە. ئەمەش باری هەر یەكێكە بیربكاتەوە و بنووسێت، لەوانەوە دێت كە خوێندوونیەتەوە، ئەوەش بەئەندازەی قوتدانی دەقەكانیان و تێگەیشتن لە بیرۆكەكانیان. لێرەوە پێموایە ئەوانەی بازیان بەسەر بیریارە هاوچەرخەكانی عەرەبدا داوە كە پێش ئەوان هاتوون، لە دوایانەوە ڕێگەیان ونكردوە.

كەواتە من بەلۆژیكی ڕەتكردنەوە و تاوانباركردن، یان بۆ پیادەكردنی ویستی سڕینەوە و یەكلاكردنەوەی حساب ڕەخنەیان لێ ناگرم، وەك هەندێك ڕەخنەگری عەرەب لەگەڵ ئەوانیتر پیادەیدەكەن. بەپێچەوانەوە پەیوەندیم پێیانەوە، پەیوەندیی دانانە بە دەستكەوتەكانیاندا، بەئەندازەی ئەوەی پەیوەندیی جیاوازی و جیاكارییە. جیاوازیی من لەگەڵ ئەوان - وەك باسمكردوە - ئەوەیە من بایەخدانم لە كەلەپووری ئیسلامی یان فیكری عەرەبیدا قەتیس ناكەم و خەمی ئەوەم نییە فیكرێك بۆ عەرەب نوێبكەمەوە كە تەنیا تایبەت بێت بەخۆیان نەك ئەوانیتر، بەوپێیەی فیكر فەزایەكە زۆر لە ڕووبەرە جوگرافییەكانی نیشتمان و كۆمەڵگەكان فراوانترە.

بەم مانایە، پێموایە بەئەندازەی دانانم بە دینەكەیاندا ڕەخنەیان لێ دەگرم،

بەئەندازەی هاتنم لەوانەوە جێیاندەهێڵم، بەئەندازەی وەرگرتنم لەوان جیاوازدەبم لەگەڵیان. بەکورتی: من خوێنەری ئەوانم، بەئەندازەی ئەوەی جێگرەوەی دەقەکانیانم. مەبەستم لە جێگرەوە لێرەدا ئاڵوگۆڕکردن و گۆڕانکاری یان دەستپێوەنان و گۆڕینە.. بەڵام ئەمجۆرە دانپیانانە وام لێ ناکات ئەوە لەبیربکەم، کە هەندێك لەو بیریارانەی عەرەب گرێی باوکایەتی یان وەهمەکانی خواوەندبوون سواری سەریان بووە و پێیانوایە ئەوان جڵەوی فیکریان بەدەستەوەیە، یان ئەوان دروستکەری ئەوانیترن، بەتایبەتی کاتێك دەبینن ئەو ئەویترە ئامادیی خۆی پیادەدەکات، کەچی ئەوان لە گۆڕەپانەکەدا ئامادەنین، لەبەر هەلومەرجەکانیان یان گەیشتنیان بەهۆی ڕەچەڵەکەکانیانەوە بە پیریی فیکری، کە پاش پیربوونی ئەودیوسروشتەکان بەرەو نقومبوون لەناو فیکرچێتیی ئەودیوسروشتیان دەبات و تیایدا بەئەقڵییەتێکی لاهوتیی عیرفانی بیرۆکەکان دەپەرستن. ئەمە لەکاتێکدا کە ئەوان باش دەزانن هەریەکێك ئەنجامی گۆڕینی گشت لقەکان و کاریگەرییەکان و خواستنەکان بۆ کارێکی گشتی و دەستکردێکی داهێنەرانە خۆی دروستدەکات. وەك باری ڕۆڵی ئەوان لەگەڵ ئەوانەی خوێندویاننەتەوە و سوودیان لێ وەرگرتوون.

*** ئایا ئەمە باری پەیوەندیشتە لەگەڵ ئەو بیریارە خورئاواییانەی کەوتویتەتە ژێر کاریگەریانەوە؟**

- بێگومان ئەمە باری منە لەگەڵ بیریارە خۆرئاواییەکانیشدا، بەتایبەتی هاوچەرخەکانیان. پەیوەندیی من بەوانەوە، پەیوەندیی وەرگرتن و کارتێکرانە، بەئەندازەی ئەوەی پەیوەندیی جێگرتنەوە و ئاڵوگۆڕ، یان پێشێلکردن و ڕاڤەکردن، یاخود دەستپێوەنان و گۆڕینە.. بەڵام هەندێك لەوانەی بەئەقڵێکی ئاوێنەکارانە دەخوێننەوە، جگە لە کۆپیکردنی کتومت، یان ناشرینکردن و شێواندن، شتێکی تریان نەبینیوە. وەك جۆری خوێندنەوەکەی نووسەری سعودی میجان رویلی بۆ دەقەکانم. ئەمەش بەری لۆژیکی هاوجووتکردن و مامەڵەکردنی ئاوێنەکارانەیە لەگەڵ بیرۆکە و دەقەکاندا: ڕەتکردنەوەی نوێبوون و جیاوازی یان نکۆڵیکردن لە ڕەسەنایەتی و داهێنان. ئەمەش ئەوەیە کە رویلی لە خوێندنەوەی "وەهمەکانی دەستەبژێر"دا کردویەتی: نکۆڵیکردن لەو نوێییەی تیایدایە، بەئەندازەی ئەوەی بە دووبارەکردنەوەی

کارەکانی پێشوومی داناوە. ئەگەر بەچاوێکی هەڵوەشاندنەوەخواز بیخوێنایەتەوە، ئەوا مەسەلەکە جیاوازدەبوو. چونکە بەپێی لۆژیکی هەڵوەشاندنەوە، هەر خوێندنەوەیەك بۆ دەقێك، مەبەست هەر خوێندنەوەیەکی گۆڕانکاریخوازی بەرهەمهێنە، تەنانەت ئەگەر هەر باسکردنیش بێت، مانای کەوتنەوەی کارلێککردنە لەگەڵیدا، بۆیە مامەڵەکردن لەگەڵ دەقەکان بەئەقڵییەتی بەراوردکردن و پێکچواندن بێکەڵکە.

باشترە بڕوانرێتە خودی دەقەکە، واتە هێزی بیرۆکەکان و کاریگەرییە چەمکئاساکانی: ئایا دەستدانی نوێ بۆ بیرکردنەوە پێشکەشدەکات یان نا؟ ئایا توانای تێگەیشتن و دەستنیشانکردنی هەیە یان نا؟ ئەمە ئەو شتەیە کە رویلی لە بیری خۆی دووریخستۆتەوە و وای لێ کردوە نکۆڵی لە هەر نوێبوونێك لەناو کتێبی "وەهمەکانی دەستەبژێر"دا بکات. ئەمەش بەری لۆژیکی هاویشتنە سەر ئەوانیتر و ئەقڵی ئاوێنەکارانەیە، لەکاتێکدا میجان یەکێکە لە لافلێدەران و کارپێکەرانی "هەڵوەشاندنەوەخوازی".

*** مەبەستت *لەوە* ئەوەیە کە ویستی دوورخستنەوە هەڵوێستی رویلی لێکدەداتەوە، یان قاڵ نەبوونی *لە* شێوازی هەڵوەشاندنەوەخوازیدا؟**

- بەبڕوای من ئەو دوو مەسەلەیە تێکهەڵکێشن، بەڵام زیاتر پێ لەسەر ویستی دوورخستنەوەو دانپیانەنان دادەگرم. بەڵگەی ئەوەش نووسەری مەغریبی ئیدریس هانی لە خوێندنەوەی هەندێك دەقمدا دەیخاتەڕوو. چونکە لەلایەکەوە دانی بەوەدا ناوە من یەکێکم لە تێگەیشتووە لێوەشاوەکانی هەڵوەشاندنەوەخوازی و پیادەکارێکی شارەزای شێوازەکەی و ڕەخنەگرێکی باشم لەسەر ڕێبازی درێدا. ئینجا دەگەڕێتەوە و تاوانبارم دەکات بەوەی خوێندنەوەکانم سەرچڵانەو ئەکروپاتانە و دەستەبژێرانە و بەپەلەن و لەگەڵ ناخی دەقەکاندا هەڵناکەن. بەمەش هانی نموونەی خوێنەرێك پێشکەشدەکات کە پێشێلی شتێك دەکات زۆرنییە داوای پیادەکردنی کردوە. چونکە ئەگەر ئەو هەولێبدبایە لەگەڵ دەقەکەمدا هەڵبکات، ئەوا ئەوەی لەبیرخۆی نەدەبردەوە، یەکەمین وەهمێك من داوای هەڵوەشاندنەوەی دەکەم، دەستەبژێرخوازییە کە بۆتە مایەی دابڕانی ڕووناکبیر لە کۆمەڵگەکەی و دەستەپاچەیی لەئاست پیادەکردنی دیموکراسی لەناو کەرتەکەیدا. لە ڕوویەکی ترەوە، بۆ ئەوەی ڕادەی

جیاوازیی نێوان خۆم و دریدا ئاشکرابکەم، جا لە رووی بواری وەبەرهێنان و شێوازی بەکارهێنانەوە بێت، یان لە رووی گەمەی دەق و میکانیزمەکانی شیکردنەوە و توێکارییەوە. چونکە لەکاتێکدا من کەوتوومەتە ژێر کاریگەریی چەمکی "هەڵوەشاندنەوە"وە و لە رووی تێروانین و میتۆدەوە کاری تێ کردوم، بەردەوام کار بۆ بەرهەمهێنانەوە و داهێنانی دەکەم، بەجۆرێك کە منیش کاریگەریی بخەمە سەری، ئەوەش بەئەندازەی ئەوەی لەسەر خاکەکەم و لەناو گۆڕەپانەکەمدا وەبەریدێنم، یان لەبەر رۆشنایی ئەزموونەکان و بەشداریکردنەکانم تاقیدەکەمەوە، یان زمان و ژینگەکەی خۆم دەخەمە ناوییەوە، یاخود لە رێگەی پیادەکردنی تاکێتی و بێوێنەیی خۆمەوە.. ئەمەش وایکردوە "هەڵوەشاندنەوە" لە رێگەی خوێندنەوە گۆڕانکاریخوازە بەرهەمهێنەکانمەوە بگۆڕێت بۆ پیشەسازییەکی ناوخۆیی بە وێنەیەکی نوێ، ئەویش پیشەسازی و نموونە بنەڕەتییەکەی منە. ئەمەش وام لێ دەکات بە رەخنەگرەکانم بڵێم، بەتایبەتی ئەوانەی شارەزای هەڵوەشاندنەوەن، باشترین شتێك لە رەخنەگرتن لە دەقەکاندا، مامەڵەکردنە لەگەڵیاندا بە لۆژیکی خۆیان نەك بەلۆژیکی ئەوانیتر. ئەوەش بە تێپەڕاندنی لۆژیکی پێکچواندن و لێدەرکردن، کە جگە لە دوورخستنەوە و دانپیانەنان هیچی تر بەرهەم ناهێنێ.

*** ناچارین کۆتایی بە پرسیارکردن و ئاخاوتنەکە بهێنین، بەچی دەتەوێ کۆتایی بەم چاوپێکەوتنە بهێنی؟**

- دەمەوێ جیاوازی لەنێوان سێ جۆر خوێندنەوەی دەق و کاریگەری بکەم: خوێنەرێك کە کارتێکردن بەدووردەگرێت و دان نانێت بە گرنگی و سوودی دەقدا. خوێنەرێك دەخوێنێتەوە، بۆیە سوودوەردەگرێ و کاری تێدەکرێت، بەڵام نکۆڵی لە کارتێکردنەکە دەکات. خوێنەرێك کاری تێدەکرێت و دانی پیادا دەنێت، بەئەندازەی ئەوەی کارتێکردنەکە دەگۆڕێت بۆ خوێندنەوەیەکی بەرهەمدار، کە نوێبوون و خستنەسەر لەخۆدەگرێت. نموونە لەسەر ئەم خوێنەرەی دوایی، خوێندنەوەکەی سەقر ئەبو فەخرە، کە لە "پێشەکی"ی کتێبی "وەهمەکانی دەستەبژێر" و لەژێر ناونیشانی "ڕووناکبیر یان مردنی ڕووناکبیر"دا هێمای بۆ کراوە.

## پەراوێزەكان:

(*) چاوپێكەوتنێكە ئیسماعیل فەقیهی شاعیرو ڕۆژنامەنووس ئەنجامیداوە.

١- ئەمە لەمیانەی پێشانگەی سالآنەی كتێبدا ڕوویدا، كە لە مانگی ئەیلولی سالّی پێشوودا (١٩٩٧) ڕێكخرا.

٢- بڕوانە "پاشكۆ"كەی كۆتایی ئەم چاوپێكەوتنە.

٣- بەوە هێما بۆ ڕۆمانووس عەبدولرەحمان مونیف دەكەم، كە قسەكەی لەمیانەی موحازەرەیەكدا هاتوە دەربارەی ڕووناكبیر و لە هەمان وەرزی ڕووناكبیریدا لە كتێبخانەی ئەسەد لە دیمەشق پێشكەشیكردوە.

٤- بەوە هێما بۆ دەستنیشانكردنی ڕووناكبیرێكی دیار و نووسەرێكی سیاسی دەكەم، ئەویش كەریم مروەیە، سەبارەت بە قەیرانی ڕووناكبیریی عەرەب. بڕوانە وتارەكەی: ڕووناكبیریی عەرەب: چ داهاتوویەك؟ چ ئاسۆیەك؟ لە گۆڤاری (النهج)دا ژمارە ١٢ی پاییزی ١٩٩٧.

٥- بەوە هێما بۆ دكتۆر بورهان غلیون دەكەم، كە بەوە تاوانباریكردم من لە ڕێگەی ڕەخنەگرتنەكەمەوە لە ڕووناكبیر جۆرێك لە "خۆفەلاقەكردن" پیادەدەكەم، كەچی كاتێك خۆی ویستی ڕەخنە لە ڕووناكبیر بگرێت، ئەو گوتانەی بەكارهێنا كە ناونیشانی كتێبەكەم "وەهمەكانی دەستەبژێر" یان هەندێك گوتە تری وەبیردەهێنێتەوە. بڕوانە ئەوەی بورهان غلیون لەو چاوپێكەوتنەدا وتویەتی كە خالید سەلآح لە گۆڤاری "الاهرام العربی"دا، ژمارە ١٣ی ٢١ی حوزەیرانی ١٩٩٧دا لەگەڵیدا كردوە.

٦- ئەم گوتەیە بەری شۆڕشی كۆمۆنیكاشیۆنە، ئەوەی ماوەكانی بەجۆرێك كورتكردۆتەوە كە لەگەڵیدا زەوی بۆتە گوندێكی ڕاگەیاندنكارانەی بچووك و دیاریكراو.

# پاشکۆ
# پۆلێنکردن دژی رۆشنگەری

پاش کۆتاییهاتن بەم چاوپێکەوتنە، چاوپێکەوتنێکی فەیسەڵ دەراجم بینی کە رۆژنامەی (السفیر) لەگەڵیدا کردبووی، تیایدا بەشێوەی سوکایەتیپێکردن و ناوزڕاندن رەخنەی لێ گرتووم، ئەمەش وەڵامەکەی منە کە لە هەمان رۆژنامەدا بڵاوبۆتەوە:

قسەکانی فەیسەڵ دەراجم خوێندەوە، کە تیایدا باسی پەیوەندیی من لەگەڵ رۆژنامەگەری و مەعریفە و سوڵتە دەکات، ئەمە سەرباری رەخنەگرتنم لە رووناکبیر بەو شێوەیەی لە کتێبەکەم: "وەهمەکانی دەستەبژێر"دا هاتووە.

من فەیسەڵ دەراجم بە هاورێم دادەنا، ئەمە وێرای ئەو کەلێنە فیکرییەی لێکمان جیادەکاتەوە، کە سەرچاوەکەی جیاوازییەکی گەورەیە لە تێڕوانین و شێوازدا. کاتێکیش بیستم لە کتێبخانەی ئەسەد لە دیمەشق لە ئەیلولی رابردوودا موحازەریەکی پێشکەشکردوە، تەوەرەکەی رەخنەگرتن بووە لە گوتەکەم "کۆتایی رووناکبیر"، لەسەر یەکێك لە سەکۆکانی بەیروتەوە لە ئەقڵ و دڵەوە سڵاوم ئاراستەکرد، وەك جەغتکردنەوەیەك لەلایەن منەوە لەسەر گرنگترین شت لە دەربڕینەکانی هەریەکێك لە ئێمەی بەشداری مشتومڕەکاندا، ئەوەیە بەردەوام بین لە دەربڕیندا، بە مەبەستی پیادەکردنی ئازادیی بیرکردنەوە و زیندوێتیی فیکری. ئەمەش بە گەرانەوەیەکی رەخنەگرانە بۆ زاراوە و گوتەکانی فیکر، بەشێوەیەك کە دەرفەت بۆ مرۆڤ برەخسێت لە رێگەی نوێکردنەوەی میتۆدەکانی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە، یان ئامرازەکانی

تێگەیشتن و دەستنیشانکردنەوە، پەیوەندییەکی کاریگەر و هەنوکەیی لەگەڵ کات و جیهان دروستبکات.

**ئابڕووچوونەکانی ڕووناکبیر:**

بەم مانایە، لەکاتێکدا ئێمە ڕەخنە لە یەکتری دەگرین، بۆ سوکایەتپێکردنو ناوزڕاندن نییە، بەڵکو بەمەبەستی چاوخشاندنەوەیە بە گوتە و پیادەکردنەکانماندا، بەشێوەیەك کە دەرفەتمان بۆ بڕەخسێنێت چەندین دەستدانی نوێی بیرکردنەوەو کارکردن بدۆزینەوە و بەهۆیانەوە ئاسۆ داخراوەکان بکەینەوە و لە تەنگژەی خنکێنەر ڕزگارمان بێت.

بۆیە کاتێك من ڕەخنەی لێ دەگرم، جا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، ئەوا قسە بەبێ بناغە و وردبوونەوە یان بەرچاوڕوونی، واتە بەبێ پشکنین و هۆشهاتنەوە فڕێ نادەم، بەڵکو توانج لە قسەیەك دەدەم کە ماناکەی شرۆڤەدەکەم، یان ڕەهەند و مەرامەکانی ئاشکرادەکەم. وەك لە ڕەخنەلێگرتنیدا کردوومە و لە موحازەرەیەکدا دەربارەی "ڕەخنەگرتن لە ئەقڵی یەکگرتنخواز" لە کوەیت پێشکەشم کردوە. ئەوکاتە لەئاست قسەیەکیدا هەڵوەستەمکردوە دەربارەی بەرپرسیارێتیی ڕووناکبیر، کە تیایدا هاتووە: "پێویستە ڕێگە لەو کۆششانە بگیرێت کە زیان بە بەرژەوەندیی نەتەوە دەگەیەنن". ئێمەش دەزانین هەمیشە ئازادی بەناوی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوە، یان یەکگرتوویی قسە، یاخود تەنها پرنسیپێکی تاقانەوە زەوتکراوە و زەوتدەکرێت. لە کۆندا ئیبن ڕوشد سەرکوتکرا، چونکە بەهۆی کۆششەکانییەوە دژی کۆدەنگیی نەتەوە ڕاوەستاوەتەوە، کەچی ئیمڕۆ وەك یەکێك لە زانا ناوادارەکانی ئەقلانیەت و ڕۆشنگەری ڕێزی لێ دەنرێت و پێشوازیی لێ دەکرێت. لێرەوە سەرم سوڕما لەوەی هەڵوێستێکی وەها لە ڕووناکبیرێکەوە بێت کە خوازیاری ڕۆشنگەرییەو دەبێتە مایەی زەوتکردنی ئازادیی بیرکردنەوە و فشارخستنە سەر ڕووناکبیران. ئەمە ئەگەر ویستمان بزانین چی دەڵێین. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك ویستم موحازەرەکە لە گۆڤارێکدا بڵاوبکەمەوە، ڕەخنەکەم لابرد، نەبادە ویستی ڕەخنە زاڵبووبێت بەسەر ویستەکانی تردا و هەتاکو دۆستایەتیی خۆم و فەیسەڵ دەراجیش تێك نەدەم.

**پاسەوانی ڕۆشنگەری:**

لێرەوە ئەو "ڕەخنە"یەی ئاراستەیکردووم خەفەتباریکردم، ئەوەی تیایدا بە بێپێزکردن و دووبارەکردنەوەی گوتەکان و گوێزانەوەی زانیارییەکان لە ڕۆژنامەکانەوە تاوانبارم دەکات، ئەمە سەرباری تۆمەتی هەڵپەرستیی سیاسی. ئەمەش ڕەخنەیەکە گوزارشت لە ویستی ڕەتکردنەوە و هەوەسی بڕینداركردن دەکات، زیاتر لەوەی لە ویستی گفتوگۆکردن یان تێگەیشتن و خۆشەویستیی مەعریفەوە هاتبێ. بەهەرحاڵ، قسەکەی لە ئەقڵێکی ڕەخنەگرانەوە - بەمانا ڕۆشنگەرییەکەی - سەرچاوەناگرێت، چونکە ڕۆشنگەر بانگەشەکاری ڕۆشنگەری نییە، کە خۆی لەناو مەملەکەتی ئەقڵ دادەنێ و ئەوانیتر دەردەپەڕێنێ بۆ ئاسمانی خورافە و تاریکی، بەڵکو ئەوەیە کە پەیوەندییەکی ڕەخنەگرانە لەگەڵ فیکری خۆی دەبەستێت، لە ڕێگەی کارکردنەوە لەسەر خود، بۆ ڕزگارکردنی لە بەوەهمکردنە خۆییەکان و خەیاڵپڵاوییە ئایدیۆلۆژییەکان. بەم مانایە، ڕۆشنگەری یەقینێکی دۆگماییانە نییە، بەئەندازەی ئەوەی توانای مرۆڤە بۆ گۆڕان و گۆڕینی بیرۆکەکانی، بەهۆی شکاندنی قاڵبە مەعریفیە تەسکەکان، یان شیکردنەوەی بونیادە فیکرییە ڕێگرەکان، یاخود تێپەڕاندنی دوانە زەینییە خنکێنەرەکانەوە. واتە دۆزینەوەی چەند دەستدانێك کە بەهۆیانەوە میکانیزمەکانی دەستەپاچەیی خۆمان هەڵدەوەشێنینەوە، بەمەبەستی ئەوەی فریای لاوازیی بوونخوازیی خۆمان بکەوین و بێتوانایی مەعریفی و سیاسی جێبهێڵین.

بەڵام ئەوانەی بەئەقڵییەتی ئایدیۆلۆژیا و بانگەشەکردن مامەڵە لەگەڵ ڕۆشنگەری دەکەن، ئەوا ناماقوڵ دەچنەوە، بەئەندازەی ئەوەی کتوپڕ دەکەون بەسەر ڕەفتارە سەیروسەمەرەکان و پیادەکردنە فاشییەکاندا. وەك باری ئەو ڕووناکبیرانەی عەرەب کە بە لۆژیکی پاسەوانیکردن و پاراستن مامەڵەیان لەگەڵ گوتەکانی خۆیان دەکەن. سەرەنجامەکەش دەستەوسانە لەئاست هێنانەئارای نوێیەك یان داهێنانێك، لە ڕێگەی ماناکانی ئەقڵ یان ڕۆشنگەرییەوە. بەوپێیەی داهێنان بەچاوخشاندنەوە بەوەی بیری لێ دەکەینەوە دەستپێدەکات، بۆ دۆزینەوەی ناماقوڵبوونی گوتەکان، یان ئابڕووچوونەکانی پیادەکردن و کردارەکان.

بۆیە کەمترین شتێك کە دەبێت، پاش ئاشکرابوونی ناماقوڵی، کۆنەپەرستی، ستەمکاریی پرۆژەکانی ڕۆشنگەری و پێشکەوتن و ڕزگاری بکرێت، وریابوونە بەرامبەر بە پۆلێنکردنە حازربەدەستەکان. بەم مانایە، پۆلێنکردن دژی ڕۆشنگەرییە، بەئەندازەی ئەوەی لە فیکرێکی تاکلایەنە و ئەقڵێکی دۆگماییانەوە سەرچاوەدەگرێت. ئەگەرنا، چۆن لەم هەڵوێستە ئابڕووبەرانەیە تێبگەین: ڕووناکبیرێك خوازیاری ڕۆشنگەرییە و بەردەوام ڕەخنە لە سیستەمەکانی ستەمکاری و سەرکوتکردنی سیاسی دەگرێت، داوای سەرکوتکردنی هاوەڵە ڕووناکبیرەکانی دەکات لەسەر بیروڕاکانیان دەربارەی مەسەلە گشتییەکان و کاروبارە چارەنووسسازەکان. لەکاتێکدا بیروڕای جیاواز، ئاسۆکانی بیرکردنەوە لە کێشە هەڵواسراوەکان فراواندەکات، بەئەندازەی ئەوەی پەردەپۆشکراو و بێدەنگی لێکراو ئاشکرادەکات. ئەمەش پارادۆکسەکەیە: کاتێك ڕووناکبیر دەگۆڕێت بۆ بانگەشەکار، زیاتر پەردەپۆشکردن پیادەدەکات، نەك ئاشکراکردن. جارێکی تر، ئەمە مانای ئەوەیە ئەو ڕووناکبیرەی خۆی دەکاتە ڕاسپێردراو بەسەر ڕۆشنکردنەوەی خەڵکەوە، پێویستە کار لەسەر ڕۆشنکردنەوەی ئەقڵی خۆی بکات، لە ڕێگەی ڕەخنەگرتنەوە لە ڕۆڵی خۆی و ڕیسواکردنی پیادەکردنەکانی خۆی.

پشتبەستوو بەوە دەگەڕێمەوە بۆ ئەو مەسەلانەی فەیسەڵ دەراج لە ڕەخنەکەیدا، مەبەستم هێرشکردنەکەیەتی، وروژاندوونی:

سەبارەت بە ڕەخنەگرتنم لە ڕووناکبیر، کە پشتئەستوورە بە پەردەهەڵماڵین لەو وەهمانەی پەیوەندییان بە شووناس و ئازادی و دەستەبژێرەوە هەیە، وێڕای پێشکەوتن و مۆدێرنیتە، دەمەوێت هێما بۆ ئەوە بکەم، پاش بڵاوبوونەوەی کتێبەکەم (وەهمەکانی دەستەبژێر) کەسانێك باسی قەیرانی ڕووناکبیریی عەرەبیان کرد، کەچی دوای ڕەخنەگرتن و پشکنین، جگە لەو وەهمانەی من باسمکردون، شتێکی تریان نەدۆزیوەتەوە بۆ لێکدانەوەی ڕواڵەتەکانی ئەو قەیرانە. وەك ئەوەی لە قسەکانی ڕووناکبیری پێشکەوتنخوازی مارکسیدا، نووسەری سیاسی کەریم مروە، هاتووە. هەروەها ئەوەی ڕۆمانووس عەبدولڕەحمان مونیف (*) کردوویەتی، بە

جەغتکردنـــەوەی لەســـەر ئـــەوەی ڕوونـــاکبیر ڕۆڵێکـــی گێـــڕاوە، کـــە لەمەبـــەدوا توانـای گێڕانـی نییـە. پـێم باشـە لێـرەدا هەنـدێك لەوانـە بـە نموونـە بهێنمـەوە، کـە لـەڕووی ئاقـاری فیکـری یـان ڕوانگـەی مەعریفییـەوە جیـاوازم لەگـەڵیان، چـونکە هەنـدێك هـەن ئەوەنـدەی بـڕوا بـە کەسـەکان دەکـەن، بـڕوا بـە بیـانوو و بیرۆکەکان ناکەن.

## ڕۆژنامەگەری و مەعریفە:

سـەبارەت بـە پەیوەنـدیی نێـوان مەعریفـەو ڕۆژنامەگـەری، دەمـەوێت سـەرەتا هێما بۆ ئەوە بکەم، مـن ڕۆژانـە ڕۆژنامـە ئەوروپییـەکان ناخوێنمـەوە، چـونکە توانـای ئەوەم نییە، بەڵکو گۆڤارە مانگانـەکان دەخوێنمـەوە، بـەدیاریکراوی مەبەسـتم گۆڤـاری (Magazine Litte'raire) و گۆڤـاری "لۆمۆنـد دیپلۆماتیك"ـە. ئاشکرایە سەبارەت بەمەی دوایی، کە بەکردەوە گۆڤـارە نـەك ڕۆژنامـە، چـەند سـاڵێك لەمەوبـەر کۆششێکی زۆرم کرد بۆ وەرگێڕان و بـە مانگانـە دەرچـوونی بـەزمانی عـەرەبی لەگـەڵ دەقە فەرەنسییەکەدا، لەبەر بایەخی نەك هەر لە ڕووی ڕۆژنامەوگەرییەوە، بـەڵکو لـە ڕووی فیکریـشەوە، چـونکە خوێنـەر ڕوومـاڵکردنێکی ماناگەنـە دەربـارەی پێـشهاتە گرنگـەکان و ڕووداوە مەترسـیدارەکان دەخوێنێتـەوە، ئـەوەش لـە ڕێگـەی وتـاری دەوڵەمەند و لێکۆڵینەوەی پـشەستوور بـە بەڵگـەوە، سـەرباری نوێبـوونی دەربـڕین و ئـەقڵانیبوونی ڕەخنـە تیایـدا. تەنانـەت سەروتارەکانیـشی بـە ڕۆحێکـی ئەکادیمیانـە نووسـراون، چـونکە بـەدەرنین لـە هێماکردن بـۆ سەرچاوەکان. ئـەوە بـەکردەوە، وەك سەمیر قەسیر لە پێشەکیی وەرگێڕانە عەرەبییەکەیدا دەڵێت، کە بەم دواییانە لەلایـەن (دار النهـار)ەوە بڵاوکراوەتـەوە: "نموونـەی یەکترتـەواوکردنێکی بەرهەمـداری کـاری پیـشەکارانەو مەعریفـەی ئەکادیمیانەیـە". بێگومـان وەرگێڕانـی بـۆ زمـانی عـەرەبی بەشێوە کامڵ یـان نیمچە کامڵەکەی، دەسـتکەوتێکی ڕۆژنامەگەرییانەیـە، بەئەنـدازەی ئـەوەی یـەکێك لـە دەرگاکـانی مەعریفـە بـەڕووی ئەوانـــەدا دەکاتـەوە کـــە زمـانی فەرەنسی نازانن.

ئـەم نموونەیـە وام لێ دەکـات لـە مەسـەلەی مەعریفـەدا جیـاوازیی لـەنێوان ڕۆژنامەگـەریو ناڕۆژنامەگەریـدا بکـەم، بەتایبـەتی کـە ڕۆژنامەگـەریی ڕوونـاکبیری -

بەتايبەتى ڕۆژانە - چالاكييەكى بەرهەمهێنە بۆ ڕووناكبيرى، چونكە زۆربەى ئەوانەى سەرپەرشتيى لاپەڕە ڕووناكبيرييەكان دەكەن، بۆخۆيان بەرهەمهێن يان داهێنەرن لە بوارەكانى شيعر و ڕۆمان و ڕەخنەو فيكردا... لەبەر ڕۆشنايى ئەوەدا دەتوانم بڵێم: هەرشتێك لەلايەن ناوەندەكانى توێژينەوەوە دەربچێت، نوێبوون لەخۆناگرێت و خاوەن خەسڵەتى ڕەسەنايەتى و داهێنان نييە، بەتايبەتى لاى خۆمان كە هەتاكو ئێستا تاقە زانكۆيەكى عەرەبى سەركەوتوونەبووە لە كردنەوەى لقێكى نوێى مەعريفەدا. جا لەبەرئەوەى بە كەرەستەيەكى سواوى فيكريش جيهان دەخوێنينەوە و واقيع شيدەكەينەوە، واتە وەك پۆليس بيردەكەينەوەو تاقە خەممان پاسەوانيكردنى گوتە پەككەوتەكانمانە بەهێزە شەكەتەكانمان، بەوجۆرەى دەڕاج مامەڵە لەگەڵ بيرۆكەكانى خۆى دەكات، ئەوا سەركەوتوونابين لە كردنەوەى ئەو لقەدا.

لە بەرامبەردا، ناكرێت هەر نووسينێك ڕۆژنامەكان بڵاويبكەنەوە بە ڕواڵەتكار يان بێزراو وەسفبكرێت، چونكە من لە ڕۆژنامە و گۆڤارەكاندا چەندين وتارى لە ڕادەبەدەر بێوێنە دەربارەى ڕۆشنگەرى و دەسەڵات و جيهانگيرى دەخوێنمەوە، بۆ نموونە ئەوانەى بۆرديو يان ڤيريليۆ، كە دەيان كتێب و لێكۆڵينەوە، لەڕووى چڕيى ماناو نوشتانەوەكانى گوتەكان يان قوڵيى ڕەهەند و مەرامەكانەوە، هاوتايان نييە. بێگومان دەرفەتى بەراوردكردنى ئەو جۆرە وتارانە بەو لێكۆڵينەوانەمان نييە كە خاوەنەكانيان تيايانداباسى ئەفلاتونيەت و ڕۆشنگەرى، يان دەسەڵات و جيهانگيرى دەكەن، بەمەبەستى ڕێزلێنان و مەزنكردن يان نەفرەتيكردن و بەردەبارانكردن.

**زانيارييەكان و بيرۆكەكان:**

بەهەرحاڵ گرنگ ئەوەنييە مرۆڤ زانيارييەكانى لەكوێوە وەردەگرێت يان مەعريفەكانى لەكوێوە بەدەستدێنێت، چونكە هەر بيرۆكەيەك كە لەويترەوە وەريدەگرين، دەگۆڕێن بۆ مەعريفەكان يان زانيارييەكان. بۆيە گرنگ ئەوەيە بەهۆى ڕەخنەو لە تاقيگە فيكرييەكانماندا، واتە لە ڕێگەى تۆڕە چەمكئامێزەكانمانەوە، ئەو زانياريانە بگۆڕين بۆ چەند بيرۆكەيەكى بەپيت يان چەند چەمكێكى خولقێنەر، نەك بيرۆكەو چەمكە بێوێنەكان كە مۆدێرنيستەكان دايانهێناون بگۆڕين بۆ شتى ڕەوانكراو دەربارەى ئازادى و ديموكراسى و ڕۆشنگەرى و مۆدێرنيتە، هەتاكو بيانگۆڕين بۆ

ڕەقهەڵاتووە فیكرییەكان یان بەوەهمكردنە سیاسییەكان. وەك باری ئەو ڕووناكبیرەی وێنە نموونەییەكەی لای دەراج دەبینینەوە.

گرنگ ئەوەیە زانیارییەكان ساخبكەینەوە و ئەزموونەكان بگۆڕین بۆ چەند پێشهاتێكی فیكریی وەها كە لەگەڵیدا پەیوەندیی لەگەڵ واقیع گۆڕانی بەسەردا بێت. ئەوەش بە خولڵقاندنی نوێ و داهێنراو یان كاریگەر و هەنوكەیی لە بوارەكانی فیكر و ڕووبەرەكانی مەعریفەدا، یان لە كەرەستەكانی تێگەیشتن و میتۆدەكانی لێكۆڵینەوەدا.. بەڵام ئەگەر كارە فیكرییەكان و ئەزموونە سیاسییەكان بگۆڕین بۆ ئەو زانیارییانەی دووبارەدەكرێنەوە یان ئەو گوتانەی لەسەر دووبارەكردنەوەیان ڕاهاتووین، ئەوا سەرەنجامەكە شكستخواردنێكی دووجەمسەریی دەبێت لە پیشەی فیكرو كاری خەباتگێڕیدا. واتە دەستەپاچەبوون لەئاست نوێكردنەوەی فیكر و نەزانین بەرامبەر بە مانای گوتەكان، ئەمەش ڕووی دووەمی ئابڕووچوونەكانی پیادەكردنەكانە. ئەم میتۆدە تەقلیدییە ناڕۆشنگەرەی لەسەر بنچینەی ڕەتكردنەوەی جیهان و بۆ ڕزگاركردنی بیرۆكەكان لە ڕێگەی گۆڕینی گوتەكانەوە، كە چەند سیستەمێكی ڕاڤەكردنن یان چەند خوێندنەوەیەكی ئەزموونە مێژووییەكانە، بۆ چەند نموونەیەكی مۆدێلخواز یان چەند زاتێكی پیرۆز، بۆتە مایەی خنكاندنی دەستدانەكانی بیركردنەوە و فشۆڵیی ڕووناكبیرمان بۆ لێكدەداتەوە، جا عەرەب بێت یان خۆرئاوایی. پێدەچێت كاتێك فەیسەڵ دەراج باسی "فشۆڵیی سەرسوڕهێنی ڕووناكبیری فەڵەستینی" دەكات، بەبێ ئەوەی بیەوێت شایەتی لەسەر خۆی دەدات، ئەمەش سەیرنییە: چونكە زۆرجار مانای ئەوە نازانین كە دەریدەبڕین.

سەبارەت بە مەسەلەی پەیوەندیش لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی، ئەوەی دەمەوێت لێرەدا بیڵێم ئەوەیە كە ڕووناكبیر، بەتایبەتی جۆرە پێشكەوتنخواز و ماركسییەكەی، تەمەنی خۆی لە بەرگریكردن لە سیستەمێكی تۆتالیتاریی وەهادا بەسەربردووە، كە كۆمەڵگەی وردوخاشكردوە و ئازادیی سیاسیی پێشێلكردوە. ئەوەش لەسایەی دوو گوتەدا: یەكەم نێگەتیڤانە و تاوانباركارانەیە، ئەویش گوتەی "هەڵپەرستی"یە، دووەمیان بڕواخوازانەیە، ئەویش "سۆشیالیزم"ـە. ئەوەی دەبێت لێرەدا پرسیار دەربارەی بكرێت: ئەو كەلەپوورە سیاسییەی لەسەر بنچینەی "دووبارەكردنەوە"ی

گوتـەی هەلپەرستی دامـەزراوە، ئاكامەكـەی چـی بـووە؟ لـەناوبردنی ژیـانی سیاسـی و نـەزانی بـووە بەرامبـەر بـە دەسـەڵاتو سیاسـەت. كتومـت وەك چـۆن كەلـەپووری سۆشیالیزم بە قوڵكردنەوەی كەلێنی نێـوان چینەكان و نـەزانی بەرامبـەر بـە واقیعـی كۆمەڵایەتی كۆتاییهات. ئەمەش باری "مەتریالیزمی مێژوویی"یە، كـە لەسـەر دەسـتی پاسەوانەكانی بووە مایەی سەرهەڵدانی فیكرێك كە خۆی لەسەروو مێژووەوە دادەنێت، بەئەنـدازەی پیـادەكردنی پەردەپۆشكردنی واقیـع و زەوتكردنـی ئـازادیی بیركردنـەوە لەلایەن میكانیزمەكانیەوە. جارێكی تر: ئەمە ئاكامی مامەڵەكردنە لەگەڵ بیرۆكـەكان، بە فیكرێكی تاكلایەنە یان ئەقڵێكی دۆگماییانە.

تەنیا ئـەوە دەرفـەتمان بـۆ دەڕەخسێنێت لـەوە تێبگـەین، بۆچـی ڕەخنـەگرتنی ڕووناكبیر لە دەسەڵاتی سیاسی بووە مایەی ستەمكاریی زیاتر. ئەمە ئەگەر جارێكی تر بمانـەوێ لـە مانـای ئـەوە تێبگـەین كـە دەیڵـێین یـان پیادەیدەكـەین. بـەم مانایـە، توخنكەوتنی واقیعی سیاسی بـەهۆی زمـانی كۆن و كەرەسـتەی سـواوەوە، وەك گوتـەی هەلپەرسـتی، بێـسوودە. چـونكە لـە هەرشـوێنێك خرابێتـەڕوو یـان بـەكارهێنرابێت، بەشـداریكردووە لـە بەرهـەمهێنانی خـراپترین دەسـەڵاتەكاندا، ئەوانـەی ڕوونـاكبیران، بەبێ ئەوەی بە مێشكیاندا بێت یان حسابی بۆ بكەن، بوونەتە قوربانییانیی دەستیان.

باشترە ئەوە بخوێنینەوە كە لەسەر زەمینـەی واقیـع و لـە ئاشـگەكانی سیاسـەت یـان كارگـەكانی بڕیاردانـدا ڕوودەدات، نـەك لـە واقیـع هـەڵبێین بـۆ ئـەوەی هانـا بـۆ خەیاڵپلاوییـەكان و نموونـەكان و پۆلێنكردنـەكان بـەرین، كـە جگـە لـە فـشۆڵی و پەراوێزبوونو گۆشـەگیری هیـچی تـر بەرهـەم نـاهێنن. بـۆ ئـەوەی درێـژدادڕی نەكـەم، ئەوەی پەیوەندیی بەخۆمەوە هەیە، من كۆششدەكەم بـۆ ئـەوەی بـەڕووی پیادەكردنـە سیاسـی و كۆمەڵایەتییـەكان بكرێمـەوە، بـۆ ئـەوەی لـە گۆشـەگیریی خـۆم دەربـچمو كاربكەم بۆ لێدەرهێنانی چەند دەستدانێكی نوێ بـۆ بیركردنـەوە: بەوپێیـەی كرانـەوە بـەڕووی بـواری سیاسـیدا دەرفـەت دەڕەخـسێنێ بـۆ گـۆڕینی واقیعـی سیاسـەتەكان لـە ڕێگـەی گـۆڕینی سیاسـەتی فیكرەوە، كتومـت وەك ئـەوەی كرانـەوەی سیاسـی بـەڕووی ئەهلی فیكردا دەبێتە مایەی گۆڕینی بیركردنـەوەی خـۆی، بەمەبەسـتی بەدەسـتهێنانی چەند دەستدانێكی نوێ بۆ كاركردن و تەگبیركردن.

مەبەستم لە ئەهلی فیکریش، بەرهەمهێنەکانی بیرۆکەکانە، نەك ئەوانەی دەرگاکان لەسەر فیکری خۆیان دادەخەن و دەست بە کۆتوبەندەکانی خۆیانەوە دەگرن. ئەمەش مانای ئەوەیە، ئێستاو پاش ئەو هەموو هەرەسهێنان و دەستەپاچەییو تێکشکانە، کارەکە بریتییە لە نوێکردنەوەی تێگەیشتنمانە دەربارەی دەسەڵات و ئازادی و ئەقلانییەت و ڕۆشنگەری.

بەڵام ئەگەر نەمانەوێ بە ئەقڵییەتی بندا، یان چۆمسکی یاخود ئینیاسو رامۆنیە واقیعی سیاسی بخوێنینەوە، بەڵکو بە ئەقڵییەتی مارکسو ئایدیالیست و ئەوانە بیخوێنینەوە کە خەون بە بەهەشتێکی زەمینییەوە دەبینن، ئەوا ئەمجۆرە ئەقڵییەتە دوو جۆر پیادەکردنی سیاسی بەرهەمدەهێنێ، کە دوو ڕووی یەك دراون: بێدەسەڵاتو دوورخراوە و زەوتکراو یان تالانکراو لەلایەك، لە بەرامبەردا چەوسێنەرو زۆردار و حوکمڕانی ستەمکار. واتە جگە لە جەلاد و قوربانی هیچی تر بەرهەم ناهێنێت. وەك ئەوەی ئەزموونەکان لای ئەوە شایەتیی لەسەر دەدەن کە بەچاوێکی ڕەخنەگرانەی ڕۆشنگەرانە دەخوێنێتەوە، واتە ئەوەی سەرلەنوێ کارەسات و نسکۆ و دۆڕانەکان بەرهەمدێنێتەوە.

لە کۆتایی توانجەکەمدا بۆ تۆمەتبارکردنەکەم لەلایەن فەیسەڵ دەراجەوە دەڵێم: هەر هەڵوێستێك لەکۆتاییدا دەبێتە شایەت بەسەر خاوەنەکەیەوە و هەر قسەیەکیش پەردە لە ڕووی قەسەکەرەکەی هەڵدەماڵێت.

### پەراوێزەکان:

(*) بیروڕای هەریەکێك لە مونیفو مروە لە چاوپێکەوتنەکەی پێشەوەدا هاتووە.

## ناواخن


I - ڕوەو سیاسەتێکی فیکریی نوێ ٧

II - کاریگەرییەکانی ڕەخنە ٣١

III- ڕەخنەگرتن لە ڕووناکبیر ٤٣

IV- وەهمەکانی ڕووناکبیر ١١٣

V- ئەفسانەی مرۆڤی پێشکەوتنخواز ١٤٣

VI- ڕۆڵی ڕووناکبیر ١٧٥

VII- فیکر وەك پیشە و ڕۆڵ ١٨٥

VIII- پۆلێنکردن دژی ڕۆشنگەری ٢٦٣

سەرجەمی ڕەخنەگرتنەکەم لە ڕووناکبیر، دەربارەی ئەو ئاستەنگە بنچینەییانەیە کە دەستیان ناوەتە بینەقاقای ڕووناکبیران و ڕێگرن لەوەی بیریارەکان جیهانی چەمک بە یەکێک لە ئامڕازە کاراکانی، یان لەسەر یەکێک لە ئاستە ئاوێتەکانی، یاخود لە یەکێک لە ڕەهەندە زۆرەکانیدا نوێبکەنەوە. ئاستەنگەکانیش، وەک لێم کۆڵیونەتەوە، لە پێنج وەهمدا بەرجەستەدەبن، هەر وەهمێکیشیان پەیوەندیی بە یەکێک لەو چەمکانەوە هەیە کە لە گوتارەکانی ڕووناکبیراندا تاوتوێدەکرێن:

یەکەمیان وەهمی ڕووناکبیرییە، کە پەیوەندیی بە چەمکی دەستەبژێرەوە هەیە. دوەمیان وەهمی ئایدیۆلۆژییە، کە پەیوەندیی بە چەمکی ئازادییەوە هەیە. سێیەمیان وەهمی مرۆڤناسییە، کە پەیوەندیی بە چەمکی شوناسەوە هەیە. چوارەمیان وەهمی ئەودیو سروشتییە، کە پەیوەندیی بە چەمکی هاوجووتبوونەوە هەیە. پێنجەمیشیان وەهمی مۆدێرنیستانەیە، کە پەیوەندیی بە چەمکی ڕۆشنگەرییەوە هەیە.

بەپێی ئەوەی ئەزموونی فیکریم ئاشکرایکردوەو شێوازی پیادەکردنی بیرکردنەوەم ڕێنوێنیکردوم، ئەمانە پێنج وەهمن لە مێشکدا نیشتەجێن و ئاستەنگ بۆ کاری فیکر و چالاکیی تێگەیشتن دروستدەکەن. بۆیە کاتێک کۆششدەکەم بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو وەهمانە، هاوکات چالاکیی فیکریی خۆم پیادەدەکەم، بەئەندازەی ئەوەی پەیوەندییەکی ڕەخنەگرانەی وەها لەگەڵ فیکری خۆمدا دروستدەکەم، کە دەرفەت دەڕخسێنێت بۆ بیرکردنەوە بەشێوەیەکی نوێ و جیاواز، یان ڕۆچوونە ناو ئەو ناوچانەی لەوەوبەر بیریان لێ نەکراوەتەوەو کاریان لەسەر نەکراوە.

٣٠٠٠ دینار

